گەلاوێژینوێ

گۆڤاڕێکی ئەدەبی و ڕووناکبیریی
بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژە

ژمارە (١٧-١٨) ساڵی ٢٠٠٠

ئازادی .. داهێنان .. ئەقڵانییەت

خاوەنی ئیمتیاز : بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ
سەرنووسەر : عبدالله تاهیر بەرزنجی
بەرێوەبەری نووسین : لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران
عەتا قەرەداغی
سەڵاح محمد
ئەرخەوان

سەرپەرشتی هونەری : **قادر میرخان**

هێڵکاری
هوشیار سەعید - ڕۆستەم ئاغاڵە - فەرهاد مەلا حەسەن

سەرپەرشتی چاپ : **بەختیار سەعید - کاوە حاجی عەزیز**

ناونیشان : سلێمانی - گردی عەلی ئاجی - بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ☎ ٢٣٥٠٧
کلیلی گەلاوێژینوێ لەسەر ئینتەرنێت : http: // home.bip.net /hawre/
پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە : نوسینگەی دەریا (تەلەفۆن ٠٠٨٧٣ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٨) (فاکس ٠٠٨٧٣ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٩)
کۆمپیوتەری گەلاوێژینوێ : جلیل حسین - ئۆفسێت : چاپخانەی دانا - چاپی بەرگ : ئۆفسێتی دلێر
نرخ بۆ ناو وڵات (١٥) دینار - بۆ هەندەران (٧) دۆلار

بەدروشمی: (بەرەو ئازادی لێکدانەوەی تەلیسمەکان لەهەزارەی سێیەمدا) بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ چوارەمین فێستیڤاڵی خۆی سازکرد (کاوە حاجی عەزیز) ٤ – وتاری بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ (عبدالله تاهیر بەرزنجی) ٩ – وتاری بەڕێز (مەلا بەختیار) ١١ – وتاری بەڕێز (مام جەلال) ١٢ – وتاری کۆتایی فێستیڤاڵ (مەلا بەختیار) ١٤ – وتاری سەرپەرشتیارو چاودێری لیژنەکان (عبدالله تاهیر بەرزنجی) ١٦ – وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوە (عەتا قەرەداغی) ١٨.

لێکۆڵینەوە:

پرسیاری شاعیر.. پرسیاری سۆفی (شاهۆ سەعید) ٢٠ – مێژووی وەرگێڕان لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە (د. فەرهاد پیربااڵ) ٤٥ – گەڕان بەدوای شێعردا (محمد کوردی) ٦٠ – کۆمەڵگا لەبەردەم هەڕەشەی حیزبدا (رێبین هەردی) ٧١ – کەمتیار لەروانگەی راکردن لەوەهمی واقعداو... (کەمال غەمبار) ٩٧ – عەلمانیەت چەمکو پراکتیک (توانا عوسمان) ١٠٥ – پانۆرامای وێنەیی ١٣٤.

شێعر:

وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی شێعر (دڵشاد عەبدوڵڵا) ١٣٥ – دیسانەوە قافڵەکانی هەرەس... (کۆسار کەمال پیرۆت) ١٣٧ – پارانەوە لەئاو (جەمال غەمبار) ١٤٥ – پڕۆژەیەک بۆ شکست... (کەریم دەشتی) ١٥٦ – شاهەنشای گێڵاس و راوی ئینجانەکان (خەلیل عەبدوڵڵا) ١٥٩ – تاهۆشی ئاو برکات گومان (عبدالمطلب عبدالله) ١٧١ – راوچی ئەستێران (فەرەیدون پێنجوێنی) ١٧٦ – لەسەر مەزاری گوڵێ (سەلام مستەفا) ١٨٣ – سەرلەنوێ لەمانای ژیان وردبینەوە (هەورامان وریا قانع) ١٨٨ – پانۆرامای وێنەیی ١٩٢.

چیرۆک:

وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی چیرۆک (رەووف بێگەرد) ١٩٣ – ئەو ژورەی هاوڕێکەم خۆی تیاکوشت (سیامەند هادی) ١٩٥ – چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر (عەتا محەمەد) ١٩٩ – پۆپەشمینەکانی مەرگ (جەبار جەمال غەریب) ٢٠٣ – شوێن پێی مەرگ بەسەر کتێبێکی کۆنەوە (ئاکۆ کەریم) ٢١٠ – دەنگو رەنگ (سامان حوسێنی) ٢١٤ – تەمتومانێک ئاوایی داگرت (سەردار راوچی) ٢١٧ – چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ لەنێوان خەڵات و پێشنیاردا (کاوە حاجی عەزیز) ٢٢٠ – لەشەوێکی چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا ٢٢٤.

پشوویەک:

شاعیرێتی نالی و مەحوی (رەووف عوسمان) ٢٣٠ – ئەزمەی شیعری نوێی کوردی (د. کەمال مەعروف) ٢٤١ – پانۆرامای وێنەیی ٢٤٦ – چاپی سێیەمی مەراقێک (عیرفان ئەحمەد) ٢٤٧ – خورافاتی ژنێ (لەیلا عەلی) ٢٥٠ – ئاوازی فریشتەی سپی و حەیرانی من (مەدحەت بێخەو) ٢٥٣ – خەمە رەشەکانی گەڕەکێکی رەش پۆش (سەلاحە رەش) ٢٥٧ – دایکم نوسیبووی بژی بێهودەیی (محمد کاکە رەش) ٢٦٣ – مەدەر (ڕۆژ مەڵبجەیی) ٢٦٨ – ئەوین و ئەنجامی لادان لەیاسای سروشت (کامیل ژین) ٢٧٢ – ڤیاگا (سۆزان مامە) ٢٤٧ – سێبەری بەفر (ئەحمەد رەزا) ٢٧٩ – سۆناتینە شیعرییەکانی ماچ (مدرک ژاڵی) ٢٨٤ – ئاوڕدانەوەیەک بۆ دوێنێ (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) ٢٩٥ – پانۆرامای وێنەیی ٢٩٧ – میرو خەنجەر (محمد رەشید فتاح) ٢٩٨ – شەقامە سورەکە (محمد کریم) ٣٠٤ – نسرمەکانی تاوان یان خەڕەندەکانی تاریکی (عباس عبدالرزاق) ٣٠٧ – بەندیخانە (سەلام مەنمی) ٣١١ – گوڵفرۆش (یاسین عمر) ٣١٤ – دواچرکە ساتەکانی مردووەکە (ئاوات محمد) ٣١٧.

سپیدە

بەستنی چوار فێستیڤاڵی ساڵانە لە ڕۆژنێکی وەک ئەم وڵاتەی ئێمەدا و لە بارودۆخێکی وا ئاڵۆزدا کارێکی ئاسان نییە، بگرە لەگەڵ کەموکوڕیشدا — کە هەموو کارێک لێی دەرباز نابێت — خاڵێکی ڕووناکبیریی ڕۆشنە و ئافەرینی دەوێت.

لە یەکەمین فێستیڤاڵ و یەکەمین کۆنگرەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژدا بڕیار درا کە فێستیڤاڵی گەلاوێژ ببێت بە نەریتی ساڵانە. ڕۆژبەمان هەر لە سەرەتاوە ناڤۆمێدی دایگرتین و باوەڕمان نەدەهێنا کە ئەم کارە تادوو ساڵ بڕ بکات، کەچی ئەمساڵ چوارەمین مۆمی تەمەنی فێستیڤاڵەمان داگیرساند و ئەدیب و نووسەرانیش بوون بە مایەی پێکهێنانی خۆپیشاندانێکی ڕووناکبیری فراوان.

بەستنی فێستیڤاڵێکی ساڵانە کەمکردنەوەی نرخی هیچ کار و تاقیکردنەوەیەکی تر نییە بگرە دەوڵەمەندکردنیانە، چەسپاندنی نەریتی ڕووناکبیرییە. بۆ پاراستنی ئەم نەریتە دەبێت هەموو لایەکمان کاری بۆ بکەین و بیسەلمێنین کە پێویستە پرۆژەی ڕۆشنبیری وەک پرۆژەی بوارەکانی تری ژیان بەتەمەن بێت و لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا دەستی لێ بەرنەدەرێت.

بەڵێ ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموومانە، ئەرکی سەشانی، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ خۆی و نووسەرانی کوردستانە. سەبارەت بە هەوڵ و ئەرکی بنکە خۆی، پێشنیاز دەکەم کە لە بنکەدا بەشێکی تایبەت بە ئیشوکاری ساڵانەی فێستیڤاڵ هەبێت. یەک دوو کەس، یا با بڵێین لیژنەیەکی تایبەتی سەرپەرشتی ئەم بەشە بکات، هەموو کارەکانی ڕێکبخات، ئیشی تایبەتی بۆ بکات، نەخشەی بۆ دابڕێژێت، ڕای نووسەران لەمەڕ فێستیڤاڵ وەربگرێت، سوود لە پێشنیازەکانیان وەربگرێت، هەر لە سەرەتای ساڵیشەوە بکەوێتە گەڕ و پەیوەندی بە نووسەرانەوە بکات تا مانگێک پێش سازدانی فێستیڤاڵ شپرزە نەبێت. واتا لیژنەکە دەبێت ساڵانە بە بەردەوامی هەوڵی ڕاستەقینەی خۆی بدات و شەش حەوت مانگێکیش پێش بەستنی فێستیڤاڵ ئامادەبووبێت.

یەکێک لە ئەرکە تایبەتییەکانی تری ئەو بەشەی بنکە بریتی بێت لە دامەزراندن و ڕێکخستنی ئەرشیفی فێستیڤاڵ، ئەو بابەت و وتە و بڕوسکە و وێنە و چاوپێکەوتنانە کۆبکاتەوە کە تایبەتن بە فێستیڤاڵ و بە پێی ساڵ ڕێکیان بخات، هەموو ئەو ڕەخنە و نووسین و پێشنیازانەیش کۆبکاتەوە کە لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤارەکاندا لەسەری باڵاوەکرێنەوە.

دیارە ئەمانە دەبن بە هەنگاوی یەکەم و هەموو ڕێگابڕینێکیش لە هەنگاوی یەکەم سەرچاوەی بیرۆکەی گەیشتن وەردەگرێت.

لەم ڕووەوە ئەم ژمارەیەی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ تایبەتە بە فێستیڤاڵ و کارەکانی. هەمو ئەو بابەتانەیش باڵاوەکەینەوە کە خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەمیان پێدراون. ئەو بابەتانەی تریش کە لە فێستیڤاڵەکەدا پێشکەشکران، بەپێی توانا زۆربەیان لەم ژمارەیەدا یا لە ژمارەکانی تردا باڵاوەکرێنەوە.

سەرنووسەر

بەدروشمی:

(بەرەو ئازادی لێکدانەوەی تەلیسمەکان لەهەزارەی سێیەمدا)

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ چوارەمین فێستیڤاڵی خۆی سازکرد

ئا: کاوە حاجی عەزیز

ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ١٩٩٩/١٢/١٥ سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی لەهۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان – بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال و بەڕێز مولازم عومەر عەبدوڵڵا جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێز لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و بەڕێز عومەری شێخ موس (ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری دووڕە وڵات) و چەند لێپرسراوێکی حزبی و کەسایەتی ناودار و ژمارەیەکی زۆر لەئەدیب و ڕۆشنبیرانی کوردستان.

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ بەدروشمی (بەرەو ئازادی لێکدانەوەی تەلیسمەکان لەهەزارەی سێیەمدا) چوارەمین فێستیڤاڵی خۆی سازدا، سەرەتا خاتوو ئەرخەوان بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکانی کرد، دواتر بۆ بەڕێز دڵشاد مستەفا پڕۆگرامی فێستیڤاڵی پێشکەش کرد، پێشەکی بەدەقیقەیەک بۆ ڕێزلێنان بۆ شەهیدانی کوردستان فێستیڤاڵ دەستی پێ کردو دواتر سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژینوێ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی وتاری بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژی پێشکەش بەئامادەبوون کرد، وێڕای بەخێرهاتنی تیشکی خستە سەر چالاکییەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژو سەرجەم هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی بواری چاپ و بڵاوکردنەوە، لەدوای ئەوە بۆ بەڕێزو سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵ کاک مەلا بەختیار وتەیەکی بەنرخی پێشکەش بەئامادەبوان کرد، دوابەدوای ئەو هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال وتەیەکی ناوازەو دڵخۆشکەرانەی پێشکەش بەبەشداربووان و میوانە بەڕێزەکان کرد. کە تیایدا دووپاتی ئەو دروشمە دێرینەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردەوە ئەویش دابین کردنی نان و ئازادییە بۆ نووسەران، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە دیاردەی تیرۆر بنەبڕبکاو ئامادەبووانی بەوە دڵخۆش کرد کە بۆ ئەم دیاردەیە لەهەوڵداندایەو هەرکەسێ یا هەر تاقمو دەستەیەک بەم کارە هەستێ دەبێ بەسزا بگەیەنێرێن و ریسوا بکرێن.

دوا بەدوای وتە بەنرخەکەی هەڤاڵ مام جەلال بەرنامەی فێستیڤاڵ دەستی پێکردو سەرەتا بروسکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت کاک کۆسرەت ڕەسوڵ خوێندرایەوە، هەروەها بروسکەی سەرجەم ڕێکخراوو لایەنە ڕۆشنبیریەکانی هەرێم بەڕێزەوە خوێنرانەوە، دواتر چەند شاعیرێکی بەڕێز کە وەک میوان بانگێشت کرابوون شیعریان خوێندەوە، کە

بریتی بوون لە بەڕێزان: (لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە، دڵشاد عەبدوڵڵا، کەژاڵ ئەحمەد).

شایەنی باسە هاشم سەراجی شاعیریش داوەت کرابوو کە وەک میوان شیعر بخوێنێتەوە، بەڵام لەبەر باری تەندروستی نەیتوانیبوو ئامادەبێ.

پاشان لەیەکەم دیداری (دیالۆگ) بۆ شیعر کە هەر لەو سەر لەبەیانیەدا سازکرابوو، بەڕێزان (مەدحەت بێخەو، کامیل ژیر، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، کوردۆ کاروان) هەریەکەو بەپارچەیەک لەشیعر، بەشداری یەکەمین دیداری شیعریان کرد.

لەسەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ دیداری دووەمی (دیالۆگ) بۆ شیعر دەستی پێکرد کە ئەم شاعیرە بەڕێزانە شیعریان تیا خوێندەوە (کەریم دەشتی، خەلیل عەبدوڵڵا، سۆزان مامە، محەمەد کاکە ڕەش، لەیلا عەلی، حەمە عەلی خان، ئەحمەد ڕەزا، فەرەیدون پێنجوێنی، مەدرک ژاڵەیی، بایز مستەفا).

شایانی باسە شاعیری هەست ناسک کاک (صلاح محمد) کۆڕەکەی بەڕێوە دەبردو لەنێوان پێنج شاعیری یەکەمدا کاتێکی بۆ پشوو ڕەخساندبوو.

* ڕۆژی پێنج شەممە سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ دیداری سێیەمی (دیالۆگ) بۆ شیعر دەستی پێکرد، هەریەک لەم شاعیرە بەڕێزانە شیعریان پێشکەش کرد (جەمال غەمبار، عیرفان ئەحمەد، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، سەلام مستەفا، ڕۆژ هەڵەبجەیی، کۆسار کەمال پیرۆت، موحسین ئاوارە، هەورامان وریا قانع، سەڵاحە ڕەش).

ئەم دیدارەش خاتوو ئەرخەوان بەڕێوەی دەبرد، شایەنی باسە لەگەڵ پێشکەش کردنی هەر شاعیرێکی بەڕێزدا کورتەیەک لەژیانو بەرهەمی بۆ ئامادەبووان دەخوێندەوە، ئەمیش وەکو کاک صلاح محمد کاتێکی بۆ پشوو ڕەخساندبوو، لەگوێ بیستی ئەو دەقە شیعرانە کە لەو سێ دیدارەدا خوێندرانەوە.

* سەر لەبەیانی ڕۆژی هەینی دیداری (سەلیم بەرەکات) بۆ چیرۆک دەستی پێکردو ئەم بەڕێزانە چیرۆکی خۆیان خوێندەوە (محمد کەریم، عباس عبدالرزاق، محمد ڕەشید فەتاح، شێخ کەریم بەرزنجی، ئاوات محەمەد) شایانی باسە خاتوو سۆزان





مامه چیرۆکەکەی کاك ئاواتی خوێندەوەو دیدارەکەش چیرۆکنووسی لاو کاکە سیامەند هادی بەڕێوەی دەبرد، هەمان رۆژ کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ چەند چیرۆکنووسێکی تر بەشداریان لەو دیدارەدا کرد کە بریتی بوون لە: (سامانی حوسێنی، جەبار جەمال غەریب، فایەق رەحیم، سەلام مەنمی، سەردار راوچی، یاسین عومەر).

بەڕێز کاك ئەحمەد ئابلاخی ئەم دیدارەی بەڕێوە دەبرد.

* رۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢/١٨ کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ دوادیداری (سەلیم بەرەکات) بۆ چیرۆك سازدراو بەڕێزان (سیامەند هادی، عەتا محمد، کازیوە سالح، ئاکۆ کەریم مەعروف، سەید ئەحمەد حەمەلاو، سالح بێچار) هەریەکەیان بەچیرۆکێك بەشداری ئەم دوا دیدارەیان کرد، برای رۆژنامەنووس کاك یاسین قادر بەرزنجی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد کەزیاتر لەدوو سەعاتی خایاند.

* رۆژی یەك شەممە ١٢/١٩ سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی دیداری (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) بۆ لێکۆڵینەوە سازدرا، سەرەتا کاك رامیار محمود بابەتێکی بەناونیشانی (مۆدێرنیزمی پشت بەستوو بەدەوڵەت، یان بەشێك لە بەعسیزم)ی پێشکەش کرد کە ماوەی (٣٥) دەقیقەی درابوێ، ناوبراو زۆر بەباشی بابەتەکەی پێشکەش کرد، دواتر کاك تواتا عوسمان، بابەتێکی بەناونیشانی (علمانیەت چەمك، پراکتیك) پێشکەش بەئامادەبوان کرد، تێکڕا هەردوو بابەتەکە مشتو مڕێکی لەنێوان پێشکەش کەرو ئامادەبواندا خولقاند، ئەم دیدارە زیاتر لە دوو کاتژمێرو نیوی خایاند.

هەمان رۆژ سەعات (٢)ی نیوەڕۆ لەدووەم دیداری لێکۆڵینەوەدا بۆ بەڕێز کاك ڕێبین ئەحمەد هەردی بابەتێکی فکری بەناونیشانی (کۆمەڵگا لەبەردەم هەڕەشەی حزبدا، گەڕان بەدوای ماناکانی ژیان)دا پێشکەش کرد، دواتر کاك محمد کوردۆ بابەتێکی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەشیعرەکانی شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس) پێشکەش کرد، شیاوی باسە کاك ئازاد بەرزنجی هەردوو کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد.

* رۆژی دوو شەممە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ دیداری سێیەمی لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد، سەرەتا مامۆستا ڕەووف عوسمان بابەتێکی رەخنە ئامێزانەی لەسەر شیعرەکانی نالیو مەحوی خوێندەوە، دواتر مامۆستا کەمال غەمبار بابەتێکی رەخنەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نۆقلێتی کەمتیار، لەنوسینی کەریم دەشتی خوێندەوەو لەدوا دیدارەدا دکتۆر کەمال مەعروف، باسێکی تێرو تەسەلی لەسەر قەیرانی شیعری نوێی کوردی پێشکەش بەئامادەبوان کرد، هەر سێ لێکۆڵینەوەکە لەلایەن شاعیری ناودار لەتیف هەڵمەتەوە بەڕیوە دەچوو.

* رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢/٢١ کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ برای بەڕێز دکتۆر فەرهاد پیربالّ بابەتێکی پڕ بایەخی لەسەر (مێژووی وەرگێڕان

دوابـــەدوای پێشکەشـــکردنی ئـــەم بابەتـــە بەرنامەکانی فێستیڤاڵ، بـەم شـێوەیە کۆتـایی پێهات، سـەرەتا بروسکەی هـەڤاڵی بـەڕێز مـام جـەلال بـەم بۆنەیـەوە لەلایـەن کـاك کـاردۆوە خوێندرایەوە، دواتر ئەم وتانە پێشکەش کران:

- وتەیەك لەلایەن کاك مەلا بەختیار.
- وتـەی سەرپەرشـتیاری لیژنـەکان لەلایـەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجییەوە.
- شـکۆنامەیەك بـۆ شـاعیری نـەمر (دیـلان) پێشکەش کرا.
- وتەی لیژنەی شـیعر، لەلایـەن بـەڕێز دڵشـاد عەبدوڵڵاوە پێشکەش کرا.
- شـکۆنامەیەك بـۆ رۆمـانو چیرۆکنووسـی گەورە سەلیم بەرەکات.
- وتەی لیژنەی چیرۆك، لەلایەن بەڕێز رەووف بێگەردەوە خوێندرایەوە.
- شـکۆنامەیەك بـۆ زانـای پایەبـەرز مامۆسـتا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس پێشکەش کرا.
- وتەی لیژنەی رەخنەوە لێکۆڵینەوە لەلایـەن عەتا قەرەداخییەوە خوێندرایەوە.

- بروسکەی کاك شۆڕش محمد رەشید کـە لەسویدەوە ناردبووی، ناوبراو بـەبڕی (٥٠) هـەزار دینـــار وەك دیـــاریو خـــەڵات بـــۆ دەقـــە سەرکەوتووەکان کۆمەکی کردبوو.
- سوپاسنامەیەك بۆ بەڕێز کاك شۆڕش محمد لەلایـــەن لیژنـــەی ئامادەکـــاری فێســـتیڤاڵ، خوێندرایەوە.
- شیاوی باسە لـەم مەراسیمەدا بـەڕێز کـاك نەوشیروان مستەفا ئامادەبوو، هەروەها سەرۆکی حکومـەتی هـەرێم کـاك کۆسـرەت رەسـوڵ عـەلیو بـەڕێز کـاك مـوڵازم عومـەر عـەبدوڵڵا جێگـری سەرۆکی حکومەتو بـەڕێز کـاك مستەفای سـەید قـادر وەزیـری ناوخۆو عـەدنان موفتـی وەزیـری شارەوانیو بەڕێز کاك رەفعەت عـەبدوڵڵا وەزیـری دارایـیو خاتوو نیان محمد رەشـید خوشکی کـاك شـۆڕش محمـد رەشـیدو دکتـۆر کـوردۆ عـەلی خەڵاتـەکانیان بەسـەر یەکـەمو دووەمو سـێیەمی هەر سێ بوارەکەدا دابەش کرد.

دەقـە سـەرکەوتووەکانی بـواری شـیعرو چـیرۆکو لێکۆڵینەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

- بەڕێزانکۆسـار کـەمال — جـەمال غـەمبار خەڵاتی یەکەمی شیعریان پێ بەخشرا.
- بەڕێزان کەریم دەشـتی — خـەلیل عـەبدوڵڵا خەڵاتی دووەمی شیعر.
- بـەڕێز سـەلام مسـتەفا — عەبدولموتـەلیب عەبدوڵڵا — فەرەیدون پێنجوێنی — هەورامان وریا قانع، خەڵاتی سێیەم.
- بـەڕێزان سیامەند هـادی — عـەتا محمـد، خەڵاتی یەکەمی چیرۆك.

- بەڕێزان ئاکۆ کەریم مەعروف – جەبار جەمال غەریب، خەڵاتی دووەمی چیرۆك.
- بەڕێزان سەردار راوچی – سامانی حوسێنی، خەڵاتی سێیەمی چیرۆك.

- بەڕێزان دکتۆر فەرهاد پیربال – شاهۆ سەعید، خەڵاتی یەکەمی لێکۆڵینەوە.
- بەڕێزان رێبین هەردی – محمد کوردۆ، خەڵاتی دووەمی لێکۆڵینەوە.
- بەڕێزان کەمال غەمبار – توانا عوسمان، خەڵاتی سێیەمی لێکۆڵینەوە.

هەروەها چەند خەڵاتێکی تایبەتی وەك ڕێزلێنان پێشکەش بەم بەڕێزانە کرا:

١- خەڵاتی تایبەت بۆ بنەماڵەی شاعیری نەمر (دیلان).
٢- خەڵاتی تایبەت بۆ بنەماڵەی شەهید (فەرهاد فەرەج ئەمین).
٣- خەڵاتی تایبەت بۆ بنەماڵەی نووسەری خوالێخۆشبوو مامۆستا (رەئوف ئەحمەد ئالانی).
٤- خەڵاتی تایبەت بۆ بنەماڵەی شەهید (سیروان رەئوف – شبر).
٥- خەڵاتی تایبەت بۆ بەڕێز (هاوژین مەلا ئەمین).
٦- خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ مامۆستای چیرۆکنووس (سەلام مەنمی).
٧- خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ بەڕێز (کامیل ژیر).
٨- خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ بەڕێز (رەئوف عوسمان).
٩- خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ مامۆستای چیرۆکنووس (محمد رەشید فەتاح).
١٠- خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.
١١- خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ).

شیاوی باسە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ چەند بەڕێزێکی خەڵاتو ستایش کرد بەڕێز مەلا بەختیار دابەش کرد ئەویش بریتی بوو لە:

- مامۆستا حسین عارف، یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژینوێ.
- بەڕێز شاعیر قوبادی جەلی زادە دووەم سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژینوێ.
- بەڕێز محەمەد ڕەشید فەتاح.
- بەڕێز ئاشنا کەمال پەیامنێری گۆڤاری گەلاوێژینوێ لەهەندەران.
- بەڕێز تەڵەعەت تاهیر کە زۆرترین چاوپێکەوتنی ئەدەبی بۆ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ سازداوە.

شیاوی باسە بەڕێوەبەری ئەم مەراسیمی کۆتاییە پێکهاتبوو لەبەڕێزان (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، عەتا قەرەداخی، ئەرخەوان، کاوە حاجی عەزیز).

ئەوەی پێویستە بوترێ کە لیژنەی ئامادەکاری ئەم فێستیڤاڵە پێکهاتبوو لەم بەڕێزانە:

١- بەڕێز مەلا بەختیار سەرپەرشتیاری گشتی.
٢- بەڕێز عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ئەندام.
٣- بەڕێز سابیر سدیق، ئەندام.
٤- بەڕێز لەتیف هەڵمەت، ئەندام.
٥- بەڕێز کاوە حاجی عەزیز، ئەندام.
٦- بەڕێز صلاح محمد، ئەندام.
٧- بەڕێز عەتا قەرەداغی، ئەندام.
٨- بەڕێز ئەرخەوان، ئەندام.

وتاری بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

لەلایەن عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجییەوە

خوێندرایەوە

ئەدیب و نووسەر و رووناکبیرانی هێژا
میوانە خۆشەویستەکان
ئامادەبووانی بەڕێز

بەناوی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەکەمان و لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم.

فێستیڤاڵی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژی ئەمساڵ ڕەنگ و بۆیەکی تری هەیە و لە بڕگەکانیا تا ڕادەیەک جیاوازترە لە فێستیڤاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم. ئەمساڵ بەباشمان زانی کارەکانی فێستیڤاڵ بەجۆرێکی تر بخرێنە روو بۆ ئەم مەبەستەیش پاش چەند دانیشتنێک لەناوخۆماندا و پاشانیش لەگەڵ کۆمەڵێک ئەدیب و نووسەرا و پاش تاوتوێکردنی شێوەیەکی تایبەتی، لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەر خوێندنەوەی بابەت و پێشکەشکردنی خەلاتی ڕێزلێنان نەبێت و بەس، بەڵکو جۆرێک لە هەڵسەنگاندنی مەوزوعیانەی بەدوادابێت، هەر لێرەوە بیرمان لەوە کردەوە خەلاتی یەکەم و دووەم و سێیەم لە بواری لێکۆڵینەوە و شیعر و چیرۆکی فێستیڤاڵدا دەستنیشانبکرێن و بڕی سەد هەزار دیناریان بۆ تەرخان بکرێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەیش سێ لیژنەمان پێکهێناوە، بۆ هەر سێ بوارەکە ئەندامەکانی لە نووسەری کارامە و شارەزای نێوەندە رووناکبیرییەکەن.

دیارە ئەنجامی بیروبۆچوونی ئەم سێ لیژنەیە ڕۆڵێکی چاکیشی ئەبێت بۆ گوڕبەخشین بە کارە ئەدەبییەکانمان و چاوخشاندنی مەوزوعیانە بەو دەق و کتێب و بابەتانەی کە دەبێت ئافەرینیان لێ بکرێت و بۆ هەر هۆیەک بێت لێیان ناکرێت.

بەخشینی خەلاتی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەوە ناگەیەنێت کە بە نووسەرێک درا ئیتر پاڵی لێبداتەوە و وابزانێت گەیشتۆتە لوتکە، یا کەسێک کە بەری نەکەوت ئیتر وابزانێت لە سنورێکی دیاریکراودا وەستاوە و تەواو. دنیای ئەدەب و نووسین سنووری بۆ نییە و پێگەیشتنی ئەدەبیش بەتەنها دەق و دوو دەق فەراهەم نابێت. بەڵام خەلات بەخشین و دیاریکردنی باشترین دەق لە فێستیڤاڵدا لای میللەتانی جیهان مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و بووە بە نەریت و دەمێکە چەسپاوە. ئاشکرایە ئێمە لەم بوارەدا تاقیکردنەوەی کەممان هەیە لەبەرهەر هۆیەک بووبێت بۆی نەلواوە پێبگرێت و پێشبکەوێت. هیوادارین بە هەوڵو کۆششی هەموو لایەکمان فێستیڤاڵی گەلاوێژ نەمر بێت و ساڵانە دەستنیشانکردنی دەقی یەکەم و دووەم و سێیەم بەمەبەستی بەخشینی خەلات بە خاوەنەکانیان لەپاڵ بڕگەکانی تری فێستیڤاڵدا ببێت بە نەریتی ساڵانە و هەموو لامان بە سنگێکی فراوانەوە وەریبگرین و بیچەسپێنین تا نەوەی دوای خۆمان پێی رابێن و بتوانن سڵ لە هەڵسەنگاندنی دادوەرانە نەکەنەوە.

ئامادەبوونی بەڕێز: لای هەموو ئاشکرایە کە بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لە نەخشەی کار و چالاکیەکانیا هەر تەنها فێستیڤاڵی سالانەی گەلاوێژی نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتای دامەزراندنیوە گۆڤاری کەلاوێژی نوێی دەرکرد کە دوو مانگ جارێك دەردەچێت و تا ئێستا شازدە ژمارەی لێدەرچووە و ژمارە حەڤدەی تایبەت دەبێت بە بڵاوکردنەوەی زۆربەی بابەت و کارەکانی فێستیڤاڵی چوارەم.

گەلاوێژی نوێ گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە و دەگاتە کوردستانی ئێران و ئەدیبانی دەرەوەی وڵات، توانیوێتی تاڕادەیەك ئازادی بۆ رای مەوزوعی جۆراوجۆر بڕەخسێنێت. لەکاتێکدا کە نووسەران کتێبەکانی خۆیان بە ئیستینساخ و بە یەك دوو ژمارە چاپدەکرد بنکەکەمان کەوتەخۆ پرۆژەی چاپکردنی کتێبی داڕشت و تا ئێستا دەیەها کتێبی ئەدەبی و میژوویی و فیکری نووسەرانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی لەچاپداوە. ئێستاش لەپاڵ لەچاپدانی چەندەها کتێبی ترا سەرقاڵی تەواکردنی پرۆژەی کۆکردنەوەی رۆژنامەی کوردستانە لەشێوەی کتێبدا. کە باس دێتە سەر پرۆژەی کتێب چاپکردن نابێت ڕۆڵی گرنگی وەزارەتی رۆشنبیری هەڕێم و بڵاوکراوەکانی خاك و پرۆژەی زاموا و چاپکراوەکانی دەزگای سەردەم لەیاد بکەین.

ئەمانە هەر لایەن و بە چەشنێك بواریان بۆ فرەدەنگی و فەزایان بۆ چێنێتی گەیشتنی رووناکبیری بە خوێنەرانی کوردستان رەخساندووە. بوونی ئەمانە لەلایەکەوە دەلالەت لە کراوەیی فیکر لە کوردستاندا دەکات.

بەڕێز ان:

شاراوە نییە ئابڵووقەی رۆشنبیری خوێنەری کوردی لە جیهانی کتێب و چاپکراوی دەرەوە دابڕان و پردی پەیوەندی ڕووخاند، نووسەر و خوێنەری کوردی تووشی حاڵەتی تەنیایی کرد. بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ بۆ بەشداربوون لە تێکشاندنی ئابڵووقەی رۆشنبیری، سالانە، هاوکات لەتەك دەشتپێکردنی فێستیڤاڵدا پێشانگای کتێبی کردۆتەوە و چەندەها سەرچاوەی بەنرخ و نوێی گەیاندۆتە خوێنەری کورد، هەربۆ ئەم مەبەستە ئەمساڵ پێش فێستیڤاڵ بنکەکەمان بە هاوکاری (دار المدی) ١٥٠٠ ناونیشانی جۆراوجۆری چەندین دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی وڵاتە عەرەبییەکانی خستە بەر دەستی خوێنەری کورد. تائێستا سەدەها کۆڕو سیمیناری بۆ نووسەران سازداوە.

بەڕێزان:

بە بیستنی پرۆژەی دابەشکردنی خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەم کاك شۆرش رەشید لە ڕوی دڵسۆزی نەتەوەییەوە بڕی (٥٠) هەزار دیناری پێشکەشکردوین بەمەبەستی سەرخستنی فێستیڤاڵەکە بەبی ئەوەی چاوەڕوانی هیچ شتێك لە ئێمە بکات، ئێمەیش لێرەوە سوپاسی بێپایانی خۆمان و وەفای وشەی کوردی ئاڕاستە دەکەین و هیوای تەمەنێکی درێژی بۆ دەخوازین.

با ئەوەیشتان لا ئاشکرابێت چەند برادەرێکی بنکەکە و گۆڤارەکەمان بابەتی خۆیان بۆ فێستیڤاڵەکە ئامادەکردبوو بەڵام بۆئەوەی فێستیڤاڵەکەمان بە رێکوپێکی بڕوات بە دڵفراوانیەوە پاشەکشێیان کردوو مافی رەوای خۆیان خستەلاوە.

ئامادەبوونای هێژا: دوو هەفتەیەکمان ماوە بۆ (٢٠٠٠) چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ دەبێت بە یەکێك لە یادگارییە رووناکبیریەکانی سەدەی بیست بۆ نەوەکانی داهاتوومان. ئەم فێستیڤاڵە لە وەختێکدا دەبەسترێت دنیا بە باشی خۆی بۆ چوونە ناو سەدەی بیست و یەکەوە ئامادەکردووە، بەبۆنەی بەستنی ئەم فێستیڤاڵەوە دەپرسین ئەی ئێمە؟ ئێمەی کورد چ ئامادەگییەکمان هەیە بۆ چوونە ناو سەدەی نوێوە؟ ئەگەر هیچی وامان بۆ نەکرابێت خۆ دەبێت خۆمان فێری زمانی گفتوگۆ بکەین و هەوڵی سڕینەوەی بەرامبەرەکەمان نەدەین، تاك دەنگی بخەینە لاوە کە هەموو کاتێك هەوڵی لەناوبردنی بیروڕای سەربەستی داوە و باوەڕبهینین کە دنیا بە تاکە حەقیقەتێك ناپێورێت، بەڵکو حەقیقەتیش رێژەییە و دەگۆڕێت و ئێمەیش دەبێت بە چاوێکی رەخنەگرانە سەیری واقیع و حەقیقەتەکانی خۆمان بکەین. لە کۆتاییدا دووبارە سوپاستان دەکەین ئامادەبوونتان مایەی شانازیمانە.

١٩٩٩/١٢/١٥

وتاری‌بەڕێز مەلا بەختیار:



براو رابەری خۆشەویستی گەلەکەمان جەنابی مام جەلال، برای بەڕێزمان کاك عمر عبدالله جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان برای ئازیز و خۆشەویستمان تێکۆشەری ناسراوی کوردستان کاك هۆمەر شێخ مووس، میوانە بەڕێزەکان ئەدیب نووسەر هونەرمەندە ئازیزەکان، بەڕێزان نوێنەری حزبەکان لایەنەکان، پڕ بە دڵ بەخێرهاتن بۆ چوارەمین فێستیڤاڵ هەر لەم چوارەمین فێستیڤاڵەوە سڵاو بۆ هەموو ئەو هونەرمەند و نووسەر و ئەدیبانە دەنێرین کە لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش نەیانتوانی بێن بەشداری چوارەمین فێستیڤاڵ بکەن و بەنامە و بە راسپاردەی جۆراوجۆریش پشتیوانی فیستیڤاڵیان دەربڕیوە.

چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بۆ هونەرمەندان و ئەدیبان و نووسەرانە، بۆ پێشکەوتنی بەهرەو داهێنانو قەڵەمو هزرە بۆ هەموو ئەو خولیایانەیە کە لە ناخی مرۆڤی دیموکراسی پێشکەوتن خوازدایە لە ناخی ئەو کەسانەی لەپێناوی ئازادیا دەیانەوێ ئازادانە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن، ئەم فێستیڤاڵە بواری ئەوانە، دەرەتانی ئەوانە، هیوادارین هەموو ئەوانەی بەشداریان کردوە بتوانن بەوپەڕی ئازادانە دوور لە بچوکترین سانسۆری دەسەلات هەرچیەکیان هەیە بیڵێن وە دڵنیاشبن ئەم نەریتە نوێیەی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ دایڕشت ئەگەر باش خەمی بخوڕێ خزمەت بکرێ رەنگە بناغەیەکی باش دابڕێژێ لە ئایندەدا تەلارێکی باشتری لەسەر بنیات بنرێ، چوارەمین فێستیڤاڵ لەدوای بەستنی سێ فێستیڤاڵ بەڵگەی ئەوەیە ئەو پەیامەی لە یەکەمین فێستیڤاڵ بە نووسەران درا تا ئێستا براوەتەسەر ژمارەی گۆڤارەکان چاپەمەنیەکانیش پاڵپشتێکی هەر ئەو پەیمانەن کە لە یەکەمین فێستیڤاڵدا لە شاری سلیمانی بە نووسەران درا. جێی خۆیەتی لێرە بە راشکاوی بیڵێین ئەگەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جەنابی مام جەلال نەبوایە من دڵنیام یەکەمین مۆمی فێستیڤاڵ دوەمی دانەدەگیرساند و دەکوژایەوە ئەو هەموو بەرهەمە نەدەبینران جگە لێرە جگە لە بنکەکانی تر و دام و دەزگاکانی تریش هەر پشتیوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاوەدانی کردونەتەوە. هیوادارین ئەم سیاسەتە هەتا دێت هەر فراوانتربێت هیچ منەتێکیشی تیا نییە یەکێتیەکی هەڵقوڵاوی ناخی میللەت لەپێناوی چارەنووسی میللەتا بتوانێ خزمەت بە نووسەر بە ئەدیب بە بەهرەمەندی گەلەکەی بکات. یەکێتی لە سەرەتای شۆڕشەوە دروشمی نان و ئازادی بۆ نووسەر بەرزکۆدرتەوە ئەو دروشمە دروشمی جەنابی مام جەلالە ئەمە دووەمین فێستیڤاڵە بەشداریمان ئەکا، هیوادارین ئەو دروشمی نان و ئازادیە جگە لەوەی بە دابین کردنی پێویستیەکان بەردەوام بێ بە دەستەبەرکردنی ژیانی ئاسایی و کۆمەڵایەتی و سەربەستی هەڵسوڕانی نووسەرانیش، دەبێ ئەمە بەردەوام بێ دەبێ جەنابی و حکومەتی هەرێم بە وردی ئاگایان لەوەبێ کە ئازادی خەریکە وردە وردە ترسی دەچێتە سەر جاروبارێش ئەوانەی لە ئازادی دەترسن دەستیان کردوە بە تێرۆرکردنیش. تێرۆرکردنی بەهرەمەندی ئێمە نووسەری ئێمە ئازادی خوازی ئێمە ئەبێ لەسەر ئەمە هەڵوێستەیەکی جدی و سیاسی یاسای و روناکبیری و کۆمەڵایەتی بگیرێت. بۆئەوەی بەڕاستی بە زوترین کات ئەم مەسەلەیە کۆتایی بێ و یەکالابێ و ئەو ئازادیەی هەیە نەك نابێ کۆسپ بخرێتە بەردەمی وە ئازادیخوازان بترسێنرێن بگرە دەبێ دەرەتان و بواری فراوانتریان بۆ بڕەخسێ، هەرچیەکیان هەیە بەوپەڕی ئازادی ئازادانەتر بیڵێن. داوا لە جەنابی مام جەلال دەکەین بۆ ئەم فێستیڤاڵە و بۆ سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە هەزارەی سێهەمدا بە چ بەرنامەیەك پێشوازی لە هەموو مەسەلەکان دەکا بەتایبەتی بۆ نووسەران و بۆ بەهرەمەندان داوای لێدەکەین بفەرموێ ڕوانگەی خۆی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم کۆتاییەی هەزارەی دووەم و پێشوازی هەزارەی سێیەمدا پێش کەش بکا، با بفەرموێ بە شانازیەوە.

لەچوارەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا:

مام جەلال لەپرۆسەی ئاشتیو کێشەی کورد لەسەدەی بیستو یەکدا دووا

سەرەتا هیوای سەرکەوتنی بۆ فێستیڤاڵەکەو بەشداربووانی خواستو ئاماژەی بەرۆڵی ئەدیبو نووسەران لەپێشخستنی کۆمەڵدا داو جەختی لەسەر دابینکردنی نانو ئازادی بۆ نووسەران کردەوەو وتی: بادروشمی، لە کوردستاندا چەندین گوڵ بپشکوێن بکەینە دروشمی خۆمان: هەر لێرەوە بەڕێزیان هاتنە سەر قسەکردن لەسەر ئازادیو فرە دەنگیو دەربڕینی بیروڕای سەربەستو نەهێشتنی کۆسپو تەگەرە لەڕێگای ئازادی رووناکبیریداو پێشکەوتنی کۆمەڵیشی بەڕەخساندنی ئازادییەوە بەستەوە، دەربارەی رووی یاساییو پاڵپشتی یاسایی بۆ ئازادی وتی: بەپێی یاسای ژمارە دوو دەسەڵات بەئێمە دراوەو ئێمەش لەهیچ کەسو حیزبو لایەنێك قبوڵ ناکەین بەزۆر رای خۆی بسەپێنێ. پاشان بەوردی تەفسیری ئایەتێکی پیرۆزی کرد کە دژی زەبرو تووندوتیژییەو کراوەیی بیری ئایینی پیرۆز

کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی ١٩٩٩/١٢/١٥ بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژ، بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەدروشمی (بەرەو ئازادی لێکدانەوەی تەلیسمەکان لەهەزارەی سێیەمدا) چوارەمین فێستیڤاڵی خۆی لەهۆڵی سلێمانی سەنتەری چالاکی گەنجان دەست پێکرد.

لەمەراسیمی دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکەدا بەڕێز هەڤاڵ مام جەلال وتەیەکی پێشکەشکردو ئاماژەی بەچەندین بابەتو کێشەی رووناکبیریو ئیداریو بارودۆخی جیهانو کۆتایی سەدەی بیست دا.

دەرئەبڕێت، لەم بارەوە وتی: هێندێك بەناوی ئیسلامی پیرۆزەوە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، ئەوا منیش پێتان دەڵێم ئەو کارانە لە ئیسلام بەدوورن. ئەو کەسانەی، ئەو کارانەش دەکەن ئاگادار دەکەینەوە، کەوا نەزانن ئێمە نایزانین، ئێمە دەزانین و دەیانناسین و دەیانگرین و دەشیان دەینە دادگاو لە T.V شدا دادگاییەکەیان بڵاودەکەینەوە. لەم رووەوە رایگەیاند کە سزادانی ئەو جۆرە کەسانە بەیاسا دەگەیەنینە رادەی ئیعدام.

لەبەشێکی تری وتەکەیدا هاتە سەر رەتکردنەوەی ئەو بوختانانەی کە جەماعەتی مەسعودو مریەم رەجەوی دەیکەن، گوایە یەکێتی لەگەڵ ئێران رێکەوتووە بۆ تەسلیمکردنەوەی پەنابەرە کوردەکانی ئێران، مام جەلال وتی: پەنابەرە کوردەکانی ئێران لێرەن و لێرە پارێزراون و شاراوەش نیە، ئەمەشی بەیەکێك لەشانازییەکانی (ی.ن.ك) دایە قەڵەم. هەروەها وتی: شانازییێکی دیکەمان ئەوەیە کە هیچ هێزێك نیە لە کوردستانی تورکیا، ئێران و سووریا بێ هاوکاری کردنی (ی.ن.ك) خەباتی کردبێ. بەڕێز مام جەلال ئەو راگەیاندنانەی بەدرۆخستەوە کە گوایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبڕێك پارە دژی PKK وەستابێت. ئەوان هێزەکانی تری کوردستانی عێراق بەبێ ئیرادە دەدەنە قەڵەم، وتی ئێمە بێ ئیرادە نین. تەوەرێکی تری وتارەکەی مام جەلال بریتی بوو لەباسکردنی پرۆسەی ئاشتی و پەرلەمان و کەرتکردنی رێکخراوە کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەکان، وەك رۆژنامەنووسان، لەم بارەوە بەڕێزی رایگەیاند کە پرۆسەی ئاشتبوونەوە وەك پێویست بەرەو پێش ناچێ، بەڵام بێ ئومێدیش نین. برایانی پارتی کاك نێچیروان بارزانییان بەسەرۆکی حکومەت داناوە، باشە ئێمە قبوڵمانە با شارەکانی کوردستان ئاسایی بکرێنەوە، بەهەولێرو سلێمانیشەوە حکومەتەکە ببێ بەحکومەتێکی هاوبەش.

سەبارەت بەمەسەلەی سەرۆکی هەرێم دووا وتی: رێکەوتین هەڵبژاردن بکرێ و نەکرا، بۆ چاکردنی کاروباری حکومەتەکەمان ناچار بووین کە بۆ لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لەنەبوونی پەرلەماندا کارێکی وابکرێ، دەربارەی پەرلەمان وتی: لەهەولێر بووین دەمانتوانی پەرلەمانتارەکان بەزۆر کۆبکەینەوە وەك پارتی کردی، بەڵام وامان نەکردووەو بەباشمان نەزانی، پێمان وایە کە دەبێ مەسەلەکان بەئاشتی و بەڕێگەی سیاسی چارەبکرێن.

دوابەشی وتارەکەی هەڵاڵ مام جەلال پەیوەندی بەکۆتایی ئەم سەدەو چوونە ناو سەدەی بیستو یەکەوە بوو. دەربارەی ئەم خاڵە گرنگە وتی: دەبێ بەیەك دەنگو بەڕێکخستنەوە بچینە ناو سەدەی بیستو یەکەوە. پاشان وتی: دەبێ کاری دبلۆماسی و سیاسی لەدەرەوە پەرە پێ بدەین و ئەوانەی لەوێن بەکاریان بێنین.

شایانی باسە، وتارەکەی مام جەلال زیاتر لەنیو سەعاتی خایاند.

* * *

وتاری کۆتایی فێستیڤاڵ

لەلایەن بەڕێز کاك مەلا بەختیارەوە:

هەڤاڵی بەڕێز و خۆشەویست کاك نەوشیروان، بۆنەیەکی روناکبیریدا ئەمەندە بەرهەم نێردرابی لەم
بۆ هەرچی ئەرکی ڕۆشنبیرییە لە کوردستان (٢٠٠) بەرهەمە (٢٧) شیعر (١٧) چیرۆك) (٩)
دەکرێ، بەهیوای ئەوەی بنکەی لێکۆڵینەوە پەسەندکراوە باقیەکەی بەبێگومان
ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ توانیبێتی حەوت ڕۆژ لەبەرئەوە پەسەند نەکراوە کە ناشایستەبوون یان
لە شعر و حەوت ڕۆژ لە چیرۆك و حەوت ڕۆژ لە لەوانەی کە پەسندکراون بەشێوەیەکی گشتی زۆر
لێکۆڵینەوە ببارێنێ لەناو ئەم هۆڵە بۆ ئێوە کەم ئاست بوون، ڕۆژانی فێستیڤاڵ سەعاتەکانی
بۆنەیەکی روناکبیریدا ئەمەندە بەرهەم نێردرابی لەم فێستیڤاڵ هەر ئەوەندە بەرگە
(٢٠٠) بەرهەمە (٢٧) شعر (١٧) چیرۆك) (٩) دەگرێت و لەوە زیاتری بەرگە نەگرتووە پێشم وایە
لێکۆڵینەوە پەسەندکراوە باقیەکەی بەبێگومان زیاد لە حدیش فشار خرایە سەر پێش کەش کردنی
لەبەرئەوە پەسەند نەکراوە کە ناشایستەبوون یان بەرنامەکان جۆرێك لە بێتاقەتیشمان لەهەندێك
لەوانەی کە پەسندکراون بەشێوەیەکی گشتی زۆر دانیشتنەکانا بۆ دەرکەوت. ئەوەی کە پێویست بێ
کەم ئاست بوون، ڕۆژانی فێستیڤاڵ سەعاتەکانی من سەرنجی هەمووتانی پێ ڕابکێشم ئەوەیە کە ئەم
فێستیڤاڵ دوای ئەوەی کە ئەو بەرهەمانەی پەسەند کردووە بۆ خەڵات پێبەخشینی یەکەم و دووەم و
سێیەم لیژنەیەکی تایبەتی داناوە ئەم لیژنە تایبەتیە ئەوەندەی کە توانراوەوە ئەوەندەی کە بیری
لێکراوە شایستەترین و باشترین نووسەرو دکتۆری کۆمەڵکەی ئێمەو دەوروبەری ئێمەو وەسەتەکەی
ئێمە کراون بەلیژنەی هەڵسەنگاندنی بابەتەکان، سێ لیژنە (لیژنەی شعر، لیژنەی چیرۆك، لیژنەی
لێکۆڵینەوە) دانراوە ئەم لیژنانە بەرهەمەکان گەیشتۆتە بەردەستیان، ناو لەسەر بەرهەمەکان
نەبووە بەرهەم خۆی قسەی کردوە لەگەڵیان، بەمانای نەیانزانیوە مەگەر بە وردبینی خۆیان
زانیبێتیان بۆچونی ئەمە یا بۆچونی ئەوە، یا شعری

ئەمە یا چیرۆکی ئەوە ئەگینا ناو لەسەر بەرهەم نەڕۆیشتووە بەرهەم خۆی چوە هەڵیان سەنگاندوە و بڕیاریان لێ داوە، ئەوی ئەوان بڕیاریان لێداوە لە ٩٥٪ بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ و لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵ قبوڵی کردوە نەکراوە قبوڵ نەکرێ هیچ دەسکاریەک لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵەوە نەکراوە بۆئەوەی باشتر کارەکە ڕابپەڕێ وە بکرێ کارەکە تۆزێك دڵخۆشتربێ بەنسبەت بەشداربوانەوە.

خاڵی دووەم حەز دەکەم بیزانن ئەویش ئەوەیە هیچ یەکێك لە ئەندامانی بنکە بەرهەمیان پێش کەش نەکرد هیچ ئەندامێك لە ئەندامانی بنکە کە خۆشتان دەزانن شاعیریشیان تیایە چیرۆك نوسیشیان تێدایە لێکۆڵەریشیان تیایە وە بەرهەمیشیان ئامادەکردبوو لە راستیا لەسەر تەکلیفی من تەکلیفم لێکردن کە بەرهەم پێش کەش نەکەن بێلایەن بن لەنێوان نوسەردا بۆئەوەی کەس نەڵێ دایانشکاند بەلای خۆیاندا سۆزیان بەکارهێناوە یا ئەملاوئەولا هەندێکیشیان بەرهەمی زۆر باشیشیان هەبوو، بەڕاستی بۆئەوەی کە فسێتیڤاڵەکە سەرکەوتوویێ بە سوپاسەوە ئەو خواستەی منیان قبوڵ کرد و بەرهەمەکانی خۆیان ڕاکێشایەوە کەوابێ ئێستا سەرەنجامەکان دەرئەچن ئەم سەرئەنجامانە دەرئەچن ئێمە وەکو یەکێك نیشتمانی کوردستان ئەوەی لەسەر ئێمە بوو دابین کردنی پێویستیەکان و سازدانی پێویستیەکانی ئەم فێستیڤاڵەبوو، هیچ هەقمان بەسەرئەوەوە نییە هەڵوێستێك ڕوناکبیرێك شاعیرێك چیرۆك نوسێك نوسەرێك ڕەخنەی هەبووە لێمان یا نەبوە سوپاسی کردوین یا نەکردوین زەمی کردوە یا زەمی نەکردوە ئەوپەڕی ئازادی لەم هۆڵە بۆ پێش کەش کردنی بەرهەمەکان هەبووە هیچ کاربەدەستێکیش هیچ دەزگایەکیش بەخۆشمەوە هیچ بەرهەمێکمان نەدیوە سانسۆرێکیشمان لەسەر فاریزەی هیچ بەرهەمێکیش نەبوە، بەرهەمی وا هەیە ڕەنگە خەڵاتی وەرگرتبێ ڕەنگە سەراپا بیروبۆچوونی ئێمەی قبوڵ نەبووە ئازادە سەرکەوتوویێ. هیوادارین هەموو ساڵێك بەم ئازادیە و بەم گیانەوە خەبات بکا گیانی ڕوناکبیری و ئازادی زانیاری کوردی قوڵ بکا.

ئەوەی لەسەرشانی ئێمە بوو کردومانە ئەوەی گلەیی و ڕەخنە و گازندەشی هەیە دەتوانێ لەدوای فێستیڤاڵ قسەی خۆی بکا بنوسێ ئازادە ئەویش ئەزمونی یەکەمە هێندەمان لەدەست هات. لە کۆتاییدا ئەمەوێ بڵێم زۆر زۆر سوپاس بۆ بەشداری هەموولایەك بەتایبەتی ئەو میوانانەی لە شارەکانی تر و بەتایبەتیش ئەوانەی لە هەولێرەوەهاتبون زۆر سوپاس بۆ هاتنیان زۆر سوپاس بۆ بۆ بۆ خۆشەویستمان کاك مەریوانی وریا قانع کە لە هۆڵنداوە بەدەنگ داواکەمانەوە هات و هات بۆ فێستیڤاڵ و پێڕێ سەفەری کردوە. ئاخر قسەشم ئەوەیە بەناوی هەموتانەوە بەناوی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژەوە سوپاسێکی بێپایانی کاك شۆڕش حەمەڕەشید ئەکەم کە لەشاری مانیۆی سویدەوە گفتی داینێ هەموو ساڵێك (٥٠) هەزار دینار بەبەخشێ بە فێستیڤاڵ بکرێ بە خەڵات بۆ باشترین بەرهەم ئەم ساڵ پێش وەخت بەڵێنی خۆی بەجێهێنا وە ئێستا لەبری خۆی خوشکێکی لێرە دانیشتوە کە لەبری ئەو خەڵاتەکە پێش کەش ئەکا. زۆر زۆر سوپاسی ئەکەین هیوادارین نمونەی زۆربێ لەپێناو کورد و کلتوری کورد و ئایندەی کوردا.

جارێکی تر بەخێربێن و هیوادارین پرۆگرامەکانی ئەم فێستیڤاڵەتان بەدڵ بێ و باقی هەڤاڵان کە سەرپەرشتیاری لیژنەی هەڵسەنگاندنەکانن یەکە یەکە بێن ئیتر بەرنامەو بڕگەکانی خۆیان پێش کەش بکەن دیسان بەخێربێن هیوادارم شادو سەرکەوتو بن.

وتاری سەرپەشتیارو چاودێری لیژنەکان

لەلایەن عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجییەوە
خوێندرایەوە

میوانە بەڕێزەکان، ئەدیب و نووسەر و شەیدایانی رۆشنبیری. پاش ماوەیەکی تر ناوی نووسەرو ناونیشانی ئەو دەقانە دەخوێنرێنەوە کە خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەمیان بەرئەکەوێت. من بە سیفەتی ئەوەی سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژی نوێم. لە سەرەتاوە سەیری بابەتەکانم کردووە بەو مەبەستەی زۆریان لە گەلاویژی نوێدا بڵاوبکرێنەوە.

هەروەها لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵەوە ئەرکی ئەوەم پێسپێررا کە چاودێری و موتابەعەی کارو جموجوڵی لیژنەکان بکەم بۆیە ئاگاداری جۆری بەڕێوەچوونی ئیشوکاری دەستنیشانکردنی دەقە پاڵێوراوەکان بووم بۆ وەرگرتنی خەڵات.

هەر لە سەرەتای کردنەوەی دەرگا بۆ وەرگرتنی بابەت چەندەها شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەمان پێگەیشت ئێمەیش بەمەبەستی هەڵسەنگاندنیان دامانن بە لیژنەیەکی تایبەت/ ئەوانیش لە رێگای خۆیانەوە تەتەڵەیانکردن. رەنگە زۆرتان ئاگاداربن لەوەی کە تەتەڵەکردن و فەرزکردنی بابەت بۆئەوەی بگاتە لیژنەی هەڵسەنگاندن کارێکە لە هەمو ئەو فێستیڤاڵانەدا هەن کە خەڵاتی دەقی باش و باشتر و باشترینیان تیا دیاریدەکرێت. ئەو لیژنە سەرەتاییە پاش تاوتوێکردنی بابەتەکان (٢٣) شیعر و ١٧ چیرۆک و ١١ رەخنە و لێکۆڵینەوەی خستە بەردەستی لیژنەی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە.

لە شەستەکاندا گۆڤاری (الحوار) بەمەبەستی دەستنیشانکردنی باشترین دەقی چیرۆک، پاش تەتەڵەکردنی ٤٦٩ چیرۆک (٤٣) چیرۆکیان خستە بەردەستی لیژنەی هەڵسەنگاندن. ئێمەیش لەلایەنی خۆمانەوە/ رەچاوی چەند خاڵێکمان کردووە بەتاییەتی لە لێکۆڵینەوەکاندا وەک: دەستنیشاننەکردنی سەرچاوە، یا گوێنەدان بە حەجمی بابەتەکە، بابەتی وا بووە ١٤٦ لاپەڕە بووە بابەتی لەم جۆرە زووخراوەتە لاوە.

بەڕێزان دەمەوێ ئەوەتان پێڕابگەینم ئێمە هەر لە سەرەتاوە سەربەستی تەواومان بە لیژنەکان داوە تا خۆیان بە ئارەزوو بۆچوونی خۆیان شێوازی تایبەتی بۆ هەڵسەنگاندن هەڵبژێرن، نە مەرجمان هەبووە و نە ئەوانیش کەسی ئەوەن مەرجی دەرەکی بۆ هەڵسەنگاندن وەرگرن. کاتێکیش لەگەڵ لیژنەیەکدا دانیشتبێتم تەنها وەک چاودێرێک گوێم بۆ گفتوگۆی نێوانیان شل کردووە و دیقەتی سەرنجەکانیانم داوە. لە نزیکەوە لەگەڵیانا بووم گەواهی ئەوە ئەدەم دەنگی زۆرینەیان زاڵ بووە. ئاشکرایە زۆرجار لیژنەی هەڵسەنگاندن خەڵاتی یەکەم رادەگرێت، و خەڵاتی دووەم و سێیەم ئەدات یا رێدەکەوێت دوو دەق لە یەک ئاستان و خەڵاتەکە بە هەردووکیان دەدرێت، ئامادەبوونی من لەگەڵیانا بۆ ئاگادرری بووە لە گۆڕانکاری کتوپڕی وا. ئێمە لەلایەنی خۆمانەوە پێشبینی گۆڕانکاری وامان کردووە بەڵام حەزیشمان

کـردووه خـەڵاتی یەکـەم بدرێـت و لـە دووەمـەوە دەستپێنەکرێت چونکە دەستنیشانکردنی دەق بـۆ خەڵات تاقیکردنەوەیەکی نوێی فێستیڤاڵی گـەلاوێژە و دەبێت هـەر لـە سـەرەتاوە بـۆ فێسـتیڤاڵەکانی داهـاتوویش بچەسـپێت. مـن لـە گۆڕانکاریـیـەکی ئاوەهـادا سەرپەرشـتیاری گشـتی فێسـتیڤاڵم ئاگارکردۆتەوە چونکە گۆڕانکاری لەم چەشنە رەنگـە شێوەی دابەشکردنەکە بگۆڕێ.

جا لەگـەڵ ئەمانەیشا لیژنـە لـە هـەموو شـوێن و زەمانێکدا خۆی بۆی هەیە خەڵاتێك بخاتە لاوە، یا بە دوو کەسی بدات کە لە ئاستێکدا بن، لەمەدا ملکەچی بڕیارەکانیان بووین. هـەموو لیژنەیەکیش بۆچوونـی تایبەتی خۆی هەیە، رەنگـە کەسانێکی تر ئـەندامی ئەو لیژنەیە بوونایە تاڕادەیەك بۆچوونی جیاوازتریان بوایە/ دەقی تیـابوە مـن زۆر بـە دڵـم بـووە کەوتۆتـە موناقەسـەکردنەوە بـەڵام لـەلای زۆرینـەی دەنگـەکان نەگەیشتۆتە پلەکانی پێشەوە، لێتان ناشـارمەوە مـن وەك چاودێرێك مافی ئەوەم بەخۆم نەداوە بڵێم برایان ئەم دەقە جوانە.

ئامـادەبوانی بـەڕێز: یـەك هەفتەیـە خـەمخۆرانی وشە گوێ لەم دەقانە دەگرن، هەریەکـە و شتێکی لا گەڵاڵە بووە و رەنگە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابێت کام دەقە باشە، کێ خەڵاتی یەکـەم یا دووەم یا سێیەم دێنێ. دیارە وەرگر یا خوێنەر زۆڵی لە تـەئویلکردن و شـیکردنەوەی دەقدا هەیـە، ئا لێرەوە لـە هـەموو فێسـتیڤاڵێکدا ئامادبوان لەلایـەن خۆیانـەوە و بـە قەناعـەتی خۆیـان ئاسـتەکان دیاریدەکـەن، لـەناو خۆیاندا فلانە شاعیر، یا فیسارە چیرۆکنووس بۆ وەرگرتنـی خـەڵاتی یەکـەم و دووەم و سـێیەم دەستنیشاندەکەن، رەنگە لـە کۆتایشدا قەناعـەتیان لەگەڵ بۆچوونەکانی لیژنەکاندا بگونجێت رەنگە هـەر زۆر جیاوازیش بێت، ئەمەیش بەوپێیەی خوێندنەوەی دەق مۆرکێکی رێژەی هەیە.

دیارە هەڵبژاردنی دەقی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەوە ناگەیـەنێت ئەمانـە باشـترین کـاری ئـەدەب و رۆشنبیری کوردین. بەڵکو ئەمانە لە دەقە باشـەکانی ئەو شـیعر و چیرۆکانـەن کـە خراونەتـە بەردەسـتی لیژنەکان ئەتوانین بڵێین، هەندێك دەقیان بەرهـەمی کەسانێکن خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێـژ و پرشـنگدارن بـەڵام رەنگـە دەیـەها دەقـی لەمـە جوانتریان نووسیبێت. باشترین دەقـی سـەرکەوتووی ئەم فێستیڤاڵە باشترین دەقی ئەدەبی کـوردی نییـە، بەڵکو بەرهەمی باشی فێستیڤاڵێکە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا. ئەو دەقەیشی کـە نەگەیشتۆتە ئاسـتی خـەڵاتی یەکـەمو دووەمو سـێیەم نابێتـە پێوەرێکـی بەردەوامی رەوتی ژیانی ئەدەبی ئەو نووسەرە.

دیارە ئەو دەقانـەی کـە پێشکەشکران لەلایـەکی ترەوە تا رادەیەك واقیعـی حاڵی رۆشـنبیری کـوردی دەرئـەبڕن. ئەمـە بەرهـەمی هـەندێك لـە نـەوە رۆشنبیرەکانمان، ئەگـەر کـاری خـراپ هـەبووبێت، کاری چاکیش بەدیدەکرێت، لـە هـەموو کاتێکیشـدا فێستیڤاڵ بەرپرسـی ئاست و جۆری نووسین نییـە، هـەموو فێسـتیڤاڵێك هـەر ئـەوەندە ئـەتوانێت بـوار و فـەزای سەربەسـت بـۆ دەرکـەوتنی تواناکـان بڕەخسـێنێت. ئـەم فێسـتیڤاڵەیش هیچی نـەکردبێت توانیویەتی هەندێك دەنگ بخاتەڕوو کە پێویستیان بە دەرکەوتنە.

لـە کۆتاییدا هیـوادارم هـەموومان بـە سـنگێکی فراوانـەوە ئـەنجامی لیژنـەکان وەربگریـن. دڵنیـام ئەوانـەی کـە ئامـادەیی خۆیـان دەربـڕی بـۆ بەشداریکردن لەم فێستیڤاڵەدا جورئەتی رۆشنبیرییان هەیە و بـە چـاوی وەرزشـکارێکی رۆشـنبیر دەڕوانـنە ئەم جۆرە پرۆسەیە.

پیرۆزبایتان لێدەکەین.

سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

وتاری لیژنه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنی لێکۆڵینه‌وه



له‌لایه‌ن عه‌تا قه‌ره‌داخی‌یه‌وه

خوێندرایه‌وه

دوای هه‌ڵسه‌نگاندنی بابه‌ته‌کانی لێکۆڵینه‌وه به‌وردی‌و تاوتوێ کردنیان له‌سه‌ر چه‌ند بنه‌مایه‌کی زانستیانه، لیژنه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندن بڕیاری‌دا که چه‌ند بنه‌مایه‌ك بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی بابه‌ته‌کان دابنێت‌و بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش چه‌ند لایه‌نێکی توێژینه‌وه‌ی زانستی کرد به‌پێوانه‌و به‌و پێوانانه بابه‌ته‌کانی هه‌ڵسه‌نگاند که ئه‌و بنه‌مایانه‌ش بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه:-

١- شێوازی توێژینه‌وه‌ی زانستی.
٢- زمان‌و خاڵبه‌ندی.
٣- یه‌کێتی بابه‌ت.
٤- ده‌ستپێك.
٥- ده‌رئه‌نجام.
٦- خۆماڵیه‌ت‌و تازه‌گه‌ری.
٧- یه‌کێتی نێوان ناونیشان‌و باسه‌که.
٨- چڕوپڕی‌و دوورکه‌وتنه‌وه له‌جوینه‌وه.
٩- دورکه‌وتنه‌وه له‌ئاماده‌کردن‌و وه‌رگرتنی بابه‌ته‌که‌و هێڵی ئیشکردنه‌که له‌ملاو ئه‌ولاوه.
١٠- چۆنێتی به‌کارهێنانی سه‌رچاوه‌کان.

هه‌ریه‌که له‌م لایه‌نانه نمره‌یه‌کی دیاری‌کراویان له‌سه‌ر دانراوه‌و نمره‌ی کۆتایی له‌کۆکردنه‌وه‌ی نمره‌ی ئه‌م لایه‌نانه ده‌رچووه.

ئه‌وه‌ی لیژنه‌که زۆر گرنگی پێداوه هه‌ڵسه‌نگاندنی هه‌مه‌لایه‌نه‌و بابه‌تیانه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌کان بووه. له‌ئاکامی ئه‌وه‌شدا لیژنه‌که ئه‌وه‌ی بۆ ده‌رکه‌وت:

١) که به‌شێکی باسه‌کان ئاماده‌کردن‌و نمایشکردن‌و خوێندنه‌وه‌ی چه‌ند کتێبێکن‌و نووسه‌ر راو بۆچوونی نیه‌و خۆی هیچ ناڵێت.

٢) به‌شێکی تریان هه‌ر جوینه‌وه‌ی ئه‌و باس‌و بابه‌ته باوانه‌ن که زۆربه‌ی خه‌ڵك لێیان به‌ئاگایه‌و هیچ قوڵبونه‌و تازه‌گه‌رییه‌کیان تێدا نه‌کراوه.

٣) به‌شێکی باسه‌کان درێژدادڕین‌و چه‌ند بابه‌تێك له‌ژێر ناونیشانێکدا کۆکراونه‌ته‌وه به‌بێ ئه‌وه‌ی یه‌کێتی بابه‌تیان هه‌بێت‌و نووسه‌ر نه‌یتوانیووه باسه‌کان پێکه‌وه ببه‌ستێت‌و وه‌ك تاکه لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ك ده‌ربکه‌ون.

٤) زۆربه‌ی نووسه‌ران شێوازی لێکۆڵینه‌وه‌یان په‌یڕه‌و نه‌کردووه‌و باسه‌کانیان نه‌سه‌ره‌تای هه‌یه، نه‌ده‌رئه‌نجام‌و نه‌دابه‌شکراوه به‌سه‌ر چه‌ند ده‌روازه‌یه‌کدا.

٥) زۆربه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌کان به‌کوردیه‌کی زۆر لاواز نووسراون، به‌تایبه‌تی ئه‌و وتانه‌یه‌ش که له‌زمانه‌کانی تره‌وه وه‌ریان گرتوون به‌کوردیه‌کی زۆر به‌لاوازی دایانڕشتووه‌ته‌وه.

٦) زۆربەی نووسەران لەم لێکۆڵینەوانەدا سەرچاوەکانیان بەباشی بەکار نەهێناوەو ئەوەشی بەکاریان هێناوە نەیانزانیووە چۆن ریزی بکەن.

٧) درێژکردنەوەی بابەتەکان لەلایەک جوینەوەی دروستکردووە، لەلایەکی ترەوە ئەوە خاڵێکی لازمە بۆ توێژینەوە کە لە (٥٠) لاپەڕەی فولسکابدا نووسەر نەتوانێ شتێکی نوێ بڵێت. لێرەنەکە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە بەشێکی نووسەران ویستوویانە بەدرێژدادڕی لاوازی باسەکانیان بشارنەوە، بەڵام دیسان نەیانتوانیوە لەو درێژدادڕییەشدا شتی نوێ بڵێن.

لەکۆتاییدا لێژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوە هیواداره ئەم هەڵسەنگاندنانەو ئەم فێستیڤاڵە ببێت بەهاندەرێک بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمی سەرکەوتووترو بۆ نووسینی زانستیانە تر. هەروەها هیواداره کە سەرجەم توێژەرە بەڕێزەکان ئەنجامی ئەم پێشبڕکێیە بەسنگێکی فراوانەوە وەربگرن و ئەوەی خەڵاتەکان دەباتەوە لێی پێرۆز بێت، هەڵە ئەوانی تریشمان هەموو پێرۆزباییان لێ بکەین و ئێمەش وەکو نووسەرانی گەلانی دنیا ئەو حەقیقەتە تێ بگەین کە مەرج نیە هەر من یەکەم بم، بەڵکو هەموو ئەوانی تریش ئەو مافەیان هەیە.

بێگومان لێژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوە بەچاوێکی مەوزوعی و بەویژدانێکی زیندووەوە هەموو بابەتەکانی هەڵسەنگاندووەو وەکو دەشزانن هەموو بابەتەکان بەبێ ناو چوونەتە بەردەستی لێژنەکان و ئەوانیش مامەڵەیان لەگەڵ بابەتەکان کردووە نەک ناوەکان. بۆیە جێگای خۆیەتی کە بڵێین بەپێی تێگەیشتنی لێژنەکە بابەتەکان بەوردی هەڵسەنگێنراون و هەر بابەتەش حەقی خۆیی وەرگرتووە.

دیارە ئاشکراشە ئەو توێژەرەی کە لێرەدا بەخت یاری نەبووەو خەڵاتەکانی نەبردۆتەوە، مانای ئەوە نیە کە توێژەرێکی خراپە. بەهەمان شێوە ئەو توێژەرەشی کە خەڵاتەکە دەباتەوە مانای وانیە کە ئیتر ئەو باشترین توێژەرەی کوردە. چونکە وەک دەزانن هەڵسەنگاندنەکان تەنیا لەسەر ئەو بەرهەمە کراوە کە ئەو توێژەرەوە پێی بەشدار بووە نەک لەسەر بنەمای پێشینەی ئەو توێژەرە بڕیار لەسەر ئەم باسەشی درابێت.

- لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ هەموان دەخوازین و پیرۆزبایی لەتوێژەرە سەرکەوتووەکانیش دەکەین.
- پیرۆزبایی لەتوێژەرە سەرکەوتووەکانیش دەکەین.
- سەرکەوتوو بێت فێستیڤاڵی سالانەی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ.

لێژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەش بڕیتی بوون لە:

بەڕێز دکتۆر کوردۆ عەلی.
بەڕێز دکتۆر مارف عومەر گوڵ.
بەڕێز مامۆستا محەمەد دلێر ئەمین.
بەڕێز مامۆستا عەتا قەرەداخی.

پرسیاری شاعیر...پرسیاری سۆفی

ئاستەکانی ئیشراقی وێنە لەشیعری عەرەبی و فارسی و کوردیدا

شاهۆ سعید

زانکۆی سلێمانی / خوێندنی باڵا

۱۹۹۹

ناوەرۆك

دەروازەی یەکەم : کەلتوری ئیسلام و ستراتیژی وێناکردن

دەروازەی دووەم : کێشەیەکی میتۆدی

بەشی یەکەم :

ئاستەکانی ئەندێشە و تەجەللای زەینی لەنێوان شاعیرو سۆفیدا

ئاستی یەکەم/ نیگەرانی و پرسیار

ئاستی دووەم / دوالیزمی (ڕۆح / جەستە)

ئاستی سێیەم / هارمۆنیکای زەینی

ئاستی چوارەم / عەشقی یەزدانی..عەشقی پاکیزەیی

ئاستی پێنجەم / یەکبونی ئەنتۆلۆژی (بەگەردوونی بوون)

ئاستی شەشەم / ئیشراقی زمان..تەجەللای نور.

بەشی دووەم:

ئاستەکانی ئیشراقی وێنە لەشیعری عەرەبی و فارسی و کوردیدا

یەکەم / شیعری عەرەبی و ئاستەکانی ئیشراق

دووەم / شیعری فارسی و ئاستەکانی ئیشراق

سێیەم / شیعری کوردی و ئاستەکانی ئیشراق

—چەند ئەنجامگیری و تێبینیەك .

دەروازەی یەکەم :

کەلتوری ئیسلام و ستراتیژی وێناکردن

ئیسلام، وەك کەلتور، خاوەنی یەکێك لەکۆنترین و دەوڵەمەندترین ڕۆشنبیری تەدوین کراوی خۆرهەڵات و جیهانە. بۆ چەندین سەدە میراتگری کەلتوری خۆرهەڵات و، فیکری یۆنانی بووە، تا ئێستاش پەیوەندیەکی تۆکمەی لەگەڵ میراتی ڕۆحانی ئاینە خۆرهەڵاتیەکاندا ماوە. کە ئەمە ڕوویەکی گەردوونی کەلتوری ئیسلامەو، گەلانی ناوچەکە بەعەرەب و فارس و کوردو تورك و ئەمازیغی و نەتەوەکانی تر هەوە بەشداریان لەبنیات نان و فراوان کردنی ئاسۆکانیدا کردووە.

زمانی عەرەبی، کەزمانی پیرۆزترین کتێبی موسڵمانانەو، کایە جیاجیاکانی کەلتوری ئیسلامی پێ نوسراوەتەوە.. هەر لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامەوە تالەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زمانی ستانداری ئاین و ڕۆشنبیری گەلانی موسڵمانی ناوچەکە بووە بەگشتی؛ زمانی نەتەوە غەیرە عەرەبەکانیش هەمیشە لەپلەیەکی نزمتردا بووە بەرامبەر شکۆو هەیبەتی ئەو زمانەی کە هێزێکی ئەفسونی لەقورئانی پیرۆز

بەپلەی یەکەمو، تایبەتمەندیيە رێزمانیو فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجیيەکانی بەپلەی دووەم وەرگرتووە..چونکە تۆڕێنەوە فۆنۆلۆجیيە تازەکان دەریان خستووە کە وزەی ئیحائیو مەجازی، مۆسیقای وشەو زەنگی دەربڕین..خەسڵەتە سەرەکیيەکانی زمانی عەرەبین.[1] بالاّ دەستی و تاك ڕەوی زمانی عەرەبی لەم کەلتورە دەوڵەمەندەدا..ڕێخۆش کەر بوو لەبەردەم لەدایك بوونی سیستمێکی مەعریفی سەربەخۆی ئەوتۆ کە ڕۆچووە نێو کایەکانی تەفسیر، فیقد، کەلام، ئصول، نەحوسەرف، عەروز، بەلاغەو، تەجویدو...هتد. لەو نێوەندەدا پرسیارێك هاتە گۆڕێ: کەئایا ئیعجازی قورئان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئەو کتێبە یەزدانییە موعجیزە بەماناو ناوەرۆکی ئایەتەکانی؟ یان موعجیزە بەفۆرمو ڕیتمو زەنگی وشەکانی؟![2]..ئەم پرسیارە ملمالنێیەکی زمانەوانی شەرعی / ڕەخنەیی لێ کەوتەوە، کە دواتر بووە هەوێنی گەورەترین کێشەی کەلتوری ئیسلام، ئەویش بریتیبوو لەکێشەی فۆرمو ناوەرۆك، یاگرفتی وتەو واتا (إشكالية اللفظ والمعنى).

گرفتی وتەو واتا هەڵگری مەترسییەکی مەعریفی گەورەبوو..چونکە گەر ساغ ببێتەوە ئیعجازی قورئان لەفۆرمو ریتمو زەنگی وشەوە سەرچاوەی گرتووە؛ واتە سەپاندنی دیکتاتۆریەتی زمانی عەرەبیو، حەرام کردنی تەرجەمەی قورئانو، دابەزاندنی بەهای زمانەکانی تر. چونکە تەرجەمە کردەیەکە توانای پاراستنی زەنگو فۆرمی ئایەتەکانی نیە. لێرەوە، زمانی عەرەبیو زەنگی ئەفسوناوی وشەو عیبارەتەکانی هەیبەتو پێگەیەکی بەهێزتری زامن کردو، ئیتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وشەو یاسا جوانکارییە بەلاغیو عەروزیو فۆنۆلۆجیەکانی زمانو شیعری عەرەبی ڕۆژەچۆوە نێو قەوارەی زمانی شیعرو ئەدەبیاتی نەتەوە تازە موسڵمانەکانو، پێشبڕکێ لەبەکارهێنانی وشەو ڕستەو جوانکاریەکانی زمانو شیعری عەرەبی..دەبووە خەمێکی شاعیرانی غەیرە عەرەب.[3]

گرفتی وتەو واتا تەنها لەو ئاستەدا نەوەستا مەترسی لەسەر ڕەسەنایەتی زمانی ئاخاوتنو، زمانی نوسینو، زمانی شیعری نەتەوە غەیرە عەرەبەکان بەجێبێڵێ؛ بەڵکو بووە کێشەیەکی فیکری / ڕەخنەیی کەجێپەنجەی بەسەر زۆربەی کایە ڕۆشنبیریو مەعریفیەکانی دیکەوە بەجێ هێشتو، بووە ئاستێك لەئاستەکانی ستراتیژی ناونانو وێناکردن لەکەلتوری ئیسلامدا. ئیتر یەکێك لە پێناسە سەرەکیەکانی شیعر بووە ((وتەیەکی کێشو سەروادار))[4] یەکێك لەمەرجەکانی فەساحەتیش بووە ((دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی ئەو وشەو ڕستانەی پێچەوانەی یاسا مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجییەکانن و، دوورکەوتنەوە لەو عیبارەتو واتایانەی کەنامەئلوفنو، پێشتر بەکار نەهاتوون)).[5]

زاڵ بوونی ئەم گوتارە ڕەخنەییە کەزیاتر بەهای بەپێوەرە بەلاغیو عەروزیەکانو، ئاستە فۆنۆلۆجیەکانی زمانی شیعر دەبەخشی..گرفتی وتەو واتای قوڵ تر کردەوە..کەلێنێکی خستە نێوان ئاستی بیستراوی شیعرو، ئاستی زەینیو سیمانتیکی شیعر. هەرچەندە کەلتوری ئیسلام دواتر چەند فەیلەسوفو ڕەخنەگرێکی گەورەی وەك کیندی، فارابی، جاحزو، قەرتاجینی بەرهەم هانی کەلەژێر کاریگەری فیکرو لۆژیکی بەڵگەگەریدا بەهایان بەخشییەوە بەئاستەکانی دیکەی شیعریەتی دەق،[6] بەڵام دواجار نەیانتوانی هەرەس بەو چەمکو پێودانگو یاسا سەختو نەگۆڕانە بێنن کەلەهەناوی دیکتاتۆریەتی زمانی عەرەبیو، هەناوی ئەو گوتارە ڕەخنەییەوە هاتبوودەرێ..کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتگیری دەکرا.

شاعیر..کەلەفەزای زماندا کاردەکاو، خەیاڵ سەرەکی ترین ئامرازی ئەندێشەیەتی؛

سۆفیش..کەخەون بەئیشراقو تەجەللای نوورەوە بەشێکی زۆری ڕووبەرە زەینییەکانی داگیر دەکات..ئەو دوو مرۆڤەن کەبەهۆی هەژموونو، باڵادەستیی ئەو گوتارە ڕەخنەییەوە تائاستێکی زۆر شوناسیان لێڵ کراو، لەزۆربەی وێنا کردنە جۆربەجۆرەکانی کەلتوری ئیسلامدا..وێنە ڕاستەقینەکانی خۆیان وون کرد.

هەرچەندە شیعر هەر لەسەردەمی جاهیلیەکانەوە تا دواتریش وەك دیوانی عەرەب مایەوەو، فراوانترین ڕووبەری ڕۆشنبیری فارسو کوردیشی داگیرکرد..بەڵام کاتێك لەکەلتوری ئیسلامدا بەدوای یەکەمین وێنەی شاعیردا دەگەڕێین، وێنەی کائینێکی لەخشتە بەرمان بەرچاو دەکەوێ،[7] کەخەڵکی فریودەدا. دواتر ئەم وێنەیە لەقۆناغە

جیاجیاکانی کەلتوری ئیسلامو، ئەدەبیاتی گەلانی ناوچەکەدا خۆی دووبارە دەکاتەوە؛ هەرچەندە لەگەڵ هەموو پرۆسەیەکی خۆدووبارە کردنەوەدا شاعیرەکان دەگۆڕین..بەڵام وێنەی شاعیر هەر وەکو خۆی لەنائاگایی بەکۆمەڵی زۆریەی ڕۆشنبیرو ڕەخنەگرە موسڵمانەکاندا دەمێنێتەوە ئەوانەی لەباشترین حاڵەتدا شاعیر تەنها وەك سنعەت کارێك دەبینن، کەپابەندی یاسای پێشوەخت‌و نەگۆڕەو، بەیت‌و قافیەو عیبارەت بەپێی یاسا وردەکان دادەتاشێ. بەگوێرەی هەمان وێناکردنیش هەر دەرچونێك لەیاسا پێشوەختەکان (عەیبی بەلاغی‌و، زیحاف‌و، عللەو، تەنافور..)ە.

گوتاری ڕۆشنبیری بالاّ دەست کە شاعیر بەم شێوەیە وێنا دەکا...وێنەیەك دەبەخشێ بەسۆفی عارف، کەدوورە لەوێنەی ڕاستەقینەی ئەو کائینە نیگەرانەی خەون بە یەکبوونی ئەنتۆلۆژی‌و، دواپلەکانی پابوونەوەو تەسامیەوە دەبینێ.

لەکەلتوری ئیسلامدا..بەتایبەتی ئەو کەلتورەی کەملکەچی قیقەو کەلامو زانستە بەیانگەریەکانە.. سۆفی لەدوو وێنەی باوی دژ بەیەکدا بەرجەستە بووە: وێنەی زاهیدێکی خواپەرست کەهەمیشە خۆی بەکۆیلەیەکی گوناهبار بینیوە، ئەمەش بەپێی ئەم کەلتورەو پێوەرەکانی کەلامو شەرع وێنە پۆزەتیڤەکەی سۆفی خواپەرست بووە. بەڵام لەوێنەی دووەمدا سۆفی کائینێکی سەرکێش‌و، شەتەح درکێن‌و، لادەرە لەڕێنمایی‌یە شەرعی‌و کەلامیەکان، کە ئەمەش وێنە نێگەتیڤەکەی بووە. بەڵکو پاشتر ئەم وێنەیە–وێنەی دووەم–بووە پاساوی دەستی خەلیفەو دەسەڵاتی سیاسی‌و گوتاری بالادەستی کەلتوری ئیسلام..بۆ شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی سۆفی‌و، پاشان بۆ تەکفیر کردنی، لەدوا وێستگەشدا بۆ حەڵاڵ کردنی خوێنی..کەلە دوو وەرزی ترسناکی مێژووی شیعرو عیرفان‌و ئەندێشەی مرۆییدا...لەکوشتنی سەهرەوەردی‌و، لەخاچ دانی حەلاج‌دا بەرجەستە بوو.

لێرەوە یەکێك لەئەرکە سەرەکی‌یەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە..دەرباز بوونە لەو جوغزو چوارچێوە تەسکەی کەلەلایەن گوتاری بالادەستی کەلتوری ئیسلامەوە بۆ شاعیرو سۆفی کێشراون. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو لایەنە ڕۆشن‌و پڕبایەخانەی کەلتوری ئیسلام لەبەرچاو دەگرێ کەلەلایەن گوتاری بالادەستەوە چەپێنراون‌و، هاویژدراونەتە پەراوێزەوە. ئەو ڕاستی‌یە دەسەلمێنێ کە گوتاری ڕۆشنبیری ئۆپزیسیۆن شان بەشانی گوتاری بالادەست، لەبرەوی فیکری‌و ئیشراقاتدا بووەو، گوتارێکی گرنگی کەلتوری ئیسلام بووە، کەچەندین فەیلەسوف‌و ئەندێشە مەندی گەورەی هێناوەتە بەرهەم.

دەروازەی دووەم : گێشەیەکی میتۆدی

قسەکردن لەسەر ئەندێشەی شاعیرو سۆفی لەڕوانگەیەکی بەراورد کاریی‌یەوە، هەروەها وەستان لەسەر ئاستی سیمانتیکی ئەو ئەندێشەیە...پێویستی بەمیتۆدێکی ڕەخنەیی–فیکری موتوربە کراو بەمیراتی مۆرالی– ڕۆحانی لەلایەك‌و، ئەدەبی بەراورد کاری لەلایەکی ترەوە هەیە...کە ڕەنگە بەیەکدا چوونێکی بابەتی‌و، گرفتێکی مەنهەجی دروست بکاو، پێویستی بەڕوونکردنەوەیەکی پێشوەخت هەبێ، کەبەم شێوەیە پوختی دەکەینەوە:

١)شاعیر لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ئەو کەسە نیە کەلەکایەیەکی ئەدەبی تایبەتدا کاردەکاو، جنسێکی ئەدەبی دیاری کراو بەرهەم دێنێ. چونکە لەقاڵبدانی شیعرو شاعیر لەڕووی وەزیفەو، فۆرمەوە..بەخشینی سیفەتێکی پێش وەختە بەشاعیر، کەلەگەڵ ڕەهەندە ڕەخنەیی‌و فیکری‌یە قوڵەکانی خوێندنەوەی شیعردا یەك نایەتەوە. جیهان بینی شاعیر بەزمانێك تەرجەمە دەکرێ کەتا ئاستێکی زۆر پشت ئەستوورە بەپرۆسەی تێکشکاندنی پەیوەندییە سەبەبی‌و پێشوەختەکان‌و، دامەزراندنی پەیوەندیی نوێ لەنێوان چەمك‌و وێنە ناهاوتاکاندا. ئەم کردەیەش هەرچەندە کردەیەکی شیعرییە، بەڵام تایبەت نیە بەشیعر وەك جنسێکی ئەدەبی دیاری کراو..بەڵکو لەتێکڕژان‌و پەیوەندی بەردەوام دایە لەگەڵ زۆربەی کایە هونەری‌وفکری‌و ئەدەبیەکانی تردا. هەر بۆیە هەندێ جار ڕۆحی فەیلەسوف زۆر لەڕۆحی شاعیر دەچی‌و، زمانی هەندێ ڕۆمانیش...لەزمانی هەندێ شیعر، شیعر ئامێز تر‌ە.

٢)میتۆدی بەراوردکاری (Comparative Literature)..بەبەراورد لەگەڵ قوتابخانەکانی

ڕەخنەی تازەدا، تاڕادەیەك بووەتە نەریتێكی خوێندنی زانكۆیی. ئەدەبی بەراورد كاری كە گرنگیەكی زۆر بە ژینگەی میژویی دەق‌و، ژیانی نوسەرو، ئاستەكانی كارلێكی نێوان ئەدەبی نەتەوەكان دەدا .. لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تووشی دوو گرفت هات : یەكەمیان تاوسەندنی میتۆدی بنیاتگەریی بوو، كە دەسەلاتێكی فراوان دەبەخشێ بەتێكست‌و، لەبایەخی فاكتەرو ئەنگێزە دەرەكی‌و میژوییەكان كەم دەكاتەوە. دووەمیان تاوسەندنی لێكۆڵینەوە تەسك بین‌و، تاك ڕەهەندەكانی ئەو نووسەرانە بوو، كەلە بەراوردكاریی نێوان ئەدەبە نەتەوەییەكاندا..هەموو خەسڵەتە پۆزەتیڤ‌و، ڕەهەندە ئیستاتیكیەكانی ئەدەبی نەتەوەی بەرامبەریان لەیاد دەكردو، زۆر نابابەتیانە تەقدیسی ئەدەبیاتی خۆیان دەكرد، كەئەمەش ڕەخنەگرێكی وەك (ڕینی ویلك)ی ناچار كرد لەساڵی ١٩٥٧دا قەیرانەكانی ئەدەبی بەراوردكاری بخاتە ڕوو.[٨] بەڵام ئاڕاستە ڕەخنەییەكانی پاش بنیاتگەری (Post Structuralism) میتۆدی بەراوردكاری سەرلەنوێ ژیاندەوە، دەسەلاتی بەخشییەوە بەخوێنەر / ڕەخنەگر تالەڕێگای فاكتەرو ئەنگێزە دەرەكی‌و میژوییەكانەوە بەراوردی نێوان دەقەكان بكات‌و، ئاستە سیمانتیكیەكانیان بخاتە قسە. لەو ئاڕاستە تازانەی ڕەخنە : (ڕاڤەگەری) (Hermentique) كەبڕوای بەخوێندنەوەی تاك مەودا نییە‌و، بایەخ بەمیژوی دەق‌و، كارلێكی نێوان دەقەكان‌دەدا.[٩] هەروەها (دەق ئاوێزگەری) (Intertextuality) كەبڕوای وایە هیچ دەقێك لەسەدا سەد ڕەسەن نیە، بەڵكو ئیمتدادی دەقی پێش خۆیەتی.[١٠]

٣)لەئەدەبی عەرەبی‌و فارسی‌و كوردیدا..سۆفیگەری‌و شیعر هێڵێكی داهێنانی گەورە پێكەوە دەكێشن، كە دەگەڕێتەوە بۆ میراتی ڕۆحانی خۆرهەڵات بەگشتی‌و، درێژ بوونەوەكانیشی تا ئەم چركە ساتە بەردەوامە. بەڵام دەبێ جیاوازی لەنێوان چوارئاستی سۆفیگەریدا بكەین :

أ / سۆفیگەری زوهد : لەم سۆفیگەرییەدا كەسی زاهید خۆی لەهەموو چالاكی‌یە كۆمەڵایەتی‌و فیكری‌و سیاسی‌یەكان بەدوور دەگرێ‌و، دەخزێتە كونجی خەڵوەت‌و، هەموو وزەكانی بۆ عیبادەت‌و خواپەرستی‌و،خۆبەدوور گرتن لەهەموو پرسیارو ڕوویەڕوو بونەوەیەك تەرخان دەكا.[١١] ئەم جۆرە سۆفیگەرییە ڕەسەنایەتی‌یەكی ئیسلامی–عەرەبی تیا بەدی دەكرێ‌و، قیاس دەكرێ بەگۆشەگیری‌و خەڵوەتی پێغەمبەر (د.خ) لەئەشكەوتی حەڕادا[١٢]. بۆیە فەقیهو موتەكەللیمەكان ناڕەزاییەكی ئەوتۆیان بەرامبەر ئەم جۆرە سۆفیگەرییە نیشان نەداوە.

ئەم ئاستەی سۆفیگەریی بابەتی ئەم لێكۆڵینەوەیەی ئێمە نیە، چونكە كەسی زاهید بەپێچەوانەی كەسی شاعیرەوە، هەموو پرسیارێك لەخۆیدا دەكوژێ، هەموو ئیرادەیەك لەخۆی دەستێنێتەوە‌و، دەبێبەخشێ بەزاتێكی خاوەن ئیرادەی بالاتر.

ب / سۆفیگەری دەروێشایەتی : لەم جۆرە سۆفیگەرییەدا كەسی زاهید، یان دەروێش، هێندە خۆی بێ ئیرادە دێتە بەرچاو، كەبەحەقی خۆی ڕەوانابینێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەزداندا ببەستی، بەڵكو لە ڕێگای نێوەندێكەوە كەشێخ یا ساحێبی تەریقەتە مومارەسەی عیبادەت‌و خواپەرستن دەكا. لەمێژووی ئیسلامدا ئەمجۆرە سۆفیگەرییە پەسەندترین سۆفیگەریی بووە لەلایەن خەلیفەو دەسەلاتی سیاسی‌یەوە، چونكە ڕاكێشانی وەلای شێخی تەریقەت بۆ دەسەلات زامن كردنی وەلای فراوانترین توێژی كۆمەڵایەتی‌یە. عوسمانیەكانیش لەوانەبوون كەلەستراتیژی حوكمدا سەركەوتوانە كەڵكیان وەرگرت لەدابەش كردنی ناوچەی نفوز بەسەر تەریقەتە دەروێشگەرییە جیا جیاكاندا.[١٣]

بێ گومان ئەم جۆرە سۆفیگەریەش بابەتی لێكۆڵینەوەكەی ئێمە نیە.

جـ / سۆفیگەری ئیهتیامی (ڕۆمانسی): ئەم ئاراستەیەی سۆفیگەری بابەتێكی سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیەیە، چونكە زیاتر لەئەندێشەی شاعیرە عارفەكاندا بەرجەستە دەبێ، ئەوانەی كە لەدواپلەكانی تەسامی‌دا دەبنە جەمسەرێك بەرامبەر جەمسەری یەزدانی‌و،دەكەونە عەشقێكی قوڵەوە لەگەڵ یەزدان‌و گەردوون‌ومەخلوقاتەكاندا. ئیتر یەكێتی ئەنتۆلۆژی نێوان یەزدان‌و بوونەوەرەكان دەگاتە ئاستێك، كەكەسی عارف بوونی یەزدان لەنێو بوونی بالادەو ئافرەت‌و درەختەكانیشدا دەبینێ،

هەندێ جار عەشقی یەزدانی دەبێ بەعەشقی مرۆیی‌و، عەشقی مرۆییش دەبێ بەعەشقی یەزدانی.

عارف هەروەکو شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی ئەم عەشقە، پەنا بۆ هێماو وێنە زەینی‌یە چڕەکانی خەیاڵدان‌و، ڕستەو عیبارەتە تەم‌و مژاوییەکان دەبا، کە هەندێ جار دەیگەیەنێتە ئاستی درکاندنی شەتەح.(١٤)

پەیڕەوانی گوتاری ڕۆشنبیری باڵادەستی ئیسلام، هێڵێکی ڕاست‌و چەپیان بەسەر سۆفیگەری ئیهتیامی ڕۆمانسیدا هێناوەو، سۆفی شەتەح درکێنیشیان بەلادەر لەقەڵەم داوە، هەندێ جاریش تەکفیریان کردوون.

بەڵام شاعیر ئەو کائینە ڕاڕاو پرسیارکەرەی کەوێنەی یەکەمی لەکەلتوری ئیسلامدا لە هەیئەتی جادووگەرێکی لەخشتەبەردا بەرجەستە بووە..هەرزوو پەنای برد بۆ سۆفیگەریی ئیهتیامی‌و، ئەندێشەو زمانی هێما ئامێزی عارفی کردە کەرەستەیەکی داهێنانی شیعری...تا لەلایەکەوە خۆی لەنەفرەتی ئەو وێناکردنەی پێشو نەجاتدا، لەلایەکی تریشەوە خۆی لەتەوق‌و بازنەی ئەو یاسا شەرعی‌و بەلاغی‌و عەروزی‌و فەساحی‌یانە دەرباز بکات، کەدیکتاتۆرییەتی زمانی عەرەبی‌و، باڵادەستی گوتاری بەیانگەری سەپاندبووی.

د / سۆفیگەری فەلسەفی : لەنێوان ئەندێشەی عارفە گەورەکان‌و فەیلەسوفەکاندا وێك چوونێکی زۆر هەیە، چونکە عارف‌و فەیلەسوف ئەو دوو مرۆڤەن کەدەگەنە ئاستی تەسامی‌و، لەئاستێکی باڵاتر‌ەوە بەرامبەر ڕەهەندە ئەنتۆلۆژیەکانی گەردوون‌و ئینسان تێدەفکرێن.

بۆیە سۆفیگەری فەلسەفی بابەتێکی تری ئەم باسەیە، چونکە عیرفان‌و فەلسەفەو شیعر ئەو ئەڵقەیە پێك دێنن کە ئیبن عەرەبی‌و، حافزو، نیفەری‌و، مسکەویەو، سپینۆزاو، کریشنا مۆرتی‌و، مەولاناو، مەحوی‌و، گۆتەو، کازانزاکی...پێکەوە کۆدەکاتەوە‌و، دەیانگەیەنێتە ئاستێك لەتەسامی، کە ئینتمایان زیاتر بۆ یەکێتی ئەنتۆلۆژی گەردوون هەیە، نەك مەزهەب‌و کیشوەرو نەتەوە جیاجیاکان.

بەشی یەکەم

ئاستەکانی ئەندێشەو تەجەللای زەینی لەنێوان شاعیرو سۆفیدا

ئاستی یەکەم : نیگەرانی‌و پرسیار

مرۆڤ کائینێکی پرسیار کەرو سەرکێشە، ئەنگێزەی یەکەمین گوناهیشی پرسیارکردن‌و سەرکێشی بوو، بەگوێرەی فەلسەفەی شۆبنهاوەر: ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بڕیاری‌دا خاوەن ئیرادەبێت. چرکەساتی گوناهە دەستی پێکرد، هەموو تەقەللایەکیش بۆ پابوونەوە..مەیلێکی غەریزییە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژە خۆشنودو ئارامانەی کە مرۆڤ کائینێکی بێ ئیرادەو، ملکەچی جەبریەتی سروشت بوو.(١٥) لەم نێوەندەدا شاعیر گوناهبارێکی گەورەیە، چونکە نەك هەر هەوڵی پابوونەوە نادات، بەڵکو هەوڵ دەدات پرسیارەکانی نێو خەیاڵدانی لەوێنەی زەینییەوە تەرجەمە بکات بۆ زمان؛ بەمانایەکی تر دەخوازێ زمان ڕام کات‌و، مەخلوقێکی لێ دروست بکات کەیەك پارچە سەرکێشی‌و پرسیارە، ئەویش شیعرە.

بەڵام سۆفی هەوڵ دەدا تەکفیری گوناهەکانی بەجۆرێکی دیکە بکات، دەخوازێ بیسەلمێنێ کەئەو بێبەرییە لە یەکەمین گوناهو، قەدەر ناچاری کردووە لەسولاڵەی ئەو کائینە یاخی‌و گوناهبارە بێت کەناوی ئینسانە. خەون بەو ڕۆژەوە دەبینێ کە پەردەی ڕەشی گوناهەکانی لەسەر هەڵدەگیرێ‌و، یەکەمین نووری یەزدانی لەدەروونیدا تەجەللا دەکا. سۆفی بۆ هێنانەدی ئەو ڕۆژە دەکەوێتە عەشقێکی قوڵەوە لەگەڵ یەزداندا، هەوڵ دەدا بۆ مەعشوقەکەی بسەلمێنێ کەعەشقی ئەو ئەوێنێکی بێ گەردو بێ ڕیایە، نە لەترسی سزاو، نەبۆ فیردەوسیشە..(١٦) تەنها چاوەڕێی یەك شت لە مەعشوقەکەی دەکا کەببێتە جەمسەرێکی ئەو عەشقە.

لەدیدی تیۆلۆجی زۆربەی ئاینەکانەوە..هەوڵدان بۆ ڕام کردنی وشە–زمان، کەکردەیەکی شاعیرانەیە‌و؛ هەوڵدان بۆ چنگ کەوتنی نوور، کەئەندێشەیەکی عارفانەیە.. دوو سەرکێشی گەورە‌و، باعیسی کەوتنەوەی دوو نەفرەتی یەزدانین. چونکە وشە / زمان کەرەستەیەکی خاوی دەستی مرۆڤ نیە تا بەویستی خۆی گەمەی پێبکاو ڕامی بکا، بەڵکو مەخلوقێکە لەپێش ئەفراندنی مرۆڤەوە لەبوندابووە؛

لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە کە خواوەند وشەکانی فێری ئادەم کرد؛[17] لە ئینجیلی یۆحەنناشدا هاتووە کە یەکەمین مەخلوق وشە بوو، یەکەمین وشەش: یەزدان بوو.[18]

چنگ کەوتنی نووری یەزدانیش بەئەندێشە عارفانەکەی..لەڕامکردنی وشە دەچێ؛ چونکە هەردووکیان نمایش کردنی ئیرادەیەکی مرۆیین بەرامبەر ئیرادەیەکی بالاتر. ئەفلۆتین و پەیڕەوانی پلاتۆیزمی نوێ دەربارەی چەمکی یەکەم (پژانی پوورناکی لەگەردووندا) تیۆرێکیان داڕشت، کەدواتر لەسەردەمی تەرجەمەو تەدویندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەلسەفەو زانستی کەلامی ئیسلامی بەجێهێشت. بەگوێرەی ئەو تیۆرە؛یەکەمین بوون لەهەڵقوڵانی نوری زاتی یەزدانییەوە دەستی پێکرد، هیچ ئیرادەیەکی پێشوەختیش لەو کردەیەدا ڕۆڵی نەبینیوە، چونکە ئیرادەی پێش وەخت پێچەوانەی وەحدانیەتی یەزدانە.[19] بەڵام لەفەلسەفەی ئیسلامیدا، بەتایبەتی فەلسەفەی کیندی، هەموو هەڵقوڵانێکی نوور ئیرادەی یەزدانی لەپشتەو، تا ئەوئیرادەیە پایەدار نەبێت تەجەللای نوور مەحاڵە. لێرەوە کەسی سۆفی هەوڵدەدا لەگەڵ ڕەهادا وێک بێتەوەو، ئەو نوورە یەزدانییەی چنگ کەوێ؛ واتە دەخوازێ لەڕێی ئیرادەیەکی مرۆییەوە کردەیەکی یەزدانی ئەنجام بدرێ، کەزیاتر لە سەرکێشیەکەی (برۆمیسیۆس)[20] دەچێ.

گەڕان بەدوای نووردا..سۆفیگەری لەڕێبازێک یان مەزهەبێکی ئاینییەوە دەکا بەئەندێشەیەکی ڕۆحانی موتوربەکراو بەخەیاڵو ئەزمونی تاکەکەس. زۆربەی ئەوانەی پێناسەی سۆفیگەرییان کردووە لەخاڵێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە ئەویش بڕوابوونی سۆفیەکانە بەنوقستان بوونی گەردوون و، هەوڵ دان بۆ گەڕاندنەوەی یەکەمین کەماڵو، پڕکردنەوەی کەلێنەکان.[21] بۆیە ئاین پەروەری لای عارفو فەیلەسوفە ڕۆحانییەکان لەخواپەرستیو بەجێهێنانی ڕێو ڕەسمی ئایینیو مەزهەبیدا گیر ناخوا، بەڵکو بریتییە لەناسک بوونەوەو تەنک بوونەوە بەرامبەر واقعو جیهانو کەسانی تر. بەبڕوای کریشنا مۆرتی: گەردەتەوێ خاوەن ئیمانێکی ڕۆحی پتەوبێت، دەبێ بەتەواوی بوونتەوە، بەجەستەو زەینتەوە..ئاگات لەڕۆو خۆشەویستی..جوانیو ناشرینیەکانی دەوروبەرت بێت، بگەیتە دوا ئاستەکانی ناسک بوونەوە..چونکە لەو کاتانەدا لەناشرینیدا جوانیو، لەڕۆدا عەشق دەبینی.[22]

ئەم ناسک بوونەوەیە..جۆرێک لەڕۆحی گۆشەگیریو، نەیاربوون، لای سۆفی دروست دەکا..کەزۆر لەنیگەرانیو ڕۆحی ڕاڕای شاعیر دەچێ. سۆفی ئەندێشەمەند پێی وایە ڕێو ڕەسمە کۆمەڵایەتیو مەزهەبیەکان ڕێگرن لەبەردەم غایەتێکی یەزدانیدا کەئازادبوونی مرۆڤەکانەو، گەیشتنیانە بەدواپلەکانی کەماڵو تەسامی. ئیبن عەرەبی بڕوای وایە مل کەچ بوون بۆ حەق هەموو ئاینو مەزهەبەکان، هەموو ئیماندارو بێ ئیمانەکان دەخاتە یەک ئاستەوە، ئەو کاتەی حەق پایەدار دەبێ ئیتر هیچ ئاینێک ناتوانێ خۆی بسەپێنیو، هیچ کەسیش مافی پاوان کردنی حەقیقەتی نامێنی، ئیتر جەنگو ململانێکان کۆتاییان دێت.[23] لەڕاڤەکردنێکی رادیکاڵانەی فەلسەفەی سۆفیگەریی ئیسلامیدا..ئازادبوونی مرۆڤ لەئیرادەو دەسەڵاتی مرۆڤەکانی تر، مەرجێکە بۆ ئازاد بوون لە دەسەڵاتی یەزدان، بەستامی و شیبلیو حەللاج..دیارترین پێشەنگانی ئەم ئاڕاستە ڕادیکاڵەی سۆفیگەریی کەلتووری ئیسلامین.[24]

چەپاندنو داغانکردنی ئاڕاستە رادیکاڵەکانی سۆفیگەری ئیسلام لەلایەن خەلیفەو دەسەڵاتی سیاسییەوە..تەنها لەبالادەستیی گوتاری موتەکەللیمو فەقیهەکانەوە سەرچاوەی نەگرتبوو؛ بەڵکو لەیەکێک لەئاستەکانیدا پەیوەندی بەڕۆحی نەیاربوونو یاخی بوونەوە هەبوو کە جەمسەرەکانی سۆفیگەری لەنێو عەوامی خەڵکدا بڵاویان دەکردەوە؛[25] بەڵام ترازیدیای لەخاچ دانی حەللاج، ئەو ڕەوتی یاخیبوونەی چەپاند.

لەخاکێکدا کەخەونی گەیشتن بەتەسامیو کیبریاء لەبارەچی، لەفەزایەکدا کەڕووناکی بەرجەستە نابێو، وێنە زەینیەکان نابریسکێنەوە..ئیتر شاعیری عارف دەکەوێتە خولیای سەفەرو گەڕان بەدوای خاکێکدا خەونی تیا سەوز بێت؛ بەمانایەکی تر ئەو کاتەی خەونە بچوکو تەقەللا کۆمەڵایەتیەکانی شاعیری عارف نوشست دێنێت...ئیتر ورد بوونەوە بەرامبەر ڕەهەندە ئەنتۆلۆژییەکانی گەردون لەخەیاڵدا لەدایک دەبێ:

وەرە باگوڵ ببەخشینەوەو، مەی بکەینە نێو پێکەکانەوە
وەرە با سەقفی گەردون شەق کەینو، لەجێی ئەو قوببەیەکی تازە هەڵچنین
تۆش ئەی بادی سەبا..گەردو تۆزی جەستەم بپێچەوەو
بمبە بۆ شوێنێکی بەرز
تا ڕوخساری شای جوانەکان لە مەلەکوتی بەرزیەوە ببینم.

-حافیزی شیرازی- [٢٦]

ئاستی دووەم: دوالیزمی ڕۆح / جەستە

سۆفیەکان..ڕزگار کەرانی یەزدان، دەقێکی شیعریی موتوربەکراو بە شەتەحو فیکری (نیکۆس کازانزاکی)یە. دەقێکە بۆ عەشقی ژیانو ڕووناکی. پێشکەش کراوە بەیەزدان، چونکە زاتی ئیلاهی ئەو کاتە ئیشراق دەکا کە مرۆڤ عەودالی ژیانو ڕوناکییە. بەڵام کاتێ ڕووناکی ڕەش دادەگەڕێو، ژیان کاڵ دەبێتەوە، ئیتر خانە گومانیو درکاندنی شەتەح دەست پێ دەکا. کازانزاکی بەنیگەرانییەکی قوڵەوە دەڵێ: ((تامەزرۆی تەنها شتێکم؛ تامەزرۆم بزانم لەو دیو شتەکانەوە چی هەیە، لەو نهێنییەیە بگەم کەمن دێنێتە ژیانەوە دوایی دەمکوژێ؛ داخۆ لەپشت شەپۆلی شتە بینراوەکانەوە..چ ئامادەییەکی نەبینراو هەیە؟!.[٢٧]))

دۆش دامانو، بێ دەسەڵاتی لەکەشف کردنی ئەو نهێنییەی لەپشتی بوونەوەیە ..قوڵترین پرسیاری لای شاعیرو سۆفی بەرامبەر گەردوون هەژاندووە. بەگوێرەی توێژینەوە ئارکۆلۆجییەکانی هونەر : هەوڵە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆسەماکردن، چڕینی گۆرانی، وتنی شیعرو، وێنەکێشانی سەرپێستو، سەر دیواری ئەشکەوتەکان..لەپێناو وێك هاتنەوەدا بووە لەگەڵ ڕیتمی گەردوونیدا،[٢٨] هەوڵێك بووە لەناڕاگایییەوە..لەپێناو ڕازی کردنی ئەو سڕپە نەبینراوەی پشتی گەردوون. بۆیە کۆنترین شاعیرو موسیقاژەنەکانی میزوپۆتامیاو، کاهنە فیرعەونیەکان بڕوایان وابووە لەکاتی ژەنینی مۆسیقادا خواوەندەکان مەست دەبن، کە گوێ بیستی شیعریش دەبن، ئارام دەبنەوە[٢٩]..ئیتر کەشی ئایینیو ڕۆحانی لەپێناو ڕازی کردنی یەزداندا بوو، بۆ ئەوە بوو ڕۆح لەجەستە نەترازێو، ژیان.. سەماو مۆسیقا ژەنینو لاوێتییەکی تاهەتایی بێت.

بەڵام ئەو پەیمانە یۆتۆپییە درێژەی نەکێشا؛ چونکە ئەزموونەکان دەریانخست کە خواوەند بەشێوەیەکی کاتی ڕۆح دەبەخشێ بەمرۆڤو، پاشان وەریدەگرێتەوە. لەوێوە سۆفیگەری دابەش بوو بەسەر دوو ئاراستەی جیاوازدا؛ یەکەمیان : قبوڵ کردنی ئەو سزا یەزدانییەو، پاڕانەوە لەپێناو بەخشینەوەی ڕۆح بەمرۆڤ لەژیانو دنیایەکی تردا، دووەمیان : نیگەرانیو لەق بوونی متمانە بەبەخشینەوەی ڕۆح بەجەستە. هەموو شاعیرە یاخیو سۆفیگەرە شەتەح درکێنەکان لەم خاڵەدا لەیەکدی دەچن، با ئەم سێ دەقەی کازانزاکیو، خەییام، مەعەڕیی بخوێنینەوە.

نیکۆس کازانزاکی:

((لەتاریکیەوە دێینو، دەگەڕێینەوە بۆ تاریکی، ئەو ڕوناکییەی لەنێوان ئەو دوو تاریکی یەدا هەیە..ناو دەنێین: ژیان.

لەو چرکەیەوە لەدایك دەبین، گەشتی گەڕانەوە دەست پێ دەکا...ڕۆشتنو گەڕانەوە لەیەك چرکەدا)).[٣٠]

خەییام :

((لەسەر فەرشی خاك خەوتووەکان دەبینم،
لەژێر فەرشی خاك.. شاراوەکان دەبینم
زۆرکەسم بینی بەرەو بیابانەکانی عەدەم کەوتنە ڕێ
بەڵام کەس نەبوو بگەڕێتەوە)).[٣١]

(ئەبوعەلای مەعەڕیی)ش ژیان بەگەشتی نێوان دوو عەدەم دەچوێنێ :

((ڕۆژگار تێکمان دەشکێنێتو ئیتر دەچینەوە بۆ فەنا
هەروەك ئەو شوشەیەی دوای شکانو هەپرون بەهەپرون بوونی
ئیتر نابێتەوە بەشوشەکەو، پارچەکانی نایەنەوە یەك)).[٣٢]

کەمتمانە لەق دەبێو، ڕووناکی ڕەش دادەگەڕێ..سۆفی ناچارە بچێتەوە خەڵوەت..بگەڕێتەوە بەر قاپی مەلەکوتی یەزدان، بپارێتەوە کە یەکەمین گوناهی ببەخشێو، بەئاگری

کەسێ نەسوتێ کەغەزەبی یەزدانی جولّانو، بووە باعیسی خولقاندنی بەهەشتو دۆزەخ.

خانمە شاعیری سۆفی عەرەب (رابیعەی عەدەوی) بێ ڕیایی خۆی ئیعلان دەکاو، لەموناجاتێکی بەرقاپی مەلەکوتدا دەلّێ:

((خودایە گەر لەترسی ئاگر دەتپەرستم .. ئەوەتام بمسوتێنە

گەر لە پێناوی بەهەشتیشدا دەتپەرستم.. بەبەهەشتم شادمەکە

ئەوینی من تەنها بۆ تۆیە. دەسا لەجوانی سەرمەدی خۆت بێ بەشم مەکە))[٣٣]

خەون بینین بە سەرمەدیەتەوە..خەون بینینە بە گەڕانەوەی تەسامی بۆ ئینسان، بۆ کۆتایی هێنان بەدوالیزمی پاداشت / سزا..کەپێوەرە ڕاستەقینەکانی خۆشەویستی لەبەین دەبا، شبلی دەلّێ:

((خودایە ! ئاگرو فیردەوس لەتاریکیەکانی غەیبدابشارەوە..تا پەرستن تەنها بۆ تۆ بێ، نەک بۆ شتێکی تر)).[٣٤]

هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانو، تەیارکردنی خەیاڵ بە ئیرادەیەکی ڕۆحیی بۆ گەیشتن بەکەمالّی سەرمەدی..ڕێگەیەک لەبەردەم ئەندێشەمەندا ناهێڵێتەوە جگە لە نامۆ بوونو دوور کەوتنەوە نەبێ لەجیهان؛چونکە جیهان ژینگەی جەستەو، تەسامیش ژینگەی ڕۆحە؛ تێرکردنی جەستە لاوازکردنی ڕۆحو، بەرز ڕاگرتنی ڕۆحیش سنوردانانە بۆ جەستە؛[٣٥] بەڵام ململانێی نێوان ڕۆحو جەستە ململانێیەکی بەردەوامە. بۆیە دوالیزمی ڕۆح / جەستە ڕووبەڕێکی فراوانی شیعری سۆفیگەریی یە.

کاتێ ڕۆح لەکۆیلایەتی جەستە ڕزگاری دەبێو، دەچێتەوە جیهانی ڕەهای ڕوناکی..تەنەدژەکان یەکانگیر دەبنو پێکەوە سرودێکی ئەزەلی نەمر دەچڕن. ئەو جیهانە تەنها جیهانێکی یۆتۆپی عارفەکان نیە، بەڵکو خەونی ئەندێشەمەندو زانا گەردوونیەکانیشە هەر لە پلاتۆوە، تا بیکۆن؛ هەر لە فارابیەوە تا ئەنیشتاین.[٣٦]

سپینۆزا..لە بابەتی ڕۆحو جەستەدا بۆچونێکی لۆژیکی هەیەو، لەڕاڤەکردنی لاهوتیانە دەربازی کردووە. بەڵام لەئاماژەیەکدا دەلّێ: دەکرێ تەماشای مرۆڤ تەنها وەک جەستە، یاتەنها وەک ڕۆحێک-- وێنەیەکی زەینی بکەین.[٣٧] ئەو خەون بەجیهانێکەوە دەبینێ زیاتر لەجیهانی عارفەکان دەچێ..ناوی دەنێ(خۆشنوودی ڕاستەقینە)، ئومێد دەخوازێ ئەو جیهانە بەکۆمەکی ئەندێشەو فەلسەفە وەدی بێت. ئۆ.تی.ستیس لەکتێبی (عیرفانو فەلسەفەدا) دەلّێ: (تێۆری خۆشنوودی ڕاستەقینە) تێۆرێکی فەلسەفی عەقڵانییە، بەڵام ئەنگێزەیەکی عیرفانیی لەپشتەوەیە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێۆرە (ستیس) پێش بینی ئەوە دەکا: کەدوور نییە ئینسانی کامڵ، یا ئینسانی ئایندە ئینسانێکی عارف بێت؛ بەڵام لەئێستادا عارفەکان هێندە کەم و تاک و تەران، تەنانەت کەمینەیەکی بچوکیش پێك ناهێنن.[٣٨]

بەڵام ئایا ئەم پرسیارە گەورەیەی شاعیری سۆفی، کەسەرچاوەکەی دوالیزمی (ڕۆح / جەستە)یە..ئەم گەڕانە بێهودەیە بەدوای خۆشنودی ڕاستەقینەدا بەچی دەگا؟!

ئەگەر بازنەی سۆفیگەری بەرتەسك ببێتەوە بۆ بازنەی زوهدو، شیعری سۆفیگەری ببێتە شیعری ئاینی..ئیدی پرسیارەکان کۆتاییان دێتو، قەدەری یەزدانی دەبێتە دوا وێستگەی چاوەڕوانی. بەڵام عارفی ئیهتیامی بەتایبەتی گەر شاعیر بێت واز لەسەرکێشی گەڕان بەشوێن فیردەوسی پێش وەختدا ناهێنی...ئەویش بەسێ شێواز کۆتایی دێت: یەکەمیان؛ درکاندنی شەتەحو، تەرجەمەکردنی پرسیارەکان لەوێنەی زەینییەوە بۆ ڕستەو عیبارەت. دووەم: ئاشتکردنەوەی ڕۆح لەگەڵ جەستەدا وەک لەزۆربای کازانزاکیدا بەرجەستە دەبی.[٣٩] سێیەم ئاشتکردنەوەی ڕوناکی لەگەڵ تاریکیو، ژیان لەگەڵ مەرگدا، وەک لای کریشنا مۆرتی فەیلەسوفو، سوهرابی سپەهری شاعیر بەدی دەکرێ.[٤٠] سوهراب دەلّێ:

((مەرگ هەندێ جار ڕێحانە دەچنێتەوە

مەرگ هەندێ جار ڤۆدکا دەخواتەوە

هەندێ جاریش، لەسێبەردا دادەنیشێو لێمان

وورد دەبێتەوە

هەموومان دەزانین:

سیبەکانی لەزەت پڕن لەئۆکسجینی مەرگ)).[٤١]

یەکێك لە خاڵە سەرەکیەکانی فەلسەفەی "کریشنا مۆرتی" چەمکی (ناسین)ە، ئەو بڕوای وایە

تێگەیشتنی شتەکان پێویستی بەناسینی وردی گەوهەری شتەکان هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەرگ تەنها وێنەیەکی زەینییەو، گەوهەرێکی دیاری کراوی نیە، دەبێ لەگەوهەری ئەو شتە بگەین مانا بەمەرگ دەبەخشێ..کە ژیانە.[٤٢] چونکە لەنێوان ژیانو مەرگدا پەیوەندییەکی دیالیکتیکی ئەوتۆ هەیە، کە هیچ کامیان بێ ئەوی تر..هەڵگری چەمکو گەوهەرو مانای تایبەتی خۆی نیە.

ئاستی سێیەم : هارمۆنیکای زەینی

شیعرو سۆفیگەری..تەنها لەڕووی ئەندێشەو پرسیارەوە لەیەکدی ناچن؛ بەڵکو لەڕووی تەکنیکو وەزیفەشەوە لەهەندێ رووەوە لەیەکدی دەچن. هەردوکیان ئەزموونێکی مرۆیین..هەردووکیان خەون بینینە بەکەشف کردنی رووبەرە شاراوەو پەنهانەکانەوە. هەردووکیان بەخشینەوەی بەهایە بەشتە بێبەهاو لەیادکراوەکان. سیمبول ئامرازی هەردووکیانە بۆ هێنانە قسەی ئەو مەخلوقە شەرمنو بێ دەنگانەی کە هەرگیز بەزمانی ئاخاوتن نایەنە قسە. پێکەوە گونجانی هارمۆنیکای ئاستەکانی وێنەو ڕیتمو هێما..بنیاتی هونەری دەقی شیعر پێک دێنی؛ یەکبونی هارمۆنیکاڵی گەردو ڕوناکیو (ڕەها)ش..دیمەنە زەینییەکانی خەیاڵدانی سۆفیە. لەهەندێ دەقی شیعریی زیندودا.. پێکهاتەی وێنە زەینییەکان دەگاتە ئاستێکی بەرزی پێکەوە گونجانو، پەیوەندی هارمۆنیکاڵیو، بریسکانەوە..گوێگر یاخوێنەر وا هەست دەکا لەبەردەم دیمەنێکی شانۆیی پڕ لەڕەنگو سێبەرو جوڵەی قارەمانی ئەفسونیدایە. تێکەڵ بونی ریتمو ئاستی بیسراوی شیعر لەگەڵ وێنە زەینییەکانو ئاستە سیمانتیکیەکاندا ..تا ڕادەیەکی زۆر لەپێکەوە گونجانی ڕەگەزەکانی میلۆدیاو هارمۆنیو ریتمی مۆسیقا دەچێ؛ هەر بۆیە بەبڕوای ئەندێشەمەندێکی وەک سارتەر شیعر لەجنسەکانی تری نوسین ناچێ، ئەو دەڵێ: ((دروستە..شاعیرو پەخشان نوس هەردوکیان دەنووسن؛ بەڵام لەنێوان شیعر نوسو پەخشان نوسدا..هیچ خاڵێکی هاوبەش نیە، جگە لە جوولەی دەستو پەنجەکانیان کاتێ پیتو وشەکان دەنەخشێنێ. دنیای شاعیر جیاوازە لەدنیای پەخشان نوس، چونکە ئەوەی بەلای ئەمەوە ڕاستە بەلای ئەوەوە پێچەوانەیە)).[٤٣]

شیعر باوەڕی بەپەیوەندیی سەبەبیو لۆژیکیی نێوان وشەو ڕستەکان نیە؛ چونکە وتووێژ لەگەڵ عەقڵدا ناکات، بەڵکو ختوکەی شوێنێکی بلورین دەدات کە لەعەقڵ ناسکترە، ئەو شوێنە بەزمانی تازە: خەیاڵدان یا نائاگایی پێ دەڵێن، بەڵام لەزمانی سۆفیگەریدا چاوی دڵ یاچاوی یەقینی پی دەڵێن. نالۆژیکی شیعر پاساوێکی لۆژیکی هەیە، چونکە ئەو زیاتر لەمۆسیقا دەچی، ئەرکی مۆسیقاژەنیش بەرگریکردن یا سەلماندنی شتێك نییە، هیچ خەمێکی نیە گەر گوێگر بڕوای پێبکا یان نا.[٤٤] بۆیە شاعیرو مۆسیقا ژەنو سۆفی لەنالۆژیکی بوونیاندا، جوانترو، لەیەکدی دەچن. تەفسیرێکی لۆژیکی تر بۆنالۆژیکی ئەم سێ مرۆڤە، هەرسێکیان شەیدای خەلق کردنی هارمۆنیکای زەینین..نەك عەقڵی. بەڵام ئایا مەرجە تەکنیکیەکانی ئەم کردەی خەلق کردنە چیە؟

هارمۆنیکای زەینی پەیوەندی دیالیکتیکیی نێوان وێنەو ئاماژە زەینیەکانە، هەر وێنەیەك وابەستەی وێنەیەکی زەینی ترە. بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان پێکهاتەکانی هارمۆنیکای زەینیدا پایەداربێت، دەبێ ڕەگەزەکانی (زەمەن، دووبارە بوونەوە، بەدوایەکدا هاتنو، دژبوون) لەبنیاتی ئەو پێکهاتانەدا هەبێ، چونکە:

—نۆر جار بنیاتی زەینی شیعر، هەروەکو بنیاتی ڕیتمی مۆسیقا مل کەچی یاساکانی کاتە.[٤٥]

—بەرجەستەبوونی وێنە پشت ئەستوورە بە هەردوو ڕەگەزی دووبارە بوونەوەو، بەدوایەکدا هاتن..کەدوو ڕەگەزی گەردوونینو، لەدیاردە سروشتیەکاندا بەڕوونی بەرچاو دەکەون.

—پەیوەندی نێوان تەنە دژو، ڕەنگە دژو، چەمکە دژەکان گەوهەری هەموو وێنەیەکی زەینیو واقعییە. ڕەگەزی خوازە (استعارە)ش لە ڕێگای دۆزینەوەی پەیوەندیی نوێی نێوان دژە وێنەو دوالیزمەکانەوە دەخوڵقێ.[٤٦]

هارمۆنیکای وێنە شیعریەکانو، تەجەللیاتی زەینی سۆفی..لەم ئاستانەدا لەیەکدی دەچن :

أ /ڕووبەری ڕەنگەکان : سۆفی بڕوای وایە کە جیهان نوقمی ڕەشاییو تاریکییە، دەبێ بەرەو پەناگا پەنهانەکانی خودی بچێت تا پەردەی لەسەر هەڵگیرێتو، نووری یەزدان تەجەللا بکا؛[٤٧] واتە لەئامادەییەکی بەردەوامدایە لەنێوان دوالیزمی ڕەش

/ سپی. لەشیعریشدا یاسای ڕەنگ بەشێکە لەیاسای ئاماژە، ململانێی نێوان ڕەش‌و سپیش سەرەتای هەموو گەمەیەکی ڕەنگیی‌یە.[٤٨] تاکو زیاتر دژە ڕەنگەکان تێکەڵ یەکدی بین، پانتایی وێنە زەینی‌یەکان فراوانتر دەبێ.

بەنووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چی‌بکەم؟!

بەشەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم چی بکەم؟!

—مەحوی—[٤٩]

ب / ڕووبەری شوێن —کات : ئەو کاتەی پەردەی زوڵمەت‌و حیجاب لەسەر سۆفی هەڵدەگیرێ، ئیتر کەسی سۆفی ئیعتراف بەلەمپەرەکانی کات‌و شوێن، یاساکانی سروشت، نەریت‌وناموسەکانی گەردوون ناکا؛ئیتر لەچاو تروکانێکا لەشوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی تر، چونکە هەموو شتێك لەزەینی ئەودا ئامادەیی یەکی زەمانی‌و مەکانی‌ی هەیە.[٥٠] کاتێك ئەم گەشتە ئەفسونیانە دەچێتە فەزای شیعرەوە..بنیاتی زەینی شوێن / کات‌و، ڕووبەری وێنەکان بەگشتی فراوانتر دەبێ.

بایەزیدی بەستامی لە شەتەحێکدا دەڵێ:

((بەدەوری کەعبەدا تەوافم دەکرد، لەناکاو بینیم ئەو بەدەوری مندا تەواف دەکا)).[٥١]

ج / ڕووبەری دوالیزمەکان‌و ئاستی سایکۆلۆژی : سەرەڕای ئەم هەموو توانا سروشت بەزێنانەی سۆفی.. ئەو هەروەکو مرۆڤێکی گۆشەگیرو نامۆو نیگەران دەمێنێتەوە. چونکە خۆی لەوێنەی موسافیرێکدا دێتە بەرچاو لەجیهانێکدا کەهی ئەو نیە.[٥٢] ئەو خۆی بەخەڵکی مەملەکەتێکی ئاسمانی دەزانێ کەلێی سەندراوەتەوە، واتە ئاستی سایکۆلۆجی سۆفی بەرجەستەکەری دوالیزمی (ئامادەیی / نائامادەیی)یە، چونکە ئەو تەنها بەجەستە ئامادەی جیهانەو، بەڕۆح نائامادەیە:

عەتتار دەڵێ:

گیرۆدەی دەستی دەردێکم..ڕۆح‌و جەستەی زەوت کردووم

ئاخر من، من نیم ..ئیتر چۆن بڵێم: من هەم

هەموو عالەم پڕە لەمن، کەچی من لەنێوانیاندا تەنها

مەگەر خەزنەی هەموو دنیا، بەنهێنی لەتەك من بێ[٥٣]

ئاستی چوارەم :
عەشقی یەزدانی..عەشقی پاکیزەیی

لەنێوان عەشقی یەزدانی‌و، خواپەرستی‌دا..جیاوازیەکی زۆر هەیە. چونکە لەعەشقی یەزدانیدا عاشق‌و مەعشوق دوو جەمسەری بەرامبەر یەك پێك دێنن، بەڵام لەخواپەرستیدا کەسی عابد گەردێك پێك دێنێ لەجوغزێکی کۆیلایەتی گەردوونی بەدەوری نێوەندێکی سەروەریدا.

جیاوازی نێوان عەشقی یەزدانی و خواپەرستی..لەجیاوازی نێوان خوێندنەوەی دەقێکی شیعری‌و، خوێندنەوەی دەقێکی یاسایی دەچێ!..لەیەکەمیاندا خوێنەر توانای ڕاڤەکردنی ئاماژەو وێنە زەیینیەکانی هەیە، بەڵام لەدووەمیاندا مل کەچی دەسەڵاتی ڕەهای دەقە. بەهەمان شێوە لەعەشقی یەزدانیدا عاشق لایەنێکی هاوکێشەکەیە، بەڵام خواپەرستی هاوکێشە نیە..بەڵکو دواغایەتی هەموو ئەفراندنێکی یەزدانی‌یە.

لەم نێوەندەدا..عەشقی پاکیزەیی نێوان نێرو مێ هەیە، ئەوانەی تەنها لەڕووبەرەکانی خەون‌و زیندە خەوندا هاوکێشەی عەشق تەواو دەکەن‌و، مومارەسەی خۆشەویستی دەکەن. جیاوازی نێوان ئەم عەشقەو عەشقی جەستەیی، لەجیاوازی نێوان عەشقی یەزدانی‌و عەشقی مرۆیی دەچێ!

کەرەستەی سەرەکی پایەداربوونی عەشق..دوالیزمی چێژ/ ئازارە. ئەوانەشی دەبنە جەمسەرێکی عەشقی یەزدانی یان عەشقێکی پاکیزەیی بەئاگادارییەکی زۆرەوە پەیوەندی هاوسەنگی نێوان ئازارو چێژ ڕادەگرن، نەبادا عەشق لەمەملەکەتی ڕۆح‌و تەسامی‌یەوە بخزێتە نێو جەستەو، دابەزێتە سەرخاك. پەیوەندی نێوان چێژو ئازار لەم دوو جۆرە عەشقەدا هەر لەپەیوەندیی نێوان دژە ڕەنگەکان‌و، دژە تەنەکان‌و، ژیان‌و مەرگ‌و، فیردەوس‌و دۆزەخ‌و، هەموو ئەو دوالیزمانە دەچێ کەلەیەکتر ناچن، بەڵام بێ یەکتریش هاوکێشەکان تەواو ناکەن.

کاتێ شەتەحاتی عەشقی یەزدانی سۆفیگەرەکان دەخوێنینەوە.. زۆرجار یەزدان لەوێنەی زەینی کائینێکی زەمینیدا تەجەللا دەکا، لەعیشقی پاکیزەیی داستانەکانیشدا.. نائامادەیی مەعشوق

لەغەیب بوونی زاتێکی یەزدانی دەچێ. بۆیە ڕەنگ بێ جیاکردنەوەی عەشقی یەزدانی لەعەشقی پاکیزەیی لەمیراتی سۆفیگەریو داستانە خۆشەویستییە ئەفسونیەکاندا.. تاڕادەیەکی زۆرکارێکی گران بێ. (ذون النون)ی میسری دەڵێ:

(خودایە ! بەبەرچاوی خەڵکەوە بانگت دەکەم، وەك کەسێك بانگی سەرەوەکەی بکا. بەڵام لەچۆڵەوانیدا بانگت دەکەم وەك کەسێك بانگی خۆشەویستەکەی بکا... لەجەنجاڵیدا پێت دەڵێم:(یا إلهي)، بەڵام کەبەتەنهاین پێت دەڵێم:(یا حبیبي) ..)[٥٤]

عەشقی یەزدانیی خانمە شاعیری سۆفی (ڕابیعەی عەدەوی) دەگاتە ئاستێك حەز بەنزیك بوونەوەی جەستەی مەعشوق دەکا:(خودایە ! شەوەو ئەستێرەکان بەئاسمانەوە دەبریسکێنەوە.. چاوەکان هەموویان نوستن.. پاشاکان دەرگاکانیان کڵۆمدا.. عاشقەکان بەپەنهانی چوونە پاڵ مەعشووقەکانیان.. ئەوەش مەقامی منە لەبەردەستی تۆدا[٥٥])

ئاستەکانی لێکچونی عەشقی یەزدانیو، عەشقی پاکیزەیی ئەمانەن:

–لەهەردوو عەشقدا گەیشتن بەمەعشوق مەحاڵە.

–لەهەردوو عەشقدا مەعشوق تەنها لەوێنەی زەینیەکاندا ئامادەیی هەیە.

–لەهەردووعەشقدا عاشق لەڕەگەزی قوڕو، مەعشوق لەڕەگەزی نوورو تارماییە.

–لەهەردوو عەشقدا عاشق کائینێکی لاوازو ماسۆشییە، چونکە ئەوین لای ئەو تێکەڵێکە لەچێژو ئازارو تەسلیم بوون. هەموو غەزەبو جەبەروتێکیش لەمەعشوق قبوڵ دەکا.

–لەهەردوو عەشقدا پرۆسەیەکی چەپاندن لەئارادایە، سەرچاوەی یەکەمیان هێزێکی غەیبییە کەهەمیشە فەرمان بەکوشتنی ئارەزوەکان دەدا، سەرچاوەی دووەمیشیان کەلتوری کۆمەڵگا کۆنزەرقاتیفو موحافزەکارەکانە.. کەگونجاوترین ژینگەی عەشقی پاکیزەییو، عەشقی یەزدانییە.

ئەوکاتەی عەشقی پاکیزەیی نێوان نێرومێ ئەم خەسڵەتانە لەدەست دەدا، واتە ئەوکاتەی جەستەی عاشقو مەعشوق بەرەك دەکەوێ.. ئیتر ئەوە چرکەساتی دابەزینی لەعنەتە.

ئیتر عەشق لەمەلەکوتەوە دادەبەزێتە سەرزەوی. مەعشوق سیفەتە یەزدانییەکانی لەدەس دەداو، لەجنسی تارماییو نوورەوە دەبێتەوە بەجنسی قوڕ. بۆیە لەکەلتوری سۆفیگەریو، کەلتوری هەموو ئەو کۆمەڵگانەی پرۆسەی چەپاندنی تیا بااڵدەستە.. سێکسو بەریەککەوتنی جەستەیی دەبێتە کردەیەکی شەیتانی، کەبکوژی هەموو عەشقێکی پاکیزەییو، خامۆشکەری هەموو نورێکی یەزدانییە.

ئەگەر گەرمترین پەیوەندی پەیوەندیی جەستەیی بێت؛ ئەوا گەرمترین عەشق عەشقی پاکیزەییە.. جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان پەیوەندیو عەشقدا هەیە، چونکە مەرجی پەیوەندیی ڕەزامەندیی پێشوەختی لایەنەکانە؛ بەڵام ئەوە مەرجی عەشق نیە، عاشق ئازادە لەوەی پەیمانی عەشق بەتەنها لای خۆیەوە ببەستێ.

تاکو جەستەکان لێکدی نزیك تر ببنەوە، ڕووبەرەکانی عەشقی پاکیزەیی تەسکتر دەبێتەوە. تاکو پەیوەندیی جەستەیی بەردەوامتر بێت، عەشقی ئەفسونیی نێو خەیاڵدان کاڵتر دەبێتەوە. ڕەنگە داهێنەرێکی گەورەی وەکو (گۆتە) لەنێوان سەدەی هەژدەو نۆزدەدا سەرەتاکانی دامرکانەوەی عەشقی پاکیزەیی خۆرئاوای لەئاسۆدا بەدی کردبێ، بۆیە کەفو کوڵی عیشقە گەرمو نەمرەکانی خۆرهەاڵت لەناخیدا دەژێتەوە. عەشقە خۆرهەاڵتیەکان کەهەمیشە لەبریسکانەوەدان.. ئەنگێزەیەك بووە(گۆتە)ی شەیدای ئەدەبیاتی خۆرهەاڵت بەگشتیو، شاعرانی فارس بەتایبەتیو، لەناویشیاندا حافزی شیرازی کرد[٥٦]. لەڕۆمانی(ئازارەکانی ڤارتەر)دا عەشقی نێوان ڤارتەرو شارلۆت عەشقێکی پاکیزەییە، بۆیە کەجەستەیان بەریەکدی دەکەوێ، ئیتر عەشق لەپێگە ئاسمانییەکەی دادەبەزێ؛ ڤارتەریش بڕیار دەدا کۆتایی بەژیانی جەستەیی خۆی بێنێ[٥٧].

لەوانەیە گەورەترین نیگەرانی هەر شاعیرێك، هەرنوسەرێکی داهێنەر، لەوێوە سەرچاوە بگرێ.. کەلەیەك کاتدا خەون بەئامێزە سیحرییەکانی ئایندەو، خەون بەهێشتنەوەی گەرمی ئەفسانەکانی ڕابردووشەوە دەبینێ. لەدووسەفەردایە.. بەدوو ئاراستەی جیاوازدا.. یەکێکیان بۆ ئایندە، یەکێکیان بۆ ڕابردوو.. ئەمەش ئەو دژبوونو، دوالیزمە

سەیرەیە، کەسەراتاپای کەسایەتی شاعیرو نوسەرە دامێنەرەکانی لەسەر دادەمەزرێ.

بۆیە رادیکاڵترین شاعیر، نوسەر، ناچارە عارفانەترین ئەخلاقی هەبێت. ناچارە خەونە زاتییەکانی بکاتە قوربانی خەونە گەردوونییەکانی. چونکە ئەو لەپەیوەندییەکی نەپچڕاوو بەردەوامدایە لەگەڵ بەرامبەر وەرگر/ خوێنەردا؛ ئیتر لەزەتی ئەو – وەك رۆڵان بارت ئاماژەی بۆ دەکا– لەلەزەتی بەرامبەر/ خوێنەرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو دەبێ بچێتە عەشقەوە لەگەڵ بەرامبەرێکدا کەنایبینێو، ناناسێ[٥٨]. بەرامبەرێك تەنها لەوێنەی زەینیدا بوونی هەیە، تەواو وەك وێنەی مەعشوقی پاکیزەیی.

ئاستی پێنجەم:
یەکبوونی ئەنتۆلۆژی (بەگەردوونی بوون)

سەرەکیترین ئەندێشەی سۆفیگەری، کەخاڵی هاوبەشی نێوان زۆربەی فەیلەسوفە مۆرالیو رۆحانییەکانە؛ بڕوابوونە بەئینتمای دروستکەرو دروستکراو، بۆیەکەیەکی ئەنتۆلۆژی. ئەو ئینتما هاوبەشە دەخوازێ کەهیچ لەمپەرێك لەنێوان یەزدانو گەردوون لەلایەکو، یەزدانو مرۆڤ لەلایەکیترەوە نەمێنێ.

لەکەلتوری سۆفیگەری ئیسلامیدا.. ئیبن عەرەبی دیارترین فەیلەسوفو داڕێژەری مەزهەبی یەکبونی ئەنتۆلۆژی (وحدة الوجود)ە. ئەو دژی ئەو ئاراستە فیکرییە بوو کەزیاد لەحەقیقەتێکی ئەنتۆلۆژی دەبینێو، حەقیقەتی یەزدان بەجیا لەحەقیقەتی گەردوون تەماشا دەکا. یەزدانو گەردوون لای ئیبن عەرەبی دوو ڕووی یەك حەقیقەتن کەحەقیقەتی بوونە. مەخلوقاتەکانی گەردوونیش جگە لەتەجەللای وێنەی یەزدان، بەرجەستەبوونی ناوە پیرۆزەکانی ئەو هیچیترنین. غایەتی خەلقو ئەفراندن– وەك ئیبن عەرەبی دەڵێ– یەك شتبوو: یەزدان ویستی زاتی خۆی ببینێ، گەردوونی دروست کرد، گەردونیش بووە ئەوئاوێنەیەی کەخۆی تیابینی[٥٩]. حەدیسێکی قودسی هەیە، کەئیبن عەرەبی لەزۆرشوێندا ئاماژەی پێدەدا، حەدیسەکە لەزاری یەزدانەوە دەگێڕێتەوە: (خەزنەیەکی پەنهان بووم، ویستم بمناسن. مەخلوقاتم دروست کرد، ئیتر لەڕێگای ئەوانەوە ناسرام[٦٠]).

لەقوڵبوونەوەیەکی فەلسەفیدا.. ئیبن عەرەبی ئاشکرای دەکا کە ئاستەمە گەردوون لەعەدەمەوە دروست بوو بێت، بەڵکو تەجەللیاتی جۆراوجۆری نووری یەزدانی کەرەستەی خاوی گەردوون بوو. مەزهەبی (وحدة الوجود)ملمانێیەکی سەختی لەنێوان ئەندێشەمەندە مۆرالیو رۆحانییەکانی ئیسلام لەلایەکو فەقیهو موتەکەللیمو موشەرریعەکاندا لەلایەکیترەوە بەرپاکرد. ئەوان– فەقیهو موتەکەللیمەکان–لەچەمکی (سەیروەری ئەنتۆلۆجی ئەزەلییەزدان)[٦١] خانە گومان بوون، پێیان قبوڵنەدەکرا جیاوازی نێوان ئایینو ڕەنگو کیشوەرو مرۆڤو ئەندێشە جیاجیاکان غایەتێکی یەزدانی لەپشتەوە بێت؛ چونکە ئاین لای ئەوان یەك ئاینەو، کتێبی پیرۆزیش یەك کتێبەو، یەك کەسیش نوێنەرایەتی ئلوهیەتی یەزدان لەسەر زەوی دەکا کەئەویش خەلیفەیە. بەڵام بەپێی مەزهەبەکەی ئیبن عەرەبی: جیاوازیەکان رەنگدانەوەی سیفەتو ناوە پیرۆزە جیاجیاکانی یەزدانن. تاجیاوازی پایەداربێت غایەتی خەلقو ئەفراندنیش پایەدارتر دەبێ.. بەبڕوای ئەو یەزدان تەنها وەکو جەوهەر تاك و تەنهایە، دەنا وەکو وێنەی زەینی بەجیاوازی مرۆڤەکان دەگۆڕێ... ملیۆنەها وێنەی زەینی یەزدان لەخەیاڵدانی ملیۆنەها مرۆڤی خاوەن ئیماندارداهەیە[٦٢].

دواجار بەبڕوای ئیبن عەرەبی جیاوازبوون یەکبونی ئەنتۆلۆژی بوونەوەرەکان دەستەبەردەکا. چونکە هەموو مرۆڤەکان یەك یاساو یەك ئینتما کۆیان دەکاتەوە، کە یاسای بوونو، ئینتمایە بۆ بوون. دوای خڕبوونەوەی دەستە جەمعیی بوونەوەرەکانیش لەیەکەیەکی ئەنتۆلۆژیدا، ئیتر مرۆڤی کاملّ دروست دەبێ، ئەو مرۆڤەی کەگەردوونیە، واتە ئینتمای بۆ گەردوون هەیە نەك بۆ مەزهەبو ئایدیاو هەرێمو کیشوەرە جیاجیاکان. ئەو مرۆڤە خەلیفەیی ڕاستەقینەی یەزدانە لەسەر زەوی[٦٣].

سپینوزا، ئەوفەیلەسوفەیکەلەبەشێکی ئەندێشە مۆرالیەکانیدا خەون بەپایەداربوونی مەملەکەتێکی گەردوونییەوە دەبینێ لەسایەی خۆشنوودییەکی ڕاستەقینەدا.. تیۆرێکی دەربارەی چەمکی یەکبونی ئەنتۆلۆژی داڕشتووە، کەلەزۆر ڕووەوە لەمەزهەبی

(وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبی دەچێ، ئەو پێیوایە رۆحی یەزدان لەهەموو گەردووندا دەبریسکێتەوە، هەموو بوونەوەرێکیش بەشی خۆی لەوبریسکانەوەیە بەردەکەوێ[٦٤]. ئەندێشەی رۆحانی سپینۆزا... گۆتە دەکا بەشاعیرو[٦٥]،هیگڵ دەکا بەفەیلوسووف. هێگڵ لەشوێنێکدا دەڵێ:(دەبێ فکر بەلەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی سپینوزا دەست پێبکا. پەیڕەوکردنی رێنماییەکانی سپینۆزا بنەڕەتو خاڵی سەرەتای هەموو فەلسەفەیەکە... مرۆڤ بۆ ئەوەی لەفەلسەفە بگا، دەبێ رۆحی خۆی پەروانەی فەزای ئەوتاکە گەوهەرە بکا، کەلەهەناویدا هەموو ئەوئایدیانە دەتوێنەوە کەمرۆڤ پێشتر بەڕاستی زانیون. نکوڵیکردن لەوردبوونەوە ئەرکێکە دەبێ هەموو فەیلەسوفێك بیسەلمێنێت، چونکە ئازادی عەقڵو، ڕەها بوونیەتی) ئەمەش خاڵی پێککەیشتنی عیرفانو، شیعرو، فەلسەفەیە.. ئەو خاڵەی ئیبن عەرەبیو، گۆتەو، سپینوزاو، هیگڵ.. پێکەوە کۆدەکاتەوە[٦٦].

بەگەردوونیبوون، سۆفی دەگەیەنێتە دوا ئاستەکانی تەسامی، فەیلەسووفیش دەگەیەنێتە ئیشراقی ئەقڵ؛ شاعیریش دەکا بەناسکترینو، بلورینترین مەخلوق. کاتێ شاعیر بەگەردوونی دەبێ بریسکانەوەی پەنهانی نێوتاریکی دەبینێ، جوانی لەهەرکوێبێ ئەوبەدی دەکا، بەڵام پێوەرێك نیە؛ ئەو ئیستاتیکیەکانی ئەو وەك هەموو پێوەرێك نیە؛ ئەو مەمسوخ ترینو شێواوترین بوونەوەریش دەبینێ.. بریسکانەوەی گەردوونی لەسەر رۆحی هەموو ئەو مرۆڤو مەخلوقە شەرمنو بێدەنگانە دەبینێ، کەمافی گەردوونی بوونیان لێسەندراوەتەوە. ئەو تەنها نابێ بەزمان حاڵی مرۆڤە چەپێنراوو بێزمانەکان. بەڵکو لەهەندێ قوڵبوونەوەی عارفانەدا جوانی دەبەخشێتەوە بەبچوکترینو بێبەهاترین بوونەوەر، ئەوبوونەوەرەی کەفروغی فروخزاد لەسەر زاری ئەوو.. تەنها لەسێدێڕی کورتدا.. بریسکاوەترین وێنەی گەردوونیمان پێشکەش دەکا:

(لەناوجەرگەی تاریکیدا
سیسرکەکان هاواریان کرد:
مانگ! .. ئەی مانگی مەزن)[٦٧].

گەر بەوردی لەسەر ئاستە سیمانتیکیەکانی ئەم سێ دێڕە بوەستین.. دەبینین فروغ لەدیدێکی سۆفیگەریانەوە تەوزیفی پێکهاتە زەینیەکانی کردووەو، چڕترین وێنەی لەتەسکترین ڕووبەردا کۆکردۆتەوە.

–ئاستی یەکەم: تاریکی شەو (عەدەم) ⟵ سیسرك (ئاستێکی پەنهانو لەیادکراوی بوون)⟵ مانگ(ئاستێکی گەورەو ئاشکرای بوون).

–ئاستی دووەم: تاریکی شەو(بێدەنگی)⟵ دەنگی سیسرك (دەنگێکی لەیادکراوی هارمۆنیکای سروشت) ⟵ ڕستەی: ئەی مانگ.. ئەی مانگی مەزن! (بەهابەخشین بەدەنگی سیسرکو تەرجەمەکردنی بۆ زمانی ئادەمیزاد).

–ئاستی سێیەم: تاریکی شەو(تاریکی + بێدەنگی)⟵ دەنگی سیسرك (تاریکی + دەنگ) ⟵ ڕستەی: ئەی مانگ.. !(دەنگی ئادەمیزاد+ ڕووناکی).

گومانیش لەوەدانییە کەچڕکردنەوەی وێنە زەینیەکانو ئەندێشە مەزنەکان لەڕووبەرە بەرتەسکەکانی زماندا.. پێش ئەوەی وەزیفەیەکی تەکنیکی زمانی شیعربێت، خەمێکی قوڵی عارفانەیە، (نیفەری)دەڵێ:(تاکو جیهانبینی فراوانتر بێت.. ڕووبەری ڕستە تەسکتر دەبێتەوە)[٦٨].

ئاستی شەشەم: ئیشراقی زمان.. تەجەللای نوور

دواجار، بەرزترین پلەی شاعیر..ئەوکاتەیە کە وشە لەبەردەمیدا چۆك دادەداو، زمان دەبێتە خاوترینو، بەدەستەوە هاتووترین کەرەستەی دەستو قەڵەمی. بەڵام بەرزترین پایەی سۆفی.. ئەو چرکەساتەیە کە ڕووناکی لەدەروونیدا تەجەللا دەکاو، نووری دەروونی لەگەڵ نووری یەزدانیو، نووری گەردوونیدا یەك دێتەوە.

بەڵام داخۆ چ پەیوەندییەك لەنێوان زمانو نووردا هەیە؟.. داریوشی ئاشوری لەدەروازەی کتێبی (شیعرو ئەندێشە)دا لێکچوونێکی سەیر لەنێوان زمانو نووردا بەدی دەکا! ئەو دەڵێ:(هەموو شتەکان بەهۆی زمانەوە دەناسین، بەڵام تەنها زمانە.. کەتەنهابەهۆی خۆیەوە دەناسرێ. شتێك لەجیهاندا لەزمان بچێت ڕووناکییە؛ چونکە هەمووشتەکان بەهۆی ڕووناکییەوە دەبینین، بەڵام ڕووناکی تەنها بەهۆی خۆیەوە دەبینرێ[٦٩]).واتە زمانو ڕووناکیئەو دوو ڕەگەزەن کەتوانای ئەفراندنو

بەها بەخشینیان بەشتەکان هەیە.. بەڵام هیچ شتێك توانای ئەفراندنو بەهابەخشینی بەوان نییە!

لەکاتی ئیشراقی زمانو..پژانی نووردا، شاعیری عارف دەگاتە ئاستە بەرزەکانی داهێنان؛ چونکە لەوکاتەدا زمان رۆڵی رووناکیو، ڕووناکی رۆڵی زمان دەبینێ؛ وشە توانای بەرجەستەکردنی نووڕو، نووریش توانای خولقاندنی وشەی هەیە. هەربۆیە لەڕەخنەی ئەدەبیی مۆدێرندا ڕەگەزی بریسکانەوەی ناوەکی (الإضاءة الداخلية) [٧٠] گرنگترین ڕەگەزی زمانی شیعرو، زمانی ئەدەبە بەگشتی؛ چونکە بەهۆی ئەوڕەگەزەوە وشەو وێنەکان لەهارمۆنیکایەکی ناوەکیدا یەك یەکتری ڕووناك دەکەنەوەو، ڕیتمێکی زەینی پێك دێنن.

کاتێ شیعرو عیرفان تێکەڵ یەکدی دەبن، شاعیری عارف دەگاتە پایەی مەستیو فەنابوون لەنووردا.. ئیتر زمان، زمانی شیعر، یاسا ئاسایییە پێشوەختەکانی لەدەست دەدار، دەبێتە زمانێکی نامەئلوفی هێما ئامێز! . بۆیە بیریارێکی وەك ئەدۆنیس لەلێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریدا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کەنامەئلوفیو، یاخیبوون لەواقیو، پەنابردن بۆ ئازادیی ڕەهای بیرقەیدو مەرج.. ڕەگەزە هاوبەشەکانی نێوان سۆفیگەریو سوریالیزمە [٧١] .هەروەها ڕەخنەگرێکی وەك ڕەزای بەراهنی لەکتێبی (زێڕی نێومس)دا ئاماژەی داوە بەچەند ئاستێکی لێکچوونی نێوان میراتی سۆفیگەریی ئێرانیو، داهێنانی شاعیرو هونەرمەندە سوریالیەکانیخۆرئاوا [٧٢] .

ئارسۆر ڕامبۆ لەئیشراقێکی سوریالی/عیرفانیدا دەڵێ:

(لەبناری لێژییەکدا..
لەنێو گژوگیایەکی باقووتینو، پۆڵایندا
فریشتەکان.. سیپاڵی سۆفیگەری
ئاوپرژێن دەکەن) [٧٣] .

لەئیشراقێکیتردا دەڵێ:

(بەدەم ئەوتافگە چاوشینەوە پێکەنیم
کەلەباخی سنەوبەرەکاندا پەرش دەبۆوە
لەلوتکە زیوینەکەشدا یەزدانم بۆئاشکرابوو [٧٤]).

لەکۆتایی ئەم بەشەداو، سەرەڕای ئاستەکانی لێکچوونی نێوان سۆفیگەریی ئیهتیامیو، جیهانبینیی شاعیرانە.. خاڵێك هەیە دەبێ ئاماژەی پێبدرێ: قۆناغی فەنابوون لەحەقیقەتی ڕەهادا، کەدوا قۆناغەکانی سۆفیگەرییە گەرموتوربە نەکرێ بەئەندێشەی گەڕانی بەردەوام بەدوای فەنابوونیتر لەنێو حەقیقەتیتردا، ئەوا دوائەڵقەی گەشتە ڕۆحیو زەینییەکانی سۆفی کۆتایی دێت؛ واتە دەست پێکردنی خاڵی لێکترازان لەنێوان شاعیرو سۆفیدا.

بەشی دووەم

ئاستەکانی نیشراقی وێنە لەشیعری عەرەبیو فارسیو کوردیدا

یەکەم: شیعری عەرەبیو ئاستەکانی ئیشراق

لەدەروازەی یەکەمدا ئاماژەمان دابەوەی زمانی عەرەبی خاوەنی چەندین خەسڵەتی ئیحائی، مەجازی، فۆنۆلۆجیی گرنگە.. کەشاعیری ناچارکردووە لەبەرزترین ئاستدا ئیش لەزماندا بکاو، بەوردی ئاگاداری نەریتە پێشوەختو، پێوەرە شیعرییەکان بێت. چونکە(لەپەنا هەموو قەسیدەیەکی مەزنی عەرەبیدا قەسیدەیەکیتر هەیە کەزمانە، ئامادەیی زمان لەشیعری عەرەبیدا.. لەئامادەیی گەردوون چالاك تر. هەربۆیە زمانی عەرەبی لای جاهیلیەکان سیحرێکی واقع بەزێنو، لای عەرەبو موسڵمانەکانیش بەگشتی.. ئیعجازو دیاریی یەزدانیبوو) [٧٥] .

یەکێك لەتایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی عەرەبی زەنگی وشەو، زرنگانەوەی فۆنیمو، ڕیتمی ڕستەیە،واتە دوڵەمەندبوونی ئەوزمانە لەسەر ئاستی بیستراو. هەربۆیە کێشو سەرواو، ڕیتمی دەرەکیی شیعر، تاکو ئێستاش وەك ڕەگەزێکی نکوڵی لێنەکراو، وەك پێوەرێك لەپێوەرەکانی شیعرییەتی دەق.. لای بەشێکی زۆری شاعیرو ڕەخنەگرە عەرەبەکان ماوەتەوە [٧٦] . هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەم هەژموونەی ئاستی بیستراوی زمان ڕێخۆشکەربوو لەبەردەم لەدایك بوون، بالادەستیی ئەوگوتارە ڕەخنەییەی لەسەر دوالیزمی وتە/ واتا دامەزرا. بۆیە ئیدی وێنەو ئاستی زەینیی شیعر وەك ئەڵقەیەکی ونی ڕەخنەی عەرەبی مایەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەژموونە.. ئەدەبی عەرەبی شاعیری گەورەی وەك ئەبوتەمام، ئەبونواس، موتەنەببی، ئیبن فارضو، ئەبوعەلای بەرهەم هانی.

کەلەنەخشەی شیعری جیهانیدا پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، وێنەی شیعریی دەقەکانیان لەئاستێکی بەرزی بریسکانەوەو ئیشراقی ناوەکیدایە. بەبڕوای هەندێ لەڕەخنەگرە تازەکان.. شاعیری عەرەب بەدوو شێواز خۆی لەهەژموونی گوتاری ڕەخنەیی بالادەست دەرباز کردووە؛ یەکەمیان: لادان لەیاسا بەلاغی‌و عەروزی‌و فەساحەیەکان‌و، پەنابردن بۆ عیبارەتو وێنە نامەئلوفەکان وەك لەئەزموونی ئەبو تەمامدا دەردەکەوێ[77]. دووەم: پەنابردن بۆ عیرفان‌و ئەندێشەی سۆفیگەری، کەخاکێکی بەپیتی سەوزبوونی وێنەی زەینی‌و، بریسکانەوەی خەیاڵ[78].

بەڵام ئایا ئاستەکانی ئیشراقی وێنەو، بریسکانەوەی خەیاڵی سۆفیگەری، لەشیعری عەرەبیدا لەچ ئاستێکدا بووە؟

سەرەتاکانی ئەزموونی سۆفیگەری لەشیعری عەرەبیدا لەکۆتایی سەدەی دووەمی کۆچی‌یەوە دەست پێدەکات[79]. ئەو سەردەمەی کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوان دەسەڵاتی خەلیفەو عەوامی خەڵك. زەمان.. زەمانی گیرسانەوەی فتوحاتو، پایەداربوونی کۆڵەکەکانی دەوڵەتو، خەملینی توێژو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئیسلامی بوو. تادەهات خەلیفەو توێژو گروپە نوخبەکانی نزیك دەسەڵات دەوڵەمەندترو سەروەرترو، عەوامی خەڵکیش هەژارترو پەراوێزکراوتر دەبوون. ئیتر سەرەتاکانی بزاوتی سۆفیگەری‌و تەقەششوف وەك پەرچە کردارێکی کۆمەڵایەتی دژی ئەو فەسادو فەخفەخەیەی دەسەڵات دەستی پێکرد. بەڵام لەشیعردا ئەوبزاوتە وەك شیعری ئاینی‌و، زوهدو، وەعز دەستی پێکرد[80].. کەزیاتر ئەنگێزەیەکی کۆمەڵایەتی لەپشتەوەبوو، نەك جیهانبینیەکی شیعری.

قۆناغی فیعلی بەشیعری‌کردنی ئەندێشەی سۆفیگەری.. لەگەڵ پەرەسەندنی بزاوتی سۆفیگەری ئیهتیامی– فەلسەفی دەستی پێکرد؛ ئەوکاتەی مرۆڤ بووە جەمسەرێکی عەشقی یەزدانی‌و، هەروەکو (ئەدۆنیس)یش دەڵێ: شۆڕشێکی کۆپێرنیکی لەجیهانبینی شاعیرانی عەرەبدا بەرپابوو[81].

ئیتر جیهان لەدیدی شاعیری عارفدا کامڵ نەبوو[82]، بەڵکو دەبوو خەباتو ئەندێشە بەردەوام بێت، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە ئەنتۆلۆژیەکان‌و شادبوونەوە بەکامڵبوونی یەکەمین جار. ئەم جیهانبینیە ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابی لەسەر وەزیفەی تەکنیکی شیعر هەبوو، چونکە لەدیدی سۆفیگەرییەوە هەموو دەقێك ناکامڵەو، هیچ یاساو پێوەرێکی بەلاغی‌و عەروزی‌و ڕەخنەییش پیرۆز نیە، بەڵکو پیرۆزترین یاسا.. یاسای گەڕانە بەدوای کامڵبووندا.

لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم ئەزموونەدا زمانی شیعر بوو بەزمانێکی هێما ئامێزو تەمومژاوی. لەدایکبوونی ئەوزمانە تازەیە درزێکی خستە نێو متمانەی فەقیهو مەتوکەللیمەکان بەرامبەر ئەندێشەی سۆفیگەری، چونکە ئەوان بەرگرییان لەگوتاری بەرزڕاگرتنی پێوەرەکانی سەلەف دەکرد، ئەو پێوەرانەی کەدژی تەمومژاوی‌کردن‌و، ئاڵۆزکردنی چەمکە نەگۆڕەکان بوو، لای ئەوان زمان کامڵ بوو، تەمومژاوی‌کردنیش، نەسەلماندنی ئەو کامڵبوونەبوو. دواتر ئەم ململانێیە ڕووداوی خۆیناوی‌و، کارەسات ئامێزی لێکەوتەوە.. کەلەدوو وەرزی ترسناکیدا، خوێنی فەیلەسوفێکی مۆرالی‌ی وەك سەهرەوەردی‌و، عاشقێکی یەزدانی‌ی وەك(حەللاج)ی تیاحەڵاڵکرا. بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوە مێژوویی‌یەکان لەپشت کوشتنی شاعیرو ئەندێشەمەندە سۆفیگەرەکانەوە ترسێك هەبوو.. ترسی خەلیفەو دەسەڵات لەوەی بزاوتی سۆفیگەری ببێتە هەوێنی شۆڕشێکی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقی، لەدوا ئەڵقەشدا بەیاخی بوونێکی سیاسی کۆتایی بێت. وەك عبدالرحمن بەدەوی–ش ئاماژە دەکا کاتێ خەلیفە موقتەدیر هەستی کرد(تارمایی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی حەللاجی)لەئاسۆدایە، فەرمانی‌دا ئیعدامکردن‌و لەخاچدانی حەللاج پێش بخرێ... بەڵام دوای چەندین ساڵیش خەڵکی هەرچاوەڕێی هاتنەوەی حەللاج بوون؛ تەواو وەك چاوەڕوانی مەسیح‌و مەهدی مونتەزەر![83].

هەرچەندە حەللاج دیارترین پێگەی لەشیعری عەرەبی‌و، تەنانەت لەنەخشەی شیعری جیهانیشدا هەیە. بەڵام ناکرێ لەپلەی یەکەمیدا وەك شاعیر تەماشای بکەین؛ چونکە ئەوزیاتر نوێنەرایەتی یاخی‌بوونێکی کۆمەڵایەتی دەکرد، نەك یاخی‌بوونێکی

شیعری. ئەوزیاتر شەتەح درکێن بوو، نەك پرسیارکەر. جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان شەتەح و پرسیاردا هەیە؛ شەتەح دواپایەی فەنابوونە لەیەقیندا، بەڵام پرسیار یەکەم قۆناغی غەیب بوونی یەقینە. بۆیە لەکاتی هەرگەشتێکدا بەنێو دنیای شیعرو ئەندێشەی عرفانی عەرەبیدا.. ئیبن فارض، أبوالعلا، ڕابیعە، نیفەری، بەستامی، ذواالنون، ئیبن عەرەبی جەمسەرە سەرەکییەکانی ئەو ئەزموونە پێك دێنن.

لەخاچدانی حەللاج و، کوشتنی سەهرەوەردی و، داپڵۆسینی پەیڕەوانی ئاڕاستە ڕادیکاڵ و یاخیبەکانی فیکری سۆفیگەری؛ پاشان نزیك بوونەوەی قوتابخانەیەکی میانڕەوی سۆفیگەری بەڕێبەریی ئیمام غەزالی لە خەلیفە و، ئاشت بوونەوەی لەگەڵ گوتاری ڕۆشنبیریی بالادەستدا.. خەونە گەردوونیەکانی بزاوتی سۆفیگەریی لەبازنەیەکی تەسکدا قەتیس کرد. بۆیە بیریارێکی وەك (محمد عابد الجابري) بڕوای وایە کەهەردوو سیستمی ئەبستمۆلۆجی بەڵگەگەریو عیرفانگەری لەدوا قۆناغیاندا لەگەڵ سیستمی بەیانگەریدا تێکەڵبوونەتەوە[٨٤]. بۆیە ئیتر ئاستەم بوو شاعیر زاتی ئەوەبکا،بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەوهێڵە سوورانە ببەزێنێ کەموتەکەللیمو فەقیهو موشەڕیعەکان دیاریبان کردبوو.

لەقۆناغەکانی دواتردا شیعری زوهدو وەعزو نەسیحەت بوە ڕوخساریکی دیاری شیعری ئایینی؛ بەلایەکەی تریشدا هەندێ لەشاعیرە نیگەران و یاخیبەکان ڕوویان کردە ئالۆزکردنی زمانی شیعرو، ڕۆچۆن بە ئەندێشەیەکی قوڵی میتافیزیکیدا وەك لەئەزموونی ئەبوعەلای مەعەڕیدا دەردەکەوێ.

مەعەڕیی ئەوشاعیرەیە کەلەدیدێکی تراژیدییەوە دەڕوانێتە گەردون وبوون، هەر زووش توشی ڕووبەڕووبونەوە هات لەگەڵ گوتاری ڕۆشنبیری بالادەستدا. مەعەڕیی لەیەك ساتدا بەرجەستەبوونی یاخی بوون و تەسلیم بوونبوو. چونکە لەکاتێکدا کەهیچ یاساو ناموسێکی ئایینی نەدەسەلماند، کەچی خۆی بەئیرادەی خۆی یاسایەکی سەختی بۆ کێشو قافیە داڕشتبوو، دەبو ئیلتزامیشی پێوەبکا، کەناوی نابوو(پابەندبوونێك کەپێویست ناکا– لزوم مالا یلزم)[٨٥].

لەشیعری تازەدا مەیلێکی جدی لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخی عەرەبەوە هەیە.. بۆ زیندوکردنەوەی ئاستە ئیحا بەخشەکانی کەلەپووری سۆفیگەری؛ دیارترینیان شاعیری گەورە(ئەدۆنیس)ە، کەجیهانبینی مۆدێرنی خۆی بەئیشراقاتی کەلەپووری سۆفیگەری موتوربە کردووە، لەئیشراقێکدا دەڵێ:

(دووربم یا نزیك..جیاوازیەك نییە
چونکە مەملەکەتەکەی من لەتیشکەو
زەمینیش.. قاپی مەنزڵە)[٨٦]

لەشۆێنێکیترداو، لەئیشراقێکی حەللاجانەدا دەڵێ:

(ئەی مەرگ! دەستت درێژکە
تا لە گەوهەری مەحاڵ بگەم و
جیهان لەپاڵ خۆمدا ببینیم[٨٧])

دووەم: شیعری فارسی و ئاستەکانی ئیشراق

سۆفیگەریی، وەك ئەندێشە، ئەزموونێکی کۆنی ئێرانیەکانە. بەرلەفتوحاتی ئیسلامی، عیرفان لەئێراندا ئاڕاستەیەکی ئایینی و، جیهانبینییەکی شاعیرانە بووە. هەرچەندە گەڕان و هەڵکۆڵینە ئارکۆلوجییەکان بەدوای ئەدەبیاتی کۆنی ئێرانیدا، جگە لەچەند نمونەیەکی شیعریی کەم.. شتێکی ئەوتۆیان چنگ نەکەوتووە؛ بەڵام بەبڕوای(عبد الحسین زەرین کوب)لەنێوان ئەونمونە شیعریانەدا کەمێژویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان چەند دەقێکی عیرفانی هەیە[٨٨].بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دەقانە میراتی هاوبەشی هەموو ئێرانیەکانە، ناکرێ وەك قۆناغێکی کۆنی شیعری فارسی تەماشا بکرێ.

یەکەمین قۆناغی شیعری فارسی، کەبەزمانی فارسی(دەری)نوسراوەتەوە، لەسەدەی چوارەمی کۆچییەوە دەستپێ دەکا..ڕۆدەکی، شەهیدی بەلخی، کەسایی، مەنوچەهری و، فیردەوسی دیارترین شاعیرانی ئەوقۆناغەن[٨٩].سەردەمی ئەوشاعیرانە هاوزەمانی سەردەمی سامانیەکان بوو، بۆیە گەڕانەوە بۆ سەروەریە نەتەوەییەکانی فارس خەونێکی ئەوشاعیرانە بووە[٩٠]، کەلەژێر کاریگەری گوتاری ناسیۆنالیستی سامانیەکاندا نەیاندەپەرژایە سەرهێنانە قسەی ئاستە ئیحائی و عیرفانی و

زەینی‌یەکانی شیعر، بەوشێوەیەی کەلەقۆناغەکانی تردا ئیشراقیان کرد.

گرفتێکی‌تر کەڕووبەڕوی ئەوشاعیرانە دەبۆوە بالادەستی‌و هەژموونی ڕیتمی دەرەکی شیعری عەرەبی بوو، کەلەزانستی عەروزدا بەهەموو وردەکارییەکانیەوە.. ببوە پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی شیعری دروست لەشیعری نادروست. عەروز شاعیرو ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمەی ئێرانی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو[٩١].

بەڵام لەقۆناغێکی‌تری شیعری فارسیدا.. جیهانبینی عارفانەو پرسیار دەگاتە ئاستی ئیشراق. ئیتر شیعر وەک ئامرازی ژیاندنەوەی سەروەریەکانو وەک گوتارێکی ناسیۆنالیستی نامێنێتەوە. بەڵکو شیعر دەبێتە ئەندێشەیەکی قوولْ بەرامبەر جیهان. شاعیریش دەبێتە کائینێکی نیگەران‌و پرسیارکەر.. خەییام، سەنایی، نیزامی‌و، عەتتار.. دیارترین شاعیرانی ئەم قۆناغەن کەلەسەدەی پێنجەمی کۆچی‌یەوە دەست پێدەکات[٩٢]. سەنایی پێشەنگی شیعری سۆفیگەری فارسەوە، خاوەنی خەیاڵدانێکی عیرفانی فراوانە. لە(باخچەی حەقیقەت)یان (ئیلاهی نامە)دا.. لەپێش(دانتی)یەوە خەونی بەگەشتی ڕۆحانی نێو ئەستێرەکان‌و گەردوونەوە بینیوە[٩٣].

عەتتار، کەجەمسەرێکی گرنگی شیعری سۆفیگەریی فارسە.. پەنا بۆ ڕووبەرە بەنهانەکانی زاتی مرۆڤ دەبا، ختوکەی شوێنێك دەدا کەبەهۆی گوشارە دەرەکی‌یەکانەوە بانکی هەموو خەون‌و، خۆزگە چەپێنراوەکانی نائاگایی‌یە. لەگەشتی ڕۆچۆن‌و قوڵبوونەوەدا خۆی لەبەشێکی قەیدو پێوەرە عەروزیەکان دەرباز دەکا، لەدەروازەی (موسیبەت نامە)دا دەڵێ:(مەقسودی من بەیانی حاڵە، جائەگەر وەزن‌و قافیەی شیعرەکانم هەرچۆنێ بێت، باکم نیە[٩٤]). جیهانبینی ئەم شاعیرە جیهانبینییەکی گەردوونیە، بەڵام پێش ئەوەی خەون بەگەشتی نێو ئەستێرەکانەوە ببینێت.. پەنا بۆئاستە لەیادکراوەکانی گەردوون دەبا، لە شیعری ئەودا هەموو دەیرو پەرستگاکان پیرۆزن. توانەوەش لەعەشقی کێژۆڵەیەکی مەسیحی‌دا ئاستێکی بەرزی عەشق‌و ئینتمایە بۆ گەردوون؛ هەروەکو (زەرین کوب)یش ئاماژە دەکا:عەشقی عەتتار بۆ ئەوکیژە کتابی‌یە دەگاتە ئاستێکی بەرزی هەیەجان، کەهیچ تەئویلێك هەڵناگرێ، جگە لەعەشقی ڕاستەقینەی موسڵمانێك نەبێ بۆ غەیرە موسڵمانێك[٩٥].

ئەزموونێکی‌تری شیعری سۆفیگەریی فارس.. کەدواجار مۆرکێکی جیهانی وەردەگرێ، خۆرهەلات جێدێڵێ‌و دەگاتە ئەوروپا.. ئەزمونی خەییامە[٩٦].هەرچەندە ئەم شاعیرە بەبەراورد لەگەڵ ئەوشاعیرە عارفانەی کەدوای ئەودێن زیاتر لەشاعیرێکی میللی دەچێ، کەهەوڵی وردکردنەوەی چەمکەکان دەدا، بەڵام دواجار خەونی ئەمیش گەردوونی‌یە؛ پرسیاریش تەوەرێکی سەرەکی‌ی ئەزموونەکەیەتی.

لەدوای سەدەی حەوتەمی کۆچی‌یەوە.. سەردەمی زێڕینی شیعری سۆفیگەریی فارس،واتە سەردەمی مەولاناو حافز دەست پێدەکا[٩٧]. هەرچەندە سەعدی شیرازی شاعیرێکی بەناوبانگی هەمان سەردەمە، بەڵام لەبەرئەوەی عاشقێکی شەرمنەو، عەشقێکی پاکیزەیی تێکەڵ لەزوهدو پەندو گێڕانەوە تەوەرێکی سەرەکی غەزەلیات‌و شیعرەکانیەتی.. یاخی‌بوون‌و پرسیار ڕەگەزێکی ووڕی جیهانبینی شیعریی ئەوە.

مەولانا، یان ئەوشاعیرەی بریسکانەوەی زاتی یەزدانی لەهەموو شوێنێ بەدی دەکا، وەزیفەیەك دەبەخشێ بەشیعر کەزیاتر لەوەزیفەی مۆسیقا دەچێ؛ چونکە مۆسیقا ئەو داهێنانەیە کەخۆی بەدوای قاڵبدا دەگەڕێ‌و قاڵبێکی پێش وەخت قبوڵ ناکا. وێنە زەینی‌یەکانی مەولانا بەشێوەیەك تەجەللا دەکا، کەهەروەك وێنەکانی خەیاڵدانی سوریالیزمێك لەمپەرەکانی کات‌و شوێن لەئاستیدا دەپوکێتەوە، چڕترین ئیشراقی عارفانە لەچەند بەیتێکی سانادا بەرجەستە دەبێ:

بەدەم گۆرانی دەچڕین‌و
بەتارو عود ئاواز دەژەنین
بەڵام کاتێ لەپشتی (ئادەم)دا بووین
ئەم ئاوازانەمان لەبەهەشتا بەرگوێ دەکەوت.
خاك‌و ئاو.. پەردەیەکی بەسەرماناندا
بەڵام سروودەکان هەربەزنیدویی لەیادماندا
مانەوە؛
هەرچەندە قوڕ گیانمانی داپۆشی
بەڵام ئاوازێکی سەما بزوێن دەگاتە قوڵایی ڕۆحمان[٩٨].

ئەم ئەندێشە سۆفیگەرانەیەی مەولانا، ئەم عەشقە قوڵەی بۆ مۆسیقای گەردوونی.. لەڕۆحێکی هیندە شاعیرانەو، لەهەرێمێکی هێندە قوڵی نائاگایی‌یەوە هەڵدەقوڵێ.. کەبەتەواوی فەلسەفەی فیساگۆرس‌و، پلاتۆو، دواتریش فەلسەفەی شوبنهاوەرمان دێنێتەوە یاد سەبارەت بەمۆسیقا. چونکە بەبڕوای ئەوفەیلەسوفانە مۆسیقا ئەو ڕیتم‌و میلۆدیا گەردوونیانەی ڕۆح‌و نائاگایی ئینسانە.. کەکاتی خۆی دەست‌و پەنجەیەکی گەردوونی ژەنیویەتی، تێکەڵ بەماددای ئەستێرەکان‌و، دواتریش تێکەڵ بەنائاگایی‌و ئاستە پەنهانەکانی ژیانی ئادەمیزاد بووە؛ هەرمەیلێکیش بۆ مۆسیقا.. مەیلێکی غەریزی‌یە بۆ وێك هاتنەوە لەگەڵ ڕیتمی گەردوونیدا![99]

حافز، یان زمانی غەیب، جیهانێکی سەراپا ئەفسون‌و هێماو تەجەللیاتی زەینی‌یە. ئەو شاعیرەیە کەنهێنی نوورو مەغزای وشەی پێکەوە دەکەوێ؛ لەچنگ کەوتنی نووردا دەبێ بەخاوەنی جامی جەم‌و تەرجومانی ئەسرار. کەزمانیشی چنگ دەکەوێ ئیدی دەچێتە نائاگایی هەموو ئێرانییەکانەوە. دیوانی خواجە حافزی شیرازی کەلێواو لێوە لەیاخی‌بوون‌و ئیشراق‌و پرسیار. بۆماوەی چەندین سەدە وەك وانەیەکی سەرەکی، بگرە وەك وانەیەکی ئایینی، لەحوجرەو ئەڵقە دیراسیەکانی کوردستان‌و وڵاتی فارس‌و ئێراندا بەگشتی خوێندراوە، کەشفی نهێنیی بەیت‌و عیبارەتەکانی کراوە. وەستان لەسەر ئەم خاڵە، گرنگە.. چونکە دەردەکەوێ فەقیهو موتەکەللیم‌و موشەڕیعەکانی ناوچەکە لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حافزدا خۆیان دوورگرتووە. حافز لای سەواد دارو بێسەوادەکان وەك زمان حاڵی غەیب‌و، تەرجومانی ئەسرارو، وەلیەکی گەورەی یەزدانی ناسراوە؛ تەنانەت یاساو بۆ ئەو بەیت‌و عیبارەتانەی هێنراوەتەوە کەلەگەڵ شەرعدا یەك نایەنەوە، گوایا وتویانە: زمانی خواجە حافز هێندە هێما ئامێزو پڕنهێنی‌یە کەهەروەك زمانی باڵندەکانە، گەربتەوێ لێی تێبگەیت دەبێ حەزرەتی سلێمان بیت![100]

...بەڵام ئەگەر دوور لەم تەلیسمە میللی‌یە لەحافز بڕوانین، دەبینین گرنگترین خاڵی جیهانبینی شاعیرانەی ئەو سەرچاوەکەی گەڕانی بەردەوام‌و بێهودەیەتی بەدوای حەقیقەت‌و جوانیدا؛ ئەوجوانی چنگ دەکەوێ جوانی ئافرەت، سروشت، چرکە مرۆییەکانی مەست بوون.. بەڵام ناگاتە حەقیقەت‌و، لەدوا گەوهەردا فەنا ناکا.. بۆیە حافز دەبێتە ڕەندێکی بێباك، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێتە شاعیرێکی جیهانی، ئەوشاعیرەی کەدەبێتە بۆ ڕۆحی‌و تەوئەمی گۆتە[101].

بەڵام لەقۆناغەکانی دواتردا، دوای ئەوەی شیعری عرفانی‌و هەڵدان بەسەر مەیدا.. دەبێتە سنعەتێکی ڕۆتینی‌و نەریتێکی بەریلاو لەنێو ئێرانیەکاندا؛ ئیتر سۆفیگەری لەئەندێشەیەکی شاعیرانەوە دەبێ بەئەخلاقێکی کۆمەلایەتی، ئورستوکراتی، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ئەوئەخلاقە تا ئێستاش لەنێو ئێرانیەکاندا بەدی بکرێ.

لەچەرخی تازەداو، لەگەڵ دەرکەوتنی نیمادا.. شاعیرە تازەگەرەکان سەرلەنوێ وزە ئیحا بەخشەکانی عیرفانی ئێرانی‌و کەلەپوری ئیسلامی بەگشتی دەبوژێننەوە، فروغی فروخزاد، هەرچەند وەك خانمە عارفێك نەناسراوە.. بەڵام وێنە شیعرەیەکانی ئەو هەرلە ئیشراقاتی زەینی‌ی عارفێك دەچێ. دەڵێن: لەشیعری فروغدا سێ‌مرۆڤ ئامادەیی بەردەوامیان هەیە؛ یەکەمیان؛ فروغی شیعر بێژە، دووەمیان: وێنەکانی فروغە کەلەناو دەقەکانیدا لەجوڵەی بەردەوامدایە. سێیەمیان فروغێکی بێدەنگە کەزۆر عارفانە لەجیهان‌و شتەکان ورد دەبێتەوە، ئەم فروغە زیاتر لەتارمایی دەچێ؛ هەندێ جار وون دەبێ، هەندێ جاریش لەیادی دەچێتەوە کەشاعیرە، وەك مندالێك یاری بەشتە بچوکەکان دەکا؛ بەڵام لەناکاو فروغی شاعیر بەئاگای دێنێتەوە.. نەبادا ئەم منداڵە سەرکێشە لەزمانی شیعرو بنیاتی دەق بێتە دەرێ![102]

(ڕەنگە ژیان شەقامێکی درێژ بێت، کەڕۆژانە ژنێك بەزەمیلەیەکەوە پیای گوزەر دەکا
...
ڕەنگە ژیان مندالێك بێ، کە لەقوتابخانە دەگەڕێتەوە
...
یان ڕەنگە ژیان.. نیگای گێژی ڕێبوارێ بێ کەبەدەم کڵاو لەسەرکردنەوە

بەخەندەیەکی بێماناوە.. بەڕێبوارێکی‌تر دەڵێ: بەیانیت باش[١٠٣]).

شاعیرێکی هاوچەرخی‌تری فارس، کەخۆی نکوڵی لەعارفبونی ناکا سوهرابی سپەهەری‌یە؛ سپەهری گەرشاعیر نەبوایە دەبووە فەیلەسوفێکی ڕۆحانی‌و حەکیمێکی وەک کریشنامۆرتی. چونکە هەمیشە لەئاستی تەسامی‌یەوە لەدنیا دەڕوانێ. ئەوەلەکارلێکدا نیە لەگەڵ شتەکاندا، بەڵکو بینەرێکی بێدەنگو حەکیمێکی چاودێرە.کاتێ وێنای ماسی‌یەک دەکا، لەڕاستیدا وێنای خودی خۆی دەکا؛ چونکە ئەو بەچاوی ماسییەکە وێنای سوهرابی دەرەوەی ئاوەکە دەکا[١٠٤].وەستان لەبەردەم ئەزموونی ئەم شاعیرەدا.. وەستانە لەبەردەم جامی جەمو، خەیاڵدانی بێسنوری عارفێکدا، کەسانابوون ڕەگەزی زمانیەتی‌و، قوڵبوونەوەش ڕەگەزی جیهانبینیەتی.

دواجار دەتوانین بڵێین: ڕەنگە شاعیرانی هیچ نەتەوەیەک وەک شاعیرانی فارس وابەستەی میراتی ڕۆحانی خۆیان نەبووبن، چونکە هەروەک (ڕیچارد فرای)خۆرهەڵاتناس ئاماژەی پێدەدا: ئێرانیەکان لەونەتەوانەن، کەلەیەک کاتدا موحافزکارو داهێنەرینە[١٠٥].

سێیەم: شیعری کوردی‌و ئاستەکانی ئیشراق

ئەزمونی بابەتایەری هەمەدانی، کەیەکەمین ئەزمونی شیعری کوردییە.. ئەزمونێکی عارفانەیە؛ تەنانەت ڕەخنەگرێکی هاوچەرخی ئێرانی بابەتایەر وەک ڕابەری ڕۆحی هەموو عارفە ئێرانیەکان لەقەڵەم دەدا[١٠٦].

چرکەی ئەم شاعیرە بەرجەستەبوونی قۆناغی دابڕانە لەسەر دووئاستی سەرەکی؛ یەکەم:دابڕان لەگەڵ قۆناغی شەفەوی زماندا[١٠٧]،دووەم: دابڕان لەبەشێکی زۆری ئاستە سیمانتیکی‌یەکانی زمانی کوردی‌ی پێش فتوحات‌و، بەخشینەوەی وزەی ئیحائی نوێ بەوزمانەی کەلەسایەی ئاینێکی تازەدا پێویستی بەخۆگونجاندن هەیە، ئیتر–بۆنمونە– وشەی ئاگر وەک سیمبولێکی یەزدانی پیرۆز بەشێکی زۆری ڕەهەندە ئیحائی‌و سیمانتیکی‌یەکانی لەدەس دەداو، دەبێتە سیمبولی دۆزەخ‌و، ئاگر پەرستی[١٠٨].لەسەر ئاستی فۆرم‌و ڕیتمی دەرەکی بابەتایەر ئاشنای فەرهەنگی دەوڵەمەندی ئاین‌و زمان‌و کێشی عەروزی– عەرەبی دەبێ، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانبینی وەک سۆفییەکی نیگەران‌و پرسیار کەر دەمێنێتەوە؛ خەون بەوساتەوە دەبینێ دەستی بگاتە چەرخی گەردوون‌و، لێی‌بپرسێ: بۆچی قەدەر بەم جۆرەیە؟![١٠٩]

بەڵام گەورەترین کەلێنی مێژوی شیعری کوردی؛ ئەوبۆشاییە زەمەنی‌یە دورو درێژو ترسناکەیە کەدەکەوێتە نێوان بابەتایەرو مەلای جزیری. چرکەی جزیری سەربەسەردەمێکە کەقوتابخانەی ئیبن عەرەبی‌و سۆفیگەری ئیهتیامی– فیکریی کۆتایی هاتووە، دەروێشایەتی‌و وەلای ڕەها بۆشێخی تەریقەت ڕوویەکی دیاری سۆفیگەری سەردەمەکەیە. بەڵام لەبەرئەوەی حافزو شاعیرانی فارس بەگشتی کاریگەرییەکی ڕۆحی زۆریان لەسەر ئەم شاعیرە هەیە.. ئەندێشەی عیرفانی هەروەکو ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرەکانی دەمێنێتەوە؛ چونکە ئەوبڕوای وایە کەجوانی‌و عەشق لەبنەڕەتدا یەک حەقیقەت بوون، بەڵام دوایی لێک ترازاون‌و، بوون بەدووبەشەوە[١١٠].دەبێ ئەندێشەی عارفیش لەپێناو پێکەوە لکاندنەوەی عەشق‌و جوانی‌دا بێت لەیەک حەقیقەت‌و، لەیەک گەوهەردا.

ئەحمەدی خانی جەمسەرێکی سۆفیگەری‌یە لەسەردەمی دەروێشایەتیدا؛ بەڵام زەمەنی ڕاستەقینەی ئەو.. زەمەنی گەڕانە بەدوای یەکبونی ئەنتۆلۆژیدا. لەدیدی خانیدا یەزدان وەک نوور لەسەر ڕووخسارەکان‌و، وەک ئاگریش لەناو دڵی عاشقاندا تەجەللا دەکا[١١١]. ئەو هێزەشی کەعاشق بەلای مەعشوقدا ڕادەکێشێ هێزێکی ئاسمانی‌یە، عەشقی پاکیزەیی نێوان(مەم‌و زین)یش جۆرێکە لەئیشراقی عەشقی یەزدانی.

ئیفتراب لای نالی دەگاتە ئاستێک..کەدەبێتە ڕەگەزی سەرەکی جیهانبینی ئەوشاعیرە؛ نامۆبوون لەخودو نامۆبوون لەجیهان ئەوئەنگیزە دەرونی‌یەیە.. کەدوالیزمە دەکاتە ڕەگەزی سەرەکی وێنە زەینی‌یەکانی نالی. ئەوللەنێوان پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان‌و،پێوەرەکانی زاتی خۆیدا لەملمانێدایە[١١٢]. لەنێوان ئامادەیی‌و نائامادەیی‌دا ڕۆحێکی نامۆو نیگەرانە:

نالی خەبەری بێ ئەسەری غائیبە، ئەمما!
نالێکی حەزین دێ.. لەموناجاتی سەحەردا[١١٣].

گرنگترین چرکەی شیعری سۆفیگەریی کوردی.. چرکەی مەحویە؛ دنیای ئەم شاعیرە لەدنیای کەم شاعیری سۆفیگەر دەچێ. هەرچەندە زمانی مەحوی لەپووی تەکنیك‌و تەوزیفی ڕیتمی دەرەکی‌و ناوەکی‌یەوە لەژێر کاریگەری شیعری عەرەبی‌و فارسیدایە.. بەڵام لەجیهانبینیدا ئەوخۆی بۆ خۆی جەمسەرێکەو، منارەیەکە لەچۆڵەوانیدا. لەدیدی مەحویدا حەقیقەت لەتراویلکە دەچێ، تاڵی نزیکتر ببیتەوە.. ئەو دوورتر دەکەوێتەوە[١١٤]. مەحوی هەموو پلەکانی تەسامی‌و ئیشراق دەبڕێ، بەڵام ناگاتە پلەی فەنابوون؛ چونکە فەنابوون پوکانەوەیە لەدواوێستگەی حەقیقەتدا.. بۆیە ڕۆحی مەحوی هەر ڕۆحێکی ڕاڕایە، لەهیچ پلەو لەهیچ مەقامێکدا ناگیرسێتەوە.

ئەزموونەکانی سالم، مەولەوی، حاجی، پیرەمێرد.. شایستەی وردبوونەوەو، لەسەر وەستانێکی قوڵن، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێ.. شیعری کوردی لەدوای مەحوی‌یەوە، بەگشتی،توشی قەیرانی دابڕان دەبێ لەئەندێشەی سۆفیگەری ئیهتیامی لەلایەك‌و؛ لەلایەکی‌تریشەوە سانا‌کردنەوەی زمان‌و کورتکردنەوەی وەزیفەی شیعر بۆئیش کردن لەدنیای کێش‌و سەروادا.. شیعر لەئەندێشەیەکی عارفانەوە دەکا بەهونەرێکی میللی، ئیتر شیعری ئاینی‌و وەعز جێی شیعری سۆفیگەری دەگرێتەوە، شیعری تەعلیمی‌و لاسایی‌کردنەوەی غەزەلە کۆنەکانیش.. بۆ نزیکەی سەدەو نیوێك ڕوویەکی دیاری شیعری کوردی دەبێ.

لەشیعری گۆراندا سروشت ئامادەیی‌یەکی بەردەوامی هەیە، کەئەمە ڕەگەزێکی ئەندێشەی سۆفیگەری‌یە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ڕۆمانسیەتی گۆران جیهانبینی ئیهتیامی عیرفانی نیە، بەڵکو ڕۆمانسییەتێکی خۆرئاوایی موتوربەکراو بەڕیالیزمە؛ بۆیە کارلێك‌و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤ‌و نهێنی‌یەکان.. ئەڵقەیەکی ونی شیعری ئەوە.

ئەزموونی ڕوانگەییەکان‌و، شاعرانی هاونەوەی ئەوان، ئەزمونێکی گرنگی شیعری نوێی کوردی‌یە، ڕەهاکردنی وێنە زەینی‌یەکان، تەوزیف کردنی ئەفسانە، بەخشینەوەی وزە ئیحائی‌و مەجازیەکان بەزمانی شیعر.. ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعری ئەم ئەزموونەیە. ڕەنگە (قەسیدەی گینگڵ[١١٥])‌و (خواوشارە بچوکەکەمان)[١١٦]... ئەو دووئەزموونە گرنگەی حەفتاکان بن کەدەکرێ ڕەخنە لەسەریان بووەستێ‌و، ئاستە سیمانتیکیەکانیان کەشف بکا.

گرفتێك کەڕووبەڕووی ئەزمونی بەشێکی زۆری شاعیرانی حەفتاکان دەبێتەوە.. گیرخواردنە لەکێشی تەفعیلەی بڕگەییدا. لەسەر ئاستی جیهانبینیش، نیشتمان‌و ئافرەت، ئامادەییەکی نێگەتیف پەیدا دەکەن، چونکە وەك دوو ئاستی دابڕاو لەگەردوون، دابڕاو لەپرسیارە ئەنتۆلۆژیەکان دەمێننەوە. نیشتمان‌و ئافرەت کاتێ جوانن کەئینتما لەگەڵ شتەبچوکەکاندا بگۆڕنەوە، پرۆسەی بەها بەخشینەوەبەنیشتمان‌و ئافرەت پرۆسەیەکی ناتەواوە گەرلە هەناویدا بەها نەبەخشرێتەوە بەهەموو ئەومەخلوقانەی کەمافی گەردوونی بوونیان لێسەندراوەتەوە.

بەڵام ناکرێ ڕەخنەی تازە لەسەر ئەزموونی "شێرکۆ بێکەس" نەوەستێ؛ چونکە گرنگترین چرکەی ئەم شاعیرە کەلە دووسروودی کێوی‌یەوە دەست پێدەکات.. چرکەی تەقاندنەوەی وزە ئیحائیە خەفەکراوەکانی زمانێکە کەتائاستێکی زۆر کێوی‌و سرکە، بەڵام هێندە تازەیە بۆنی سروشتی لێدێ‌و، وەك کەرووێشکەی گژوگیاش لەشەپۆلدان دایە. بۆیە بەبڕوای ئێمە تەقاندنەوەی وزە ئیحائی‌و مەجازی‌و خۆڕسکەکانی زمانی کوردی کەئەرکێکی گرنگی هەمووشاعیرێکی تازەگەرە، پەیوەستە بەهێنانە قسەی ئاستە خەفەکراوەکانی زمانی سروشتەوە، چونکە زمانی کوردی ئیمتدادی زمانی هیچ شارستانیەتێکی ناوچەکە نیە، بەڵکو تەنها ئیمتدادی سروشتە.

ئەندێشەی عیرفانی ئەڵقەیەکی ونی ئەزمونی حەفتاکانە، چونکە ئەم ئەندێشەیە پێش ئەوەی لەفەزای زماندا خۆی نمایش بکا.. دەخوازێ لەقۆناغی یەکەمیدا لەبازنەی جیهانبینی‌و، فەزای وێنە زەینیەکاندا بخەملێ‌و، پاشان لەقۆناغێکی تردا تەرجەمە بکرێ بۆزمان، واتە بەرلەوەی شاعیر گەمە لەزماندا بکا، دەبێ خاوەنی پاشخانێکی ئەندێشەی عیرفانی بێت.

لای هەندێ لەشاعیرانی هەشتاکان ئەزمونی سۆفیگەری دەبێتە ڕەگەزێکی ئەندێشەی شاعیرانە..

بەلام ئەزموونێکی شەرمنەو، لەڕووناکیدا خۆی نمایش ناکا، هەر وەك لەئەزموونی شیعریی جەمال غەمباردا بەدی دەکرێ[117]. بەلام ئەزمونێك کەشایستەی لەسەر وەستانە.. ئەزمونی محەمەد عومەر عوسمانە. ئەم شاعیرە خاوەنی جیهانبینییەکی تراژیدییەو، خەون بەتەجەللای نوورو ڕەهابوونی ڕۆحەوە دەبینێ[118]؛ بەلام دواجار پابەندبوونی بەفۆرمێکی دیاریکراوەوە.. کرانەوە گەورەکان بەسەر ئیشراقی زماندا دەکوژێ. ئەزموونی ئەم عارفە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەئەزموونی مەعەڕیی دەچێ، کەلەسەر ئاستی جیهانبینی یاخیو، لەپابەندبوونیشدا بەفۆرمەوە موحافیزەکارە.

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە.. دوای ئەوەی ئامادەیی(نیشتمان) لەناو زمانو دەقدا بەرگێکی تازە دەپۆشێو، ڕووبەرێکی فراوانی ئاخاوتنو زمانی ئیستهلاکی ڕاگەیاندنە زۆرو زەوەندەکان داگیر دەکا.. ئیتر نیشتمان خۆی بۆخۆی ئامادەییەکی ڕۆتینیی ڕۆژانە پەیدا دەکا، کەپێویست ناکا وەك هێماو ئەفسانە ڕووبەری دەقەکان داگیر بکا. بۆیە ئەندێشە تازەکان، جیهانبینی نەوەدییەکان ئاڕاستەیەکی دیکە وەردەگرێ. لە(گوناهو کەرنەڤاڵ)دا.. بەختیار عەلی نیشتمان بەوجۆرە نابینێ کەپێشتر لەشیعری کوردیدا وێنا کراوە، ئەولەجوغزی نیشتماندا، تەنها هەڵۆو قارەمانە ئەفسونیەکان نابینێ، بەڵکو مرۆڤە مەمسوخەکان، ئەو ڕیشۆڵانەش دەبینێ کەگەروی کەناریان لێسەندراوەتەوە. ئەو تەنها داربەڕووە ڕەسەنەکان نابینێ کەڕەگیان لەسەرخاکی نیشتمان داکوتیوە، بەڵکو ئەودرەختانەش دەبینێ، کەکراون بەداری سێدارە[119].

ئاسۆکانی بەردەم شیعری کوردی، لەئێستاو ئایندەدا، ئاسۆی کراوەو فراوانن؛ چونکە ئەم شیعرە ڕەسەنایەتییەکی عیرفانی لەڕابردوودا هەیەو، توانای کرانەوەیەکی گەورەشی بەسەر زماندا هەیە. ڕەنگە زمانی کوردی تازەترین زمانی جیهانی بێت، کەبەشێکی زۆری ئاستە سیمانتیکیو ئیحائییەکانی بەخەفەکراوی‌و، بێدەسکاری مابێتنەوە.

تاجیهانبینی فراوانتر بێ،.. زمانی کوردی‌و، هەرزمانێك کەلەسەرئاستی فۆنۆلۆجی تەنها لەژمارەیەك پیتی دیاریکراو پێك دێت، توانای کرانەوەی بەسەر خۆی‌و جیهاندا فراوانتر دەبێ. هەربۆیە زمان لەو گورزە ڕووناکی‌یە دەچێ کەبەبەردەوامی بەهای تازە بەشتەکان دەبەخشێو لەبەخشینیش ناکەوێ.

چەند ئەنجامگیری‌و تێبینی‌یەك

١)هەرچەند شیعرو سۆفیگەری، دووئەزموونی جیاوازی مرۆیین، شاعیر کەسێکەو سۆفی کەسێکی‌ترە؛ بەڵام لەئەندێشەو گەشتە ڕۆحانیەکانیاندا لەیەکدی دەچن.. ئەمەش سڕڕی ئەوپەیوەندییە بەهێزو دیالیکتیکییەی نێوان فەلسەفەو شیعرو عیرفانە.

٢)پەی بردن بەسەرچاوەی وزە سیمانتیکی‌و ئیحائییەکانی زمان، دەسەڵات شکان بەسەر تەرجەمەکردنی وێنە زەینی‌یەکاندا بۆ زمانی شیعر.. کەبەئیشراقی وێنە، یا ئیشراقی زمان ناومان برد.. تاڕادەیەکی زۆر لە قۆناغی تەجەللاو بریسکانەوەی توانازەینی‌یەکانی سۆفی دەچێ، بۆیە موتوربەکردنی جیهانبینی شیعریی بە ئەندێشەی سۆفیگەری.. شاعیری گەورەی وەك مەولاناو، ئیبن فارض‌و، مەحوی بەرهەم دێنێ.

(٣) مەرگی شاعیر ئەوکاتەیە کە وێنەو عیبارەتە مەئلوفەکان دووبارە دەبنەوە، چونکە لەگەڵ هەموو دووبارەبوونەوەیەکدا ڕووبەرێکی بریسکانەوەی ناوەکی دەق خامۆش دەبێ. بەڵام مەرگی سۆفیگەری ئیهتیامی گەیشتنە بە پلەی یەقین‌و فەنا بوون لەناو حەقدا؛ چونکە ئیتر وەك جەمسەرێکی کارلێك لەگەڵ جیهاندا پەیوەندی نامێنێ.

(٤) ڕۆچوون لەشەتەحدا ڕۆچوونە لەمیتافیزیکدا.. هەموو ڕۆچوونێکیش لەمیتافیزیکدا مایەی پوکانەوەی وێنە زەینی‌یە زیندووەکانە؛ چونکە وێنەی زەینی چی‌یە؟ جگە لەوێنە زیندووەکانی یادەوەری‌و، سەرلەنوێ گرێدانەوەیان لەوێنەی تازەدا.

بۆیە مەرج نیە شەتەح درکاندنی سۆفی لە پرسیاردرکاندنی شاعیر بچێ؛ چونکە شەتەح تا ئاستێکی زۆر ڕاستەو خۆیە.. بەڵام بەپێچەوانەوە پرسیار تا قوڵ تر ببێتەوە ڕستە تەمو مژاوی تر دەبێ. لەڕووی تەکنیکی‌ی بنیاتی شیعریشەوە هەموو

راستەوخۆبوون‌و سانا کردنەوەیەك بکوژی رەگەزەکانی ئیستعارەو مەجازو زۆربەی وزە ئیحائییەکانە.

(٥)هەرچەندە خەونی شاعیرو نووسەرو ئەندێشەمەندە داهێنەرەکان لەدوا وێستگەدا خەونە بە ئازادیی جەستەیی ئینسانەکانەوە، بەڵام زۆربەی داهێنەرە گەورەکانی جیهان لەئەزموونی تایبەتی خۆیاندا زیاتر لەسۆفی چوون‌و؛ گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز لە تەسامی.. کە ئیتر خەونە زاتی‌یەکانیان بووە بەخەونی گەردوونی.

(٦)زمان، لەسەر ئاستە بیستراوەکانی، ئامادەیی‌و هەژموونێکی گەورەی لەشیعری عەرەبیدا هەیە، کە سەرچاوەکەی هەژموونی سیستمی بەیانگەری‌و، بااڵدەستی‌ی ئەو گوتارە رەخنەیی‌یەیە کە زمانی بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئیعجازی بەاڵغی‌ی قورئانی پیرۆز تەماشاکردووە. هەرچەندە ئەم بااڵدەستی‌یەی ئاستی بیستراوی زمان.. شیعری عەرەبی‌ی لەسەر ئاستی ریتمی دەرەکی زۆر دەوڵەمەند کردووە.. بەاڵم رەنگدانەوەی نێگەتیڤی لەسەر ئاستی زەینی شیعر بەجێ هێشتووە[١٢٠]. هەربۆیە ئەزموونی سۆفیگەری کە زمان دەکا بەئامرازێکی تەرجەمەکردنی تەجەللا زەینی‌یەکان.. نەیتوانی درزێکی ئەوتۆ بخاتە دیواری سەختی یاسا بەاڵغی‌و عەروزییەکانەوە.

(٧)سەرەڕای گواستنەوەی ئەم کێشەیە بۆ ئەدەبیاتی فارس‌و کورد، سەرەڕای پەنابردنی شاعیرانی فارس‌و کورد بۆ یاساو جوانکاری‌یە بەاڵغی‌و عەروزییەکان، بەاڵم لەسایەی ژینگەی ڕۆشنبیری‌و کۆمەاڵیەتی تایبەتی ئەو دو نەتەوەیەدا میراتی ڕۆحانی عیرفانی وەك پاشخانێك لەجیهانبینی زۆربەی شاعیرەکاندا مایەوە.

(٨) لەکاتی هێنانە قسەی ئاستە سیمانتیکی‌و ئیستاتیکییەکانی ئەزموونی سۆفیگەری لە شیعردا.. دەبێت ئاگاداری باکگراوندە میژوویی‌و مۆرالی‌و فیکرییەکانی ئەو ئەزمونەبین. بەاڵم هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی کاڵسیکیمان لەبەردەستدا نیە هێندەی میتۆدە ڕەخنەییەکان ئەمڕۆ توانای کەشف کردنی ئیشراقی رابردوویان هەبێت.

دەقە زیندووەکانی رابردوو تا کۆنتربن بەپێوەری زەمەن، بەپێوەرەکانی ڕەخنەی تازە لەیادەوەریدا ئەفسوناوی تر دەبن.. چونکە هیچ کاتێك فەزای ئەفسانەو خەون ڕەهەندێکی هەنووکەیی نیە؛ هەرچەندە ئێمە ئەفسانەو خەون لەئێستادا دەبینین، بەاڵم ئەفسانەکان هەمیشە مەخلوقاتی رابردوون‌و، خەونەکانیشمان هەمیشە خەونن بەئایندەوە.

(٩) لەکاتی هەرگەشتێکی ڕەخنەیی‌یدا بەناو دەقەکانی رابردووداـ. دەبێ جیهانبینیمان جیهانبینی‌ی ئەمڕۆ بێت. هەرچەندە لەئەدەبیاتی ئێمەدا شیعرو ئەندێشەی سۆفیگەری میراتێکی ڕۆحانی‌و مۆرالی گەورەی کەلتوری ئیسالمی لە پشتە. بەاڵم ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە دەبێ خوێندنەوەی ئێمەش بۆ ئەو میراتە خوێندنەوەیەکی ڕۆحانی دوور لە ئەنجامگیری ئەقاڵنی بێت. چونکە دواجار ئەرکی ڕەخنە بەخشینەوەی پاساوی لۆژیکی‌یە بەوکایانەی کە یاسا لۆژیکی‌یەکان حوکمیان ناکا.

* * *

کارەساتە، گەر لەواقعی ئەمڕۆی ڕۆشنبیری کوردیدا ئاگامان لەچرکە ڕووناکەکانی شیعری کاڵسیکی کوردی‌و، کەلەپووری ڕۆحانی دەوڵەمەندی ئیسالم نەبێت، ئەو کەلەپووەی کە لەنائاگایی بەکۆمەڵی هەموماندا ئامادەیی‌یەکی بەردەوامی هەیە. چونکە ئیشراقی وێنە، بریسکانەوەی وزە ئیحا بەخشەکانی هەرزمانێك پێویستی بەگەڕانەوەی بەردەوام هەیە بۆ سەرچاوەکان، پێویستی بە بەخشینەوەی گەرمایی هەیە بەخانە خەفەکراو و چەپێنراوەکانی نائاگاییمان.

بەاڵم لەوە کارەساتتر، گیر خواردنمانە لەجوغزی رابردووداـ. چونکە رابردوو هەمیشە ڕەسەن نییە، رابردوو یەك رابردوو نیە، زیاتر لەرابردوویەك نائاگاییمان جڵەو دەکا. رابردوو هەمیشە رابردووی ئیشراق‌و ئەندێشەی مۆرالی نیە؛ بەڵکو لەکاتێکدا کە رابردووی (مەولاناو، ئیبن عەرەبی‌و، سەهرەوەردی..)یە، رابردووی موکەففیرو جەللادەکانیشیانە.

پەراوێزەکان:

(١) دەربارەی تایبەتمەندیيە فۆنۆلۆجی‌و مەجازیەکانی زمانی عەرەبی، بڕوانە: الموسوعة العربية الميسرة. (القاهرة: دار الشعب، ١٩٦٥)، ص ١٥٥٩. هەروەها: أدونيس، ديوان الشعر العربی. (دمشق: دار المدی، ١٩٩٦)، ج١، ص١٥.

(٢)بڕوانە: د. محمد عابد الجابری، بنية العقل العربي دراسة تحليلية نقدية لنظم المعرفة في الثقافة العربية. (ط٣، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٠)، ص٧٥.

(٣)دەربارەی ئەم دیاردەیە لەمێژوی ئەدەبیاتی فارسدا، بڕوانە: د. ذبيح الله صفا، تاريخ أدبيات ايران، (چـ ٤، تهران: انتشارات ققنوس، ١٣٧٤)، ج ١، ص١٩٥.

(٤)قدامة بن جعفر، نقد الشعر. ت. كمال مصطفى. (بغداد: مكتبة المثنى، ١٩٦٣)، ص١٥.

(٥)دەربارەی فەساحەتی وشەو ئاخاوتن، بڕوانە: أحمد الهاشمی، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع. (ط ١٢، المكتبة التجارية الكبرى، ١٩٦٠)، ص ٢٢،٧.

(٦)سەبارەت بە ئاراستەی فیکریی‌و رەخنەیی بیریارو رۆشنبیرە موسڵمانەکان، بڕوانە: د. إلفت كمال الروبي، نظرية الشعر عند الفلاسفة المسلمين من الكندي حتى ابن رشد. (ط١، بيروت: دار التنوير، ١٩٨٣)، هەروەها د. جابر عصفور، مفهوم الشعر دراسة في التراث النقدي، (المركز العربي للثقافة والفنون،١٩٨٢).

(٧)ئاماژەیەکە بۆ ئایەتەکانی (٢٢٤-٢٢٧) لەسورەتی (الشعراء): "و الشعراء يتبعهم الغاون. الم تر انهم في كل واد يهيمون. وانهم يقولون مالا يفعلون. إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وذكروا الله كثيراً..".

(٨)د. ضياء خضير، مكانة المتلقي في منهج الادب المقارن، مجلة الموقف الثقافي. العدد ١٩، ك٢-شباط ١٩٩٩، ص٦٥.

(٩)هەمان سەرچاوە، ل٦٤.

(١٠)فاضل ثامر، من سلطة النص الى سلطة القراءة. الفكر العربي المعاصر، ٤٨-٤٩، شباط ١٩٨٨، ص٩٢.

(١١)حسين مروة، النزعات المادية في الفلسفة الاسلامية. (بيروت: دار الفارابی، ١٩٨٥)، ج ٢،ص١٥٠.

(١٢)بڕوانە: الموسوعة العربية الميسرة، ص٥٢٥.

(١٣)هادي العلوي بڕوای وایە کە لەزەمانی دەروێشایەتی عوسمانیدا سۆفیگەری رۆمانسی- فیکری وردە وردە بەرەو پوکانەوەو لەناوچوون رۆیشتووە. بڕوانە: هادي االعلوي، مدارات صوفية تراث الثورة المشاعية في الشرق. (ط١، مركز الأبحاث والدراسات الإشتراكية، ١٩٩٧)،ص٢٥٠.

(١٤)شەتەح (الشطح) لە فەرهەنگی سۆفیگەریدا: بریتییە لە عیبارەتێك کە سۆفی بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی یەزدان، لەکاتی وەجدو کەفو کوڵی عەشقی یەزدانیدا دەیدرکێنێ. لەمبارەیەوە بڕوانە: د. عبد المنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية. (بيروت: دار المسيرة،١٩٨٠)،ص ١٤٠.

(١٥)دەربارەی فەلسەفەی شوبنهاوەر لەمبارەیەوە بڕوانە: ول ديوارت، قصة الفلسفة. ت: فتح الله محمد المشعشع. (ط ٤، بيروت: مكتبة المعارف، ١٩٨٢)، ص٤٣٦.

(١٦)لەم بارەیەوە بڕوانە: طراد الكبيسي، مقدمات في الشعر السومري، الأفريقي، الصوفي، (بغداد: مديرية الثقافة العامة،١٩٧١)،ص١٩٥.

(١٧)ئاماژەیە بۆ ئایەتی (٣١) لەسورەتی (البقرة): "وعلّم آدم الأسماء كلها".

(١٨)بڕوانە: غيورغي غاتشف، الوعي والفن. ت: نوفل نيوف (الكويت: دارالمعرفة، ١٩٩٠)، ص٤٣.

(١٩)بڕوانە: حسين مروه، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣-٧٥، پەراوێزی ل٧٥.

(٢٠)برومسیۆس: ئەو قارەمانە ئەفسانەییەیە کە ئاگری چنگ کەوتووە. بڕوانە: الموسوعة، ص٣٦٢.

(٢١)عدنان حسين العوادي، الشعر الصوفي. (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة،١٩٨٦)،ص٢٦.

(٢٢)کرشنا مورتی، نارضایی خلاق. ت: مرسده لسانی. (تهران: انتشارات بەنگار، ١٣٧١)،ص٢١٣-٢١٤.

(٢٣)هادي العلوي، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١٥.

(٢٤)هەمان سەرچاوە، ص٢١٤.

(٢٥)هەمان سەرچاوە، ص٣٤-٤٥.

(٢٦)ئەم دوو بەیتە لەغەزەلی (٤٢٦)ی حافزی شیرازی هەڵبژێردراوە، فارسییەکەی:

بياتا گل برافشانم‌و می درساغر اندازيم
فلك راسقف بشكفانيم وطرح نو دراندازيم
صبا خاك وجودما بدان عالی جناب انداز
بود كان شاه خوبان رانظر بر منظر اندازيم

سەرچاوە: شرح سودی بر حافظ. (چـ ٥، تهران: انتشارات نگاه- زرين،١٣٤٤)، ج٣، ص٢٠٤٦-٢٠٤٧.

*ڕوونکردنەوەیەکی پێویست: لەوەڕگێڕانی ئەم دوو بەیتەی حافزو، هەموو ئەو نموونە شیعرییە فارسیو عەرەبییانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون.. تەرجەمەی حەرفیمان نەکردووە، بەڵکو هەوڵمان داوە پارێزگاری شیعریەتی دەقەکان بکەین.

(٢٧)نیکوس کازانزاکی، تصوف منقذو الآلهة. ت: سيد احمد علي بلال، (دمشق: المدی،١٩٩٨)، ص١٨.

(٢٨)لەم بارەیەوە بڕوانە: الوعي والفن، ص ٧٤-٧٥. هەروەها: شوقي ضيف، فصول في الشعر ونقده. (مصر: دار المعارف، ١٩٧٧)، ص٢٨.

(٢٩)لەمبارەیەوە بڕوانە: وليد علمية، الشعر والموسيقى، ضمن كتاب الشعر والفنون. (بغداد: منشورات وزارة الاعلام، ١٩٧٤)، ص٧٨.

(٣٠)کازانزاکی، سەرچاوەی پێشو، ص١٣.

(٣١)کلیات رباعیات حکیم خیام نیشابوری، تهییه وتنظیم: محمد بهشتی، (چـ٢، تهران: انتشارات سعدی، ١٣٦٩)،ص٧٠.

(٣٢)تجديد ذكرى ابي العلاء المعري، طه حسين. (ط ٣، القاهرة: مكتبة المعارف، ١٩٣٧)، ص٢٤٩.

(٣٣)ر. أ. نيكلسون، الصوفية في الاسلام. ت: نورالدين شريبه. (مصر: مكتبة الخانجی، ١٩٥١)، ص١١١.

(٣٤)طراد الكبيسی، سەرچاوەی پێشو،ص١٩٥.

(٣٥)بڕوانە: عدنان حسين العوادي، الشعر الصوفي، ص٢٦.

(٣٦)خەون بینین بەجیهانێکەوە لەجیهانی ئاسایی سەرزەوی نەچێت.. ئەنیشەیەکی کۆنی فەیلەسوفو زاناکانە. پلاتۆ (ئەفلاطون) لەکۆمارەکەیدا خەون بە جیهانێکی نمونەییەوە دەبینێت. (فرانسیس بیکۆن)یش خەونی بەجیهانێکی یۆتۆپی پێشکەوتووەوە

دەبینی کە هەموو کامەرانییەك بۆ مرۆڤ دابین بکات، ناوی لێ نابوو (ئەتلەنتای نوێ). لەفەیلەسوفە موسڵمانەکانیش فارابی خەونی بە (المدینة الفاضلة)وە دەبینی. لەچەرخی تازەشدا زانای فیزیکی گەورە ئەلبێرت ئەنیشتاین لەرێگای خەیاڵدانێکی فراوانەوە چەند یاسایەکی فیزیکی داڕشتووە، بەپێی ئەو یاسایانە رەنگە مرۆڤ لەئایندەدا بتوانێ دەسکاری هەندێ یاسای سروشتی بکار، لەچەبریەتی زەمەنو شوێنی ئاسایی دەربازی بکات.

(٣٧)د. فؤاد زكريا، اسبينوزا. (ط٢، بيروت: دار التنوير، ١٩٨٣)، ص٧١.

(٣٨)و. ت. ستيس، عرفان وفلسفه. (چ٢، تهران سروش، ١٣٦١) ص٢١١.

(٣٩)لەرۆمانی (ژۆربا)ی کازانزاکیدا.. کەسایەتی ژۆربا بەرجەستەبوونی مرۆڤێکە تا ئاستێکی زۆر رۆحانی- ئیباحیەیە، لە کاتێکدا کە پێ لەسەر ئازادبوونی جەستە دادەگرێ، دەکەوێتە بەیوەندییەکی رۆحانیەوە لەگەڵ پاڵەوانی دووەمی رۆمانەکەدا کە زیاتر لەپەیوەندی نێوان عارفو موریدێك دەچێ.

(٤٠)رەخنەگری ئێران (د. سیروس شەمیسا) بڕوای وایە کە سوهراب لەژێر کاریگەری ئەندێشەی کریشنا مورتی دایە. بڕوانە: نگاه به‌سهراب سپهری. (چ٣، تهران: انتشارات مروارید، ١٣٥٢)، ص١٤.

(٤١)سهراب سپهری، شعرزمان ما (٣)، أز: محمد حقوقی (چ ٦، تهران: انتشارات نگاه، ١٣٧٥)، ص١٧٩-١٨٠.

(٤٢)لەمبارەیەوە بڕوانە: کریشنامورتی، مرگ، ت. مرسده لسانی. (چ١، تهران: انتشارات بهنام، ١٣٧٧)، ص٧.

(٤٣)داریوش آشوری، شعر و اندیشه. (چ١، تهران: نشر مرکز، ١٣٧٧)، ص٢٠٨.

(٤٤)ڕۆبەرت شولز دەڵێ: "مۆسیقا کاملترین هونەرە، چونکە ئامازە بۆ هیچ شتێك ناکا، بەرگری لەهیچ شتێك ناکا، بەڵکە بۆ هیچ شتێك ناهێنێتەوە.. ئەو ئەدەبەیشی ئامازەبکاو، بەڵگە بێنێتەوەو، بەرگری بکا.. ئەدەبێکی ناکاملە". بڕوانە: روبرت شولز، السیمیاء والتأویل. ت: سعید الغانمي. (بیروت: المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، ١٩٩٤)، ص٤٨-٤٩.

(٤٥)بڕوانە: فوزی کریم، الإیقاع المترجم ودربة الأذن. مجلة اللحظة الشعریة، العددان ٥-٦، ١٩٩٤، ص٥٥-٥٦.

(٤٦)بڕوانە: ع. پاشائی، از زخم قلب.. احمد شاملو گزینه شعرها وخوانش شعر. (چ٢، تهران: نشر چشمه،١٣٧٥)، ص٣٩.

(٤٧)د. عرفان عبدالمجید، التصوف مشاهدة وصفاء. مجلة کلیة الآداب- جامعة بغداد، العدد (١٥)، ١٩٧١-١٩٧٢، ص٤٤٢.

(٤٨)د. علوي الهاشمي، ایقاع اللون. (بغداد: مهرجان المربد الشعري التاسع، ١٩٨٨)، ص٧.

(٤٩)دیوانی مەحوی، لێکدانەوەی: ملا عبدالکریم مدرس ومحمدی ملا کریم. (بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧)، ل٢٣٠.

(٥٠)د. محمد عابد الجابري، بنیة العقل العربي، ص٣٧٩.

(٥١)هادي العلوي، مدارات صوفیة، ص٢١.

(٥٢)د. محمد عابد الجابری، بنیة..، ص ٢٥٥-٢٥٦.

(٥٣)کارنامه ادبی ایران. (تهران: مطبوعات عطائی، ١٣٦٢)، ص٥٦.

(٥٤)نیکلسون، الصوفیة في الإسلام. ص ١٠-١١.

(٥٥)حسین مروه، سەرچاوەی پێشو، ص ١٨٢.

(٥٦)جیتە، الدیوان الشرقي للمؤلف الغربي، ت: د. عبدالرحمن بدوي. (ط ٢، بیروت: المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، ١٩٨٠،ص٣٨.

(٥٧)ئامازەیە بە دوابەشی رۆمانی "ئازارەکانی ڤارتەر"ی گۆتە.

(٥٨)بڕوانە: رولان بارت، لذة النص- الأعمال الکاملة(١). ت: د منذر عیاشي، مرکز الانماء الحضاري. ص٢٥.

(٥٩)بڕوانە: د. محمد خضرة، مذهب وحدة الوجود عند ابن العربي، المدی، العدد ١٨، ١٩٩٧، ص٣٧.

(٦٠)سەرچاوەی پێشو، ص٤٠.

(٦١)سەرچاوەی پێشو، ص٤١.

(٦٢)ئیبن عەرەبی دەڵێ: " ... والله موجود عند کل تصور، کما هو موجود في خلاف ذلك التصور بعینه" بڕوانە سەرچاوەی پێشو، ص٤٥.

(٦٣)د. عبدالرحمن بدوي، الإنسان الکامل في الإسلام. (الکویت: وکالة المطبوعات، ١٩٧٦)، ص٦٥-٦٧.

(٦٤)بڕوانە سپینوزا، د. فؤاد زکریا، ص٧٦.

(٦٥)بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ص١٢.

(٦٦)ئەم وتەیەی هیگڵ لەبنەڕەتدا لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Hegel: Lectures in the History of philosophg. (Enhlish Trans). P. 257, 258.

بڕوانە: سەرچاوەی پێشو، ل٧٦.

(٦٧)فروغ فرخزاد، تنهایی ماه. گزیده شعرها. (چ١، اهواز: انتشارات به‌نگاه، ١٣٧٥)، ص١٢٧.

(٦٨)عدنان حسین، الشعر الصوفی، ص٣١.

(٦٩)داریوش آشوری، شعر واندیشه، ص٥.

(٧٠)دەربارەی ئەم چەمکە لەرەخنەی (مۆدێرن)دا بڕوانە: مالکم برادبری و جیمس ماکفارلن، الحداثة. (بغداد: دار المأمون، ١٩٨٧)، ص٢٢٩.

(٧١)بڕوانە: هادي العلوي، مدارات..، ص ١٩٢.

(٧٢)بڕوانە: رضا براهني، طلادرمس در شعر وشاعری. (چ١، تهران: نویسنده، ١٣٧١)، ج١، ص١٨١-١٨٣.

(٧٣)آرثور رامبو حیاته وشعره. ت: خلیل خوری. (ط٣،بغداد: منشورات مکتبة التحریر،١٩٨٥)، ص٢٧٩.

(٧٤)هەمان سەرچاوە، ص ٢٨١.

(٧٥)لەمبارەیەوە بڕوانە: أدونیس، دیوان الشعر العربی، ج ١، ص١٥.

(٧٦)سەرەڕای بڵاوبوونەوەی پەخشانە شیعر وەك دیاردەیەکی ئەدەبی لەشیعری عەرەبیدا، بەڵام تا ئێستا بەشێکی زۆری شاعیرانو رەخنەگرانی عەرەب پابەندن بەکێشی تاك پێ (وحدة التفعلیة)و، بەمەرجێکی شیعری دادەنێن.

(٧٧)دەربارەی ئەزمونی ئەبو تەمام بڕوانە: أدونیس، سیاسة الشعر دراسات في الشعریة العربیة المعاصرة. (ط١، بغداد: دار الآداب، ١٩٨٥)، ص١١،٢٣.

(٧٨)محمد رضا مبارك، اللغة الشعریة في الخطاب النقدي، ص ١٣٦-١٣٧.

(٧٩)بڕوانە: د. شوقی ضیف، العصر العباسي الثاني- تاریخ الأدب العربي (٤). (ط٦، القاهرة: دار المعارف)، ص١٠٦.

(٨٠)لەمبارەیەوە بڕوانە: عدنان حسين العوادى، الشعر الصوفي. ص٣٦-٤٢.

(٨١)أدونيس، الثابت والمتحول.. بحث في الاتباع والابداع عند العرب، صدمة الحداثة. (بيروت: دار العودة، ١٩٧٩)، ص٢٦٤.

(٨٢)هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٤.

(٨٣)عبدالرحمن بدوي، طراد الكبيسي ... عن: مقدمة في الشعر الصوفي، ص٨٣. رستەی (شبح الثورة الاجتماعية الحلاجية) لەکتێبی شخصيات قلقة في الإسلام.. وەرگیراوە.

(٨٤)محمد عابد الجابری، بنية العقل العربي، ص٤٨٢.

(٨٥)لەم بارەیەوە بڕوانە: الموسوعة العربية الميسرة، ص١٧٢٠.

(٨٦)ادونيس، عن طراد الكبيسي، مقدمات في الشعر، ص ٢٢٠.

(٨٧)ادونيس، هەمان سەرچاوە، ص٢٢١.

(٨٨)د. عبدالحسين زين كوب، آشنايي بانقد أدبي. (چ ٣، تهران: انتشارات سخن، ١٣٧٤)، ص٣٣٣.

(٨٩)بڕوانە: ذبيح الله صفا، تاريخ ادبيات ايران، ص ١٠١-١٣٢.

(٩٠)الموسوعة العربية الميسرة، ص٩١.

(٩١)بڕوانە: ذبيح الله صفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٩٣.

(٩٢)بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٣-٣٢١.

(٩٣)بڕوانە: عبد االحسين زرين كوب، جستجودر تصوف ايران. (چ٤، تهران: امير كبير، ١٣٦٩)، ص٢٣٨.

(٩٤)هەمان سەرچاوە، ل٢٥٨.

(٩٥)دەربارەی ئەو عەشقەی عەتتار، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٢٥٩.

(٩٦)الموسوعة العربية الميسرة، ص٩٢.

(٩٧)بڕوانە: د. ذبيح الله صفا، تاريخ ادبيات ايران، چ٢، ص٤٦.

(٩٨)الصوفية في الاسلام، نيكلسون، ص٦٧.

(٩٩)دەربارەی فەلسەفەی مۆسیقا لای شوبنهاوەر بڕوانە: فرج عبدالرزاق العنتري، هذه هي الموسيقى في النقد والتاريخ. (القاهرة: مكتبة النهضة) ص ٢٢-٤٥. دەربارەی هەمان فەلسەفە لای فیساگۆرس و پلاتۆ، بڕوانە: نیکلسون، سەرچاوەی پێشو، ص٦٧.

(١٠٠)لەمبارەیەوە بڕوانە: د. ابراهيم الشورابي، أغاني شيراز. (تهران: انتشارات پديده، ١٣٦٢)، ص٤٩.

(١٠١)بڕوانە: جيته، الديوان الشرقي..، ص١١٢. هەروەها مالك مسلماني، غوته. النهج، العدد ١٥، ١٩٩٨، ص٢٢٦.

(١٠٢)بڕوانە: رضا براهني، طلادرمس، ص٨٣.

(١٠٣)فروغ فرخزاد، تولد ديگر. صداى شعر امروز. (چ٢، تبريز: انتشارات تلاش)ص٣٣.

(١٠٤)دەبارەی جیهانی شیعری سوهراب، بڕوانە: سیروس شمیسا، نگاه به سهراب. هەروەها بڕوانە وەلامی رەزای بەراهنی دەربارەی سوهراب، لەکتێبی گفتو شنود با أحمد شاملو، رضا براهنی، بەکوشش: ناصر حریری. کتابسرای بابل، ١٣٦٥.

(١٠٥)ریچارد. ن. فرای، عصر زرین فرهنگ ایران. (چ٣، تهران: مجتمع فرهنگی سروش، ١٣٧٥)، ص١٧.

(١٠٦)عبدالحسين زرين كوب، جستجودر تصوف ايران، ص١٨٧.

(١٠٧)لەمبارەیەوە بڕوانە: مەریوان وریا قانع، رۆشنبیری کوردیو سیستمی عیرفانی، گۆڤاری ئازادی، ژ(٢)، ١٩٩٢، ل٦.

(١٠٨)ئەم تێبینییەم لە بەختیار عەلی وەرگرتووە، ئەمانەتی زانستی دەخوازێ ئاماژەی پێ بدەم.

(١٠٩)ئاماژەیەکە بۆ ئەم چوارینەیەی بابەتایەر:

اگر دستم رسد برچرخ گردون
ازوپرسم که این چونست آنچون
یکی را داده صدر گونه نعمت
یکی را قرص جو آلودة درخون

سەرچاوە: ترانەهای بابا طاهر. وحيد دستگردی، انتشارات جاویدان، ص١٠٥.

(١١٠)جزیری دەڵێ:

حسن وحب ذاتی قەدیمن لێ جودابوون ئوژیەك
لێنها اسم حدوثی حكمت وتفصیل وەبو

سەرچاوە: دیوانا مەلایی جزیری، صادق بهاءالدین، بەغدا: کۆڕی زانیاری، ١٩٧٧)، ل٤٠١.

(١١١)هادی علوی، مدارات..، ص٢٥١.

(١١٢)ئاماژەیە بۆ ئەم بەیتەی نالی:

پێم دەڵێن: مەحبوبە خێڵو قیچە نازی شەڕدەکا
خیلو قیچە؟ یاتەرازوی نازی نەختی سەردەکا؟!

سەرچاوە: دیوانی نالی، ل١٠٨.

(١١٣)دیوانی نالی، ل٨٢.

(١١٤)ئەم خاڵە لەجیهانبینی مەحوی‌دا لەزۆر جێدا هەستی پێ دەکرێ، بۆ نمونە:

نەگەیمە ئەو جوانە گەیمە پیری..
بەئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو..

سەرچاوە: دیوانی مەحوی، ل٨-١٢٨.

(١١٥)ناونیشانی قەسیدەیەکی شێرکۆ بێکەسە لەدیوانی (من تینوێتیم بەگڕ دەشکێ).

(١١٦)ناونیشانی دیوانێکی لەتیف هەڵمەتە.

(١١٧)لەفەرهەنگی وشە شیعرییەکانی جەمال غەمباردا ئەندێشەی سۆفیگەری هەستی پێدەکرێ وەك: خانەقا، خەڵوەت، عەدەم، نەفسی ئەمارە، مەحوی.. هتد.

(١١٨)ئاماژەیە بۆ چەند وێنەیەکی شیعریی (محمد عمر عثمان) لەدیوانی لەغوربەتا.

(١١٩)ئاماژەیە بۆ چەند وێنەیەکی (گوناه و کەرنەڤاڵ).

(١٢٠)کەمال ئەبو دیب کە رەخنەگرێکی ناسراوی عەرەبە بڕوای وایە لەمێژوی شیعری عەرەبیدا هەرکاتێ کێشو سەروا بالادەست بووبێت.. وێنەی شیعریی لەپوکانەوەدا بووە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەرکاتێ کێشو سەروا لاواز بووبێت وێنەی شیعری لەبووژانەوەدا بووە، عن: فخري صالح، قصيدة النثر بحثاً عن معيار للشعرية، مجلة الأديب المعاصر، العدد ٤١، كانون الثاني ١٩٩٠، ص١٠١.

مێژووی وەرگێڕان
لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بیگانە

لە کۆنەوە تا سەرەتای ئەم سەدەیە

د. فەرهاد پیربال
بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی
سەلاحەدین – هەولێر

ئەم لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە، هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی سەرهەڵدانی وەرگێڕان لە **زمانی کوردییەوە بۆ بیگانە**: لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا سەرەتای ئەم سەدەیە، هەروەها دەستنیشانکردنی ڕۆڵی کوردناسە ڕۆژئاواییەکان لەم بوارەدا.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر نەنووسراوە. هۆی ئەوەیش کە ئێمە لە کۆتایی چارەگی یەکەمدا ڕاوەستاوین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم ماوەیە بەملاوە ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسەکان کەمتر دەبێتەوە و ڕۆڵی کورد – خۆی دەست پێدەکات.

گورد و وەرگێران لەدێر زەمانەوە

کۆنترین سەرچاوە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئاماژەی بە وەرگێڕانی زمانی کوردی بۆ زمانێکی بێگانە کردبێت، کتێبەکەی فەیلەسووفی یۆنانی ئێگزێنێفۆنە Exenophon، بە ناوی ئاناباز Anabase، کە ٤٠١ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح نووسراوە. ئێگزێنیفۆن کاتێ دەگاتە ناو کاردۆخەکان Cardouques ئاماژە بۆئەوە دەکا کە چەکدارە یونانییەکان لە ڕێگای وەرگێڕێکەوە قسەیان لەگەڵ کاردۆخەکان کردووە:

ئێگزێنفۆن زمانناسێکی لەگەڵ خۆی برد بۆ لایان، بۆئەوەی شەڕەکە ڕابگرێت و ئاشتی بەرقەرار ببێت. هەروەها داوای لاشە کوژراوەکانیشی لێیان کرد. کاردۆخەکان ڕایانگەیاند کە لاشەی کوژراوەکان بەو مەرجە دەدەنەوە ئەگەر ئەوانیش دەست لە ساووتاندنی خانووەکانیان هەڵگرن [1]، ئەم گەواهیدانەی ئێگزینفۆن چەند گریمانەیەکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

١) کاردۆخەکان، یان کورد، هەر لەو سەردەمەوە زمانێکی تایبەتی خۆیان هەبووە.
٢) کورد لەو سەردەمەشدا، وەک ئێستا، لە ڕێگەی وەرگێڕەوە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا پەیوەندییان کردووە.

٣) زمانی کاردۆخییەکان زمانێکی تا ئەو رادەیە سەربەخۆ و بڵاوبووە کە لای خەڵکی بێگانە (یۆنانییەکان) یان لای نەتەوەکانی دراوسێ (فارس) قسەی پێ بکرێت و تەرجەمەی پێ بکرێت.

دووای ئێگزینفۆن، لە سەدەی دەیەمدا، زانای عەرەب، ئەلتەننووخی، ناوی (لسان الاکراد) ی هێناوە؛ بەڵام بێئەوەی هیچ شتێك لەبارەی وەرگێڕانی زمانی کوردییەوە بڵێت[٢].

لە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی دا (١٥٤٣ –١٦٠٦) هەندێ بەڵگەی پچڕ پچڕ لەبارەی هەندێ لەو فەرماندارە کوردانە هەن دەری دەخەن کە بایەخێکی زۆریان داوەتە گەشەسەندنی لایەنی کلتوری میرنشینەکەیان بەڵام باسی هیچ جۆرە وەرگێڕانێك نەکراوە: نە لە کوردییەوە بۆ بێگانە نە بەپێچەوانەشەوە[٣].

بە هەمان شێوە، رۆژهەڵاتناسی ئیتالی، پیەترۆ دیللاڤاللا، لە ساڵی ١٦١٤ دا، لە بەرگی دووەم، لە لاپەڕە ٨، چاپی ئیتالی، باسی زمانی کوردی دەکا، دەڵێ:

"کوردەکان زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و زمانەکەیان لە زمانی عەرەب و عەجەمی دراوسێکانیان ناچێ. "لەوە زیاتر، باسی وەرگێڕان لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیا ناکا[٤].

کەواتە، دووەم سەرچاوە ئاماژەی بۆ وەرگێڕان کردبێت لای کورد، سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبییە، لە ساڵی ١٦٥٥ دا. ئەولیا چەلەبی دەڵێ:

یەکێك لە هاودەمەکانی سوڵتان مرادخانی چوارەم، کە کوردی دیاربەکر بووە، بە ناوی قاوەچی زادە، بیست زمانی زانیوە. کاتێ بالۆێزی ئوتریش و پۆلۆنیا و چیك و فەرانسە و رووس هاتوون، ئەم قاوەچی زادەیە زۆر بە رەوانی قسەکانیانی تەرجەمە کردووە. کە هەواڵی هاتنی بالۆێزێك دەگەیشتە مرادخان، قاوەچییزادەی وەکو ئەوان دەڕازاندەوە و تەرجەمەی پێدەکرد.

هەروەها ئەولیا چەلەبی، بۆ ناساندنی زمانی کوردی بە تورکان، چەند رستەیەکی کوردیی کردۆتە تورکی. رستەکان زمانی نووسین نین، بەڵکو زمانی قسەکردنن. بایەخێکی ئەدەبیێ ئەوتۆیان نیە، بەڵکو بەڵگەنامەیەکی زمانەوانین:

تۆ کرمانجی وەرە روونێ، سەلامەت هاتە. حال تەچیە. خۆش قلاوێ. هەڕە شوغڵی خۆ.

حەسپی سواربە. وەرە روونە. وەرە خوار. هەڕە ژوور. هەڕە بینە. هەیە نان. هەیە. چ هەیە بینە. مرشك هەیە، بینە. بزانم مرشك. تۆ درۆ دکە. هەیە چەندن. بزانم هەرە بینە. رادێم سەری تەچار تانکم ب سەری میری تە. وەرە. هەڕە رابە. زانم. نزانم. نان. ئاو. گۆشت. هنگوێ. دبس. ترامالە. زیش. هەژیر. پەز. بزن. سێو. ئەسکرك. مێوژ. جویز. شاپك هەیە. فرۆش. فرۆشم. بە چەند فرۆش. چارێك. گۆپاڵ. لکان. تاخوك. خێوەت. چوومە جەزیرێ. کەلەك بەردانێ. بۆچی کلندر تاخورە. ئێرۆ دوو رۆژە. مەکان دوورە. خان عالیشانە. ئی شەو چ شەوە. شەوەکە داری باران دبارێ. شەوی حاجیان. بەژنەك زراو خال خالتە گەوهەر د کۆهان[٥].

بەم شێوەیە، ئەم چەند دێڕە کەمەی نێو کتێبەکەی ئەولیا چەلەبی لە ساڵی ١٦٥٥ دا دەبێتە یەکەم "تێکستێ" وەرگێڕدراو – لە کوردییەوە بۆ زمانێکی بێگانە – کە چاپکرابێ.

کەواتە، لە مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردیدا، مەگەر زۆر بە دەگمەن، دەنا تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم هیچ سەرەتایەکی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ بێگانە و بەپێچەوانەشەوە، بەدیناکرێت. ئەمەش بەپێچەوانەی گەلانی دیکەی وەکو عەرەب، تورك، ئەرمەن و فارس، کە هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە جموجۆڵی وەرگێڕانیان لەلا پەیدابووە.

نەبوونی جموجۆڵی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کۆنماندا لەبەر چەند هۆیەك بووە:

١) گەلی کورد هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و دبلۆماسی و شارستانیی ئەوتۆی راستەوخۆی، لە رێگای دەوڵەتی خۆیەوە نەبووە بە هیچ دەوڵەت و نەتەوەیەکی تر‌ەوە. رۆشنبیر و نووسەرانی گەلی کورد، بەشێوەیەکی ئابڵووقەدراو، لەچوارچێوەی وڵاتی خۆیان نەچوونەتە دەرەوە تا زمانێکی بێگانە فێر بین و لە بایەخی وەرگێڕان و فەرهەنگی وەرگێڕدراوی میللەتان تێبگەن. وەك حاجی قادریش ئەم گازاندەیە دەکات:

یەکتان نەچوونە گەردش، وا تێدەگەن لە دنیا
هەر پادشاهی رۆمە و شاهی عەجەم لە تاران [٦]

٢) کورد دەوڵەتی خۆی نەبووە تا وەزارەت و دەزگاکانی فەرهەنگ و راگەیاندن و خوێندن لە کوردستاندا بایەخ بە "زمانەکە" یان بەم هونەر و چالاکییە بدەن.

٣) کورد، سەبارەت بە پاشکۆیی و زێردەستەیی سیاسی، بە درێژایی سەدە کۆنەکان، زۆربەی جاران بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نووسیویەتی و خوێندوویەتی، ئیدارەکانیش هەر بەم زمانە بێگانانە بوون و زمانی خۆی لێ قەدەغەکراوە. هەربۆیەش دەبینین کتێبێکی وەک شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی (١٥٣٤-١٦٠٦) بە فارسی نووسراوە. جگە لەوەش، کوردناسی ناوداری سەدەی نۆزدەهەم، پیتەر لیرخ، لەم بارەیەوە گەواهیمان بۆ دەدا، دەڵێ:

کوردەکان لە نامەگۆڕینەوەی نێو خۆیاندا زمانی فارسی بکاردەهێنن [٧].

٤) نەبوونی قوتابخانە و چاپخانە لە کوردستاندا، هەروەها لاوازیی ئاستی نووسین و خوێندەواری و ئەدەبیات. حاجی لەم بارەیەوە دەڵێ:

هەر کوردە لە بەینی گوللی میللەت
بێبەهرە لە خوێندن و کیتابەت (٨)

یەکەم قاموووس و کتێبێە رێزمانییەکان

پێش سەرهەڵدانی جموجۆڵی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ بێگانە، لە سەرەتادا چەند فەرهەنگێکی بێگانە - کوردی یان کوردی - بێگانە، بەتایبەتی لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکانەوە، سەرهەڵدەدەن.

ئەم دیاردەیە، کە بە شێوەیەکی فراوان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەبینرێت، بێگومان ناچێتە رێزی کاری وەرگێڕانەوە؛ بەڵکو لەچوارچێوەی زمانەوانی و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگ و زاراوەناسییەوە لێی دەکۆڵدرێتەوە: بەڵام رۆڵێکی باشی هەبووە لە دامەزراندنی بناغەکانی جموجۆڵی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ بێگانە:

١) فەرهەنگی عەرەبی - کوردی بەناونیشانی (تۆبارا بچووکان) نووسراوی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦)، کە لە ١٦٨٢-١٦٨٣ دا نووسراوە بۆ منداڵان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی. هەندێ وشە و دەستەواژەی عەرەبی و وەرگێڕدراوی بۆ کوردی تێدایە [٩]

٢) کتێبە ناوداڕەکەی قەشەی ئیتاڵی، گارزۆنی GARZONI کە ٢٨٧ لاپەڕەیە. بریتیە لە کورتەیەکی رێزمانی کوردی و فەرهەنگێکی ئیتاڵی - کوردی. گارزۆنی لە کتێبەکەیدا هەندێ رستە و گفتوگۆ و دەستەواژەی کوردیی وەرگێڕاوە بۆ ئیتاڵی، بەتایبەتیش لە لاپەڕەکانی ٦٢-٧٤ دا، ئەم تەرجەمانە بۆ ڕوونکردنەوەی رێزمانی کوردی کراون بۆ ئیتاڵییەکان؛ بایەخێکی ئەدەبیی ئەوتۆیان نیە. بڕوانە لاپەڕەکانی: ١٧ - ١٨: ژمارەکانن بە کوردی، لاپەڕە ٥٤ - ٦٢: وەرز و ساڵ و حەفتە و ئەندامانی لەشن، لاپەڕە: ٦٢ - ٧٤: هەندێ رستەو گفتوگۆی ڕۆژانەی کوردین تەرجەمەی ئیتاڵی کراون [١٠].

٣) پ. لیرخ: لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێران و خالدێکانی باکووری باوباپیرانیانەوە، بە زمانی ڕووسی، پیترسبۆرگ: ١٨٥٦ - ١٨٥٨، بەشی سێیەم بریتیە لە قامووسێکی کرمانجی - ڕووسی، زازا - ڕووسی [١١].

٤) س. ئەی. فی (مسیۆنێرێکی ئەمریکیە) لە هەکاری ژیاوە، لە ١٨٧٢ دا کتێبێکی رێزمانیی چاپکردووە کە بەشی دووەمی بریتیە لە فەرهەنگۆکێکی کوردی - ئینگلیزی لە ١٢٥ - ١٥٤ [١٢].

بەم شێوەیە، ئەم قامووسانە، ڕۆڵێکی گرنگیان دیوە لە پەرەسەندنی بیری زمانەوانی و دامەزراندنی بناغەکانی جموجۆڵی وەرگێڕان.

وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی

دیاردەی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا، لە سەرەتادا، لە زمانی بێگانەوە بووە (نەک لە کوردییەوە بۆ بێگانە)؛ بەتایبەتیش لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی. ئەمەش لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە: لە ناوچەی هەورامان، کە بەشێک بووە لە میرنشینی سەربەخۆی ئەردەڵان، لەوێ مەڵبەندێکی ئەدەبی دروست ببوو کە بە دیالێکتی گۆرانی دەیاننووسی [١٣].

سروشتی شیعرپەروەریی ناوچەکە و لاساییکردنەوەی خانانی ئەردەلان لە "دەربار" ی شاکانی ئێران بۆ نازپێدانی شاعیران، دوو هۆی سەرەکی بوون بۆ بەرەوپێدانی ئەدەبی کوردی لەناوچەی ئەردەلان و گۆراندا [١٤]. بەشێك لە شاعیران بە فارسی شیعریان دەگوت (وەك: مەستوورە، ئەفسەر، رەونەق). بەشێکی تریش بەرهەمی فارسییان وەردەگێڕایە سەر کوردی (خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کەندۆڵەیی). ئەنوەر سوڵتانی لەم بارەیەوە دەڵێ: وەرگێڕدراوەکان هەرچەندە لە چوارچێوەی دەقە بێگانەکاندا قەتیس دەمانەوە، بەڵام رەنگ و بۆنی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری و بەتایبەت تایبەتمەندیی زمانی کوردییان دەدا و دەوری بەرهەمێکی خۆماڵیان دەگێڕا [١٥].

یەکێك لەو تەرجەمانە و رەنگە سەرکەوتریانیان: خوسرەو و شیرینی نیزامی گەنجەوییە. وەرگێڕانی کوردیی چیرۆکەکە لەلایەن خانای قوبادییەوە (١٦٧٢–١٧٥٤) کراوە. هەردوو بەم شێوەیە، خانای قوبادی بە یەکەمین وەرگێڕی کورد دەژمێردرێت و یەکەم کەسە کە داستان و شیعری بێگانەی (لە فارسییەوە) کردۆتە کوردی.

وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ بێگانە
قۆناغی یەکەم: قۆناغی رۆژهەلاتناسەکان
(سەدەی نۆزدەهەم تا سەرەتای ئەم سەدەیە)

مێژووی تەرجەمەکردنی کوردی بۆ بێگانە بریتیە لە مێژووی بایەخدانی سیاسیانەی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بە کوردستان، بەتایبەتیش بایەخدانی کوردناسە رۆژئاواییەکان، یان رۆژهەلاتناسەکان.

لە مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردیدا، بام تاك و تەرا بەرهەمێکی وەك سەفەرنامەکەی ئەولیا چەلەبی یان چەند لاپەڕەیەکی پەداگۆژیی تەرجەمەکراو لە زمانی کوردییەوە بۆ بێگانە هەشبێت، بەڵام تا سەدەی نۆزدەهەم، هیچ بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی ئەوتۆ لە زمانی کوردییەوە بۆ بێگانە بەدی ناکرێت.

گەلانی ئەورووپا یەکەمین ئەو گەلانەن کە بەرهەمیان لە زمانی کوردییەوە تەرجەمە کردۆتە سەر زمانەکانی خۆیان. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەورووپاییەکان، بەتایبەتیش سیاسی و موژدەگارەکان Missionnaires لە سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە، ویستوویانە، پێش دەسەڵات راخستنی دینی و سیاسیانەی خۆیان بەسەر کوردستاندا، نیشانە و خاسیەتەکانی نەتەوەکەمان بناسن.

بیرکردنەوە لە داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئەورووپاوە، وەك دەزانین، لە سەدەی ١٩ مەوە دەستی پێکرد. بۆیە دەبینین تەرجەمەکردنی بەرهەمە کوردییەکان بۆ سەر زمانەکانی ئەورووپا بە نیازێکی سیاسی بووە.

لە ریزی بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکاندا، ئەورووپاییەکان زیاتر بابەتە زمانەوانی و میللی و فۆلکلۆرییەکانیان هەڵبژاردووە بۆ تەرجەمەکردن. ئەمەش لەبەرئەوەی ویستوویانە لە سەرەتادا کرۆکی نەتەوەکەمان و خاسیەتە نەتەوەییەکانی کورد بدۆزنەوە و دەستنیشانیان بکەن.

ئەم بابەتە زمانەوانی و میللی و فۆلکلۆرییانە، یارمەتییەکی زۆری ئەورووپاییەکانی داوە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی سیما نەتەوەییەکانی کورد لە رێگەی ئەو بەرهەمانەوە دیاری بکەن، لە کۆتاییشدا بناغەیەك بۆ کوردۆلۆژی دابمەزرێنن. رۆژهەلاتناسی رووس، چیخاچێیف، بۆ نموونە، کە لە رێگای دەسنووسەکانی ئەلکزاندەر ژاباوە زانیبووی کورد خاوەنی ئەو ئەدەبە رەسەنەیە؛ لەبارەی ژاباوە دەڵێ:

"لێکۆڵینەوەکانی ئەم رۆژهەلاتناسە بەتوانایە زۆر جێگای سەرنجن، چونکە ئەم تاکە کەسێکە کە لەم رۆژهەدا ئاوا سەرکەوتووانە خەریکی زمانی میللەتێکە، هێندە کەم ناسراوە و هێندەش دێرینە" [١٦].

حاجی قادری کۆیی لەبارەی دەوری رۆژهەلاتناسەکان لە تەرجەمەکردنی ئەدەبیاتی کوردی بۆ زمانە رۆژئاواییەکان، دەڵێ:

مەم و زین و دیوانی شێخی جزیر
گەلێ چاکن بە سەهلی بێننە گیر
ئەم دووانە ئەمێستا تەرجەمەیان
زۆرە حەتتا لەنێو فەرەنگستان

دیوانی حاجی لـ٢٠٩

لە بواری تەرجەمەکردن لە کوردییەوە بۆ بێگانە، ئەگەر فەرهەنگە بێگانە – کوردی، یان کوردی – بێگانەکان بە تەرجەمە لەقەڵەم نەدرێن، ئەوا تەنیا

ئەم تەرجەمانەی خوارەوە شك دەبەین كە شایانی باسكردن بن:

١٦٥٥

چەند رستەیەكی گوردی، بۆ سەر زمانی تورکی

كۆنترین سەرچاوە كەتەرجەمەی زمانی كوردیی كردبێت بۆ زمانێكی بێگانە، بریتیە لە سەفەرنامەكەی ئەولیا چەلەبی لە سالّی ١٦٥٥ دا. ئەولیا چەلەبی بۆ رووندكردنەوەی زمانی كوردان بۆ تورکان، چەند رستەیەكی كوردیی تەرجەمەی سەر زمانی تورکی كردووە.

١٧٨٧

چەند تێكستێكی گێڕانەوەیی، بۆ سەر زمانی ئیتالی، بەرهەمی گارزۆنی (١٧)

كتێبەكەی كوردناسی ئیتالّی، گارزۆنی GARZONI، ٢٨٧ لاپەڕەیە. بریتیە لە كورتەیەكی رێزمانی كوردی و فەرهەنگێكی ئیتالّی – كوردی. لە لاپەڕەكانیدا هەندێ رستە و دەستەواژەی كوردیی تەرجەمەی ئیتالّی كردووە، بەتایبەتیش لە لاپەڕەكانی ٦٢ – ٧٤ دا، ئەم تەرجەمانەی بۆ رووندكردنەوەی رێزمانی كوردی بووە بۆ ئیتالّییەكان. هەروەها چەند تێكستێكی گێڕانەوەیی Narrativ لە لاپەڕ ٦٢ – ٧٤ دا لە شێوەی گفتوگۆی نێوان دوو پیاوی گوندنشینی كورد، لەم كتێبەدا بالّوكراونەتەوە. تێكستەكان بە زمانی كوردی (دیالێكتی كرمانجی) نووسراون و تەرجەمەی ئیتالّیش كراون.

هاوینی ١٨٥٦

"مەم و زینی مەلا مەحموودی بایەزیدی " بۆ زمانی فەرەنسی

مەلا مەحمودی بایەزیدی: چیرۆكی مەم و زین Legende Kurde، بە دیالێكتی كرمانجی، بە دەسخەتی خۆی؛ پاشان لەلایەن ژاباوە خراوەتە سەر ئەلفوبێی لاتینی و تەرجەمەی فەرنسی كراوە، لەگەڵ پێشەكییەك بە.زمانی فەرەنسی بە پێنووسی ژابا لە ١٨٥٦ دا چاپكراوە.

چالّێكی ئەم دەسنووسە لە كتێبخانەی لانگۆ INALCO لە پاریس، هەروەها چالّێكی تریشی لە نامەخانەیەكی پێترسبۆرگ لە رووسیا، پارێزراون (١٨).

١٨٥٧

"چیرۆكەكانی ئەحمەد خانی" بۆ زمانی فەرەنسی

ئەحمەد خانی چوارەمین پاشای میرنشینی بابان لە كۆتایی سالّی ١٨٥٣ دا سەری لە پاریس داوە و میوانی رۆژهەلاتناس، خۆدزكۆ CHODZKO بووە. لەو میواندارییەدا، لە ماوەی سالّی ١٨٥٤ دا، دە تێكست و چیرۆكی بە زمانی كوردی بۆ خۆدزكۆ نووسیوە و لە سالّی ١٨٥٧ دا لەشێوەی نامیلكەیەكدا لەگەڵ تەرجەمە فەرەنسییەكانی، بالّوكراونەتەوە (١٩).

١٨٥٧

تەرجەمەی نالی و شێخ رەزا و باباتاهیری هەمەدانی بۆ زمانی فەرەنسی

بەشی سێیەمی كتێبەكەی خۆدزكۆ CHODZKO بریتیە لە چەند تێبینیەك لەبارەی ئەدەبیی كوردی، لەگەڵ دوو پارچە شیعری كوردیی (چوارین) ی باباتاهیری هەمەدانی، لەگەڵ چەند پارچە شێعرێكی تەرجەمەكراوی نالی و شێخ رەزا.

خۆدزكۆ باسی نالی دەكات، دەڵێ "ئێستا ١٨٥٤ لە دیمەشق دەژیت"، "ئەحمەدی خانیش كۆمەڵە شیعرێكی چاپ نەكراوی هەیە بەناوی مەجموعە" CHODZKO: Etudes philoloques sur la langue Kurde – Di – alecte de Suolemanie, in Journal Asiatique, No, 4Paris; 1857.60 pages.

١٨٥٧-١٨٥٨

میژووی كوردستان، بۆ زمانی فەرەنسی

(تەواریخی جدیدی كوردستان، یان كیتابی تاریخی جدیدی كوردستان) مەلا مەحموودی بایەزیدی لە ١٨٥٧ –١٨٥٨ دا نووسیویەتی و ویستوویەتی لاسایی شەرەفخان بكاتەوە: میژووی كورد و كوردستان لەو شوێنەوە بنووسێتەوە كەشەرەفخان تێیدا بڕاوەتەوە. ژابا تەرجەمەی فەرەنسیی كردووە.

ئەم کتێبەی بایەزیدی نزیکەی هەزار لاپەڕە دەبوو، لە پێشەکییەك و (١١) بەش پێکهاتبوو. سالّی ١٨٦٥، ژابا پێشەکیی ئەم دەسنووسەی لە ئەرزڕۆمەوە بە فەرەنسی ناردە کۆڕی زانیاری رووسی بۆ نرخاندنی. بەداخەوە تا ئێستا سەرەنجامی ئەو دەسنووسە نەزانراوە [٢٠].

کۆتایی سالّانی ١٨٥٠
پەندی پێشینان بۆ زمانی ئەڵمانی و رووسی و فەرەنسی

(ترجما ضرب مثلانه به زمانی کرمانجی) پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردەوارین، بایەزیدی لە کۆتایی سالّانی ١٨٥٠ دا نووسیونی و ژابا رێکی خستوون و وەریگێڕاون و پێشەکیی بۆ نووسیون. رۆدنکۆ، لە سالّی ١٩٦١ دا، بە زمانی رووسی، لە کتێبی (ئەو دەسنووسە کوردییانەی لە لینینگراد پارێزراون)، لە لاپەڕە ٤ دا ئاماژەی بۆ کردووە.

هەندێ لە پەندەکانی ئەم دەسنووسە، لەلایەن کوردناسی رووس، پ.لێرخ تەرجەمەی سەر زمانی ئەڵمانی و رووسی کراون و لە ١٨٥٧ دا چاپکراون [٢١].

١٨٥٨

گورتەی شەرەفنامە بۆ زمانی فەرەنسی

گورتەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی بۆ کرمانجی، بەناونیشانی تەواریخی قەدیمی کوردستان، لە ١٨٥٨ دا، لەلایەن بایەزیدیەوە نووسراوە، پاشان ژابا تەرجەمەی فەرەنسیی کردووە، ئنجا رۆدنکۆ لە مۆسکۆ لە سالّی ١٩٨٦ دا بلاّوی کردۆتەوە [٢٢].

هاوینی ١٨٥٩

"لەیلا و مەجنوونی مەلا مەحموودی بایەزیدی"
بۆ زمانی فەرەنسی

مەلا مەحموودی بایەزیدی: چیرۆکی لەیلا و مەجنوون Legende Kurde، بە دیالێکتی کرمانجی، بە دەسنووسی خۆی نووسراوە، پاشان لەلایەن ژاباوە خراوەتە سەر ئەلفوبێی لاتینی و تەرجەمەی فەرەنسی کراوە، لەگەڵ پێشەکییەك بە زمانی فەرەنسی بە پێنووسی ژابا لە ١٨٥٩ دا بلاّوکراوەتەوە. چلّێکی ئەم دەسنووسە، لە کتێبخانەی لانگژۆ INALCO لە پاریس، هەروەها چلّێکی تریشی لە نامەخانەیەکی پێترسبۆرگ لە رووسیا پارێزراون [٢٣].

١٨٥٩

چیرۆکی (سیابەند و شەمسێ) ی مەلا مەحمودی بایەزیدی بۆ زمانی فەرەنسی

چیرۆکی سیامەند و شەمسێ، بە پەخشان، بە دیالێکتی کرمانجی، نووسراوی بایەزیدییە: ژابا بە هاوکاریی مەلا مەحموودی بایەزیدی کردوویەتییە فەرەنسی [٢٤].

چیخاچێێف ئەم دەسنووسە کوردییەی لەگەڵ وەرگێڕدراوە فەرەنسیەکە و نووسینەوەی بەپێتی لاتینی، لەگەڵ پێشەکییەك بە زمانی فەرەنسی لە سالّی ١٨٥٩ دا بلاّوکردۆتەوە [٢٥].

١٨٦٠

چل چیرۆکی مەلا مەحموودی بایەزیدی بەناونیشانی "ریسالەتی حەکایەتان" بۆ زمانی فەرەنسی

مەلا مەحموودی بایەزیدی: ریسالەتی حەکایەتان Recueil de Notices Recits Kordes، چل چیرۆکی کوردییە بە دیالێکتی کرمانجی. ئەم بەرهەمە، کە دەبێتە یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بە کتێب چاپکراو لە میژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، لەلایەن ئەلکساندەر ژاباوە تەرجەمەی فەرەنسی کراوە و هەرخۆیشی لە سالّی ١٨٦٠ دا لە سانت پیترسبۆرگ بە زمانی کوردی و فەرەنسی لەگەڵ پێشەکییەك بە پێنووسی خۆی بلاّوی کردۆتەوە [٢٦].

١٨٦٠

کتێبەکەی عەلی تەرەماخی بۆ زمانی فەرەنسی

کتێبە رێزمانییەکەی عەلی تەرەماخی، رێزمانی عەرەبی بە زمانی کوردی، (صرف و بعضی اصول لازمە بی تعلیمە بە زمانی کورمانجیە). مەلا مەحموودی بایەزیدی ئەم دەسنووسە لە سالّی ١٨٥٧ دا دەنووسێتەوە؛ پێشەکییەکیش لەبارەی ژیانی دینی و رۆشنبیریی ناو مزگەوتەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و شێوازی دەرس خوێندن

دەنووسێتەوە لەگەڵ کورتەیەک لەبارەی عەلی تەرەماخی.

ژابا کورتەیەکی بابەتەکەی تەرەماخی و پێشەکییەکەی بایەزیدی تەرجەمەی فەرەنسی کردووە و لە ١٨٥٨/٦/١٧ دا ناردوونی بۆ رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی، لێرنهاردت دۆرن؛ پاشان لە ٢/٤/ ١٨٥٩ دا سەرجەم بابەتەکەی عەلی تەرەماخی بۆ دەنێرێ کە بە خەتی بایەزیدی نووسراوەتەوە. پاشان لە کتێبی ریسالەتی حەکایەتان، کە لە ١٨٦٠ دا چاپکراوە. ژابا کورتەی ئەو کتێبەی عەلی تەرەماخی، بە کوردی و فەرەنسی بڵاودەکاتەوە. دەسنووسە بنچینییەکەش، کە بە خەتی بایەزیدی نووسراوەتەوە لە کتێبخانەی ئەکادیمیای زانستیی رۆژهەلاتناسیی لینینگراد پارێزراوە [٢٧].

ناونیشانی دەسنووسەکە بە فەرەنسی ئەمەیە

Gramire Kurde par Ali Teramakhi offert a l Academie Imperial des Sciences a St 0 Petersbourg, par A. JABA.

١٨٦٨

عادات و رسوومانامەی ئەکرادیە بۆ زمانی فەرەنسی و رووسی

عادات و رسوومانامەی طەوایفی ئەکرادیە و ئسوولێ نیزاماتی کورمانجی، بەرهەمی بایەزیدییە، بە دیالێکتی کرمانجی، لە ١٨٥٨ —١٨٥٩ دا بە خەتی بایەزیدی خۆی نووسراوە، لە ساڵی ١٨٦٨ یشدا بە خەتی شەهنەزەر ناوێك نووسراوەتەوە. ژابا تەرجەمەی فەرەنسیی کردووە. رۆدنکۆ لە ١٩٦٢ دا لە مۆسکۆ وێڕای پێشەکییەك بە رووسی چاپی کردووە. تەرجەمەی زمانی رووسیش کراوە لەلایەن رۆدنکۆوە [٢٨].

١٨٨٥

مەم و زینی ئەحمەدی خانێ بۆ زمانی عەرەبی

مەم و زینی ئەحمەدی خانێ، شیعر، بە ئەلفوبێی سریانی، دەسنووسی ژمارە ٨٣. بەرامبەرەکەی: تەرجەمەیەکی خراپی عەرەبیە. لە ١٨٨٥ لە موسڵ نووسراوە. بە بۆچوونی د. کەمال فوئاد، پرۆفیسۆری ئەڵمانی، ئێدوارد زاخاو F.SACHAU ئەم تێکستەی پاراستووە [٢٩].

١٨٨٧

چیرۆکەکانی ئەلبێرت سۆسین و یۆژین پرێم بۆ زمانی ئەڵمانی

زانای سویسری، پرۆفیسۆری بەشی ئیسلامەوانی لە زانکۆی لایبزگ، ئەلبێرت سۆسین (١٨٤٤—١٨٩٩) بە هاوبەشیی پرێم، دوو بەرگ کتێبیان بەناونیشانی کەشکۆڵی کوردی لە ماوەی ساڵانی ١٨٨٧ —١٨٩٠ دا لە سانت پیترسبۆرگ بڵاوکردۆتەوە، گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری و داستانی کوردی بە وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە تێدایە. لەناو ئەو چیرۆکانەدا لاپەڕە ٩٩ تا ٢٧١ بریتیە لە چیرۆکی مەم و زین، پاشان پێکەوە لە ساڵی ١٨٩٨ — ١٩٠١ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییان لەسەر ئەم تێکستانە نووسی و بڵاوکردەوە [٣٠].

١٨٩٩

"محەببەتی مەم و زین" گۆکراوەی هارتمان، بۆ زمانی ئەڵمانی.

مەم و زین، بە پەخشان و شیعرە، بە دیالێکتی کرمانجی. رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی، مارتن هارتمان (١٨٥١—١٩١٩) Martin HARTIMANN کۆی‌کردۆتەوە و لەگەڵ چەند بەیتێکی دیکەی کوردی لە ١٨٩٩ نووسراونەتەوە. ئێستا لە نامەخانەی ئامۆژگای رۆژهەلاتناسیی ئەکادیمیای زانستیی "سۆڤیەت" لە لینینگراد پارێزراون ئەم ژمارەیان پێدراوە لە ریزی دەسنووسەکانی تر: B2514.

ئەم چیرۆکە بە شیعر دەست پێدەکات، دەبێتە پەخشان و دووبارە شیعر، بەم جۆرە تا پەخشان کۆتایی دێ. نزیکەی سێزدە لاپەڕەیەك دەبێت [٣١].

١٩٠٣

هەشت داستان و دوازدە حەکایەتەکەی لۆکۆك، بۆ زمانی ئەڵمانی.

کوردناسی ئەڵمانی ئەلبێرت ڤرن لۆکۆك Von Le Coce، کتێبێکی دوو بەرگیی، لە ساڵی ١٩٠٣ دا لە بەرلین بڵاوکردۆتەوە کە پڕە لە تێکستی جۆراوجۆر بە زمانی کوردیی دیالێکتی کرمانجی ناوچەی زەنجیرلی. بەرگی یەکەم ٧٢ لاپەڕەیە، بەرگی دووەم ١١٨ لاپەڕەیە. نووسەر لە بەرگی

یەکەمدا بیست چیرۆکی کرمانجیی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، بە تەرجومەی ئەڵمانییەوە لە لاپەڕە ١ تا ٧٢ باڵاوکردۆتەوە. شایانی باسە هەندێکیان ناونراوە حەکایەت و هەندێکی دیکەی ناونراوە داستان؛ هەشت داستان و دوازدە حەکایەتن.

بەرگی دووەمی کتێبەکە بریتیە لە ترانسکریپسیۆنی چیرۆك و تێکستە کوردییەکان بە پیتی لاتینی، هەروەها لە لاپەڕە ٧٠ تا ١١٨ دا فەرهەنگۆکێکی بۆ وشە گرانەکان کردووە، بەم شێوەیە: زازایی – کوردیی بابانی – ئەڵمانی.

ئەم داستان و حەکایەتانەی، لەسەر زمانی پێنج مەلا و فەقێی گوندنشینی کوردستانی تورکیاوە وەرگرتووە. نۆباری ئەحمەدی خانی و (مولد النبی) یشی تێدایە کە بەلای ئەوەوە نووسراوی مەلای باتێیە [٣٢].

١٠٩٥

بەیتەکانی رەحمان بەگر بۆ زمانی ئەڵمانی

ئۆسکارمان، کوردناسی ئەڵمانی، لەماوەی سالانی ١٩٠٣–١٩٠٤ لە کوردستان بووە. لە مەڵبەندی مهاباد لەسەر زمانی رەحمان بەگر گۆینده ناوێکەوە چەندین بەیت و چیرۆکی کوردیی بە شیعر و پەخشان تۆمار کردووە و لە بەرلین لە سالی ١٩٠٥ بەچاپی گەیاندووە. بەیتەکان ئەمانەن: قەلای دمدم، مەم و زین، لاس و خەزاڵ، جولەندی، لەشکری، زەمبیل فرۆش، ناسر و مالماڵ، شێخ فەرخ و خاتوو ستی، قۆچ عوسمان، باپیر ئاغای مەنگوڕی، عەلی عاشق،

کتێبی ناوبراو بەناوی توحفەی مظفریەوە لەلایەن هێمنی موکریانییەوە هەڵگێڕدراوەتە سەر رێنووسی ئەمرۆی کوردی و لە بەغدا لە ١٩٧٥ لەلایەن کۆڕی زانیاریی کوردەوە چاپکراوە [٣٣].

١٩٠٩

چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆریی ناوچەی کرمەنشا، بۆ زمانی ئینگلیزی.

میجەرسۆن E,B,SONE چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆریی ناوچەی کرمەنشای A South- ern Kurdish Folksong بە دیالێکتی کرمانشایی کردۆتە ئینگلیزی و لە ١٩٠٩ لە لەندەن لە گۆڤاری شاهانەی کۆمەڵی ئاسیادا باڵاوی کردووەتەوە.

پاشان سەرلەنوێ لە بەغدا لە سالی ١٩١٨ لەچاپی داوەتەوە [٣٤].

١٩١٣

دوو کتێبە پیرۆزەکەی یەزیدییان، بۆ زمانی ئەڵمانی.

پرۆفیسۆر ماکسیمیلیان بیتنەر Maximilian BITTER لە ١٩١٣ لە ڤیەننا هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی یەزیدییانی، بە کوردی و عەرەبی و بە وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە بە ناونیشانی Die heiligen Buecer der Jeziden باڵاوکردۆتەوە.

١٩٢٦

چیرۆکەکانی ناوچەی ماردین، بۆ زمانی ئەڵمانی.

هۆگۆ ماکاس Hugo MACAS لە ١٩٢٦ لە لینینگراد چەند تێکستێکی کوردیی کە بریتیە لە چیرۆك و داستان و پەندی پێشینانی ناوچەی ماردین بەشێوەی کرمانجی، کە هەندێکیانی تەرجەمی ئەڵمانی کردووە، بەناونیشانی Kurddistan Taxte im Kurmandji چاپ و باڵاوکردۆتەوە.

خاسیەتەکانی وەرگێڕان لە قۆناغی رۆژهەڵاتناسەکاندا

بۆ دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکانی ئەم یەکەم وەرگێڕانە چاپکراوانەی پێشکەشمان کردن، ئەم تێبینیانە تۆماردەکەنین:

١) یەکەمین وەرگێڕەکان کە فۆلکلۆر و نووسراو یان تێکستیان تەرجەمەی سەر زمانی رۆژئاوایی کردبێت و هەر خۆیشیان چاپیان کردبێت، کورد نەبوونە، بەڵکو خەڵکێکی بێگانە بوونە، زۆربەی زۆریشیان رۆژئاوایی و خەڵکی ئەورووپا بوونە، واتە: کوردناس و رۆژهەڵاتناس و موژدەگارەکان.

٢) ئەم وەرگێڕە بێگانانە، نووسەر نەبوونە، بەڵکو سیاسەتمەدار و جوگرافیانەاس و دبلۆمات و قونصوڵ و پیاوی دینی بوونە.

– مەبەستیان لە وەرگێڕان مەبەستێکی ئەدەبی یان هونەری نەبووە، بەڵکو مەبەستێکی سیاسی و زانستی – ئەکادیمی و بازرگانی و دینیان هەبووە.

٣) ئەم تەرجەمەکراوانە، زۆریەیان بۆ زمانە رۆژئاواییەکانی وەک فەرنسی و ئیتالی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و رووسی بوونە، تەک بۆ زمانە دراوسێکانی وەک عەرەبی و فارسی و تورکی.

٤) ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوانە زیاتر بریتی بوونە لە فۆلکلۆر و زمانەوانی و ئەدەبیاتی میللیی باکووری کوردستان.

٥) لە باری چەندییەوە زۆر کەم بووە، لە باری چۆنیەتیشەوە تینوێتی پێداویستییە رۆشنبیرییەکانی سەردەمی نەشکاندووە.

٦) هیچ نووسەرێک نەبووە کە خۆی تەنیا بۆ وەرگێڕان تەرخان کردبێت و بە هونەرەکەدا قووڵ بووبێتەوە.

٧) هیچ دەزگا و وەزارەت و بنکەیەک یان تەنانەت گۆڤارێکیش لە کوردستاندا خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان نەکردووە، واتە جموجۆڵەکە بەشێوەیەکی کز و تاک و تەرا بووە. نەبۆتە پرۆژەیەک.

٨) سەبارەت بەوەی ئامانجی ئەم جموجۆڵەی تەرجەمەیە ئامانجێکی زیاتر سیاسی بووە، دەبینین هیچ کاریگەرییەکی نەنووساندووە بەسەر ناوەوەی کوردستان و بەرەو پێشکاندووە.

قۆناغی نوێ

مەبەستمان لە قۆناغی نوێ ئەو قۆناغەیە کە لە ساڵی ١٨٩٨ بەملاوە، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم رۆژنامە بە زمانی کوردی (کوردستان ١٨٩٩ – ١٩٠٢) دەست پێدەکات. ئەم قۆناغە نوێیەش لە ئەدەبی کوردیا، لە ئەنجامی چەند رووداوێکەوە سەری هەڵدا، کە بە دەوری خۆیان کاریان کردە سەر سەرهەڵدانی جموجۆڵی وەرگێڕان. رووداوەکان ئەمانە بوون:

- پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی و رزگاریخوازیی کورد، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیەدا [٣٦].

- دروستبوونی دەیان رێکخراوی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی کوردستان و لە ناوەوە [٣٧].

- بوونی ئینگلیزەکان لە کوردستاندا، بەتایبەتی رۆڵی مێجەرسۆن (حاکمی سلێمانی لە سەرەتای سالانی بیستدا)، کە کوردییەکی تەواوی دەزانی.

- دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە کوردییەکان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رۆژنامەنووسی [٣٨].

- دامەزراندنی یەکەمین قوتابخانە کوردییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری.

- دروستبوونی پەیوەندییەکی شارستانی و کولتووریی بەهێز، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، لەنێوان کوردستان و ئەوروپادا، واتە لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ئەوروپیدا، بەتایبەتی لە رێگای تورکیاوە [٣٩].

رووناکبیرانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە رویان کردبووە ئەستەمبوڵ: محەمەد میهری و مستەفا شەوقی لە سابلاخەوە، مەدوح سەلیم و هەمزە بەگ و سەعید کوردی و خەلیل خەیالی و عەبدوڵا جەودت و برایانی بەدرخان و قەدری جەمیل پاشا لە دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردستانی تورکیاوە، ئیسماعیل حەقی شاوەیس و پیرەمێرد و مستەفا پاشا یامووڵکی و ئەمین زەکی بەگ و سالح زەکی ساحێبقران و مەحموود جەودەت و زێوەر لە عێراقەوە.

گەلێک لەو رووناکبیرانە لە زانکۆکانی قاهیرە و ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ و پایتەختەکانی ئەوروپا خوێندبوویان و بڕوانامەی بەرزیان هێنابوو، یان بەلای کەمییەوە فێری زمانەکانی تورکی و فەرەنسی و ئەڵمانی و رووسی و ئینگلیزی ببوون و ئەو زمانە بێگانانەیان بەکاردەهێنا بۆ وەرگێڕان و تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی.

ئەم رووناکبیر و نووسەرە ئاواره کوردانە، لە ١٩٢٣ بەملاوە، واتە دووای قەدەغەکردنی زمانی کوردی و راوەدوونانیان لەلایەن تورکیاوە، ئەستەمبوڵ و پایتەختە بێگانەکان جێدەهێڵن [٤٠] ووردە وردە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان: ئیسماعیل حەقی شاوەیس، مستەفا پاشا یامووڵکی، سالح زەکی ساحێبقران، حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد، رەفیق حیلمی، ئەمین زەکی بەگ.. بۆ کوردستانی عێراق؛ هەروەها برایانی بەدرخان و عوسمان سەبری و قەدریجان و جگەرخوێن بۆ کوردستانی سووریا، کە لە ساڵانی سی و چلەکاندا قوتابخانەی دیمەشقی لە ئەدەبی کوردیدا دادەمەزرێنن [٤١].

کەواتە، قۆناغی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا، بەوە دەناسرێتەوە کە نووسەر و رووناکبیرانی کورد پەیوەندییەکی راستەوخۆ، لە رێگەی ئەستەمبوڵ و قاهیرەوە، لەگەڵ ئەدەبیاتی رۆژئاوا و شارستانیەتی ئەورووپا دروست دەکەن. رۆڕبەی نووسەر و رووناکبیرانی کورد، لەوانە:

عەبدولڕەحمان بەدرخان، میقداد – مەدحەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، حوسێن حەزنی موکریانێ، ڕەفیق حیلمی، ئەمین زەکی بەگ، گۆران، نووڕەدین زازا ... خۆیان فێڕی زمانە رۆژئاواییەکان (بەتاییەتیش ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی) کردبوو؛ یانیش بەرهەمی هاوچەرخی تورکی و رۆژئاواییان بە زمانی تورکی خوێندبۆوە، بۆ نموونە: سالح زەکی ساحێبقڕان، عەبدولواحید نووری، پیرەمێرد، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، شێخ نووری شێخ سالح، جەمیل سائیب. لەم بارەیەوە، پیرەمێرد، کە لە ماوەی سالانی ١٨٩٧ – ١٩٢٥ دا لە ئەستەمبوڵ – ڕاستەوخۆ لەناو جموجۆڵە ئەدەبییەکەدا ژیاوە، گەواهی دەدات و دەڵێ:

"ئێمە زۆرترمان لەوێوە، لە ئەستەمبوڵەوە، پێگەیشتووین" ، "یەکەم جار لە ئووططە دراوسێی ڕەجایی زادە ئەکرەم بەگ و عوششاقی زادە خالید زیا و حسێن ڕەحمی بووم، ڕەزا تۆفیقیشیان پێ ناساندم" ، "ئیتر کەوتمە بەهەشتی سەروەتی فنوونەوە" ، "ئێواران کە لە ئەستەمبوڵەوە بە واپۆڕ ئەگەڕامەوە بۆ لانەی سەعادەتی خۆم کە ئووططەبوو، وە کە سەروەتی فنوونم لە گۆرگرتەی ئەو واپۆڕی سەر دەریای مەڕمەڕیەدا ئەخوێندەوە، تەئسیری ئەو شیعر و ئەدەبیاتە لە سندبادی بەحری زیاتر ئەیخستمە دەریای خولیاوە" [٤٢].

بەکورتی: کاریگەرێتی کولتووری تورکیا و تەئسیری زمانە رۆژئاواییەکان، لە قۆناغی نوێدا، بە ئاشکرا بەسەر نووسەر و رووناکبیرانی کوردەوە دەردەکەوێت. ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ سەرهەڵدانی جموجۆڵی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە. پێویستە هەر لە سەرەتاشەوە دان بەوەدا بنێین کە بارودۆخی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانە بێگانەکان لە قۆناغی نوێندا بەوە دەناسرێتەوە کە زۆر کز و خاوە، بەتاییەتیش لەچاو چالاکییە ئەدەبییەکانی تر.

رۆژنامەی کوردستان (١٩٠٨/٤/٢٢ – ١٩٠٢) تەنیا ئەم ژمارانەی هەموی کوردییە: (١،٢،٣،٨،٩،١١،١٥،١٦). ژمارەکانی دیکەی، تێکەڵن لە کوردی و تورکی و عەرەبی. لە سەرتاپای ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بەدەگمەن بابەتێکی تەرجومەکراو دەکەوێتە بەرچاو. هۆی ئەمەش، دیارە، ئەوەیە کە تا ئەو کاتەش، نەک تەنیا وەرگێڕان بەڵکو نووسین و خوێندنەوەش بە زمانی کوردی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە قەدەغە کرابوو. جاربەجار تەنیا سەروتارەکان تەرجەمە دەکرانە تورکی.

لە ١٩٠٨ بەولاوە، لە ئەستەمبوڵ، کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەچن. هەندێك لەوانە بابەتی تەرجەمەکراویان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی تێدایە، بەڵام لە کوردییەوە بۆ بێگانە هیچی ئەوتۆ شك نابەین:

ڕۆژنامەی کورد (ئەستەمبوڵ: ١٩٠٨)، کە پیرەمێرد سەرنووسەری بوو، هیچ وەرگێڕانی تێدا نیە، تەنیا بەیاننامەی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی نەبێت (جمعیتك بیاننامەسی) کە پیرەمێرد لە کوردییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی، مەقسوودی کردنەوە و بوونەوەی جەمعیەت لە لاپەڕە ٨ ی ژمارە (١) دا.

عەبدولڵا جەودەت لە لاپەڕە ٨ ی ژمارە ٢ ی گۆڤاری ڕۆژی کورد (ئەستەمبوڵ: ١٩١٣) دا، لە وتاری (اتحاد یولی)، بە زمانی تورکی باس لە بایەخی وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکان دەکات بۆ سەر زمانی کوردی،لە لاپەڕە ٨٢ ی هەمان ژمارەدا، ئەم شیعرەی حاجی قادری کۆیی بڵاوکراوەتەوە کە بۆ یەکەمین جار لەبارەی بایەخی وەرگێڕانەوە نووسراوە، نووسەران هاندەدات تەرجەمە بکەن:

بێگانە بە تەرجومەی زوبانی
ئەسراری گتێبی خەڵقی زانی

هەروەها لە گۆڤاری هەتاوی کورد (ئەستەمبوڵ / ١٩١٤) و لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی (بەغدا ١٩١٨) دا تاك و تەرا بابەتی تەرجەمەکراو دەبینرێن.

ڕۆژنامەی کوردستان (ئەستەمبوڵ: (١٩١٧–١٩١٨)، کە سوورەییا بەدرخان سەرنووسەری بووە، زۆربەی سەروتارەکانی، لە تورکییەوە، تەرجەمە کراونەتە سەر زمانی کوردی. هەروەها هەندێ

جاریش له کوردییه‌وه، ته‌رجه‌مه‌کراونه‌ته سه‌ر زمانی تورکی. وتاریك به زمانی کوردی له لاپه‌ڕه ۲۱ ی ژماره ۳ دا، داخوازیی کردووه که کورد بایه‌خ به وه‌رگێڕان بده‌ن و پێویستیمان به وه‌رگێڕان هه‌یه.

له ماوه‌ی ساڵانی ۱۹۱۸ – ۱۹۱۹ له گۆڤاری ژین دا له ئه‌سته‌مبوڵ، محه‌مه‌د میهری چه‌ند شیعرێکی کۆنی کوردیی ته‌رجه‌مه کردۆته سه‌ر زمانی تورکی، هه‌روه‌ها له ماوه‌ی ساڵانی ۱۹۱۹ – ۱۹۲۰ له گۆڤاری کوردستان دا له ئه‌سته‌مبوڵ، محه‌مه‌د میهری چه‌ند شیعرێکی کلاسیکی کوردیی ته‌رجه‌مه کردۆته سه‌ر زمانی تورکی، بۆ نموونه بڕوانه ژماره‌کانی ۲، ل ۱۹ – ۲۱ (کوردی و جزیری و نالی)؛ ژماره ٤، ل ۳۷ – ۳۸ (کوردی و جزیری)؛ ژماره ٦، ل ٦۹ – ۷۰ (نالی). هه‌روه‌ها مسته‌فا شه‌وقی چه‌ند شیعرێکی خۆی له ژماره ٥ و ٦ ی هه‌مان گۆڤاردا کردۆته تورکی. جگه له‌وه، پیره‌مێردیش، له گۆڤاری (محیط مصور) و (شفق سرخ) دا شیعر و بابه‌تی کوردی ته‌رجه‌مه ده‌کرده سه‌ر تورکی و فارسی.

هه‌روه‌ها له توێی ئه‌و ڕۆژنامه کوردییانه‌ی به زمانی بێگانه ده‌رده‌چوون، تاك و ته‌را چه‌ند بابه‌تێکی ته‌رجه‌مه‌کراو له کوردییه‌وه بۆ بێگانه ده‌بینین. له گرنگترین ئه‌و ڕۆژنامانه:

۱) ڕۆژنامه‌ی حوادث ، که‌رکووك: ۱۹۱۱ – ۱۹۱۸، ۱۳۸ ژماره، نووسه‌رانی: هیجری ده‌ده، زین العابدین کرکوکلی، رفیق حلمی. به عوسمانلی ده‌رچووه.

۲) ڕۆژنامه‌ی نجمه، هیجری ده‌ده و ره‌فیق حیلمی و عبدالقادر خلوصی نووسه‌رانی بوون، له‌پێشدا شکری عبدالاحد سه‌رنووسه‌ری بوو. سوپای بریتانیا له که‌رکووك ده‌ریده‌کرد.

۳) شرق و کوردستان، له ئه‌سته‌مبوڵ له ساڵی ۱۹۰۸ دا ده‌رده‌چوو.

هه‌موو ئه‌م ته‌رجه‌مانه به نیازی ئه‌وه کراون که ناسنامه‌ی ئه‌ده‌بی نه‌ته‌وه‌ییمان بۆ گه‌لی تورك و بۆ خه‌ڵکی بێگانه‌ی تر بسه‌لمێ. ئه‌م نووسه‌رانه‌ش: محه‌مه‌د میهری و خ. مودانی و مسته‌فا شه‌وقی و پیره‌مێرد، به یه‌که‌م وه‌رگێڕه کورده‌کان ده‌ژمێردرێن که شیعری کوردییان ته‌رجه‌مه کردبێته سه‌ر زمانی بیانی.

کۆتایی‌هاتنی جه‌نگی یه‌که‌می جیهان له ۱۹۱۸ دا و دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ت – نه‌ته‌وه له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا، به‌پێی پره‌نسیپی ویلسۆن، کوردستانی دابه‌ش کرده سه‌ر چوار پارچه. گه‌لی کورد له هه‌ر پارچه‌یه‌کدا به‌شێوه‌یه‌کی جیاواز سه‌ودای له‌گه‌ڵ ده‌کرا: له ئێرانی شاهه‌نشاهیدا زمانی کوردی قه‌ده‌غه‌کرا؛ له تورکیا به هه‌مان شێوه، به‌پێی په‌یمانی لۆزان له کوردستانی عێراقدا، له ساڵی ۱۹۲۰ به‌ملاوه، نووسه‌رانی کورد توانییان درێژه به نووسین و وه‌رگێڕان و کاری ڕۆشنبیری بده‌ن؛ هه‌روه‌ها له کۆماری یه‌ریڤان – له یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت، کورده‌کان بۆیان هه‌بوو کاری ڕۆشنبیری بکه‌ن [٤۳].

له ساڵی ۱۹۱۸ دا، کاتێ سوپای ئینگلیز عێراقی داگیرکرد و ئاگری جه‌نگ کۆژایه‌وه، ئینگلیزه‌کان دوو چاپخانه‌یان هێنایه کوردستان، یه‌کێکیان له که‌رکووك و ئه‌وی تریان له سلێمانی دامه‌زراند [٤٤].

مێجه‌رسۆن، که حاکمی سلێمانی بوو، ڕۆژنامه‌یه‌کی به‌ناوی پێشکه‌وتن دامه‌زراند، که بۆ ماوه‌ی دوو ساڵ ۱۹۲۰ – ۱۹۲۲ ڕۆڵێکی باشی له گه‌شه‌سه‌ندنی ته‌رجه‌مه و بڵاوکردنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بیاتی نوێی کوردیدا بینی. له هه‌مان کاتدا خه‌ڵکی هان ده‌دا فێری خوێنده‌واری و زمانه بێگانه‌کان ببن، ئه‌وه‌تا مێجه‌رسۆن له ڕۆژنامه‌ی پێشکه‌وتن دا، که له سلێمانی ده‌رده‌چوو، له ژماره (۱۷) ی ڕۆژی ۱۹۲۰/۸/۱۹ دا ده‌نووسێ:

بۆ زانین ... مه‌کته‌بی "نموونه‌ی سه‌عاده‌ت" کرایه‌وه و ده‌ست کرا به نووسین و گلدانه‌وه‌ی قوتابیان. هه‌موو ڕۆژێ پێش نیوه‌ڕۆ – به سه‌عاتی عه‌ره‌بی – له سه‌عات یه‌که‌وه تا پێنجی پاش نیوه‌ڕۆش له سه‌عات هه‌شته‌وه تا سه‌عات ده، هه‌ئیه‌تی مه‌کته‌ب له مه‌کته‌ب داده‌نیشن؛ قوتابی قه‌ید و ڕاده‌گرن. بۆئه‌وه‌ی مندالّتان هیچنه‌زان ده‌رنه‌چێت و به‌خۆڕایی فێری خوێندن و نووسینی عه‌ره‌بی، کوردی، ئینگلیزی، فارسی گه‌لێ شتی زۆر چاك ببن، مندالّتان با سه‌عاتێ زووتر بنێرن و قه‌یدیان بکه‌ن و له‌م به‌شه باشه بێبه‌شیان مه‌که‌ن.

هه‌روه‌ها له ساڵی ۱۹۲۱ دا، کۆمه‌ڵه‌یه‌کی قوتابیان به‌ناوی (جه‌معیه‌تی هێڤی‌ی جڤاتا ته‌ڵه‌به‌ێن کوردان) که له ساڵی ۱۹۱۰ له ئه‌سته‌مبوڵ دامه‌زرابوو و له ۱۹۱۲ ئێجازه‌ی ره‌سمیی پێدرابوو،

بلاوکراوه‌یه‌کیان چاپکرد به‌ناونیشانی هینکه‌ری زمانی کوردی، که له ئه‌سته‌مبوڵ له چاپخانه‌ی نه‌جمی ئیستیقبال بلاوکراوه‌ته‌وه. ئه‌ندامانی ئه‌م کۆمه‌ڵه‌یه فوئادی ته‌مۆ، مه‌مدووح سه‌لیم، محه‌مه‌د میهری، مسته‌فا شه‌وقی بوون، هه‌موویان زمانزان بوون و توانای ته‌رجه‌مه‌یان هه‌بوو.

"هینکه‌ری زمانی کوردی" نامیلکه‌یه‌کی ٦٥ لاپه‌ڕه‌یی بوو، بۆ فێرکردن و ده‌رسدانه‌وه‌ی زمانی کوردی (هه‌ردوو دیالێکتی سۆرانی و کرمانجی) به زمانی تورکی. پانزه وانه بوو. سیانزه لاپه‌ڕه‌ش ته‌رخانکرابوو بۆ بابه‌تی خوێندنه‌وه، که ئه‌وانیش ته‌رجه‌مه‌ی تورکی کرابوون. له لاپه‌ڕه ٢-٣-٤ دا به هه‌ردوو دیالێکتی سۆرانی و کرمانجی پێشه‌کییه‌ك به ئیمزای هێوی، له‌باره‌ی کتێبه‌که‌و فێربوونی زمانی کوردی نووسراوه، له هه‌مان کاتدا ته‌رجه‌مه‌ی تورکی کراوه..

که‌واته ته‌رجه‌مه لێره‌دا به‌ئامانجی ئه‌وه بووه که زمانی کوردی فێری کورده تورکیزانه‌کان بکه‌ن و به‌س؛ ته‌رجه‌مه تورکییه‌که یارمه‌تیی ئه‌وانه‌ی داوه که زمانی خۆیان نازانن فێری ببن.

هه‌ر له‌و ده‌ورو زه‌مانه‌ی داگیرکرانی سلێمانی له‌لایه‌ن ئینگلیزه‌وه، له‌نێوان ١٩١٩ – ١٩٢٥ دا، یه‌که‌مین وه‌رگێڕی زاره‌کی Interpret مامۆستا ره‌فیق حیلمی به‌شێوه‌یه‌کی ره‌سمی و چاپووکانه رۆڵی خۆی ده‌بینێ له وه‌رگێڕانی کوردی – فه‌ره‌نسی، کوردی – ئینگلیزی، تورکی– فه‌ره‌نسی و به‌پێچه‌وانه‌شیانه‌وه له‌نێوان به‌رپرسه ئینگلیز و کورده‌کاندا. مامۆستا ره‌فیق حیلمی، له لاپه‌ڕه ٨٧ ی به‌شی یه‌که‌می یاداشته‌کانیدا (چاپی به‌غدا: ١٩٨٨) ناوی له‌م کاره‌ی خۆی ناوه (ته‌رجه‌مان Drogman). له‌باره‌ی ده‌سپێکردنی ئه‌م پیشه و کاره‌یشه‌وه، ره‌فیق حیلمی – خۆی له لاپه‌ڕه ٦٩– ٧٠ ی سه‌رچاوه‌ی ناوبراودا ده‌ڵێ:

میجه‌ر نۆئێل که هاته سلێمانی، له‌دکتۆرێك و موهه‌ندسێك به‌ولاوه، که‌سی له‌گه‌ڵ نه‌بوو. هه‌رچه‌ن فارسیی ئه‌زانی به‌ڵام پێویستی به کوردبزانێك هه‌بوو که زمانێکی بێگانه‌ش بزانێ. له‌به‌رئه‌وه‌ی که له‌و ده‌وره‌دا ئینگلیزیزان له سلێمانیدا نه‌بوو و من فه‌ره‌نسیم ئه‌زانی، شێخ مه‌حموود ئه‌مری کرد که من له ته‌رجه‌مه‌دا یارمه‌تیی بده‌م.

ناوبراو له هه‌مان کاتدا ماوه‌یه‌ك، به‌تایبه‌تیش له ٢٠ ی شوباتی ١٩١٩ به‌ملاوه، موته‌رجیمی کاپتن بێل بووه. له به‌شی یه‌که‌می یاداشته‌کانیدا، له لاپه‌ڕه ٧٨–٧٩ ، ٨٢–٨٣ دا ئاماژه به‌مه ده‌کات و سه‌ختیی کاری وه‌رگێڕان رووندەکاته‌وه:

من له‌م هه‌موو پرسین و کۆڵینه‌وه و چه‌نه‌کوتانه‌دا ته‌رجه‌مه‌م له‌سه‌ربوو... چه‌نه و مێشکم بێهێز ئه‌بوو و دڵم ئه‌گوشرا.

هه‌روه‌ها له لاپه‌ڕه ٩٠ ی به‌شی یه‌که‌م و له لاپه‌ڕه ٥١٩ ی به‌شی دووه‌مدا ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌کات که گه‌لێك جاران ته‌رجه‌مه‌ی نووسینیشی بۆ کاپتن بێل و مێجه‌ر نۆئێب و ئه‌وانی دیکه کردووه:

دوو چه‌ندانه‌ی قسه، نامه‌ی ئه‌وم بۆ ئه‌م و ئه‌و و ره‌ئیسه‌کان و هی خه‌لقیشم بۆ بێل ته‌رجه‌مه ئه‌کرد. ئه‌و خۆی نامه‌کانی به فه‌ڕه‌نسی ئه‌نووسی و من بۆم ئه‌کرد به کوردی یا فارسی. ئه‌وانه‌ی له ئه‌هالی و عه‌شایریشه‌وه بۆی ئه‌هات ئه‌مگۆڕی به فه‌ڕه‌نسی.

ره‌فیق حیلمی، که مامۆستای زمانی فه‌ره‌نسی بووه له قوتابخانه ئه‌عداديیه‌کانی پێش هاتنی ئینگلیز، له ساڵانی سیه‌کاندا کتێبێکی فه‌ڕه‌نسیش له‌باره‌ی کێشه‌ی کورد L Iraq et La Societe des Nationd به ناونیشانی خولاسه‌ی مه‌سه‌له‌ی کورد له فه‌ڕه‌نسیه‌وه ده‌کاته کوردی.

له هه‌مان سه‌رده‌مدا کۆمه‌ڵێك رۆژنامه و گۆڤار له‌و ساڵانه‌دا ده‌ستیان کرد به بلاوکردنه‌وه‌ی نووسینی کوردی، ئه‌گه‌رچی هێنده بایه‌خیان به وه‌رگێڕان نه‌ده‌دا، به‌ڵام کاریگه‌رییه‌کی باشیان هه‌بوو بۆ سه‌ر به‌ره‌و پێشه‌وه‌بردنی پێشبینییه ئه‌ده‌بییه تازه‌کان و جموجوڵی وه‌رگێڕان، له‌وانه: رۆژنامه‌ی بانگی کوردستان (سلێمانی ١٩٢٢ و ١٩٢٦)، رۆژنامه‌ی رۆژی کوردستان (سلێمانی ١٩٢٢–١٩٢٣)، رۆژنامه‌ی بانگی حه‌ق (سلێمانی ١٩٢٣)، رۆنامه‌ی ئومێدی ئیستیقلال (سلێمانی ١٩٢٣) [٤٥].

جگه له‌مانه‌ش، رۆژنامه‌ی ژیانه‌وه (سلێمانی ١٩٢٤–١٩٢٤) ده‌وڕێکی باشی هه‌بوو له هاندان و گه‌شه‌سه‌ندنی ته‌رجه‌مه‌کردن. هه‌روه‌ها گۆڤاری دیاری کوردستان، که به تورکی و عه‌ره‌بی و کوردی بڵاوده‌کرایه‌وه، چه‌ندین بابه‌تی ته‌رجه‌مه‌کراوی تێدابوو. ساڵح زه‌کی ساحێبقران (که له ساڵی ١٩٠٣ دا چووبوه ئه‌سته‌مبوڵ و له‌وێ مه‌دره‌سی حه‌ربیه‌ی

تـەواوکردبوو و لـە ١٩٠٦ دا گـەڕابۆوە سلێمانی) لـە ساڵی ١٩٢٥ لە بەغدا بااڵوی دەکردەوە [٤٦].

هەروەها گۆڤاری زاری کرمانجی (رواندز ١٩٢٦–١٩٣٢)، لە ژمارە ٥ دا، لە ١١/ت٢/١٩٢٨، لە لاپـەڕە ٤–٧ دا داوا دەکا کە (کۆمەڵەی تەرجەمە و تەئلیف) دروسـت بێـت؛ هـۆی دووا کـەوتنی ئـەدەبیات و ڕۆشـنبیری کـوردی دەگەڕێنێتـەوە بـۆ نـەبوونی وەرگـێڕان. لـەم بارەیـەوە داخوازینامەیـەک بـۆ (وەزارەتی مەعاریفی جەلیلە) دەنووسێ، دەڵێ:

ڕێگایـەک، بـۆ بـەرزیی عیلـم، لـەم مەنطقەیـەدا گرتنی، ئیجاب دەکا، ئەمانەن:

١) ڕێکخسـتنی (کۆمەڵـەی تەرجەمـە و تەئلیف). دەبێ ئەم کۆمەڵەیە لـە عولەما و زانایانی هـەڵبژێردراو بن، تـاکو دەستوری مەعاریف کتێبان تەرجەمە بکەن. لـە.

لـە ١٩٢٦/٢/١٢ دا، نوێنـەری باڵای بریتانیـا لـە نامەیـەکی نهێنیدا پێشنیاری بـۆ سـەرەک وەزیرانـی عێراق کرد کە نووسینگەیەکی تەرجەمەی کـوردی لـە بەغدا بکرێتەوە، هەروەها تەرجەمەی قانوون و کتێبە قوتابخانەییکان بۆ کـوردی بکرێت. لەئـەنجامدا ئـەم پێشنیارە، بـە سەرپەرشـتیی وەزارتـی مـەعاریف (بەڕێوەبـەری گشـتیی مـەعاریف) جێبـەجێ کـراو لیژنەیـەکی وەرگـێڕان دامـەزرا [٤٧]. لەلایـەکی دیکەشـەوە، وەک ڕۆژنامـەی ژیان، لـە لاپـەڕە ٣ ی ژمـارە ١٩٠، لـە ٥ ی ٨ ی ١٩٢٩ دا پێمـان ڕادەگەیـەنێ: وەزارتـی مـەعاریف ئـەم سـاڵ بیسـت طەلەبـە ئـەنێرێ بـۆ دار الفنونـەکانی ئینگلتـەرە، ئامریکا، بەیروت، میسر، ئەمانە لە فـەننی تەربیـە و تـەعلیم، هەندەسـە، ئـەلکتریک و زراعـەتدا تـەحصیل ئەکەن.

بێگومان، نـاردنی قوتابیانی کـورد بـۆ دەرەوەی وڵات بـۆ خوێنـدن، زەمینـە خـۆش دەکـات کـە لـە داهـاتوودا ڕۆڵـەکانی کـورد فـێری زمـانی تـازە و ڕۆژئاوایی ببن، تەرجەمـە لـەو زمانانـەوە بـۆ کـوردی بکەن.

بەم شێوەیە، لە ساڵی ١٩٢٦ بـەملاوە، هـەوڵێکی شێلگیرانە و ڕەسمی، لەلایـەن حکوومـەت و نوێنـەرە کوردەکانـەوە درا لـەپێناو ئـەوەی زەمینـە خـۆش بکرێت بـۆ بووژاندنـەوەی جموجۆڵـی وەرگـێڕان و فـێربوونی زمـانی بێگانـە و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خوێندەواری.

لەکۆتاییدا پەنجەنومای ئـەوە دەکـەین کـە لـە سـاڵانی ١٩٣٠ بـەملاوە، جموجۆڵێکـی باشـتری وەرگێڕان، لە کوردییەوە بۆ زمانە بێگانەکان، لەلایەن نووسەرانی کورد خۆیانەوە هاتە ئارا.

دیارترین ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە قۆناغی ئـەدەبی نوێماندا بەرهـەمیان لـە زمـانی کوردییـەوە دەخسـتە سـەر زمانـە بێگانـەکان و هـەوڵی دامـەزراندنی بناغەکانی وەرگێڕانیان دەدا ئەمانـە بـوون: محەمـەد میهری، خ. مودانـی، مستەفا شـەوقی، پـیرەمێرد، هیجـری دەدە، زیـن العـابدین کرکوکلـی، سـەعید کـوردی، ڕەفیـق خیلمـی، جـەلادەت بـەدرخان، د. کـامران بـەدرخان، نورەدیـن زازا، محەمـەد عـەلی عـەونی، سـورەییا بـەدرخان، حوسـین حوزنـی موکریانی، محـەمد ئـەمین زەکـی بـەگ، مێجەرسۆن، سەعید صدقی کابن، سالح زەکی ساحێبقران...

ئەنجام

وەرگێڕان لە ئـەدەبی کوردیـا، لـە سـەرەتادا، لـە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی سـەری هـەڵداوە، نـەک لـە کوردییـەوە بـۆ بێگانـە. خانـای قوبـادی (١٦٧٢–١٧٥٤) بە یەکەمین وەرگێڕی کـورد دەژمێردرێت کـە لە فارسییەوە بەرهەمی کردۆتە کوردی.

لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهـەم بـەملاوە سـەرەتایەک لـە جموجۆڵـی وەرگـێڕان لـە زمـانی بێگانـەوە بـۆ کـوردی دەردەکـەوێت، کـە بریتیـە لـە وەرگێڕانی ئینجیل و کتێبە دینییە مەسیحییەکان بۆ سـەر زمـانی کـوردی. لـە هـەمان کـاتدا دەبینـین جموجۆڵێکی پێچەوانـەش لـە بـواری وەرگـێڕاندا، لـە کوردییەوە بۆ زمانە بێگانەکان – بەتایبەتی بۆ زمانە ڕۆژئاواییەکان – لەئارادایە، بەاڵم ئەوەی دووەمیـان، کـە لەلایـەن قونصـول و سیاسـەتمەدار و ئەکادیمیـە کوردناسـەکانەوە دەکرێـت، چـەند ئامـانجێکی سیاسییان لەپشتەوەدا هەبووە و بەئامانجی ئـەدەبی نەکراون.

قۆناغی نوێی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیـدا بـەوە دەناسـرێتەوە کـە نووسـەر و ڕووناکبیرانی کـورد لـە قاهیرەوە، لـە چـارەگی یەکـەمی ئـەم سـەدەیەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ، لـە ڕێگـەی ئەستەمبوڵ و قاهیرەوە، لەگەڵ ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و شارستانیەتی ئـەورووپا دروسـت دەکـەن. زۆربـەی نووسـەر و

رووناکبیرانی کورد خۆیان فێری زمانە رۆژئاواییەکان (بەتایبەتیش ئینگلیزی و فەرنسی و رووسی) دەکەن. ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ سەرهەڵدانی جموجۆڵی وەرگێڕان.

دەتوانین نیشانەکانی وەرگێڕان لەم قۆناغە نوێیەدا بەم شێوەیە دیاری بکەین:

١) لە باری چەندییەوە زۆر کەم بووە، لە باری چۆنیەتیشەوە تینوێتیی پێداویستییە رۆشنبیرییەکانی سەردەمی نەشکاندووە.

٢) زۆربەیان لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، نەک بە کتێب.

٣) هیچ نووسەرێك نەبووە کە خۆی تەنیا بۆ وەرگێڕان تەرخان کردبێت و بە هونەرەکەدا قووڵ بووبێتەوە.

٤) وەرگێڕان نەگەیشتۆتە ئاستی هونەرێکی سەربەخۆ و چالاکییەکی رۆشنبیریی بڵاو.

٥) هیچ دەزگا و وەزارەت و بنکەیەك یان تەنانەت گۆڤارێکیش لە کوردستاندا خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان نەکردووە، واتە جموجۆڵەکە بەشێوەیەکی کز و تاك و تەرا و لەخۆوەیی، تاکەکەسی بووە. نەبۆتە پرۆژەیەك.

٦) بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەم، وەرگێڕەکان کە تێکستیان تەرجەمەی سەر زمانی رۆژئاوایی کردووە، کورد بوونە و نوسەر بوونە: نەك بێگانە و سیاسەتمەدار.

٧) بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەم، مەبەستیان لە وەرگێڕان مەبەستێکی ئەدەبی یان هونەری بووە، نەك مەبەستێکی سیاسی و بازرگانی و دینی.

٨) ئەم تەرجەمەکراوانە، کە زیاتر بریتیبوونە لە فۆلکلۆر و شیعری کلاسیکی کوردی، زۆربەیان بۆ زمانە رۆژهەڵاتییەکانی دراوسێ بوونە: بەتایبەتی تورکی.

سەرچاوەکان:

1) 1)EXENOPHON: Anabase, etbli et traduit par Paul MAS- QUERAY, ed. Societe d edition, Paris: 1967, T.2, Livre IV, 5, 10 et 43.

٢) ئارشاك پۆلادیان: کورد لە سەدەکانی حەوتەم – دەیەمدا، بەپێی سەرچاوە ئیسلامییەکان، یەریڤان: ١٩٨٧،

هەڵسەنگاندنی : د. رەشاد میران، گۆڤاری رووناکبیری، ژ ١، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٢، ل ١١٩–١٢٣.

٣) مارگرێت رۆدنکۆ: ئەدەبی کوردیی سەدەی حەڤدەهەم، رووناکبیری، ژ ١ ستۆکهۆڵم: ١٩٩٢،ل ٧٣.

4) Mierlla GALLETTI: e Kurdistan in opere italiana del XIII- XIX, in Riv. OPIENTO MODERNO, Anno LVII, Nr. 11, Nov. 1978, p. 563-569.

٥) هەروەها میریللا غالیتی: التراث الکردیی فی مؤلفات الایطالیین، ت: د. یوسف حبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا: ١٩٨١، ل ١٣٩و ٢٦٨ و ٢٧٢.

٦) ئەولیا چەلەبی: سیاحەتنامە، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، وەرگێڕانی: سەعید ناکام، لە بڵاوکراوەکانی ک. ز. ک.، بەغدا: ١٩٧٩. ل ٥٧ و ٩٢.

٧) دیوانی حاجی: لێکدانەوەی سەردار میران و کەریم شارەزا، هەولێر: ١٩٨٦.

٨) ژ. س. مووسایلیان: ئا. ژابا و کوردناسی، وەرگێڕانی لە رووسیەوە: شێروان مەحموود محەمەد، رووناکبیری، ١ ٣–٤، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٣، ل ٤١.

٩) دیوانی حاجی: لیکدانەوەی سەردار میران و کەریم شارەزا، هەولێر: ١٩٨٦.

١٠) یوسف ضیاءالدین پاشا الخالدی المقدسی: الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة، استنبول: ١٩٨٣.

11) GARZONI: Grammatica e Vocabulurio della linua Kurda,: Rom: 1787.

١٢) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: رابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردی، بەغدا: ١٩٨٩، باسی ژمارە ٥٧ و ٨٦١ و ٤٢٣ و ٩٠١ و ٩٣٣ و ٩٣٤.

13) S.A. PHEA: Bref gramar and vocabullary of the Kurdish of: hakari. In Journal of the American Oriental Sontal Society, 1872, V, X, No 1, pp. 1180155.

١٤) مارگرێت رۆدنکۆ: ئەدەبی کوردیی سەدەی حەڤدەهەم، رووناکبیری، ژ ١، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٢، ل ٧٣.

١٥) ئەنوەر سولتانی: دەسنووسێکی خوسرەو و شیرین لە کتێبخانەی بریتانیا، گۆڤاری رووناکبیری، ژ ٣–٤، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٣، ل ١٤.

١٦) ئەنوەر سولتانی: دەسنووسێکی خوسرەو و شیرین لە کتێبخانەی بریتانیا، ل ١٤.

١٧) ژ. س. مووسایلیان: ئا. ژابا و کوردناسی، وەرگێڕانی لە رووسیەوە: شێروان مەحموود محەمەد، رووناکبیری، ژ ٣–٤، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٣، ل ٤٥.

18) GARZONI: Grammatica e Vocabulario della lingua,: Rom: 1787.

19) A.JABA: Resume de ; ouverage d Ahmmed Effendi Khani, Tr. Par A, JABA, in

Bulletin Hist. Philologique, LXV, 1858, No 11, p. 1610171.

20) CHODZKO: Etudes philologiques sur la langue Kurde- Dialacte de Suomlemanie, in Journal Asiatique, No4, Paris; 1857. 60 pages.

٢١) د. فەرهاد پیربالّ: مەلا مەحموودی بایەزیدی، گ. رامان، ژمارە (٨)، هەولێر: ١٩٩٧، ل ١٥–٢٠.

٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٣) هـ.س.پ.

٢٤) د. فەرهاد پیربالّ: مێژووی وەرگێڕان لە زمانە بێگانەکانەوە بۆ زمانی کوردی، گۆڤاری (گۆڤارا زانکۆیا دهۆك)، بالّوکراوەی زانستی و ئەکادیمیی زانکۆی دهۆك، دهۆك: ئابی ١٩٩٨، لاپەڕە ٢٣–٣٣.

٢٥) ب. ئا . چیخاچێیف: ئەو نامانەی سەبارەت تورکیان، بە رووسی، مۆسکۆ: ١٩٦٠، ل ٣٧: بڕوانە ژ. س . موسایلیان: ئا. ژابا و کوردناسی، رووناکبیری، ژ ٣–٤، ستۆکهۆلّم: ١٩٩٣، ل ٢٩–٤٥.

26) A.JABA: Ballade Kurde ercueillie et traduite par A. JABA et communiquee par DE TCHITIATCHEFF in Journal Asiatique, Paris: 1859, 5 e Ser., T. XIV, p. 153-166.

27) Alexandre JABA: Recueil de Notices et Recits Kourdes, St. Petersbourg: 1860.

٢٨) پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە گۆڤاری دەفتەری کوردەواریدا، ژمارە ٣، لە مانگی نیسانی ١٩٧٠ دا، لە لاپەڕە ١٤٢–١٤٤ دا، وتارێکی بەناونیشانی (عەلی تەرماخی و دەسنووسەکەی) لەبارەی ئەم دەسنووسە نووسیوە. پاشان لە بەغدا لە سالّی ١٩٧١ دا بە ناونیشانی "دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی" چاپکراوە.

٢٩) د. فەرهاد پیربالّ، ئەلکزەندەر ژابا، گ. ئێستا، سلێمانی ١٩٩٧.

30) Kamal FUAD: Kurdische Handschriften, Weisbaden:

31) PRYM Eugen, SOCIN Albert: Kurdische Sammlungen Erzahlugen und Liden in den Dialekten des Tur Abdin und von Bohtan, St Petersbourg: 1887-1890.

٣٢) هەروەها بڕوانە: عبیدالله ایوبیان: چریکەی کردی، نشریه دانشکده ادبیات تبریز، شماره تابستان، ١٣٤٠. (١٩٦٣).

٣٣) د. مارف خەزنەدار: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقية للطباعة والدعاية، بەغداد: ١٩٨٤، ل ٣٥١–٣٧٦.

34) Le Coq: Kurdische Texte, gesammelt und hrsgb, Berlin: 1903.

35) Die Mundart Der Mukri – Kurden, Kurdische persische For chungen, Pr Oskar MANN, Band 111, T 1, Berlin: 1905.

٣٦) هەروەها بڕوانە: د. فەرهاد پیربالّ: زنجیرەی دەسنوس و تێکستی تازە دۆزراوە، مەم و زین، بەکەم چیرۆکی کوردی، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە (١) هەولێر: ١٩٩٧. لاپەڕە.

٣٧) حامید فرج: گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، گ. رۆشنبیریی نوێ، بەغدا: ١٩٧٤، ل ١١.

٣٨) بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی، وتارەکەی د. جەمال نەبەز، ل ٣٢.

39) Gerard Chaliand, Les Kuedes et Le Kurdistan, pcm, Paris; 1981.

٤٠) عبدالستار طاهر شریف: الجمعیات والمنظمات الكردية، بغداد ١٩٨٩.

٤١) د. فەرهاد پیربالّ: مێژووی بەکەم چاپخانە کوردییەکان، گۆڤاری رابوون، ژمارە ١٠ و ستۆکهۆلّم: ١٩٩٤.

٤٢) د. جەلیلی جلیل: نهضة الأكراد الثقافية، منشورات رابطة كاوه، بیروت: ١٩٩٠.

٤٣) رۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە ٤، س ١٩٢٢ ل ٢–٣.

44) Roger LESCOT: Litterature Kurde, pp. 795-805, in encyclopedia de la pleade, histoire des Littereatures, Vol. 1, ed. Gallimerd, Paris; 1977, p. 903.

٤٥) پیرەمێرد، ژمارە ٨٩٣ و ٩٦٧ ی ژین، سلێمانی، سالّی ١٩٤٧ و ١٩٤٩.

46) Christian More :es Kurdes aujourd hui, 1 Harmattan, Paris 1984.

٤٧) د. کەمال مەزهەر: چمکێك لە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی، لە کتێبی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، بەغدا: ١٩٨٥.

48) C. J. EDMONDS: "A Kurdish newspaper" in Journal of the Central Asian Society, Vol. 12; Part. 1, 1925, p. 83-90.

٤٩) عمر ابراهیم: له یادی رۆشنبیران، کاروان، ژماره ٩٣ ئاداری ١٩٢٢.

٥٠) د. ولید حمدی: الكرد في الوثائق البريطانية، لندن: ١٩٩١، ص ١٩٩.

گەڕان بەدوای شیعردا
گەشتێك بۆ دنیا تایبەتەکەی شێرکۆ بێکەس

محەمەد کوردۆ

دەرگا

شیعر (وەك ئەو نووشتەیەی "عەبدوللا پەشێو" وایە، کەعومری هەزاران ساڵ ئەبێ ئەو نووشتەیەی کە نووح بۆی کردووەو پێی وتووە، ئاگادارە، نەکرێتەوە، کە کرایەوە بەتاڵ ئەبێ).[1]

هەوڵدان بۆ کردنەوەی شیعر هەوڵدانە بۆ بەتاڵ کردنی، (هەموو گەڕانێك بەدوای شیعرا گەڕانە بەدوای خۆڵەمێشا نەك ئاگر).[2]

شیعر ئەفسوونێکە پەی بە هەموو شتێك دەبات و هیچ شتێك ناتوانێ پەیبەو بەرێت لەکۆنەوە بۆچوونێکی وا هەبووە کە (شیعر بڕێك شەریکایەتی لەگەڵ خواوەندێتیدا هەیە)[3].

(متنبی بڕوای بە پێغەمبەرایەتی خۆی هەبووە و – نزار قەبانی –ش بڕوای بە بڕواکەی ئەو هێناوە)[4].

غەزالی وتوویەتی: (شیعر هەندێجار لە قورئان کاریگەرترە)[5].

شیعر بوونەوەرێکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی رەخنەگر، زەمەنی شیعر و زەمەنی رەخنە جودان، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین رەخنە شوێن کەوتووی شیعرە نەك شیعر شوێن کەوتووی رەخنەبێت.

بەرلەوەی (خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی) بەحرەکانی عەروز دیاریبکات، عەرەب شیعریان بەو بەحرانە نووسیوە.

بەرلەوەی بزانرێ بڕگە چیە کورد شیعریان بە بڕگە وتووە.

من پێم وایە وەك چۆن سەعات کات دەستنیشان دەکات و تێگەیشتنی ئێمە بەرامبەر بەو رێك دەخات، وەك چۆن بوونی کات سەعاتی پێویست کردووە نەك بەپێچەوانەوە، رەخنەش هەوڵدانە بۆ رێکخستنی تێگەیشتنەکانی ئێمە بەرامبەر بە شیعر نەك شتێکی دیکە.

لێرەوە من لۆژیکی لایەنگری و دژایەتی رەخنە بۆ خاوەن دەق، رەت دەکەمەوەو سەربەستانە گەشتی خۆم (بەدوای شیعردا) لە دنیا تایبەتەکەی شێرکۆبێکەس دەست پێدەکەم.

دنیای شێرکۆش (وەك ئاشکرایە) دنیایەکی گەورە و فراوان و بێسنوورە، پڕاوپڕە لە ئەفسوون و داهێنان و تایبەتمەندێتی و جوانی و ناشیرینی.

لەو دنیایەدا، وەك چۆن دەیان دەقی زیندوو هەن، هەر ئاوهاش دەیان دەقی مردوو هەن، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە:

(ئەگەر هەموو شەوێك شەوی قەدر بوایە، شەوی قەدریش بێقەدر دەبوو)[6] بەڵام ئەوەی کە بۆ شێرکۆ و بۆ شیعر دەمێنێتەوە تەنها دەقە زندووەکانە، لەبەرئەوە منیش خۆم بە دەقە مردووەکانەوە سەرقاڵ نەکردووە.

دنیا تایبەتەکەی شێرکۆ بێکەس گەشتی گەورە گەورە و جیاواز هەڵدەگرێ، من لەم گەشتەدا باسی ئەو شتانە دەکەم کە توانیویانە چاوم بدزن و کاریگەرییەك لە بیروەریمدا جێبهێڵن.

مەرجیش نیەهەموو ئەو شتانە گەورەبن، چونکە (هەندێ جار) وەکو نەژدای عەزیزسورمێ دەڵێ:

(لەناو ئەو هەموو قەڵشت و بۆشاییەدا
کە دەگونجێ بوومە لەرزەیێ
پێکی هێنابێ
پنتێ سەرنجت رادەکێشێ)[7].

***

ئیحسان عبدالقدوس، لە چیرۆکێکدا دەڵێ:

(کچانی دیمەشق شیعر دەخوێننەوە، لەوێ تەنها شاعیر دەتوانێ گڕ لە سۆزی کچان بەربدات و خەیاڵیان بوورووژێنێ و ئاهیان لە دڵ دەربکات).

ئەمەش دوورنیە هۆی ئەوەبێ کە دیمەشق ئەستێرەی سینەمایی نیە، عمر شریف،و شکری سرحان و رشدی اباظەی نیە، تەنها شیعری هەیە و ئەستێرەکانیشی شاعیرەکانن، من شاعیرم بەڵام بۆ بەدبەختیم لە قاهیرە دەژیم و کچانی قاهیرەش شیعر ناخوێننەوە ئاسمانی قاهیرە جێگای ئەستێرەی شاعیری تیانابێتەوە،

مەحاڵە لای ئێمە رۆژنامەکان شیعرێك باڵاوبکەنەوە، گەر عبدالوهاب ئاوازی بۆ دانەنابێت، کە باڵاویشی دەکەنەوە، رێزگرتنە لە عبدالوهاب نەك لە شاعیرەکە)[8].

بەڵام کورد، کوڕ و کچ و گەورە و بچووکی شیعر دەخوێننەوە، ئاسمانی کورد پڕاوپڕە لە ئەستێرەی شاعیر، لەوانەیە لای کورد هەر گۆرانیەك شیعرێکی جوانی نەبێ نەتوانێ بە خەڵك بگات.

کورد لە مێژووییەکی دوورەوە پەنجەرکانی لێداخراون، دەرگاکانی کڵۆم دراون، کێڵگەکانی بە مەرگ چێنراون، لەو مێژووە دوورەوە کورد شیعری بۆ خۆی کردووە بە پەنجەرە و بە دەرگاو بەژیان.

بەر لە چیا (شیعر) دۆستی کورد بووە.

رەنگە کورد لە هەموو نەتەوەیەکی دی زیاتر قەرزاری شیعربێت.

شیعر هێزی مەزنی پاراستنی کورد و فریشتەی میهرەبانی بووە بۆ کورد لێرەوەیە کە، لە (کۆنەستی کوردا، شیعر بە کۆمەڵێك ئەرکی قورسەوە گریدراوە، ئەوەتا، تاکو ئەمڕۆش زۆرمان گەورەیی شاعیرێکی وەکو شێرکۆبێکەس، بۆ هەڵوێست و بیری نەتەوایەتی دەگەڕێنینەوە.

کە بێگومان ئەمە بۆچوونێکی تاك رەهەندانە و ناتەواوە، بۆچوونێکە ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕەوشتی شاعیرەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە دەق و بە ئێستاتیکای دەقەوە نیە.

بۆچوونێکی لەمجۆرە لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا تەنها دەتوانێ نوێنەری لایەنێك بێت کە لایەنی ڕەوشتە.

ئەمە لە کاتێکدا کە پرۆسەی نووسین و داهێنان پرۆسەیەکی گەورە و بەرفراوان و بە لقو پۆپە، کورتکردنەوەی لە هەر خاڵێکدا (هەرچەندە ئەو خاڵە مەزنیش بێت) هەر ناتەواوی پرۆسەکە بەیان دەکات.

جگە لەوە، وەکو (د. احسان عباس) دەڵێ:

(لێکۆڵینەوەی شیعر لە ڕوانگەی سیاسی و نەتەوەییەوە، شیعر بەرەو دنیای بەڵگەنامەیی دەبات)[9].

ئەگەر ئێمە وەك کورد نەشتوانین یان نەمانەوێ بڕوای تەواو بەو بۆچوونەی (د. احسان عباس) بهێنین، دەتوانین بپرسین:

باشە خۆ شێرکۆ نە یەکەمین و نە دواهەمین شاعیری ئێمە نییە کە بایەخی بە مەسەلەی نەتەوایەتی و هەڵوێست دابێت؟!

ئێمە خدرمان زۆرە بەڵام ئافەرین بۆ ئەوەیانە کە ئاوی حەیاتی دۆزیوەتەوە لە بازنەی مەرگ دەرباز بووە.

پێویستە کە قسەمان لەسەر ئەدەب بوو. وەك ئیلیۆت ئاماژەی بۆ کردووە (شتەکان لە ڕێگای پەیوەندییان بە ئەدەبەوە هەڵبسەنگێنین)[10].

دەبێ بزانین کە (نالی) ئەگەر شیعریشی بۆ سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشای بابان نەنووسیایە، هەر (نالی) بوو.

متنبی نە بەوە بوو بە شاعیر کە (کافور الاخشیدی) بە خۆڕێکی ڕەشی پرشنگدار چواندو نە بەوەش لە شاعیرێتی کەوت[11].

جەواهیریش ئەو شیعرانەی بۆ هەردوو مەلیك فەیسەڵی نووسی، گەورە و بچووکیان نەکردەوە[12].

دەمەوێ بڵێم: گەورەیی شێرکۆبێکەس بەرلە هەر شتێك بۆ (بە شیعرکردنی شتەکان و بە شێرکۆیی کردنی شیعرەکان) دەگەڕێتەوە.

شێوازی تایبەت

لە شیعرا گەڕان بەدوای ئەو ڕێگایانەی دەتبەنە نێو (زاکیرەی نەمریی) زۆر گرنگە. دەشێ (زاکیرەی نەمریی) بە ئامێرێکی فاکس بچوێنین، کە ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەڵەکردن لە لێدانی ئەو ژمارەیە شیعر بۆ جێگایەکی دی دەنێرێ. پێم وا نیە هیچ شاعیرێك بەبێ (شێوازێکی تایبەت) بتوانێ ئەو ژمارەیە بدۆزێتەوە و شیعر بە جێگای خۆی بگەیەنێت.

من بۆخۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە بڕوای تەواوم بە کارتێکردن و سوودوەرگرتن و دەقئاوێزان هەیە، چونکە وەکو (گۆتە) دەڵێ:

(هەرکەسێك وابزانێ هەمو بەرهەمەکانی لەتوانای تایبەتی خۆیەوە لەدایك بوون، گێل و نابینایە)[13].

بەڵام من بڕوای تەواوترم بە شێوازی تایبەت هەیە، پێم وایە ناشێ دەقەکانمان بە شێوازی تایبەت بەرهەم نەهێنینەوە.

چونکە (تقلید هەرچەندە بە سەرکەوتوویش ئەنجام بدرێت، هەر نوسخەی دووەمی دەقی یەکەم دەبێت)[14] شاعیری بەتوانا هەرگیز لە بیری ناچێت، کە جێپەنجەی خۆی بەسەر بەرهەمەکانیەوە جێبهێڵێ. تەنانەت (ئەدۆنیس) دەڵێ:

(شیعری – سان جۆن پێرس – کە بە زمانی من هاتۆتە ناو ڕۆشنبیریی شیعری عەرەبییەوە، سیمایەکی ئەدۆنیسیانەی هەیە)[15].

لای خۆشمان چوارینەکانی خەیام – کە هەژار موکریانی وەریگێڕاون – بۆنی موکریانیان لێدێ.

باشە ئەگەر ئەم حاڵەتە لە وەرگێڕاندا وابێ، کە تۆ راستەوخۆ دەقی یەکێکی دیکە بەرهەم دەهێنیتەوە، ئەی چۆن دەکرێ لە دەقێکی خۆتدا شێوازی تایبەت پشت گوێ بخەیت؟

لێرەوەیە کە ناشێ لە لێکۆڵینەوەی شیعری شێرکۆبێکەس دا (بە شیعرکردنی شتەکان) بایەخی پێبدرێ و (بە شێرکۆیی‌کردنی شیعرەکان) پشت گوێ بخرێ.

گوتار

راستە گوتار لە شیعری شێرکۆدا گوتاری مانەوە، یان گوتاری بەرگریيە، هەروەك لەپێشا عەتا قەرەداغی‌و دواتر بەختیار عەلی بەجوانی لێی دواون بەڵام بە رای من بوونی ئەم گوتارە نیە کە شێرکۆ لە شاعیرانی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵکو بە شیعرکردنی ئەم گوتارەیە.

دەتوانم زوونتر بڵێم: بەرلە شێرکۆ لە شیعری ئێمەدا دوو جۆر شاعیر بوونیان هەبووە، کە بایەخیان بە نەتەوە و مانەوەی نەتەوەیی، دابێ.

یەکەم: ئەو شاعیرانەی نەتەوە ئامانجی یەکەم و شیعر ئامانجی دووەمیان بووە، (خانی) نموونەیەکی بەرحەستەی ئەمجۆرە شاعیرانەیە:

شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە
زین و مەمی – بکەم (بەهانە)[16].

دووەم: ئەو شاعیرانەی شیعر ئامانجی یەکەم و نەتەوە ئامانجی دووەمیان بووە، (نالی) دیارترین شاعیری ئەم بوارەیە:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبي (مەعنا) دەکا[17].

بە هاتنی شێرکۆ جۆری سێیەم لە شیعری نەتەوەیی ئێمەدا پەیدا بووە، کە لای ئەمجۆرە شاعیرە هیچ کام لە شیعر و نەتەوە ئامانجی یەکەم و ئامانجی دووەم نین، بەڵکو دوو ئامانجن لەناو یەکتریدا، وەك چۆن زۆرجار مرۆڤ لەنێو خەوندا خەونی تر دەبینێ.

دەتوانین (داستانی مامەیارە) بە نموونەی ئەم بۆچوونەمان بهێنینەوە. دەشێ بە واتایەکی دیکە بڵێین: نە (خانی) ئەوەندەی شێرکۆ شاعیر و نە (نالی) ئەوەندەی شێرکۆ نەتەوەیی بووە.

کۆکردنەوەی ئەم دوو جەمسەرە (بەهاوسەنگی) لە خاڵێکدا، شیعری شێرکۆیی لێکەوتۆتەوە، کە من پێم وایە هەر لەبەر ئەم هۆیەشە شێرکۆ لە هەموو شاعیرێکی کورد زیاتر (لەنێوان شیعر و نەتەوەدا) قسەی لەسەر دەکرێ.

زمان

دۆستایەتی شێرکۆ لەگەڵ زمان دا (تەنها مەرحەبای ڕۆژانەبووە) تاکو زمانێکی دۆزیوەتەوە، کە بە (نووری خوا) ی چواندووە، دەشێ لەم کردنی زمان بە نووری خوایەدا، مەبەستی ئەوەبێ پێمان بڵێ: تا نەبن بە کێوی (طور) هەست بە گەرمایی زمانی من ناکەن.

شێرکۆ هەم توانایەکی خەیاڵی و ساحیرانەی بەسەر زماندا هەیە و هەم بڕایەکی دەهایشی بە سیحری وشەو بە ئەفسوونی زمان هەیە.

تەنانەت کە (لەگەڵ شیعر خوێندنەوەدا خۆی دەچەمێنێتەوە، ئەوە سوجدە بۆ زمانی کوردی دەبات).

زمانی شێرکۆ جگە لە شەفافیەت (کە هەندێجار بەهۆی نزیك بوونەوەی ڕۆربەوە لە چبرۆك بەرەو خاوبوونەوە دەچێت) زمانی کۆکەرەوەی دژەکانیشە، (عبدالقاهر الجرجانی) وتەنی:

(مەودای نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کورت دەکاتەوە، دژەکانمان بە ئاوێزانی پێشان دەدات، ژیان و مردنمان پێکەوە بۆ دێنێ و ئاو و ئاگر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە)[18].

هەروەها زمانی شێرکۆ زمانێکی (لیریکی) شە، (لیریك) بەو مانایەی کە (شاکر النابلسی) دەربارەی محمود درویش وتوویەتی:

(دەروێش بە پلەی یەك شاعیرێکی لیریکیبە، چونکە هەمیشە هەوڵ دەدات، کە پرسیارە نیشتمانیی و هزرییەکانیشی لە ڕێگای دڵەوە – نەك لە ڕێگای عەقڵەوە نمایش بکات)[19].

بەڵای منەوە یەکێك لە گەمە شیعرییە جوانەکانی شێرکۆ، کە لە ڕێگای سیحری زمانەوە ئەنجامی دەدات (بە خەیاڵ کردنی واقیع و بە واقیع کردنی خەیاڵە).

ئەمەش جگە لەوەی کە دەسەڵاتی شاعیرانەی شێرکۆ دەسەلمێنێ، فەزایەکی شیعریی واش دەڕەخسێنێ کە تیایدا شیعر لەجیاتی وەسف کردن، هەوڵی گۆڕین و دروست کردن بدات.

وێنە

ئەگەرچی وەك (انسی الحاج) دەڵێ:

(پۆلێن کردنی شیعر کارێکی نەشیاوە، تەنها شیعری باش و شیعری خراپ هەن)[20].

(ئاراگۆن) یش پێی وایە کە تەنانەت (لەنێوان شیعر و ڕۆمان دا جیاوازی بنەڕەتی نیە)[21].

بەڵام زۆرجار ڕەخنەگریان لێکۆڵەرەوە ناچار دەبێ هەندێ پۆلێن کاری بکات. شیرکۆبیکەس کە (مولیعە بە وێنەی شیعرییەوە)[22]، لە دەقەکانیدا چەن جۆرێك وێنەی بەرهەمهێناوە، کە دەکرێ ئەم پۆلێن کارییەی تێدا بکەین.

* وێنەی ڤیدیۆیی (یان سینەمایی)[23].
* وێنەی ئەدەبی .. هتد.

لە وێنە شێوەکارییەکاندا، هەوڵی‌داوە وێنەی ژیان بگرێ.

لە وێنە ڤیدیۆیی (یان سینەماییەکاندا) هەوڵی داوە ژیان بۆ نێو دەق بگوازێتەوە. لە وێنە ئەدەبییەکاندا هەوڵی خوڵقاندنی فەنتازیای داوە.

دوای وردبوونەوەی پێویستە لەو وێنانە دەردەکەوێت کە شێرکۆ، شیعری لەنێو تەم و مژی دەستکردا نەخنکاندووە، بەڵکو (کاتلین رین) وتەنی:

(وەکو مرۆڤێکی حەکیم بیری کردۆتەوەو، وەکو مرۆڤێکی سادە دواوە)[24]. ئەمەش وای کردووە وێنە لە شیعری شێرکۆدا بوونێکی سەرابیانەی هەبێ. نزیك بێتە پێش چاو بەڵام دوورببێت.

کە هەوڵیش بدەی زیاتر لێی بچیتە پێشەوە، زۆرتر دووریکەوێتەوە.

خەیاڵ

ڕولان بارت دەڵێ: (ئەدەب جگە لە زمان شتێکی دیکە نیە)[25]. زمانی شیعریش (وەك ئەدۆنیس) وتوویەتی:

(لەسەردەمێکی کۆنەوە لەجیاتی گواستنەوەی شت و ڕووداو، ئامازە و خەیاڵکردنی گواستۆتەوە)[26].

بەم پێیە شیعر لە دەرەوەی زمان بوونی نیە و زمانی شیعریش لە دەرەوەی خەیاڵکردن ناتوانێ گەشە بکات.

واتە شیعر بەبێ خەیاڵ ناژی.

شێرکۆ یەکێك لە شاعیرە هەرە خەیاڵفراوانەکانی کوردە، پڕۆسەی بە شیعرکردنی شتەکانیش (کە لە سەرەتادا ئامازەمان بۆکرد) بەر لە هەرشتێك لە ڕێگای خەیاڵەوە، بەئەنجام دەگات.

بۆ نموونە لە خەیاڵی شێرکۆدا: (شەکردان بوونەوەرێکە فرمێسکی سپی ئەڕژێ، وشە وەکە حیل بۆن و تامی هەیە، رووناکی سەرخۆشە و تیشك سەری شکاوە و شوێن رادەکات).

تەنانەت خەیاڵی شێرکۆ بە تەفسیرەکانی فەلسەفەو زانست و ئاین رازی‌نابێ و تەفسیری خۆی بۆ شتەکان پێیە.

ئەوەتا (باران) نە بە قامچی فریشتەی ئاسمان و نە بە فەرمانی (ئاندەر) ی خوای بارانی هندۆسەکان و نە بە لەیەکدانی پەڵەهەورە بارکە جیاوازەکان دروست نابێ، بەڵکو (شیعری زستانانەی خوایەو لەناو پەڵەهەوری تەنیادا نووسراوەتەوە).

(پیانۆ) ئالەتێکە هیچ کەسێك دروستی نەکردووە و تایبەتیش نیە بە هیچ نەتەوەو، وڵات و کیشوەرێکەوە، بەڵکو:

(جارێ بەڕێز/ پۆلێ پەرەسێلکەی دڵی/ شاعیرانی هەر پێنج قارەی/ ئەم دنیایە هەڵفڕیووین و/ زۆر لەسەرخۆ/ چوونەتە ناو سنووقێکەوە/ لە دواییدا ئەو سنووقە بووە بە پیانۆ).

(تەمی گوێی چەمەکان)، (پەردەیەکە، دوای ئەوەی بەدوربین سێو رووت ئەبنەوە و باوەش بە یەکتردا ئەکەن، لە ترسی ئەووەی دارە بەنێکی دەست تووکن، بەدووربین، تەماشایان ئەکات، ئەو پەردەیە دادەدەنەوە).

(بەختیار عەلی)، دەڵێ:

(هێزێکی بێبنی دۆناودۆن لە هەموو مردووەکانی شێرکۆدا هەیە، چونکە ئەزموونی شێرکۆ، لە بنەڕەتدا لەسەر بەزاندنی مەرگ بنیاد نراوە، واتە لەسەر هەڵهاتن لە فەنابوون، کە جەوهەری گوتاری مانەوەیە)[٢٧].

دەشێ لێرەدا هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی بۆچوونەکەی بەختیار عەلی و هەم بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی خەیاڵی شاعیرانەی شێرکۆ، بڵێین: شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە جگە لە دۆناودۆن، دەتوانێ لەنێو مردن و لەودیوی مردنیشەوە ژیان ببینێ.

ئەوەتا لە شیعری (یەکەم دەنگ و دوا دەنگ) دا، کە بۆ هەڵەبجەی نووسیووە:

(دوای ئەوەی هەوا دەمرێ و ئاسمان دەمرێ و بەهار دەمرێ و دایکە و باوکە و زەڕنەقووتە دەبن بە سێبەردە پەیکەری باوەش کردوو بەیەکتردا، دوای ئەوەی شار دەبێتە کۆترێکی خنکاو و ملی دەکەوێتە ژێر باڵەگانیەوە، دوای هەموو ئەمانە، دەنگێك کە بەناو ژەهری مردنا سەولّی ژیان لێدەدا، دەمێنێتەوە و تەحەدای مردن دەکا، دەنگێك کە دەنگی کاسێتی ریکۆردەری ژوورەکەیە و سروودی چەك و پێشمەرگە لێدەدا).

لە (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێك) یشدا:

(کچێك مردووە و سەتڵەکەی ئاوی لێدەڕژێ).

ئەمەش شەڕکردنێکی جوانە لەگەڵ مەحاڵدا، کە شێرکۆ لە دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ) وە، بڕیاری گرتنی مەحاڵی داوە و جار دوای جاریش باشتر بەسەریا زاڵ بووە.

سرووشت

(لەکاتێکا کە کامێرای چاوی گۆران، بە قەرەداغ و بەهەورامانداا گەڕاوە، تەنها شتە جوانەکانی بینووە، بەڵام لەناو ئەو جوانیانەدا تراژیدیای ژیانی ئینسانی نەبینووە)[٢٨].

کەچی لای شێرکۆ بەپێچەوانەی گۆرانەوە؛

(بەرد خوێن لە لێوی دێت، گۆم شوو بە ئاسۆدەکا، ئەستێرە لاوك دەڵێ، شاخ دەبێتە کەڕەنا، درەخت لەگەڵ ئاودا دەچێتە جەنگەوە، – با – گلەیی لە پرچی بەستراو دەکا).

من واتێدەگەم کە سرووشت لای شێرکۆ ئامرازێکە بەرەو دوو ئامانج دەچێت:

یەکەم: (ئاشکراکردنی تراژیدیای ژیانی ئینسان)، کە دەشێ لەم حاڵەتەدا شێرکۆ بەو دایکە جگەرسووتاوە بچووێنین، کە لە پرسەی خەڵکیترا، شین گێڕانی بۆ جگەر سووتاویەکەی خۆیەتی، نەك بۆ ماڵە پرسەبارەکە.

دووەم: بۆ ڕزگاربوون لە دەربڕینی راستەوخۆ (کە بێگومان ناتوانێ زۆر شاعیری بێت).

لەمانەش گرنگ تر ئەوەیە کە شێرکۆ بەردەوام ڕۆحێکی خەیاڵی‌ی تێکەڵ بە جەستەی سرووشت دەکات، ئەمەش گەمەی (بەخەیاڵ کردنی واقیع و بەواقیع کردنی خەیاڵ) ی لێکەوتۆتەوە، هەروەك پێش تریش ئاماژەمان بۆکرد.

لێرەوە دەشێ زۆرێك لە شیعرەکانی شێرکۆ بەو کچە بشووبهێنین، کە خۆی ئاوهای وەسف کردووە:

(نیوەی لەشی ماسی و نیوەکەی تری ئادەمی بوو).

رەسەنایەتی

لە شیعرەکانی شێرکۆبێکەس دا هەمیشە هەست بە زاکیرەیەکی کوردی پاك دەکرێ، هەناسە و فرمێسك و زەردەخەنەکانیش کوردیین.

ئەگەر وەکو (د.عزالدین الناصرة) دەڵێ: (لۆرکا لەرێگای شیعرەکانیەوە وتبێتی: گەیشتن بە ئاستێکی جیهانی، لە تایبەتمەندێتییەوە دەست پێدەکات، نەك لەلاسایی‌کردنەوەی شیعرە جیهانییە وەرگێڕاوەکان)[٢٩].

شێرکۆش لە رێگای شیعرەکانیەوە ئەو وتەیەی خۆی سەلماندووە، کە دەڵێ: (من پێم وایە لە رێگای کوردایەتییەوە، مرۆڤایەتی ئەدۆزینەوە)[٣٠].

لێرەوەیە کە جگە لەو زاکیرە کوردییەی باسمان کرد، هەمیشە چەندین ناوی (کەس) و (شوێن) و (بۆنە) و (رووداو) ی کوردی، لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا ئامادەییان هەیە.

تەنانەت بەجۆرێك ئاوێزانی خەم و خۆزگەکانی کورد بووە، زۆرجار ناتوانیت خەم و خۆزگەکانی ئەو لە خەم و خۆزگەکانی کورد جیابکەیتەوە. شێرکۆ لەو شاعیرانە نیە (کە باسی خاك دەکەن و بۆنی خۆڵ لە شیعرەکانیان نایە)[٣١].

تەدویر

شێرکۆ وەك ئەوەی مەفتوونی (و) ی عطف بووبێ لەزۆربەی شیعرەکانیدا پەنای وەبەردەبات.

پێم وانیە هیچ شاعیرێکی کورد ئەوەندەی ئەو، ئەم ئامرازەی بەکارهێنابێ. وەك یۆنیانیەکان وتوویانە: (باشترین رێگا بۆئەوەی لە شتێك حاڵی بیت، وەرگرتنی پێچەوانەکەیەتی)[٣٢].

(ئەنوەر مەسیفی) لە دیوانی (جل و بەرگ و جمکەکان) دا، کە دوو قەسیدەی لەخۆگرتووە، یەك تاقە (و) ی لەنێوان دوو رستەدا بەکارنەهێناوە، (بێگومان ئەمە بە ئاگاداری تەواوەوە ئەنجام دراوە).

لەو دیوانەداجگە لە هەردوو، وشەی (جل و بەرگ) و (ئاو و هەوا) کە دوو وشەی لێکدراون و (٨) جار بەکارهێنراون، تەنها لە دوو جێگادا (و) ی عطف دەبینرێ، جاری یەکەم لە ناونیشانی دیوانەکەدا (جل و بەرگ – و – جمکەکان)، (جاری دووەمیش لە ئەسپێ – و – ڕشك) دا، کە دەکەوێتە لاپەڕە (١٤) ی دیوانەکەوە[٣٣].

کەچی شێرکۆ بێکەس تەنها (لە خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێك) دا، (٣٠١٠) (و) ی عطفی بەکارهێناوە.

لێرەوە دەتوانم بڵێم: تەدویر یەکێ: لە تایبەتمەندێتییەکانی شیعری شێرکۆبێکەس پێك دەهێنێ. ئەمەش وای کردووە لای ئەم شاعیرە کەمتر بایەخ بە رستەو زیاتر بایەخ بە کۆپلە بدرێ (تەدویر لەشیعری کۆندا بەیکەوەگرێدانی هەردوو نیوە بەیتە (مصرع) بەشێوەیەکی هاوبەش، بەجۆرێك، وشەکە ئەکرێتە دوو بەشەوە، بەشێکی ئەکەوێتە نیوە دێڕی یەکەمو بەشەکەی تر ئەکەوێتە نیوە دێڕی دووەم، بۆ نخموونە مەحوی دەڵێ:

شەمبە بۆ راوو، بەیەك شەمبە بنیادانێ، بەدوو
شەمبە ریحلەت کە، جەماعەت بگرە کەر سێ شەمبە بوو

بەڵام تەدویر لەشیعری نوێدا جیاوازەو بەهیچ جۆرێ لەگەڵ پێناسە کۆنەکەدا ناگونجێ) بڕوانە ئیستاتیکای تەدویر، ئازاد حەمە، گۆڤاری (مەم) ژ(٢) ١٩٩١.

بێگومان مەرج نیە تەدویر هەموو کاتێك لە رێگای (و) ی عطفەوە دروست بکرێ، بەڵام ئاشکرایە کە رۆڵێکی گەورە لەم بوارەدا دەبینێ.

تەدویر جگەلەوەی لە رووی ئیفاعەوە یارمەتی رزگاربوونی شاعیر لە ئیقاعەوە سنووردارەکان دەدات و یاری بە شوێنی سەرواکان دەکات و ئاسۆی روانین بەرەو فراوانی دەبات و هەناسەی درامی دەخوڵقێنێ و رێگا بۆ هەڵقوڵینی دەربڕین دەکاتەوە، هەندێجاریش خوێنەر تووشی بێزاری دەکات.

سەرەتای تەدویر لای شێرکۆ بۆ دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ) دەگەڕێتەوە:

(بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو لەناو بێژنگی گومانی ساتەکانیا
سوڕم ئەدا، سوڕم ئەداو لە چۆڵێکا کە ئاو خەوی ئاسمانێکە نەزۆك جێم ئەهێڵێ، جێم ئەهێڵێ و خێڵی
ترسی جێ نشینە لەناو قورگی نەهەنگدا ئەمدۆزنەوە

ئەمدۆزنـــەوە و بـــە ســـتوونی یـــەك بەیـــەکی دەوارەکانی تاوانا

ئەمبەستنەوەو سەرم لەلەشم ون ئەبێ) ...هتد

لـە (گـەرمیان و داڕژانـی رۆح) دا، بـــەم شـــێوەیە خۆی نمایش دەکا:

(لـــە پاریســـدا هەناســـەکانی تـــۆم پێشکەشـــی ئێلوارکرد و

لەبەرلیندا ئاخەکانی تۆم بە گۆتە هەڵگێشاو

لـە مۆسکۆ چیرۆکی سـووتانی تـۆم بۆ چیخـۆف گێڕایەوە و

لە کەناری ئۆقیانووسی ئارام کردمیت بە شـەپۆلی نارنجی و

لـــە لـــەندەنیش دامیتـــە دەســـت مانگەشـــەوێکی بایرۆنو

لەبـــەر پـــەڕەی گوڵەڕەشـــەکانی بۆدلـــێر نووسیمیتەوە

لەسەر تریفە و لەسەر دانووب و

لەسەر گۆرانی کۆچ و لەسەر باڵی فڕۆکەکان

ناوەکەتم هەڵکەند و

لە دوایشدا بۆ دۆزەخەکەی رامبۆ

دۆزەخەکەی تۆم گێڕایەوە و دۆزەخ گریا و

رامبۆ گریا و شیعر گریا ! گەرمیان).

هـۆی پەنابردنـە بـەر تـەدویر لـە شـیعرێکەوە بـۆ شـیعرێك و لـــە شـــاعیرێکەوە بـــۆ شـــاعیرێکی دی دەگـــۆڕێ. بۆنموونـــە (وەك طـــراد الکبیســـی) دەستنیشانی کردووە، تەدویر: (لە شیعری مورسـەل دا گفتوگۆیـەکی درامـی پێکـەوە گـرێدراوە و مانـا پێویستی دەکات، لای خلیل خوری و یوسف الخطیب لەسـەر هاوسـەنگی نێـوان بیرۆکـە و ئیقـاع بنیـات دەنرێو لای یوسف الخال لـە دەوری ئیقـاعی ئاسـان لەنگەر دەگرێ، لای سامی مهدی پشـت بـە دوانـدن و گێڕانـەوە و لای حسـب شـێخ جعفریـش پشـت بـە مەنەلۆگ دەبەستێ)[٣٤].

دەکرێ بڵێین لای شـێرکۆ زۆربـەی ئـەو هۆیانـە و لەسەرووی هەمووشـیانەوە دڵشـاد مـەریوانی وتـەنی: (نەزیفی دیمەن)[٣٥] بوونی تەدویر دەسەپێنێ.

توخمەکانی چیرۆك

توخمـــەکانی چـــیرۆك کـــارلێکی هەمیشـــەیی و بەردەوامیان لە جەستەی شیعری شـێرکۆ بێکـەس دا هەیە، هیچ شاعیرێکی کـورد (نـە لـە ئێستا و نـە لـە رابـردوودا) ئەوەنـەی ئـەم سـوودی لـــە توخمـــەکانی چیرۆك وەرنەگرتووە.

ئاسـان نیـە شـیعرێکی شـــێرکۆ بدۆزیتـــەوە، کـــە چـیرۆك (یـان جۆرێـك لـە چـیرۆك) نـەبێت، تەنانـەت شیعرە کورتەکانیشی لەم حاڵەتە بەدەرنین.

دەشـێ هـۆی ئەمـەش بۆئـەوە بگەڕێتـەوە، کـە شـــێرکۆبێکەس: (بەپێچەوانـــەی زۆربـــەی زۆری شاعیرانی کوردی هاوچەرخەوە لە نووسینی پەخشان و چیرۆکەوە دەستی پێکردووە)[٣٦].

جگەلـەوەش وەك خـۆی دەڵـێ: (زیـاتر چـیرۆك و رۆمـان دەخوێنێتـەوە و تـا ئێسـتەش سـەرجەمی بەرهـــەمی شـــاعیرێکی عـــەرەبم بەتـــەواوی نەخوێندۆتەوە)[٣٧].

دوورنیە بەشێك لە هۆی خـەیاڵفراوانی شـێرکۆ بـۆ ئـەم خاڵـە بگەڕێتـەوە، بەهـەرحاڵ، ئـــەوەی گرنگـە ئەوەیـە کـارلێکی توخمـەکانی چـیرۆك لـە جەسـتەی شیعری شێرکۆبێکەس دا، تاڕادەیەکی باش تقلیدیەت و قاڵبـە ئامادەکراوەکـانی بـەزاندووە. بـۆ نموونـە: (پاڵـەوان) لای ئـــەم شـــاعیرە بـــەزۆری پاڵـــەوانی راســـتەقینەیە و دواتـــر روحێکـــی ئەفســـانەیی پێدەبەخشرێ، (بەختیار عەلی) وتەنی: (هەمیشـە لـە دۆناودۆن کردن دایە)، دەمرێ بەڵام زندوودەبێتـەوە، (کـات) هـەندێجار لـە سـەرەتاوە بـۆ کۆتـایی و هـەندێجار لـە کۆتاییـیەوە بـۆ سـەرەتا دەچێـت و هەندێ جاریش لە ناوەڕاستەوە بـۆ سـەرەتا و دوایـی بۆ کۆتایی و بەم شێوەیە لە گۆڕانی بەردەوام دایە.

لێرەدا (فلاش باك) یارمەتیدەرێکی چاکە.

بـۆ نموونـە لـە داسـتانی (مامـەیارە)دا، لـــە دوای مردنـی مامـەیارەوە دەسـت پێدەکـرێ، سـەرەتا گەڕانـەوەی کاکـە مـەم و برایمـۆك و دواتـر مامـەیارە لەشێوەی ئەسپ سوارێکیغەمگین دا، باس دەکرێت.

پاشان هێدی هێدی گەڕانەوە بۆ کاتی یـاخیبوون و راپـەڕینی مامـەیارە و دوایـی دەسـتگیرکردنی بـە زامـداری و مردنـی و جـارێکی تـر هاتنـەوەی و بـەم شـێوەیە. (شـوێن) لای شـــێرکۆ، خـــۆی وتـــەنی: (رادەکات)[٣٨].

لە دەربەندی پەپوولە و خـاچ و مـار و رۆژمـێری شـاعیرێکدا، ئـەم حاڵەتـە بـە رووتـی دەردەکـەوێ، لەئـــەوروپاوە بـــۆ شـــاخ و دەشـــت و شـــارەکانی

کوردستان و بۆ بەغدا و دیسانەوە بۆ ئەوروپا و بۆ کوردستان و بەم شێوەیە (شوێن) لە جوواڵەو راکردن دایە.

(گێڕانەوە) هەندێجار تقلیدی و بێگیانە و هەندێجاریش جوانکاری وردی تێدا دەکرێ.

بۆ نموونە لە شیعری (بەخیل) دا، کە شیعرێکی کورتە، گێڕانەوە بەمجۆرە دەست پێدەکات: (دەرەختێکی تریان وتی).

واتە پێش تر دەرەختەکانی دیکەش قسەیان کردووە، بەڵام شاعیر لێرەوە دەچێتە ناو شیعرەکەوە، ئەمەش هەم کورتبڕییەکی جوانە و هەم گێڕانەوەش لە تقلیدیەت دەپارێزێ (مۆنتاژ) لە چەن جێگایەک دا زۆر بە جوانی سوودی لێ بینراوە، بۆنموونە لە شیعری (سمکۆ جارێکی تر ناچێەوە سەر خوانی مردن)، دوای ئەوەی سمکۆ بڕیاردەدا لەگەڵ دوژمن دابنیشێ و گفتوگۆ بکات، دەنگێک بە ئاگای دێنێتەوە، کە (سڵ بکات)، ئیتر یەکسەر شاعیر دەچێتە سەر باسکردنی ئەو شیوەنەی کە بۆ کوژرانی سمکۆ دەکرێت، بیئەوەی بە وشەیەکیش باسی کوشتنەکە بکات.

ئەمەش مۆنتاژێکی جوانە و لە شیعری ئێمەدا کەمتر ئاوڕلە مۆنتاژ دراوەتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە مۆنتاژ جگەلەوەی لە سینەمادا هەمیشە و بەبەردەوامی سوودی گەورەی لێدەبینرێ، لە نووسینیشدا شتێکی تازەنیە، لە (قورئان) دا بەرچاودەکەوێ و (سەید قطب) لە کتێبی (التصویر الفني في القران) دا، (ئەگەرچی وەک زاراوە مۆنتاژی بەکارنەهێناوە) بەڵام دەستنیشانی کردووە[٣٩].

کارلێکی توخمەکانی چیرۆک لە جەستەی شیعری شێرکۆدا قسەوباس و لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەڵدەگرێت.

بەڵام ئاخۆ ئێستا ناتوانین بڵێین: شێرکۆ چیرۆک نووسێکی شاعیرە؟!

کێش و سەروا

ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە قسەکردن لەسەر کێش و سەروا و هەندێ وردە شتی دیکە، بەکارێکی بێهوودە دانبرێ.

بەڵام من پێم وایە کە هەموو شتێکی گەورە هەم خۆی لە چەن شتێکی بچووک پێک دێت و هەم لە زۆر حاڵەتدا پێویستیشی بە شتی تری بچووک دەبێت بۆ نموونە کورد وتوویەتی: (مااڵ پێویستی بە گسک و گسکیش پێویستی بە –بەن – دەبێ) ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە قسە لەسەر شاعیرێک دەکەین تا ئەمڕۆش لە شیعرەکانیدا کێش و سەروا (مەحەلیان لە ئیعرابدا هەیە).

* زۆرترین شیعری شێرکۆبێکەس، بە کێشی (٤) برگە نووسراوە، کە یەکێکە لە کێشە هەرەسواوەکانی شیعری نوێی کوردی. هەروەک لە حەفتاکاندا (دڵشاد مەریوانی) لێی دواوە.

ئەم کێشە کە لە بنەڕەتدا کێشێکی ناسک و هێمنە، لای شێرکۆ (لە هەندێ شیعری زۆر کەم دا، نەبێت) هەمیشە هەناسەسواری و دڵەڕاوکەی تێکەڵە. (لای نەوزاد ڕەفعەتیش وایە).

بۆنموونە: ئەو ئارامیەی لە کێشە (٤) برگەیەکانی (پەشێو) دا هەیە، لە کێشە (٤) برگەیەکانی شێرکۆدا نیە.

لای شێرکۆ لەجیاتی (٤+٤) دەبێتە: (٣+٣+٢) یان (٣+٢+٣) یان (٢+٣+٣) و هتد.

*کێشی دووەم کە بەسەر شیعری شێرکۆدا، زاڵە، کێشی (٣) برگەیە.

ئەم کێشە کێشێکی کوردییە و لەسەر دەستی گۆران زندووکراوەتەوە، پێش گۆران پارچە شیعرێکی نووسراو بەم کێشە نیە کە مابێ و بەدەستمان گەیشتبێ. لای گۆران بەشێوەی: (٣+٣+٣+٣) واتە بە (١٢) برگە بەکارهاتووە:

قژکاڵی، لێوئاڵی، پرشنگی نیگاکاڵ
ئەی کچە، جوانەکەی، سەرگۆنا، نەختێ ئاڵ[٤٠]

لەنێو شاعیری حەفتاکاندا، (لەتیف هەڵمەت) یەکەمین کەسە کە ئەم کێشەی بەشێوەیەکی تقلیدی و ڕێک وەک گۆران بەکارهێناوە.

ورد برۆ، سڵ مەکە، زەردەپەڕ، خامۆشە
ئەم ڕێیە، بەتەنها، من و تۆی، لەکۆشە[٤١]

شێرکۆبێکەس – یش یەکەمین کەسە کە ئەم کێشەی بۆ نێو شیعری ئازاد گواستۆتەوە.

لای شێرکۆ بەشێوەیەکی نوێ دابەشکراوە و لە قاوغی (١٢) برگەیی دەرهێنراوە: بڕوانە شیعری (سمکۆ جارێکی تر ناچێتەوە سەر خوانی مردن):

(بە هۆرەی تفەنگی.. کاروانی بن بنار.. لوتکەکان
ئەستێرەی پشکۆیان

رژانه ناو چاوی بەیانی بەفرەوە
چەمەکان بەرزەپێ هەڵسان و هەڵگیرسان
ئەسپەکان لە بێشەی ئاگرا ئاودران.

ئەم کێشە یەکێکە لە کێشە گرانەکانی شیعری کوردی و مەهارەتێکی زۆرتری لە کێشەکانی دی دەوێت.

لەنێو شاعیری حەفتاکاندا (ئەوەندەی من ئاگام لێبێت) جگە لە (هەڵمەت و سەعدوڵڵا پەرۆش) هیچ شاعیرێکی تر شیعرێکی بەم کێشە نیە کە تاسەر هەناسەکەی پاراستبێ، تەنانەت هەڵمەتیش وەکو شێرکۆ بەسەریدا زاڵ نیە.

* کێشی سێیەم کە لە شیعری شێرکۆبێکەس دا، دەبینرێ، کێشی (١٣) برگەیە، بەشێوەی (٤+٤+٥).

ئەم کێشە لە داهێنانی گۆرانە و پێشی ئەو نموونەی لە شیعری کوردیدا نیە:

سەردەمێك بوو دنیای گیانم تاریك و چۆڵ بوو
کام (بەرۆچکە) ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو[٤٢]

شێرکۆ وتاکە شاعیری حەفتاکانە کە ئەم کێشەی بەکارهێنابێ، ئەمەش لە یەکەم دیوانیەوە (کە ئەوکاتە شاعیری شەستەکان بووە) بەرچاو دەکەوێ:

(بابە تاسەی بینینەوە بۆ تۆ پەرۆش بوو
ئارامی دڵ لەناو یادا ون و خامۆش بوو)

ئەگەرچی شێرکۆ خۆی لە پەراوێزی شیعری (بۆنەوەرۆی ١٩٧٠) دا، دەڵێ:

(لە رووی فۆرمی ئەم هەڵبەستەوە، ئەمجارەیان وام پەسەند کرد کە کێش و ئاهەنگی تێکڕای هۆنراوەکە، بخەمە سەر شێوەی تازە و لەیەك دەقی رزگاریان بکەم، هەروەکو خۆی کێشەکان نەهێڵمەوەو ئاڵ و گۆڕێکیان پێبکەم)[٤٢].

بەڵام لە راستیدا هەمان بەکارهێنانەوەی گۆران و تریفەی هەڵبەستەو هیچ گۆڕانکاریەکی تیانەکراوە، تەنها ئەوە نەبێ لەجیاتی ئاوها بنووسرێتەوە:

(ئەی فریشتەی ناو کەژاوەی باوەڕی پیرۆز
چەپکێ شیعرت پێشکەش ئەکەم بۆ یادی نەورۆز)

ئاوها نووسراوەتەوە:

(ئەی فریشتەی .. ناو کەژاوەی..
باوەڕی پیرۆز
چەپکێ شیعرت .. پێشکەش ئەکەم
بۆ یادی نەورۆز).

لە (داستانی بەردەقارەمان) دا، هەوڵی جێگۆڕکێ و فراوانکردنەوەی ئەم کێشە دراوە و هەندێجار لەجیاتی (٨) برگە یان (٥) برگە، (٧) برگەی تێکەوتووە، پێدەچێ فراوانکردنەوەی ئەم کێشە ئاسان نەبێ چونکە لە دوو دەنگی جیاواز پێك هاتووە.

* پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە چیرۆکە شیعرەکانی (روبار)ەوە، تا ئەمڕۆ ناوبەناو پێکەوە بەکارهێنانی ئەم کێشانە لەیەك شیعردا (بەتایبەتی کێشی (٣) برگە و (٤) برگە) بەرچاو دەکەوێت.

* لە بەکارهێنانی (سەروا) شدا شیعری شێرکۆ سێ وردەکاری جوانی تیا دەبینرێ:

یەکەم:

ئەو سەروایانەی بایەخ بە دەنگی وشەکانیان دراوە نەك رەنگیان:

(کاروان کوژە کە کاروانەکان ئەکوژێ
لە پرسەشیانا فرمێسکە و دائەنیشێ)

* * *

(دارکونکەرەی دەنووك زۆر تیژ
پێنج شەش کونی کردە دڵ و
لەشی قامیش)

* * *

(ئەو شاخەوانەی یەکەمجار
سەرکەوتە سەر شاخی ئەفرست
چۆکی دادا بەو چیایە
ئەویش تەنها بەیەك هەنگاو دەستی پێکرد)

* * *

(چوار ئەفەندی رەشتاڵە و دێز
هاتن سیروانیان دایە پێش)

* * *

وەك دەبینرێ وشەکانی (ئەکوژێ و ئەنیشێ)، (تیژ و قامیش)، (ئەفرست و پێکرد)، (دێزو پێش) لە رەنگدا سەروانین، بەڵام لە دەنگدا و لەنێو سیاقی شیعرەکاندا سەروا گەلێکی زۆر جوانن.

دووەم:

ئەو سەروایانەی بە دوو پیت دروست دەبن، کە پێش شێرکۆ زۆر بایەخی پێنەدراوە:

(تۆ سروەکەی سەری رەشی
تۆ ئەنتێنی هەرەبەرزی

سەرچیای ئیزگەی شۆڕشی).

* * *

(وەختێ هاتیت و گەیشتی
هەر یەکەم شەو
دەربەند باسەڕە پێی وتی).

* * *

(شەقام ئەهێنیتە قسە
باڵ ئەڕوێنێ لە دیوار و
سەری مەسیح
ئەکا بە زەنگی کڵێسە).

* * *

(ئەبێ بە گوڵەبەڕۆژە
دەمێکی تر لەسەر گۆڕیژە).

* * *

سێیەم:

ئەو سەروایانەی کە بەیەك پیت دروست دەبن، کە ئەمەش من لای خۆمەوە ناوی (سەروای شێرکۆیی) م لێناون، چونکە هیچ شاعیرێکی دی بەردەوام و بەئاگادارییەوە بەکاری نەهێناوە (بەتایبەت پێش شێرکۆ):

(رەفیق عاشوور!
وا تۆ ئەچی
شیمال سێ شتی شیرینە
هەنگوین و گوێز و ئافرەتی).

* * *

(یەکە یەکە
ئەهاتن بۆ هەواڵێکی
کچە سەربەستی پێشمەرگە).

* * *

(وەختێ گەیشتیتە قۆپی
وەختێ یەکەم داربەڕوومان بەخێرهاتنی لێکردی).

* * *

(منالێنە
ئەو سوارانە سواربوونەوە
ئەسپەکانیان نەفرۆشتبوو
دڵیان نەدابوو بە کرێ
کلیلی دەربەند و شاخیان
بەجێنەهێشت بۆ هیچ دزێ).

***

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١) شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم / عەبدوڵڵا پەشێو/ بەغدا/ ١٩٨٠/ لا١٤١.

٢) قصتي مع الشعر/ نزار قباني/ منشورات نزار قباني/ بيروت/ الطبعة الاولى ١٩٧٣/ ص ٢٥.

٣) موسوعة المصطلح النقدي/ التصور والخيال/ د. ل. بريت/ ترجمة د. عبدالواحد لؤلؤة/ بغداد ١٩٧٩/ ص ١٣.

٤) وێستگە بچووکەکان/ نزار قبانی/ وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ/ ئاڵای ئازادی/ ژ (٣٠٣) ١٩٩٩.

٥) گەڕان لەدووی خود/ حەمەسەعید حەسەن/ گۆڤاری (رامان) ژ (٢١) ١٩٩٨/ لا ١٠.

٦) گوڵستانی سەعدی/ وەرگێڕانی: مستەفا سەفوەت/ پەخشخانەی ناجی (بانە) چاپی دووەم ١٣٧١ی هەتاوی، لا١٧٩.

٧) تافگەی مەند/ نەژاد عەزیز سورمێ/ بەغدا ١٩٨٧/ لا٨٨.

٨) لالیس جسدك/ احسان عبدالقدوس/ الطبعة الاولى ١٩٧٩/ ص ٢٢٢-٢٢٣.

٩) مقالة في اللغة الشعرية/ محمد الاسعد/ بيروت ١٩٨٠/ الطبعة الاولى/ص٤.

١٠) خمسة مداخل الى النقد الادبي/ ترجمة و تقديم و تعليق: د. عدنان غزوان اسماعيل، جعفر صادق الهليل/ بغداد ١٩٨٦/ ص ١٩٤.

١١) كتاب المنزلات/ منزلة الحداثة/ طراد الكبيسي/ بغداد ١٩٩٢/ ص ١٠٢.

١٢) الجواهري رحلة الالم والثورة/ بقلم اعتدال رافع/ مجلة (العربي) الكويتي/ العدد (٤٨٤) ١٩٩٩/ ص ١٥٨.

١٣) النظام والكلام ادونيس/ الطبعة الاولى ١٩٩٣/ بيروت/ ص ١٥١.

١٤) الثابت والمتحول/ بحث في الاتباع والابداع عند العرب/ (١) (الاصول علي احمد سعيد / ادونيس) الطبعة الثالثة/ ١٩٨٠/ ص ٦٠.

١٥) النص الشعري و مستويات القراءة/ د. خليل الموسى/ مجلة (المعرفة) السورية/ العدد (٤٢٨) ١٩٩/ ص ٧٠.

١٦) زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی/ لا٩٥.

١٧) دیوانی نالی/ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولاکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم/ بەغدا ١٩٧٦/ لا ١٠٧.

١٨) اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي تلازم التراث والمعاصرة/ محمد رضا مبارك/ الطبعة الاولى/ بغداد ١٩٩٣/ ص ١٦٦.

١٩) مجنون التراب/ شاكر النابلسي/ دراسة في شعر و فكر محمودج درويش/ الطبعة الاولى/ بيروت ١٩٨٧/ ص ٥١٦.

٢٠) گفتوگۆیەك لەگەڵ (انسي الحاج) دا/ وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ/ پاشکۆی ئەدەب و هونەری هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان/ ژ (٣٧٨)/ ١٩٩٩.
٢١) اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي/ ص ٢٦٢.
٢٢) وێنەی ڤیدیۆیی لە (قەسیدەی ڤیدیۆیی) وەرگیراوە، کە (بڵند حیدری) ناوی ناوە، بڕوانە: دراسات في الشعر الحديث/ تأليف (د. عبدة بدوي) كلية الاداب/ جامعة الكويت/ الطبعة الاولى ١٩٨٧/ ص ٥٢.
٢٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرکۆ بێکەس/ بەختیار عەلی و مەریوان وریاقانع سازیان داوە/ گۆڤاری (ئازادی) ژ (٢) ساڵی ١٩٩٢/ لا٨٢.
٢٤) كاثلين رين/ مجلة (المدى) العدد (٢٥) سنة ١٩٩٩/ ص ١٣٧.
٢٥) افق الحداثة و حداثة النمط/ سامي مهدي/ بغداد ١٩٨٨/ ص ١٧٥.
٢٦) الثابت والمتحول/ ١– الاصول/ص١١٠.
٢٧) ململانێی ژیان – مەرگ لە خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێدا/ بەختیار عەلی/ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ/ ژمارە (٧) ١٩٩٨/ لا٤١.
٢٨) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرکۆبێکەس/ ئازادی/ ژ (٢) لا٩٤.
٢٩) لوركا الاندلسي النبيل/ د. عزالدين الناصرة/ مجلة (الطريق) العدد الرابع/ السنة السابعة والخمسون/ ١٩٩٨/ ص ٩٩.
٣٠) ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا/ ئامادەکردنی: بێستوون/ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ زنجیرە (٢٩) ساڵی ١٩٨٥/ لا ١٧٧.
٣١) گەڕان لە دووی خود/ حەمەسەعید حەسەن/ رامان ژ (٢١) لا١١.
٣٢) ئەندێشەکانی مۆریس مۆتەرلینگ/ مەهندس خوسرەو جاف کردوویەتی بە کوردی/ بەغدا ١٩٨٨/لا١٤.
٣٣) جل و بەرگ و جمکەکان/ ئەنوەر مەسیفی/ بەغدا١٩٩٠.
٣٤) التدوير في القصيدة الحديثة/ طراد الكبيسي/ مجلة (الاقلام) العدد الخامس/ السنة ١٩٧٨/ ص٢. هەروەها سوود لەم سەرچاوەیەش وەرگیراوە: حدود البيت.. فضاء التدوير/ (د. على جعفر العلاق) مجلة (الاقلام) العدد (١٢/١١) السنة الثانية والعشرون/ ١٩٨٧.
٣٥) چەپکێ شیعر و ئینجانەی سەرنجێ/ دڵشاد محمد امین/ هەڵبژاردە لە دیوانی ڕۆژی کوردستان/ بەغدا ١٩٧٧/ لا ١٠.
٣٦) ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا/ لا١٥.
٣٧) هەمان سەرچاوە/ لا١٧٠.
٣٨) خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ/ شێرکۆبێکەس/ چاپی دووەم/ سلێمانی ١٩٩٨/ لا ٣٠٠.
٣٩) التصوير الفني في القران/ سيد قطب/ ص ٤٩.
٤٠) جوانی بێناو/ دیوانی گۆران/ بەغدا ١٩٨٠/ لا ٤٥.
٤١) بۆ کچێکی ڕێڕەو جوان/ خواو شارەبچکۆلەکەمان/ لەتیف هەڵمەت/ چاپخانەی شیمال/ کەرکوك/ ١٩٧٠/ لا ١٥.
٤٢) شیعری نیاز/ دیوانی گۆران/ لا ٤٢.
٤٣) من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ/ شێرکۆ بێکەس/ بەغدا ١٩٧٣/ لا ١٨٦.

تێبینی: هەموو ئەو کۆپلە شیعر و ڕستە و دەستەواژانەی لەنێوان چوار کەوانەی گەورەدا نوسراونەتەوە ((–)). هی شێرکۆبێکەسن و لەزۆربەی دیوانەکانی و هەندێ چاوپێکەوتینەوە، وەرگیراون.

کۆمەڵگا لەبەردەم هەڕەشەی حیزبدا

گەڕانێك بەدوای ماناکانی کۆمەڵگای مەدەنی

ڕێبین هەردی

پێشەکی:

هربرت ماركیوز لەفەسڵی دوهەمی كتێبی (مرۆڤی تاك ڕەهەند)دا نوسی (ئەگەر كۆمەڵگای پیشەسازی بەكۆمەڵگای پێشوو بەراورد بكەین، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت بەڕاستی لەبەردەم كۆمەڵگایەكی نوێدایین كە هەموو ڕەگەزە تێكدەرەكانی یان بەتەواوی لەناو بردووە یان بەكردەوە لەكاری خستوون و سەرجەم ئەو هێزانەشی كۆنترۆڵ كردووە كە هەڕەشەیان لێدەكرد)[1].

دەیان ساڵ دوای ئەم ڕستانە و بەدیاریكراوی لەساڵی ١٩٩٩دا، شۆڕشگێڕێكی پەڕگر كە شۆڕشی تۆندو تیژو چەكدارانەی بەیەكێ لەشێوازە بنەڕەتیەكانی خۆی دەزانێ، لە وڵاتێكی دور لەوڵاتی خۆیدا بەبێ ڕشتنی سەوزای فرۆكەیەك گراو پاشماوەیەكی كورت هەموو جیهان دەستو چاو بەستراوو نیمچە بێهۆش بینیان كە لەشوێنێكیدا دانیشتووەو چەند چەكدارێكی دەمامك بەسەر بەسەر سەربەوە ڕاوەستاون. كاتێكیش جیهان بۆ یەكەمجار دەنگی ئەم شۆڕشگێڕە دیلەی بیست، شۆڕشگێڕەكە ئیدی باسی شۆڕشی چەكداریو تۆندوتیژی نەدەكرد، بەڵكو باسی پرۆسەی دیموكراتیزەكردنی، دەكرد. بێگومان "ئۆجەلان" تاكە نمونەیەك نیە لەم ئاستەدا، بەڵام ڕەنگە تراژیدترین ئەوانە بێت بۆ ئەو شۆڕشگێڕانەی لەستراتیژی شۆڕشی تۆندوتیژو چەكداریەوە، دەگوێزنەوە بۆ ستراتیژی گفتوگۆ پرۆسەی دیموكراتیزەكردن (ڕەنگە نمونەی كوردستانی باشور كەمتر تراژیدی بێت لەمڕووەوە، چونكە بزوتنەوەكانی هەر لەسەرەتاوە دانوستانو گفتوگۆیان بەیەكێك لە ستراتیژەكانی خۆیان داناوەو دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی عێراقی فرە دەنگو فرە حیزبیان، بەیەكێك لە ئامانجە سەرەكیەكانی خۆیان ژماردووە).

بۆ (ماركیوز) قبوڵكردنی ڕاوەستاندنی شۆڕشو گەمەی پێكەوە گونجانی نەیارەكان، جگە لە كۆنترۆڵكردنو پوچەڵكردنەوەی ئەگەرەكانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی هیچی دی نیە. هەر لەهەمان فەسڵدا دەڵێت "ئەم یەككرتنە لەنێوان نەیارەكاندا، بەتایبەتی ئەگەری گۆڕانی كۆمەڵایەتی گران دەكات"[2]. بەڵام بۆ ئۆجەلان مەسەلەكە جگە لە گواستنەوەی ستراتیژی خەبات لەشێوازێكەوە بۆ شێوازێكی دی، هیچی دی نیە. ئەویان لە دیموكراسیدا شێوازێك دەبینێ بۆ بەربەستكردنی گۆڕانی كۆمەڵایەتیو ئەمیان دیموكراسیو پێكەوە ژیان بەڕێگای چارەسەر دەزانێ.

بێگومان مەبەستم لەم بەراوردكردنە تاوتوێكردنی ڕاستی بۆچوونەكانی "ماركیوز"و بزوتنەوە كوردیەكان نیە، چونكە لەبنەڕەتدا هیچ بەراوردكردنێك لەنێوان ئەو دوو بۆچوونەدا شیاو نیەو لەڕووی زانستیەوە هەڵەیەكی گەورەیە، (لایەنی كەم دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت كەچ ماركیوزو چ

بزوتنەوە کوردیەکان لەسەر دوو پێگەی کلتوری و سیاسی و ئەخلاقی جیاواز لەیەکدی، راوەستاون کە ئەمەش خۆی بەسە بۆ ئەوەی دو تێڕوانینی جیاواز لەیەکدیان بۆ کۆمەڵگاو رێکخستنی ژیان هەبێت) بەڵکو مەبەست لەم بەراوردکردنە ئەوەیە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشم کە چەند مێژووی هاوچەرخ بەرەو ئەوە دەڕوات گۆڕانکاری بەسەر بنەما سەرەتاییەکانی شۆڕشگێڕاندا، بەهێنێ. لەکاتێکدا لەماوەی نێوان سیەکان و هەشتاکاندا چەمکی "شۆڕشی تۆندوتیژو چەکداری" جێگەیەکی ناوەندی داگیر کردبوو، ئەمڕۆ پێدەچێ ئەو جێگەیە چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی" داگیری بکات. ئەمڕۆ پرسیاری کۆمەڵگای مەدەنی بووە بە یەکێك لە پرسیارە سەرەکیەکانی بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکان و ئەوانەش ئەمڕۆ دەیهێننە پێشێ پتر لایەنگرانی دوێنێی شۆڕشی چەکدارین. بڕیارێکی سوسیۆلۆجی دەڵێ "پێش هەشتاکان چ لەبواری کۆمەڵناسی و سیاسیداو چ لەبواری گشتیدا، بایەخێکی ئەوتۆ بە "کۆمەڵگای مەدەنی" هاوچەرخ نەدەدرا... بەڵام لە هەشتاکان و پاشان نەوەدەکاندا ئاماژەیەکی زۆر بۆ ئەم چەمکە دەبینین.. ئێستا دروستکردن یان چاککردنی کۆمەڵگای مەدەنی بەیەکێك لە رەگەزە بنەڕەتیەکانی "گۆڕانکاریەکی مەزن" دادەنرێ"[3]. رەنگە بتوانین ئەم گواستنەوەیە لە گرنگیدان بە شۆڕشی چەکداریەوە بۆ گرنگیدان بەپتەوکردن و دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی، بەیەکێك لە ئاماژەکانی ئەم کۆتاییەی سەدەی بیستەم دابنێین. لایەنی کەم سەبارەت بەو بەشەی جیهان کەتا هەشتاکانیش شۆڕشی چەکداری بەشێوازێکی سەرەکی گۆڕانکاری دەزانی. سەرنجێکی خێرای کتێبخانەکانی ئەم چەند ساڵەی دوای بەسە بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات چۆن کۆمەڵگای مەدەنی وەك چەمکێك بووە بە بەرفراوانترین وتوێژە رۆشنبیریەکانی ئەم سەردەمە. نەك هەر ئەمە بەڵکو کۆمەڵگای مەدەنی بووە بەیەکێك لەو چەمکە ئەفسوناویانەی بەسەر کەوتوویەوە لەبواری پڕوپاگەندەی سیاسیدا، بەکار دەهێنرێ. تەنانەت ئیسلامی سیاسیش کە دەتوانین بەشێوەیەك لەشێوەکان بڵێین، بەهێزترین سەنگەری دژایەتی ئەو وتەزایانە [مقولە] کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ رۆژئاوا، ئەمڕۆ لەبەردەم ئەم چەمکە دا نەرمیەکی سەرسوڕهێنەر لەخۆی پێشاندەدا (لایەنی کەم لای ئەو گروپە ئیسلامیانەی دەیانەوێت زیاتر بەسەر دنیادا بکرێنەوە). کەم کەس گومانی هەیە لەوەی نهێنی ئەو بیست ملیۆن کەسەی لەگەمەی هەڵبژاردنی ئێراندا دەنگی بۆ "خاتەمی"دا، دەگەڕێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی کۆمەڵگای مەدەنی وەك یەکێك لە ئامانجەکانی دەوڵەتەکەی. لە جەزائیردا "بۆتفلیقە" لەگەڵ باسکردنی ئاشتبوونەوەی گشتی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی جەزائیردا، باسی کۆمەڵگای مەدەنی دەهێنێتە پێشێ.. تەنانەت سودانی "ئەلبەشیر" یش کە بەیەکێك لە دەسەڵاتە ئیسلامیە تۆندڕەوەکان دادەنرێت، ئەمڕۆ باس لە فرەی دەنگو سندوقی هەڵبژاردن و زیادکردنی پەراوێزی دیموکراسی دەکات کە هەموو ئەمانەش بەناچار باسکردنی کۆمەڵگای مەدەنی دەهێنە ئاراوە.

بەڵام لەراستیدا چەند بەکارهێنانەکانی "کۆمەڵگای مەدەنی" فراوانتر دەبێت، هێندەش زیاتر ماناکانی ئاڵۆز دەبن. هەموو ئەو هێزانەی ناومان هێنا، بەجۆرێکی تایبەت دەڕوانە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و هەریەکەیان بەشێوەیەك بەکاری دەهێنن کە تاڕادەیەك لەگەڵ سیستمی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆیاندا بگونجێ: کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەزموونی "خاتەمی"دا لەوە تێپەڕی نەکردووە نەرمی پیشاندانێك بێت بەرامبەر هەندێك کتێب و رۆشنبیری لیبرالی و تائێستاش دروستکردنی حیزب و گروپی ئائیسلامی لەئێرانی خاتەمیدا، پڕ لە کۆسپ و تەگەرەیە. "بۆتفلیقە" تائەم ساتەوەختەش مەبەستی لە ئاشتبوونەوەی گشتی پتر تەسلیمبوونی هێزە ئیسلامیەکانە بەدەوڵەت بەگرەنتی لێبوردنیان، بێ ئەوەی بێ هیچ قەیدو شەرتێك رێگەیان پێبدا حیزب و هێزی تایبەتی خۆیان لەناو جەماوەردا، رێك بخەن. سودان تائەو جێگەیە رێگە بەکۆمەڵگەی مەدەنی دەدا کە لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بگونجێ (زۆر جاریش تێگەیشتن لەخاڵە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی تەنها بەیەك رێگادا دەتوانێ تێ بپەڕێ کە ئەویش لەباربردنی هەموو مانایەکی راستەقینەیە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی).

رەنگە گەورەترین مەترسی کە هەڕەشە لەرونی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بکات ئەو نەغمەیە بێت

که باس له گونجاندنی چەمکەکە لەگەڵ کلتورە تایبەتیەکاندا دەکات. بەم پێیە کۆمەڵگای مەدەنی تائەو شوێنە قبوڵدەکرێت کە لەگەڵ نەریتو ئەخلاقو کلتوری تایبەتی ئەوگەلانەدا بگونجێ، کە پیادەی دەکەن. دەبێت ئەو خەسڵەتانەی بخرێنە لاوە کە خەسڵەتی کلتووری رۆژئاواو دورن لە ژیانی کلتوریو ئەخلاقی کۆمەڵگاکانی دیەوە. بێگومان چ خەسڵەتی قبوڵکراو وەلاوەنراویش پەیوەستە بەپێگەی ئایدۆلۆژی هەڵگرانی چەمکەکەوە، لێرەوە دەشێ ئەوەی لای هەندێك خاڵی جەوهەری کۆمەڵگای مەدەنی بێت، لای هەندێکی دی خاڵێکی لاوەکی بێت. ئیدی بەم شێوەیەش چەمکەکە بەپێی تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی هەڵگرانی، کورتو درێژ دەکرێتەوەو مانا رۆشنەکانی خۆی لەدەستدەدات. لەراستیدا مێژووی خودی چەمکەکەش مێژوویەکی پڕ لەناتەباییو بێروڕای لێك جیاوازو بگرە زۆر جار دژ بەیەکە. رەنگە یەکێك لە هۆیەکانی ئەم هەموو بێروڕا جیاوازە سەبارەت بەچەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زیاد لەبواریکی فکری بەشداری لەوتوێژی کۆمەڵگای مەدەنیدا کردووە: لە فەلسەفەو کۆمەڵناسیەوە بیگرن تاتیورەی سیاسیو ئابوریو تەنانەت ئەنسرۆپۆلۆجیاش. بەڵام لەبەر ئەوەی تازەترینی ئەو وتوێژانە پەیوەندی بەبواری ئەنسرۆپۆلۆژیاوە هەیەو لەبەر ئەوەش کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەگەلانی وەك ئێمەوە هەیە کە "گەلانی بێ دەوڵەتین"، ئەوا وای بەباش دەزانم سەرەتا لەو ئاستۆ تازانەدا دەست پێبکەم کە ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە لەوتوێژی کۆمەڵگای مەدەنیدا، دەیهێنێتە ئاراوە.

ئەنسروپۆلۆژیاو کۆمەڵگای مەدەنی

کارل پۆپەر لە کتێبی "کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانیدا" و لە فەسڵێکدا هەر بەم ناوەوە، دەڵێ "ئێمە دەتوانین رێگای گەڕانەوە بۆ ئازادیلبوون بگرینە بەر.. بەڵام گەر دەمانەوێ مرۆڤ بمێنینەوە یەك رێگا زیاترمان لەبەردەمدا نیە، ئەویش رێگای چونە ناو کۆمەڵگای کراوەیە"[٤]. حەوت ساڵ دوای ئەم رستانە ئەنسرۆپۆلۆژیەکی بەناوبانگ لەساڵی ١٩٥١دا وتارێکی بۆ یۆنسکۆ ئامادەکرد بەناوی "رەگەزو مێژوو"ەوە. لەشوێنێکی ئەم وتارەدا دەڵێ "بەدرێژایی دەیان هەزار ساڵو بگرە سەدان هەزار ساڵیش خەڵکانێك هەبوون خۆشەویستیان کردووەو ئازاریان چێژاوو داهێنانیان کردووەو جەنگیان پێکەوە کردووە.. بەڕاستیش هیچ کۆمەڵگایەك نیە منداڵ بێت، هەمو کۆمەڵگاکان پێگەیشتوو و کاملن، بەو کۆمەڵگایانەشەوە کە منداڵێتیو هەرزەکارێتی خۆیان نەخوێندۆتەوە"[٥].

بەراوردێکی خێرا لەنێوان قسەکانی "پۆپەرو شتراوس"دا بە ئاشکرا دوو بۆچوونی دژ بەیەکمان بۆ ئاشکرا دەکات: لەکاتێکدا پۆپەر ئەو کۆمەڵگایانەی ناچنە ناو کۆمەڵگای کراوەوە بەگەڕانەوە بۆ ئازەڵبوون تاوانبار دەکات (ئاشکراشە گەڕانەوە بۆ ئازەڵبوون گەڕانەوەیە بۆ بەربەریەت) ئەوا شتراوس هەر لەسەرەتاوە ئەم دابەشکردنە رەد ئەکاتەوە بڕوای وایە هیچ کۆمەڵگایەك کەمو کوڕی نیەو هەموو کۆمەڵگایەك بەپێگەیشتوویی لەدایك دەبێ. پۆپەر سەر بەو بەریانە لیبرالەیە کە کۆمەڵگای پیشەسازی رۆژئاوا بەپێشکەوتوترین کۆمەڵگا دادەنێتو دەیکات بەپێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ژیاری (حضاري)کۆمەڵگاکانی دی. بەڵام شتراوس باسکردن لەپێشکەوتنو دواکەوتنی کۆمەڵگاکان بەبێهودە دەزانێو بڕوای وایە ئەستەمە دوو کلتووری جیاواز بەیەك بەراورد بکەین. لەبەرگی دوەمی "ئەنسرۆپۆلۆژیای بونیادگەریدا" دەڵێ "گریمانەی مەزنی کۆمەڵگا یان کلتورێك بەسەر کۆمەڵگا یان کلتورێکی تردا، گریمانەیەکی پوچو بێ مانایە"[٦]. بەبڕوای شتراوس هەموو کۆمەڵگایەك لەبەردەم ئەو هەڵبژاردنە زۆرانەی لەبەردەمیدایە، تەنها یەکێکیان هەڵدەبژێرێ کە ناکرێت هیچیان بەیەك بەراورد بکەین، بەڵکو هەر هەموویان یەکسانن بەیەك[٧]. چونکە بەبڕوای ئەو "مەحاڵە پێوەرێکی فەلسەفیو ئەخلاقی بدۆزینەوە کە بتوانێ نرخی ئەو هەڵبژاردنانە هەڵسەنگێنێ کەوای لەهەموو کۆمەڵگاکان کردووە هەندێ شێوەی ژیانو فکر بپارێزنو واز لە هەندێکی دیش بهێنن"[٨].

بەڵام ئایا بۆچی شتراوس حوکمی پێشکەوتنو دواکەوتن بەسەر کۆمەڵگاکاندا بەپووچو بێ مانا دادەنێ؟ ئایا لەڕێی تێبینیکردنەوە ناتوانین بزانین کۆمەڵگایەك لەوی دی پێشکەوتوترە؟ ئایا ناتوانین بەراوردی دوو کۆمەڵگا بکەین؟ بەبڕوای شتراوس

دەتوانین کارێکی وابکەین.. بەڕاستیش ئەمە کارێکە دەیانجار دەیکەین، بەڵام ئەو حوکمەی دەیدەین ناتوانێ بەهیچ شێوەیەك حوکمێکی بابەتیو زانستی بێ. چونکە بەراوردکردنەکە بەپێی بنەمایەکی بابەتی نیە، بەڵکو بەپێی ئەو گۆشە نیگاو پێگە کلتوریەیە کە بەراوردکەر لەسەری راوەستاوە. لەوتاری "رەگەزو مێژوو"دا دەڵێ "پێمان وایە کلتورێك چالاکە ئەگەر بەهەمان ئاڕاستەی ئێمە بجوڵێتەوەو [لەجێی خۆیدا] وەستاوە ئەگەر بەئاڕاستەی پێچەوانەی ئێمە بجوڵێتەوە"[٩]. "جیاوازی کلتورە پێشکەوتووەکانو کلتورە دواکەوتووەکان بەر لەهەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی گۆشەی سەیرکردن"[١٠]. لێرەدا شتراوس ئەم حاڵەتە بەراورد ئەکات بەو موسافیرەی لەشەمەنەفەرێکدا دانیشتووە. بۆ ئەم موسافیرە درێژیو خێرایی ئەو شەمەنەفەرانەی بەلایدا تێدەپەڕن بەپێی ئەوەی بەئاڕاستە یان پێچەوانەی شەمەنەفەرەکەی ئەو دەڕۆن، دەگۆڕێت. شتراوس بونی مرۆڤەکان لەناو کلتورەکاندا وەك بوونی ئەو مرۆڤە دەبینێ لەناو شەمەنەفەرەکەیدا "ئێمە لەکاتی لەدایکبوونمانەوە بەهۆی دەیان تێزی هوشیارانەو ناهوشیارانە، سیستمێکی ئاڵۆز لەپێوەرەکان وەردەگرین کە هاندەرو پێوەرە بەهاییەکانو خاڵی گرنگیپێدانمان، دیاریدەکات. ئێمە دەجۆرێنەوەو ئەم سیستمە لەپێوەرەکانمان لەگەڵ خۆماندا هەڵگرتووە.

... لێرەوە لەڕێی ئەو هەڵسەنگاندنانەوە نەبێ کە ئەم سیستمە بەسەرماندا دەیسەپێنێ، ناتوانین تێبینی ئەو روداوە کلتوریانە بکەین کە لە دەرەوەی ئێمەن.. ئەمە ئەگەر ئەو سیستمە ڕێگەمان لێ نەگرێت شتێکی لێ تێبگەین"[١١].

هەموو ئەمانە وای لە شتراوس کرد گومان بخاتە سەر ئەو دابەشکردنانەی مرۆڤایەتی بەسەر" (پێشکەوتوو/ دواکەوتوو، مەدەنی/ بەربەری)دا دابەشدەکات. ئەو بڕوای وابوو ئەو تێزەی بڕوای وایە مرۆڤی سەرەتای مەدەنی نیە یان کلتورەکەیان شێوەیەکی ناکاملّی کلتووری گەلە پێشکەوتووەکانە، بۆتە هۆی ئەوەی ئەنسرۆپۆلۆژیستەکان تووشی هەڵەیەکی زۆر ببن[١٢]. لێرەوە شتراوس لەجێی ئەم دابەشکردنانە دابەشکردنێکی دی دەهێنێتە ئاراوە کە ئەویش کۆمەڵگای ساردو کۆمەڵگای گەرمە. کۆمەڵگای سارد ئەو جۆرەیە لە کۆمەڵگا کە نایەوێت بگۆڕێت، لەکاتێکدا کۆمەڵگا گەرمەکان ئەو کۆمەڵگایانەن کە بەردەوام دەگۆڕێن. شتراوس دەڵێ "کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان دروستبوون بۆ ئەوەی بگۆڕێن، ئەمە بنەمای بونیادو رێکخستنەکانیانە، لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵگایانەی پێیان دەگوترێت سەرەتایی لەبەر ئەوە لەلایەن ئەندامەکانیانەوە دروستکراوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت"[١٣]. بەڵام دەبێ لێرەدا ئاگاداری ئەوەبین کە شتراوس هیچ بەهایەکی ئەخلاقیو حوکمێکی بەهای (حکم قیمی) بۆ ئەم دابەشکردنە دانانێت. چونکە لەبنەڕەتدا شتراوس "وەفاداری سەرسەختانە بۆ رابردوو وەك مۆدێلێکی نەگۆڕ، بەکەموکوڕیەکی ئەخلاقیو عەقڵی نازانێت"[١٤]. بەڵکو ئەو بیری لەدۆخێك دەکردەوە کە هەموو کلتورەکان بەچاوی یەکسان تەماشا بکرێنو هیچیان لەهیچیان بەمەزنتر دانەنرێ.

بێگومان شتراوس لەم بۆچوونانەیدا تەنیانیەو بڕێکی زۆر لەبیریارانی رۆژئاوا پشتگیری ئەم بۆچوونانەی دەکەن کە بەناوبانگترینیان "بیار کلاستەر"ە. بیارا کلاستەر لەکتێبی "کۆمەڵگا بێ دەوڵەتەکاندا" بەهەمان ئاڕاستەی لیڤی شتراوسدا دەڕواو دەڵێ "ئەو کۆمەڵگایانەی نوسین نازانن، لەو کۆمەڵگای نوسین دەزانن کەمتر پێگەیشتوو نین. مێژووشیان لەمێژووی ئێمە کەمتر قوڵایی تیا نیە.. بگرە [ئەم کۆمەڵگایانە] کەمتر لەمێژووی ئێمە رەگەزپەرستترن. هیچ شتێکیش نیە وامان لێبکات بڵێین توانای بیرکردنەوەیان لە ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆیان نیەو توانای داهێنانی چارەسەریان بۆ کێشەکانی خۆیان نیە"[١٥]. کلاستەر وەك شتراوس بڕوای وایە کۆمەڵگای سەرەتای، کۆمەڵگایەکی تەواوەو ناتوانین سیفەتی مەدەنی بوونی لێ بسێنینەوە. لەشوێنێکی هەمان ئەو کتێبەدا دەڵێ "ژیاری رۆژئاوا دواجار دانی بەوەدانا کە مرۆڤی سەرەتایی لەڕووی فەردیەوە منالّ نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێگەیشتوو و کاملّە.. بەڵام زیاتر پێشدەکەوێ گەردان بەوەدابنێ کە لەڕووی کۆیشەوە (جماعیەوە) پێگەیشتووە"[١٦]. بەبڕوای کلاستەر هەڵەی سەرەکی ئەو ئەنسرۆپۆلۆجیانەی کۆمەڵگای سەرەتایی بەکۆمەڵگایەکی کەموکوڕ

دواکەوتوو لەقەڵەم دەدەن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وادەزانن کۆمەڵگای سەرەتایی کۆمەڵگایەکی بێ سیاسەتەو دەسەڵاتی تێدا نیە. ئەو کۆمەڵگایەش کە سیاسەتو دەسەڵاتی تیا نەبوو، کۆمەڵگایەکە کە ڕێکخستنی تیا نیە، دەزگایەکی نیە ژیان لەناو کۆمەڵگادا ڕێك بخات، دەستورێکی نیە مافو پەیوەندیەکان دەست نیشان بکات:- لێرەوە کۆمەڵگای سەرەتایی (بەبڕوای ئەو ئەنسرۆپۆلۆجیایە) لەدۆخێکی بەردەوامی جەنگو ئاشوبدایە. بەڵام (کلاستەر) ئەمە بەتێڕوانینێکی هەڵە دەزانێو سەرچاوەی ئەم هەڵەیەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا تەنها لەڕێی دەوڵەتەوە بیر لەسیاسەت دەکاتەوە. لەکاتێکدا سیاسەت مەرج نیە تەنها لەڕێی دەوڵەتەوە لەدایك بێت: "ئەو کۆمەڵگایانەی سیستمی حوکمی تیا نیە، مانای ئەوە نیە کە سیاسەتی تیا نیە" (شپرا) دەڵێت: ڕێکخستنی چالاکیە گشتیەکانو بڕیاردان لەبری کۆی کۆمەڵگا، چالاکی سیاسیە"[17]. بەم مانایەش لەهەموو کۆمەڵگایەکدا جۆرێك لەچالاکی سیاسی هەیە. "جورج بالاندێ" لەوتوتێژێکدا لەگەڵ هاشم سالحدا دەڵێ " سیاسەت لەشکڵی جیاواز لەشکڵی دەوڵەتدا هەیە ! شکڵی خێڵەکیو عەشایری.. هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی نیە بتوانێ بێ هۆکاری سیاسی بژی".. "هەمیشەو لەهەموو جێگەیەکدا خەڵکانێکی دیاریکراو هەن کە کاریان پراکتیکی چالاکی سیاسی ڕوتە.. ئیدی ئەو کەسانە مەلیك بن یان سەرکۆمار یان سەرەك عەشیرەت، ئەمە هیچ لەباسەکە ناگۆڕێت"[18]. جۆرج بالاندێ لەم وتوێژەدا ڕەخنە لە کلاستەریش دەگرێو بڕوای وایە تێزەکەی کلاستەر لەکتێبی "کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتدا" تێزێکی هەڵەیە: " ئەم تێزە [واتە تێزەکەی کلاستەر] بڕوای وایە کۆمەڵگا توانای ئەوەی هەیە ڕێگا لە فۆرمەلەبوونی سیاسەت وەك دەسەڵاتێکی بەهێز، بگرێ. ڕەنگە ئەمە سەبارەت بەهەندێ خێڵی هیندی ئەمریکی ڕاست بێت بەڵام بۆ ڕۆربەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان ڕاست نیە.. لەڕاستیدا کۆمەڵگای مەدەنی ناتوانێ ڕێگە لە فۆرمەلە بوونی سیاسەت وەك دەسەڵات بگرێ"[19]. هەڵەی گەورەی سۆسیۆلۆگو ئەنسرۆپۆلۆگەکانی پێشوش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وادەزانن کۆمەڵگای سەرەتایی لەبەر ئەوەی دەزگای دەوڵەتی نیە کەوابوو دەسەڵاتو سیاسەتیشی تیا نیەو لێرەوە ئەم کۆمەڵگایانە ناتوانن بەمانای تەواو کۆمەڵگا بن. بەڕاستیش یەکەم تیوریزەنانی کۆمەڵگای مەدەنی، دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنیان دەبەستەوە بەدروستبوونی دەوڵەتەوە. بەگشتی سەرجەم بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆمەڵگای مەدەنی ئەو کاتە دەست پێدەکات کە دەوڵەت دروست دەبێت. بێ بوونی دەوڵەت، کۆمەڵگا لەدۆخێکدایە کە بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی ناوی دەنێن "دۆخی سروشتی". تۆماس هۆبز بڕوای وابوو دۆخی سروشتی لەبەر ئەوەی بێ دەوڵەتە، دۆخێکە نەسیاسەتی تیایەو نەکۆمەڵگاشی تیایە. لەم دۆخەدا تاکەکان بەتەنیا بۆ خۆیان دەژینو هەر بیر لەزیادکردنی دەستکەوتو دەسەڵاتی خۆیان دەکەنەوە. چونکە لەدۆخێکدا کە دەوڵەتی تیا نیە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەئاسایشو موڵکیەتی تاکەکان بکات، تاکەکان ناچارن لەترسی لەدەستدانی دارایی‌و دەستکەوتەکانیان، بەردەوام لەهەوڵو کۆششی گەورەکردنی دەسەڵاتو دەستکەوتەکانیاندا بن. ئەمەش خۆی ئەو هۆکارەیە کە جەنگی هەموو دژی هەموو دەهێنێتە ئاراوە. هۆبز لە "لیڤیان"دا دەڵێ"لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی هاوبەش نەبێ مرۆڤەکان حسابی بۆ بکەن، خەڵکی لەحاڵەتێکدا دەژین کە حاڵەتی جەنگە.. لەم حاڵەتەدا جەنگی هەمو دژی هەموو دەست پێدەکات)[20]. دۆخی جەنگیش ئەو دۆخە پڕ لە ئازاوەو نائارامیەیە کە ڕێگا لە دروستبوونی هەموجۆرە کلتورێك دەکرێت. هۆبز لە هەمان کتێبدا دەڵێ: (لە دۆخی سروشتیدا) مرۆڤەکان ناچارن هەموو توانای داهێنیان و دەسەڵاتی خۆیان تەنها بۆ پاراستنی خۆیان تەرخان بکەن، هەر لەبەرئەمەش لەم دۆخەدا هیچ جێگەیەك بۆ پیشەسازی نیە، چونکە چارەنوسی بەرهەمەکە نادیارە، لەئەنجامدا هیچ کلتورێکیش لەسەر زەوی دروست نابێ). (نە هونەرێك دەبێت نە کتێبێك، نە کۆمەڵگایەك. لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە مرۆڤ هەمیشە ترسی مردنی لەدڵدابێ و ژیانی تەنیایی مرۆڤەکان پڕ لە ئازار و ناخۆشی دەبێ)[21]. ئەوەشی کۆتایی بەم دۆخە دێنێ ڕێکەوتنی مرۆڤەکانە لەسەر پەیمانێکی کۆمەلایەتی کە تیایدا واز لە ئازادی

ڕەهای خۆیان دەهێنن بۆ دەسەلاتێکی ڕەها کە دەوڵەتە، ڕێك ئەم ساتەوەختەش کۆمەڵگای مەدەنی لەدایك دەبێ ، واتە کۆمەڵگا یان نیە یان کە هەبوو دژەکەی خۆی لەگەڵیدا دێنێ کە دەوڵەتە.

ئاشکرایە هەموو بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدانین بۆ دۆخی سروشتی بەڵام لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆمەڵگای مەدەنی بێ بوونی دەوڵەت، مەحاڵە. بۆنمونە (جۆن لۆك) بڕوای وابوو دۆخی سروشتی دۆخی مرۆڤە تەنیاکان نیە، چونکە ئەویش وەك (ئەرستۆ) بڕوای وابوو مرۆڤ بە سروشتی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام لەگەڵ خاڵەدا لەگەڵ (هۆبز) دا یەکدەگرێتەوە کە دۆخی سروشتی بە دۆخێکی سیاسی نازانێت. لە تێڕوانینی(جۆن لۆك) دا گرفتی دۆخی سروشتی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن دەزگایەکی سەربەخۆ نیە بتوانێت یاسا عەقڵانیەکان جێبەجێ بکات. لێرەوە لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤەکان ناچارن خۆیان ببنە داوەری کێشەکانیان. بەڵام (خۆپەرستی مرۆڤەمان دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕێگەی دادپەروەری لابدەن و حوکمێکی یەك لایەنە بەسەر کاری خۆیان و هاوڕێکانیاندا، بدەن، لەلایەکی دیەوە تووندڕەوی و خراپەکاری دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان لە سزادانی خەڵکانی دیدا زیادەڕەوی بکەن کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەشێوی و ئاژاوەنانەوە)[٢١]. دروستبوونی ئەم حاڵەتە وادەکات دروستبوونی دەوڵەت شتێکی پێویست بێت. جۆن لۆك دەڵێ: (من بێ هیچ وتوێژێك قبوڵی دەکەم کە دەوڵەت دەرمانی ڕاستەقینەی ئەو گرفتانەیە کە لە دۆخی سروشتیدا دروست دەبێ)[٢٣]. دروستبوونی دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان لە دۆخێکی کۆمەڵایەتیەوە بچنە ناو دۆخێکی سیاسیەوە و لێرەشدا ئیدی کۆمەڵگای مەدەنی دروست دەبێ.

بەم شێوەیە لە تێڕوانینی بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بەستراوە بە دروستبوونی دەوڵەتەوە. دەوڵەتە مرۆڤەکان لە پارچە پارچەبوون و ستەملێکردن دەپارێزێ و کۆمەڵگای مەدەنی دروست دەکات. بێ بوونی دەوڵەت، کۆمەڵگا یان لە دۆخی جەنگی هەموو دژی هەموایە (وەك لای هۆبز دەیبینین) یان لە دۆخێکی ناسیاسیدایە کە بەڕەڵاکراوە بۆئەگەری ئاژاوە و ستەملێکردن (وەك لای جۆن لۆك دەیبینین).

ئاشکرایە ئەم تێڕوانینە ڕێك پێچەوانەی ئەو دراوانەی ئەنسرۆبولوجیای تازەیە کە دەیسەلمێنن هیچ کۆمەڵگایەك نیە شکڵێك لە شکڵەکانی دەسەلات و شێوەیەك لە شێوەکانی ڕێکخستنی سیاسی تیانەبێ. واقعی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئاشکرای دەکات کە دەشێ کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەوت هەبێ بێئەوەی لە دۆخی جەنگی هەموو دژی هەموو، یان لە دۆخی پەشێوی و ئاژاوەدابێ. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا (بە کۆمەڵگای سەرەتایشەوە) شێوەیەك لە شێوەکانی دەسەلات هەیە کە ژیانی ڕێك دەخات و یاساڕێژی دەکات و تابۆ لەسەر هەندێ ڕەفتارەکانی دادەنێ.

بەم شێوەیە ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە داوامان لێدەکات بەچاوێکی یەکسانەوە تەماشای کلتورە جیاوازەکان بکەین و خۆمان لەو نەریتە پاك بکەینەوە کە کلتور و کۆمەڵگاکان دابەشدەکات بەسەر دوالیزمێکی زنجیرە پلەی وەك (مەدەنی/ بەربەری، پیێشکەوتوو/ دواکەوتوو) دا.

بەڵام لێرەدا دەبێ بپرسین ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە هەموو کۆمەڵگاکان بە جیاوازی سیستمی سیاسی و ئەخلاقیانەوە کۆمەڵگای مەدەنین؟ ئایا گێڕانەوەی مەدەنەیت و عەقڵانیبوون بۆ ژیارەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا بە مانای چاوپۆشینە لە دواکەوتویی ئەو کۆمەڵگایانە؟ ئایا ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە بە بەرگریکردن لە کلتورە جیاوازەکان نابێ بەربەستێ لەبەردم گۆڕانی ئەو کلتورانەدا؟ دواجار ئایا بە یەکسانکردنی کلتورە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکان، بریتی نیە لە بەشداریکردن لە هێشتنەوەی دۆخی کۆمەڵگاکاندا وەك خۆی کە ڕێك و ڕاست تەنها لە بەرژەوەندی کلتورە پێشکەوتوەکانە؟ بێگومان ئەم پرسیارانە، پرسیارگەلێکی ڕەوان، بەتایبەتی بۆ گەلانی وەك ئێمە کە پێویستیەکی یەکجار گەورەمان بە ڕاچەنینێکی نوێ هەیە. بەڵام پێم وایە پرسیارگەلێکی هەڵەن. چونکە لە بنەڕەتدا بڕوام وایە ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە بۆ بەرگریکردن لە دواکەوتویی و نەگۆڕانی کلتورەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو بۆ دژایەتیکردنی ئەو تۆتالیتاریتەی پرۆژەی ڕۆشنگەری هاتۆتە ئاراوە کە

بەناوی مرۆڤایەتی و جیهانیبونەوە لە ئاستی سیاسیدا پرۆژەی ترسناکی کۆلۆنیالیکردنی بەرهەمهێنانا. هەست ئەکەم بەتەواوی لە مانا و دەستکەوتەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە تێناگەین گەر وەک کاردانەوەیەک تەماشای نەکەین لەبەردەم پرۆژەی کولونیالیکردندا. ستیورات هیوز دەڵێ: (لیڤی شتراوس هەرگیز نەیارێکی وشک و قوتابخانەیی پێشکەوتن نەبوو، بەڵکو تێڕوانینێکی هەبوو کە دەیکردە لایەنگری ئەو گۆڕانکاریانەی لە رەنج و پێداویستیەکانی مرۆڤ، کەم دەکاتەوەو ئەو لە هاوچەرخانی هوشیارتر بوو بەوەی کە ئەم هەموو دزێوی و تاراوگەبوونە کلتوریانە، بەهایەکی گرانە کە لەپێناوی پێشکەوتندا دەدرێ[٢٤].

شتراوس لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ لۆموندی فەرەنسیدا.. فکری رۆژئاوا بە ترسناک دادەنێ، چونکە بڕوای وایە ئەم بونیادە باس لە یەکبوونی جۆری مرۆڤ دەکات، توانای تێگەیشتن و قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانی رێژەگەری لە ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلە جیاوازەکاندا، نیە. هەر لەو وتوێژەدا ئەو تێزەی دیکارت رەدئەکاتەوە کە بڕوای وایە مرۆڤ بالاترین بونەوەرکانە و بە راشکاوی دەڵێ: (کۆکردنەوەی ئەم دوو تێڕوانینە (واتە بونیادی فکری مەسیحی و تێڕوانینەکانی دیکارت) بونەهۆی مەزنترین کارەساتە مرۆڤایەتیەکان و لێپرسراوی (سەرەکی) کولونیالیکردن و فاشیزم و کۆلاك و تراژیدیاکان و ئوردوگاکانن)[٢٥]. شتراوس بیری لە دۆخێك دەکردەوە کە مرۆڤایەتی (لە تەوقی ئەو لەعنەتە دێرینە (رزگاربکات) کە ناچارە لەپێناوی پێشکەوتندا، هاوڕەگەزەکانی خۆی کۆیلە بکات)[٢٦].

لێرەوە بە بڕوای من هەموو تێگەیشتنێك لە دراوەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە گەر حساب بۆ ئەو سیاقە کلتوریە نەکات کە تیایدا لە دایکبووە، تێگەیشتنێکی تەمومژاوی دەبێ و لەناو خۆیدا هەڵگری گەلێك ئەگەری هەڵە تێگەیشتن دەبێ. ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە چرکەیەکی رەوتی پەرەسەندنی فکری رۆژئاوایە و تەنهاش بە بەراوردکردن یان رەچاوکردنی چرکەکانی پێش خۆی، دەتوانین لە مانا و ئاراستەکانی بە وردی تێبگەین. دیارە مەبەستم لەم رستانە ئەوە نیە ئەنسرۆبۆلۆژیای تازە هیچ دەستکەوتێکی گرنگی بۆ ژیارەکانی دەرەوەی رۆژاوا نیە و تەنها کاردانەوەیەکی روتە لەبەرامبەر چرکەکانی پێش خۆیدا. بێگومان ئەنسرۆپۆلۆژیای تازە خاوەنی گەلێك دەستکەوتی گرنکە کە بۆ گەلانی وەکو ئێمە کە لە دەرەوەی ژیاری رۆژئاواین، یەك جار پڕ بایەخە، بەڵام هەڵوێست لەو دەستکەوتانە هەر لە سەرەتاوە دەبێ روون و ئاشکرابێت. بە بڕوای من گرنگترینی ئەو دەستکەوتانە کە راستەخۆ پەیوەندی بە گەلانی وەك ئێمەوە هەیە لە دو خاڵی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە:

١) پێویستە سەیرکردنمان بۆ ئەو کلتورانەی جیاوازن لە ئێمە، سەیرکردنێکی پڕ لە رێز و دان پیانان بێت. چونکە تەنها لە دیدێکی وا یەکسانخوازەوە دەتوانین هەم لەو کلتورە نزیك بینەوە و هەم سوود لە ئەزمونەکانی وەربگرین.

٢) رێگای جیاواز بۆچونە ناو کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. مەرج نیە تەنها ئەو کۆمەڵگایانە مەدەنی بن کە بە هەمان قۆناغی پەرەسەندن و گەشەکردنی رۆژئاوادا، تێپەڕیون، رەنگە ئەم خاڵەی دواییان لە زۆر رووەوە وتوێژئامێز بێت و بەئاسانی تێنەپەڕێت. چونکە ئایا بە راستی دەتوانین کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆرخکردنی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی رزگار بکەین؟ ئایا کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی ساتەوەختێکی دیارکراوی پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتی نیە؟ ئایا ئەو ساتەوەختەش پێشمەرجی سەرەکی دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی نیە؟

لە راستیدا بەریانێکی گەورەی بیریاران لایەنگری ئەو بۆچوونەن کە پێی وایە کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەسەندنی ئابوری وکۆمەڵایەتیە کە لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا سەریهەڵداوە کە ئەویش رۆژئاوایە، یەکەمین ئەو بیریارانەی ئەم بۆچونەیان بۆ یەکەمجار هینایە ئاراوە، ئەو بیریارانەن کە بە (ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك) لەقەڵەم دەدرێن، لەبەر گرنگی ئەو گۆڕانکاریانەی ئەم بیریارانە بەسەر ماناکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا هێنایان، وا چاکە کە کەمێك لەسەر تێزەکانیان راوەستین.

کۆمەڵگای مەدەنی وئموونەی بازاڕ:

لە تێڕوانینی هۆبز و زۆربەی بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ بە سروشت خۆویست و سودخوازە و بەهێزترین بزوێنەریشی ئارەزوو و هەوەسەکانێتی. هەر لەبەر ئەمەش مرۆڤ هەرگیز بێ بوونی دەوڵەتێك ناتوانێ دۆخی سروشتی بەجێبهێڵێ کە دۆخی ئاژاوە یان جەنگی سەرتاسەریە. ئێستا بەکۆمەڵێ بیریار دەگەین کە ئەگەرچی هەمان وێنەیان بۆ مرۆڤ هەیە وەك بونەوەرێکی خۆویست و سودخواز، بەڵام لەبری ئەوەی ئەم سیفەتە وا لێکبدەینەوە کە دەبێتە هۆی شەڕی سەرتاسەری، بڕوایان وایە بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی خێڕی سەرتاسەری. ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك لەژێر کاریگەری رۆشنگەریدا کۆمەڵگایان بە پێکهاتەیەك دەزانی کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە و عەقڵی مرۆڤیش دەتوانێ پەی بە نهێنیەکانی بەرێت. بەبڕوای ئەوان نهێنی ئەو یاسایانەی کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات دەگەڕێتەوە بۆ بواری ئابوری و راستەوخۆ بەستراوە بە قۆناغی گەشەسەندنی ئابوریەوە. بە گشتی ئەوان بڕوایان وابوو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە چوار قۆناغی ئابوری سەرەکیدا تێدەپەڕێ راوکردن، مەڕوماڵات بەخێوکردن، کشت وکاڵ و بازرگانی). کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی بازرگانیدا دروست دەبێ کە پێشکەوتوترین قۆناغی ئابوریە. ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك تەفسیرێکی ماتریالیانەیان بۆ مێژوو هێنایە ئاراوە و بڕوایان وابوو شێوازی بەرهەمهێنانی ئابوری کاردەکاتە سەر دەستنیشانکردنی کۆمەڵگا جیهانی ئەخلاقی و مەعنەوی و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا[۲۷].

لە راستیدا ئەم تێگەیشتنانە گۆڕانکاریەکی گەورەیان لە تیۆرەی کۆمەڵگای مەدەنیدا هێنایە ئاراوە. چیدی کۆمەڵگای مەدەنی دروستکراوی بواری سیاسی نیە (وەك لای بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەیبینین) بەڵکو دروستکراوی بواری ئابوریە. بەم شێوەیە کۆمەڵگای مەدەنی کە لای بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر دۆخی سروشتیدا، دادەنرا، لەسەر دەستی ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك گۆڕا بۆئەوەی لە بەرامبەر دیسپۆتیزمی رۆژهەڵاتی و دەرەبەگایەتی و ژیارەکانی دەرەوەی رۆژئاوادا، رابگیرێ[۲۸]. واتە کۆمەڵگای مەدەنی گۆڕا بۆ هیمانومایەکی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاکان.

بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی چیە؟ لەراستیدا ئەو وەسفەی ئەم قوتابخانەیە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دەکات تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو سایکۆلۆژیایەدایە کە بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی ناو دۆخی سروشتیان پێ وەسف دەکرد. بەڵام بەو جیاوازیەوە کە ئەم سایکۆلۆژیایە چیدی نەك هەر بە حاڵەتێکی نیگەتیف نازانرێت، بەڵکو بە حاڵەتێکی زۆر پوزەتیڤانە لەقەڵەم دەدرێ.

لەتێڕوانینی ئەم بیریارانەدا (کۆمەڵگای مەدەنی فەزای خۆویستی گشتیە... جێگایەکە تیایدا من هەموو کەسەکانی دی بە هۆکارێك دەزانم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانم.. دیارترین شکڵی کۆمەڵگای مەدەنی ژیانی ئابوریە کە تیایدا من کڕین‌و فرۆش دەکەم بەڵام نەك بۆ جێبەجێکردنی پێویستی کەسانی دی، بەڵکو بۆ سودوەرگرتن لە پێویستیەکانی خەڵکی دی لەپێناوی تێرکردنی پێداویستیەکانی خۆمدا)[۳۰]. بەڵام لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لای هۆبز دەبووە هۆی بەرپابوونی جەنگ لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئەوا لای ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك دەبێتە هۆی خێرێکی گەورە بۆ هەموو کۆمەڵگا. ئادام سمیس دەڵێ (هەموو تاکەکەسێ هەوڵ دەدا بەو سەرمایەیەی لەبەردەستیدایە، کارێکی بەسود بدۆزێتەوە. ئەوەی ئەو دەیەوێت بەرژەوەندی خۆیەتی نەك کۆمەڵگا. بەڵام گەڕان بەدوای بەرژەوەندی شەخسیدا پاڵی پێوەدەنێ بۆئەوەی کارێك بدۆزێتەوە کە زۆترین بەرژەوەندی بۆ کۆمەڵگا هەیە[۳۱]. (سیمس) بڕوای وابوو (ئەوەی بەهۆی ئەخلاقی باوی مەسیحیەوە بەڕەفتارێکی خۆویستانەو خراپ لەقەڵەم دەدرێ، دەتوانێ ببێتە هۆی باشەو خێر بۆ کۆمەڵگا. واتە گوناهی شەخصی دواتر دەبێ بەچاکەی گشتی)[۳۲].

بەکورتی لە تێڕوانینی ئابوریزانانی سیاسی کلاسیکدا کۆمەڵگای مەدەنی دۆخێکی پێشکەوتووی بەرهەسەندنی ئابوریەو فەزایەکە کە مرۆڤەکان تیایدا ئازادانە بەدوای تێرکردنی ئارەزوو و مەیلەکانیاندا دەڕۆن و بەمەش ناڕاستەوخۆ خێری گشتی بۆ کۆمەڵگا بەرهەم دێنن. ئاشکراشە ئەو مۆدیلەی لەبەردەم ئابوریزانانی سیاسی کلاسیکدا بۆ کۆمەڵگای مەدەنی هەیە، مۆدێلی بازاڕە. جێگایەك کە تیایدا هەرکەسە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی

دەگەڕێ و بێ ویستی خۆشی قازانج بە کەسەکانی دی دەگەیەنێت. من شتێك دەکڕم لەبەرئەوەی پێویستم پێیەتی: بەڵام لە هەمانکاتدا وبێ ویستی خۆم سود بەدوکاندرایکیش دەگات کەشتەکەی لێ دەکڕم. هەروەها لەبازاڕدا جیاوازیەکانی رەگەزو پایەو پلە لەناو دەچێت و هەموان بەپێی یاساکانی کڕین و فرۆشتن یەکسان تەماشا دەکرێن. من دەمەوێ شتێك بفرۆشم ئیدی کڕیارەکەم رەش پیستە یان سپی پێست، یەهودیە یان موسوڵمان، بەرپرسیارێکی گەورەیە یان فەراشێك، هەر هەمویان بۆ منی فرۆشیار یەکسانن. بازاڕ هەموو مرۆڤەکان لە ئاستێکی یەکساندا دادەنێت. بازاڕ ئەو مودیلە گەورەیەیە کەئابوریزانانی سیاسی کلاسیك لە تێگەیشتنیاندا بۆ کۆمەڵگای مەدەنی لەپێشچاوی خۆیان رایانگرتبوو. ئا لەم تێڕوانینەشەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی وەك فەزایەکی ئازاد بۆ مامەڵە و داهێنانی ئابوری، یەکەم دروشمی سەرەکی لیبراڵەکان گەلاڵە بوو: (لێگەڕێ کار بکا.. لێگەڕێ بڕوا!). ئەگەر کۆمەڵگای مەدەنی باشترین نمونەی خۆی لە بازاڕێکی ئازاددا دەبینێتەوە کە تیایدا تاکەکان لە ڕێی گەڕان بەدوای قازانجە تایبەتیەکانی خۆیاندا، قازانجی گشتی بەرهەم دێنن، ئەوا مەرجی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ئازادبوونی پێویستی بە هەرچی زیاتر کەمکردنەوەی دەست تێوەردانی دەوڵەت هەیە.

بەم شێوەیە ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك یەکەم قوتابخانەی فکری بوون کەکۆمەڵگای مەدەنیان وەك ڕوبەرێکی جیاواز لە دەوڵەت پێناسە کرد و ڕاوەستان لەبەردەم دەستێوەردانەکانی دەوڵەتیان کرد بە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. ئادام سمیش کۆمەڵگای مەدەنی دەگەڕانەوە بۆ غەریزەی سودخوازی تاکەکان نەك بۆ نەخشەو بەرنامەڕێژی فەرمانڕەوایان. چیدی نەخشەو ستراتیژی فەرمانڕەواو دەوڵەتەکان نیە کۆمەڵگا ڕێك دەخات و لە شەڕی سەرتاسەری دەیپارێزێ و کۆمەڵگای مەدەنی دروست دەکات. بەڵکو هاوکێشەکانی بازاڕی ئازاد و ئەو فەزا ئازادەی بازاڕی کراوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی.

ئەم سەیرکردنە کە هەمیشە کۆمەڵگەی مەدەنی وەك فەزایەکی ئازادی تاکەکان دەنرخێنێ و لەبەردەم دەوڵەتدا بەرگری لێدەکات، سەیرکردنێکە کە تا ئێستاش بەردەوامی خۆی هەیە و بەڕیانێکی گەورە لە لیبراڵەکان بەرگری لێدەکەن. بەڵام مێژووی ئەم چەمکە هەرتەنها مێژووی لایەنگری و بەرگریکارانی نیە، بەڵکو مێژووی رەخنەگرەکانیشیێتی. تازەگەری ڕۆژئاوا چەند ئەو بیریارانەی بەرهەمهێنا کە بەرگری لە کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی دەکەن و وەك دەستەوتێکی گرنگ دەبنرخێنن، هێندەش ئەو بیریارانەی بەرهەمهێنا کە هەر لە سەرەتاوە بە دیدێکی رەخنەگرانەوە کۆمەڵگای مەدەنیان هەڵسەنگاندووە. چارەنوسی ئەم وتەزایەش وابوو کە باشترین و قوڵترین قسە لە بارەیەوە ئەو کەسانە بیکەن کە رەخنەگرین نەك لایەنگر.. لێرەوە تێگەیشتن لە کۆمەڵگای مەدەنی بێگوێدانە ئەو رەخنانە، تێگەیشتنێکی کەم و کورتە.

رەخنەگرانی کۆمەڵگای مەدەنی:

قۆڵتێر لە نامەیەکدا بۆ بیریارێك کە تازەترین کتێبی خۆی پێشکەشکردبوو، نوسی:

(ئەو کتێبەم بە دەستگەیشت کە دژی رەگەزی مرۆڤ نوسیوتانە و سوپاستان دەکەم. هەرگیز بۆ کەرکردنی ئێمە ئەوەندە عەقڵ بەکارنەهاتبوو. بەخوێندنەوەی کتێبەکەتان مرۆڤ حەز دەکات بە چواردەست و پێ بڕوات. بەڵام من زیاد لە شەست ساڵە ئەم خوەم تەرك کردووە و بەداخەوە هەست ئەکەم دەست پێکردنەوەی ئەو خووە بۆ من مەحاڵە)[٣٣]. بە راستیش کتێبەکە لەو سەردەمەدا کە سەردەمی پیاهەڵدان و نرخاندنی ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوابوو، کتێبێکی کەم وێنەبوو. (ژان ژاك ڕۆسۆ) لەو کتێبەدا بە پێچەوانەی تەوژمی زاڵی سەردەمەکەیەوە چیدی کۆمەڵگای مەدەنی بە جێگەی بەختەوەری و ئازادی و پێشکەوتن لەقەڵەم نەدەدا، بەڵکو بە جێگەی کۆیلەیەتی و فەسادی ئەخلاقی و نایەکسانی دەزانی. (وتارێك لەبارەی سەرچاوەکانی نایەکسانی) ئەگەرچی وەك هۆبز و لۆك دوالیزمی (دۆخی سروشتی / کۆمەڵگای مەدەنی) قبوڵکردبوو، بەڵام ئەوەی شایستەی پیاهەڵدان و نرخاندن و ستایش بوو چیدی کۆمەڵگەی مەدەنی نەبوو، بەڵکو دۆخی سروشتی بوو. لە راستیدا ڕۆسۆ

لەم کتێبەدا ستراتیژی بنەڕەتی (هۆبز و لۆك) ی هەڵگەڕاندبۆوە و لەجێی ئەوەی لایەنە نیگەتیڤەکانی دۆخی سروشتی بکات بە بەهانە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، جوانی و نمونەیی بوونی دۆخی سروشتی کردبوو بە پێوەرێکی ڕەخنەگرانە بۆ ڕیسواکردنی کۆمەڵگای مەدەنی. مێژوی مرۆڤایەتی جوڵەیەك نەبوو لە جەنگی سەرتاسەری و ئازاوەوە بۆ دۆخێکی ڕێکخراو و ئازاد، بەڵکو گواستنەوە بوو لە یەکسانی و ئاسوودەیی سەرەتاوە بۆ مێژوی نایەکسانی. مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی، مێژوی نایەکسانی و جەنگ و ئازاوەیە. ڕۆسۆ لەو کتێبەدا دەڵێ کۆمەڵگای مەدەنی ئەوکاتە دروست بوو (کە یەکێك شورای بە دەوری زەویەکدا کیشاو گوتی ئەمە مووڵکی منە و بەپێێ پێویستیش هەندێك کەسی ساویلکەی دۆزیەوە کە بڕوای پێ بکەن. چەندیش لە تاوان و جەنگ و تێرۆر و کارەسات و ڕیسواییەکانی ڕەگەزی مرۆڤ کەم دەبۆوە ئەگەر کەسێك ئەو شورایەی لابردایە و بەسەریاندا هاواری بکردایە: سڵ لە قسەکانی ئەم دەستبژە بکەنەوە چونکە گەر بیرتان بچێتەوە کە بەرهەم بۆ هەموانە و زەویش مووڵکی کەس نیە، ئەوا بەرەو لەناوچوون ڕاپێچ دەکرێن)[٣٤].

ڕۆسۆ لەم کتێبەدا هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵگای مەدەنی وەك فەزایەکی نایەکسان لەنێوان خاوەن مووڵك و بێ مووڵکدا تەماشا دەکات. لە وتارێکدا بەناوی (ئابووری سیاسی)یەوە کە بۆ ئەنسکلۆپیدیای نوسیووە، پەیمانی کۆمەڵایەتی وەك پەیمانێکی دزێو تەماشادەکات و بە فێڵێکی دەزانێ کە خاوەن مووڵك و دەوڵەمەندان، فەقیرەکانی پێ ناچار دەکەن. (تۆ پێویستت بە منە چونکە من مووڵکدارم و تۆ بێ مووڵکی. کەوابوو لێگەڕێی با پەیمانێك بەیەکەوە ببەستین. من شانازی خزمەتکردنی خۆم بەتۆ دەدەم بەو مەرجەی ڕێگەم بدەی لە ڕێی زەحمەتی فەرمانڕەوایکردنی تۆوە، دەست بەسەر هەموو ئەو شتانەی ترتا بگرم کە ماوتە)[٣٥]. ڕۆسۆ بڕوای وایە پەیمانی کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی فێڵێکە کە کەمایەتیەکی دەوڵەمەند بۆ پاراستنی خۆیان لە شۆڕشی زۆرینەی فەقیر، دەیهێننە ئاراوە. بەمشێوەیەش نایەکسانی و کۆیلەیەتی ڕوپۆشێکی یاسایی بەخۆیەوە وەردەگرێ.

هۆبز ڕاستەکات کە ئەو کەسانەی کۆمەڵگای مەدەنی دروستدەکەن دوژمنی یەکترن و پێویستی و نیازێکی بێسنوریان هەیە بەڵام هەڵەکەی لەوەدایە ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ خەسڵەتی مرۆڤ خۆی، لەکاتێکدا ئەمە خەسڵەتی کۆمەڵگای مەدەنیە. هەروەها لۆکیش ڕاستەکات کاتێ مووڵکایەتی بە ئامانجی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنێ، بەڵام هەڵەکەی لەوەدایە ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ خەسڵەتی مرۆڤ خۆی، لەکاتێکدا ئەمەش خۆی بەرهەمی کۆمەڵگای مەدەنیە. مرۆڤ بەپێی سروشت ئازادە بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی ئازادیەکانی زەوت کردووە و پەیوەستی کردووە بە یاساوە .. یاسایەك کە لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکانە یان لایەنی کەم بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەمەزراوە[٣٦].

ئەم تێڕوانینە ڕەخنەگرانەیە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆسۆی ڕاکێشا بۆئەوەی لە (پەیمانی کۆمەڵایەتیدا)

چارەسەرێك بۆ ئەو ناکۆکیانە بدۆزێتەوە کە لەنێوان تاك و کۆمەڵدایە. زۆر بیریار پێیان وایە کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) جۆرێك پاشەکشێیە لەو تێزانەی کە ڕۆسۆ لە (گوتارێك لەبارەی سەرچاوەکانی نایەکسانی)دا، دایڕشتبوو. (لیوشتراوس) دەڵێ (ڕۆسۆ لەدیدی خوێنەرەکانیدا لەپیاوێکی پەرێشان دەچێ کە لەنێوان دوو هەڵوێستی دژ بەیەکدا، سەرکەردانە. جارێك ئەمیان هەڵدەبژێرێ و جارێکی دی ئەویان. هەندێك جار بەرگری لە تاك دەکات لە بەرامبەر هەر گوشار و دەسەلاتێکدا و پاش تۆزێك بە سەختی لە تاکەکەس داوا دەکات لە بەرامبەر کۆمەڵگا و دەوڵەتدا، ملکەچ بێ)[٣٧]. بەڵام بێئەوەی پیویستمان بەوە هەبێ بچینە ناو ئەم وتوویژەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر ڕۆسۆی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بووە تیوریزەنی سەرەکی یاکۆ بینەکان و بەیەکێك لە سەرچاوەکانی چەمکی دەوڵەتی تۆتالیتەری دادنرێ، ئەوا میراتی ڕەخنەگرانەی (گوتارێك لەبارەی سەرچاوەکانی نایەکسانی) لە شوێنێکی دی و لە ئاڕاستەیەکی دیدا بەکارهات. کاتێ مارکس دەیگوت (تەنها خورافەیەکی سیاسیە کەوا دەزانێ ئەوە دەوڵەتە کە ژیانی مەدەنی ڕادەگرێ' لەکاتێکدا ژیانی مەدەنیەکە دەوڵەت ڕادەگرێ)[٣٨] لەهەمان ئەو هێڵە

رەخنەگرانەدا دەجولێتەوە کە رۆسۆ دەستی پێکرد. بۆ (رۆسۆش). پەیمانی کۆمەلایەتی کە دواجار دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت، فێڵێکی دەوڵەمەندانە کە بۆ نیشتنەوەی رقی زۆرینەی تووڕە و فەقیر، دەبەسترێ. بەڵام لەکاتێکدا ئەم سەرەتا تیوریە رۆسۆی راکێشا بۆئەوەی بیر لە دەوڵەتێك بکاتەوە کە تاکەکەس و کۆمەڵ پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەوا ئەم سەرەتا تیوریە مارکسی راکێشا بۆئەوەی هەردو پێکهاتەکە بخاتە ژێر رەخنەوە. مارکسی وەك ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك قبوڵیکردبوو کە کۆمەڵگای مەدەنی جێگەی ململانێ و خۆپەرستیە و بەرهەمی سەردەمی تازەیە، بەڵام لەبری ئەوەی بکەوێتە ستایشکردنی ئەم حاڵەتە، لە هەموو لایەکەوە رەخنەی ئاڕاستەکرد. لەکاتێکدا ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك و هێگڵ کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتیان لەیەك جیادەکردەوە و یەکێکیان بەرگری لە کۆمەڵگا دەکرد و ئەویتریان لە دەوڵەت، ئەوا مارکس دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەم جیابوونەوەیەو باسی ئەو ناکۆکیە دەکات کە مرۆڤ لەنێوان ئەم دو پێکهاتەیەدا تێیکەوتووە. لە کتێبی (لەبارەی مەسەلەی یەهودیەکانەوە) دەڵێ (مرۆڤ نەك هەر لە ئاستی فکریدا بەڵکو لە ئاستی واقعی و ژیان و بونیدا ژیانێکی دولایەنەیی (ئاسمانی و زەمینی) دەژی. (لەلایەك) بونی لە کۆمەڵێکی سیاسیدا.. کە تیایدا خۆی بە بونەوەرێکی گشتی دەزانێ و (لەلایەکیش) ژیان لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا کە وەك مرۆڤێکی تایبەت کاردەکات و لە مرۆڤەکانی دیدا تەنها ئامێرێك دەبینێ و خۆی بۆ ئاستی ئامێرێك دادەبەزێنێ و دەبێ بە بوکەشووشەیەك بەدەستی هێزی بێگانەکانەوە..)[٣٩] لەکاتێکدا دەوڵەت شوناسی هاوولاتی بە مرۆڤەکان دەدات و باسی یەکسانیان دەکات لەبەردەم یاسادا، ئەوا مرۆڤ لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بەهۆی میکانیزمەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە دابەشدەبێ بۆ فەقیر و دەوڵەمەند، سەرمایەدار و پڕوليتەر. مارکس کۆمەڵگای مەدەنی بە کۆمەڵگای چینەکان دادەنی و بە شانۆیەك بۆ ململانێی ئەو چینانەی دەزانێ. مارکس بڕوای وابوو (مرۆڤ لە کۆمەڵگای بورژوازیدا سیاسی نیە چونکە بونیادە بە پسپۆڕکراوەکانی دەوڵەت رێگرن لەبەردەم بەشداریکردنی تاکەکەس لە سیاسەتدا. دەوڵەتی نوێ بەهۆی پسپۆڕەکانی خۆیەوە ژیانی سیاسی بۆ خۆی پاوان کردووە. لەبەرئەوە تاکەکەس کە سیاسەتی لێدامالراوە ناچارە ژیانی خۆی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ببات سەر.. مارکس دەڵێ کۆمەڵگای مەدەنی سەرکوتکەرە چونکە شۆڕشی سیاسی کە بواری سیاسی گۆڕیووە دەستی لە کۆمەڵگای مەدەنی نەداوە.. کۆمەڵگای مەدەنی فەزایەکە کە تیایدا تەماع خۆپەرستی و چەوسانەوە فەرمانڕەوایی ژیانی تاکەکەس دەکەن)[٤٠].

بەئاشکرا دیارە کۆمەڵگای مەدەنی لای مارکس هەمان ئەو هاوکێشە ئابوریانەن کە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرهەمی دێنێ. مارکس کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای بورجوازی بەیەك شت دەزانێ و لە نوسینەکانیشدا ئەم زاراوانە لەجێی یەکدی بەکاردەهێنێ، مارکس کە دەنوسێ کۆمەڵگای بۆرجوازی ڕێك و راست مەبەستی کۆمەڵگای مەدەنیە و ئەو ژێرخانە ئابوریەیە کە خەسڵەتی سەرەکی کۆمەڵگای بەرجوازیە. واتە تێکەیشتنی مارکس بۆ کۆمەڵگای مەدەنی تێگەیشتنێکی سەرتاسەر ئابوریانەیە و دەبیەستێتەوە بە بازاڕی ئازاد و ئەو میکانیزمە ئابوریانەوە کە بەڕێوەی دەبات.

ئەم دیدە رەخنەییە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی وەك جێگەیەك بۆ چاوساندنەوەی چینە هەژارەکان وایکرد لە زۆربەی تەوژمە مارکسیەکانی دوایدا کۆمەڵگای بورجوازی (مەدەنی) وەك خوازەیەکی سوکایەتیپێکردن و رەخنەکارانە بەکاربهێنرێ و تەنهاش پەیوەندیە ئابوریەکانی ناو بازاڕی ئازاد بە نموونەی کۆمەڵگای مەدەنی بزانرێ. ئەم سەیرکردنە تاك رەهەندانەیە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و فەرامۆش کردنی لایەنە خۆبزوێنەر و هێزە مەعنەویەکانی، وایکرد چیرۆکی تیورەی مارکسی بەپێچەوانەی هەموو خواستەکانی مارکس خۆیەوە کۆتایی بێت و بە هەمان چارەنوسی تێزەکانی رۆسۆدا بڕوات. ئەگەر لە رەخنەکانی رۆسۆوە دیکتاتۆریەتی یاکۆبینەکان هاتەدەرێ، ئەوا لە رەخنەکانی مارکسەوە تۆتالیتاریەتی بەلشەفیزم لەدایك بوو ئەم چارەنووسە تراژیدیە کە بێگومان دوور لە خواستەکانی مارکس بوو، وای لەبیریارە مارکسیەکانی دوای کرد بگەڕێنەوە بۆ چەمکی

کۆمەڵگای مەدەنی و گرنگی بە لایەنە جیاوازەکانی ئەم چەمکە بدەن. لە هەموو ئەو بیریارانەش گرنگترە بیریارێکی ئیتالیە کە کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر تازەکردنەوەی بڕێکی زۆر لە چەمکە فیکریەکانی مارکس و زۆر جاریش بە (فەیلەسوفی کۆمەڵگای مەدەنی) لەقەڵەم دەدرێ. (ئانتۆنیۆ گرامشی) لە فەزایەکدا ژیا کە لەبری ئەوەی بەپێی پێشبینیەکانی مارکس شۆڕشی سوشیالیزمی تیا روبدات، رەگەزپەرستترین و دیکتاتۆرترین رژێمەکانی هێنابووە سەر حوکم. گرامشی خۆی یەکێك لە زیندانیە بەناوبانگەکانی ئەم رژێمانە بوو. دوا ساڵەکانی تەمەنی لە زیندانی فاشیەکاندا بردەسەر و هەر لەوێشدا گرنگترین و بەناوبانگترین نوسینەکانی خۆی نووسی کە دواتر بە (پەرتوکەکانی زیندان) ناوبانگی دەرکرد. گرامشی (لە گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی شۆڕش لەو شوێنانەدا روی نەداوە کە پێشمەرجە کلاسیکیەکانی شۆڕشیان ئامادەکردبوو، بۆ چیش لە شوێنە چاوەڕوان نەکراوەکاندا رویدا، جارێکی دی گەڕایەوە بۆ تاوتوێکردنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت)[٤١]. مارکس بۆ تەفسیرکردنی گۆڕانکاریە مێژوویەکان بەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا دەگەڕاو بە شانۆی مێژوی دادەنا، گرامیشیش کۆمەڵگای مەدەنی بە شانۆی مێژوو دادەنێ بەڵام چیدی وەك ژێرخان تەماشای ناکات بەڵکو بەسەرخانی کۆمەڵگای دادەنێ. لێرەدا ئیدی گۆڕانێکی گرنگ بەسەر سەرەتاکانی پەیوەندی نێوان (سەرخان و ژێرخان) دا هات. ئەگەر کۆمەڵگای مەدەنی شانۆی مێژوو بێت و ئەم شانۆیەش سەرخانی کۆمەڵگابێت، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت کە گۆڕانکاریە مێژوویەکان نەك لەژێرخاندا، بەڵکو لەسەرخاندا روودەدەن. لە فکری گرامیشدا جوڵەی مێژوو تاڕادەیەکی زۆر لەسەر ئاستی سەرخان روودەدات. گرامشی سەرەتاکانی تیورەی مارکسی هەڵدەگەڕێنێتەوە بە ئاڕاستەیەکی دیدا دەیبات، بەڵام هەرگیز پێی خۆی لە مارکسی دانابڕێت. گرامشی بۆئەوەی رەوایەتی بەم دەستکاریکردنە ببەخشێ دەگەڕێتەوە بۆ وتەیەك لە (پێشەکیەك بۆ رەخنە لە ئابووری سیاسی). لەو وتەیەدا مارکس باسی لە ناکۆکی نێوان پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان دەکات و بەڕوای وایە مرۆڤەکانی لەڕێی شکڵە یاسایی و سیاسی و دینی و هونەری ... و بەگشتی لە ڕێی ئایدۆلۆژیاوە هوشیار دەبن بەو ناکۆکیانە. گرامشی ئەم پەرەگرافەی (پێشەکیەك بۆ رەخنە لە ئابووری سیاسی) دەکاتە بنەمای دەستکاریکردنەکانی و ئەم پەرەگرافە ئەوەندە فراوان دەکات و پەرەی پێدەدا کە دڕێ هەندێ لە سەرەتاکانی خودی مارکس هەڵدەگەڕێتەوە. گەر مرۆڤەکان بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە هوشیار دەبن بە ناکۆکیەکانی هێز و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، کەوابوو ململانێکە لە بنەڕەتدا لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژیە. ئەو جێگەیەش کە ئەم ململانێیەی تیا روودەدات کۆمەڵگای مەدەنیە. لە فکری گرامشیدا کۆمەڵگای مەدەنی جێگەی ململانێی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانە کە هەریەکەیان دەیەوێت لە ئاستی کۆمەڵگادا، بالادەستی (هەیمەنە) بەدەست بهێنێ. چەمکی بالادەستی یەکێکە لە گرنگترین ئەو چەمکانەی کە گرامشی دایهێناوە. چونکە بەهۆی ئەم چەمکەوەیە کۆمەڵگای مەدەنی لە دەوڵەت جیادەبێتەوە. گرامشی بڕوای وایە دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەو ئەرکانە جیادەکرێنەوە کە لە ئەستۆیانە: ئەرکی دەوڵەت زاڵبونە و ئەرکی کۆمەڵگای مەدەنی بالادەستیە. زاڵبون پرۆژەیەکە کە دەوڵەت لە ڕێی هێزەوە کۆمەڵگا ناچار بە ملکەچی دەکات، بەڵام بالادەستی بریتیە لە قەناعەت پێکردنی سەرجەم یان زۆربەی گروپەکانی کۆمەڵگا بە دید و تێڕوانین و جیهانبینی هێز یان حزبێك[٤١]. قارەمانی ئەم پرۆسەیەش رۆشنبیرانن کە لە فکری گرامشیدا جێگەیەکی ناوەندی داگیر دەکەن: گرامشی بڕوای وایە لەبنەڕەتدا دەوڵەت ناتوانێ بەئاسانی حوکم بکات ئەگەر گروپە جیاوازەکای کۆمەڵگای مەدەنی بەڕێبەرایەتی خۆی قەناعەت پێ نەکا. کۆمەڵگای مەدەنی ئەو جێگەیەیە کە رەزامەندی حوکمکراوانی تیا بەدەست دێ. بێوەدەستهێنانی ئەم رەزامەندیەش دەرکەوت تووشی قەیرانێکی گەورە دەبێ.. ئەوسا یان ناچارە لە ڕێی زاڵبونەوە ملکەچی گروپەکانی کۆمەڵگا بۆ خۆی مسۆگەر بکات یان لەبەردەم هەڕەشەی ئاژاوەدا دەبێ، بەتایبەتی کاتێك کە ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیش توانای

بالادەستی نابێ، گرامشی دەڵێ رەنگە هەلومەرجێکی مێژووی بێتە ئاراوە کە تیایدا (کۆن دەڕزێ بەلام بیرئەوەی تازە جێگەی بگرێتەوە.. لە حاڵەتێکی وادا دەوری تووندوتیژی بۆ پاراستنی دەسەلات لەلایەن چینی بالادەستەوە زیاد ئەکات)[٤٣]. واتە لە تێڕوانینی گرامشیدا بالادەستی ئایدیۆلۆژ یارمەتی ئەوە دەدات بۆئەوەی چینی بالادەست بەئاسودەیی و دور لە پەشێوی، حوکمرانی بکات. بەم مانایەش کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت بە سەنگەرێك کە پارێزگاری لە دەوڵەت دەکات. بێگومان ئەم تێزە رێك و راست پێچەوانەی تێزی لیبراڵەکانە. لە نەریتی لیبراڵەکاندا کۆمەڵگای مەدەنی سەنگەرێکە بۆ بەرگریکردن لە تاکەکەس دژی دەوڵەت. لەکاتێکدا لە نەریتی گرامشیدا کۆمەڵگای مەدەنی سەنگەرێکە لەپێناوی دەوڵەتدا. هەرئەمەشە وا لەو گرامشی دەکات گرنگیدان لە دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتەوە بگوازێتەوە بۆ گرنگیدان بە بالادەستی کلتوری بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدا. (دەوڵەت روکارێکە کە لە پشتیەوە زنجیرەیەکی پتەوی هێز و خۆپاراستن خۆی حەشارداوە)[٤٤] کە ئەو زنجیرە پتەوەش دەزگا ئایدیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین. لە راستیدا تێڕوانینی گرامشی بۆ دەوڵەت لە زۆر ڕووەوە لە تێگەیشتنی مارکس جیاوازە. گرامشی جیاوازی دەکات لەنێوان دەوڵەت بەمانای گشتی و حکومەتدا بە مانای (کۆمەڵگای سیاسی).. بە بڕوای ئەو دەڵەت بە مانای گشتی دەرئەنجامی کۆبونەوەی کۆمەڵگای سیاسیو کۆمەڵگای مەدەنیە. واتە دەرئەنجامی کۆبونەوەی هەردوو وەزیفەی زاڵبون و بالادەستیە. لە فکری گرامشیدا دەوڵەت تەنها لە ڕێی زاڵبوون و زۆرداریەوە دەسەلاتی خۆی ناسەپێنێ بەڵکو بڕێکی زۆری دەسەلاتی لەسەر قەناعەت پێکردنی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ڕاوەستاوە. تەنهاش ئەوکاتە هێز و دەسەلات بەکاردەهێنێ کە توانای قەناعەت پێکردنی کزیوبێ. بێگومان پرۆسەی قەناعەت پێکردنیش بە ناچاری بڕێك لە خەسڵەتەکانی دەوڵەتیش دەگۆڕێت. چونکە هەندێکجار بۆئەوەی گروپەکان قەناعەت پێبکات کە نوێنەری بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگایە نەك نوێنەری بەرژەوەندی چینێك، ناچارە هەندێکجار دور لە بەرژەوەندی ئەو چینەی نوێنەرایەتی دەکات بجوڵێتەوە. بۆ ئەوەی چینی دەسەلاتدار بتوانی وا وێنای دەوڵەت بکات کە دەوڵەتی هەموو گەلە، ئەوا نابێت ئەم وێناکردنە بەتەواوی درۆبێت، بەڵکو دەبێ دەوڵەت هەندێکجار بەرژەوەندی چینەکانی ژێرەوەش، لەبەرچاو بگرێ)[٤٥].

ئەم تێبینیانە وای لە گرامشی کرد مەسەلەی دەستبەسەرداگرتنی راستەوخۆی دەوڵەت، وەك چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە، بخاتە ژێر گومانەوە و بە ڕێگەچارەیەکی بابەتی دانانێت بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێزن. گرامشی دەڵێ: (لە ڕۆژهەڵاتدا – واتە لە روسیادا– دەوڵەت هەموو شتێك بوو بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی ناکامڵ و سەرەتایی بوو. بەڵام لە ڕۆژئاوادا پەیوەندیەکی ڕاستەقینە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیدا هەیە بەشێوەیەك کە دەتوانین لەپشت دەوڵەتێکی لەرزیویشەوە، بونیادێکی پتەوی کۆمەڵگای مەدەنی ببینین)[٤٥]. ئەو نوسەرەی ئەم پەرەگرافەی هێناوەتەوە دەڵێ مەبەستی گرامشی لەم پەرەگرافە ئەوەیە (ناکرێ لە ڕۆژئاوادا وەك ڕۆژهەڵات، بیر لە دەستبەسەراگرتنی دەوڵەت بکەینەوە .. بەڵکو دەبێ پێشتر بالادەستی ئایدیۆلۆژی و کلتوری لە ئاستی کۆمەڵگای مەدەنیدا، بەدەست بهێنین)[٤٦].

دیارە گرامشی وەك مارکس بڕوای بەوە هەیە کە ئەو چینەی لە ڕوی ئابوریەوە بالادەستە لە ڕوی فکریشەوە بالادەست دەبێ. بەڵام بڕوای وایە هەرگیز ئەم بالادەستیە ناتوانێ سەرتاسەری‌بێ و سەرجەم گروپەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە. چونکە گریمانەیەکی وابەمانای ئەوە دێت (چینە کۆمەڵایەتیەکان نێگەتیڤن و توانای گەیشتن بە ئاستێکی سەربەخۆ لەخود هوشیاریان نیە)[٤٧].

بەڵام گرامشی بڕوای وایە چینەکان لە ڕێی حزبێکی پێشەنگەوە دەبێ و دەتوانن بگەن بە هوشیاریەکی ئایدیۆلۆژیانەی دژ بە ئایدیۆلۆژیای بالادەست. بێگومان دەبێ ئەوەش بڵێین ئەم بالادەستیە دژەش ناتوانێ هەرگیز کامڵ و تەواو بێت بێ دەستبەسەراگرتنی دەزگای دەوڵەت، چونکە تەنها ئەوە دەوڵەتە کە ئامێرە کاریگەرەکانی بالادەستی ئایدیۆلۆژی لەبەردەستدایە: لە سینەما و شانۆ و تەلەفزیونەوە بیگرە هەتا دەزگای بەروەردە

و رۆژنامەکان. کاتێکیش حیزبی شۆڕشگێڕ پاش بالادەستی بەسەر رۆربەی کۆمەڵگادا، دەوڵەت دەگرێتە دەست ئیدی ئەوسا جیاوازی نێوان کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی لەناو دەچێت و تەنها یەک کلتور و یەک ئایدیۆلۆژیا، بالادەست دەبێ و هەموو نایەکسانیە ئابوریەکانیش لەناو دەچن. لە راستیدا گرامشی تا دوا سات وەک شۆڕشگێڕێکی مارکسی مایەوە و هەرگیز وازی لە خەونی کۆمەڵگایەکی یەک دەنگ و یەک ڕەنگ، نەهێنا. گرامشی بالادەستی ئایدیۆلۆژی بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا کرد بە جۆڵەی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ دەست بەسەراگرتنی دەوڵەت. ئەمەش بووە میکانیزمی کارکردنی نەک هەر کۆمۆنیست و هێزە چەپەکان، بەڵکو بووە ستراتیژی کارکردنی هێزە راست و کۆنەپەرستەکانیش. گرامشی هەر ئەوەندەی بیری لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکردەوە و تاوتوێی دەکرد، بۆئەوەی پەی بە دوا نهێنیەکانی دەسەلاتی دەوڵەت بەرێت و بیکات بە پردێک بۆ گەیشتن بە دەوڵەت، لێرەوە بڕوام وایە گرامشی چەند (فەیلەسوفی کۆمەڵگای مەدەنیە) سەدە هێندەش (فەیلەسوفی دەستبەسەراگراتنی دەوڵەتە). ئەو هەرگیز نەبووە لایەنگرانی کۆمەڵگای مەدەنی و بڕوای وابوو (ئەو هەمەڕەنگیەی لە دەزگا مەدەنیەکان و وتوێژی دیموکراسیانەی ناو ئەو دەزگایانەدا دەبینین، ئامانجێک نیە بۆ خۆی و دەبێت بتوانین (ئەو هەمەڕەنگیە) لە چوارچێوەی یەکێتیەکی کلتوری گشتیدا کە تیایدا بالادەستی بۆ یەک کلتور دەبێ، لە قاڵب بدەین)[٤٨]. گرامشی بیر لە کۆمەڵگایەکی یەک ڕەنگ و یەک بیر و بۆچون و یەک ئایدۆلۆژیا، دەکاتەوە.. خواستێک کە لە هەناویەوە تەنها یەک ئەزمون دەتوانی دروست ببێ کە ئەزمونی تۆتالیتاریەتە (لە راستیدا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان روبدات کۆمەڵگای مەدەنی لەوە دەرچێت کۆمەڵگای قازانجی جیاواز بێت، هەرگیز ناگاتە ئەو ڕۆژەی کۆمەڵگای یەک ڕا بێت، بۆ یەک فەرمان و یەک ستراتیژ. ئەمەش بەردەوامیەک بە کۆمەڵگای مەدەنی دەدات و وای لێدەکات بەرئەنجامێکی میکانیکی قازانجە ئابوریەکان نەبێت، بەڵکو بەرئەنجامێکی کردە عەقڵیەکانی مرۆڤیش بێت)[٤٩]. گرامشی لە جیاوازیە ئایدیۆلۆژی و بیروبۆچونەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەستی پێکرد، بەڵام نەک بۆئەوە لایەنە پوزەتیفەکانی هەڵسەنگێنێ، بەڵکو بۆئەوەی بەتەواوی لەناوی ببات.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا خوێندنەوەی گرامشی لە دو ڕوەوە گرنگە:

١) گرامشی فێرمان دەکات کە مەرج نیە هەمیشە کۆمەڵگای مەدەنی سەنگەری ئازادیەکانی مرۆڤ بێتو وەک قەڵغانێک وابێت کە بەرگری لەتاکە کەس دژی دەوڵەت دەکات، بەڵکو دەشێ کەرەسەیەک بێت لەپێناوی دەوڵەتداو ببێ بەسەنگەرێکی پتەوی دەوڵەت.

٢) گرامشی کاتێ کۆمەڵگای مەدەنی گەڕانەوە بۆ سەرخان و وەک کێشەیەکی کلتوری تەماشای کرد، ڕاستەوخۆ بەهاو گرنگیەکانی گەڕانەوە بۆ کردەی ئیرادەیی مرۆڤەکان و ئەو دەورە چارەنوسسازەوی هوشیاری مرۆڤەکان لە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا، دەیبینن، خاڵێک کە لە تەوژمە مارکسیەکانی بەر لە گرامشیدا، بەتەواوی فەرامۆشکرابوو.

ئەم خاڵەی دواییان بەلای منەوە زۆر گرنگە، چونکە باسکردنی ئیرادە و هوشیاری مرۆڤەکان وەک بکەرێکی مێژووی، ڕێگا دەکاتەوە بۆئەوەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی تەنها پەیوەست نەکەین بە گۆڕانی هەلومەرجی ئابوری و ژێرخانی مادی کۆمەڵگاوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم پەیوەستی بکەین بە ڕادەی زیندوی‌و چالاکی هوشیاری و ئیرادەی گروپە کۆمەڵایەتیەکانەوە. (نیراچاندۆک) دەڵێ: (کۆمەڵگای مەدەنی بەهۆی پێداویستی ئەندامەکانیەوە دەست نیشاندەکرێت. ئەم پێداویستیانە ڕەنگە کۆمەڵگای مەدەنی ملکەچی دەوڵەت بکەن، بەڵام بە هەمان شێوە ئەندامەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن پەی بە توانایی خۆیان بەرن بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەو پێداویستیانەدا کە لایەنگری دەوڵەتن). کۆمەڵگای مەدەنی (پەیوەندی بە خود هوشیاری، زیندویی و تێڕوانینە سیاسیەکانی ئەندامەکانیەوە هەیە)[٥٠]. واتە کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەندی بە ڕادەی هوشیاری و بەهێزی ئەو هێزانەوە هەیە کە لە ناویدا دەژین.. پەیوەندی بەوەوە هەیە تا چەند گروپەکانی کۆمەڵگا ئامادەن بەرگری لە ماف و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەن.

بەم مانایەش کۆمەڵگای مەدەنی بەرلەوەی پێویستی بە بنەمایەکی گەشەسەندوی ئابووری هەبێ، پێویستی بە دیموکراسی هەیە. پێویستی بە بەشداریکردنی گروپە کۆمەڵایەتیان هەیە لەو وتوێژەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی دواجار دەبنە کۆمەڵێ بڕیارو یاسا.کۆمەڵگای مەدەنی هیچ نیە جگە لەو حاڵەتەی حوکمداران ناچار بە وەڵامدانەوە و لێپرسینەوە دەکات و ئەو هەستەی تیا دەچێنێ کە هەمیشە لەژێر چاودێریدایە. بەم مانایەش کۆمەڵگای مەدەنی نە کۆمەڵێ تەکنیکی مادی و نە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەسەندنی ئابوریە، بەڵکو پتر ئەدگارێکی ئەخلاقی رەفتارێکی مەعنەویە و پەیوەستە بە ئیرادە و تواناو هوشیاری ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەوە کە لە ساتەوەختێکدا، لە ژینگەیەک لە ژینگەکاندا ئامادەگیان هەیە. واتە کۆمەڵێ پێشمەرجی تەکنیکی و مادی دیاریکراومان نیە کە بەدەستهێنانی بەس بێ بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵکو سەرجەم چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەستراوە بەوەوەی تا چەند هێزە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان تواناو دەرفەتی بەشداریکردنیان لەو وتووێژانەدا هەیە کە کاردەکاتە سەر دەست نیشانکردنی چارەنووسی خۆیان. کۆمەڵگای مەدەنی مانای تەواوی خۆی وەرناگرێت گەر لە سەرەتاوە چەمکی دیموکراسی پێوە نەلکێنن. بێبوونی دیموکراسی، بێ بوونی فەزایەکی کراوە بۆ وتوێژی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای مەدەنی جگە لە کەرەسەیەک بۆ تۆنالیتارێتی، هیچی دی نیە. بۆ ئەوەی باس لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکراسیش بکەین دەبێ لە سەرتاوە سێ پێکهاتەی گرنگ لەیەک جیابینەوە: ئەو سێ پێکهاتەیە بریتین لە: دەوڵەت، کۆمەڵگای سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی جیاکردنەوەی ئەم سێ پێکهاتەیە لە یەکدی و وەک یەک تەماشانەکردنیان، یەکێکە لە هەرە پێشمەرجە سەرەکیەکانی دیموکراسیەت[٥١].

گومانی تیانیە قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی بێ قسەکردن لەسەر جیابونەوە لە دەوڵەت، قسەکردنێکی بێهودەیە. لەو جێگایانەدا کە دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لەیەک جیابونەبۆتەوە (وەک لە ئەزمونی تۆتالیتاریەتدا دەیبینین)، کۆمەڵگای مەدەنی جگە لە چەمکێکی موجەرەود هیچی دی نیە. بە بڕوای ئالان تۆرین سیستەمی سیاسی دەرئەنجامی ئەم جیابونەوەیە. سیستەمی سیاسی پێیەکی لە دەوڵەتدایە و پێیەکی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا. جێگایەکە هەم کارمەند و بەڕێوبەرانی دەوڵەت بەرهەم دێنێ، هەم داواکاریەکانی کۆمەڵگا دەکاتە میکانیزمێکی گوشارکردنی بۆسەر دەوڵەت. ئالان تۆرین وەک ناوەندێک (وسیط) لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیدا دایدەنێت. ئەم سیستمە پێک دێت لە پەرلەمان و حیزبەکان و (تۆرین) دەڵێ: تەنانەت لە هەندێ شوێنیشدا دەزگای دادیش دەگرێتەوە.

لە تێڕوانینی تۆرینداا کۆمەڵگای مەدەنیش شتێکی زیاترە لە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و وەک بواری هێزە کۆمەڵایەتیە چالاکەکان پێناسەی دەکات کە بەها کلتوریەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئاڕاستەی دەکات. ئەو بەها کلتوری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ناکۆکی لەنێوانیانا هەیە[٥٢]. جیاکردنەوەی ئەم سێ پێکهاتەیە لەیەکدی تەنها زامنێکی گەورەی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکراتیە. بێگومان دەبێ ئەم جیابونەوەیە، وەک جیابونەوەیەک لە ئەرکەکاندا تەماشا بکەین. بۆنمونە یەکێک کە ئەندامی پەرلەمانە دەبێ هیچ کارێکی دەوڵەت نەگرێتە دەست و تەنها وەک چاودێرێک و یاساڕێژێک ئەرکەکان بەڕێوەببات. چونکە (وەکو ئالان تۆرین دەڵێت) ئەگەر ئەم جیابونەوەیە رونەدات، ئەوا ئەمە بەمانای ئەوە دێت کە ئەوە دەوڵەتە یاسا دادەنێت بۆ بەرچاوگرتنی خواستی گروپ و هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. یان حیزبیەک کە دەبێتە لێپرسراوێکی دەوڵەت راستەوخۆ دەبێ واز لە کاری حیزبی بهێنێ و جێگەی خۆی وەک حیزبیەک بگۆڕێ بۆ جێگەیەک کە بێ لایەنە لەناو حیزبە جیاوازەکاندا. (تۆرین) دەڵێت ئەم جیاکردنەوەیە یارمەتیمان دەدات بۆئەوەی (ئەو لۆژیکەی لە دەوڵەتەوە بەرەو سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی دادەبەزێ بگۆڕێن بە لۆژیکێک کە لە کۆمەڵگای مەدەنیەوە بەرەو سیستەمی سیاسی و دەوڵەت سەردەکەوێ واتە بەلۆژیک کە کۆمەڵگای مەدەنیە کار لەسیستەمی سیاسی دەکاتو سیستەمی سیاسیش دەوڵەت ناچار بە پاشەکشێ دەکات. بەکورتی بێ ئەم جیاکاریە و

بێ فەزایەکی گشتی بۆ وتوێژ و بێ کارلێکردنی گروپەکان لە یەکدی، باسکردنی کۆمەڵگای مەدەنی جگە لە خەڵەتاندنێکی سیاسی و پڕوپاگەندەیەکی ڕاگەیاندنانە، هیچی دی نیە.

ئێستا کە دەگەینە ئەم ئاستەی شیکردنەوە ئایا دەتوانین باس لە کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا بکەین؟ ئایا سەرەتاکانی دەستپێکردنی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا، لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا، دەبینین؟ ئایا لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا ئەگەرێك بۆ جیابونەوەی (دەوڵەت، سیستەمی سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی) لە یەکدی هەیە؟ پەیوەندی ئەم سێ پێکهاتەیە چۆنە و بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات؟

هەستئەکەم وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بێ گەڕانەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو کۆمەڵگایەی بەعس لەپاش خۆیەوە بەجێی هێشت. وەڵامدانەوەیەکی کەموکوڕی چونکە بێ باسکردنی ئەو کاریگەریانەی بەعس لەسەر کۆمەڵگای کوردی بەجێی هێشت، ئەستەمە لەو گرفت و کێشانە نزیك بینەوە کە ڕوبەڕوی دروستبونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکراسی دەبنەوە.

بەعسیزم و کۆمەڵگای عێراقی:

وەرگێڕی فارسی کتێبی (کۆماری ترس) ی کەنعان مەکیە، لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: (پێکهاتەیەکی سەیرە ئەم کۆمەڵگای عێراقیە یان لایەنی کەم ئەو بەشەی کۆمەڵگا کە دێتە ناو نمایشەکەوە: ڕێکەوتنامەی ۱۹۷۵ ی حەزائیر ئیمزا دەکرێت و جەماوەر دەڕژێنە ناو شەقامەکان و بۆ سوپاسی زیرەکی ڕابەر لە بەستنی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا، هەڵدەپەڕن. سەدام حسێن ڕێکەوتنامەی جەزائیر دەدڕێت و دیسان هەمان جەماوەر بۆ سەما و هەڵپەڕکێ دەڕژێنە ناو شەقامەکان. عێراق هێرش دەکاتە سەر ئێران و جەماعەت دەڕژێنە ناو شەقامەکان و سەمادەکەن. جەنگ ڕادەگیرێ و دیسان شەقامەکانی عێراق شانۆی سەماو هەڵپەڕکێی جەماوەرە. عێراق کوەیت داگیردەکات و خەڵکی دەست دەکەنەوە بە سەما، عێراق بەو شێوە شەرمەزاریە لە کوەیت دێتە دەرێ و دیسانەوە جەماوەر دەستدەکەنەوە بە هەڵپەڕکێ)[٥٥].

کاتێ ئەحمەد تەدین ئەم ڕستانەی دەنوسی، ڕاستیەکی تاڵ بەڵام حاشاهەڵنەگری ئاشکرادەکرد. لەدوای دەیان ساڵ حوکمی بەعسەوە شتێك لە عێراقدا نەمابوو ناوی کۆمەڵگا بێت. ئەو بارستە مرۆییەی لە ئاهەنگەکاندا چالاکانە دەردەکەوت و لە قەیرانەکانیشدا بێدەنگ و ئاسودە ژیانی ڕۆژانەی دەبردەسەر، پێکهاتەیەکی تازەبوو کە چیدی بەئاسانی چەمکە تەقلیدیەکانی کۆمەڵناسی بەسەردا نەدەگونجا. تێکەیشتن لەو بارستە مرۆییەی بە بیستنی ئەو هەموو هەواڵە دژیەیەکە دەهاتە سەما، ئاسان نەبوو. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای عێراق لەپاش دەسەڵاتگرتنی بەعسەوە دوو شتی دژ بەیەکی لەیەك کاتدا و بەیەکەوە بردە پێشێ: هەڵپەڕین و سەماکردنی حەشامەت لەلایەك و کوشتن و ئەتککردن و لەسێدارەدانی هەزاران کەسیش لەلایەکی دی. لە هەموو ئەو نموونانە کە (ئەحمەد تەدین) دەیهێنێتەوە، چیرۆکی شاراوەی هەزاران مرۆڤی کوژراو هەیە: ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەسەر کوژرانی سەدان مرۆڤی کورد و کاولکردنی دەیان دێ و ئاوارەکردنی هەزاران کەس مۆرکرابوو. لەوکاتەشدا کەسەدام حسێن ڕێکەوتنامەکە لەسەر تەلەفزیون دەدڕان، هەزاران سەربازی عێراقی و ئێرانی لە خوێناویترین و دڕێژخایەنترین جەنگی هاوچەرخدا، بەلادا دەهاتن. چیرۆکی داگیرکردن و چونە دەرەوەش لە کوەیت لەسەر حسابی لاشەی هەزاران کەس تەواو بوو. شانۆیەکی سەماکردن و هەڵپەڕکێ لە عێراقی بەعسدا سازنەدەکرا گەر لە پشتیەوە لاشەی سەدان و هەزاران کوژراوی عێراقی ڕانەوەستابێ.

دیارە لێرەدا مەبەستم شتێکی زیاترە لەو ئاهەنگە نمایشیانەی لەبەردەم لەسێدارەدانی ئەو هێزو گروپ و کەسانەدا سازدەکرا کە بەعس بە خیانەت تاوانباری دەکردن و (کەنعان مەکیە) ش لە (کۆماری ترس) دا بە وردی لەسەری نوسیووە. تا ئەو دەمەی مەسەلە پەیوەندی بە دروستکردنی وێنەی دوژمن و ئاڕاستەکردنی بارستەیەکی مرۆییەوە هەیە بۆ ڕق هەڵگرتن لە کۆمەڵی کەسی تاوانبارکراو بە خیانەت، ئەوا ئێمە لەبەردەم یەکێك لە میکانیزمە هەرە ئاشناکانی سیاسەتی تۆقاندن و سەرکوتکردنی ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندایین. بەڵام کاتێ هەر لە

هەڵەبجەدا پتر لە پێنج هەزار کەس شەهید دەکرێت و سەدان گوند رادەگوێزرێن و سەدان هەزار کەسیش بێسەروشوێن دەکرێن، کەچی دەبینین خەڵکی شارەکان لە رۆژی پارێزگادا بە سەماو هەڵپەڕکێوە پێشوازی لە بەرپرسیارێکی بەعسی دەکەن، ئیدی شتەکان هێندەش ئاشکرانین. لەو دەمەدا کە هێرشی بەعس بۆسەر کوردستان گەیشتبووە دڕندانەترین ئاستی خۆی و ناوچەیەك و جوگرافیایەك نەمابوو زەبری بەعسی بەرنەکەوێ، ئا لەو کاتەدا خەڵکی شارەکانی سلیمانی و هەولێر و دهۆکمان دەبینی لە کۆشکی سەرۆکدا ئالتونیان بۆ دارای جەنگ پیشکەش دەکرد و لەبەردەم سەرۆکدا گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردیان، نمایش دەکرد. بەعس چەند ژمارەی تەرمی زیاتری بۆ شارەکان دەنارد‌ەوە، زیاتر داوای سەماو هەڵپەڕکێی دەکرد. سەماو مردن لە کۆمەڵگای عێراقی بەعسدا دوو شتن لەیەك جیانابنەوە. بێگومان مەسەلەکە شتێکی ترسناکتر بوو لە خیانەتی بەشێك لە کۆمەڵگای کوردی لە خۆی و لە هەموو ئەو خەون و پەرەنسیپە ئازادیخوازانەی کە رابردویەکی نزیکیش زۆربەی کۆمەڵگای کوردی دەخستە ناو روبەڕوبونەوەیەکی تووندوتیژەوە لەگەڵ بەعسدا (ساڵی ٨٢ و ٨٤) بێوێنەترین و ئازایانەترین خۆپیشاندان و مانگرتنی شارەکانی سلیمانی و هەولێری بینی بوو؛ پێشوازیکردنی پێشمەرگەی شەوان و رێنمایکردن و شاردنەوەشیان لە کاتی مەترسیدا، بوو بووە رووداوێکی رۆژانە) بەڵکو مەسەلەکە تەواوکردنی دوائەڵقەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تازەبوو کە هەموو فەزا رۆحی و زنجیرە بەهاییەکانی خۆی بۆ شتێکی نوێ دۆڕاندووە. بەعس هیچ پێکهاتەیەکی وەك خۆی نەهێشتەوە و هێرشێکی رێکخراو و نەخشەبۆکێشراوی کردە سەر جیهانی رۆحی و مەعنەوی پێکهاتە و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. لەسەردەمی بەعسدا ئیدی نە خێڵ، نە خێزان، نە زانکۆ و قوتابخانەکان خاوەن شوناس و ماناکانی جارانی خۆیان نەبوون و هەموو رابردوو و دێرینی خۆیان لەبەردەم شالاّو و هێرشی رێکخراوی بەعسدا، لەدەستدابوو: خێڵ و عەشیرەت ئەگەرچی لە جیهانی بەعسدا وەك فۆرم و پێکهاتەیەك دەمانەوە بەڵام چیدی خاوەن ئەو فەزا رۆحی و مەعنەویەی جارانی خۆیان نەبوون. زنجیرەی بەهاو نرخەکانیان کە دەستنیشانی رەفتارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی دەکردن، لەبەردەم بەرنامەی ئایدۆلۆژی بەعسدا، پاشەکشێی کردبوو. خێڵەکان کە جاران لە تۆڵەی کوشتنی یەکێکیاندا ئامادەبوون شەڕێکی چەندان ساڵە هەڵگیرسێنن، لەسەردەمی بەعسدا چیدی نەك هەر کاردانەوەیان لە تۆڵەی کوشتنی یەکێکیان بەدەستی پیاوانی رژێم، لە خۆیان پیشان نەدەدا، بەڵکو هەندێکجار خۆیان دەبونە بکوژی هاوخوێنەکەیان. خێڵ و عەشیرەت کە جاران نمونەی بەها تەقلیدیەکانی شەرەف و کەرامەت بوو، لەسەردەمی بەعسدا بوو بە نمونەی چاوچنۆکی و تاوان و دەست پیسی. خێزانیش ئیدی خێزانەکەی جاران نەبوو: باوکان چیدی لەسەر ژیان و چارەنوسی منالەکانیان خۆیان نەدەخستە مەترسیەوە، بەڵکو پارەی ئەو گوللانەشیان دەدا کە پێی شەهید دەکران. (هەموان وێنەی ئەو باوکە کەنەفتەکارەمان لەبەرچاوە کە خۆی بەدەستی خۆی کوڕە هەڵهاتوەکەی لەسەربازی، تەسلیمی پیاوانی رژێم کرد). خوێندکاران بە بێدەنگی تەماشای بەزاندنی حورمەتی زانکۆیان لەلایەن سەربازەکانی رژێمەوە دەکرد و کاتێکیش زانکۆ بووە مەیدانی مەشقی سەربازی، بە بێدەنگی پیشوازیان لەم بڕیارەکرد. رۆشنبیران قەڵەمیان تەنها بۆ شیکاری وتە بەرزەکانی سەرۆك و چیرۆکەکانیان بۆ قادسیەی سەدام، تەرخانکردبوو. ئەو سەردەمە بە ڕاستی سەردەمی گلان و هەرەسی گەورەبوو: قەڵەمێکی زۆر رابردوی خۆیان فرێدا و بونە ستایشکەر و ریاکەری رژێم، خوێندکارێکی زۆر خەونەکانی خۆیان فرێدا و بونە سەرباز و چەکدار، و (لە باشترین حاڵەتیشدا) هاوواڵتیەکی بێدەنگ و گوێڕایەڵی رژێم، جەماوەرێکی زۆر کارەساتەکانیان لەبیرخۆیان بردەوە و هەڵدەپەڕین.

بەعس کۆمەڵگایەکی تەنیا و دابڕاو لەیەکی دروستکردبوو کە تیایدا هەریەکە و تەنها بیری لەخۆی و بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکردەوە. ئەو حەشامەتەی لە شەقامەکاندا هەڵدەپەڕی، چیدی گروپێکی ئۆرگانی نەبوو کە یەك فەزای مەعنەوی و رۆحی و ئەخلاقی هاوبەش بەیەکەوەیان گرێبدا، بەڵکو کۆبونەوەی کۆمەڵێ تاکەکەسی خۆپەرست بوو

که تەنها بیری لە یەك شت دەکردەوە: دەبێ هەڵپەڕێ بۆئەوەی تارمایی راپۆرتی هەواڵدزێك کە دەشێ هاوڕێ دێرینەکەی خۆی یان هەرکەسێکی دی بێت، لەخۆی دوربخاتەوە. بەعس تاکەکەسێکی بەرهەمهێنا کە لەجێ هاودەردی، بەدگومانی کۆنترۆڵی پەیوەندیەکانی دەکات بە مرۆڤەکانی دەوروبەریەوە. لە راستیدا بێ دروستکردنی تاکەکەسێکی لەم چەشنەش ئەستەمە کۆمەڵگایەکی میگەلی بەو شێوەی (ئەحمەد تەدین) وەسفی دەکات، دروست ببێ. بەعس چەند تاکەکەسێکی بەدگومانی بەرهەمهێنا هێندەش کۆمەڵگایەکی پڕ لە ستایش و ریایکردنی بۆخۆی دروستکرد.. چەند کاری لەسەر تەنیایکردنی تاکەکەس دەکرد، لەوسەرەوە زیاتر گروپی ملکەچ و بێدەنگی بۆخۆی دەبردەوە. ئیشکردن لەسەر دروستکردنی تاکەکەسێکی تەنیاو خۆپەرست لە هەمانکاتدا ئیشکردن بوو لەسەر دروستکردنی حەشامەتێکی یەك شێوە و بێدەسەلات کە ئامادەیە بە ئاماژەیەکی بەعسیەکان بە هەڵهەڵەو سەماوە یان بە نەڕە نەڕو دروشم هەڵدانەوە بڕیژێنە ناو شەقەمەکان.

بەڵام ئاخۆ بەعس چۆن توانی تاکەکەسێکی وا بێدەسەلاتو تواوە لەناو گروپدا دروستبکات؟ ئەو میکانیزمانە چیبون کە بەعس بۆ دیسپلین کردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگای عێراقی بەکاری هێنا؟ ئایا سیاسەتی ترس و تۆقاندن بەسن بۆئەوەی تەسلیمبوون و بێدەنگی کۆمەڵگای عێراقیمان بۆ تەفسیربکەن؟

گومانی تیانیە سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن یەکێکە لە سیاسەتە جێگیرەکانی (ثابت) بەعسیزم، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە سەرجەم دەستکاریکردنەکانی بەعس لە کۆمەڵگای عێراقدا کورت بکەینەوە بۆ ترس. کۆمەڵگا بۆئەوەی بگاتە ئاستێك لە هەرەسی ئەخلاقی کە تیایدا ئەندامانی خێزان ببەنە هەواڵدز بەسەریەکەوە و دراوسێ راپۆرت لە دراوسێکەی بدات، دەبێ سەرەتا بڕێکی زۆر لە ماناکانی خۆی دۆڕاندبێ پەیوەندیە ئۆرگانیەکانی هەڵوەشابێتەوە و ئایدیۆلۆژیایەکی سەختگیر و درندانەی جێگەی فەزا روحی و مەعنەویەکانی گرتبێتەوە. چیرۆکی ترس لە عێراقی بەعسدا بەتەنها لەسەر ئامێرەکانی ترساندن رانەوەستاوە بەڵکو پشتی بە ئامێرە ئایدیۆلۆژیەکانیش بەستووە. بەعس نەیدەتوانی پەیوەندیە تەقلیدیەکانی پێکهاتە و گروپە کۆمەلایەتیەکان وێران بکات ئەگەر لەبری ئەوە کۆمەڵێ حیکایەتی تازەی بە مرۆڤی عێراقی نەدایە و چەند بواریکی گەمەکردنی بۆ ئامادە نەکردایە.

بەعس ئەو دەمە گروپەکانی کۆمەڵگای عێراقی لەیەك دابڕی و کۆمەڵی گروپی داخراو و دور لەیەکی لێدروستکردن کە توانی هەر گروپەو سەرقاڵ بکات بە کاری تایبەتی خۆیەوە. ئەم خاڵە بەلای منەوە گرنگە چونکە هەست ئەکەم بەشێکی گەورەی ستراتیژی بەعس گرنگیدان بوو بە دروستکردنی مرۆڤێکی نوێ کە ناوی دەنێم (مرۆڤی پسپۆڕ). لە دوای بەعسەوە دروستکردنی مرۆڤێکی پسپۆڕ دەبێتە خولیا و پیشەیەکی دەوڵەتی گرنگ و لە هەموو ئاستەکاندا پەرەی پێدەدرێ. بەڵام پسپۆڕ چیدی لە جیهانی بەعسدا کەسێك نیە کە شارەزایی لە بواریکی دیاریکراودا لە هەموو بوارەکانی دی زیاترە، بەڵکو کەسێکە کە هەموو ژیانی تەرخانە بۆ کارێکی تایبەت و مافی قسەکردن و بیروڕادەربڕینی لە هیچ بواریکی دیدا نیە.. پسپۆڕی چیدی پلەیەکی شارەزا نیە کە مافی قسەکردن بە کەسی پسپۆڕ دەبەخشێ، بەڵکو فەزایەکی داخراوە هەم بۆ سنوردارکردنی خەیاڵی کەسی پسپۆڕ و هەم بۆ دابڕینی لە گروپەکانی دی کۆمەڵگا. بەعس خاڵی گرنگیدان و هاوبەشی نێوان گروپەکانی کۆمەڵگای لەڕێی پسپۆڕ دروستکردنەوە لەناوبرد و هەر گروپەی سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆی کرد..

تەنها خاڵێکی هاوبەشیش کە بۆی دەهێشتنەوە هێرشێکی مەزنی پڕوپاگەندەی حیزبی بوو کە سەرەتا ئایدیۆلۆژیەکانی بەعسی بە کۆمەڵگا تەلقین دەکرد. گومانی تیا نیەو پڕۆسەی دروستکردنی مرۆڤی پسپۆڕ پێویستی بەدەرگاکانی مۆدێرنە هەیە، پێویستی بەشارو کارخانەو زانکۆو هەموو ئەو دەزگا بیرۆکراتیە هەیە کەبێ مۆدێرنە دروستبونیان مەحاڵە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانین لەپرۆژەی مۆدێرنەبوونی کۆمەڵگای عێراقی تێبگەین گەر لەسەرەتاوە لەپرۆژەی بەعس تێنەگەیشتین. واتە ناتوانین پرۆژەی مۆدێرنە بەجیا لەپرۆژەی بەعسو دروست بوونی دەزگاکانی مۆدێرنە لەدەرەوەی

ستراتیژی بەعس، گەلێك رەهەندی کارکردنی بەعسمان لێ وندەکاتو گەلێك خەوشی ئەو دەزگاو کایانەشمان لێ بزر دەکات کە ئەگەرچی لەمۆدێرنەوە وەرگیراون، بەڵام بەناو ستراتیژی کارکردنی بەعسدا تێپەڕیونو لێرەوە تووشی لادانێکی دەڵالی بوون، بێگومان لەهەموو ئەو دەزگایانەش گرنگتر دەزگای پەروەردەیە. لێرەوە بەبڕوای من مۆدێرنە لە کۆمەڵگای عێراقیدا لەوە دەکەوێت پرۆژەیەك بێت هەڵگری کۆمەڵێ ئەگەری جیاواز بێتو ئەگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. بەڵکو دەبێ بەپرۆژەیەك کە بەعس ئاڕاستەی دەکاتو مەبەستی پێ دەبەخشێو ستراتیژی دەست نیشان دەکات. لێرەوە لەگەڵ ئەو بۆچونەی (مەریوان وریا قانع)دا یەکناگرمەوە کە پێی وایە مۆدێرنیزم لەکۆمەڵگای عێراقیدا کۆمەڵێ هێزو دیدو بۆچوونی جیاوازی دروست کردیوو. مەریوان لەوتارێکدا بەناوی (ئەنفالو مۆدێرنە – رووداوێك لەدوامانەوە یان ئەگەرێك لەپێشمانەوە) کە لەژمارە (٧)ی گۆڤاری (رەهەند)دا باڵاو بۆتەوە دەڵێ: (لە هەشتاکاندا پرۆسەی مۆدێرنیزم هەزاران هەزار دەرچوی زانکۆ و خوێندەواری دیکە و هێزی مۆدێرنی دروستکردبوو، مۆدێرنیزم ژمارەیەکی زۆر خەڵکی عێراقی رووەو شارەکان راپێچکردبوو، وە کەم تا زۆر لەو ئینیما تەقلیدیانە رزگاریکردبوون کە بەر لە مۆدێرنە لەناویدا بوون، ... لە هەشتاکاندا مودێرنە هەموو شێوازە جیاوازەکانی لە کۆمەڵگای عێراقیدا بەرهەمهێنابوو، لەجیاوازی کارو پیشەوە بیگرە بۆ جیاوازی شوناس و دید و بۆچوون و ئارەزووی جیاواز، ئەم هەموو گۆڕانکاریانە پێویستیان بە دۆزینەوەی کەنالّی تەعبیرکردن لە خۆیان هەبوو، پێویستیان بە بەخشینی فۆرم بوو بە ژیانیان، .. پێویستیان بە شێوەیەك لە شێوەکانی دەسەڵات هەبوو، دەیانویست بەشداربن لە پرۆسەی بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا. بەعس هەموو ئەمانەی وەك مەترسیەك دەبینی لێرەوە لەباتی پیادەکردنی ریفۆرمی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەوڵی وێرانکردنی ئەو هێزانەی دەدا، جەنگە بەردەوامەکانی بەعس بەسەرێك لەسەرەکانەوە هەوڵدانی وێرانکردنی ئەو هێزانەو وێران کردنی داواکاریە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانە)[٥٦].

لەڕاستیدا هەست ئەکەم ئەم بۆچوونە لەبەردەم دراوە مێژوییەکاندا بەئاسانی خۆی ڕاناگرێت: لەدوای دەسەڵاتی بەعسەوە زانکۆکان بێدەنگترین کاتی خۆیان دەبەنەسەر.. هەڵبەکی گەورەیە جوڵانەوەی (٨٢ و ٨٤) وەك هوشیاربونەوەی هێزێك لە ئەنجامی بەروەردەیی زانکۆییەوە تەماشابکەین، بەئاشکرا جوڵانەوەی (٨٢ و ٨٤) سەرچاوەیەکی مەزهەبی و نەتەوەیی روتی هەبوو. (جاری جوڵانەوەی ٨٤ – جوڵانەوەیەکی سەرتاسەری کوردی بوو کە نەیتوانی دەنگی خونێدکارێکی عەرەبیش بۆ خۆی ڕابکێشێ). کارخانەکانی عێراق لەدوای بەعسەوە لەمێژوی مانگرتنێك خاڵین، بەڕێوبەرایەتیە جیاوازەکان بۆ بەکجاریش داوای مافێکیان نەکرد جیاواز لەوەی بۆیان دانراوە.. بچوك بوونەوەی لادێکان و گەورەبونی شارەکان پرۆژەیەکی لەسەداسەد بەعسیانە بوو کە لە جێی مۆدێرنیزم، دایناميات و بلدۆزەر و سەربازەکانی بەعسی لە پشتەوەبوو. مۆدێرنیزم ئینیماتەقلیدیەکانی نەشکاندبوو، بەڵکو ئەوە بەعس بوو کە بۆئەوەی ئایدیۆلۆژیا و پرەنسیپەکانی خۆی تەلقین بکات، دەبوو ئینیما تەقلیدیەکان بگۆڕێ. مەکیە لە (کۆماری ترس) دا راست ئەکات: ڕێگای بەرگریکردن لەبەردەم بەعسدا چیدی لە فەزای گشتیدا نیە بەڵکو لە فەزای تایبەتیدایە و پاشەکشێیە بۆ شێوازە تەقلیدیەکانی خێزان و گروپە دینیەکان[٥٧].

لە راستیدا زیادبوونی قوتابخانە و زانکۆکان و دروستبوونی کایە جیاوازەکان، نەك هەر نەبونە هۆی سەرهەڵدانی ئارەزوو و خواستی جیاواز و داخوازی بەشداریکردن لە پرۆسەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە زۆربونی زانکۆ و کارخانەکان، گەورەبوونی شارو بچوك بونەوەی لادێکان، هاوکات بوو لەگەڵ بێدەنگبونی هەرچی زیاتر و دیسپلینی هەرچی گەورەتر و هاوڕەنگ بوونی سەرجەم کۆمەڵگا. کۆنترۆڵی بەعس ئەو دەمە گەیشتە لوتکەی خۆی کە زۆرترین و گەورەترین ژمارەوی دانیشتوانی عێراقی ڕەوانەی زانکۆ و کارخانەکان کرد. مەکیە دەڵێت: (ڕێژەی نەخوێندەواری کە لە دوا ساڵەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا ٥و٩٩٪ و لە ساڵی ١٩٥٧ دا گەیشتبووە ٧و ٨١٪، لە سەرەتای هەشتاکاندا گەیشتبووە کەمتر

له ٥٠٪. ئەم گۆڕانە بەرچاوە بە شێوەیەکی سەرەکی دەرئەنجامی ئەو هەنگاوانەبوو کە پاش ساڵی ١٩٦٨ نران)[٥٨]. بەعس کۆنترۆڵی کۆمەڵگای عێراقی نەدەکرد گەر بەهەنگاوی خێرا بەرەو کۆمەڵگایەکی پڕ لە زانکۆ و کارخانە و شار، هەنگاوی نەنایە، گومانی تیانیە هەموو ئەم پێکهاتانەش، پێکهاتەی مۆدێرنەن و لێرەشدا هیچ جیاوازیەکم لەگەڵ مەریوان نیە. بەڵام مۆدێرنە چۆن دێت؟ چ هێزێك دەیهێنێ و بە چ مەبەستێك دەیهێنێ؟ مەریوان ئەم پرسیارانە بە جدی وەرناگرێت هەر لەبەرئەوەش بڕوای وایە هێزێکی مودێرن بە خولیا و ئارەزوی جیاواز و دنیایەك حەزی دیموکراسیەوە، دروستبووە.

گومانی تیا نیە مۆدێرنە دێت بەڵام هەمیشە بە کەنالی هێزێکدا تێدەپەڕێت و لەلایەن هێزێکەوە زەوت دەکرێ و ئاڕاستەوەردەگرێ، بەشێوەیەك ئیدی بێهودەیە پرۆژەی مۆدرێنە لە پرۆژەی ئەو هێزە جیابکەینەوە. واتە بەپێی ئەوەی مۆدرێنە بە چ کەنالێکدا دەڕوات و چ هێزێك هەڵیدەگرێ و بۆ چ مەبەستێك بەکاری‌دێنێ، توشی لادانێکی دەلالی دەبێ. واتە لە دۆخی عێراقیدا مۆدێرنە لەجێی ئەوەی دەرئەنجامی کارکردنی کۆمەڵێ کایەی جیاواز و چالاکی چەند هێزو گروپێکی جیاوازی کۆمەڵگا بێت، دەبێە چالاکی گروپێکی دیاریکراو بەرئەنجامی ستراتیژی کارکردنی ئەو گروپە دەبێت. کاتێکیش مۆدێرنە لەبری چالاکی سەربەخۆ چ ەند هێزێکی جیاواز، دەبێ بە چالاکی تەنها یەك گروپ، ئیدی هەرگیز ناتوانێ هەڵگری کۆمەڵێ ئەگەری جیاواز بێت و راستەوخۆ دەبێ بە هەڵگری پرۆژە و نەخشەی ئەو گروپە. لە دۆخی عێراقیدا ئەو گروپە کەرتێکی سەربازیە کە دواتر حیزبی بەعس جێگەی دەگرێتەوە. مۆدێرنە بە کەنالی بەعسدا تێدەپەڕێ و هەموو سیما ئایدیۆلۆژیەکانی وەردەگرێ و لەجێی ئەوەی پرۆژەیەکی کراوە بێت لەبەردەم زیاد لە ئاسۆیەکدا، دەبێت بە پرۆەیەك بۆ یەك مەبەستی ئاشکرا: دیسپلینکردنی تەواوی کۆمەڵگای عێراقی: لێرەوە زانکۆکان لەبری ئەوەی دەزگایەکی هوشیارکردنەوە بن، دەبن بە دەزگایەکی زانیاری، لەبری ئەوەی ئیرادەی خوێندکاران پەروەردە بکەن، دەیکەن بە بونەوەرێکی بێدەنگ و مەسرەفکەر. بێهودە نیە وزەی زۆری بەعس بۆ کەرتی پەروەردە سەرفدەکرێت: ئەو هەموو قوتابخانە و زانکۆیە، ئەو هێرشە گەورەیە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەو رێژە گەورەیەی دروستکردنی خوێندەوار کەمەکیە بە پتر لە ٥٠٪ ی کۆمەڵگای عێراقی دادەنێ[٦٠]. هەموو ئەمانە نەوەیەکی بەرهەمهێنا کە لەبری ئەوەی خەونی مۆدێرن ببینێ، خەوی بەعسی بوونی دەبینی، بە ئاشکرا دەتوانین ئەم راستیە لەوەدا ببینین کە تا چەند رێژەی خوێندەواری لە عێراقدا زیادی دەکرد، هێندەش بێدەنگی و ململانێ لەگەڵ رژێمدا ... کزدەبوو. لەراستیدا دروستبونی خوێندەوار هاوکات بوو لەگەڵ گەورەبوونی قاعدەی بەعسدا (لە هەشتاکاندا ئەندامەکانی دەگەنە ٥و١ ملیون ئەندام). لێرەوە هەست ئەکەم تەفسیرەکەی مەریوان رێك پێچەوانە بێت؛ جەنگە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لەبری ئەوەی هەوڵدان بێت بۆ لەناوبردنی داواکاری هێزە مۆدێرنەکان، وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ تێرکردنی ئارەزووی ئەو گروپە مەزنە دیسپلین کراوەی، بەعس لە هاتنەسەرکایەوە بە ئایدیۆلۆژیایەکی شەڕانی و سەربازی، پەروەردەی دەکات. بەعس شتێکی نەهێشتبۆوە ناوی کۆمەڵگای عێراقی بێت زانکۆ و کارخانە و بەڕێوبەرایەتیەکان بووبونە کارخانەیەك بۆ دروستکردنی کۆمەڵێ مرۆڤی تەنیا کە ڕۆژانە و لە هەموو لایەکەوە بە لێشاوی وتار و پڕوپاگەندەی بەعس تەوق دەدران. بەعس کە پرۆسەیەکی ترسناکی پسپۆڕکردنی مرۆڤی عێراقی دەست پێکردبوو، توانی کۆمەڵگایەك دروست بکات کە هەموو گروپەکانی لەیەك دابڕیوە و دیوارێکیان لەنێواندا دروست بکات کە بە هیچ شێوەیەك بەیەك نەگەن. بێهودە نیە قوتابخانە و زانکۆکان لەسەردەمی بەعسدا دەبن بە دەزگایەکی گەورەی زیندان کە لە کاتی دەستپێکردنی دەوامەوە جگە لە خوێندکاران کەسێکی دی هاتووچۆیان ناکات.. بەڕێوەبەرایەتیە جیاوازەکان بە پرسگە و پۆلیسەکانی بەردەرگا تەوق دەدرێن، زۆربەی کارخانەکان دەبنە بەشی نهێنی دەوڵەت و بۆ کەس نیە هاموشۆیان بکات. نەك هەر ئەمە بگرە بەعس کاتی پشوشی بەشێوەیەکی ئەوتۆ دیسپلین کرد کە رێگە لە تێکەڵبوون و کارلێکردنی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بگرێت: لەدوای بەعسەوە هەر گروپە و یانەی تایبەتی خۆی بۆ دانیشتن و گەمەکردن هەیە.

کۆمەڵگایەکیش کە بەم شێوەیە پەیوەندی نێوانی لەیەك دابڕاوە و دابەش بووە بۆ کۆمەڵی گروپی

داخراو، به پێناسه کۆمەڵگایەکی فەقیرو لاواز کراوە کە بەئاسانی لەبەردەم دەزگایەکی گەورەی پڕوپاگەندە و دەزگایەکی ترسناکی ئەمن و موخابەراتدا، هەرەس دێنێ. لەدوای بەعسەوە نەک هەر شتێك بەناوی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراقدا نامێنێ بەڵکو خودی کۆمەڵگا دەبێت بە بەشێك لەجەستەی دەوڵەتو وەك قەڵغان و سەنگەرێك دواجار بۆ نەڵێین وەك بەڕێوەبەرایەتیەکی دەوڵەتی لێدێ. جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق راستیەکی تاڵ ئاشکرادەکەن: کۆمەڵگای عێراقی قەڵغانێکی دەوڵەتە کە ئامادەیە خۆی بخاتە بەردەم هەموو ئەو کوتەکانەی بە ئاڕاستەی دەوڵەت دەهاوێژرێن. تێنەگەیشتن لەم خاڵە وایکردبوو هەندێك خۆشبین پێشبینی ئەوە بکەن کە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی (عێراق - ئێران) هەوە کۆمەڵگای عێراقی دژی رژێم رادەپەڕێت، پێشبینیەك کە روداوەکان بە ئاشکرا ساویلکەییان ئاشکراکرد)[٦٠].

بێگومان پیادەکردنی ئەم پڕۆژەیە لە کوردستاندا بە هەوراز و نشێوێکی زۆردا تێپەڕی. کوردستان جیاواز لە جێگەکانی دی عێراق خاوەنی کۆمەڵێ حیزبی شۆڕشگێڕی خۆی بوو کە لەلادێ و شاخەکانی تەنیشت شارەکانەوە، پەیوەندی پێوەدەکردن. رادیۆ و بڵاوکراوە نهێنیەکان و نوسینەکانی سەر دیوار، رێگەی لەوە دەگرت بەعس لە بەڕێوەبەرایەتی و زانکۆکاندا مرۆڤێکی دابڕاو لە دنیا غافڵگیر بکات کە تەنها پڕوپاگندە و تەلەفزیون و رۆژنامەکانی ئەوەی لەبەردەستایە. هەر لەبەرئەمەش بڕی ئەو درێژەیی و کوشتارەی بەعس لە کوردستاندا پیادەی کرد، دەیان جار لە شوێنەکانی دی عێراق گەورەتربوو. تەنها لەدوای هەشتاکان و بەدیاریکراوی لەناوەڕاستی هەشتاکاندا بوو بەعس توانی بە تەواوی کۆنترۆڵی شارەکان بکات و لە حیزب و پڕوپاگەندەکانی دابڕێنێ و مرۆڤێکی وای لێدروست بکات کە نەک هەر کارەساتی ئەنفال نەیجوڵێنێ بەڵکو بە بەشداریکردنی ژمارەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵگای کوردی خۆی ئەنجامی بدات. رەنگە ساڵی ١٩٨٤ ساڵی وەرچەرخان بێت لەم ئاڕاستەیەدا .. ساڵی روبەڕوبونەوەی گەورە بەڵام نەك وەك سەرەتایەك بۆ روبەڕوبونەوەی بەردەوام، بەڵکو وەك سەرەتایەك بۆ هەرەسی گەورە: مەبەستم لە روبەڕوبونەوەی گەورە جوڵانەوەی بێوێنەی سەربەخۆی خوێندکارانە لە ساڵی ١٩٨٤ دا: کێشەکە لەو داواکاریەی رژێمەوە دەستی پێکرد کە داوای (جەیش شەعبی) لە خوێندکاران دەکرد. هەندێ خوێندکار لەبەرئەوەی ملیان بۆ ئەو داوایە نەدابوو. لە زانکۆ دەرکران. ئەم بڕیاری دەرکردنە سەرەتای دەستپێکردنی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بوو. زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ لە موسڵ و هەولێر و کەرکوك لە مانگرتنێکی بێوێنەدا دەستیان لە خوێندن هەڵگرت و گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان و لە شارەکانیش پێکدادان و خۆپیشاندان دەستی پێکرد. دواجار رژێم پاشەکشێیەکی وەختی کرد و پشێویەکە کۆتایی پێهات. ساڵانی دوای هەمان چیرۆك لە زانکۆکاندا دوبارەبونەوە و لەناوەڕاستی ساڵی خوێندندا رژێم کۆمەڵێ خوێندکاری لە زانکۆ دەرکرد بە بەهانەی ئەوەی (جەیشی شەعبیان) نەکردووە. ئەمجارە ئیدی خوێندکاران بە بێدەنگی بڕیارەکەیان وەرگرت و کەسیش لەسەر ئەو ژمارە کەمەی فەسڵکران ئامادەی مانگرتن نەبوو. کۆمەڵگای کوردی تەسلیم و دەستەمۆ کرابوو.

لێرەوە زانکۆ و قوتابخانەکان ئەو دەزگایانە بوون کە هەرەسیان بە کۆمەڵگای کوردی هێناو هەموو ئەو خەون و ئیرادەگەریەی لێسەندنەوە کە تا دوێنێ دەیخستنەوە ناو پرۆسەی روبەڕوبونەوەیەکی توندو تیژ لەگەڵ بەعسدا. لێرەوە دیسانەوە لەگەڵ ئەو تەفسیرەی (مەریوان وریا قانع) دا نیم کە بڕوای وایە بەعس بۆ تێکشکاندنی خەون و سەربەخۆیی هێزە مۆدێرنەکانی کوردستان، ستراتیژێکی گرتەبەر کەلە رێیەوە هێزە مۆدێرنەکانی گەڕانەوە بۆ باوەشی تەقلیدیەت .. ئەو ستراتیژەش دروستکردنی سیستمی موستەشارەکانە[٦١]. من پێم وایە هێزە مۆدێرنەکانی ئێمە سەربەخۆی و خەونی مۆدێرنی خۆیان لە زانکۆکانەوە لەدەستدا.. بەدیاریکراوی ئەوکاتەی قبوڵیانکرد (جەیش شەعبی) بکەن. بەرلەوەی هێزە مۆدێرنەکانی ئێمە سیستمی موستەشارەکان قبول بکەن، دەبوو بە پڕۆژەیەکی ترسناکی سڕینەوەی کەسایەتی و ئیرادەگەریدا تێبپەڕن.. دەبوو هەموو خەون و ئامانجەکانی خۆیان کورت بێتەوە بۆ تەنها یەك ئامانج کە ئەویش

مانەوەیەکی بایەلۆژی روتە: زانکۆ ئـەو دەزگایـە بـوو کە بەهۆی داواکاریە سەربازیەکانی وانە بەعسیەکانی و تیـورە قەدەغـەکراو رێگاپێدراوەکـانی، ئـەم ئامانجەی بۆ بەعس هێنایەدی. بـەڵام هـێزی مۆدێـرن هێزێکە بە پێناسە بە خەون و بـەهاو داواکاریـەکانیدا دەناسرێتەوە، بە پرۆژە وئیرادەگەری و نەخشەکانیدا دەناسرێتەوە. هـێزی مۆدێـرن بـە پێناسـە هێزێکـە لەسەر و ئامانجی مانـەوەوە، خـەونی دی و پـرۆژەی دی بەرهەم دێنـێ. لـەکاتێکدا زانکۆکـان هـەموو ئـەم خـەون و پرۆژانـەیان لـە هـێزە مۆدێرنـەکانی ئێمـە سەندو کردیان بە مرۆڤێکی مەسرەفکەر و بێ ئیرادە. بەعس لە رێـی سیستمێکی پـەروەردەی ئاسنینەوە توانی هـەموو رەهـەندەکانی بونـەوەرە مودێرنـەکانی ئێمە کورت بکاتەوە بـۆ یـەك داواکاری: مانەوەیـەکی بایـەلۆژی. کۆمـەڵگای کـوردی لـەدوای (٨٤) ەوە هەرەسێکی گـەورەی هێنـابوو. گروپـەکانی ئیـدی بەرامبـەر بەیـەك بـەدگومان بـوون و چیـدی ئـەو وتوێژانەی جارانیان پێکەوە نەدەکرد.

مرۆڤـی ئێمـە ئـەو دەمـەی دڵنیـایی و متمانـەی بەدەوروبەری خۆی لەدەستدا، لە هـەمانکاتدا هـەموو ئەو وتوێژانەشی دۆڕاند کـە ئامانجێکیـان بـۆ دەست نیشاندەکرد لەسەر و ئامانجی مانەوەوە. کوردسـتان وەك جێگاکـانی دی کۆمـەڵگای عـێراقی سـیفەتەکانی کۆمەڵگای لەدەستدا و دابەشبوو بـۆ کۆمـەڵێ گروپـی لەیەك دابڕاو و پڕ لە بەدگومانی لەیەکدی.

لە راسـتیدا بـەعس لـەناوەڕا ئـەوەندە کۆمـەڵگای عـێراقی گۆڕیبـوو بـۆ بونـەوەرێکی سـلبی و بێکارەکتـەر کـە مـەحاڵ بـوو بێفشـاری هـێزێکی دەرەکی شتێك لە دەسـەڵاتی بـەعس کـەم بێتـەوە و بڕێکیش ئومێد بۆ ئەو مرۆڤە بگەڕێتەوە کە بەتەواوی دەسـتەمۆکرابوو. جـەنگی عـێراق – کوەیـت و دەرئەنجامەکانی، ئەو دەرفەتەی رەخسان بۆئـەوەی کۆمەڵگا کەماوەیەکی زۆر لەسەر شانۆی روداوەکان پاشەکشێی کردبوو، ببێتەوە بە یـەکێك لـە یاریچیـە سەرەکیەکانی.

راپەڕین و کۆمەڵگای مەدەنی

راپەڕین پاشەکشێی بە دەوڵـەتی عـێراقی کرد و بـۆ یەکەمجار کۆمـەڵگای کوردی (بەتـەنیا) لەسـەر شانۆکە مایـەوە. بـەڵام ئـەم کۆمەڵگایـە بۆئـەوەی تەعبیر لە خۆی بکات و ژیانی خۆی رێك بخات، تەنها یـەك پێکهاتـەی لەبـەردەمی خۆیـدا بینـی: حیزبـە کوردیـەکان. حیزبـە کوردیـەکان کـە بـە بەرەیـەکی کوردستانی تـازە پێکهاتوەوە گەڕابونـەوە بـێ هیـچ بەرگریەك سەرجەم کەناڵە کۆمـەڵگایان پێشکەشکرا. ئەو سەردەمە، سەردەمی ئاڵتونی پەیوەندی حـیزبی کوردی و جەماوەربوو. دەرپەڕاندنی بەعس و مژدەی ئازادی، کۆمەڵگای بەشێوەیەکی ئەوتۆ سڕکردبوو کە کـەس نـەیتوانی بەشێوەیەکی جدی ئـەو هەڕەشـە گەورەیە ببینێ کە حیزب لـە یەکـەم هـەنگاو بڕیـاری ناوخۆیدا، لە کۆمەڵگای کوردی کرد: سـەرکوتکردن و لەناوبردنی شوراکان: گومـانم لـەوە نیـە شـوراکان داهێنانێکی پەتی چەپی رادیکاڵی کوردی بو، گومـانم لەوە نیـە لـەناو شوراکاندا نەخشـەیەکی ئایدیۆلۆژی هـەوڵی بالادەسـتی دەدا و تارادەیـەکیش بالادەسـت بـوو، گومانیشم لـەوە نیـە لێـدان و سـەرکوتکردنی شوراکان پەیوەندی بەو بالادەستیەوە هـەبوو، بـەڵام رێك لەبـەر ئەمە سـەرکوتکردن و لێدانـی شـوراکان زەنگی مەترسیەك بوو کە ئەو دەمە کەس نەیبیست: حیزبـە کوردیـەکان ئامادەنین قبوڵی هیـچ دەزگـاو پەیکەرێك بکـەن لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی خۆیـان و ئامادەشـن تـا ئاستی کوشتن و بڕیـن لەگـەڵ ئـەو ئەزمونانـەدا بـڕۆن کـە جورئـەتی کـارێکی لـەم چەشـنەدەکەن. بێگومـان شـوراکان لـەناوبران بـەڵام چـەند بەهـەرا و هوریـا و خۆشـباوەڕی و ئومێـدەوە دروستبووبون، هەرواش رودانی لێدان و نەهێشـتنیان بە بێدەنگـی تێپـەڕی. حـیزب توانیبـووی زۆربـەی کۆمەڵگا قەناعەت پێبکات کە شوراکان مەترسیدارن، شوراکان حازرخۆری بەر سێبەرن، شـوراکان خـاوەن مێـژوی بەگژداچونـەوەی رژێـم نـین. لـەو رۆژانـەدا بەتانەو تەشەرەوەدەمانبیست (ئەمانە لەکاتی شەڕێ رژێمدا لەکوێبوون) (قسـەگەلێك کـە ئـەمڕۆ جارێکی دی بە روی ئیسـلامی سیاسـیدا رادەکێشـرێ). بـەڵام ئـەم قسـەیە بەکـەم نـەگرین چوەنکـە پێـم وایـە لـە پشتیەوە یەکێك لە هەرە ئەو سیاسەتە جەهەنەمیانە رادەوەستێ کە حیزب لە رێگەیەوە کۆمەڵگای کوردی پێ زەلیلکرد:

گومـانی تیـا نیـە حیزبـەکان کـە هاتنـەوە کەمایەتیـەکی بچـووك بـوون (رەنگـە ژمـارەی پێشمەرگە و ئەندامەکانیان لـە چـەند هـەزار کەسێك تێپەڕی نەکردایە). بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە دۆخێکدا گەڕانـەوە کـە کۆمـەڵگا لـە لاوازتریـن و بێهێزترین

دۆخەکانی خۆیدابوو، لەبەرئەوە بوون بە قسەکەری یەکەم و دوای کۆمەڵگای کوردی. حیزبەکان کە لەناکاودا خۆیان لەبەردەم سەدان هەزار کەسدا بینی کە بەرلە راپەڕین هەموو پەیوەندیەکی زیندوی پێیانەوە لەدەستدابوو، دەبوو بە پەلە هەلی لاوازبوون و نەبوونی هیچ دام و دەزگایەکی کۆمەڵگای مەدەنی کوردی بقۆزێتەوە و سەرجەم کەناڵەکانی بۆ خۆی پاوان بکات! بۆ ئەوەی ئەم کارەش مەیسەر بکات دەبوو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و بێ چاوەڕێی، هەموو دەرگاکانی خۆی بۆ هەرچی زیاتر کردنی ئەندامەکانی ئاوەڵا بکات. بەڵام جەماوەرێك کە تازە لە ئەزمونێکی دەسەڵاتی تاك حیزبی فاشیستانە رزگاری بووە و چیدی گەمەی سیاسەتی لەبەرچاو کەوتووە و بەدوای هەناسەیەکی ژیاندا دەگەڕێت دور لە حیزب و لە سیاسەت، ئاسان نەبوو بە سانایی قەناعەت پێبکەی بێتە ناو حیزبەکانەوە. ئالێرەدا حیزب ترسناکترین داهێنانی خۆی خستە ناو کوچە و کۆڵانەکانی دوای راپەڕینەوە و لە لێدانی شوراکانیشدا بە سەرکەوتویەوە بەکاری‌هێنا کە ئەو داهێنانەش بەیت و بالۆرەی حیکایەتێکی شۆڕشگێڕانەیە دڕی رژێم. حیزب گەمەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەست پێکردبوو: بۆنەیەك نەما نەیقۆرزێتەوە بۆ باسکردنی سەروەری و قارەمانێتیەکانی ناو شاخی، گۆڕەپان و مەیدان نەما پێشبڕکێی لەسەر نەکات بۆ هەڵواسینی وێنە یان پەیکەری شەهیدەکانی، وتوێژێك لەگەڵ هاوڵاتیەکی ناحیزبیدا نەما بە پرسیاری (تۆ چیت کردووە و لەکاتی رژێمدا لەکوێ بووی) دەست پێنەکا. بێگومان مەسەلە پەیەندی بە مافی شانازیکردن بە رابردوەیەکەوە نیە کە حیزبەکان بە هەق مافی خۆیانە شانازی پێوە بکەن. نە لە روی ئەخلاق و نە لە روی ویژدانەوە رەوانیە شانازی لە مرۆڤێك بسێنین کە سەدان جار گیانی خۆی خستۆتە سەر لەپی دەستی لە پێناوی رۆژێکی وەك ئەمرۆدا، ئەو گەلەی شانازی بە تێکۆشەرەکانیەوە ناکات، گەلێکە مێژوی داهاتوو و رابردووشی دۆڕاندووە. بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بە دروستکردنی گوتارێکەوە هەیە کە دەیەوێت پاوانی سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵات، تەنها بۆ ئەو کەسانە بکات کە حیکایەتێکی شۆڕشگێڕانەیان لە حیزبدا هەیە. گوتارێك کەلە رێگەیەوە مافی بەشداریکردن لە پرۆژەی بڕیار و دەسەڵاتدا لە زۆربەی کۆمەڵگای کوردی قەدەغە دەکات، ئەو دەمە نەبێت کە دەبنە ئەندامی حیزبێك.

لە راستیدا باسکردنی حیکایەتی شۆڕشگێڕانە بۆ رێزلێنان لە مافی تێکۆشەران نەهاتووە، بەڵکو بۆ دامالێنی رێز و ماف لە بەشی زۆربەی کۆمەڵگای کوردی هاتووە کە بەختی بەشداریکردنی شۆڕشی لە رێگای حیزبێکەوە لەبەردەستدا نەبوو. حیزبەکان بەم گوتارەوە کۆمەڵگای کوردیان تا سەر ئێسقان، زەلیلکرد و هەموو شانازیەکیان بۆ خۆیان پاوان کرد. تەنانەت شەهیدەکانیش ئیدی بون بە مولکی تایبەتی حیزب. پرۆژەیەکی ترسناك کە حیزب لەدوای راپەڕینەوە دەستی پێکرد بریتی‌بوو لە سەندنەوەی تێکۆشەر و شەهیدەکان لە کۆمەڵگا و پاوانکردنی بۆحیزب. ئیدی ئەوە کۆمەڵگا نیە خاوەن شەهیدە قارەمان و رۆڵە تێکۆشەرەکانێتی، بەڵکو ئەوە حیزبە جیاوازەکانن خاوەنی راستەقینەی ئەو شەهید و تێکۆشەرانە. شەهیدەکان مولکی کۆمەڵگانین، بەڵکو مولکی (ی.ن.ك) یان پارتی یان شیوعی هتد) ن. ئیدی ئەوە لەسەر هاوولاتیە هەڵبژێرێ دەیەوێ کام پۆل لە شەهید ببێتە بەشێك لە رابردوی خۆی. ئەو بەدبەختەشی کە نایەوێت بچێتە ناو ئەم هەڵبژاردنەوە، لەسەردەمی دوای راپەڕیندا دەتوانێ بڵێ بەڵام بێ هیچ شانازیەك، بێ هیچ حیکایەتێکی شۆڕشگێڕانە و رەنگە بێ هیچ کارو کاسبیەکیش. بەڵام خۆشبەختانە حیزبەکانی ئێمە بەعسی نین و دڵیان ئەوەندە فراوانە کە رێگایان بۆ هاوڵاتی ئاسانکردووە بۆئەوەی ببنە خاوەن حیکایەتێکی شۆڕشگێڕانە. هەرئەوەندە بەسە ببێ بە ئەندامی حیزبێك بۆئەوەی لە هەموو سەروەریەکانیدا، بەشداری بکات. لێرەوە ئەگەر تۆ نەك هەر خاوەن حیکایەتێکی شۆڕشگێڕانەنیت، بەڵکو حیکایەتێکی خیانەتیشت هەیە، دەتوانی بەهۆی قبوڵکردنی ئەندامێتی حیزبەوە نەك هەر بەشداری شانازیەکان بکەی، بەڵکو بەشداری دەستکەوتە ئیداری و دەوڵەتیەکانیش بکەی. حیزب بە دڵفراوانیەکی سەرسوڕهێنەرەوە دەرگاکانی خۆی، مینبەر و دەزگاکانی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانە کردەوە کە تا ئاستی خیانەتی گەورەش (گلابوون) (لێرەوە هەست ئەکەم هەڵەبێت گەر شالاوی کۆنەبەعسیان و چەکدارەکانی رژێم بۆ ناو حیزبە کوردیەکان بگەڕێنێتەوە بۆ چاوچنۆکی و هەلپەرستی ئەم گروپە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی حیزبەکان هیچ

ئەگەرێکی ژیانی ئاسوودەییان لەبەردەم ئەم گروپەدا نەهێشتەوە، لەرێی ئەندامێتی حیزبەوە نەبێت).

حیزبەکان ئەو دەمەی شەهید و سەروەریەکان و بەکورتی مێژویان بۆ خۆیان پاوانکرد، کۆمەڵگایان ناچارکرد بۆ سواڵی حیکایەتێکی شۆڕشگێڕانە لەبەردەم دەرگای حیزبەکاندا بەزەلیلی بکەوێت. کۆمەڵگا لەبەردەم حیزبەکاندا هەرەسی هێنا و بەسەریاندا دابەشبوو. حیزب توانی بەسەرکەوتوویەوە مێژوی خۆی لەبری مێژوی گشتی کۆمەڵگا دابنێ، ناکۆکیە تایبەتیەکانی خۆی لەگەڵ حیزبەکانی دیدا بکات بە ناکۆکی گروپە کۆمەڵایەتیەکان، بەدگومانی و حەساسیەتی بەرامبەر هێزەکانی دی دابەزێنێ و بیکات بە حەساسیەت و بەدگومانی نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

ساڵانی سەرەتای راپەڕین، ساڵانی پێشبڕکێی گەورەی حیزبەکان بوو بۆ قوتدانی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگای کوردی. ئەو دەمەش کە هەڵبژاردن دەستی پێکرد ئیدی هەر حیزبە و بای ئەوەندە ئەندامی بۆ خۆی پچڕیبوو کە ئومێدی بە دەرئەنجامەکانی هەبێت. بەڵام کۆمەڵگای ئێمە لەکاتێکدا چووە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کە تازە هەموو ئیرادە و خواست و ویستێکی خۆی بۆ ئیرادە و ویستی حیزبەکان دۆڕاندبوو. فەزایەکی کاریگەری سەربەخۆی نەمابوو کە بتوانێ لە دەرەوە چاودێری کار و بەرنامەی حیزبەکانی بکات و بەپێی نزیکی لە بەرنامەی حیزبێکەوە، بڕیاری خۆی بدات. نەبوونی فەزایەکی وا سەربەخۆش (کە حیزبەکان بە دەستی ئەنقەست وێرانیانکرد) بووە هۆی ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەبری ئەوەی رەنگدانەوەی ویستی سەربەخۆی کۆمەڵگای ئێمە بێت، راستەوخۆ بەسترابێ بەوەوەی تا چەند حیزبەکان توانیویانە زۆرترین بەشی کۆمەڵگا قوت بدەن.

کۆمەڵگای ئێمەبە حەماسەتێکی بێوێنەوە دەنگی خۆی بەخشی، بەڵام نەک بۆئەو هێزەی بەرنامەکانی لە ویستی ئەوەوە نزیکترە، شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری بەدڵترە، ئامانج و ئاواتەکانی لەدڵدا شیرینترە، بەڵکو بەپێی ئەوەی لەسەر لیستی چ حیزبێك موچەخۆرە و چ پولێك شەهیدی هەڵبژاردووە و مێژوی دامەزراندنی چ حیزبێکیش، بە سەرەتای شۆڕش زانیوە. لەناو فەزایەکی واشدا ئیدی مەحاڵە سنوقی هەڵبژاردن بتوانێ زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمان و زۆربەی پۆستەکانی دەوڵەت بە حیزبێك لە حیزبەکان بدات. دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن رێك کۆك هاتنەوە لەگەڵ ئەو توانا گەورەیەی هەردو حیزبی بالآدەستی کوردستان بۆ هەرچی زیاتر قوتدانی کۆمەڵگای کوردی هەیانە. ئەو پەرلەمان و دەوڵەت هەرێمەش کە لەم هەڵبژاردنەوە سەریهەڵدا وەکو برا لە نێوان هەردو هێزەکەدا بەشکرا. ئیدی لێرەشدا حیزب هەموو گەمەکانی خۆی دەست پێکردەوە. ئەو کە توانیبووی کەرتبوون و پارچەپارچەبوونی خۆی بکاتە کەرتبوونی کۆمەڵگا، ئێستا هەموو ئەم گەمەیەی بەسەرکەوتویەوە دادەبەزاندە ناو سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەت. گەمەی پەنجا بە پەنجا و هەموو ئەو کۆمیدیا ئیداریەی لە بەڕێوەبەرایەتیە جیاوازەکاندا خستیەوە، بە ئاشکرا دەریخست چۆن حیزبەکان توانیویانە ناکۆکیەکانی خۆیان دابەزێنە ناو بچوکترین دەزگای ئیداری دەوڵەتەوە. لە فەزایەکی واشدا سیستەمی سیاسی (کەلە واقعی ئێمەدا حیزبەکان دروستیدەکەن) لەبری ئەوەی ناوەندێك بێت لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیدا، دەبێ بە ئەژدیهایەك کە لە لایەك کۆمەڵگای مەدەنی دەخواو لەلایەك دەوڵەت، لەلایەك کۆمەڵگا کەرت ئەکات و لەلایەکیش دەوڵەت بێهێزدەکات.

لە جیهانی دوای راپەڕین و پاش بالآدەستی حیزبە کوردیەکاندا ئیدی شتێك نامێنێ ناوی کۆمەڵگای کوردیبێ، بەڵکو کۆمەڵی جیهانی داخراوت هەیە کە هەریەکە و سەربە حیزبێکە. ئیدی کۆمەڵگای کوردی یەك چارەنوسی نیە، بەڵکو چارەنوسی بەستراوە بە چارەنوسی ئەو حیزبەوە کە لایەنگرێتی، ئیدی یەك هەستی هاوبەشمان نیە، بەڵکو تەنها هاودەردی ئەو کەسانەین لە سەنگەرەکەی ئێمەدا دانیشتوون.

لە ڕاستیدا حیزبەکانی ئێمە چەند دەسەڵاتیان بردەوە، هێندەش زیاتر مرۆڤی ئێمە هاودەردی بۆ مرۆڤەکانی دەوروبەری لەدەستدا. دراوسێ بەوەفاکەی تەنیشتمان بە شایەنی کوشتن دەزانین چونکە چۆتە هێزێکی ئیسلامیەوە، ئەو قەڵەم بەدەستە بێکەسەی لە ژیانیدا ساتێك خیانەتی نەکردووە، دەکوژین لەبەرئەوەی کۆمۆنیستانە بیردەکاتەوە. بە بێدەنگی نەماشای دەربەدەرکردن و ئازادکردنی هاوشاریە یەکێتی و پارتیەکانمان دەکەین و وادەزانین کارێکی لۆژیکیە. سەیرکردنمان بۆ دنیا دەبێ بە سەیرکردنێکی پڕ لە بێویژدانی و پڕ لە دوفاقی.

ئیسلامیەك بەرگری لە (حیجاب و تیورە ئیسلامیەکانی) خۆی دەکات بە دڕاندانەترین سیفەتەکان وەسفی دەکەین و بە گەورەترین مەترسی لە قەڵەمی دەدەین، کەچی لە تاوانی کوشتن و بی سەروشوێن کردنی دەیان کەس لەلایەن هێزەکەی خۆمانەوە، بێدەنگ دەبین، نوسینی کۆمۆنیستێك دەبینین و بۆنی رۆژی حەشر دەکەین، کەچی لە لوت بڕین و کوشتن و خنکاندنی دەیان ئافرەتی بێگوناە، بێدەنگ دەبین، لە واقعی ئێمەدا ئازادیەکی گەورەی رەخنە هەیە بەڵام بە ئاڕاستەی هێزەکانی دەرەوە، هەروەها گوێگر و خوێنەرێکی زۆریش هەیە بەڵام بۆ قسەو نوسینەکانی هێز و گروپەکەی خۆمان. کۆمەڵگای کوردی لە دوای دەسەڵاتی حیزبەکانەوە، کۆمەڵگایەکی لەیەك دابڕاوە و پڕ لە ڕق و کینەیە بەرامبەر بە یەکدی. مرۆڤی ئێمە لەدوای ڕاپەڕینیەوە چەند دەسەڵاتی حیزبە کوردیەکانی بردەوە، هێندەش دراوسێ و هاوڕێ جیاوازەکەی خۆی دۆڕاند.. چەند مێژووی حیزبێکی بۆ خۆی پاوانکرد، هێندەش مێژووی حیزبەکانی دی لەدەستدا،.. چەند پایەو پلە و فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتیەکی وەرگرت، هێندەش هاوسۆزی و هاودەردی مرۆڤە جیاوازەکانی لەکیس چوو.

لەناو فەزایەکی واشدا هیچ ئەگەرێك، هیچ ڕێگایەك هیچ پرۆژەیەك بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی **ناتوانێ سەربگرێ گەر لە سەرەتاوە بە کەنالّی** دەستکورتکردنەوەی حیزبەکاندا نەڕوات. دەبێ بەدوای کەنالّی جیاواز لە کەنالّی حیزبدا بگەڕێین و ڕێگە نەدەین ناکۆکی و بەدگومانی حیزبە جیاوازەکان، ببێ بە ناکۆکی و بەدگومانی گروپە کۆمەڵایەتیەکان. دەبێ بۆ فەزایەکی سەربەخۆ بگەڕێین کە هەم بتوانێ چاودێری حیزبەکان بکات و هەم بتوانێ سنورێك بۆ ململانێی حیزبەکان دابنێت. دەبێ تا چەند حیزب دەیەوێت لە لایەنگری و ئەندامانی حیزبێکی دی دامانبڕێنێت، ئێمە زیاتر کەنالّەکانی وتوێژ و پەیوەندی لەگەڵدا زیاتر بکەین.

ئەمڕۆ کۆمەڵگا لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەی حیزبە کوردیەکاندایە. ئەو ئارامیە کاتیەش ئەمڕۆ دەیبینین، هیچ نیە جگە لە پشودان و خۆکۆکردنەوە بۆ جەنگ و کوشتارێکی دی. تارمای جەنگ و کوشتار هەرگیز بەڕۆکی ئەم کۆمەڵگا ماندووە بەرنادات، مادام مەیدانەکە چۆڵکراوە بۆ تەنها یەك یاریکەر.. یاریکەرێك کە تەنها هونەرێك بە باشی بیزانێت دروستکردنی وێنەی دوژمن و خائین و ناپاکە لە دراوسی و هاوشاری و هاوڵاتیە بەدبەختەکانی خۆمان. ئەم یاریکەرە.. ئەم لیڤیسانە[*] تازەیەی کورد کەس نیە جگە لە حیزبی کوردی.

(*) لیڤسیان: ناوی دیوێکی ئەفسانەیی و ناونیشانی کتێبەکەی (تۆماس هۆبز)ە.

پەراوێزەکان:

١) ماركيوز، هربرت: (الانسان ذو البعد الواحد). ت؛ جورج طرابيشي، منشورات دار الاداب. طبعة الثالثة ١٩٨٨. بيروت. ص ٥٥.
٢) هـ. س پ. ص٥٦.
٣) وەرگێڕاوە لە : (چاندۆك، نیرا: (جامعة مدنی و دولت). ت: فریدون فاطمی/ وحید بزرگی – نشر مرکز – چاپ اول ١٣٧٧. ص٧.
٤) پوپر، کارل: جامعة بازو دشمنان ان – ت: عزت الله فولادوند شركة سهامی انتشارات خوارزمی – چاپ دووەم ١٣٧٧. ص ٤١٩.
٥) شتراوس، كلود ليڤي: (العرق والتأريخ) له كتێبی: مقالات في الاناسة. ت: د. حسن قبيسي. دار التنوير للطباعة والنشر – طبعة الاولى ١٩٨٣ – ص ١٧٧.
٦) وەرگیراوە لە: احمدی، بابك: كتاب ترديد – نشر مركز – چاپی دووەم ١٣٧٥، ص ٦٩.
٧) تودورف، بزيتان: نحن والآخرون. ت: دربي محمود منشورات دار المدى – الطبعة الاولى ١٩٩٨. ص ٨١.
٨) هـ.س پ. ص٨١.
٩) شتراوس، كلود ليڤي: العرق والتأريخ... ص١٨٦.
١٠) هـ.س پ. ص ١٨٥.
١١) هـ.س پ. ٢٣٤. **له راستیدا** (تودرۆف) له كتێبی ئێمە و ئەواندا) رەخنە لەم بۆچونەی شتراوس دەگرێت و بڕوای وایە رەنگە نمونەی (شەمەنەفەرە جولّاوەكان بەكەڵكی ئەوەبێت باس لە رێژەگەری لە فیزیادا بكەین بەڵام ئایا ئەمە بەسە بۆئەوەی رێگەمان پێبدات باس لە رێژەگەری ئەخلاقیش بكەین). تۆدرۆف بڕوای وایە وێناكردنی مرۆڤ وەك ئەوەی زیندانی كلتوری كە دوگمابوونی لە حەتمیەتی رەگەزایەتی كەمتر نیە. بڕوانە: (تودرۆف): (نحن والاخرون) .. ص(٨٢،٨٣).
١٢) احمدی، بابك: ساختار و تأويل متن. نشر مركز چاپ اول ١٣٧٠ – ص١٨٤.
١٣) شتراوس، كلود ليڤي: الانقطاعات الثقافية والنمو الاقتصادی والاجتماعی – لە كتێبی: مقالات في الاناسه.. ص١٥٥. لێرەشدا دیسان تۆدرۆف رەخنە لە شتراوس دەگرێت و دەڵێت ئایا ئەم دابەشكردنە دیسانەوە رامان ناكێشێ بۆ دەركردنی حوكمێكی ئەخلاقی و بەهایی (قیمی) بەسەر ئەو كۆمەڵگایانەدا. بۆ زیاتر ئاگاداری لە رەخنەكانی رۆدۆڤ بگەڕێوە بۆ ئەو كتێبەی لە سەرەوە باسمانكرد.. واتە (نحن والاخرون).
١٤) هـ. ستيوارت هيوز: داه فروبسته: ت: عزت الله فولادوند – انتشارات علمی و فرهنگی. چاپ اول ١٣٧٣ ص٢٥٩.
١٥) كلاستر، بيار: مجتمع اللادوله. ت: محمد حسين دكروب. المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.. ٢١.

١٦) هـ.س.پ. ص٢١. بەختیار عەلی لە نوسینێکدا بەناوی (دەسەلآت، کۆمەلگای مەدەنی دەولەت) بە درێژی باسی بۆچونەکانی کلاستەر و چەند بیریارێکی دی لەم ئاڕاستەیەدا دەکات. من بۆ ئەم بەشەی باسەکەم چاوێکم لەسەر ئەو نوسینەی ئەوبووە.

١٧) بەختیار عەلی: دەسەلآت/ کۆمەلگای مەدەنی/ دەولەت – خوێندنەوەیەک لەناو سەرچاوە و مانا سوسیولۆجی و فەلسەفیەکاندا). دەستنوس.

١٨) السلطة والحداثة – حوار مع جورج بالانديية – مجلة الفكر العربى المعاصر – عدد ٤١ ايلول / تشرين الاول ١٩٨٦ – ص ٢٤. ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن دارا محەمەدەوە کراوە بە کوردی و لە ژمارە (٥) ی سالی ١٩٩٩ ی گۆڤاری (سەردەم) دا بلآوکراوەتەوە.

١٩) هـ.س.پ.

٢٠) وەرگیراوە لە: و.ت. جونز: خداوندان اندیشه سیاسی – ت: علی دامن – مؤسسة انتشارات امیر کبیر – چاپ دووەم ١٣٦١ – ص ١٢٤.

٢١) هـ.س.پ.

٢٢) هـ.سزپ.. ص ٢١٧.

٢٣) هەمان سەرچاوە ص١٧.

٢٤) هیوز، ستیورات: راه فروبستنه.. ص٢٧٢.

٢٥) احمدی، بابك: كتاب ترديد.. ص٧٢.

٢٦) هیوز، ستیورات: راه فروبسته.. ص٢٧٢.

٢٧) سەبارەت بە قوتابخانەی ئابوریزانانی سیاسی کلاسیك پشتم بەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە بەستووە.

أ– چاندۆك، نیرا: جامعه مدنی و دولت.. لە لا ٨٧ تا لا ٩٠.

ب– موسی غنی نژارد: جامعه مدنی: ازادای، اقتصاد و سیاست. انتشارات طرح نو. چاپ اول ١٣٧٧ له لا ٧٠ وه بۆ لا ٧٣.

٣٨) چاندۆك، نیرا: جامعه مدنی و دولت.. ص ٩٠.

٢٩) هـ. س.پ .. ص٨٨.

٣٠) هـ.س.پ.. ص٩٢.

٣١) وەرگیراوە لە: ابرلاستر، انتونی: لیبرالیسم غرب. ت؛ عباس مخبر – نشر مركز – چاپ سوم ١٣٧٧. ص٣٦٩.

٣٢) هـ.س پ. ص٤٨.

٣٣) وەرگیراوە لە: راسل، برتراند: تأريخ فلسفه غرب. جلد دووەم – ت: نجف دریابندری – انتشارات نشر پرواز. یائیز سال ١٣٦٥ ص٩٤٤.

٣٤) وەرگیراوە لە: ف– فۆلفین: فلسفه الانوار. ت: هنریب عبودی. دار الطليعة للطباعة والنشر. بیروت. ص٢٠١.

٣٥) وەرگیراوە لە عاسیور: ، ارنست: فلسفه روشن اندیشی، ت: نجف دریابندری. انتشارات خوارزمی. چاپ اول ١٣٧٢. ص ٣٢٦.

٣٦) شتراوس، لیو/ کراپسی، جوزیف: نقد نظریة دولت جدیدة، ت: احمد تدین – انتشارات كوير. چاپ اول ١٣٧٣. ص ٧٧.

٣٧) شتراوس، لیوی، حقوق طبیعی وتاریخ. ت: باقر پرهام، مؤسسة انتشارات اتجاه. چاپ اول ١٣٧٣،. ص٢٦٧.

٣٨) وەرگیراوە لە: چاندۆك، نیرا: جامعه مدنی و دلوت.. ص ١٣٨.

٣٩) ماركس، كارل: حول مسألة اليهودية. ت: الياس مرقص – دار الحقيقة للطباعة والنشر في بيروت. ١٧٨.

٤٠) چاندۆك، نیرا: جامعه مدنی و دلوت.. ص ١٤٠.

٤١) هـ.س.پ ص (١٩٣).

٤٢) بۆ تێزەکانی گرامشی سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

أ– چاندۆك، نیرا – جامعه مدی ودولت فەسڵی چوارەم.

ب– بیوتی: جان مارك – فكر غرامشی السیاسی. ت: جورج طرابیشی دار الطليعة، بیروت – الطبعة الاولی ١٩٧٥.

ج– بشاره، عزمی: (المجتمع المدنی/ دراسة نقدية) مركز دراسات الوحدة العربية – الطبعة الاولی بیروت: كانون الثانی/ ینایر ١٩٩٨ – لا ٢٠٠–٢١٠.

٤٣) وەرگیراوە لە:

د. بشاره، عزمی: المجتمع المدنی/ دراسه نقديه .. ص ٢٠٨.

٤٤) بیوتی، جان مارك: فكر غرامشی السیاسی.. ص ٢١٥.

٤٥) وەرگیراوە لە: عبدالقادر الزغل: (مفهوم المجتمع المدنی والتحول نحو التعدديه الحزبيه) لە کتێبی:

غرامشی و قضايا المجتمع المدنی: ندوة المعاصرة ١٩٩٠. دار كنعان للدراسات والنشر – الطبعةة الاولی ١٩٩١ز ص ١٥١.

٤٦) هـ. س. پ ص ١٥١.

٤٧) بیوتی: جان مارك: فكر غرامشی السیاسی .. ص ٢١٥.

٤٨) د. بشاره، عزمی: المجتمع المدنی / دراسه نقديه .. ص ٢٠٥.

٤٩) بەختیار عەلی: (دەسەلآت/ کۆمەلگای مەدەنی/ دەولەت) دەستنوس.

٥٠) چاندۆك، نیرا: جامعه مدنی و دولت.. ص ٣.

٥١) بۆ ئەم جیاکردنەوەیە پشتم بە تێزەکانی ئالان تۆرین) بەستووە لە کتێبی:

تورین، ئالان: ماهية الديموقراطية. ت: حسن قبيسی – دار الساقی طبعة الاولی ١٩٩٥ ص (٥٩–٦١).

٥٢) هـ. س.پ. لا ٦٢.

٥٣) هـ. س.پ. لا ٦٠.

٥٤) هـ. س.پ. لا ٦١.

٥٥) پێشەکیەکەی ئەحمەد تەدین بۆ کتێبی:

سەمیر ئەلخەلیل (کەنعان مەکیە): جمهوری وحشت، ت: احمد تدين. چاپ اول ١٣٧٠ – انتشارات طرح نو.

٥٦) مەریوان وریا قانع: (ئەنفال و مۆدێرنە/ رووداوێك لە داوامانەوە یان ئەگەرێك لە پێشمانەوە) – گۆڤاری رەهەند ژمارە ١٩٩٩/٧. ص ٤٨.

٥٧) هـ. س پ. لا ٥١.

٥٨) سەمیر ئەلخەلیل (کەنعان مەکیە): جمهوری وحشت.. ص ١٧١.

٥٩) هـ. س.پ. ص١٤٤.

٦٠) (خەڵاتی ١٩٧٩ی یونسکۆ درا بە ئەنجومەنی بالآی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراقدا. لەبەرئەوی هەموو تواناکانی ولآت لەو خەباتەدا بەکارهێناوە کە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەکرێت). وەرگیراوەلە:

سمیر ئەلخەلیل: جمهوری وشحت.. ص ١٤٥.

٦١) ئەمڕۆ هەمان چاوەڕوانی دەبینین بۆ دۆخی پاش لابردنی ئابلۆقەی ئابوری.. چاوەڕوانیەك کە بە بڕوای من لە تێنە گەیشتنێکی قوڵەوە دێت سەبارەت بە دەولەت و کۆمەلگا کە لەسەردەمی بەعسدا.

٦٢) مەریوان وریا قانع: ئەنفال و مۆدێرنە.. لا ٥١.

کەمتیار

لەروانگەی وەهمی راکردن لەواقیعداو گەڕانەوە بۆ باوەشی راستەقینەی "خەوێکی قوول و شیرین"

کەمال غەمبار

نۆڤلێتی "کەمتیار" یەکەمین چیرۆکە کە لە ژیانمدا خوێندبێتمەوە ناونیشانی و ناوەڕۆکەکەی یەکتر نەگرنەوە، واتە باسی کەمتیار نەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا لە تەوزیفکردنیدا دەلالەت و مەدلوولی کەمتیار بەخۆوە بگرێ.

"کەریم دەشتی" نووسەری نۆڤلێتی "کەمتیار" لەناو ئەو (١٠) دیمەنە یا بڵێین مۆتیفەی بۆ خوێنەری گێشاوە، (٣) جار کەمتیار بەکاردێنێ وەکو ئیدیۆم و وێکچوون. "کەمتیاری وێژدان، کەمتیاری تا، وەکو کەمتیار هێرشی بۆ هێنام".

لێرەوە هەر لە سەرەتاوە دەپرسم: نووسەر بۆ "کەمتیاری کردۆتە ناونیشانی نۆڤلێتەکەی؟ چ نهێنییەك لەپشت ئەو ناوە حەشاردراوە؟ ئاخۆ توانیویەتی خەسڵەتەکانی کەمتیار لە رەوتی چیرۆکەکەدا بەرجەستە بکات؟

بەقەدئەوەی نووسەر سێ جار وشەی "کەمتیار" ی بەکارهێناوە، لە کوردەواریشدا سێ شت دەدرێتە پاڵ کەمتیار: "دەڵێی کەمتیارە دەمی بەستراوە، (.....) ە کەمتیاری پێیە، بە قسەی خۆش کەمتیار لە کون دەردێ".

ئەگەر بە وردی و قوواڵی بە ناخی نۆڤلێتەکە شۆڕبینەوە، (مامەند) ی پاڵەوانی چیرۆکەکە هەر سێی خاسییەتەکانی لە هەڵس و کەوت و کارو ڕەفتاری لەناو دیمەنەکاندا بەدی دەکرێت.

دە کەرێ ئەم چیرۆکە لەسەر دوو ئاست بخوێنرێتەوە، ڕەهەندی دەرەوەی بە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی ڕووکەشانە حاڵەتێکمان بۆ دەردەخات کە (مامەند) پیاوێکی سەرکێشی شەهوانی لەڕادەبەدەری بەرەڵڵایە و تاوانبارێکی بە دڕەوشتە، بەڵام ڕەهەندی ناوەوەی گەر بە قووڵی سەیری بکەین. راکردنی پاڵەوانی نۆڤلێتەکەیە لە واقیعدا، خۆهاویشتنە باوەشی جیهانێکی دیکەیە، کە حەز دەکەم لەمبارەی نووسینەمدا لەسەرخۆ لە دەرگاکەی بدەم و ڕووناکی بخەمە سەر ئەو کەلێن و قوژبن و لایەنانەی بە چاوێکی لێکۆڵینەوەی ئەرکیۆلۆچی نەبێت نابینرێن.

چیرۆکنووس لە داڕشتنی چیرۆکەکەیدا پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و، ئەفسانە و فەنتازیاو، زیندە خەون و، حەقایەتی میللی و بابەتی فۆلکلۆری... هتد.

پەنابردنە بەر خەیاڵی فەنتازی و زیندەخەون لەم جۆرە چیرۆکانەدا، جۆرێکە لە ڕاکردنی نووسەر لەو جیهانە بێ دەسەڵاتەی کە لە تواناو وزەیدا نییە ئارەزووەکانی خۆی تێر بکات، ئەم ڕاکردنە هۆکارێکە کە بەرانبەر دوو هێزی سەرەکی لە مرۆڤدا دەوەستێ "هێزی مرز و هێزی خەیاڵ، هێزی فیکر هۆکارێکە بۆ زانینی ڕاستیەکان، پەنابردنە بەر خەیاڵیش بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەموکوڕی و کەلەبەرەکانە،

خۆ بەدەستەوەدانی خەیاڵیش هات و نەهات و ترسی بەدواوەیە، چونکە رووبەڕووبوونەوەی چارەنووسی نادیارە و چاوبڕینە لە سەپاندنی خواست و ئیرادەی مرۆڤێك بەسەر ئەو شتانەی سەخت و دژوارن و بە سانایی خۆبەدەستەوە نادەن.

ترسیش جۆرە خولیایەکە کە لە شتی کتوپڕ، لە رواڵەتی کاری سەقامگیردا سەرهەڵدەدات. هەر لە کۆنیشەوە خەڵك لە سەدە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیدا بایەخیان بە رووداوی سەیر و سەمەرە و مەترسییە خەیاڵییەکان زیاتر دەدا لە بایەخدان بە واقیع، شاعیر و چیرۆکنووس هەرووکیان لەیەك سەرچاوەدا ئاویان دەخواردەوە، رێبازی غەیبی یا ئەفسانەیی چیرۆك مۆرکێکی شیعر ئامێزی بەخۆوەگرت." [1]

(مامەند) کە پاڵەوانی نۆڤلێتەکەیە، کە پەنا دەباتە بەر زیندە خەون و فەنتازیا، هەر لە سەرەتاوە لە زەمەن دادەبڕێ و بە لۆجیکی وێنەکە "نالۆجیك و ناماقوول و ناکاشوینە، لە هەموو ئەوانەدا ئەفسانە بەنێوەندی نێوان خەون و بەئاگابوون، یاخود وەك بڵێی جۆرێکە لە زیندەخەون، خۆی دەنوێنێ" [2] و یەکەمین قۆناغی گەورەی دەست پێدەکات، کە بەدوای بەختەوەری دەگەڕێ، وەك هەموو لاوێك گەرەکییەتی لە بواری لەزەتی هەستکاریی سێکسیدا بیدۆزێتەوە، سواری کەڵکەڵەی شەیتان دەبێ. (فاوست) ئاسا گیان و ویژدانی خۆی دەفرۆشێتە شەیتان و کچی جوان و ئافرەتی شۆخ و شەنگ لەخشتەدەبات، (راسپۆتین) ئاسا بە چاوە ئەفسوناوییەکانی و، سەرەڕۆیی (دۆن جوان) ئاسای گوندی (خاتوونەاوە)، جاروبار بە قسەی لووس و خۆش تەنانەت ژنی پیاوە نەزۆکەکانیش فریو دەدات و دەیانخاتە بەر شەپۆلی ئارەزووە سەرشێتەکانی "نووسەری هاوچەرخیش لەو جیهانە دەگەڕێ کە دەکرێ بیگەڕێنێتەوە بۆ شتێك لە سروشتی یەکەمی کە لە بەرجەستەکردنی سەرەتاییدا بوەشێتەوە، لە رامان و خواستی مرۆڤی نوێ بە دروستکردنەوەی جیهانەکەی، هیچ شتێك نادۆزێتەوە، گەڕانەوە نەبێ بۆ کیسەی یەکەم، بۆ ئەفسانە لاساییکردنەوە، هەوا سیحراوییەکەی هەڵکێشێ، سرووشی لێوەربگرێ. ئەو جیهانە بینابکاتەوە کە گەرەکییەتی، چونکە لە رووی شوێن و جیاوازی زەمان مرۆڤ بە مرۆڤ دەگاتەوە لە تەونی لێکچووی یەکگرتووی ئەفسانە و لەوێشەوە مرۆڤ بۆنێك وەردەگرێ کە ناڕوات و بەتوانستی لە دروستکردن و داهێنان و لاساییکردنەوە و ئەفراندندا دەیهێنێتەوە یاد" [3].

روونتر و قوواڵتر بۆ مەسەلەکە بچین، نووسەر لەو ئەفسانە و سیحرە سەرەتاییەدا سەرچاوەدەگرێ کە جیهانێکی بۆ دەرەخسێنن، خەونی پێوە دەبینێ، جیهانی مرۆڤی سەرەتاییە، دورکەوتنەوەیە لە جیهانی واقیع و ئێش و ئازاری رۆژانە، هەڵوێستێکی ئەفسانەیی وەردەگرێ، کە ئەم جۆرە هەڵوێستەش لە کرۆکدا شیعر ئامێزە، "کەریم دەشتی" پش خۆی شاعیرەو پشت بەستنی بە ئەفسانە لە کارێکی ئەدەبیدا، رێبازێکی بەپێز و دەوڵەمەندە، ئەگەر هەڵوێستێکی هاوچەرخانە بەخۆوە بگرێ و ئەوەندە نەکەوێتە ژێر کارتێکردنی تەوژمی ئەفسانە، کە بنەماکانی چۆنیەتی تەوزیفکردنی بە گیانێکی کراوەی عەقڵمەندا لەدەست بدات.

(مامەند) کە چەند جارێك پرۆسەی سێکسی دوپات دەکاتەوە. ئەو بنەمایەی دووپات بوونەوەیە و دەکەوێتە پشت بنەمای لەزەت و، لە واقیعدا هەوڵدانێکە بۆ رەخساندنی حاڵەتێکی دەروونی، کە لە رووی سەرهەڵدانییەوە بە سەرەتایی لەقەڵەم دەدرێو، لە هەمان کاتیشدا هۆکارێکە بۆ ئامادەبوونی مرۆڤ کە رێگە بە خودی خۆی بدات رووبەڕووی بەگژداچوون و شتی کتوپڕ بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ ببێتەوە. (مامەند) هەر بەو شێوازە رەفتاری دەکرد، کاری سەیر و سەمەرە و لە ئاسا بەدەری ئەنجام دەدا، شتێکی زۆر باوی دووپات دەکردەوە، بەڵام شتی خەفەکراو و تاپۆ بوو بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵ، یاخود دووربوو لە بایەخ پێدان، لە هەمان کاتدا کاری نهێنی و شاردراوەی پیادە دەکرد.

بەدرێژایی رەوتی نۆڤلێتەکە، پاڵەوانەکە (مامەند) لەنێوان ئارەزوو ترس و نیگەرانی و ئارەزوویەکی نەستانەدا لە مل ملانێدایە.

ئاخۆ چ شتێك لەپشت ئەم لەزەتە سێکسییەدا دەوەستێ، ئەگەر مەبەست لەوە نەبێ کە خوێنەر وا لێبکات کە ئەو کارو رەفتارانەی ئەنجامیان دەدا و لای خەڵك ئارەزووی رێگە پێنەدراون، لایان رەوا بێت؟!

ئەگەر لەواقیعیدا هەر کەسێ کە دەڕوانێتە خۆی لە چاکترین حاڵەتدا ئەوەبێ کە کۆمەڵ هەڵێدەسەنگێنێ، بەڵام کە کارێکی ناپەسەند دەکات و دەیەوێت بیشارێتەوە، ئەگەر پەردەی لەسەر لاببرێت قەوارە کۆمەڵایەتییەکەی دەلەقێ و ناوی دەزڕێو هەر بۆیەشە (مامەند) کە ئافرەتەکە لەگۆڕ دەردێنێ و مەسەلە سێکسییەکەی لەگەڵدا ئەنجام دەدات و مجەوری گۆڕستانەکە دەیبەینێ و پێیدەزانێ، یەکسەر دەیکوژێ، بۆئەوەی تاوانەکەی ئاشکرانەبێ، لێرەدا هەست و نەست یەکانگیر دەبن و لە مل ملانێدا دەبن، چونکە هەوڵێکی خود کە بارودۆخی دەرەوە پووچەڵی کردۆتەوە و، هەر وێستێکی خەفەکراو، وێستێکی ئازادی لا دروستکردووین کە واش نییە.

(مامەند) بۆ دامرکاندنی حەزو ئارەزووەکانی، پەنا دەباتە بەر خەونی ریسواکاری، کە جل و بەرگ لەبەر حەمدییەی نا ناودار بە (ئەسپە کچی گوند) دادەدڕێ، هەروەها خۆشی نیوەرووتە لەبەرچاوی – روخساری نیمچە سووتاو – ی منداڵی بێدەسەڵات ئەم بیشەرمییە ئارەزوویك پیادە دەکات کە لە ڕێگەی وێنەی خوددا وا دەکێشێ کە ڕووت و قووتە، بەڵام خەفەکراوە*و شەرمەزارە "دەرکەوتنی پاڵەوانی چیرۆك بەرانبەر نۆساکا تەعبیر لە ئارەزووە ریسواکارە باوەکانی پیاو دەکات"(٤).

ئەم دوورکەوتنەوەیە لەواقیع لە ڕێگەی نەستەوە، بنەمای لەزەت و خۆشییە، کە پیادەکردنی پێویستییەکە، یا دەربازبوونە لە ئازارێکی تایبەتی، پیادەکردنی ئارەزووی سەرشێتیەکە، کە لە ڕێگەی چالاکی مێشکی زیندەخەونەوە لە واقیع دوورەکەوێتەوە، لەلایەکی تریشەوە بە دووری نازانم ئارەزووی تۆڵەکردنەوە بێت کەلە ڕێگەی فەنتازیای سەرشێتی (خەون لەناو خەون) دا بەگژداهاتنی دەسەڵاتی حاجی حەمە شینی بێ، کێخای گوند بێ.

"مەسەلەی سێکسی، یاخود خۆکێشانەوەی بۆندار، لە واقیعی و دژوارەکەی، یا راکردنی وروژێنەری سێکسانە بۆ ناو جیهانەکانی گەڕانەوەی پیرەپیاو بۆ سەردەمی هەرزەکاری کە هونەرمەند دەچێتە ناو جیهانێکی تەواو هاودژی جیهانی ڕۆژانەی ئاسایی، توانستەکانی بیرکردنەوەی لا دەتەقنەوە، کە ئەگەری جیهانی راستەقینە لە دەرەوەدا ئەوە نییە ئەشکەنجە و کلۆڵی و بێگاری تێدا بێ، خەیاڵی دەربازبوو لە دەسەڵاتی پۆلیسی دەرەوە و ناوەوەی ڕزگاربوو لە سانسۆری ئیگۆی داب و نەریتی چینایەتی باڵا سەرچاوەی مەترسیی یەکەمە"(٥).

ئەم دیمەنە تۆڵەسەندنەوەیە لە دەسەڵاتی خێزان و دەسەڵاتدارانی گوند، لەجیاتی کۆیلایەتیی ڕۆژانەیە لە دەرەوەدا و مل کەچی بەردەوام بۆ سەروەرە راستەقینەکان و بێدەسەڵاتی بە کردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و گۆڕینی، لە هەمان کاتدا تۆڵە سەندنەوەیە لە هاوسەرخاتوون کە کاری تەنیا ئەرکی ماڵەوەیەو، بەرەڵڵاکردنی ئارەزووەکانی باوك سالارییەو، تۆڵەسەندنەوەیە بە ریسواکردنی کچ و خێزانی نەیارەکانی بە خەیاڵ و، دەستدرێژیکردنە سەر لەخەونداو، لە دواییدا بە ریسواکردنی سیناریۆی وەهم، لە ڕێگەی شایەتدانی (تەبەش سووتاو).

لەم نۆڤلێتەدا خوێنەر هەست بە تەداعیاتێکی وا دەکات کە ئێستاتیکایەکەی پشت بە داکردن و خەزین) یکی ڕۆشنبیریی فراوان و خەیاڵێکی بەپیتی دوور لە مەبەستی ئەنقەست و دەستکرد دەبەستێ، بۆئەوەی لە پرۆسەی لەدایکبوونی ئەفراندندا وەزیفە و کاری خۆی بفوێنێ "کەریم دەشتی" یش یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە هەگبەکەی خاڵی نییە لە ڕۆشنبیرێکی هەمەلایی، بە ڕەخساندنی تەداعیاتی خەست و چڕ کە دەبنە مەنەلۆژێك لەنێوان خۆی و (مەحموود) ی کوڕی کە دایەلۆگی ناوەوە دەگاتە لوتکەی تەداعی لەوساتەی دەنگی (مەحموود) ی کوڕی بەرگوێ دەکەوێت:

"بابە ئەوە بۆ ئەوەندە چوویتە سەر لێوژەکە خۆ خەریکە هەڵبدڕێی."

ئەو مەنەلۆژەی لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا خۆی دەنوێنێ، بەزۆری مەنەلۆژێکی درامییە کە "دایەلۆژی هەڵقوڵاوی لایەنێکە، یا دایەلۆگی نێوان دەروون و خودەکەیەتی، کە تیایا هەموو ناکۆکییەکان بەیەکدا دەچن و ساتی هەنووکەیی تیا نامێنێ و شوێن کاڵ دەبێتەوە و شتەکان تا ماوەیەك بزر دەبن"(٦).

کە (مامەند) دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی نەست، لەگەڵ خۆیدا دەدوێ، خوێنەر ناتوانێ شوێنێکی دیار دەستنیشان بکات، چونکە (مامەند) بروسکە ئاسا دێ و دەچێ. سوود لە هەموو وزەکانی مەنەلۆژ وەردەگرێ، تاشەبەردێکی زل لای دەبێتە

ئەژدیهایەکی شێوێنراو، تاشەبەردێکی ئەفسانەیی سیحر لێکراو کە گلۆر دەبێتەوە ناو خەرەندەکە، گۆڕانی بەسەردادێت و دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی پێشووی ئەژدیهایی. (مامەند) کە سایەتییەکی بوونەوەری زیندووی پێدەبەخشێ و لەگەڵیدا دەدوێ، لە جیهانێکی خەوناوی نقوم دەبێ، خەیاڵەکەی ئەوەندە سەردەکات کە لەنێوان خودی خۆی و تاشەبەردەکەدا پردێ: دروست دەکات کە سەرگەردانی خەیاڵ یەقینێکی تەواوی لا دەرەخسێنێ، کە تاشەبەردە سیحرلێکراوەکە ئەژدیها بووە و شوێنی ئەژدیهاش خەرەندە قوواڵەکەیە، بەاڵم ترسی (روخساری نیمچە سووتاو) کە لەتەك ئەژدیهایەکەدا دەیبینێ کە هەردەم راوی دەنێ و شایەتی تاوانە کاتیەکانی دەیخاتە حاڵەتی سەرسوڕمان و گومانەوە، هەربۆیە لە تاشە بەردەکە دەپرسێ:

"خۆ تۆ ڕۆحی ئەو نیت؟!"

بێدەنگی تاشەبەردەکە گومانەکەی لا زیاتر دەکات:

"دەنگە دەنگی بناری خەرەند لە داوەتی جنۆکانی دایکم دەچوو، روخساری نیمچە سووتاو، سەرچۆپی گرتبوو زۆر بە قینەوە سەیری دەکردم، قینێك لە تەوژمی پڕ لە هەڕەشەی تۆڵە بچێ..."

دەرکەوتنی روخساری نیمچە سووتاو وەك تارماییەك لە سەرەتادا رۆڵەکەی ئەوەندە بە زەقی دەرناکەوێت لە تۆڵەسەندنەوەدا، بەاڵم وەك (رووداوێکی سەرەکی) بەردەوام مەترسییەکەی پتر دەبێ، لە ئاکامدا و بەرلە کۆتایی نۆقڵێتیەکەدا ژینی (مامەند) دەکا بە دۆزەخ.

مامەند لە دیدەنی تاشەبەردە زلەکە و شۆڕبوونەوەی بۆ ناو خەرەندەکە و گۆڕانی بەردەکە و بوونی بە ئەژدیها دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هێزی سروشت، وەك نموونەی ئەسڵی لە ژیانی ڕاستەقینەدا، هەروەها کارتێکردنی خوێندەوە و گوێبیستی حەقایەتی جنۆکانی پێوەدیارە کە شێوەی چەند مۆتیڤێك بەخۆوە دەگرێ و لە ڕووی هەڵچوونی سۆز و مۆرکەکەیەوە لە شێوەی حەقایەتی میلۆدرامی کە پاڵەوانەکانی نموونەیین و ژمارەیان کەمەو، چاکترین نموونەشیان شەخسیەتێکی دەمارگرژ و ئازا و بوێر و ژیرەکە و، جیهانی جنۆکانیش جیهانێکی نموونەییە کە بەدکاران بە سزای ڕەوای خۆیان دەگەن، (مامەند) یش یەکێکە لەو پیاوە بەدڕەوشتانە، کەچی پیاوی خێرخواز و ئازا لەو جیهانەدا شادو بەختەوەرن.

هەربۆیەشە (تەبەش سووتاو) سەرچۆپی داوەتی جنۆکان دەگرێ و (مامەند) یش لەوپەڕی ترس و لەرزدایە "جانەوەر (ئەژدیها) لە دەقی کۆنی گریکیدا پێێ دەگوترێ (سوڵتانی جیهانی ژێرەوە) کە خودی مەرگە" و بوونی (مامەند) لەناو خەرەندەکەدا، شۆڕبوونەوەیە بۆ جیهانی ژێرەوە، هەرچەندە شۆڕبوونەوەیەکی تەواویش نییە کە مەرگی بە دواوەیە، بەاڵم نزیکبوونەوەیە لە لێواری مەرگ و چوونە ناو دۆزەخ، کە لە کۆتایی نۆقڵێتەکەدا (مامەند) خۆی لەناو دۆزەخەکەدا دەبینێتەوە:

"ئاگر لە هەموو ژوورەکەم دەهاتە دەرەوە، ژوورەکەم بەڕاستی ببوو بە دۆزەخ، هاوارم دەکرد، هەر هاوارم دەکرد".

بوونی ژوور بە دۆزەخ و لێدەربازبوونی جۆرە پاکبوونەوەیەکە لە تاوان و کارو ڕەفتاری نامرۆڤانە. هەرچەندە مۆتەکە لەسەر سینگی چۆکی داداوە، دەستی ناوەتە بیناقاقای و (مامەند) هاوار دەکات: "وای لەم دۆزەخە" و لە زیڕەی خاتوونی ژنی بێدار دەبێتەوە، لەو بێداربوونەوەدا هەست دەکات بەشێکی دیکەی سروشتیی مرۆڤایەتی لەدەست داوە وەك خۆی دەڵێ: "هەرچەندە سەیری خۆم کرد ئیدی فڕم بەسەر مرۆڤەوە نەمابوو، جەستەم هەمان ئەو جەستەیەی جاران نەبوو، گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە من بوومەتە گورگ و دەلوورێنم، بە چوارپەلیشەوە دەڕۆم".

جەستە مردوو، بەاڵم زیندوو، جۆرێکە لەو حاڵەتە نامۆیەی کە تێیکەوتووە و لە بازنەی ئادەمییەتی خۆی دەرچووە. ئەم جۆری نامۆییە هەر لە سەرەتاوە وەك خاسیەتێك لە (مامەند) دا بەدی دەکرێ، نووسەر بە ئاستەم سەرە داوەکەمان بەدەستەوە دەدا، کە (خاتوون) ی هاوسەری "منداڵ بوو دەمزانی دەسگیرانی هەیە، جوانکیلە بوو، وەکو منداڵ یاریم پێدەکرد... خاتوون خودان دەسگیران بوو". بەپێی بۆچوونی ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی ئەنثرۆپۆلۆژین وادەرکەوێ کە لە ئارادابوونی سیستمی ژن هێنان لە دەرەوەی بنەماڵەدا کارێکی

نائاسایی و سەیرە. هەربۆیەش، لە سەرەتای خواستنی (خاتوون) کە پێشتر دەسگیرانی هەبووە،، بەرەبەرە نیشانەکانی نامۆیی و سەیر و سەمەرە لە (مامەند) دا دەردەکەون، بەڵام دوای ریسواکردن و مەحکوومکردنی لەلایەن (تەبەش سووتاو) ەوە لێپێچانەوەی تاوانەکانی لەبەردەم خەڵکی (خاتووناوە) دا دوای ئێش و ئازارێکی زۆری کەمەری، لە خەونێکی مۆتەکەیدا "دەستەکانی لەکار دەکەون، مەرگێکی لەسەرخۆ گیانی لێدەستێنێ، مەرگێکی ئەفسانەیی". بەڵام هێشتا زیندووە، چەند بەشێکی لەشی ماوە و خوێنیان تێدا دەگەڕێ، دادو بێداد و هاوار فریای ناکەون، لەو مۆتەکەی سەرسینگی بێزارە، لە ژیانی رابردووی، جێشمشێری سەید عەلی لەسەر نیوچەوانی بۆتە گۆڕێکی گەورە.

ئەو گۆڕانکارییەی کە بەسەر (مامەند) دا دێت، لەوەدا هاتووە، کە هەر گوناە و تاوان و کارێکی ناڕەوای بوك کە (نووسەر) لەسەرەتای ئەو تەونە تێکقرژاوەی بەرجەستە کراون سێبەرەکەیان شانی خێزانەکەی دەگرێتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا هەست بە پووچەڵی ئەو زیندەخەون و مۆتەکە و فەنتازیایە دەکات. کە گۆڕانکارییەکی وای بەسەردا هاتووە، بەرجەستەکردنی ئەو شتانەیە کە رەنگە لە ژیانی رۆژانەدا رووبدات، هاوسەر و کوڕەکەی (خاتوون و مەحموود) هەست بە شەرمەزاری دەکەن، چونکە ئەو گۆڕانە فەنتازییە، سەرچاوەی ناڕەحەتی ئەوانە کە وەك شەخسێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بەو سیفەتەی شتێکی تر. بەڵام گۆڕانەکەی دوایی دەربازبوونییەتی لە کارتێکردنی شوێنەواری ئەفسانە و حەقایەتی جنۆکان و زیندە خەون و مۆتەکە و فەنتازیا، هەرچەند نووسەر "کەریم دەشتی" دەیەوێت وا لە (مامەند) بکات، کە لە رێگەی فەنتازیاوە لە واقیع رابکات و هەر لەو رێگەیەوە واقیع بکاتە خەون و ئێش و ئازاری ئەو تارماییانەی راوی دەنێن و پەنجەی ریسواکردنی و مەحکوومکردنی دەکەنە چاوی. بۆیە (مامەند) پۆزش دێنێتەوە کە کەمەری ئازارێکی زۆری هەیە، بۆئەوەی پاساوی ئەوەبداتەوە کە ئەو هەموو خەمۆکێ و ئێش و ئازارەی راستن، تا (خاتوون) ی هاوسەری بوروژێنێ بایەخی پێبدات. هەروەها نیگەرانی و نەخۆشییەکەی کە جەکیمی دەهێننەسەر بۆ چارەسەرکردنی، کە هەست دەکات نێوچەوانی بە زەبری (شمشێری سەید عەلی) بۆتە خەرەند، بەزۆری لەجیاتی ترسە لە کوشتن، بەو پێیەی کە هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی شێوەیەکی سووکتر لە سزای کوشتن، کە سزای گونجاوە بەرانبەر تاوانی دەستدرێژکردنە سەر ئابڕووی کچ و ژنی گوندی (خاتووناوە).

گەڕانەوە بۆ باوەشی واقیع لەپای چی؟

بەلای منەوە، دوای ئەوەی کە (مامەند) نرخ و بەهای ژیانی واقیعی بۆ دەردەکەوێ کە لە حاڵەتە دەروونییەکەیدا دووفاقی کەسایەتییەکەی دەردەکەوێ و، بە واقیعییانە بە رووداوەکانی رابردوویدا دەبەستێتەوە، ئەو خوێن گەرمییەی نامێنێ کە بەدوای جیهانی خەون ئامێزدا رابکات، خەم و پەژارە دایدەگرێ، جوانی و قەشەنگی ژیانی لەدەست دەچی و راستییە دڵکێشەکان رووت دەبنەوە. بەڵام دەبێ دان بە واقیعێکدا بنێین کە "هونەرمەند لە جەوهەردا کەسێکە لە واقیعدا دەکشێتەوە، چونکە ناتوانێ خۆی وا لێڕابێنێ، کە پێویستە لە تێڕکردنی ئەو غەریزەیە وازبێنێ کە وەك هەر شتێکی دی خوازیاریەتی دەرگا لەبەردەم ئارەزووە سێکسییە تامەزرۆیەکانی لە ژیانی فەنتازیادا بکرێتەوە، کە سوود لە بەهرە تایبەتیەکانی خۆی وەردەگرێ بۆئەوەی بۆچوونە فەنتازیەکانی بخاتە قاڵبێکی راستیەکان کە تەرزێکی (نوێ) بەخۆوە دەگرن و مایەی رێزلێنانی خەڵکن، بەو سیفەتەی تیشکدانەوەی بە هاواری واقیعن، بەم شێوە هونەرمەند لە راستیدا دەبێتە پاڵەوان بە رێگەیەکی دیاریکراودا" (۷) و "فەنتازیاش لە هونەر، لە واقیعدا جیادەکرێتەوە و، حەقیقەتی فەناتازیا لە ژیانی زەینیدا، خەڵك قەناعەت پێدەکات کە وای سەیر کەن تیشکدانەوەی ژیانی واقیعیە" (۸)

لایەنی هونەرگاریی (گەمتیار)

چیرۆکەکە بە هەر (۱۰) دیمەنەکانییەوە مۆرکی چەند وێنەیەکی درامیەك لە دوایەك بەخۆوە دەگرێ، رۆنانی ساختمانەکەی لە خاڵی سەرەتاوە بە هەڵکشان دەست پێدەکات و بەشێوەیەکی دینامیکی زنجیرەی رووداوەکان لە کۆتاییدا دەگاتە لوتکەی گرژی.

دیمەن و رووداوەکان توندوتۆڵ بە یەکتر بەستراونەتەوە، شتە ترسناکەکان بەپێی ئارەزووی نووسەر رێکخراون، هەرچەندە جاروبار لە هەندێ دیمەندا چەند رووداوێك دووپات دەبنەوە، یەکێك لەو رووداوانە کە (مامەند) لە دەمی باوکییەوە دەیگێڕێتەوە پەیوەندی بەو مارەوە هەیە کە بەسەری کچۆڵەیەکییەوە دابوو پەیوەندی بە تەداعیەکانی نۆڤلێتەکەوە نییە، بەڵای منەوە شتێکی زیادە.

کە نۆڤلێتەکە لە باوەشی خەوندا لەدایکبووە، بە رای (فرۆید) خەون شیکردنەوەی دەروونی نیشان دەدات" [11]، کە کاری هونەریی داهێنەرانە لە زیندەخەونەوە هەڵدەقوڵێ. پێشینان دوو جۆرە خەونیان لێکجیاکردۆتەوە، یەکەمیان خەونبینینە (الرؤیا) کەیە، کە خەونی راستگۆیە. دووەمیان خەونی درۆزنە، کە ئەم جۆرە بینینەی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە کە خەونی تێکەڵ و پێکەڵە" [9]

خەونەکانی (دەشتی) بە زیندەخەون و مۆتەکە و فەنتازیا و نێوان خەوتن و بێداربیەوە، پرۆسەیەکی خوڵقێنەر پێکدێنن، کە وەك رەگەزێکی نوێ و پێویست، وزەیەکی زیندەکاری و دینامیکی پێ دەبەخشن کە کارێکی داهێنەرانە ئەنجام بدات، هەڵبەت ئەو جۆرە وزە کاریگەرە لە حاڵەتی بێداریدا بۆ داهێنەر لە ئارادا نییەو، ئەو دەورەشی نابێ، سەرچاوەی بنەڕەتیش لەو کارە ئەدەبییەی نۆڤلێتی (کەمتیار) نەستە، کە بزوێنی خەون و خەیاڵ و فەنتازیاو، زیندەخەونە کە دەکەونە ژێر کارتێکردنی سیحری خەون بەگشتی، کە نووسەر بە ئازادی خەون دەبینێ و سانسۆری لەسەر نییە، بەمەوە ئەوپەڕی ئازادی بۆ دەڕەخسێ کە بە ئاگایە و لە واقیعدا هاوتای ئەو ئازادییە بەدی ناکات.

نووسەری راستەقینە باڵی خەیاڵ و فەنتازیای لێدەڕوێ، خەون دەبینێ و بێداریشە، کۆنترۆڵی ئەو بابەتە دەکات کە دەیەوێت بینووسێ، کەواتە لێرەوە مافی خۆمانە ئەگەر بڵێین: "کەریم دەشتی" شاعیر و چیرۆکنووس، نهێنی ئەم داهێنانەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە توانیویەتی خەون ببینێ، نەك تەنیا کە خەوتووە، بەڵکوو کە بێداریشە.

لە ڕووی تەکنیکی چیرۆکەکەوە پاڵەوانەکە (مامەند) کەسایەتیی یەکەمە، لە دیمەنێك نەبێت دەبێتە شەخسی دووەم، جگە لە بەکارهێنانی هەندێ هونەری سینەمایی، بەڵای منەوە سوودێکی باشی لەو هونەرە وەرگرتووە، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکەکەدا بەرەو کۆتاییەکەی بە لەقتەیەکی خێرا لە ڕێگەی تروسکە ڕووناکییەك خستنە سەر (ڕوخساری نیمچە سووتاو) کەئەو کەسە سەرەتا وەك تارماییەك دەردەکەوێ، بەڵام لەکۆتایدا دەبێتە ڕووداوێکی سەرەکی و پانتایی چیرۆکەکە دەگرێتەوە و فاکتەری یاریدەدەری کۆتایی خەونەکان دەرەخسێنێ.

چیرۆکنووس زیرەکانە تەوژمی هۆشی لە چەند شوێنێکدا بەکارهێناوە کە عەفەویەتیان پێوەدیارە.

لە ڕووی زمانەوە، بە زمانێکی سفت و سۆڵ و شاعیرانەی ڕۆمانسیانە تان و پۆی تەونی نۆڤلێتەکەی چنیوە، لە بواری ڕوونبێژیدا گرەوی خۆی بردۆتەوە کە کاکڵی ئەدەبی باڵایە، دەکرێ چەند نموونەیێك بهێنینەوە لەوانە: "هەواره بڵندەکانی کێڵەشین و کانی ساردوو لوتکەی کرمە سوران لورە لوریان دەهات، خڕبوونەوەی ئەسپەشێ و بەڵەکی گردۆڵکەکان" ، "مێگەڵی گوناهەکانی بۆ هەوێزی گوند دەهێنێ" ، "شەوێکی سەخت و چاوشکێن پەیامی کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ من رادەگەیاند"، "دەنگی بناری خەرەند لە داوەتی جنۆکانی دایکم دەچوو"، "تایەکی ئەفسانەیی هەموو جەستەی داگرتبووم"، "خاتوون فرمێسکی هۆن هۆن هەڵدەڕشت و دەبوون بە پەنگەستێرە"، "مەمکەکانی دەتگوت دوو کەرۆشکی سرك بوو، نەدەهاتنە بەردەستت"، "سێبەرەکان تادەهات لەجێلەقەی تەنگەی من دا ئاپوورەیان دەدام"، "ئەو مەمکانەی جارانی منداڵی کە تازە دەتگوت هەنارن و گوڵیان دەرکردبوو"، "سێبەرەکان لە دوا قۆمی تۆڵەدا"، " کەمتیاری وێژدان"، "تیشکە زەرکەفتەکانی خۆر"، "قیژەی شاخدار"، "ڕابردوو لە قافی هەڵدەکێشام"، "زانیم لە تۆڕی مرۆڤی خۆما نەماوم" و چەندین بڕگەی تر کە لە ڕووی ڕوونبێژییەوە وێکچوون و خواستنەوە و درکەن.

چەند بۆچوونێك و هەندێك تێبینی
لە پەراوێزی "کەمتیار" دا

- بەکارهێنانی ئەو ناوانەی کە دەلالەت لە زەمانی کۆن دەکەن (مامەند) مەحموود،

خاتوون، حەمەشین، حمدیە، حەلیم، خەتمۆ" و لە حەقایەتی میللی و ئەفسانەییدا بەزۆری ناوی (مەحموود) وەك پالەوانێکی چیرۆکی ئەفسانەیی تەلەسم شکێن دەهێنرێ، چیرۆکنووسیش هەر بەم شێوە تەوزیفی کردووە.

- دووپاتبوونەوەی مۆتەکە چەند جارێك سەبارەت بە (مامەند) ەوە لەوەوە هاتووە کە هەست بە ترس و نیگەرانییەکی توند دەکات، کە رەنگە مەترسی لەسەر ژیانیخۆی، یا خێزانەکەی هەبێ، لە هەردوو حالەتدا هەستکردنی بە ئاگاهاتنەوە - بێداربوونەوەی ویژدان (صحوة الضمیر) و سەرزەنشتکردنی خۆی تا رادەی دان پیانان کە تاوانبارە و هەمیشە ترسی کوشتنی بەدواوەیە، هەروەها گومانکردن لە (تەبەش سووتاو) کە بەرانبەر تاوانەکانی مامەند ئەویش تۆڵەی لە (خاتوون) کردبێتەوە، لە هەموو حالەتەکایشندا دەنگێك وەئاگای دێنێ: "حالەتی تووشبوونی مۆتەکە - مێردەزمە - - - هەردەم دەربڕی مل ملانێکی عەقڵانی ناوەوەیە کە جەخت لەسەر شێوەیەك لە شێوەکانی ئارەزووی خەفەکراوی سێکس دەکات، کە لە واقیعدا خەفەکراون" (١٠)

- شتە لە ئاسابەدەرەکان شوێنێکی دیاریان لە هەقایەتی جنۆکان هەیە، کە دەربارەی پالەوانێکن و کەسی ترناو بە دەگمەن لەم ڕێسایە دەردەچێ.

- ئەو ئاماژەکردنەی پالەوانی "کەمتیار" بۆ چیرۆکی جنۆکان لە چەند هەڵەشە و سەرەڕۆییك پێکدێن. یا چەند مۆتیفێکی پرش و بڵاو کە لە ڕەوتێکی دیاردا دەردەکەون.

- "کەریم دەشتی" سوودی لە جۆری دروستکردنی خانووی کۆنی لادێ و ژووری خەوتن وەرگرتووە کە دوون لە مەرجەکانی تەندروستی هەوا گۆڕین، هەربۆیە لەو جۆرە ژوورانەی کە تاریك و تەنگەنەفەسن مرۆڤ تووشی مۆتەکە دەبێ و قوڕگی دەگیرێ و سەرسینگی قورس دەبێ و خەونی سەیر سەیر دەبینێ.

- مۆتیفی گەشتی چاوپێکەوتن و سەرەڕۆیی، عەودالبوونی پالەوانەکەیە لە شتی ڕووت و مەعنەوی وەك بەختەوەری یا خۆشەویستی، یا جاری وا هەیە شتێکی مادی بەرچاو، وەك ژنێکی نمونەیی، ئەسپێکی ڕەسەن، مەلێکی جوان، ئاوی ژیان ... هتد کە (مامەند) لەناو هەموو خەڵکی گوندی (خاتوونەوە) دا گەنجێنەیەك لە ئەسپێکی ڕەسەنی خۆشی بەر، ئەسپەشێ دەدۆزێتەوە، هەستێکی هەرزەکاری دەیوروژێنێ کە لەزەت لەو گەنجینە دەبینێ، کە ئەو ئەسپەشێیە کە دەستی کەوتووە بەو بۆنەیەوە دەڵێ: "دەستم لە خەزێنەی قاروون گیربووە"، نووسەر لەو دیمەنەدا سوودی لە گۆڕبیستی گەشت و سەفەرکردن بۆ وڵاتی سندوسێ وەرگرتووە و، لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کە دەڵێ:

هاتووە لەلای سندوسێ
مەمکی سێوی عرووسێ

- زیندە خەون لای پالەوانی نۆڤلێتەکە (مامەند) چەند بابەتێکی خێزانی و کۆمەلایەتی بەخۆوە گرتووە، گرنگترینیان مەسەلەی سێکسە کە ڕاستەوخۆ مومارەسەی دەکات، بەڵای (فرۆید)ەوە زیندەخەون ئارەزووی دەسەڵات سەندنە، جگە لەوەی کە سروشتێکی شەهوانیشە، بۆ ڕازیکردنی خواستە، یا ڕازیکردنی ئارەزووە سێکسییەکانە. (١١)

- چیرۆکنووس لە شێواندنی مرۆڤ بۆ گیانلەبەر - گورگ - دوایی گەڕانەوەی بۆ حالەتی یەکەمی کە مرۆڤە سوودی لە چیرۆکی ئەپولیۆس وەرگرتوە.

- پالەوانی نۆڤلێتەکە چەند جارێك دەیەوێت خۆ تۆڕداتە ناو خەرەندەکە، وەك سروتێکی خۆ پاککردنەوە، بۆئەوەی وێنەی مرۆییە ڕاستەقینەکەی خۆی بگێڕێتەوە دۆخی جارانی دوای ئەو هەموو ئەزموونە شیرین و تفت و تاڵانەی تێرکردنی حەز و ئارەزوە شەیتانیەکانی و ئەنجامدانی چەندین تاوانی بەدڕەوشتانە و بکوژانە.

- وێنەکێشانی تارمایی و سروش لێوەرگرتن بە هەست و هزرەوە، وەك چەند بیرۆکەیەکی خەیاڵی کە (مامەند) لە حالەتی زیندەخەون دایە، وێنەکێشانی ئەو ژیانەیە کە خاڵی نییە لە ئەشکەنجە و کلۆڵی و نوشوستی و تێشکان، لە

ره‌وتی چیرۆکه‌که‌دا، نووسه‌ر ویستوویه‌تی ئه‌و شتانه به‌و گوناه و تاوانانه‌ببه‌ستێته‌وه که خۆی به زنجیره پیاده‌ی کردوون، له‌وه‌وه هاتووه که ئه‌م حاڵه‌ته ده‌رچوونه له داب و نه‌ریتی کۆمه‌ڵایه‌تی و دژ به کارو ره‌فتاری باو و ئاسایین، ره‌فتارکار هه‌ر ده‌بێ له ئاکامدا به سزای‌خۆی بگات، هه‌رچه‌نده به خه‌یاڵیش ئه‌فسانه‌ی خۆشه‌ویستی و مومارەسه‌ی سێکس و، ئه‌شکه‌نجه و ئامۆژگاری ره‌خساندووه، که سه‌رجه‌می ئه‌و کارانه به‌روبرومی ئه‌زموون و هه‌ڵوێستی مرۆڤی سه‌رەتاییه، به‌ڵام (ده‌شتی) ویستوویه‌تی روانینی نوێیان لێ هه‌ڵێنجێ، بۆئه‌وه‌ی شتێکی نوێ بخاته به‌رده‌م خوێنه‌ر، که مرۆڤ هه‌رچه‌نده بیه‌وێت به خه‌ون و خه‌یاڵ له واقیع دوورکه‌وێته‌وه، هه‌ر ده‌بێ بگه‌ڕێته‌وه باوه‌شی ئه‌و واقیعه‌ی تێیدا ده‌ژی، هه‌روه‌ك گوتراوه:

"هه‌رچه‌نده خه‌یاڵ دوورکه‌وێته‌وه، له چوارچێوه‌ی واقیعدا ده‌رناچێ"

هه‌ر له‌م روانگه‌یه‌وه کۆتایی وه‌همی فه‌نتازیا له‌سه‌و زمانی (مامه‌ند)ه‌وه به چیرۆکه‌که دێنێ که ده‌ڵێ: "ده‌ستێکی گه‌وره چاوه‌کانیان داده‌خستم و منیان دایه ده‌ست مه‌رگێکی یه‌کجاری و دنیا ته‌واو تاریك هه‌ڵگه‌ڕا، له‌گه‌ڵ پێوه‌دانی ده‌رگادا هێور بوومه‌وه، ده‌نگی بروسك و هه‌وره تریشقه کۆتایی هات، خاتوون و منداڵه‌کان که‌وتبوونه خه‌وێکی قووڵ، ئه‌و باره قورسه‌ی سی ساڵ ویژدانمی ده‌سمی نه‌ماو له‌ته‌ك خاتوونی مه‌لدا که‌تمه خه‌وێکی قووڵ و شیرین"

به‌م شێوه جارێکی تر دوای مه‌رگێکی مۆته‌که‌یی، (مامه‌ند) له‌دایك ده‌بێته‌وه و ده‌گه‌ڕێته‌وه باوه‌شی ژیانێکی بێگه‌ردوو پاکیزه، ناومالّ و منداڵی، دوور له نیگه‌رانی و ناڕه‌حه‌تی و ترس و له‌رز و ناوزڕان و تلانه‌وه به‌ده‌م ئازارو ئه‌شکه‌نجه‌ی تاوانی نامرۆڤانه‌وه. به‌ڵام نووسه‌ر (که‌ریم ده‌شتی) له ڕێگه‌ی خه‌ونه‌کانه‌وه کارێکی داهێنه‌رانه‌مان پێشکه‌ش ده‌کات. که بابه‌تێکی نوێیه‌و، جێی خۆیه‌تی که لێکۆڵینه‌وه‌ی ورد و قووڵی له‌سه‌ر بکرێت.

هیوادرم توانیبێتم تاڕاده‌یه‌ك مافی شیاوم به‌م شاکاره ئه‌ده‌بییه دابێ که به هێمنی له ده‌رگاکه‌یم داو، به ئه‌سپایی چوومه ژووره‌وه، دوای وردبوونه‌وه و قووڵبوونه‌وه‌ی دیوی ده‌ره‌وه و ناوه‌وه‌ی لێی ده‌رچووم و توانیم شتێکی لێهه‌ڵگرێنم که هیوادرم جێی ره‌زامه‌ندی ئێوه‌ی به‌ڕێز بێت. (*)

هه‌ولێر: ١٩٩٩/١٠/١٤

سه‌رچاوه‌کان:

(١) النقد الادبي الحديث – الدكتور محمد غنيمي هلال. دار العودة ١٩٨٧ ل ٤٩٧.

(٢) الأساطير – د. احمد كمال زكي – مكتبة الشباب. القاهرة ١٩٧٥ ل ١١٧.

(٣) الاسطورة والرمز – مجموعة من النقاد – ترجمة جبرا ابراهيم جبرا – منشورات وزارة اللاعلام – بغداد ١٩٧٣ ل ٢٢٤.

(٤) الكتاب التاسع من الاوديسة.

(٥) ذهنية التحريم – صادق جلال العظم – دار المدى للثقافة والنشر ط٣ ١٩٩٧ ل٢٨٣.

(٦) مختصر محاضرات حول نظرية الرواية – د. سهير القلماوي ل ٢١.

(٧) ، (٨) أدب الفنتازيا – مدخل الى الواقع – ت . ي اپتر – ترجمة صبار سعدون السعدون – دار المأمون للترجمة والنشر – بغداد ١٩٨٩ ل ٢٣٣.

(٩) ابواب العقل الموصدة – باب النوم و باب الأحلام – الدكتور علي كمال – دار الجيل – بيروت – الدار العربية – عمان ١٩٨٩ ل ٥٣٢.

(١٠) سه‌رچاوه‌ی پێشوو لـ ٥٣٢.

(١١) سه‌رچاوه‌ی پێشوو لـ ٥٠٠.

(*) "که‌متیار" نۆڤلێت

نووسینی: که‌ریم ده‌شتی.

چاپی دووه‌م – ئۆفسێت: چاپخانه‌ی داناز – سلێمانی شه‌قامی سالم. له بڵاوکراوه‌کانی بنکه‌ی ئه‌ده‌بی و ڕووناکبیری گه‌لاوێژه.

علمانیەت چەمك و پراكتیك

نوسینی/ توانا عثمان

– به هیچ شێوەیەك قسەكانتم قبوڵ نییە.. بەڵام تاوەكو مردن داكۆكی لە مافی قسەكردنت دەكەم.

(ڤۆلتیر)

... رەنگە پێویست بكا كە سەرنجتان بۆئەوە رابكێشم كە سەرەتا بیرۆكەی نوسینی ئەم لێكۆڵینەوەیە بیرۆكەیەكی دامەزراوەی خۆی بوو بۆ وێنەگرتنی وردەكارییەكانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی (علمانیەت) ڕ وەك چەمك ڕ وەك پراكتیك لە مێژووی ژیاری خۆرئاوادا. بەڵام باڵوبونەوەی ئەو گفتوگۆ درێژەی كاك (ڕێبین هەردی) لەگەڵ برای ڕۆشنبیر كاك (مەریوان قانع) و لە ژمارە (٢١) ی گۆڤاری ئێستادا سازیدابوو وە تێیدا كاك (مەریوان) كۆمەڵێك بۆچونی تایبەتمەندی دەربارەی (علمانیەت) پێشكەش كردبوو، ئەم بیرۆكەیەی لێتێك دام، دواتر هەوڵم دا لێكۆڵینەوەكەم لە ئاستێكی دامەزراوەیی – وەسفییەوە ببەمە ئاستێكی ڕەخنەیی – بەراوردا كاریەوە هەم بۆئەوەی هەلومەرجە مێژوویەكانی سەرهەڵدانی علمانیەت بە لوجیكی (سرد) یانە بەسەرنەكەمەوە، هەم بۆئەوەی بكەومە ناو ڕووبەڕوییەكی تیوریەوە لەگەڵ ئترۆحەكانی كاك مەریواندا، تاوەكو لە ڕێگەی توێژینەوەی پێچەوانەییە بۆچونەكانی خۆم بسەلمێنم.

هەڵبەت، پشت بەستن بە ئترۆحەیەكی مەركەزی مامۆستاكەی لە زانكۆی (ئەمستردام) مەریوان وریا كۆمەڵێك بۆچونی هەستیار سەبارەت بە علمانیەت دەدركێنێت كە خولاصەكەی پێك هاتووە لەوەی (علمانیەت بریتی نییە لە جیاكردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، بەڵكو سەندنەوەیەتی لە دەوڵەت پاشان بەخشینەوەیەتی بە كۆمەڵگە، بەوپێیەش كۆمەڵگە دواتر دەتوانێت بیكاتەوەبەری دەوڵەت، چونكە ئاین لە خۆرئاوادا هەرگیز لە دەوڵەت جیانەكراوەتەوە، تەنانەت ئەم بۆچونە دروست كراوی دیدێكی ئیتنشراقییە كە مەبەستێتی شوناسێكی دیاریكراو بداتە خۆرئاوا).

دیارە بە حوكمی گرنگی ئترۆحەكەو تایبەتمەندیە **تیوریەكەی لەلایەك** وە پەیوەندی چەمكی علمانیەت بە پراكتیكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری كوردیەوە لە هەنوكەدا لەلایەكی دیكە، جگە لە بە گرنگ وەرگرتنی دەنگی ڕۆشنبیری كاك (مەریوان) لە نێوەندی ڕۆشنبیری كوردیدا، ناچاردەبین بە دواداچون و لێكۆڵینەوەی ڕەخنەی لەمبارەیەوە بكەین و نەهێڵین ئەم دیدگا وروژێنەرە لەناو ڕەفە ساردەوەبوەكانی ڕۆشنبیری كوردیدا هێمن بكرێتەوە. ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

١) لەبەرئەوەی ئەم بۆچونە فرسەتێكی گونجاوە بۆ هێنانە قسەی ڕۆشنبیری كوردی لەسەر یەكێك لە گرنگترین چەمكە تیوریەكانی دونیای هاوچەرخ كە (علمانیەت) ە. واتە دەروازەیەكی لە بارە لەسەر هەوڵدانی ئەم ڕۆشنبیریە بۆ تیوریزەكردنی چەمكەكان بە لوجیك و جەبریەتە تایبەتیەكانی. لەكاتێكدا كە علمانیەت وەك زۆربەی چەمكەكانی دیكە قورساییەكی فەرهەنگی ئەوتۆی

نیـیـه لـه رۆشـنبیری کوردیـدا و لەسـەر ئـەم رۆشـنبیریەش پێویستە کە بتوانێـت بـە نوسـین و ئەرشیفکردن گـەمارۆی بدات تـاوەکو ئەزیـەتێکی تیوری و فەرهەنگی بۆ دابین بکات. واتـە خولقاندنی فەزایەکی تیوری بۆئـەو چەمکانـەی کە رۆشنبیری و دەسەلاتی کوردی دەخوازێت بە کـەمترین قوربانی و بـە ئیرادەیـەکی سیاسـی پـەتی پراکتـیزەی بکـات (هەڵبەت ئەگەر باوەڕی پێهەبێت). پراکتـیزەکردنێك کـە هیـچ سـەنەدێکی تیـوری نیـیـە تـاوەکو لێـوەی سیاغە و زاخاو بکرێتـەوە و شـەرعیەتی بـۆ دابـین بکرێت دیارە گواستنەوەی مۆدێل گەرایی هەر چـەمك و سیستەمێك لـە واقعێکـی جیـاوازەوە بـۆ واقعێکـی دیکە خۆش نەکردنی زەمینەی فکری لەبار بـۆ سـەوز هێشتنەوەی ئـەو نەمامـە گواسـتراوەیە، بـەردەوام هەڵگری کێشەیەکی دوالیزمەییە، لەلایـەك مـادام ئـەم چەمکـە یـاخود سیستەمە بـە ئیرادەیـەکی سیاسـی رووت سەپێنراوە هەرگیز ناتوانێت هاوڕێکیەکی قوڵ لە ئاستی دەستەڵات و کۆمەڵگە دروسـت بکـات واتـە مادام پێشتر تـەدوین نـەکراوە و سـەنەدی فکـری بـۆ فەراهەم نەکراوە رەنگە لەگەڵ ئاوابوونی ئـەو نوخبـە حاکمـەی هـەڵگری بـوون، چـەمك و سیسـتەمەکانیش ئـاوابن، چونکـە دواجـار سـەرجەمی ئـەم چـەمك و سیسـتەم و دیاردانـە بـەدرکاندیان لـە رێگـەی ئیرادەیـەکی سیاسـیەوە نایەنـەدی بـەڵکو تێکـڕای دەرئـەنجامی بەرزبونەوەیـەکی پلـەیی هۆشـیاری کۆمەڵایەتی بۆ ئاستێکی دامەزراوەیی رێکخراو.

بێگومـان مـادام نیـەتی هـەموو سیسـتەمێکی دەسـتەڵات دواجـار بریتیـیـە لـە دروسـت کردنـی هاوسەنگی و هاوڕێکیەك لەگەڵ پانتایی حوکم کـراودا (واتـە کۆمەڵگـە)، هەربۆیەشـە لـێرەوە دەسـتەڵات ناچـاردەبێت بـە کردارێکـی قەیسـەریانە هاوسەنگیەکی ناتەندروست لە منداڵانـی کۆمەڵگـەدا دەربـهێنێت کـە ئەمـەش جەوهـەری سیسـتەمی دیکتاتۆریەتـە. لەلایـەکی دیکەشـەو دواتـر دەرئەنجامەکانی فاکتەری یەکەم بـەهاو دیمـەنی ئـەم چـەمك و سیسـتەمانە دەشـوێنێنێت و گوزەرێکـی گەورە لە هەیکەلی تیوری و پراکتیکیـیان لەیـەککاتدا دەدات.

٢) هۆیـەکی دیکـە ناچارمـان دەکـات بـەدواداچونی پشکنەرانە و لێکۆڵینـەوەی رەخنـەیی لەمبارەیـەوە بکـەین ئەوەیـە کـە ئەگـەرچی ئـەو راڤەکردنەی (مەریوان) بۆ چەمکی علمانیەتی قبوڵە، هەڵگری هەقیقـەتێکی رێژەیـی خۆیـەتی و بۆچونێکـە لـەو دەیـان بۆچونـەی خۆرئـاوا بـۆ پێداچونـەوەی رەخنـەی خـۆی ئـەنجامی دەدات، کـە دیـارە لـە بنەڕەتدا ئەم بۆچونـە پـەیوەندی بـە تەبیعـەتی ئـەو گفتوگۆیانەوە هەیە کە لە نێوەندە تایبەتیـەکاندا بۆ دەستنیشـان کردنـی خەسڵەتی کارکردنی پـڕۆژەی خۆرهەڵاتناسـیەوە هەیـە لـە دەرەوەی خۆرئـاوادا. بەهـەرحاڵ، بـەڵام خەتـەری ئـەم بۆچونـە بـۆ ئێمـە لەوسـاتەوەختەوە دەسـت پێدەکـات کـە لـە رەهایەتیەکی گشتگیردا ئـەم چەمکـە گـەمارۆدەدات، بەشـێوەیەك کـە لـە مەودایـەکی دوورداا قبـوڵ ناکـات (علمانیـەت) وەك وەڵامدانەوەیـەکی مێـژووی و دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی تەماشـابکرێت، هەڵبـەت مەبەستمە بڵێم جیانەکردنـەوەی پێشینەیی چـەمکی ئاین لە خۆرئاوادا بە بەراورد بە چـەمکی ئـاین لـەلای خۆمـان جگـە لـە دەسـتنیشـان نـەکردنی وەزیفـەی مێـژوی ئـەم دیاردەیـە لـە هەلومـەرجی سـەرەتایی خۆرئـاوادا هـەروەها بەدیارینـەکردنی چاووگـەکانی شەرعیەت ی دەوڵەت و کۆمەڵگە و خەسڵەتەکانی لـە خۆرئاوادا لەلایەکی تردەوە، لەتوانایدایە بەدحاڵیبوون و بەد بەکارهێنانێکی وەها بـۆ چـەمکی (علمانیـەت) دروست بکات کە پتر لە خزمەت هێزە کۆنخوازەکانی کۆمەڵگەیەکدایە کە لە هەموو کات پـتر پێویستی بـە بنیادنانی علمانیەتێکی بیلایەنی راستەقینە هەیە.

لەمیانـەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا هـەوڵ دەدەیـن پیداچونەوەیەکی خـێرا بـەو مێـژووەدا بکەینـەوە کـە تێیـدا دەسـتەڵات شـکڵێکی پـیرۆز وەردەگرێـت لـە شارسـتانیەتی مەسـیحی خۆرئـاوادا، دۆخێـك کـە ناچـاردەبێت بـۆ تێپـەڕاندنی قەیرانـەکانی خـۆی سیستەمی علمانیەت بۆ دابڕاندنی ئایین لـە دەوڵـەت پێك بهێنێت، پاشـان بـەکورتی جومگـەکانی ئـەو قۆناغە بەسەر بکەینەوە کە سەدەکانی ناوەڕاست لـە چـەرخی تـازە جـودا دەکاتـەوە، دواتریـش بـۆ دەستنیشـان کردنـی مەدلولیـەتی چـەمکی ئـاین، بەراوردکاریـەك لـەنێوان ماناکانی چـەمکی ئـاین لـە سـەدەکانی ناوەڕاست و چـەرخی تـازەدا دەکـەین، جگـە لـە هەڵوێسـتەیەکی بەپـەلـە لەسـەر چـەمکی علمانیەت و پەیوەندیە گۆڕاوەکانی.

دواجار هەموو ئەمانە لەپێناوی سەلماندنی دژە ئتروحەیەکدا کە خولاسەکەی بریتی بێت لە رستەیەکی کلاسیکی بەڵام بە مانایەکی نوێترەوە ئەویش ئەوەیە کە (علمانیەت بریتییە لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت)...

سەرەتاکانی بە پیرۆزبوونی دەستەڵات

... بۆ باس کردنی سەرەتاکانی تێوەگلانی دەستەڵاتی ئاینی بەدەستەڵاتی سیاسی (دەوڵەت) لە مێژوودا ناچارین هەر لەسنوری شارستانیەتی خۆرئاوا خۆیدا بمێنینەوە، بەو پێیەی بۆ یەکەمین جار لەم شارستانیەتەو بەدیاریکراویش لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی زایینیدا تۆبەرەی ئەو تێکەڵیە دامەزراوەییە سەریهەڵدا کە لەنێوان دەستەڵاتی ئاینی و دەستەڵاتی بەرێوەبەرایەتی سیاسیدا رووید‌ا. مەبەستمان لەو تێکەڵیە دامەزراوەییە ئەو خاسیەتەیە کە پەیوەست بوو بە رۆچوونی ئاینێکی ئاسمانی پتەوی وەک مەسیحیەت بەناو دەوڵەتێکی بەهێزی وەک ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا. چونکە ئەو تێکەڵیەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین بارگاوی بوونی دەستەڵاتی سیاسی نیە بەئایدیای ئاینی. لە ساتەوەختێکی دیاریکراوی مێژووی کۆمەڵگەیەکدا، چونکە بە درێژایی مێژووی کلاسیک هیچ دەوڵەتێک یان کۆمەڵگەیەک نیە بەبێ بوونی سیستەمێکی بەهایی کە شەرعیەتی پێ ببەخشێت.[1] بەڵگو ئەوەی ئێمە دەمانەوێت پەیوەندی ئەزموونی دەوڵەتێکی توندو تۆڵە هاوزەمان لەگەڵ ئاینێکی سەرتاپاگیری سەنتەریزم دا، مەبەستمان لەمەش پتر ئەزموونی ئاینە ئاسمانیە یەکتاپەرستەکانە وەک یەهوودیەت، مەسیحیەت، ئیسلام. دیارە لەم دەستنیشان کردنەشدا دەمانەوێت ئەو جیاوازیە تۆخ بکەینەوە کە لەنێوان سیستەمی فکری ئاینی زەمینی ئاینی ئاسمانیدا هەیە، بێگومان بەدرێژایی مێژووی شارستانیەتی چینی و هندی تێکەڵیەکی ئایدیای لەنێوان دەستەڵاتی زەمەنی بەرجەستەبوو لە ئمپراتۆریەتەکانو ئاینەکانی کونفور شیوس‌و بوذیدا هەبووە، بەڵام تێکەڵیەکی دامەزراوەیی نەبوە بەوپێی کە سیستەمی ناوەکی ئایینەکانی کونفوشیوسی و بوزی خاوەنی مەرجەعیەتێکی یەکتاپەرست نەبوە بەماناباوەکەی، تەنانەت خودی کونفوشیس و بوزا خۆیان بە نێردراوی خودا نەزانیوە و هێندەی بانگەشەیان بۆ پرۆگرامێکی بەڕێوەبردنی چاك خوازانە کردوە ئەوەندە بانگەشەیان بۆ ئاینێکی دیاریکراو نەکردووە، هەربۆیە هەرگیز لەسەر ئاینە ئاسمانیەکان حساب نەبوون[2]. ئەمە جگە لەڵاڵەنەبوونی ئامۆژگاریەکانیان لە سیاقی تێکستدا، بەم پێیەش مادام لە هەیکەڵی ناوەکی ئاینەکەدا سیستەمێکی ستونی نەبوە بۆ بڵندکردنەوەی پرۆسەی ئیمان لە زەمینەوە بۆ ئاسمان و لە فۆرمێکی یەککرتوی هەرەمگیردا وەك ئەوەی لە نمونەی ئیسلامو مەسیحیەتدا هەیە، بەو پێیەش نەبووەتە سەنەدێك تاوەکو دەستەڵاتی سیاسی لە ساتێك لە ساتەکاندا ئەزموونێکی ستونی سەنتەرزیمی لەسەر بنیاد بنێت.

بەتایبەت کە بەردەوام دەوڵەتی سەنتەریزم پێویستی بە بونیادێکی کلتوری سەنترالّ هەیەکە تێیدا مەنزومەیەکی فکری دیاریکراو (ئاینێکی پەکتاپەرست) خاوەنی دیدێکی ستونی و هەڵگری هەقیقەتێکی تاك و تەنها بێت[3].

لەمەش زیاتر ئاینە ئاسمانیەکان وەرچەرخانێکی گەورەیان لە کاروانی فکری ئاینیدا دروست کرد وەختێك چەمکێکی تری جەماعەیان خولّقاند کەلەسەر پەیوەندی ئیمان دامەزرابوو. چونکە ئەگەرچی ئیمان ئەزموونێکی گیانی تایبەتە بەڵام سەرچاوەی دەمارگیریەکی کۆمەڵایەتی بوو کە بەهۆیەوە ئاین چوە فۆرمێکی تازەوە کە زەمانەتی خولّقاندنی جۆرێك لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پی بکات[4]. هەربۆیە دواجار ئەو ئەزموونەی وەك سەرەتای کێشەی علمانیەت دەبێت تەماشای بکەین خودی ئەزموونی مەسیحیەتی خۆرئاوایە، ئەزموونێك کە هەروەك چۆن بە پێشینەترین تێکەڵی دامەزراوەیی ئاین و دەوڵەت حسابە ئاوەهاش سەرەتا بە پێشینەترین دژایەتی دامەزراوەیی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و لایەنگرانی ئاینی مەسیحیەت دەست پێدەکات.

دیارە مەسیحیەت هاتە ناو جیهانی هلنستی – لاتینیەوە و لەناوچەکانی باکوری ناوەڕاستدا زۆر بە فراوانی دەستی دایە چالاکی رۆحی، سەرەڕای ئەو چەوساندنەوە زۆرەی سەرەتا لەگەڵ لایەنگر و هاوەڵەکانیدا پیادەکرا، بەدرێژایی سەدەی دووەم و سێیەمی زایینی کەنیسە بەهۆی بەکارهێنانی زمانی

لاتینی‌یه‌وه بـوه گـه‌وره‌ترین هـێزی ئـه‌فراندن لـه رۆشـنبیری جیـهانی رۆمـانیدا هه‌ڵبـه‌ت لوتکـه‌ی ئـه‌م گه‌شه‌سه‌ندنه‌ش له ناوه‌ڕاسـتی سـه‌ده‌ی سـی‌یه‌مدایه که سه‌رده‌می (کلیمنته لـه خۆرهـه‌ڵات و سـبریانه لـه خۆرئاوا[٥]. له کۆتاییه‌کانی سه‌ده‌ی سی‌یه‌می زاینی‌دا مه‌سیحیه‌ت ده‌که‌وێته هاوکێشه‌ی سیاسی و سه‌ربازی و ئابوریـه‌وه، واتـه داده‌به‌زێتـه نـاو هه‌لومه‌رجـه ژیاریه‌کانه‌وه، ئه‌گه‌رچی پێشتر خودی مه‌سیح لـه به‌ناوبانگ ترین ئامۆژگـایدا ده‌ڵێـت (ئـه‌وه‌ی هـی قه‌یسـه‌ره بـۆ قه‌یسـه‌ر و ئه‌وه‌شی هی خودایـه بـۆ خودا) به‌ڵام پێده‌چێت ئـه‌م رسته‌یه وه‌ك هـه‌موو رسته‌یه‌کی دیکه جگه له‌مه حکومیه‌تی زمانه‌وانی کـه ئه‌میش مل که‌چی نه‌سقی فکری ئـه‌و ساته‌وه‌خته‌یه، به‌ڵام خاوه‌نی مێژوگه‌رێتی خۆیـه‌تی و مـه‌رج داره بـه واقیعێکی سیاسـی و کۆمه‌ڵایـه‌تی دیاریکراوه‌وه لـه وه‌ختێکـدا کـه (فـاسـتین) لـه‌ژێر ده‌سـته‌ڵاتی رۆمانه‌کاندا بـوه، به‌وپی‌یـه‌ش هـه‌موو شـه‌رعیه‌تێکی سیاسی له‌ده‌ستی حاکمی به‌هێزی رۆمـانیدا بـوه، ته‌نانه‌ت ئه‌م وته‌یه‌ی مه‌سیح لـه مێژوگه‌رێتی خۆیـدا هـه‌ڵگری دوو ئاماژه‌یـه ١) مه‌سـیح راسـته‌وخۆ کشانه‌وه‌ی پێشینه‌ی خـۆی لـه ده‌سته‌ڵات، نیشانی ده‌سـته‌ڵاتدارانی سیاسـی ئـه‌و سـه‌رده‌مه داوه. ٢) ناڕاسـته‌وخۆ شـه‌رعیه‌تی حوکمـی ئیمپراتۆریـه‌تی بریندارکـردوه به‌وپێـه‌ی کـه لـه مانـا ئـاینی و ئیراده‌خوداوه‌ندیه‌که‌ی ببڕاندوه[٥].

بـه‌ڵام تێوه‌گلانـی مه‌سـیحیه‌ت لـه هاوکێشـه سیاسیه‌کان له کۆتـایی سـه‌ده‌ی سـێیه‌می زاینـدا ده‌رئه‌نجامی کۆمه‌ڵێك فاکته‌ری بابه‌تی بوو له‌وانـه ١) ئـه‌و دۆخـه بـه‌رگری خوازانه‌یـه‌ی ئیمپراتۆریـه‌تی چه‌وسێنه‌ر، مه‌سیحیه‌تی تێده‌خات، واته ئه‌و دۆخه‌ی که تێیدا مه‌سیحیه‌ت به‌شێوه‌یه‌کی ڕێکخراو له‌لایـه‌ن ده‌وڵه‌ته‌وه ده‌چه‌وسێنرێته‌وه و ناچار ده‌کرێت ببێته هێزێکی کۆمه‌لایه‌تی ئۆپۆزسیۆن، به مانایـه‌کی دیکه له بارێکی به‌رگریکه‌رانـه‌ی وه‌هـادا داده‌نرێت کـه بـه زه‌رورەت بۆمانـه‌وه‌یان وه‌ك توێژێکی کۆمه‌ڵایـه‌تی – ئاینی خه‌ون به ده‌سـته‌ڵات گرتنـه ده‌سـته‌وه ببینـن. به‌شێوه‌یه‌ك که ئـه‌و شـکڵه ڕێکخراوه‌ییـه‌ی سـه‌ره‌تا که‌نیسـه لـه دژی ده‌سـته‌ڵاتداڕێتی ئیمپراتۆریـه‌ت داکۆکی له‌خۆی پێده‌کرد پـتر لـه شـکڵی ڕێکخسـتنی (پارت) ده‌چێت له چه‌رخی تازه‌دا[٥].

٢)ئه‌و گه‌نده‌ڵیه سـه‌رتاپاگیره‌ی لـه کۆتاییـه‌کانی قۆناغی ئیمپراتۆریه‌تی رۆمانیدا لـه ئـارادا هـه‌بوه کـه وای کردوه ده‌وڵه‌ت نوقسـانیه‌کی ئـه‌خلاقی – ڕۆحـی وه‌هـای هه‌بێـت کـه دواجـار بـه مه‌شـرعیه‌تی مه‌سیحی‌یه‌ت پڕبکرێته‌وه.

٣)به‌شـێکی هاتنـه نـاو مـه‌یدانی ده‌سـته‌ڵاتی که‌نیسه پـه‌یوه‌ندی به‌و جه‌بره ئابوریـه‌وه هـه‌بوو کـه واقعی ئیمپڕاتۆریه‌ت گیرۆده‌ی ببوو، وه‌ك ئه‌وه‌ی که سیسـته‌می فیودالـی لۆکاڵ لـه پـه‌رش و بڵاویـه‌کی ئیداری وه‌هـادا ژیـاوه کـه ده‌وڵـه‌ت نـه‌یتوانیوه لـه سه‌نته‌رێکدا گرێیان بداتـه‌وه به‌مـه‌ش زه‌مینـه خۆش بوه بۆ ده‌ست تێوه‌ردانـی ده‌سـته‌ڵاتی که‌نیسه لـه پنتـه لۆکاڵیـه فیودالـه‌کاندا، بـه ده‌لیلـی ئـه‌وه‌ی که‌نیسه‌ی کاتولیکی له خۆرئاوای ئه‌وروپادا ده‌که‌وێته ژێـر ده‌سـته‌ڵاتی ئیمپراتۆریـه‌تی ڕومانیـه‌وه، زۆر به‌هێزتربوه له ده‌سـته‌ڵاتی که‌نیسـه‌ی ئه‌رسه‌دوکسـی که له ژێر ده‌سته‌ڵاتی ئیمپراتۆریه‌تی بـێزه‌نتی‌دا بـوه له خۆرهه‌ڵات، دیاره به حوکمی ئه‌و پـه‌رش و بڵاویـه لۆکاڵیـه‌ی لـه ئـابوری ناوچـه‌کانی ئیمپراتۆریـه‌تی ڕۆمانیدا هه‌بوه[٨].

ته‌نانـه‌ت دواتـر و لـه سـه‌ده‌کانی ڕێنیسانسـدا سروشـتی ترین پرۆسـه‌ی لاوازکردنـی که‌نیسـه لـه‌و گۆڕانه ئابوریانه‌وه ده‌ستی پێکرد که سه‌رمایه‌داریه‌ت له بونیادی فیودالـه لۆکاڵیـه‌کاندا دروسـتی کـرد، وه‌ختێك بورجوازیـه‌تی بازرگـانی شـان بـه شـانی پـه‌ره‌سه‌ندنی سه‌رمایه‌داریه‌ت سنورێکی سـه‌ربه‌خۆی بـۆ بازنه‌یـه‌کی ئـابوری خـۆش کـردو بونیـادێکی یـه‌کانگیری وه‌هـای دروسـت کـرد کـه بـه زه‌رورەت پێویستی به‌وه‌بوو بازنه‌یه‌کی سـه‌ربه‌خۆی سیاسـی – به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی بۆ ته‌واوکردنی خـۆی بخولقێنێـت[٩]. له‌مـه‌وه یه‌کـه‌مین پیتێـن لـه‌نێوان ئیمپڕاتۆریـه‌تی ڕومـانی و که‌نیسـه‌ی کاسـۆلیکی له‌سـه‌رده‌می قوسـته‌نتینیه‌دا ڕووی‌دا . پیتێنێـك کـه بۆئـه‌وه‌ی دیمه‌نێکی ڕاسته‌قینه وه‌ربگرێت ده‌بوو ته‌دوین بکرێت و بـه دونیایـه‌ك ڕاڤـه‌کردنی تیـوری گـه‌مارۆبدرێت، هه‌ربۆیه‌شه له‌گه‌ڵ هاتنی (قه‌دیسی ئوگستین دا ٣٥٤ – ٤٣٠ زانیـی) لـه سـه‌ره‌تاکانی سـه‌ده‌ی پێنجـه‌می زاینیدا پرۆسه‌ی به پیرۆزکردنی ده‌سـته‌ڵات و تێکـه‌ڵ کردنی هه‌ردوو ده‌سته‌ڵاتی زه‌مه‌نی و ڕۆحـی ده‌گاتـه ترۆپـك، به‌تایبـه‌ت کـه (ئوگشـتین) لـه پـه‌ڕاوی

(مەملەکەتی خودا) دا هەڵدەستێت بە تیوریزەکردنی پرۆسەی بە پیرۆزکردنی دەستەڵات لە رێگەی لکاندنیەوە بە خواستی خواوەندەوە.

(کاتێك مرۆڤ بەپێی مرۆڤ دەژیت، نەوەك بەپێی خودا، ئەوا وەك شەیتان وایە، چونکە تەنانەت فریشتەش بەپێی فریشتەیەکی تر نازێت، تەنها بەهۆی خوادوە نەبێت[10]. ئوگستین هەموو ئینتمایەکی کۆمەڵایەتیەکەی دەستنێتەوە و رەوانەی خودای دەکات، چونکە پێی وایە مرۆڤ لە سەرتاوە مەحکومە بە هەڵە و بۆئەوەی چیتر کاروانی هەڵەکان درێژنەکاتەوە پێویستە بکەوێتە ستایشی خودا و ئەوەندەی خودا خۆش بوێت تاوەکو رادەی رق لەخۆبون چونکە مرۆڤایەتی بەسەر دوو خۆشەویستیدا دابەش بوە. خۆشەویستی دونیای تاوەکو رادەی گوێنەدان بەخودا، خۆشەویستی ئاسمان تاوەکو رادەی گوێنەدان بە خود. یەکەمیان پشتی بەخۆی قایمە، دووەمیشیان بەخودا، ژیانیش بە پشتی مرۆڤ خۆی بە رەهای ژیانە بەپێی درۆ[11].

ئوگستین دەیوست تیوریکی ئەخلاقی پێك بهێنێت بۆ داکۆکیکردن لە مەسیحیەت دژ بە دوژمنەکانی لەمەشەوە بۆ یەکەمین جار بنەماکانی لاهوتی کەنیسەی دامەزراند، دیارە ئەو هەیکەلە ئیدارەیی خواستی خودای لە دونیادا تیاجێبەجێدەبێت کەنیسەیە، واتە تەنها خودی کەنیسە لە بۆچونی ئوگوستیندا دەتوانێت دونیا بکاتە مەملەکەتی خودا، بە پیرۆزکردنی دەستەڵات لە پرۆژە تیوریەکەی ئوگستین دا لەو جیاکاریەوە هاتبوو کە لەنێوان دەوڵەت و کەنیسەدا کردی، جیاکارییەك کە لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی وەستابوو، چونکە ئەو کەسەی بە مەملەکەتی خودا دەزانێ و دەوڵەتیشی بە دەرئەنجامی نەجەسیەتی مرۆڤ و لەبیرکردنی خواستی خاوەندی دەدایەقەڵەم، بەمەش هەموو شەرعیەتێکی لە جەستەی دەوڵەت داکەند و ئەولەویەتی ئیداری دا بەدەست دەمەزراوەیی کەنیسە، دواجار خولاسەی پەڕاوی (مەملەکەتیخودا) کە زیاد لە (١٠) سەدە کتێبی دووەم بو لەدوای کتێبی پیرۆزەوە بریتیبوە لەو دەرئەنجامەی: مادام دەوڵەت دەستەڵاتی زەمینیە، کەواتە نزم تر لە کەنیسە و دەبێت مل کەچی بێت، بەوپێیەش کەنیسە بابەت و ئامانجە لەیەککاتدا، بۆیە دەبێت راوێژی پێبکات لە دانانی بنەماو رژێمدا، تاوەکو ئاشتی و ئارامی لێوە دەست گیر ببێت، کەواتە چارەسەری بنەڕەتی بریتیبە لە پاشکۆیەتی مەملەکەتی زەوی بۆ مەملەکەتی خود[12].

لەمەوە ئاین بوە هەوێنی پێك هاتنی یەکەمین ئەزموونی دەوڵەتی تیوکراتی لە میژوودا، ئەو دەوڵەتەی کە سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستێکی پرەنسیپی هەیە لەسەر یەکانەیی ئاین و دەستەڵات، بەڵام تێیدا ئاین زاڵە و ئیمپراتۆریەتێك کە پاپایە لە سەرو ئیمپراتۆری جارانەوەیە. واتە بەپێچەوانەی ئەزموونی سیوکراتیەت کە دەوڵەت بەسەر ئایندا زاڵە و بۆ خزمەت کردن بە پرۆژە دونیاییەکانی خۆی تەوزیفی دەکات. هەڵبەتە ئەگەر لە ئەزمونی دەوڵەتی تیوکراتیدا ئاین توشی گەندەڵیەکی ناوەکی بێت و رەهەندی رۆحی و بێگەردی خۆی لە چڵکاوی دەستەڵاتدا لەدەست بدات، ئەوا لە ئەزموونی سیوکراتیەتدا سیاسەت زەرەمەند دەبێت و شکڵێکی شەرانگێزی وەردەگرێت، لەکاتێکدا کە ئەم دوو شێوازە تەنها دەرئەنجامی بەژداریکردنی دەستەڵاتی ئاینی و دەستەڵاتی زەمەنیە پێکەوە.

کە دەڵێین ئەزموونی تیوکراتی خۆرئاوا کە تێیدا (ئەکلیروس) واتە پیاوانی ئاینی ئەولەویەتیان بەسەر پیاوانی دەستەڵاتی زەمەندا هەیە، باشتر وایە سەرنجتان بۆ ئەم نمونە میژوویە رابکێشم هنری چوارەم پادشای ئەڵمانیا وەختێك پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەکلیروسدا تێك چوو بەهۆیەوە لەگەڵ پاپا (گریگۆرس) دا کەوتە ناکۆکیەوە، ئەوەبوو پاپا لە ساڵی (١٠٧٥) زایینیدا بەیانی بیبەریکردنی ئاینی بۆ پادشادەرکرد، دواتریش گەلیشی پشتیان کردە هنری تاوەکو هنری چوەلای پاپاو لەبەردەمیدا چۆکی دادا و داوای لێبوردن و پەشیمانی نیشاندا[13].

هەڵبەت ئەزمونی تیوکراتی مەسیحی لە خۆرئاوا بە درێژایی چەرخی سێیەم تاوەکو سەرەتاکانی شۆڕشی بورجوازی دۆخێکی تری چەوساندنەوەی سیاسی هێنایە گۆڕێ، دۆخێك کە تێیدا مەرجەعیەتی دەستەڵات نە لە پنتە زەمەنەکاندا کۆتایی دەهات وە نە مەشروعیەتی خۆیشی لە دونیاوە وەردەگرت

بەڵکو ئیتر دەستەڵات و دەوڵەت بوە دەزگایەك كە روخسەتی هەبونی خۆی لە خواوەندەوە وەرگرتبوو. هەربۆیەشە كە مونوپولیزەكردنی ئازادی فكری، یەكێك بوو لە دیارترین نەگۆڕە بنەڕەتیەكانی قۆناغی سەدەكانی ناوەڕاست[١٤].

لەمەوە هەم فرسەتێكی لەبار بۆئەو توێژە كۆمەڵایەتیە دروست بوو كە هەڵگری راڤەكردنێكی پراگماتیكی دیاریكراو بوو بۆ ئاین و بە ئەكلیروس بەناوبانگ بون تاوەكو هەژموونی خۆیان فراوان كەن و بەهۆیەوە داكۆكی لە بەرژەوەندیەكانی خۆیان وەك توێژێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو بكەن،هەم نوخبەی دەستەڵاتی سیاسیش سودمەندبون لە پرۆسەی بەئەبەدیكردنی دەستەڵاتدا، چونكە لە رێگەی ئەم تێكەڵیە ئۆرۆگانیەوە ئاین و دەوڵەت كۆمەڵێك خەسڵەتی خۆیان ئاڵ و گۆڕ پیئەكرد و هەم ئاین شكڵێكی زەمەنی – دونیای دەدایە چالاكییەكانی و لە ئسبتراكتی رۆحی رزگاری دەبوو، هەم دەوڵەتیش شكڵێكی رۆحی و پیرۆزی دەدایە دامەزراوەكەی و تا مەودایەكی دوور دڵنەوای و تەمەن درێژیدەست گیر دەبوو. دیارە ئەمەش مایەی سەرهەڵدانی وەرچەرخانێكی ریشەیی بوو لە وەزیفەی دەوڵەت و ئایندا، ئیدی چیتر دەوڵەت ئەو دامەزراوە ئیداریە نەبوو كە مرۆڤایەتی وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ قەیرانەكانی خۆی و بە پلەبەندیەكی بەرزبوەی هوشیاری كۆمەڵایەتیەوە و لە قاڵبێكی رێكخراوی مرۆڤانەدا خولقابێت. بەڵكو دیاردەیەك بوو كە مەشروعیەتی هەبونی خۆی لەسەرو خواستی مرۆڤایەتیەوە وەرگرتبوو، بەو پییەش بۆ خودی كۆمەڵگە نەبوو دەستكاری هیكەلەكەی بكات، ئەگەر پێشتر یاخود دواتر دەوڵەت ناچار بوبێت شكڵێكی یاسایی سیستەماتیزمە بداتە كارو چالاكییەكانی مرۆڤ لە كۆمەڵگەدا ئەوا لەو قۆناغەی ئێمە باسی دەكەین، دەوڵەت سەرقاڵی رێكخستنی بیروباوەڕی خەڵكی بوو، لەبری ئەوەی سەرقاڵی ساغ كردنەوەی دەستورێكی بەڕێوەبردنی بژێلایەن بێت، سەرقاڵی سەپاندنی دیدگایەك پرۆژەیەكی ئایینی دیاریكراوبوو.

بێگومان مەیسەركردنی ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە خولقاندنی دۆخێكی ترسناك بوو كە تێیدا كار بۆ سڕینەوەی هەموو هەمەچەشنی و جیاوازیەكان بكرێت، هەڵبەت خاڵی وەرچەرخانی هەبوو فكر و ئایدیایەك لە كراوەیی و توانای قبوڵ كردنی جیاوازیەوە بۆ داخران و دۆگماتیزەبون بریتیبە لە چیەتی ئەو مەشروعیەتەی شانی داداوەتە سەر چونكە مەرجە هەموو فكر و ئایدیایەك لە خودی مرۆڤ و ساتەوەختە مێژویەكەیەوە مەشروعیەت بەدەست بهێنێت نەوەك لە دەرەوەڕا بۆی بهێنرێت[١٥]. چونكە مادام سروشت و پێكهاتەی كۆمەڵ هەمەجۆر و گۆڕاوە هەربۆیە پێویستی بە مەنزومەی فكری گۆڕاو هەمەجۆر هەیە. بەڵام وەختێك دامەزراوەیەكی مێژووی و دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی وەك دەوڵەت لە ساتەوەختێكی مێژووی‌دابوە بەدیهاتنی خواستی هەتاهەتایی خواوەند و پراكتیزەبوونی دەستەڵاتی ئاسمانی لەسەر زەوی، ئیتر سیستەمی دەستەڵات بە مانا فراوانەكەی لە ویستەگەیەكی راڤەیی و جیهان بینیەكی دیاریكراودا وەستا وگوێی لە ئیقاعی پەرەسەندنی زەمەن و كۆمەڵگە نەگرت، بگرە خودی سیستەمی دەستەڵات لەبری ئەوەی خۆی لەگەڵ ئیقاعی زەمەن و مێژوو و پێویستیەكانیدا بگونجێنێت، بەپێچەوانەوە هەوڵی بەهاوشێوەكردنی ئیقاعی كۆمەڵی دا لەگەڵ ئیرادەی نوخبەوی دیاریكراوی خۆیدا[١٦]. بەمەش حاڵەتێك لە ئیرهاب دروست بوو كە لە دادگاكانی پشكنینی دا) گەیشتە لوتكە.

پاشەكشێی هەژموونی ئاینی

... ئامادەبوونی دەستەڵاتی رۆحی كەنیسە لە پشت دەستەڵاتی زەمەنی دەوڵەتەوە و ئاڕاستەكردنی لە فۆرمێكی پیرۆزدا بەدرێژایی زیاد لە (١٠) سەدە، بوە هۆی دروست كردنی گەورەترین سیستەمی ئەختەبوتی كە پەلی بۆ هەموو پنتێكی ژیانی كۆمەڵگە درێژكردبوو، ئیدی ئامۆژگاری و وانە ئاینیەكان بە ئیرادەیەكی رۆحی ئازادەوە قبوڵ نەدەكرا، بەڵكو جەبری هێزێكی سیاسیشی لەپشتەوە بوو، لە هەمان كاتدا فەرمان و ئەركە دونیاییەكان بە كۆمەڵێك مفرەداتی پیرۆز و رۆحی تەیاركرابوو بەوپییەی رەتكردنەوی هەر ئەركێكی دونیایی دەوڵەت یاخود قەبوڵ نەكردنی هەر هەنگاوێكی ئیداری دەوڵەوت، نەك هەردەبوە مایەی هەڵوێستێكی ئوپوزسیون (بەمانا سیاسیەكەی)

بەڵکو دەبووە مایەی بێباوەڕیش (بە مانا ئاینیی‌یەکەی). چونکە دەوڵەت نوێنەرایەتی هەردوو دەستەڵاتی ئاسمانی و زەمینی دەکرد لە یەک کاتدا.

بێگومان هێدی هێدی ئەم دۆخە ترسناکەش لە هەناوی خۆیدا رەوتێکی پێچەوانەی دژ بە خۆی خوڵقاند و لە پشتی فیلمی دەستەڵاتی ئەختەبوتی کەنیسەوە کار بۆ نوسینی سیناریۆی رێنیسانس دەکرا، سیناریۆیەک کە نەدەبوو جێگۆڕکێ بەئەکتەرەکان بکات بەتەنها، بەڵکو لەسەری بوو کە لەسەر بری سیناریۆی پێش خۆی هەڵوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ بە زمان و دیدێکی تازەوە چیرۆکێکی دی بنوسێتەوە.

هەڵبەت وەنەبێ سەرجەمی پرۆسەی رێنسانس و جوڵانەوە روناکبیریەکەی لە دەرەوەی جیهانی کەنیسەدا رووی‌دابێت، بگرە لوجیکی‌یەتی ئەم پرۆسەیە لەوەدابو کە سەرەتا لەناوخودی ئایندا و بە پرۆژەی ریفۆرمی ئاینی دەستی پێکرد (تەنانەت دەربارەی ئۆرگانیەتی ریفۆرمی ئاینی بەگۆڕانە ئەبستمۆلۆجی و پیشەسازیەکانەوە (فیبر) پێی وایە بەبێ پرۆسەی ریفیۆرمی ئاینی نەدەکرا شۆڕشی پیشەسازی لەدوایدا سەری هەڵدایە) بەڵام ئێمە ناچارین تەماشای قۆناغێك پێش پرۆژەی ریفۆرمی ئاینی بکەین و ئەو هێڵە ستراتیجیانە دەست نیشان بکەین کە رێگەیان بۆ دروست بوونی خودی ریفۆرمی ئاینی خۆش کرد، وەختێك ئەوملانێ میتۆدیەی لەنێوان هەریەك لەلاهوتی مەسیحیەت و فەلسەفەی یۆنانیدا هەبوو بەدرێژایی چەندین سەدە لەلایەن (تومائەکیونی ١٢٢٥ – ١٢٧٤ زاینی) وە برایە ئاستێکی دیکەوە و بۆ یەکەمین جار لە پرۆژەیەکی مورتوبەیدا لاهوتی مەسیحیەت بە فەلسەفەی لوجیکی ئەرستۆی ئاشناکراو و سەرجەمی ئاستە فەلسەفی و بەڵگەیی و ئیمکانیاتە لوجیکیەکانی ئەم فەلسەفەیە بەشێوەیەکی پراگماتیکی خرایە خزمەتی هەقیقەتی رەهای مەسیحیەتەوە، ئەگەرچی بەمەش مەسیحیەت رەوتێکی (عەقڵی) گوماناوی فەلسەفی بەهێزی ئەو سەردەمەی لەناو هەیکەلی عەقائدی خۆیدا تواندەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەوەی کراوە ئەوەیە کە ناڕاستەخۆ پانتایی بیرلێنەکراوەی لە مەنزومەی فکری ئەوسەردەمەدا فراوان کرووە[١٧]. هەرچەندە میکانیزمەکانی ئەم پێکەوەلکاندنەی لاهوتی مەسیحی و فەلسەفەی ئەرستۆی کە بنەماکانی لەسەردەستی (ئەکیونی) دا داڕێژرا، لە کۆمەڵێك فۆرمی دوگماتیزە بۆدا ئەنجام درا، هەرێ نمونە سەرجەمی وزە و حەیاتی و رەخنەییەکانی فەلسەفەی ئەرستۆی لە دیدگا کۆنکرێتی‌یەکانی قوتابخانە (سکۆلائیەکاندا) دەکوژران و لەناو قاڵبی ئایندا بە بەردەکران، بەشێوەیەك کە فەلسەفەی ئەرستۆی لە ساتەوەختێکی دیاریکراوی سەدەکانی ناوەڕاستدا بووە وەرشەیەکی تیوری وەها کە تێیدا ماناو مەشروعیەتی فەلسەفەی بۆ هەموو هەنگاوە ئیرهابی‌یەکانی کەنیسەی ئامادە دەکرا. بەڵام دواجار هاتنە مەیدانی کەلەپوری دەوڵەمەندی فەلسەفەی ئەرستۆی بە هەموو قورسایی مادی و فەلسەفیەکانیەوە بۆناو لاهوتی مەسیحیەت و شوێن پێشێلکردنی بە هەژموونی فەلسەفی تەواو میسالی ئیفلاتونی کە بە درێژایی تەمەنی لاهوتی مەسیحیەت کارپێکراو بوو بۆ خۆی لە ئاستی مەعریفیدا بونیادی فکری مەسیحیەتی تووشی لەرزاندن کرد. چونکە (ئەکیونی) بریی بوو لە ساتەوەختی گۆڕانی کەرەستەو ئامرازەکانی جەنگ کردنی مەسیحیەت لەپێناوی مانەوەی خۆیدا، دیارە هەموو چەك گۆڕینێکیش پێویستی بە میکانیزمی تازە و مامەڵەی تازە هەیە.

بێگومان ئەو ئەرزیەتە پێشینەیەی دەستەڵاتی ئاینی لەسەری گەشەی دەکرد خودی دەستەڵاتی سروشتی بوو بە حەتمیات و نهێنی‌یەکانیەوە بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا، بەم پی‌یەش سیمای ئەو دابڕانەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین پتر لەو ساتەوەختەدا دەردەکەوێت کە خولاسەی کاری مرۆڤ لە سنوردانان بۆ هەژموونی سروشتی بەسەر مرۆڤایەتیدا کۆدەبێتەوە بە ئاڕاستەی کۆنترۆڵکردنی، بەتایبەت کەبە زەرورەت تێڕامان لە سروشت و هەوڵدان بۆ کەشف کردنی یاسا ناوەکیەکانی بە دیدێکی زانستی بە مانایەك لە ماناکان بڕیتی‌بوو لە حەل کردنی خودی مەتەڵی ئاینی و سنوربۆدانانی.

دیارە لەمیانەی پرۆژەی (ئەکیونی) بۆ لکاندنی ئەرستۆیەت بە لاهوتی مەسیحیەتەوە و لەسەر رێگەی ئەو قەیرانە میتۆدیەی چاوەڕێی چەمکەکامی دەکرد، بۆ یەکەمین جار (روجر بیکون ١٢١٤ –١٢١٢)

سەرنجی هاوەڵەکانی بۆ بیرکردنەوەی بیرکاریانە راکێشا و بانگەشەی بۆ شێوازی ئەزموونی زانستی کرد بەشێوازی بەڵگەهێنانەوەی جەدەلی باو، چونکە ئەو پێی وابو کە بەڵگە هێنانەوەی جەدەلی لەسەر بنەمای سەلماندنی بەرچاو نەوەستاوە، لەکاتێکدا ئەزموونی زانستی پشت بەستوو بە شێوازی بیرکاریانە تیورە جەدەلیەکان دەسەلمێنێت و نیشانیان دەدات، لەمەشەوە (بیکون) بیرکاری بە هونەری بەڵگەهێنانەوە ناوزەندکرد[18].

ئەگەرچی بۆچونە گرنگەکانی (روجر بیکون) کە بە سەرەتای لەدایك بونی ئەو رەوتە زانستییە دەژمێردرێن. کە لە ناوەڕاستی سەدەی سیانزەدا رەنگ رێژی بنەماکانی پرۆسەی پێداچونەوەی پەیوەندی مرۆڤ و سروشتی کرد و بەمانا زانستییەکەی، بەڵام کۆی هەوڵەکانی (بیکون) و هەریەك لە هاوڕێیەکانی (گروستیت - بونافنتورا - ئەکیون) لەناو خودی مەسیحیەتدا بوو، بەو سیفەتەی کە سەرجەم بۆچونەکانیان لەژێر چەتری پیرۆزی لاهوتی مەسیحیەتدا بوو. بەڵام درێژبونەوەی ئەم رەوتە بۆ (فرنسیسی بیکون و بارکلی و لول و هیوم و کوپرنیکوس و گالیلی و گیلبد) پێکەوە گرێبەندیەکی ئۆرگانی سروشتی بەبەرەی نیشان دەدەن.

لەکاتێکدا کە زانست لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مل کەچی نەسقێکی مەعریفی یونانی بو بە هیچ جۆرێك بواری ئەزموونی سەلمێنراوی تێدا نەدەبۆوە، چونکە هەرگیز نە زانستێکی تویژەرەوە بوو نە بەهایەکی بیرکاریانەشی هەبوو[19]. بەوپێیەش لە ئەزمونێکی دۆزەرەوەیدا نەدەژیا هیندە هەبوو کە سەرقاڵی وەسف کردنێکی جەدەلیانەبوو بۆ خزمەت کردن بە پرەنسیپە ئاینەکان. بەڵام ئەو رەوتەی لە بۆچونەکانی (روجر بیکون) و دوای (ئەکیونی) کەوتەڕێو بەناچاری کەوتە بنیادنانی دیدگایەکی جیاواز بۆ سروشت، ئیتر سروشت لە پێودانگە زانستییەکاندا وەك کۆمەڵێك شکڵ و مادە نەدەهاتە پێش چاو وەك جاران، بەڵکو سروشت بوە پێکاتەیەك لە کۆمەڵێك دیاردە هەندێکی دیار هەندێکی نادیار، بەڵام تێکڕا قابیلی ئەوەبوو بخرێتە ژێر یاساوە. زانستیشی وەك وەزیفەی سروشتی خۆی کەوتە بەدواداچونی هەقیقەتە بەشیەکان (جزئی) بەپێچەوانەی وەزیفە ناسروشتییەکەی پێشوتری کە بریتیبوو لە بە دواداگەڕانی هەقیقەتی رەها، زانست لە چوارچێوەی مەعریفی ئەرستۆ دا لەسەر دوالیزمەی هۆ/ ئەنجام کاری دەکرد، بەڵام دوالیزمەیەك بە مانا مۆدێرنەکەی نا کە بریتییەلە بەستنەوەی ئۆرگانی دیاردەکان بە هۆکانیەوە بۆ تێگەیشتنی لە هەقیقەتی بەشی دیاردەکانی سروشت بەمەبەستی ناسینی یاسا ناوەکیەکانی، بەڵکو بە شێوازێکی دیاریکراوی وەها کە دەیویست دیاردەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی ناکۆتا بەهۆکانیەوە ببەستێت، مەبەستی گەیشتن بە هۆی هۆکان کە خودابوو، واتە میکانیزمێك نەك بۆ کەشف کردنی سیستەمی ناوەکی شتەکان بەڵکو بۆ ساغ کردنەوەی هەقیقەتی هەبوونی هۆی هەموو هۆکان[20].

داهێنانی پێودانگ و تەرازوە تازەکانی زانست بەس بوو بۆئەوەی کاروانێکی دۆزەرەوەی لە فۆرمێکی تویژەرەوەیدا پەرەبسێنێت و زانست لە سەرجەم رەهەندەکانەوە پەل و پۆ بهاوێژێت. ئەوەبوو لەکاتێکدا کە کەنیسە سەرجەمی هەقیقەتە زانستییەکانی خۆی بە گریمانەی ئەرستۆی رێکخستبوو، بەتایبەت کە کۆی بنەمای مەنزومەی فکری چەرخەکانی ناوەڕاست لەسەر هاوکێشەیەکی دیاریکراو بنیادنرابوو بۆ لەیەك چووکردنی عەقڵ و ئیمان[21]. واتە هاوشێوەکردنی ستراتیجی عەقڵ و ئیمان و گەمارۆدانیان لەیەك چێوەی راڤەیدا کە هەردووکیان بۆ خزمەت کردن بە دەرئەنجام و فاکتەرەکانیان پشت بە یەکتری ببەستن، بەم پییەش مادام عەقڵ و ئیمان هاوڕێك بوون ئەوا خودی ئەم مەنزومەیە دڵنیایی خۆی لەسەر هاوڕێکی عەقڵ و واقع بنیاددەنا، هەربۆیەش مادام عەقڵ و واقع هاوڕێك بون، کەواتە پێشتر بازنەکە داخراوە و هەقیقەت لە عەقڵ و واقع و کتێبەکاندا ئامادەیە و ئەوەشی لەسەر عەقڵە بریتییە لە تەفسیر، لەم شەوە زانستی سەدەکانی ناوەڕاست زانستی تەفسیربوە، بە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقە کۆنەکاندا[22]. لەم سەروبەندەدا پەیدابوونی (کوپرنیکوس ١٤٧١ - ١٥٣٤) رووداوێکی مەزن بوو بەتایبەت کە یەکەمین کاری ئەم زانایە بەدرۆخستەوەی بیردۆزی (بتلموسی) فەلەکی بوو کەپشتی بە گریمانەی ئەرستۆی (سکولائی)

بەستووە، بەمەش هەقیقەتێکی گەورەی مەنزومەی فکری چەندین سەدەی هەڵوەشاندنەوە، سەبارەت بە تیوری زەوی چەقی گەردوونە، لەوێشەوە بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی خستە قۆناغێکی تر‌ەوە و دونیایەك کە پێودانگی تازەی هێنایە ئاراوە، ئیدی چیتر نە زەوی چەقی گەردوون بوو نەخۆریش بە دەوری زەویدا سوڕایەوە. هەڵبەت ئەم دۆزینەوەیەش پتر لە ئیهانەیەکی کسمولوجی دەچو لە خۆبە زل زانی مرۆڤایەتی و درزێکی گەورەش بوو لەهەیکەڵی شۆشەیی ئەبستمی ناوەڕات کۆپرنیکۆس کەخولقێنەری ئەم ئیهانەیە، لەگەڵ دۆزینەوەکەیدا کۆتایی بە قۆناغێکی درێژ هێنا لەکوسمولوجیای کلاسیکی پێش کۆپرنیکۆس کە پێی وابوو مرۆڤ نیشتەجێی جوانترین هەسارەیە و چەقی گەردوونی داگیرکردووە، بەمەش کۆپورنیکۆس مرۆڤی لە عەرشە کسمولوجییە کلاسیکیەکەی دابەزێنراو بۆ یەکەمین دەر ناچار کرا چاو بە جێگەی نیشتەجێبونیدا بگێڕێتەوە[٢٢].

هەڵبەت دۆزینەوە زانستیەکان تەنها زیادکاری چەندێتی نەبوون بۆ سەر مەعریفە پێشینەکان، بەڵکو سەرلەنوێ بنیادنانەوەی پەیکەری عەقڵ بوون، تەنانەت خوی (گالیلو گالیلی ١٥٦٤-١٦٤٢) سەرنجی ئەوەی‌دابوو کە سروشت تەنها پێویستی بە گەڕانی زانستی نیە، بەڵکو لوجیکێکی تازە یاخود فەزایەکی عەقڵی تازەی گەرەکە و دەبێت پێشتر سەرلەنوێ دەماغی مرۆڤەکان دروست بکەینەوە[٢٤]. دیارە لەگەڵ فراوان بونی پانتایی دۆزینەوە زانستی‌یەکاندا، پانتایی و قەبارەی دەستەڵاتی ئاینی بچوك دەبۆوە، بەتاییەت کە بەشێکی هەرە گەورەی سحری ئاینی لەسەر نادیاری یاسا پەنهانەکانی سروشت دامەزرابوو. ئەوەبوو لەگەڵ پەیدابوونی رەوتی ئەزمونگەریەکانی سەدەی شانزەهەمدا (لوك/ هیوم/ بارکلی) چالاکیە زانستی‌یەکان تەکانێکی گەورەیان بەخۆوە بینی، (لوك ١٦٣٢-١٧٠٤) کێشەی مەعریفەی کردە خاڵی توێژینەوە و قول بونەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ نوقسانیەکانی شێوازی بیرکردنەوەی‌ەی باو راکێشا، ئەمە جگە لەوەی تیورێکی بۆ مەعریفە دانا لەسەر بنەمای ئەزموونی مادی، بە جەخت خستنە سەر ئەزموونی هەستی کە چاووگی هەموو بیرۆکەکانە[٢٢٥].

بێگومان لە پەنا هەوڵە زانستی و ئەزمونگەریەکاندا کاروانێکی هاوشێوە هەبو بۆ تێپەڕاندنی چێوە تەسك و دۆگماتیزەبوەکەی مەنزومەی فکری لە سەرهەڵدانی رەوتی عەقل خوازەکان بەرجەستەبوو لە دیکارت ١٥٩٦-١٦٥٠) کە بۆ یەکەمین جار قورساییە دۆڕاوەکانی چەمکی عەقڵی گێڕایەوە و عەقڵی کردە ئامرازێکی گومان کەری وەها کە هیچ شتێك بێ پرسیارکردن و گومان بە بەردەمیدا تێناپەڕێت جگە لە خودی خۆی نەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە (گومانی دیکارتی) سەرەتای کردنەوەی بازنەی داخراوی مەنزومەی ناوەڕاست بو بە تێك شکاندنی هاوڕێکی عەقڵ و واقع.

هاوکات جولانەوەی ئەدەبی بەشێوەیەك لە شێوەکان گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی و رووی بابەتی خۆیشی کردبوە سەرچەقی ژیان و کۆمەڵگە، بەم پێیەش هونەریشی لەدەستی ئاسۆ مونوپولیزمەکانی ئاینی مەسیحیەت هێدی هێدی دەهاتە دەرەوەو کاری بۆ بە ستاتیکی کردنی رەهەندەکانی خۆی دەکرد لە ئاسۆی هەر دەربڕینە ناکۆتاکاندا. هایدگەر وەختێك ئەو ئامانجانەی دەستنیشان دەکات کە سەدەکانی ناوەڕاست لە سەدەکانی تازە جیادەکاتەوە دەڵێت: زانست سەرەکیترین روخساری ئەم جیابونەوەیە بوو ئەمە جگە لە (تەکنیکی میکانیکی) و گۆڕینی ئاستی هونەر بۆ ئاستە ستاتیکی‌یەکانی بوونی بە بابەتێکی ئەزموونی ژیانی کە بەهۆیەوە ژیانی مرۆڤایەتی دەربڕیبڕێت، پاشان راڤەکردنی رۆشنبیری بۆ سەرجەمی دەستکەوتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و داوتریش هەڵخلیسکانی پیرۆزەکان و دورخستنەوەیان[٢٦].

پاشتر هاتنی (لۆسەر) لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەدا نۆبەرەی وەرچەرخانێکی بونیادی‌بوو لەناو خودی سیستەمی ئاینی مەسیحیەتدا، چونکە (لوسەر) ساتەوەختی یەکەمین رەتکردنەوەبوو لەناو سیاقی مەسیحیەت خۆیدا و سەرەتایی دەست پێکردنی کاروانێکی درێژ بوو لە چاکسازی و ریفۆرم لوسەر دەستی دایە تێکۆشان دژ بە کەنیسە و ئەو تۆڕە نێوەندیە (شبکة الوساطة) سەرجەمی ئەو مومارەسە سروشت و سحریانەبوو کە کەنیسە

بەدرێژایی چەندین سەدە لە دەوری هەیکەلی خۆیدا کۆیکردبۆوە[٢٧]. تاوەکو بەهۆیەوەرۆڵی تاکە نێوەندێک ببینێت لەنێوان مرۆڤ و خودادا، بەوپێیەی کە تەنها لە رێگەی نێوەندێتی ئەوەوە مرۆڤەکان دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ خودادا ببەستن، دیارە ئەم پرۆسەیەش مەبەستی بوو قورساییەکی رۆحی و زەمەنی لەیەک کاتدا بداتەوە کەنیسە، هەڵبەت دەرئەنجامی ئەمەش فائزێك لە پراکتیزەکردنی سروشت و سحر و فریودان بەناوی نێوەندێتیەوە دروست ببوو. لوسەر هات بۆئەوەی مرۆڤی مەسیحی لە دەستی کەنیسە هەژوومنخوازەکەی کاسولیکی بااڵدەست بسەنێتەوە و رایبکێشێتەوە بۆ لای خودا، سەرەتاش داوای سەرەکی پرۆتستانیەت کە لە سەردەستی (لوسەر) هاتە بون بریتیبوو لە دەست هەڵگرتنی کەنیسەی کاسولیکی لەسەر تێکستە پیرۆزەکان و فراوان کردنی بوار لەسەر راڤەکردنی، ئەگەرچی خودی پرۆتستانیەت کە سەرەتا بە ئایینی لێبوردن و نادەستەاڵتخواز لەقەڵەم دەدرا دواتر بۆخۆیان بونە رەوتێکی سەلەفی وەها کە بیرۆکەی یەکانەییان، بە رەهایی هێنایەوە ئاراو کەوتنە دژایەتی کردنی کۆی ئەو فکر و ئایدیانەی لەگەڵ هەقیقەتە موتڵەقەکانیاندا یەکی نەدەگرتەوە[٢٨].

هەر بۆنمونە (کالڤن) کە پیاوێکی ئایینی و یەکێك بو لە پێشەوایانی جوڵانەوەی ریفۆرم لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمدا و هەمان بیرۆکەی (لوسەر)ی هەبوو دژ بە سیستەمی نێوەندێتی کەنیسە و لاینگرینەمانی دەستەاڵتی پیاوانی کەنیسە و فیوداڵە دوگماتیزەکان بوو، کەچی دواتر لە هەڵوێستێکدا کە ترۆپکی نالێبوردنی ئایدیالییە فرمانی سوتاندنی زانای بەناوبانگ (میشیل سیرفیە) لە ساڵی ١٥٥٣دا دا.

بەاڵم سەرەڕای ئەمەش هاوزەمان ساتەوەختی (لوسەر) و کۆی جوڵانەوەی ریفۆرمیستی، گورزێکی کوشندەبو لەمەشروعیەتی کەنیسەی کاسولیکی و بگرە لە مەودایەکی دوریشدا ئەو دژایەتیە خوێناویەی کە لەپاشدا لەنێوان هەریەك لە کەنیسەی برۆستانیەت و کەنیسەی کاسولیکییەت لە خۆرئاوادا درزست بوو، نیشانەیەکی پرسیاری خستە سەر مەشروعەیتی کۆی ئایینی مەسیحی بەگشتی و رۆڵی هەبوو لە لاوازکردنی دەستەاڵتی ئایینی مەسیحیەتدا. لەکاتێکدا کە سەرهەڵدانی پرۆتستانیەت دەروازەیەك بوو لەسەر راڤەکردنێکی دیکەی کتێبی پیرۆز لە دەرەوەی راڤەی کاسولیکی هەژموونخوازدا لەلایەك و ترازانێکی بونیادیش بو لەسەر ئاستی کۆمەاڵیەتی و ئایینی لە لایەکی دیکە. چونکە دابەش بوونی بونیادی ئایینی مەسیحیەت و کۆمەڵگە بەسەر کاسولیکیەت و پرۆتستانتدا پاشتریش ناکۆکییە خوێناویەکانیان کە لە فەرەنسادا ناشرین ترین شێوازی وەرگرت، گەوەترین رەخنەبو لەو چەمکەی ئاین بۆ جەماعەی مرۆڤایەتی دروستی کردبوو ئیدی ئاین نەك هەر سیکوتینێکی نەبو بۆ گرێدانەوەی توێژەکانی کۆمەڵگە بگرە بۆخۆی بەکتریای شیکردنەوەی جەستەی کۆمەڵگەبوو.

لەپاڵ ئەمەشدا رزگاربونی زانست لە چوارچێوە دوگمایەکانی مەنزومەی الهوتی سەدەکانی ناوەڕاست و تەقینەوەی وزە دۆزەرەوەکانی، هێدی هێدی ئاسۆکانی تێفکرین و هۆشمەندی توێژە کۆمەاڵیەتیەکانی فراوان دەکرد. لەکاتێکدا کەچاالکییە زانستییەکان و فراوان بونی پرۆسەی داهێنان و گەشەسەندنی جوڵانەوەی ریفۆرمستی (لۆسەریەت/ کالفینیەت) پشتی بە پەرەسەندنی مۆدیلی سەرمایەداریەت دەبەست لە ئاستی ئابوریدا، تەنانەت لە جەوهەری ئایدیای پرۆتستانتەکاندا رەوتێك هەبوو بۆ هاندانی جوڵە بە مانا ئابوریەکەی و کۆکردنەوەی سامانو سەرمایە کە ئەمەش هەم خزمەتێکی تیوریو فەرهەنگی گەورە بوو بەپرۆسەی سەرمایەداریەت و شۆڕشی بۆرجوازی، هەمیش دەرئەنجامێکی ناڕاستەوخۆی خودی ئەم پرۆسەی سەرمایەداریەتە بوو لەسەر ئایدیای رەوتە ئاینیەکاندا. ئەمە جگەلەوەی ناوەڕۆکی سیستەمی سەرمایەداریەت و بۆرجوازی بازرگانی بەشێوەیەك لە شێوەکان خوڵقاندنی پەراوێزێك بوو لە ئازادی تاکەکەس بەمەبەستی دروست کردنی دۆخێکی سەربەخۆ کە تێیدا چاالکی ئابوری بەدوور لە چاودێری تووندوتۆڵی دەستەاڵتی سیاسی یاخود کەنیسە کەشە بکات.

دیارە بەجێهێشتنی پانتاییەکی سەربەخۆ بۆ ئازادی جوڵەی ئابوری یاخود خستنە ئیشی ماکینەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریەت، کە دواتر خودی

خۆی وزەی پێویستی بۆ بەردەوامێتی خۆی دروست دەکات[٢٩]. بە زەرورەت ئاستێکی تری سەربەخۆی خودێتی دروست کرد. لەوەختێدا کە زانست رۆژ لە دوای رۆژ هورمەتی بۆ تواناکانی عەقڵ دەگێڕایەوە و بەرگی سحر و پیرۆزی لە جەستەی دونیادا دادەکەند (بەدەربڕینی ماکس فیبر) هاوکات گەشەسەندنی بونیادی سەرمایەداریەت و رەوتە سنور بڕەکەی بەشێوازێکی هاوسەنگ کەفیل بوو بە فەراهەم کردنی بنەمایەکی مادی بۆ ئەم جۆڵەیە، جۆڵەیەك کە بەرە بەرە ئاستی رەمزی دونیای بردە ئاستێکی تر.

هەڵبەت لە رێگەی تێکشکانی هاوکێشەی هاوڕێك کردنی عەقڵ و ئیمان کە سەرجەمی کاروانی فکری سەدەکانی ناوەڕاستی لەسەر بنیادنرابوو، ئەوهاوکێشەیەی مەنزومەی فکری ئەوسا بە هەچ نرخێك بێت دەیویست هاوسەنگی نێوانیان بەشێوەیەکی دیالێکتیکی – میکانیکی رابگرێت لەگەڵ ئەو لەویەتدان بە چەمکی ئیمان[٣٠]. بەم پێیەش مۆدێرنیزم پرۆژەی ئازادکردنی توانا یەدل گیراوەکانی عەقڵ بوو بە مانایەکی تریش گۆڕینی فەلسەفەی سروشت بوو بۆ زانستی سروشت[٣١]. بەتایبەت لەگەڵ داهێنانی ئامێری هەڵمی و دینەمۆی تەقینەوەیدا لە سەدەی نۆزدەهەمدا زانست شکڵێکی پراکتیزەی وەرگرت و هاوکێشەی دڵنیایی سەدەکانی ناوەڕاست کە هاوڕێك کردنی عەقڵ و ئیمان بوو لە بنەڕەتە ئەبستمۆلوجیەکدا تێك شکاو لەگەڵ کەرەستە سادەکانی پێوانەدا (سەعات و پێوانەی فشاری گەرمی) کە تێکڕا پرۆسەی بە چەندێتی کردنی دیاردە چیەتیەکان بوو بە وەرگێڕانی بۆ ژمارە. ئیدی ئەم شتانە و هەقیقەتەکانیان چیدی هاوڕێك نەبون لەگەڵ واقیعدا[٣٢].

دیارە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا (رێنسانس) بۆ تیوریزەکردن و پوختەکردنی ئەو گۆڕانە پەرش و باڵاو و فرەڕەهەندانەی لەناو جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستدا کردنی، پێویست بو لە جومگەی جیاجیادا خۆی تیوریزە بکات، تاوەکو ئاستەکانی وەرگێڕانی ئەم تیورانە بۆ زەمینەی پراکتیکی ئاسان بکات، سەرهەڵدانی بیریارێکی سیاسی وەك (میکافیلی ١٤٦٨–١٥٢٧) لە کۆتایەکانی سەدەی پانزەهەمدا پێویستیەکی ئۆرگانی بو بۆ تیوریزەکردنی دەستکەوتەکانی جۆڵانەوەی هیومانی و زانستی رێنسانسی لانیکەم لە ئاستی سیاسی – دەوڵەتدا. میکافیلی بۆ یەکەمین جار رەسمی سنوری لاهوتی کرد لەبواری سیاسیدا و لاهوتی لە چوارچێوەیەکدا گەمارۆدا. هەروەها رەخنەی لە کەنیسە دەگرت بەوپێیەی کە پرەنسیپی بالاّبەندی فەرامۆش کردوەو خۆی بەپرەنسیپی زەویەوە سەرقاڵ کردووە، گوتاری میکافیلی کە بەشێك بوو لەگوتاری رێنسانسی دەیویست سیاسەت و دەستەڵات لە لاهوت رزگاربکات. هەربۆیە لەگەڵ میکافیلیدا سیاسەت لە هەموو تەبریزێکی لاهوتیانە رزگاری بوو (کەنیسە ئیتاڵیای پارچە پارچەکردو هەنوکەش پارێزگاری لەم پارچە پارچە بوونە دەکات، بەم شێوەیەش کەنیسە هەرگیز نەیتوانیوە رۆژێك لە رۆژان ئیتاڵیا بەتەواوەتی داگیر بکات! هەروەك چۆن نەیهێشتوە کە لایەنی دیکە داگیر بکات، هەربۆیە کەنیسە هۆکاری ئەوەبوو کە ئیتاڵیا لەژێر حوکمی یەك سەردادا نەبێت)[٣٣].

میکافیلی لە پەراوی (میر) دا کە دواتر بوە مینۆدیترین پەراوی سیاسەت و کارپێکراوترین پرۆگرامی دەستەڵاتدارانی دوای خۆی، بەتایبەت کە (میر) دابڕانێکی ئەبستمۆلۆجی بوو لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا. لەم پەراوەدا دەستەڵات چیتر لەوە کەوت کە ئامرازێك بێت بەدەست خوداوە، چونکە دەستەڵاتی پتر وەك دیاردەیەکی مرۆڤایەتی رووت پێناسە کرد، ئەمە جگە لەوەی کە ئامانجی پەراوەکە گەڕان بوو لەدوای مەرجی هێزی سیاسی و شێوازەکانی پاراستنی دەستەڵات[٣٤]. لەمەوە میکافیلی تیوری سیاسی بە عەلمانی کردووە لەگەڵیدا سیاسەت بوە زانستێك و خودی ئاینیش بوە مەیدانێك بۆ توێژینەوە، بەتایبەت کە لە قۆناغی میکافیلیەتدا ئینتیمایی مرۆڤ لەو دونیاوە گۆڕا بۆ ئەم دونیاو لەئایندەوە بۆ نیشتمانو لەپیاوانی ئایینیەوە بۆ عەقڵ و وەزیفەی خودی مرۆڤ.

دیارە پرۆژەی میکافیلی جگە لەوەی قرتاندنی دەمارە میتافیزیقی و ئەخلاقیەکانی دەستەڵات بوو بە هەمان کاتیشدا مل کەچ پێکردنی سیاسەتی بو بۆ راڤەکردنێکی بابەتی و زانستیانە، واتە رەخنە لێگرتن بەو سیفەتەی کە دەستەڵات و سیاسەتی ناچارکرد خۆیندنەوەیەکی راستەوخۆ بۆ خودی خۆی بکات[٣٥].

دواتر لەکۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەمدا (هوبز ١٥٨٨ – ١٦٧٩) هات تاوەکو وەك یەکەمین تیوریزەکەری چەمکی دەوڵەت، درێژە بەڕەش بینی تیوری میکاڤیلی بدات و بانگەشە بۆ میساقێکی مەدەنی بکات کە مرۆڤایەتی بۆ خۆڕێکخستنی خۆی ئیمزای دەکات.

هوبز مەشروعیەتی خودای بۆ دەوڵەت رەتکردەوە و دەوڵەتی بە رەگ و ریشە کۆمەڵایەتیە مێژوییەکەیەوە بەستەوە پێشی وابو کە دەوڵەت پشتی بە پەرەنسیپی (شەڕانگێزی) مرۆڤ بەستوە و مادام مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ ئەوا دەست تێوەردانی دەستەڵاتی سیاسی بە زۆر بۆ ڕێگرتن لە بوونی کۆمەڵگە بە شانۆی هەموان دژی هەموان کارێکی ناچاری و پێویستە. چونکە دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوە بەتەنها شایستەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی سروشتی (وەحشی) بگۆڕێتە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی و شارستانی[٢٦].

ئەگەرچی هوبز قسەی لەسەر ئەو پەیمانە کۆمەلایەتیە کرد کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەئازادی دەبەستێت تاوەکو بەزۆربەی دەنگ روخسەت بدەنە حاکمێك لە بریان حوکم بکات، بەڵام ئەم پەیمانە لە جەوهەردا پەیمانی مل کەچ بون بوو، کە لە ڕێگەیەوە تاکەکان لە مافەکانی خۆیان خۆش دەبون بۆئەوەی لەبریدا ئاسایشیان بپارێزرێت، واتە ئامانجی ئەم پەیمانە بریتی نەبوو لە سنوربەندکردنی دەستەڵاتیدەوڵەت، بگرە مەشروعیەت دان بو بە دەستەڵاتی ڕەهای دەوڵەت[٢٧]. بەڵام لە مەودایەکی دووردا میکاڤیلییەت و هوبزیەت بە هەموو ئەو تێڕوانینە ڕەش بینییەی تەماشای دەستەڵات و سروشتی دەوڵەت و شەڕانگێزی سیاسەتی پێئەکەن، بە دیوێکی تردا بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی سیستەماتیزەی توند ئاگاداری ئاین و دەستەڵاتەکەی دەکەنەوە بۆ تێوەنەگلانی بە چلکاوی شەڕانگێزی سیاسەت. واتە هەموو نیشان دانی شەڕانگێزی و ڕەهایەتی دەستەڵاتی زەمەنی مرۆڤ بۆئەوەیە کە مەشروعیەت لە مانەوەی ئاین دا بکەنن لەناو سیاقی دەستەڵاتی زەمەنیدا (دیارە ڕەهایەتی دەوڵەتی میگاڤیلی و هوبزی بە مانا لاهوتییەکەی‌نا، بەڵکو پشت بەستو بە ئیرادەی خودی دەوڵەت). هەربۆیە هاتنی (لوك ١٦٣٢–١٧٠٤)لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا پێویستیەکی ئۆرگانی بوە تاوەکو تیورەکانی هوبز و میکاڤیلی و تەبریرەکانیان بۆ ڕەهایەتی دەستەڵات، لیبراڵ تر بکات. لای (لوك) دەوڵەت هەمان دامەزراوەیی (هوبز) بو کە لەدەرئەنجامی کۆدەنگی کۆمەڵگە دروست دەبو، واتە بە رازیبوونی کۆمەڵگەکە هەمان بونیادی ئەبستمۆلوجی خۆرئاوابوو بۆ چەمکی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە چەرخی تازەدا، ئامانجی دەوڵەتیش بریتیبو لە ڕێکخستنی ئەو سزایانەی کە دەبوایە ئەنجامی بدایە دژی ئەوانەی دەست درێژی دەکەنە سەر سەروماڵی خەڵکی، بەڵام لوك پێی وابو کە تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە ڕەزامەندی خۆیان لەو پەیمانە بکشێننەوە ئەگەر حاکمەکان ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ نەکرد[٢٨]. واتە ئەگەر دەوڵەت سنوری دیاریکراوی خۆی لە بەرکارهێنانی دەستەڵاتدا تێپەڕاندو بوە ئەو درندەیەی کە کۆمەڵگە قوت دەدات. دیارە لوك بە یەکەمین بیریارە کە داوای جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن و قەزایی) کردووە و لە هەمان کاتیشدا یەکەمین بیریارە کە بەشێوەیەکی تیوری باس لە جیاکردنەوەی دەستەڵاتی کەنیسە و دەوڵەت کردوە[٢٩]. کە بێگومان ئەم بیرۆکانە بەردی پناغەی هەموو سیستەمێکی مەدەنی دیموکراتە. ئەمە جگەلەوەی کە لوك دەوڵەت و هاوڵاتی خستە ناو پەیوەندیەکی لێپرسراوانەی ئاڵ وگۆڕەوە، تاوەکو بەهۆیەوە هەردوکیان چاودێری یەکرتی بکەن، هەم هاوڵاتی ئامادەبێت بەرامبەر، یاسا و بەڵێنەکانی خۆی لە ئاست دەوڵەتدا، هەم دەوڵەتیشت ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجی بکات بەرامبەر هاوڵاتی و موماسەرەی دەستەڵاتێکی ڕەها نەکات.

* * *

چەمکی (ئاین) لەنێوان سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی تازەدا

بۆ دەستنیشان کردنی چیەتی چەمکی ئاین لە مێژودا ناچارین ئەم چەمکە لە دیدگایەکی (ماوەدرێژدا) بخوێنینەوە تاوەکو بەهۆیەوە ئاین وەك دیاردەیەکی مێژووی لەناو سیاقی شارستانیەتی مەودا دووری مرۆڤایەتیدا دابنێن. هەڵبەت تەماشاکردن بە دیدگایەکی ماوە درێژ ئەو

خاسیەتەمان دەداتێ کە لە رووبەرێکی فراواندا سەرجەمی گۆڕان و وەرچەرخانەکانی ئەم چەمکە بە رونی ببینین، بە دوور لە تێڕوانینی نامێژووی کورت بینی کە بە گۆشەنیگایەکی فتوگرافی (دوگماتیزە) بۆ وێنەی قۆناغێك، بەشێك دەگرێت و دواتر گشتگیری دەکات، دیارە ئەم تێڕوانینە نامێژویە مەبەستێتی هەموو چەمك و دیاردەکان لە فەزایەکی نازەمەنیدا هەڵبواسێت و بە دابڕاوی لە مەرج داریە کۆمەڵایەتی – مێژووی – ئابوری کلتوریەکەی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. بەم پێیە ئێمە وەها تەماشای چەمکێکی ئاڵۆزی وەك ئاین دەکەین کە بەردەوام و بەپێی گۆڕانی دۆخە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکەی و ئابوریەکان و لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی دی و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دی بە گۆڕاوی خۆی نمایش دەکات، واتە بڕهوەدیە گەر بمانەوێت پێناسە و دەستنیشان کردنێکی سکونی بۆ ئاین بکەین وەك چەمك و دیاردە. چونکە ئاین کۆمەڵگە و چەرخەکان گۆڕاوبوە، بەقەدەر تایبەتمەندی رەوشە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان تایبەتمەندبوە، وەختێك ئێمە دەڵێین ئاین لەنێوان سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی تازەدا ئەوا بەشێوەیەکی پێشینەیی دانمان بە جیاوازیەکی گەورە داناوە لەنێوان ئاینی چەرخی کۆن و نوێدا، چونکە ئەو ماوە زەمەنییە جیاکەرەوەیی لەنێوان سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی نوێدا هەیە کەفیلە بە جیاوازی و گۆڕانی دونیایەك پێویستی و زەرورەتی ژیاری.

ئاین لە سەدەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوادا مل کەچی ئەو مەنزومە فکریە بوە کە لە پرۆسەیەکی ڕاقەیی تایبەتیدا ماناکانی ئاینی دیاریکردوە، مەنزومەیەك کە پێکهاتەی کۆمەڵێك جەبریەتی ئابوری / کلتوری/ کۆمەڵایەتی دیاریکراوە لە کۆمەڵگەیەکی فیودالی چەرخی ناوەڕاستدا. مەنزومەیەك کە سیستەمی دەستەڵات بە بەردەوامی سەرقاڵی داڕشتنەوە و ڕێکخستنی بوە، بەشێوەیەك کە بەهۆیەوە جێگری و تەمەن درێژی یەکی شەرعی دەست بکەوێت واتە بکرێتە سەنەدێك بۆیە شتنەوەی ڕەوشی باوو، دیارە ئاینیش وەك سیستەمێکی ئیداری – سەرتاپاگیر لەناو سیاقی ئەم مەنزومەیەدا ڕاقەکردنێکی پراگماتیکی وەهای بۆ دەکرێت کە بەهۆیەوە نوقسانیەکانی ئەم دۆخە دیاریکراوە پڕبکاتەوە، بۆ نمونە سروشتی سیستەمی فیودالیزم لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە تێیدا پرۆسەی بەرهەم هێنان لە شکڵێکی کشتوکاڵی سەرەتایدا پەرش و بڵاوبۆوە (سەرەتایی بە بەراورد لەگەڵ کشتوکاڵی قۆناغی مۆدێرنیزم) ئاین لەم بونیادە رۆشنبیریەدا رۆڵێکی کۆمەڵایەتی باڵادەستی بینیوە و وەك سیستەمێکی سەرتاپاگیری ئەلتەرناتیف باربۆری ئەو پەرت پەرت بونە بونیادیەی داوەتەوە کە لە بونیادی ئابوریدا هەبوە، ئەمە جگە لەوەی خودی شێوازی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی سەرەتایی پێویستی بە هەبونی رابیتەیەکی ڕۆحی پتەوتر هەبوە لەنێوان مرۆڤ و خوادا بەوپێیەی کە لەناوەڕۆکی ئەم پەیوەندیەدا مرۆڤ چاوەڕوانی بەخشندەیی سروشت (خودا) ی کردوە، هەربۆیەش سروشت هەژمونێکی گەورەی بەسەر بیرو کرداری مرۆڤدا هەبوە، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی هاوکێشەی بەرهەم هێنانی چەرخی تازەیە کە تێیدا مرۆڤ دەکەوێتە چەقی پرۆسەکەوە و ئەوەندەی مرۆڤ بونەوەرێکی بەرهەم هێنی پوزەتیڤە ئەوەندە کاریگەرێکی گۆڕەر و ئامادەکەر نییە. هەڵبەت چەقێتی سروشت (خودا) لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی چەرخی کۆندا دابنەمۆی ئەو مەنزومە فکریە بوە کە چەمکی تاکانەیی (وحدة) ی خودا وردەکاتەوە بەناو کۆڕی پەیوەندیەکاندا و ئاسۆیەکی فکری سەرتاپاگیری وەها دەخولقێنێت کە تەنها جێگەی هەقیقەتێکی ڕەهای تێدا دەبێتەوە. دیارە بە تێبینیکردنی ئەو تێگەیشتنە تایبەتە (دوگمایەی) کە ئەم ئاسۆ فکریە هەیەتی بۆ چەمکی هەقیقەتیش. بەتایبەتی کە هەقیقەت لەوەها ئاسۆیەکی فکری سەدەکانی ناوەڕاستدا بریتیبوە لە دۆزراوەیەکی خودای بۆ هەتا هەتایە، لە ئاستێکی ئەوەندە ئەبستراکتدا کە هەرگیز قابیلی گومان کردن نەبێت، لەوەختێکدا لەدوای وتە بەناویانگەکەی (فرنسیس بیکون ١٥٦٤–١٦٤٢) کە دەڵێت:

(هەقیقەت کچی زەمەنە) دیدگای چەرخی تازە چیتر مامەڵەی لەگەڵ ئەم چەمکەدا وەك شتێکی ئامادە و ناکۆتا دەکرد بەڵکو بەردەوام مامەڵەیەکی ڕێژەییانەی لەگەڵدا دەکرد، بەو پێیەی کە هەموان خاوەنی هەقیقەتی تایبەت بە خۆمانین و گوتاری هەقیقەتیش ئەوەندەی گوتاری ئاشکراکردن بوە ئەوەندەش گوتاری شاردنەوە بوە لە مێژوو[٤٠].

واتە لە بنەڕەتدا هەقیقەت وەسفەیەکە کە ئیدراکی مرۆڤایەتی لە فەزایەکی رۆشنبیری دیاریکراودا بۆ شتەکان هەیەتی، ئەگینا خودی هەقیقەت رەهەندێکی گەردوونی سەربەخۆ نییە، بەڵکو خولاصەی تەماشاکردنی جەماعەیەکی بەشەری دیاریکراوە لە زەمەنە و شوێن و کلتورێکی تایبەتدا.

دیارە بۆ رێگەگرتن لە خەبەربونەوە بەسەر ناکۆکی و ئالۆزیەکانی ژیاندا، ئاین بە پشت بەستن بە کەلەپورێکی فەلسەفی و عەقائدی دەوڵەمەند کرابوە سیستەمێکی تەواو لێنەبوراو دەستەڵاتخواز، لە فەزای سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاین هەڵگری مەرجەعیەتێکی خواوەندی مەزن بوو کە بەهۆیەوە شەرعیەتی خۆی بە دونیایەك پەیوەستی میتافیزیقیەوە بە خواوەندەوە بەستبۆوە، بەمەش لەم دونیادا لە ناوزەریایەك لە پیرۆزی بێ رەقیب دا مەلەی دەکرد. هەڵبەت مادامێك خودی مەسیح بەرجەستەبونی خواستی خواوەندبوە لەسەر زەوی بەوپیەش کەنیسە مەملەکەتی خوداوە لەم دونیاداو بێگومانیش پاپا نوێنەری خودا بوە لەم مەملەکەتەدا. ئەمە جگە لەوەی کە کەنیسە وەك هەموو دەزگایەکی ئایینی دیکە کاڵا روحیەکانی مرۆڤی دەستەبەر دەکرد هەروەکو چۆن بازاڕ کاڵا مادیەکان دەستەبەر دەکات (بە دەربڕینی ماکس فیبر). هەربۆیە قورساییەکانی ئاین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوەندە لەسەر دونیای خۆرئاوا قورس ببو کە چیتر پنتێك یان سوچێك نەمابوو کە دەستەڵاتی کەنیسەی تێنەکەوتبێت، ئاین ببوە چاودێرێك کە لە دایك بونەوە تاوەکو مردن چاودێری تاکەکانی دەکرد. ئەو تاکانەی کە لەناو بۆتەی ئەو چەمکەدا دەتوێندرانەوە کەمەسیحیەت بۆ جەماعەی هێنایە گۆڕێ، چەمکێك کە یەکەیەکەی ئیرادەی ئازادی تاکەکەسەکانی لەبەردەمدا دەکرانە قوربانی.

ئەگەرچی لە رووی میتۆدیەوە هاوڕێك نین لەگەڵ بیردۆزی مل کەچێتی سەرخانەکانی کۆمەڵگە بۆ بونیادە ژێرخانەکانی، وەك ئەوەی لە پرەنسیپەکانی مارکسیەتدا هەیە، بەڵکو باوەڕمان بەو پەراوێزە گرنگە هەیە لە سەربەخۆییەت کە دیاردە سەرخانەکانی کۆمەڵگە بۆی فەراهەم دەبێت. بەشێوەیەك دەکرێت کاریگەری لەسەر بونیادی ژێرخان خۆیشی بەجێبهێڵێت، بەڵام دواجار دەمانەوێت بڵێین کە ئاین لە فەزای رۆشنبیری سەدەکانی ناوەڕاستدا تاڕادەیەك رەنگدانەوەی ئەو دۆخە ئابوری و کلتوریەیە بوە کە پەیوەندیەکانی هێز لە کۆمەڵگەدا گیانیان بە بەرداکردوە، ئەگەرچی هەر لەسەر ئەو ئەتروحەیەی کە پێدەچێت یەکێك بێت لە دەست کەوتە گرنگەکانی قوتابخانەی (فرانکفورت) کە مەرج داری سەرخان و ژێرخان هەڵدەوەشێنێتەوە و ئاوڕێکی جدی لە کاریگەری ئەو مەنزومە فکریانە دەدەنەوە کە ماوەیەکی درێژ مارکسیەت بە ئاوێنەیەکی دەقاودەقی مێژوی لەقەڵمی دەدان.

دەڵێن کە خودی ئەم ئتروحەیە هێندەی مەبەستی لە سروشتی ئەو سەرخانانەیە کە لەناو سیاقی ژێرخانی مۆدێرنیزم دا سەریان هەڵداوە، ئەوەندە مەبەستی لە سروشتی سەرخانی سەدەکانی پێش مۆدێرنیزم نییە. چونکە ئەو فراوان بون و ئالۆزیە تیوریەی لەناو هەیکەلی سەرخانەکانی مۆدێرنیزم دا رووبان داوە کە بەهۆیەوە قودرەتی سەربەخۆبون و رێژە گەرێتیان لە جەبرەیەتی ژێرخانەکان پێوەرگرت، هەرگیز درێژناکرێتەوە بۆ ناو فەزایەکی هەژاری وەك سەدەکانی ناوەڕاست.

هەڵبەت سنوردارکردنی دەستەڵاتی ئاینی لەناو شانەکانی ژیانی مەدەنیدا، کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەوهەری لەناو خودی سیستەمی ناوەکی ئاینیدا دروست کرد، بەوپێیەی گۆڕانە ئەبستمۆلوجیەکانی چەرخی تازە بەتەنها تێك شکانی پەیوەندی ئاین نەبوو بە چواردەورە مادی و مەعنەویەکەیەوە (دیارە لەرێگەی داهێنانی چاوگی دیکە بۆ مەشروعیەت و کەنالی دیکە بۆ رێکخستن و ئارامگیری) بەڵکو مایەی رووداندنی کۆمەڵێك وەرچەرخانی جەوهەریش بە لەناو مەنزومەی فکری ئاین خۆیدا. چونکە دەرهێنانی ئاین لەناو پانتایی ململانێ بەرژەوەندخوازەکانی کۆمەڵگەدا، یاخود رزگارکردنی ئاین لە بەکارهێنانی پراگماتیکیەکانی گروپە کۆمەڵایەتیەکان، واتە سەندنەوەی چەمکی ئاین لەدەست هێزە جەنگاوەرە ململانێ خوازەکانی ناو کۆمەڵ، کەفیل بو بە پاك بونەوەی ئاین لە دونیایەك رەهەندی لێکنراو، ئەو رەهەندانەی گروپ و توێژو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ناو مێژوو بۆ پتر سەقامگیرکردنی پایە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان و بۆ بە شەرعیکردنی ململانێ نەرجسیەکانیان پێیانەوە لکاندبوو.

دیاره خودی پاشه‌کشێی ئاین له قۆلایه‌کانی شانه‌کانی ژیانه‌وه بۆ که‌ناره‌کانی مه‌رگ، پەیوەندیداربوو به ساغ بونه‌وه‌ی ره‌هه‌ندی مێژوگه‌ڕێتی ئاینه‌وه، واته ده‌رئه‌نجامی ئه‌و پرۆسه زانستی و فه‌لسه‌فی‌یه بو که سه‌لماندی ئاین له پرۆژه‌یه‌کی به‌ڕێوه‌بردنی مێژوی که مرۆڤایه‌تی له قۆناغێکی دیاریکراوی گه‌شه‌ی خۆیدا پێگه‌یشتوه، زیاتر نی‌یه، هه‌ربۆیه هه‌ڵگێشانی ئاین له خاکه میتافیزقی‌یه‌که‌ی خۆی بایی بێهوده‌بونی ئاین بو له گێڕانی جه‌نگه به‌رژه‌وه‌ندخوازه‌کانی کۆمه‌ڵگه، به وه‌کاله‌ت، واته له‌گه‌ڵ به‌مێژووبونی ئایندا، چیتر ئاین له‌وه که‌وت که وه‌ك ماسکێکی شه‌رعی، توێژ و گروپه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان جه‌نگه‌کانی خۆیان له پشته‌وه ئه‌نجام بده‌ن.

ده‌قاوده‌ق له‌گه‌ڵ ئه‌م وه‌رچه‌رخانه مێژوویه‌دا هه‌ڵبه‌ت به پشت به‌ستن به که‌له‌پورێکی ده‌وڵه‌مه‌ند (چه‌مکی لێبوردن) به مه‌ودا ئاینیه‌که‌ی سه‌ریهه‌ڵدا، که ده‌ڵێین به پشت به‌ستن به که‌له‌پورێکی ده‌وڵه‌مه‌ند له‌م بواره‌دا مه‌به‌ستمان ئه‌و په‌یوه‌ندیه ئۆرگانیه که چه‌مکی لێبوردن له‌گه‌ڵ چه‌مکێکی پێش خۆیدا هه‌یه‌تی که چه‌مکی (جیاوازی) یه له‌ناو فکری تازه‌ی خۆرئاوادا، چه‌مکێك که جوڵانه‌وه‌ی زانستی له رێگه‌ی ئه‌زموونه‌کانیه‌وه سه‌لماندنی که جیاوازی هه‌ڕه‌شه‌یه‌ك نی‌یه له‌سه‌ر رژێمی کۆمه‌لایه‌تی به‌ڵکو پره‌نسیپێکی سروشتی گه‌ردوونه[٤١]. هه‌ڵبه‌ت جگه له پێشینه فه‌لسه‌فی و گۆڕانه بونیادیانه‌ی رێنسانس له‌ناو فه‌زای فکری و واقعی ئابوری‌دا خولقاندنی که به‌هۆیه‌وه چه‌مکی تاکی ئازاد له هه‌ردوو ئاستی ئابوری و کۆمه‌لایه‌تی‌دا ده‌رکه‌وت.

بۆئه‌وه‌ی چه‌مکی جیاوازی به ته‌واوه‌تی خۆی پراکتیزه بکات پێویستبو چه‌مکێکی وه‌ك (لێبوردن) بهێنرێته ئاراوه. چونکه ·لێبوردن) بریتی بوو له به‌جێهێشتنی پانتاییه‌ك بۆ جیاوازی، جیاوازیش به‌دوور له دونیای ده‌مارگیری و له مه‌مله‌که‌تی لێبوردندا ده‌ژیا. هه‌رچه‌نده ده‌مارگیری دۆخێکی سیسۆ – کلتوی وه‌ها بو که ده‌سته‌لاتی سیاسی له ده‌رئه‌نجامی سه‌پاندنی بیروباوه‌ڕێکی دوگمای‌دا به‌سه‌ر کۆمه‌ڵدا ده‌یخولقاند، واته ده‌مارگیری خاسیه‌تێکی ناوه‌کی ئاینی نه‌بوو، به‌قه‌ده‌ر ئه‌وه‌ی خه‌سڵه‌تی ئه‌و په‌یوه‌ندیه راقایی‌یه – پراکتیزه‌یه بوو که هێزه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان له ساتێك له ساته‌کاندا ئاینیان به کۆمه‌ڵگه‌وه پێئه‌به‌سته‌وه[٤٢].

له‌م هاوکێشه‌یه‌شدا بڕی ده‌مارگیری ئاینێکی دیاریکراو یه‌کسان بو به بڕی ئه‌و قه‌یران و بن به‌ست بونه بونیادیه‌ی کۆمه‌ڵگه له ساته‌وه‌ختی ئه‌م په‌یوه‌ندیه‌دا تووشی هاتوه، هه‌ڵبه‌ت تێکه‌ڵ کردنی ئاین به ورده‌کاریه ململانێخوازه‌کانی ناو کۆمه‌ڵگه، یاخود داگرتنی ئاین له پایه رۆحی‌یه تایبه‌ته‌که‌یه‌وه بۆ ناو هه‌ڵومه‌رجه گشتی‌یه‌کانی ناو کۆمه‌ڵگه، مه‌رجی سه‌ره‌تا و کۆتایی ده‌مارگیری ئاینی بوو به‌وپی‌یه‌ی که دواجار خودی تێکسته ئاینی‌یه‌کان به‌بێده‌نگی له‌به‌رده‌م خوێندنه‌وه و راڤه‌کردنه جۆره‌به‌جۆر و به‌رژه‌وه‌ندخوازه‌کانی کۆمه‌ڵدابوون. ده‌مارگیری چی بوو جگه له سه‌پاندنی راڤه‌کردنێکی تاك ره‌هه‌ند که ده‌ربڕی ته‌ماحه‌کانی توێژێکی دیاریکراوی مێژووییه به‌و سیفه‌ته‌ی که دوا راڤه‌کردنه و ده‌سته‌لاتی سیاسیش وه‌ك بیروباوه‌ڕی ره‌سمی خۆی به زه‌بری هێز وه‌ك تاکه نمونه‌یه‌ك بۆ یاسادانان و ژیانی سیاسی ده‌وڵه‌ت ده‌یسه‌پێنێت. به‌تایبه‌تیش که ده‌مارگیری دیارده‌یه‌کی ئاینی نی‌یه به‌قه‌ده‌ر ئه‌وه‌نده‌ی دیاریده‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی – مێژووییه[٤٣].

چه‌مکی لێبوردن به دژایه‌تی‌کردنی له‌گه‌ڵ عه‌قڵی دوگماتیزه‌بوی سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاستدا سه‌ری‌هه‌ڵدا، دیاره ئه‌وه‌ی ئه‌م چه‌مکه‌شی خسته ئاستی دارشتنی تیوریه‌وه بریتی بو له پەراوی (نامه‌یه‌ك ده‌رباره‌ی لێبوردن) که فه‌یله‌سوفی ئینگلیزی جون لوك له ساڵی ١٦٨٩ دا باڵاوی کرده‌وه. که تێیدا بۆ یه‌که‌مین جار داوای یه‌کسانی کردبوو بۆ مافی هه‌موو تایه‌فه‌کانی ناو کۆمه‌ڵگه‌ی ئینگلیزی، به پروتسانت و کاسولیك و جوله‌که و ... هتد، ئه‌مه‌ش له‌سه‌ر بنه‌مای پرۆژه‌ی جیاکردنه‌وه‌ی ده‌سته‌ڵاته‌کان.

پێویستی چه‌مکی (لێبوردن) له‌وه‌وه هاتبوو که سه‌ره‌تا لانی که‌م ئاستێك بۆ تێگه‌یشتن و قبوڵ کردنی یه‌کتری له کۆمه‌ڵگه‌یه‌کدا ده‌خولقاند که چیتر نه‌گه‌یشتبوه دانانی بنه‌مایه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی دامه‌زراو له‌سه‌ر پره‌نسیپی (هاوڵاتێتی) که مانای پابه‌ندبونێکی دامه‌زراوه‌یی و ده‌ستوریه به یه‌کسانی سه‌رجه‌می هاوڵاتیان به‌رامبه‌ر به سه‌روه‌ری یاسای مه‌ده‌نی، به‌بێ حساب کردن بۆ ئینتما ئاینی و نه‌ژادی و ره‌گه‌زی .. هتد. یه‌کسانیه‌کی دامه‌زراوه‌یی

کەتاکە کلیلێکە لە سروشتی ئەو رژێمە کۆمەڵایەتیەی لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا باوە و چیتریش لەسەر بنەمای تاك رەهەندی و هەرەمگیری چینایەتی و تایەفەی نەوەستاوە. دۆزینەوە و داهێنانی شێوازی مەدەنیەکانی رێکخستنی ژیان واتە گۆڕینی مەرجەعیەتی حوکم لە بونیادە ئاینیەکەوە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی و مشروعیەت پێدانی دەستەڵات لەناو کۆمەڵگەوە و لە رێگای مافی هەڵبژاردنی ئازادەوە، کە هاوکات بو لەگەڵ بە مرۆڤایەتی بونی وزە ئابوریەکانی ناو سروشت واتە دەست بەسەردا گرتنی سروشت و گواستنەوە لە کشتوکاڵی سەرەتاییەوە بۆ پرۆژەی بەئامێرکردن و دواتر بۆ پیشەسازی[٤٤].

کە دیارە دووچاوگی مرۆڤانەی ئابوری بون و خودی مرۆڤ دەکەوێتە چەقی پرۆسەکەیەوە. ئەمەش پتر متمانەی بۆناو ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ گێڕایەوە و بڕی پشت بەستنی بە هێزە میتافیزیقیەکان کەم کردەوە. بەمەش چەمکی لێبوردن بەشێوەیەکی سروشتی خۆی هاویشتە ناو فەزای فکری چەرخی تازەوە.

* * *

بۆئەوەی پتر رێژەگەرێتی چەمکی ئاینمان لە مێژووی شارستانیەتی خۆرئاوادا بۆ دەربکەوێت بەو سیفەتەی کە ئاین وەك دالێك بە درێژایی ماوە زەمەنیەکان یەك مەدلولی دیاریکراوی نەبوە لەناو فکری خۆرئاوادا ج جای لەنێوان دوو سەردەمی جیاوازی وەك سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەکانی هاوچەرخ دا کە بە کۆمەڵێك دابڕانی ئەبستمۆلۆجی جودا دەبنەوە. ئەوا تەماشایەکی بەراوردکانەی چەمکێکی دێرینی تری فکری خۆرئاوا دەکەین ئەویش چەمکی (عەقڵ) ە هەڵبەت ئەم چەمکە لە سەرەتاکانی گەلاڵەبونیەوە لە فەلسەفەی یونانیدا لای سوکرات و ئەرستۆ چەمکێکی ئەبستراکتی وەها بوە کە خاوەنی هێزێکی ناکۆتابووە، بەشێوەیەکیش کە لەو سەردەمەدا نەزعەیەکی عەقڵی هەژموونخواز لەئارادابو بۆ پێوانەی هەموو نمونە فکریەکان، بەو ڕادەیەی ئەم چەمکە لە سنوری ئامرازیە بیرکەرەوەیەکی تێپەڕی کردبوو بگرە لە مەودایەکی دیکەدا خودی مەعریفە خۆی لێدەپاراست[٤٥].

بە مانایەکی دیکەش سەرجەمی دەرئەنجام و بەرجەستەبوەکانی بە هەقیقەتی نەگۆڕ تەماشادەکرا، پاشتر چەمکی عەقڵ بە کۆمەڵێك مانای تر خۆی نمایش کرد وەك پرەنسیپێك، وەك سستەمێك تێکەڵ بە دیاردە گەردوونیەکان، دواتر وەك خولقێنەرێك، دیارە ئەم چەمکە بە هەمان شێوەی چەمکی ئاین لەگەڵ ئەو مەنزومە فکریە جۆربەجۆرانەدا خۆی گونجاندوە کە تێیدا ژیاوە.

ئەوەتانێ لە سەردەمی زێڕینی لاهوتی مەسیحیەتدا کەلە قۆناغی (قدیس ئوغستین) دا بەرجەستە دەبێت چەمکی (عەقڵ) بەقورسایەکی هاوشێوەی قۆناغی ئیغریقیەوە دێتەوە مەیدان بەڵام بە مانایەکی تەواو جیاواز لای ئوگستین عەقڵ مەرج دارە، بە چەمکێکی ئورگانی تەرەوە کە چەمکی (ئیمانە) ئیمان ئەولەویەتێکی ئۆرگانی وەهای لەگەڵ عەقڵدا هەیە کە یەکتری تەواودەکەن، عەقڵ بەتەنها توانای گەیشتنی نییە بە هەقیقەتی کامل بۆئەوەشی بیربکەینەوە دەبێت سەرەتا باوەڕبهێنین[٤٦]. ئوگستین دەیگوت: باوەڕبهێنە تاوەکو بیربکەیتەوە[٤٧]. بەم پییە ئیمان هەمیشە پێش عەقڵ ئەکەوێت ئەوەشی لەسەر ئەقڵە لە دواید ا بریتییە لە قایم کردنی جێپییەکانی خودی ئیمان.

لە ساتەوەختی دیکارت دا سەرلەنوێ عەقڵ لێپرسراو دەکرێت بە توانایەکی لەڕادەبەدەری وەها کە هەرگیز قابیلی گومان لێکردن نییە، دیارە وەها تەماشاکردنێکی نەزعەی عەقڵی سەرەتاکانی چەرخی تازە بۆ چەمکی (عەقڵ) بەرکاری ئەو دۆخە نامەسئولانەیەبو کە عەقڵی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تێکەوتبوو. هەڵبەت بەکارهێنانی وزە شاراوەکانی عەقڵ لە سەردەمانی چەرخی تازەدا بیرۆکەی رەخنە لەخۆگرتنی لەبیری عەقڵ بردبۆوە. بەشێوەیەك کە هورکایمەر پێی وابو کە خودی رۆشنگەری بەشێوەیەك لە شێوەکان چەمکی عەقڵی شاردبۆوە[٤٨]. ئەکەرچی دواتر لەگەڵ سەقامگیربونی پرۆژەی سەرمایەداریەت دا خۆرئاوا چیتر عەقڵ ی بە رەهەندێکی ئامرازگەرایی وەهاوە لکاند کە تێیدا سەرجەمی توانا بۆ خستنەگەڕی ماکینەی

بەرهەم / بەرخۆری سەرمایەداریەت تەزیف بکات. ئەمەش مەنزومەیەکی فکری وای دەخولقاند کە عەقڵ ی دەکردە پرەنسیپێکی سەردار هابرماز پێی وایە کە عەقڵی ئامرازگەرایی هاوچەرخ دەرئەنجامی ئەو عەقڵانیەتە خودێتیی کە بونیادی کۆمەڵایەتی – پیشەسازی دروستی کردوە. بەهۆیەوە عەقڵ بوەتە ئامرازێك بۆ مل کەچ پێکردنی کردنی مرۆڤ لەبەردەم چەمەکانی عەقڵدا کە شکڵکی پەیوەندی یاساو رێسا رۆشنبیریە کۆمەڵایەتیەکانی وەرگرتوە[٤٩]. دیارە هابرماز بۆخۆی داوای پێك هاتنی عەقڵێکی رەخنەی – گریبەندی دەکات کە بە دیدێکی رەخنەییەوە، تەماشای هەموو دیاردە فکری و کۆمەڵایەتیەکان بکات، کە ئەمەش لە بۆچونی ئەودا کاتێك رووئەدات کە عەقڵ دابڕانێکی رەمزی لەگەڵ ئەو دیاردانەدا بکات و مەسافەیەك لەنێوانیاندا دابنێت تاوەکو رخنەکاری خۆی ئەنجام بدات، دیارە لە پرۆژەیەکی فەلسەفەی وەهادا کە باس کردنی لەتوانای ئەم باسەدانییە.

* * *

بۆ تێگەیشتن لەو ئاستە مەدلولیەی کە ئاین لە دەرئەنجامی گۆڕانە ئەبستمۆلوجیەکانی سەدەکانی تازەدا تێی کەوت، واتە بۆئەوەی بڕی ئەو پاشەکشی و چیەتی ئەو راقەکردانە بزانێت کە مەنزومەی فکری تازەی خۆرئاوا بۆ سیستەمی ئاینی کردی، ئەوا هەڵوێستەیەك لەسەر ئەو جومگە تیوریەی سەدەی هەژدەهەم دەکەین کە لە (جان جاك روسو) دا بەرجەستەبوە. بێگومان کەشف کردنی رەهەندە سیۆ – مێژوویەکان ی دیاردەکانی ناو دونیاو بە مەدەنی کردنی چەمکەکان خودی ئاینیشی گرتەوە، واتە ئاین دیاردەیەك، چەمکێك نەبوو لە دەرەوەی کاریگەری هەلومەرجە تازەکان. (روسو) پرۆژەیەکی تیوری لەسەر ئاینی ئامادەکرد کە ناوی نابوو (ئاینی مەدەنی). هەڵبەت ئەو بەهایەی روسو لەئایندا بەدوایدا دەگەڕا بە هایەکە وەك فاکتەرێکی سیاسی لە ژیانی دەوڵەتدا واتە تەوزیف کردنی ئاینەبۆ خزمەت کردن بە یەکێتی جەستەی کۆمەڵایەتی و سیاسی[٥٠]. بەوپییەی دەرهێنان و پەرەپێدانی ئەو رەهەندانەیە لە ئایندا کە خزمەتی ئەم لایەنەدەکات، بۆ نمونە روسو رەخنەی لە ئاین دەگرت بەو سیفەتەی کە لەسەر لوجیکی هەڵە و راستی دامەزراوە و سەرقاڵی ئاراستەکردنی ئینتمای خەڵکە بۆ پەرستنی خودا و مل کەچ پێنەکردنی بۆ هیچ پێك هاتەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، جگە لە هاندانی گیانی نالێبوردن[٥١].

ئاینی مەسیحی لای روسو هەموو پەیوەندیەکی تاکی بە جەستەی سیاسیەوە فەرامۆش دەکرد و خزمەتی نەدەکرد، بۆیە روسو سەرقاڵی پێشکەش کردنی سیفەتێکی دیکەی ئاینی (مەدەنی) بو کە هاوڵاتی و دەوڵەت پێکەوە گرێبدات.

(ئەو مافانەی دەوڵەت لە پەیماندا لەی کۆمەڵایەتیدا دەستی دەکەوێت سفوری بەرژەوەندیە گشتیەکان تێناپەڕێنێت، دەوڵەت زۆری مەبەستە کە هەموو هاوڵاتیەك ئاینی تایبەت بەخۆی هەبێت و ئەرکەکانی خۆی بەجێبهێنێت، بەڵام بیروباوەڕەکانی ئەم ئاینانە جێگای مەبەستی دەوڵەت نیە بەقەدەر ئەوەی ئەوانەی پەیوەندی بە ئەخڵاقیات و ئەرکەکانی ئەو کەسانەوە هەیە کە هەڵگری ئاینەکەن، بەرامبەر بەوەی لەبەردەم خەڵکیدا دەیکەن، واتە دەوڵەت خەمی چارەنووسی تاکەکانی نیە لە دونیادا، بەو مەرجەی لەم دونیادا هاوڵاتی صالح بن، دەوڵەت بۆی هەیە هەموو ئەوانە لە ئەدامێتی خۆی دەربکات کە باوەڕیان بەم مادانە نیە بەوپییەی کە قابیلی هاوبەشێتی کۆمەڵایەتی نین و توانای خۆشەویستی یاسا و عەدالەتیان نیە و بەئیخلاسەوە قوربانی بە ژیانیان نادەن لەپێناوی ئەرك دا ئەگەر پێویستی کرد، ئەگەر بە ئاشکرا دانی بەوەدا نا کە باوەڕی بەم مادانە نیەئەوا سزاکەی لە سێدارەدانە[٥٢].

ئەم تێکستەی (روسو) دا ئاین بایی ئەوەندە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە بخرێتە خزمەت بەرژەوەندی گشتی و خۆشەویستی و ئەرك و مل کەچی بۆ یاسا پەرەپێبدات. دیارە یاسا بەمانا مەدەنیەکەی کە ئەمەش جەوهەری گۆڕانی وەزیفەی ئاینە لە خزمەت کردنی چەمکی مل کەچێتی لە یاسای خوداوە بۆ یاسای مەدەنی ئەگەر مۆدێرنیزم بە دەربڕینی (ماکس فیبر) ئەخلاقی باوەڕهێنانی گۆڕی بە ئەخلاقی لێپرسراوێتی و چەمکی واجبی هێنایە بری چەمکی نیەت[٥٣]. ئەوا ئاینیش لەم فەزا رۆشنبیریەدا ناچار کرا کە بە ئۆکسجینی مەدەنی هەناسە بدات و مەودا مەدەنی و یاساییەکانی ئەرکی

کۆمەلایەتی تەرخان بکات. ئاینی مەدەنی لای روسو بریتی بوو لە پیادەکردنێکی دیاریکراو بۆ چەمکی ئاین لە راڤەکردنێکی وەهادا کە بچێتە خزمەت بە دەوڵەت بەو مەرجەی پارێزگاری لە ئازادی بیروباوەڕی تاکەکان بکات و بتوانێت سۆزی ئاینی بگۆڕێتە سەر دەوڵەت و دەستەلاتە بالاکەی، بەو واتایەی کەفیل بێت بە پێکەوگرێدانی گۆشتی جەستەی کۆمەلایەتی، روسو دەڵێت: دەوڵەت بە تەبیعەت پێویستی بە ئاین نییە بۆ دروست بون، بگرە دەستەلاتی دەوڵەت شەرعیەتی خۆی لە دەستەلاتی ئاینەوە وەرناگرێت ئەگەر ئاینیش زەرورەتێکی هەبێت بۆ دەوڵەت ئەوا زەرورەتێکی میکانیزمی بوە[٥٤]. نەوەك دامەزراوزەیی. بەم جۆرە پرۆژەی ئاینی مەدەنی لای رۆسو دەربڕی سروشتی ئەو ئاستە مەدلولیەیە کە ئاین لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا تێدەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە بە درێژایی چەرخی تازە و تا سەرەتای سەدەی بیست، فکری ئاینی و بونیادی ئاین روبەڕوی کۆمەڵێك گورزی کوشندەبۆوە کە بە هۆیەوە لە فەزای رۆشنبیری خۆرئاوادا ئەبستراکت کراو وەزیفە کۆنەکەی لێسەندرایەوە، بەتایبەتی لە دوای ئیهانەی کۆپرنیکۆسەوە، ئیهانەیەکی تر یەخەی بە ئەبسمی باو گرت کە بە ئیهانەی بایالوجی ناوزەد دەکرێت و لە ساتەوەختی (داروین) دا بەرجەستە دەبێت مرۆڤ پێش دۆزینەوەی داروینی پێی وابو کە بەرزترین و جوانترین بونەوەری گەردوونە بەمەش فاصیلێکی گەورەی لەنێوان خۆیی و باقی گیاندارانداا دروست کردبوو، داروین دەریخست کە ئەو و مەیمون یەك بنەڕەتی هاوبەشیان هەیە، بەمەش بریندارییەکی گەورەی خستە سەر منی مرۆڤایەتی و وەك بەیانێك وابوو دژ بە ئامۆژگاریەکانی ئینجیل[٥٥]. بەمەش دیسانەوە مرۆڤ ناچاربو بە کلتور و رۆشنبیری خۆیدا بچێتەوە چونکە دوای داروین وەك (فرانسوا جاکوب) دەڵێت: ناتوانین تەماشای مرۆڤ بکەین بە هەمان دیدگای پێشترەوە[٥٦]. ئەمە جگە لە هاتنی (فیورباخ) کە هاوکات بو لەگەڵ داهاتنی راڤەکردنێکی مرۆڤانەیی بۆ ناوەرۆکی ئاین و بیرۆکەی سەرەتایی ئاین، بەوپێیەی کە دەربڕینی تەماحە بڵندبوەکانی ئەو مرۆڤە لاوازەیە کە دەخوازێت بە وێنەیەکی ئەلتەرناتیف باربۆی نکوصی خۆی بە مەزنی و نەمری بداتەوە. دیارە هاتنی مارکس کە درێژکراوەی بۆچونەکانی (فیورباخ) بو لە بواری ئایندا، لەگەڵ خۆیدا ئیهانەیەکی دیکەی هێناو بە ئیهانەی ئابووری لەقەڵەم دەدرێت، رۆڵی ئابووری یاخود ململانێی چینایەتی بوە ئاماژە و دروشمی چەرخێك کە بەتاڵ کرابوە لە ئاماژەی ئاینی، ئەگەر پێشتر مرۆڤ پێی وابو کە ململانێی دەمارگیری و ویستی خودای یاخود ململانێی نەژادی جوڵێنەری مێژوە، ئەوا مارکس پێی وابو کە ململانێی چینایەتی بزوێنەری مێژووە لەنێوان ئەوانەی کە کەرەستەی بەرهەم هێنان و دەستەلاتیان لایە و لەنێوان ئەوانەی کە هیچیان نییە جگە لە هێزی کار نەبێت[٥٧].

دواتر فرۆید هات و ئیهانەی شیکردنەوەی دەرونیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، پێش شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ پێی وابو کە جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە و بەهۆیەوە سلوکێکی هۆشمەندانە و عاقڵی هەیە. فرۆید لەگەڵ دۆزینەوەی (نەست) دا سەلماندی کە منی مرۆڤایەتی تەنانەت لەناو ماڵی خۆشیدا سەردارێکی رەها نییە، بەمەش گورزێکی گەورەی لە خۆبەزل زانی مرۆڤدا و بیری خستەوە کە ئەو مل کەچی رەنجەکانێتی نەك عەقڵی.

دیارە بە درێژایی سێ سەدەی هاوچەرخ (١٦٠٠–١٩٠٠) کۆتایی نمونەیەکی مرۆڤانە هات و دواجار نمونەیەکی دیکەی مرۆڤ و ئەبستمیەکی تازە لەدایك بو کە بە مرۆڤی چەرخی تازە ناوزەود دەکرێت، چونکە سەرجەمی ئەو ئیهانە و دابڕان فیکری و ئەبستمولوجیانە شان بە شانی گەشەسەندن و سەرهەڵدانی شێواز و سیستەم و میکانیزمی ئابووری و کۆمەلایەتی تازە، بە خۆجیاکردنەوە لەو رێگرە ئەبستمولوجیانەی چەندین سەدە بواریان نەدەدا زانست و ئایدیا و سیتەمی تازە لەدایك بێت، دواجار دابڕانی ئەبستمولوجی و خاڵی نەگەڕانەوە لە کۆی بوارو رەهەندەکاندا دروست بوو، ئیتر سەرلەنوێ دونیایەکی تازە لە منداڵانی دونیا کۆنەکەدا لەدایك بوو (هەڵبەت بە حساب کردن بۆ ئەو سیفاتە بۆماوەییانەی کە کرۆمۆسۆماتی چەرخی کۆن بۆ چەرخی تازەیان گواستەوە).

* * *

سەبارەت بە چەمکی علمانیەت

لە رووی زمانەوانیەوە زاراوە ی (علمانیەت) کە بەرامبەر بە وشەی (Secular) لە زمانی ئینگلیزدا کە واتای جیهانە بە مانا دونیاییەکەی واتە پێچەوانەی هەموو ئاینی و کهنوتیەك[٥٩]. دیارە مانا هونەرییەکەی علمانیش لە بنەڕەتدا بریتییە لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت هەڵبەت هەروەك چۆن سەرجەمی چەمك و تێکستەکان مەدوای مێژووگەریانەی خۆیان هەیە و مانا و مەدلولەکانیان لە خوێندنەوە جیاجیاکان و بەسەردەمە گۆڕاوەکان دەگۆڕێت، ئاوهاش ئەم پێناسە هونەرییە لە سەرەتادا بۆ علمانیەت کراوە کە بریتییە لە (جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت) پێویستە بخرێتە ناو سیاقە مێژوویە – کلتوریەکەیەوە، تاوەکو لە سروشتی ئەم وەڵامدانەوە مێژوویە بگەین کە ئەم چەمکە دەربڕێتی، مەبەستمانە بڵێین علمانیەتیش وەڵامدانەوەیەکی مێژویە کە خودی مرۆڤایەتی لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییدا بۆئەو قەیرانەی بەرهەم هێناوە کە لە دەرئەنجامی تێکچڕژانی دەستەڵاتی ئاین بەدەستەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگەدا خوڵقاندوویەتی[٦٠].

. کە دەڵێین دەبێت ئەم پێناسەیە بخرێتە ناو سیاقە مێژویە – کلتوریەکەیەوە مەبەستمان لەوەیە کە خودی ئەم پێناسەیە مەرجە مەدلولی باوی ئەو ئاینەوە ببەسترێتەوە کە لە ساتەوەختی پێناسەکەدا لە ئارادابوە ئەمە جگە لە مەدلولی چەمکی دەوڵەتی ئەوساش پاشان حساب کردن بۆ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوریەی لەم ساتەوەختە لەئارادابوە.

بێگومان ئەو نهێنییەی لە ناوکرۆکی ئەم پێناسەیەدا بە نەگۆڕی ماوەتەوە (نەگۆڕ بە مانا رێزمانی – زمانەوانیەکەی) سەبارەت بە هەنوکە و راڤەکردنی ئەم ساتەوەختە، (چەمکی ئاینە) لە سەردەمی سەرهەڵدانی پێناسەکە و هەنوکەدا. ئاشکرایە مێژووی تیوریزەکردنی علمانیەك چ وەك چەمك چ وەك پێناسە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، ئەمەش ئاماژەیەکی حاشاهەڵنەگرە بە مل کەچێتی ئەم پێناسەیە بۆ ئەبستمی سەدەی حەزدەهەم.، ئەبستمیەك کە چەمکی ئاین و دەوڵەت تێیدا دوو مانای جیاواز دەبەهێشن بە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی تردا، ئەبستمی سەدەی حەڤدە دەقاودەق هەڵگری دیدگایەکی کابوسییە بەرامبەر بە چەمکی ئاین.، ئاین لەم ئەبستمەیەدا ئاماژەیە بە ئەختەبوتێکی ئەوەندە سەرتاپاگیر کە بە بیانوی نوێنەرایەتی کردنی ئیرادەی خواەندەوە، بەرژەوەندی دونیای توێژێکی دیاریکراوی بە ئەبەدیی و پیرۆز کردەوە و بۆتە بەربەستێکی کۆنکرێتی لەبەردەم هەموو جوڵە و کرانەوەیەکدا، لەسەر ئاستی سیاسیش دەربڕی رژێمێکی تۆتالیتاری – سەرتاپاگیری وەهایە کە بەردەوام تاك لە نێوەندە لۆکاڵیەکان دەردەهێنێت و دەیکاتە کۆیلەی سستەمی دەستەڵات و بونیادی جەماعی، بێگومان سەرتاپاگیریش کۆمەڵگە وەك تۆڕێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێك دەشکێنێت و حاڵەتێك لە جەماوەرێتی سالب دروست دەکات کە تێکڕا لە دۆخێکی بێدەنگی ترسناکدا نقوم دەکات، جگە لەوەی مێژوو دەخاتە بری کۆمەڵگە و بەناوی داهاتووەوە بەهۆی مل کەچ کردنەوە بۆ رابردوو، پانتایی هەنوکە وێران دەکات[٦١].

مادامێك گەڵاڵەبونی مەدلولی ئەم چەمکە (علمانیەت) لە فەزایەکی ئەبستمی و مێژووی دیاریکراودا رووی‌داوە، هەربۆیە ناکرێت ئەم چەمکە بە هەمان شێوە لە فەزایەکی ئەبستمی و مێژووی جیاوازدا یەك مانای پێ بدرێتەوە، بۆ نمونە هەنوکە لە فەزای رۆشنبیری کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا وەزیفەی مێژووی ئەم پێناسە (جیاکردنەوەی ئاینە لە دەوڵەت) کۆتایی پێهاتوە و ئاین لە مەودایەکی رۆحی تایبەتدا بۆ ئیرادەی ئازادی تاك بەجێهێڵدراوە. دیارە بەم دیویشدا دەوڵەت ئەرزیەتێکی مێژووی – دەستوری – کۆمەڵایەتی وەهای هەیە کە ئەوەندە پشت ئەستورە بە میساق و کۆدەنگی دەستوری کە ناچار نییە پەلی هیچ بیانوییەکی میتافیزقی بگرێت بۆ ماناداکردنی هەبوونی.

چەمکی علمانیەت لە رەوشتێکی دیاریکراوی مێژوویدا کە تێیدا ئاین ئامرازێکی مل کەچ پێکەر بوە بەدەست دەوڵەتەوە بۆ بەشەرعی کردنی هەنگاوەکانی، مانای جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەتی گەیاندوە رەنگە لە رەوشتێکی تری جیاوازدا کە ئاین تێیدا بەهایەکی ئەخلاقی هەبێت و د بڕی

پەیوەندیەکی ئاکاری بێت لەنێوان خود – خود/ خود – خۆیی دا وەك ئەوەی لە ئەزموونی هەنوکەیی خۆرئاوادا هەیە[٦٢]. علمانیەتش بریتی بێت لە بی‌لایەن بونی هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر بە ئایین و پارێزگاری کردنی پانتاییە تایبەتەکانی. پاشان خودی علمانیەت رووی جیاوازی هەیە، رووبەکی مەعریفی هەیە کە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە رەتی هەموو ئەو فاکتەرە دەرەکی و میتافیزیقی‌یانە دەکاتەوە کە دەکەوێتە دەرەوەی دیاردە سروشتی و کۆمەلایەتیەکانەوە، واتە رەتی کاریگەرە میتافیزیقیەکان دەکاتەوە لەسەر هەلومەرجە مێژوویی‌یەکان، رووبەکی دامەزراوەیی هەیە کەوا تەماشای ئایین دەکات گە دامەزراوەیەکی تایبەتە بە کاروباری پەرستن و بابەتە پێوەندیدارەکانی رووبەکی سیاسی هەیە کە خۆی لە دابڕانی دەستەلاتی سیاسی دەوڵەت و ئایندا دەبینێەوە، رووبەکی ئەخلاقی – بەهای هەیە کە لە ڕێگەیەوە ئەخلاق و ڕێزدان لە ڕەگ و ریشە لاهوتی‌یەکەی دەکاتەوە و بە مێژووە گرێدەدات[٦٣].

علمانیەت لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا بە وەزیفەی مێژووی خۆی هەڵستا کە بریتی‌بوو لە دابڕانی هەژموونی ئایینی لە جەستەی سیاسی دەوڵەت، بگرە دواتریش دەرهێنانی ڕەگ و ریشە پەل هاویشتوەکەی لەناو فەزای گشتی کۆمەڵگەدا. دەستەلاتی رۆحی علمانیەت (بە زمانی بول بنیشو) هاتە بڵندبون و لەگەڵ بڵندبونەوەی بورجوازیەت لە ئەوروپادا، جگە لە گۆڕانی سەرمایەی ڕەمزی ئایینی بۆ ئاستێکی دروشمی سروشتی[٦٤]. بەو واتایەی علمانیەت گۆڕینی خەسڵەتی حوکم کردنی دەوڵەت نەبو بەتەنها بەڵکو سەرمایەی ڕەمزی فەزای ڕۆشنبیری گۆڕی جگە لە گۆڕینی ئیرادەی خودا کە مەرجەعیەتێکی ئایینی بو بە عەقڵی باڵاو سەردارییەتی جەماوەری[٦٥].

دیارە لە ناوەڕۆکی ئەم هاوکێشە گرنگەی علمانیەتدا، پرۆسەیەکی ئاڵۆز هەیە کە جەوهەری علمانیەتیشە، ئەویش تێك دانی بونیادی پیرۆزییە، ئەگەر پێشتر رێنسانس و کاروانی زانستی خۆرئاوایی ویستبێتی ڕەهەندی پیرۆزی لە مەملەکەتی ئایین دابڕێت، تاوەکو بەهۆیەوە سەرجەمی دونیا لە پیرۆزیەت جیابکاتەوە، ئەوا علمانیەت خودی ئایین کە چاوگی بە پیرۆزکردن بوو لە دەوڵەت دادەبڕێنێت، بەمەش ئامرازی پەیوەندی‌کردنی ئایین بە پانتاییەکە مێژووبیەکەوە دەبچڕێنێت و لە ڕەهەندێکی ڕۆحی‌یدا قەتیس دەمێنێت.

ئەگەرچی (ماکس فیبر) پێی وایە کە مۆدێرنیزم بونیادی پیرۆزیەتی لە بنەڕەتدا تێك نەشکاند بەڵکو گواستیەوە، لە دەرەوەی دونیاوە هێنایەوە ناو دونیا، لە ئایینی سەندەوە و دایی بە زانست، واتە علمانیەت وەك ئاینێکی ئەلتەرناتیف هێنایە گۆڕێ، بەمەش بونیادی ڕەمزی پیرۆزیەتی هەڵنەوەشاند، بەقەدەر ئەوەی گۆڕیی، بە مانایەکی دیکە لە ئەرزیەتێکی میتافیزیقی‌یەووە گواستیەوە ناو ئەرزیەتی دونیاییەت[٦٦]. بەڵام لەم حاڵەتەشدا چەمکی پیرۆزیەتی تەیارکرد بە مەودا مەدەنیەکەی لە درەختە ئاسمانیەکەی کردەوە.

هەرچەندە بەشێکی ئەم پرۆسە ئاڵۆزەی علمانیەت بۆ پاشەکشی پێکردنی ئایینی مەسیحیەت کردی پەیوەندی بە دەرکەوتنی بیرۆکەی نەتەوەیی‌یەوە هەبو لە خۆرئاوادا، واتە بڵندبونەوەی ئەو ڕەوتە ناسیونالستی‌یەی لەگەڵ بورجوازیەتدا پەرەی سەند و دەیوست لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی سەربەخۆدا بەرجەستە ببێت، دیارە ئەمەش پێویستی بە سەربەخۆبون هەبو لە دەستەلاتی کەنیسە، کە سەرەتا بنە پرۆسەی بە نیشتمانی کردنی کەنیسە دەستی‌پێکرد[٦٧].

بەم پێیە وەزیفەی مێژوی علمانیەت کە لە سەدەی هەژدەهەمدا لە (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتدا) بەرجەستەبو، دوای ئەوەی پرۆژەی مۆدێرنیزم ئایینی کورت کردبۆوە بۆ کۆمەڵێك مومارەسەی سروتی. (دەتوانین بڵێین کە علمانیەت سەندنەوەی ئاینە لە دەوڵەت و بەخشینەوەیەتی بە کۆمەڵگە / لە خۆرئاوا ئایین لەدەوڵەت جیانەبۆتەوە/ لە هۆڵندا تا پێشی سالانی ١٩٦٠) و راپەڕینی (١٩٦٨) ڕۆربەی پارتە هولندیەکان ئایینی‌بون/ هەرئەوەندە بەسە کە بڵێین لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا رۆحانیەکی گەورەی وەك (کیرکجورد) هەیە..) (بڕوانە گفتوگۆکەی مەریوان وریا قانع – ئێستا)

ئەرگون دەڵێت ئەو دەستەواژەیەی کە دەڵێت (ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەر و ئەوەش هی

خودایه بۆ خودا) که دیاره جەوهەری تیوری علمانیەتی لەسەر دامەزراوە بەوپیەی کە جیاکردنەوەی پانتایی دەستەلاتی ئاسمانی و دونیاییە، تەمەنی ئەم دەستەواژەیە نزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار ساڵە لەکاتێکدا چەندین سەدە مەسیحیەت بەپێچەوانەی ناوەرۆکی ئەم ئاکۆژگاریەوە قەیسەر و خودای تێکەڵ کردوە و گەوەرترین سیستەمی ئەختەبوتی ئاینی لەسەر زەوی خوڵقاندوە، بەڵام وەختێک گۆڕانکاریە بونیادیەکانی کۆمەڵگە خۆرئاواییەمان لە سەردەمی رۆشنگەریدا پێداچونەوەیەکی هیومانیان بۆ ئاین کردو پرۆژەکانی مۆدێرنیزم و جیاکردنەوەی دەستەلاتەکان و هاتنەکایەی دەستور.. هتد سەریهەڵدا، ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە بو ئیلهامی علمانیترین سیستەم لە جیهاندا) [٦٨]. بەو مانایەی فەزای رۆشنبیری چەرخی تازە توانای ئەوەی هەبو لە ناوەرۆکی ئەم دەستەواژەیەدا ئەو مانا لوجیکە بدۆزێتەوە کە دەربڕی تەماح و پێویستە سوسیۆ – مێژویەکانیەتی. بەبی ئەوەی ناکۆکییەکی جەوهەریش لەنێوانی خودی ئەم راڤەکردنە هاوچەرخە و ئاینی مەسیحیەتیشدا دروست ببێت، مەبەست لە ئاستی ئایدیالی راڤەکردنەکەیە، چونکە دواجار تێکستی ئاینی مەسیحی وەک خۆی ماوەتەوە و ئەوەش گۆڕاوە تەنها راڤەکردنەکانیەتی، بەو واتایەی کە بە زەرورەت پرۆژەی هاوچەرخێتی بە دژایەتیکردن لەگەڵ بیروباوەڕی مەسیحیدا نەهاتە گۆڕێ، بەڵکو ئەم پرۆژەیە درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی پرۆسەی راڤەکردنی تێکستی مەسیحی بوو، بەڵام بە جۆرێک کە پێداویستیەکانی چەرخ دەیخواست. چونکە هیومانیەکان و رەوتە هاوچەرخەکانی سەردەمی رۆشنگەری پێیان وابو کە لە خاچ دانی مەسیح و تێک شکانی لەم دونیادا ئاماژەیە بەوەی کە دواجار کاروانەکە بە ئازادی بۆ مرۆڤایەتی جێهێڵراوە، بەو مانایەی کە خودا بە پشتگیری نەکردنی مەسیح ویستویەتی کە بە مرۆڤایەتی بڵێت کە چارەنوسی لەسەرزەوی لەدەستی مرۆڤ خۆیدایە، تەنانەت مەسیح خۆی وتبووی (مەملەکەتی من هەرگیز لەسەر زەوی پێک نایەت).

دیارە ئەم تێگەیشتنەش بۆمەسیح وە پەیام و لە خاچ دانەکەی، مایەی خوڵقاندنی دۆخێکی گونجاو بو بۆ بیرۆکەی هاوچەرخێتی کە خولاصەکەی بریتیە لەوەی کە مرۆڤ خۆی دروست کەری مێژوەکەیەتی[٧٠]. نیشان دانی ئەو نمونەیی پێشوو بۆئەوەبو کە چەمکی رێژەگەرێتی و مێژوگەرێتی ئاین و مانا و مەدلولە گۆڕاوەکانیشمان بیربکەوێتەوە، تاوەکو وێنەیەکی سینەمایشمان بەدور لە (وێنەی فۆتۆگرافی) لەسەر چەمکی گۆڕاوی علمانیەت لا دروست ببێت.

علمانیەت لە خۆرئاوادا لە پەرەسندنێکی سروشتیدا کە سەرەتا لە ریفۆرمی ئاینی و ململانی فکریەکانی سەدەی (١٦) وە ئاڕاستەی وەرگرت و بە درێژکراوەیی تا رۆشنگەری و سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی زانست درێژبۆوە، ئیتر سیمبولی ئاینی لەناو سەرمایەی رەمزی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا گەمارۆدرا و لە رێگەی دروست کردنی سەرچاوەی رەوایەتی دیکەوە، سەرمایەی رەمزی ئاینی بەرەبەرە بەفیڕۆدەدرا و هەژاردەکرا، بۆ نمونە جیاکردنەوەی دەستەلاتی ئاینی و دەستەلاتی سیاسی لە رۆژئاوادا بوە مایەی خوڵقاندنی دۆخێکی فرەرەوایەتی، لەوێ بۆ ئیمانداران و ژیانی تایبەتیان بڕێک لە رەوایەتی بۆ کەنیسە جێهێڵدرا، رەوایەتیەک لە رێگەی دەستور و بەڵگەنامەی دیموکراتیەوە بۆ سیاسەت دابین کرا، رەوایەتیەکیش بۆ رۆشنبیری لە رێگەی قوتابخانە و فێرکردن و راگەیاندنەوە دەستەبەرکرا، هەموو ئەم سەرچاوە و رەوایەتیانەش لە یەککاتدا پێکوە رێدەکەن[٧١].

بەم پێیە کەنیسە لە مەملەکەتی خودای سەر زەوییەوە و لە دامەزراوەیەکی پیرۆزی سەرتاپاگیر وە لە تێکستێکی ئاسمانیەوە کرایە کتێبێکی مێژوی، پاپاش لە ئیمپراتوری سەرو ئیمپراتۆرەوە بووە پیاوێکی ئاینی رووت، دواتر ئاین بۆ مانەوەی نەک هەر پێویستی بە قبوڵ کردنی چێوەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەبوو بگرە خودی ئاین و دامەزراوەکەی نیشانەی لە ئارادابونی کۆمەڵگەی مەدەنی بون بە مانا مۆدێرنەکەی.

کۆمەڵگەیەک لە لە ئاڕاستەیەکی ئاسۆیدا بەدوور لە ئاڕاستەی ستونی، تۆڕی پەیوەندی و ئینتماکانی ناوخۆی بە پشت بەستن بە مەرجەعیەتی دونیای – مەدەنی رێکدەخست، ئاین لە وەها مەنزومەیەکی فکریدا بوە هەڵوێستێکی رۆحی خود بەرامبەر بە

خودا، مەنزومەیەك كە سیستەمی دەستەلات تێیدا شانی دا ئەدایە سەر میساقی كۆمەلایەتی و پەیمانی كۆمەلایەتی، چونكە هەرگیز مافی خودا سەنەدێك نەبو بۆ سەقامگیری دەستەلات، فەزایەك كە فرە لایەنی سیاسی بری دەستەلاتی رەهاو، ئازادیە گشتیەكان و پرەنسیپی سەرداریەتی گەل بری ئیلتیزامی ئاینی و حاكمیەتی خودای گرتەوە، دیارە هەموی لە سیاقی فەلسەفەی لیبرالیزم و دیموكراسی و لەسەر بنەمای مافی هاولاتێتی ئازاد.

لەمەوە ئاین و پابەندبوون پێوەی لە سنورێكدا مایەوە كە پتر لە شوناسێكی شارستانی زیاتر نەبوو[71]. شوناسێك بۆئەوەی خۆرئاوا سیمای ژیاری خۆی لە شارستانیەتەكانی دیكە پێجودابكاتەوە، نەوەك ئاینێك بە مانا خۆرهەلاتیەكەی یاخود بە مانای سەدەكانی ناوەڕاست كە تێیدا خاوەنی سەرمایەیەكی رەمزی گەورەیە و دیدێكی میتافیزقی سەرتاپاگیری هەیە بۆ قوت دانی ئەم دونیا و نە ئاشنایەتی لەگەڵ لێبوردن و جیاوازی هەیە نە هەناسە بە ئۆكسجینی دیموكراتیەت و فرەدەنگ و رەنگی دەدات.

ئاین بەو مانایەی ئێمە مەبەستمانە كە پتر مانا هەژموونخوازە تاك رەهەندەكەیەتی لە ئەزموونی خۆرئاوادا لە دەوڵەت جیاكراوەتەوە، تەنانەت لە ناوەرۆكی ئاین خۆیدا، سیستەمی ئاینی بە حوكمی بچڕانی پەیوەندیە پراگماتیكیەكانی بەهێزە كۆمەلایەتیەكانیەوە، هەڵگری دیدێكی كراوەتر و لیبرال تره.

بەم پێیەش گەشەسەندنێكی پڕەتیشانە بەدی دەكرێت لە رەوشی ئینتمای ئاینی لە كۆمەڵگە هاوچەرخەكاندا چونكە خەڵكێكی زۆر بە ئاین پەروەردەكانیشەوە گەیشتونەتە باری درك كردن بە رێژەگەرێتی بیروباوەڕە ئاینییەكانیان و زۆحی لێبوردنیشیان گەشەی كردووە، تەنانەت توانای ناوەكیشیان بۆ رێزگرتنی بیروباوەڕی بەرامبەر پەرەیسەندوە، هەربۆیەشە كە زۆڵی بنەڕەتی (میسولوجیا) دۆڕاوە و خەڵكێكی زۆر (ئەفسانە) بە چیرۆكی فێركاری تێدەگەن و درك بە رەهەندی خورافیەكەی دەكەن[72]. راستە ئیمان لای زۆرێك لە خەڵكی خۆرئاوایی ماوە بەڵام لە سیاقێكدا كە بونیادیەن بە علمانیبوە، دیارە شێوازی ئیمان و حەساسیەتی ئاینی لە ئیماندارێكی كۆتایی سەدەی بیستەمدا جیاوازە تاوەكو ئیماندارێكی سەدەكانی ناوەڕاست[73].

پاشان پرۆسەی پەراوێزكردنی ئاین لە فەزای رۆشنبیری و گشتی خۆرئاوادا پرۆسەیەكی سێو - مێژوی وەهایە كە كۆمەڵگە بە قورسی تێیدا بەشداره ئاگاشی لە وردەكاریەكانی ئەو هەلومەرجە هەیە كە هێدی هێدی ئاین سنوربەند دەكرێت و لە فەزایەكی تایبەتدا بۆ تاك هەڵدەواسرێت. ئەوەتانێ شۆڕشی فەرەنسی كە شۆڕشێكی جەماوەری مەزنە بەیەكجارەكی دابڕانی لەنێوان دەستەلاتی ئاینی و سیاسیدا دروست كرد، هەروەها سەربڕینی پادشا لویسی شانزەهەم لە فەرەنسا مانای دابڕانی سەرجەمی جیهانی تیولوجی سەدەكانی ناوەڕاستە، چونكە كە فەرەنسیەكان سەری (لویسیان) بڕی وەك ئەوە وابو كە لە یەككاتدا ئەو شكۆ و رەمز و پیرۆزیە ببڕن كە كەنیسە بەم پیاوەی بەخشیبوو[74].

ئەمە جگە لەوەی شۆڕشی ئینگلیزی (١٦٤٩) كرومویل كە سەری چارلزی یەكەمیان پەراندو بانگەشەیان بۆ كۆماری (كومنولس) كرد هەمان ئاماژەی هەبوو بەتایبەتی كە لە سالی (١٦٨٨) دا ئینگلیزەكان سیستەمی پادشایەتیان دامەزراند، بە ئەبستراكت كردنی لە فۆرمە رەهاكەی و ناچاركردنی بەدەسنوریەت. وەك تێكڕای ئەم دوو رووداوی سەربڕینە مانای دانانی سنورێك بۆ سیستەمی سیمبولی ئاینی باو بەدرێژایی سەدەكانی ناوەڕاست[75]، لە پرۆسەیەكدا كە ئیرادەی جەماوەری بەكارای بەشداری راستەقینەی تێداهەبوە.

ئەمە جگە لەوەی دابڕانی ئەبستمولوجی خۆرئاوایی مافی خودای لە فەزایی گشتی سەندەوە، واتە لە كۆمەڵگەی سەندەوە و بۆ ئیرادەی ئازادی تاكی جێهێشت، چونكە چیتر سیستەمی سیاسی هاوچەرخ فەزای گشتی مونوپۆل كردو لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەبرا، دەوڵەتیش دەرئەنجامی ئیرادەی میلی و دەنگدانی گشتیبوو[76]. بە رادەیەك كە دواتر هەموو ئەو كۆلێژە تایبەتیانەی بۆ ئاین تەرخان كرابوون لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتیدەكرێن و بڕوانامەشیان لەلایەن دەوڵەتەوە پێدەدرێت[77].

بەتایبەتیش کە باس لە کۆمەڵگە دەکەین مەبەستمان لە کۆمەڵگەیە بە مانا مۆدێرنەکەی هەنوکە خۆرئاوا. کە تێیدا تاك لە رێگەی مافی هاوڵاتێتیەوە سنوری هەموو ئینتمایەك بۆ گروپ و پێکهاتە نەژادی/ تایەفەی/ خێڵەکییەکان تێدەپەڕێنێت و لەچوارچێوەی کۆمەلایەتی گەلدا کۆمەڵێك ئەرك و پێویستی دیالێکتیکی دەوڵەت و تاك پێکەوە دەبەستێتەوە، دیارە بۆ پشتگیری کردنی قسەکانمان ناچارین ئەو سێ بەندەتان بیر بخەینەوە کە لە ناوەرۆکی ئەو گفتوگۆیەدا هاتوە کە ئەنجومەنی فەرەنسی بۆ دەستور لە (٢٧) تشرینی یەکەمی سالی ١٩٤٦) دا گەلاڵەی کردوە و تێیدا هاتوە کە دەبێت رێز لە ئازادی ئاین بگیرێت و علمانیەتیش بریتیبێت لە بیلایەن کردنی دەوڵەت بەرامبەر بە ئاین:

١) باوەڕهێنان ی عەلمانیەت بە ئازادی تاکەکەس.

٢) پەباندنەبونی دەوڵەت بە هیچ جۆرە بیروباوەڕێکی ئاینیەوە.

٣) دژایەتینەکردنی هیچ ئاین و پشتگیری نەکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە[٧٨].

پاشان لە بنەڕەتدا ئاماژەکردن بۆ هەبونی پارتی ئاینی لەناو سیستەمی دەستەڵاتی سیاسی وڵاتانی خۆرئاواو بەتایبەت (هوڵندا) بۆ سەلماندنی جیانەبونەی ئاین لە دەوڵەت لە خۆرئاوادا، ئاماژەیەکی ورد بین نیە، بەو سیفەتەی سەرلەنوێ دەکەوێتە هەمان ئیشکالیەتی گشتگیری، بەوپێیەی پێشتر دەست نیشانی سروشتی چەمك و سیستەمەکان ناکات لە هەنوکەی ژیاری خۆرئاوادا بە بەراورد لەگەڵ کۆن و نوێ – ئێرە و ئەوێ .. هتد.

١) هۆڵندا تایبەتمەندیەکی مێژووی هەیە بەو پێیەی کە مەوقعێکی ئاینی بەهێز بوە لە مێژووی خۆرئاوادا، بەتایبەتی کە لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمدا و وەختێك (پروتستانتە سەرەتاییەکان) لەلایەن کەنیسەی (کاسولیکی) یەوە چەوسێنرانەوە، ناچارکران پۆل پۆل بچنە ناو (هەرێمە یەکگرتوەکانەوە) کە پێشتر بە هوڵندا دەگوترا، تا ئەو زەمانەی کە (کالڤینیە هوڵندەیەکان) لە دواتردا بواری پیادەکردنی دەستەڵاتی سەربەخۆیان بۆ رەخساو کەوتنە بانگەشە کردن بۆ رەهایەتی راڤەکردنەکانیان، بەمەش ئەزموونێکی تیوکراتی تایبەتمەنیان لە هوڵندا دامەزراند[٧٩].

٢) خودی ئەم پارتە ئاینیانەی خۆرئاوا لە نمونەی دیموکرات – مەسیحیەکان بریتینین لە پارتی ئاینی لە مونتەڵەقاتی ئاینییەوە (بە مانا سەرسەدوکسییەکەی پارتی ئاینی) بەڵکو لە تێگەیشتنیانەوە بۆ دیموکراتیەت و دادپەروەری کۆمەلایەتیەوە سەرچاوە دەگرن و پەرە بە کارو چالاکی سیاسی خۆیان دەدەن بە شێوازی دیموکراتی پشت بەستوو بە بەڵگە و لوجیکی بانگەشەی ئاشکرا و دوور لە هێز و توندوتیژی فکری. لەکاتێکدا کە پارتە ئاینیەکانی دونیای خۆرهەڵات مەرجەعیەتێکی ئاینی پیرۆزیان هەیە و قابیلی گفتوگۆ لەسەرکردن نین، ئەوا پارتە مەسیحیەکانی ئەمڕۆی خۆرئاوا لە چێوەی دیموکراتیەتێکی جێگیردا کاردەکەن و داکۆکی لە پرەنسیپە ئانیان دەکەن، بەبیئەوەی تابعێکی پیرۆز بدەن بە شەرعیەتی خۆیان چونکە ئەوان مەرجەعیەتەکەیان پرەنسیپی شەرعیەتی نیشتمانی دیموکراتیە[٨٠].

واتە خودی ئەم پارتانە لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی بەو دیموکراتیزەبوی کۆمەڵگەی خۆرئاواییە، هەڵبەت بە تێبینیکردنی جیاوازی ئاین لە هەنوکە و رابردووی خۆرئاوادا، ئەمە جگە لەوەی بونیادی ئینتمای هاوڵاتی و شەرعیەت لە ئاینەو گوستراوەتەوە بۆ نیشتمان و سەروەری گەل. هەربۆیە بە ئاینی بونی هەندی پارتی سیاسی خۆرئاوادا پتر لە زەرورەتێکی میکانیزمەوەیە کە ئاین وەك شوناسێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و چەمکی ئاین لە مەنزومەی فکری خۆرئاوادا پاك کراوەتەوە لە هەموو ئەو زیادکاری و لێکنراوانەی دەرئەنجامی ململانێ کلاسیکییەکانی مرۆڤن. پاك کردنەوەیەك کەسودێکی دیالێکتیکی بەخودی ئاین و دەوڵەت لە یەککاتدا گەیاندووە، ئاینی گێڕاوەتەوە بۆ چاوگێ رۆحییە بێگەردەکەی و دەوڵەتیشی سەرقاڵ کردوە بە کارو بارە بێلایەنە مەدەنیەکەیەوە.

بێگومانیش دۆخێکی بە علمانی کراوەی وەك سەدەی نۆزدەهەم، بە تەبیعەت جێگەی (روحانیەکەی) وەك (کیرکجورد) ی تێدا دەبێتەوە، روحانیەت بە سەرجەمی ئەو مەودا فەردی فەلسەفییەی کە خودی مۆدێرنیزم لە (کیرکجوردا)

گەیاندیە لوتکە بیرگومان دۆخێک کە هەرگیز جێگای (سەید قطب) یکی تێدا نابێتەوە. ئەمە تیۆریزەکردنی جیاوازی چەمکی (روحانیەت) لە فەزای رۆشنبیری خۆرهەلات و خۆرئاوادا بەتایبەت کە ساتەوەختی (کیرکجورد) ئاماژە نیە بە رۆحانیەتێک بە مانا باوەکەی، چونکە کیرکجورد پرۆسەی توانەوەی تاکێکی بەخشندە نیە لەناو هالەیەکی ناکۆتایی پیرۆزدا، لەپێناو گەیشتنی بەخودا تەقەمص کردنی، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەلماندی خودایەتی تاکە لە جێگەوتی خود خۆیدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەزمونی (کیرکجورد) دەبێت لەبیرمان بێت کە ئەم پیاوە یەکەمین تیوریزەکەری فەلسەفەی بونایەتیە لە باڵە ئیمانداراکەیدا، ئەو فەلسەفەیەی هەر لە سەرەتاوە هەڵگری هاوکێشەیەکە کە کۆی روحانیەتی خۆرهەلاتی پێی ئاشنا نیە ئەویش (بون پێش ماهیەتە). ئەم رۆحانیەتە بای ئەوەندە مامەڵە لەگەڵ (خودا) و (تعالی) دا دەکات کە بەهۆیەوە بونی خودێتی پێ تۆخ بکاتەوە. کیرکجورد تەماسێکی رۆحی لەگەڵ خودادا دەبەستێت بۆئەوەی بەهۆیەوە خۆی بەرجەستە بکات (خودا بەنیسبەت منەوە بابەتێک نیە، وێناکردن و شتێک نیە، بەڵکو کەسێکە، خودێکە، ئەوە واتە تۆیە، لە رووبەڕووی منـدا)[٨١]. دیارە پرۆسەی بەرجەستەکردنی رەهایەتی بەرامبەر بۆ سەلماندنی هەبونی رەهایەتی خودە. (پێویستە لەسەر مرۆڤ لە راستیدا ببێتە (خود) چونکە مرۆڤ بەپێچەوانەی بونەوەرکانی دیکەوە لە جۆردا بەدینایەت دەبێت بۆئەوەی ببێتە خود بەسەرخۆماندا بشکێینەوە[٨٢]. بەم شێوەیە رۆحانیەتی کیرکجورد ئەزمونی کۆیلەیەکی مل کەچ نیە بۆ گەیشتن بە خودا و چێژکردنی پرۆسەی تواندنەوەی خۆی لە بۆتەیەکی پیرۆزی رەهادا، بەڵکو هەڵوێستێکی فەلسەفی و تیوریزەی وەهایە کە دەخوازێت هەمان قورسایی فەلسەفی خودا بەخود ببەخشێت لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکی هاوسەنگ دا، ئەوەتانێ دەڵێت! روحانیەت یاخود (ئەندێشەی ناوەکی و خەیاڵ) رێگە بە خود دەدات کە خاوەندارێتی خۆی بکات و جەخت بکاتەوە سەر ئازادیەکانی و دەست کەوتنیان لە یەککاتدا[٨٣]. بێگومان سەرجەمی هەیکەلی تیۆری فەلسەفەی بونایەتی و بەتایبەت ئەزمونی (کیرکجورد) تێکۆشانێکە بۆ وەدەست هێنانی بڕێک لەو ئازادیە زەوت کراوەی خود کە لەناو رەهەندە بەکۆمەڵایەتیەکەدا لە دەستی داوە، هەربۆیە دەبێت بیرمان نەچێت کە خودی روحانیەتی (کیرکجورد) یش هەمان ئاڕاستەی فەلسەفی هەیە، هەڵبەت لە زەمینەیەکی مێژوی – کلتوری سەدەی نۆزدەهەمدا کە لە سایەی رۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی و مۆدێرنیزم دا لەبارترین رەوش بو بۆ گەشەکردنی چەمکی فەردانیەت و ئازادی تاک و بێ‌ئاگانی دەوڵەت بەرامبەر ئاین.

★ ★ ★

علمانیەت لە چێوەی مێژویەکەیدا

بێگرمان کە دەڵێین علمانیەت لە چێوەی مێژویەکەیدا، راستەوخۆ هەمەجۆری ئاو مامەڵەیەمان دێتەپێش چاو کە بە درێژایی ئاڕاستەی مێژووی و بەهۆی هەمەجۆری راڤەکردنەکانەوە لەگەڵ علمانیەتدا پیادە کراوە، مامەڵەکردنێک کە وەک سەرجەمی سیفاتە مرۆڤانەیەکان بە دوور نیە لە هەڵە و نوقسانی، بەتایبەت کە هەموو مامەڵەکردنێک کە خولاصەی تێکڕای جیهان بینی رۆشنبیریە کە بە سەرجەم مەحکومیەت و جەبرە تایبەتمەندە کانیەوە. دیارە هەموو راڤەکردنێک بە کۆی جەبرەکانیەوە مل کەچی مەنزومەیەکی فکری تایبەتە کە بۆ دڵنەوای و خولقاندنی هاوسەنگیەکی دروست، هەڵدەسێت بە بارگاوی‌کردنی راڤەکردنەکانی بەو مفرەدە و مانایانەی کە بەهۆیەوە هاوڕێکیەکی دەروونی بۆ مسۆگەر دەبێت، دیارە لە پرۆسەیەکی راڤەیی سیمبولیدا کە باربۆی هەموو ئەو نوقسانی و پێداویستیانە بداتەوە کە بونیادی مەنزمەکە گیرۆدەی بوە، بۆ نمونە لە رۆشنبیریەکی قەیراناوی‌دا کە بە پشت بەستن بە بونیادێکی ئابوری لاواز و کۆمەڵایەتی پەرت پەرت کە تێیدا رەوشی دەستەڵات لە نائارامی دا بژیت، ئاین دەچێتە زنجیرەیەکی راڤەیی وەهاوە کە پتر جەخت دەکاتە سەر چەمکی تۆڵە و لێنەبوردن و تینویەتی بۆ دەستەڵات گرتنەدەست، هەروەک چۆن لە رۆشنبیری و بونیادێکی کۆمەلایەتی شکست خواردوودا فەلسەیەکی وەک مارکسیەت دەچێتە ناو زنجیرەیەکی راڤەیی وەهاوە کە پتر مەودا گەش بینیەکەی تۆخ دەکرێتەوە و سەرجەمی

ئیمکانیاتەکانی لە پرۆژەیەکی داهاتویی، ئەفسانەیدا هەڵدەگیرێت، بەو سیفتەتەی کە لە داهاتوودا نەوەك ئێستا، توانای خوڵقاندنی کۆمەڵگەیەکی نمونەیی دەبێت.

ئاشکرایە کە جێبەجێکردنی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین یاخود بە پێچەوانەوە (علمانیەت) هەل ئەزمونی دەستەڵاتی خۆرئاوادا سەرەتا پرۆسەیەکی بێلایەن نەبوو بەمانا شارستانیەکەی. واتە بریتی نەبوو لە بەجێهێشتنی پەراوێزێك بۆ ئاین لەبەردەم ئیرادەی ئازادی تاکدا تاوەکو بەدوور لە فشاری کۆمەڵایەتی و لەسەربەستیەکی خودیدا پیادەی بکات لەلایەك و بێلایەن کردنی دەوڵەت بەرامبەر بە کاروباری ئاین لەلایەکی دیکە، بەڵکو بە حوکمی ئەو قورسایيە سەرتاپاگیرەی پێشتر لەناوچەقی ژیانی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا داینابوو، دەبو سەرەتا پرۆسەی علمانیەت بە کۆمەڵێك قۆناغی توندا بڕۆشتایە تاوەکو سەرپی بکەوتایە، واتە بۆماوەیەك ئەولەویەتی بدایەوە هەلومەرجە دونیاییەکان. تاوەکو لە مەودایەکی دووردا هاوسەنگیەکی سروشتی بێلایەنی لەنێوان رۆحی و دونیایدا دروست بکردایە. بەوپێیە پرۆسەی علمانیەت لە سەرەتاوە دەکەوێتە ناو هەمان سیاقی کارکردنی ئاینی و دەستی دایە پیادەکردنی هەژمونێکی پیچەوانەی بەرامبەر بە ئاین و رەهەندی رۆحی. دیارە بەهۆی مەوقعیەتی تەوەرێ کەنیسەوە یەکێك لە ستراتیجیترین ئامانجەکانی شۆڕشی بورجوازی لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا تاوەکو سەرەتای سەدەی نۆزدنەهەم بریتیبو لە تێکۆشان دژ بە کەنیسە و بگرە ئاین و ئاین پەروەرانیش، بەمەش دەست درێژی کرایە سەر لایەنی رۆشنبیری وگیانی لە ئایندا[٨٤].

پرۆسەی تازەگەری لە چەرخی تازەدا بۆئەوەی مەشروعیەت بداتە هەبون و بەردەوامێتی خۆی دەبوو نەك هەر فەرشی پیرۆزی لەژێر پێی ئایندا دەربهێنێت بگرە دەبوو فەرشێکی تری پیرۆزیش وەك دژە هەڵوێستێك بخاتە ژێر پێی خۆیەوە. حاڵەتێك کە پتر لە دروست بوونی ئاینێکی علمانی ئەلتەرناتیف دەچوو (بە دەربڕینی ریمون ئارون) لەمەوە علمانیەت کەوتە پیادەکردنێکی توندڕەوانە دەستەڵاتی خۆی و هەر لە سەرەتاوە دەستی بەسەر سەرجەمی مولکەکانی کەنیسەدا گرت و کۆی وانە ئاینیەکانی لە پرۆگرامی خوێندندا دوورخستەوە و دەرگای هەموو ئەو پەیمانگایانەی داخست کە وانەی ئاینیان تێدا دەوترایەوە لە بریدا پەیمانگا و کۆلێژی ئاینی دامەزراند[٨٥]. علمانیەت لە قۆناغێکی مێژووی وەهادا کە پتر لە علمانیەتێکی تێکۆشانی دەچوو (بەدەربڕینی ئەرگون) دژ بە دەستەڵاتی کەنوتی کەنیسە، لە بنەڕەتدا ئەوەندەی حاڵەتێکی داکۆکی کەرانەبوو بۆ رەتکردنەوەی دیدگای سەلەفیەتی ئاینی، ئەوەندە پرۆژەیەکی دامەزراوەیی خۆبەخۆی نەبوو بە مانایەکی دیکە ئەگەر پێشتر مەنزومە فکری ئاینی باو و بانگەشەی بۆ سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراوی ئیمان کردبێت، ئەوا دواتر و لە سەرەتاکانی چەرخی تازەدا مۆدێرنیزم بانگەشەی بۆ سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراوی بێ ئیمانی دەکرد، دوو هەڵوێست لە سەرەوە جیاواز و لە بنەڕەتدا لە یەك چوو بەمەش فەزایەکی رۆشنبیری وەها خوڵقا کە بیریارێکی وك (فیورباخی) تێدا جێئەبۆوە و ئاینی وەك تلیاکی گەلان تیا لە قەڵەم دەدرا.

ئیدی هێدی هێدی مرۆڤی خۆرئاوایی لە سایەی پرۆژەی مۆدێرنیزم و سستەمی علمانیەتدا و بە دیارکراوی لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا، لە رەگ و ریشە ئەنتروبولوجیەکەی دەرهێنرا و لە بۆشایەکی رۆحی گەورەدا هەڵواسرا، ئەگەرچی لە وردەکاریەکانی شۆڕشی پیشەسازی و ئەلکترۆنیات و پەیوەندیکردندا دونیایەك گەمەی پێچاوپێچ هەبو بۆ سەرقاڵ کردنی تاك بە کاروبارە دونیاییە چێژ بەخشەکانەوە وەك جۆرێك لە ئەلتەرناتیف بۆ چێژە قوڵە رۆحیەکان، واتە سەرەڕای ئەوەی لە هەناوی سستەمی سەرمایەداریو داینەمۆی پیشەسازیدا فێڵێکی میکانیکی هەبوو بۆ دەست بەسەراگرتنی کاتە بەتاڵەکانی تاك بۆئەوەی چیتر بەسەرخۆا شکانەوەی رۆحی رووبەڕووبونەدات دیارە بە داگیرکردنی سەرجەمی پنتەکانی ژیانی تاك لە رێگەی هەژموونە نەبینراوەکانی ئەختەبوتی عەقڵی ئامراز گەراییەوە لە ژیانی کۆمەڵگەی خۆرئاوایدا. عەقڵێك کە مەبەستێتی فەزایەکی مونوپولیزەی میکانیکی وەها دروست بکات کە تێیدا بیرۆکەی پێشکەوتن لەپێناوی پێشکەوتنی زیاتردا بالادەست ببێت و لەسایەیدا کۆی وزە شاراوەکانی تاکی لە شێوازێکی تاك

ڕەهەندا بۆ بخرێتە کار تاوەکوچیتر ماشێنی فراوان خوازی سەرمایەداریەت لە رێگەی بازنەی کار – بەرهەم – بەرخۆرییەوە پەرە بە ژیانی خۆی بدات؟. مەبەستمان لە فەزایەکەکە ئەوەندە لە چاوگە رۆحییەکان دوورکەوتۆتەوە بەڕادەیەک کە ئەرگۆن پێی‌وایە لەناو سیاقی فکر خۆشیدا هەنوکە لە خۆرئاوادا پیادەی جۆرێک لە علمانیەتی نالوجیکی دەکرێت، بەو رادەیەی کە فەیلەسوفێکی مەزنی وەک (هابرماس) لە وا کتێبی خۆیدا کە پێداچونەوەی سەرجەمی کلتوری فکری و رۆشنبیری تازەی خۆرئاوایە بەناونیشانی (گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم) بە هیچ جۆرێک باس لە مەسەلە ئایینی و بابەتە پەیوەندیدارەکان ناکات[٨٦].

هەڵبەت سەرەڕای هەموو ئەمانە خودی شارستانیەتی‌خۆرئاوای لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەستی بەو نوقسانیە رۆحی و بەهاییە کردوە کە لە رۆژگاری رێنیسانسەوە گیرۆدەی بوە، دیارە هەنوکە بەشێکی گەورەی ئەو جموجۆڵە رۆحییەی کەوتۆتە ناو شانەکانی ژیانی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانەوە پەیوەندی بە قەرەبووی ئەو نوقسانیە رۆحییەوە هەیە کە چەند سەدەیەک پێوەی ئاڵاندویەتی، بەتایبەتی کە خودی مرۆڤ لە بنەڕەتدا بونەوەرێکە هەڵگری رەهەندێکی ئەنتۆبولوجیە بۆ دونیا[٨٧]. دیارە مەبەستمان لە جموجۆڵێکە کە ئەوەندەی لە راست کردنەوەی تێگەیشتنێکی تۆندڕەوانەی ماوەیەکی مێژووی دیاریکراو دەچێت بۆ علمانیەت، ئەوەندە پاشگەزبونەوە نیە لە خودی دەست کەوتی علمانیەت. کە بەردەوام وەک وەرچەرخانێکی مێژووی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوەی هەنوکە لە خۆرئاوادا رووئەدات سەبارەت بە علمانیەت کە رەنگە بۆ هەندێ ساویلکە مانای رابوونی ئایینی بگەیەنێت، تەنها بریتیە لە پاشەکشێکردنی چەمکی علمانیەت لە هەندێ مەودای وەزعی و دیدی مادی و خۆی[٨٨]. کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی مێژووییدا پتر رەنگ و روخسارێکی ئایینی پێچەوانەیان دابوە، پاشەکشێیەک لەپێناوی پێشکەوتنێک لە شکڵێکی پێگەیشتووترو کراوەتردا تاوەکو بەهۆیەوە رووبەرێکی گەورە بۆ لێبوردن و هەمەچەشنی زیاتر فەراهەم ببێت. چونکە علمانیەت بۆئەوەی تەواو پێبگات و ببێتە موراديفی تازەگەری و هاوچەرخێتی دەبێت واز لە مسلماتی وەزعی و پیرۆزی خۆی بهێنێ[٨٩].

تەنانەت خودی ئاین لە سایەی سیستەمی علمانیەتی راستەقینەدا بە تەواوەتی لەو پاشەڕۆ و زیادکاریانە رزگاری دەبێت کە دەشێت دەرهاویشتەی مامەڵەکردنی علمانیەتێکی ناڕاستەقینەبێت، چونکە علمانیەتی ناڕاستەقینە لە تونایدایە ئاین بخاتە حاڵەتێکی بەرگری وەهاوە کە بۆ پارێزگاری کردن لە قەوارە تایبەتیەکەی پەنا بۆ ژیاندنەوەی گریبەندی دەمارگیری و ناشارستانی بەرێت، هەروەک چۆن علمانیەتی راستەقینە ژینگەی سروشتی ئاین. و لە کیشوەرەکەیدا ئاین بەبێگەردی لە چاووگە رۆحییەکەیدا دەژێت.

ئەمە جگە لەوەی لە کاروانی شارستانی خۆرئاوادا بەتایبەت لە سەدەی بیست دا کۆمەڵێک جومگەی سیاسی هەیەکە تێیدا سەرلەنوێ ئاین بەشێوەیەکی پراگماتیکی لەلایەن دەستەڵاتی سیاسیەوە خراوەتە کارو هەم بۆماوەیەکی کورتیش بێت ئاینی هێناوەتەوە ناو هەلومەرجە مێژوییەکان وەهەم گورزی گەورەش لە هەیبەت و سیستەمی علمانیەت داوە، بۆ نمونە لە ئەزمونی سیاسی ئیتاڵیادا موسولونی لە ساڵی ١٩٢٨ دا لەگەڵ پاپادا پەیمانێکیان بەست سەبارەت بە ناسینی کاسولیکیەت بە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت، پەیماننامەیەک کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا ئە ئامادەبوونی خودی پاپاو دەستەڵاتدارانی سیاسی ئیتاڵیا هەڵوەشێنرانەوە[٩٠]. و مەبەستی بو بەرگێکی شەرعی بە بەرییەکێک لە خوێن رێژترین دیکتاتۆرەکانی ئەم سەدەیەدا بکات و بەهۆیەوە تەمەن درێژیەکی سیاسی پێ مسۆگەر بکات. ئەمە جگە لەوەی (فرانکۆ) ی خوێن رێژی ئیسپانی بۆ سنووربەندکردنی دەستەڵاتی کومونستەکان لە سەرەتای سیەکاندا کەوتە پشتیوانیکردنی رەوتە ئایینیەکان و لەو پێناوەدا مەسیحی هێنایەوە دەستور و کاسولیکیەکانی بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت دایە قەڵەم[٩١].

دیارە هەردوو نمونەکەش لە بەکارهێنانێکی پراگماتیکی ئاین زیاتر نیە بۆ یەکلاییکردنەوە و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەکانی توێژێکی دیاریکراوی

دەستەڵاتخواز. ئەگەرچی هەردوو نمونەکە پاشتر کۆمەڵێك فاکتەری نیگەتیڤیان هێنایەوە ناو کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان و رۆڵی ئاین و علمانیەتیان شێواند، بەڵام دواجار بە دیوێکی دیکەدا فاکتەرێکی کارابوو بۆ پێداچونەوەیەکی کراوەتر و فراوان تر بۆ چەمکی علمانیەت.

دیارە سەبارەت بە ئەزموونی علمانیەت لە ئاستی سیاسیدا، واتە خستنەکاری سیستەمی علمانیەت تەنها بە دیوە سیاسیە – بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا، هەڵگری چەندین کێشەیە چونکە لە سەرەتاوە ئەم شێوازە لە علمانیەت، ئەوەندەی خەمی بەخشینی شوناسێکی سیاسیە بە هەیکەلی رێکخراوەیی پارت یان دەوڵەت ئەوەندە خەمی پیادەکردنێکی فعلی سیستەمی علمانیەتی نیە، هەڵبەت ئەزموونی پارتی کوردی لای خۆشمان ئەزمونێکە لەناو هەمان سیاقدا، لە ئاستی تیوری و پەیڕەوی ناوخۆیدا نیەتی خۆیان بۆ پابەندبوون بە سیستەمی علمانیەتەوە نیشان دەدەن. نەك لەپێناوی پراکتیزە کردنی پرۆژەی علمانیەتدا بەڵکو بۆ دەست نیشان کردنی خەسڵەتی سیاسی خۆیان لە شکڵێکی مۆدێرن و خۆجیاکردنەوەیان لە یەکتری. ئەزمونی علمانیەتی سیاسی دۆخێکە تێیدا علمانیەت لە ئاستی دروشمێکی سیاسی پارت یان دەوڵەتدا دەمێنێتەوە، لەبریئەوەی وردبکرێتەوە بۆ ناو هوشیاری تویژە **کۆمەڵایەتیەکان و لەناو وردەکاریەکانی کۆمەڵگەدا** بخرێتە گەڕ، کەچی وەك موزایەدەیەکی سیاسی دەهێڵدرێتەوە بەدەبەستی بەخشینی شوناسێکی دیاریکراو و وەدەست هێنانی دەنگی زۆرترین گروپ و تویژی کۆمەڵایەتی کێشەی علمانیەتی سیاسی لەوێوە دەست پێدەکات کە بە هیچ جۆرێك دەست کاری بونیادی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیە (پیرۆزەکان) ناکات، بەڵکو زهنیەتیش لە دوالیزمەکان رزگارناکات، بەمەش نەك هەر (تابو) سروشتی ناکاتەوە بگرە نایگێڕێتەوە بۆ هەندێچەمك و بەهای دونیایی بەمەش مەشروعیەتی ئایینی وەك مەرجەعیەتێك دەهێڵێتەوە و پاشەکشێی پێناکات[۹۲].

کێشەی علمانیەتی سیاسی لەوێدایە کە مادام پێشتر لە پرۆسەیەکی ئەبستمولوجی فرە رەهەندا رۆڵی ئایینی بە مانا لاهوتیەکەی لاواز نەکراوە بەم پییەش ئاین کەڵکی ئەوەی پێوە ماوە کە بکرێتە قەڵغان بۆ پارێزگاریکردنی بەرەوەندی چین و تویژی دیاریکراو و لە گێڕانی شەڕی پراگماتیکی کۆمەڵایەتیدا کەڵکی لێوەربگیرێت. ئەمە جگە لەوەی خودی علمانیەتیش وەك هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بۆ بەخشینی بوار بە یەکتری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەربۆیە علمانیەتی سیاسی لەوەها دۆخێکدا بەناچاری دەکەوێتە ململانێوە لەگەڵ ئەو گروپ و توێژانەی ئاین بە سیاسی دەکەن. چونکە نە خود عامانیەتەکە لە بێلایەنیەکی شارستانی وادا دەژێت کە پشت ئەستور بێت بە بونیادێکی مێژوی – کلتوری – کۆمەڵایەتی وە نە هیچ ململانێی ئەبستمولوجی لەگەڵ بونیادی ئایینیدا نەکراوە و بونیادی پیرۆزی جوڵێنراوە. واتە مادامێك ململانێی ئەبستمولودجی لەگەڵ بونیادی ئایینیدا نەکراوە، ئەوا علمانیەتی سیاسی ناچارە ململانێی سیاسی لەگەڵ دەرئەنجامەکانی بونیادی لاهوتی ئایندا بکات کە دیارە مەبەست لە جوڵانەوەی بزوتنەوە ئاینیەکانە.

هەڵبەت فەراهەم بونی دۆخێکی سیاسی کە تێیدا رۆڵی ئاین بە مانا لاهوتیەکەی قورساییەکی گەورەی هەبێت کە بێگومان رەوتی سیاسی ئاینیش دروست دەبێت، علمانیەتی سیاسی لە وەها دۆخێکدا تەنها لە شێوازێکی دیکتاتۆریانەدا توانای راکرتنی هاوسەنگی هێزی هەیە. رەنگە بەپێچەوانەی ئەزموونی خۆرئاواییەوە بە علمانیەت فاکتەری پێکەوە گرێدانی تویژە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگەیە لە کۆمەڵگا کەنارگیرە خۆرهەڵاتیەکانداو لە سایەی ئەو دەوڵەتانەی کە نوێنەرایەتی کەمایەتیەکی دەستەڵاتخواز دەکەن، ببێتە مایەی ریزکردنەوەی پەیوەندیەکانی هێز لەنێوان یەکە کۆمەڵایەتیە بچوکەکاندا (تایەفە/ مەزهەب/ خێڵ) بەشێوەیەکی خراپ، بگرە مایەی رازاندنەوەی دیکتاتورەکان نمونەی ستالینی – ئەتاتورك – بورقیبە[۹۳].

علمانیەتی سیاسی پرۆسەی درەنگ خستنی علمانیەتی راستەقینەیە چونکە لە بنەڕەتدا خۆ دزینەوەیە لەو پرۆژە گەورەیەی علمانیەت کە پێویستی بە قوربانیدان و کارکردنی زۆر هەیە، لانی کەم لە ئاستی رۆشنبیریدا پێویستی بە تەدوین و گەمارۆدانێکی تیوری ئەم چەمکە هەیە پاشان هەوڵدان بۆ وردکردنەوەی ئەم کەلەپورە بۆ ناو هوشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکیە بە خۆڕێکخستن و بێلایەن بون لە ئاست بیروباوەڕی یەکتریدا بۆ ئاستێکی سیاسی سیستەماتیزەکراو.

علمانیەتی سیاسی پرۆسەی گواستنەوەی شێوازێکی سیاسی - ئیداریە بەبێئەوەی هیچش زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری بۆ ئەم گواستنەوەیە لەبارکرابێت جگە لە بیروباوەڕی پراگماتیکی نوخبەی دەستەڵات خۆی نەبێت. دیارە راگوزەری ئەم علمانیەتە ئەوەیە کە رەنگە لەگەڵ لاچونی ئەم نوخبە سیاسیەدا لە دەستەڵات، ئەویش لابچێت، تا ئەو ساتەوەختە پتر لە ڕوخساری سیاسی خودی ئەو نوخبەیە دەچێت کە وەک کارتێکی سیاسی بەکاریدەهێنن.

بەڵام کارێك کە لەبەردەم پرۆسەی علمانیەتی سیاسیدایە ئەوەیە کە بتوانێت جگە لە علمانیەت سەرجەمی ئەو یەدەك و کەرەستە تیۆری و پراکتیکیانەش ئامادەبکات کە مەرجە بۆ چاك کردنەوە و ڕێکخستنەوەی علمانیەت لە ئارادا هەبن، بێگومان مومکین نییە قسە لە علمانیەتێکی ڕاستەقینە بکەین بەبێ لە ئارادابونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، چونکە هەرگیز ناکرێت کۆمەڵگەیەك هەڵگری دیدێکیستونی بێت بۆ دابەش کردنی دەستەڵات و ئینتما و تۆڕی پەیوەندیەکانی، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی سیستەمی علمانیەتەوە بەڕێوەببرێت علمانیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، پەیوەندی ئەوەندە ئۆرگانی و دیالێکتیکی یان خاوەنی پەراوێزی سەربەخۆ و سەندیکا و دەنگ و ڕەنگی خۆیان بن و ئاڕاستەی ئینتماو دابەش بونی دەستەڵات بەشێوەیەکی ئاسۆیی وەها بێت کە لە ناو زەمینەی مەدەنی خۆیدا پشت بە مەرجەعیەت و مەشروعیەتی مرۆڤانە ببەستێت بێگومان پێویستی بە علمانیەتە بۆ ڕێکخستنی هەلومەرجە ئیداری و گشتیەکانی. ئەمە جگە لەوەی عەقڵانیەت و دیموکراتیش هەمان ئۆرگانیەتیان بە علمانیەتەوە هەیە، بەتایبەتی کە علمانیەت پرۆژەیەکی دامەزراوەییە و پێویستی بە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی مەدەنی هەیە کە پێشتر بە عەقڵانی کرابێت و لە ڕێگەی سیستەمی دیموکراتیەوە پرۆسەی ئاڵ و گۆڕی ئاشتیانەی دەستەڵات بەهۆی گەمەی هەڵبژاردنەوە ڕێکخرابێت[٩٤].

هەربۆیە مومارسەکردنی علمانیەتی سیاسی لە توانایدا (جگە لە دەرەنگ خستنی علمانیەتی ڕاستەقینە گیانی مقاومەتی بەرژەوەندخوازانە لە گروپە سیاسیەیە ئاینیەکاندا بژێنێتەوە، دیارە بە حوکمی بەهێزی ئەرزیەتی لاهوتی دەست کاری نەکراوی ئەو گروپانەی هەڵگرە سەرمایەیەکی ڕەمزین و بەهۆیەوە قودرەتی بە تێکست کردنی ڕاڤەکردنە تایبەتیەکانیان هەیە، بەمەبەستی دەستەڵات گرتنە دەست و پەیداکردنی هەژموون بەژێر بەژێری.

پەراوێزەکان:

١) سمير امين – برهان غليون / حوار الدولة والدين – الطبعة الاولى ١٩٩٦ ص (١١-١٣).
٢) هەمان سەرچاوە.
٣) محمد ارگون – الفكر الاسلامي – نقد و اجتهاد – ترجمة / هاشم صالح – الطبعة الثالثة ١٩٩٨.
٤) حوار الدولة والدين ...
٥) نضال درويش / من اجل علمانية اكثر انفتاحاً – مجلة الطريق / عدد ٢ مارس ١٩٩٩.
٦) حوار الدولة والدين ...
٧) هەمان سەرچاوە.
٨) هەمان سەرچاوە.
٩) الفكر الاسلامي ...
١٠) مدينة الله: للقديس اوغسطين/ مايكل كرتس – ترجمة/ يعقوب افرام منصور – مجلة الثقافة الأجنبية ١٩٩٤.
١١) هەمان سەرچاوە.
١٢) هەمان سەرچاوە.
١٣) شبلي العيسمي – العلمانية والدولة – بغداد – ١٩٨٦.
١٤) ما الفلسفة؟ سليم دولة – نقوش عربية – ١٩٩١: الجمهورية التونسية.
١٥) صالح سلطان – العلمانية من منظور مختلف (مقاربة أولية) مجلة الطريق – عدد ٢، مارس ١٩٩١.
١٦) بۆچوونێکی (د. احمد برقاوی) یە لەچوارچێوەی گفتوگۆیەکی تەلەفزیونی لە کەناڵی جزیرەدا درکاندی.
١٧) پانتایی بیرلێنەکراوەلە بنەڕەتدا زاراوەیەکی (میشیل نوکو) یە ئامازەیە بەو دوالیزمیەی کە سیستەمی گوتار لەسەری ئیش دەکات، کە بەردەوام هەموو گومانێك باوەڕێکی خەفەکراوی خۆی هەیە و هەموو باوەڕێکیش خاوەنی گومانی خەفەکراوی خۆیەتی، بەوپێیەی هەموو مەنزمەیکی فکری کە هەڵگری کوتارێکی ئاشکرایە، هەڵدەستێت بە شاردنەوە و چەپەکردنی ئەو پانتاییەی کە ناخوازێت (لەبەر هەر هۆیەك بێت) بیریان لێبکاتەوە، فراوانی و تەسکی پانتایی بیرلێنەکراوە لە هەر مەنزومەیەکدا پەیوەستە بە بڕی دوگماتیزەی و کراوەی ئەو گوتارانەوە کە لە ساتێکدا لە ئارادان.
١٨) د. عبدالله ابراهيم – المركزية الغربية – اشكالية التكون والتمركز حول الذات – الطبعة الاولى ١٩٩٧.
١٩) جورج طرابيشي – النطرية العقل – نقد نقد العقل الغربي – الطبعة الاولى ١٩٩٦.
٢٠) هەمان سەرچاوە.
٢١) هەمان سەرچاوە.
٢٢) هەمان سەرچاوە.
٢٣) ما الفلسفة؟ ...
٢٤) النظرية العقل ...
٢٥) المركزية الغربية ...
٢٦) هەمان سەرچاوە
٢٧) الان تورين – نقد الحداثة – ترجمة/ انور مغيث – الطبعة الاولى – ١٩٩٧، ص (٦٣).
٢٨) جورج طرابيشي – اطروحات راهنة في التعصب والتسامح ومابينهما – جريدة الحياة (١٣٢٢٤).

٢٩)جورج طرابيشي – انفتاح النظام التقين هو ما يطلق دينامية تجدد المجتمعات – جريدة الحياة (١٣٠٦٧).
٣٠)النظرية العقل ...
٣١)النظرية العقل ...
٣٢) هەمان سەرچاوە ...
٣٣) جورج طرابيشي – ايديولوجيات تتعاقب والسلطة و تدابير الاجتماع هي محاورها – جريدة الحياة.
٣٤) د. كمال عبدالطيف – الامير/ خطاب الخط والقوة – مجلة الفكر العربي المعاصر عدد ٢٤ شباط ١٩٨٣.
٣٥) ايديولوجيات تتعاقب ...
٣٦) هەمان سەرچاوە.
٣٧) هەمان سەرچاوە.
٣٨) هەمان سەرچاوە.
٣٩) هەمان سەرچاوە.
٤٠) من اجل علمانية اكثر ...
٤١)النظرية العقل ...
٤٢)د. ناصر حامد ابو زيد. التفكير في الزمن التكفير .. الطبعة الاولى ١٩٩٨.
٤٣) اطروحات راهنة في ...
٤٤)انفتاح النظام التقين ...
٤٥)المر[illegible] الغربية ...
٤٦) هەمان سەرچاوە.
٤٧) هەمان سەرچاوە.
٤٨) نقد الحداثة ...
٤٩)المركزية الغربية ...
٥٠) د. ناصيف – في العلاقة بين الدولة وسلطة الدين – مجلة الفكر العربي المعاصر عدد ٢٤.
٥١)هەمان سەرچاوە.
٥٢)هەمان سەرچاوە.
٥٣) نقد الحداثة ...
٥٤)في العلائقة بين ...
٥٥)مالفلسفة؟ ...
٥٦) هەمان سەرچاوە.
٥٧) هەمان سەرچاوە.
٥٨) هەمان سەرچاوە.
٥٩)العلمانية والدولة الدينية ...
٦٠)غطاس ابو عطية – العلمانية والجولة والمجتمع المدني – مجلة الطريق عدد (٢).
٦١) نقد الحداثة ...
٦٢) المجتمع المدني – مقابلة مع د. عزمي بشارة –جريدة السفير عدد ٨٠٣١.
٦٣) د. كريم ابو حلاوة – اشكالية مفهوم المجتمع المدني – الطبعة الاولى ١٩٩٨.
٦٤) الفكر الاسلامي ...
٦٥) هەمان سەرچاوە.
٦٦) نقد الحداثة..
٦٧) ايدولوجيات تتعاقب..
٦٨) د. محمد ارگون – نقد العقل الاسلامي – ترجمة/ هاشم صالح – طبعة الاولى ١٩٩٨.
٦٩) د. سمير امين – العام والخاص في الديانات الكبرى – مجلة الطريق ١٩٩٨.
٧٠)السلطة والحداثة – مقابلة مع جورج بالاندى – الفكر العربي المعاصر – عدد ٤١–١٩٨٦.
٧١) نقد العقل الاسلامي ...
٧٢) العام والخاص ...
٧٣) نقد العقل الاسلامي ...
٧٤) السلطة والحداثة ...
٧٥) جورج طرابيشي – الثورة قيد المسالة – الحياة (٢٩ اب ١٩٩٩).
٧٦) د. مجمد ارگون – تأريخية الفكر العربي الاسلامي – ترجمة هاشم صالح – ١٩٩٦.
٧٧) الفكر الاسلامي ...
٧٨) حوار الدجولة والدين ...
٧٩) اطروحات راهنة في ...
٨٠)العام والخاص..
٨١) ريجيس جولسيفيد – المذاهب الوجودية من كيركجورد الى جان بول سارتر – ترجمة – فوأد كامل.
٨٢) هەمان سەرچاوە.
٨٣) هەمان سەرچاوە.
٨٤) د. محمد ارگون. اين هو الفكر الاسلامي المعاصر – ترجمة/ هاشم صالح ١٠٨٥.
٨٥) الفكر الاسلامي ...
٨٦) نقد العقل الاسلامي ...
٨٧) هەمان سەرچاوە..
٨٨) الفكر الاسلامي ...
٨٩) هەمان سەرچاوە..
٩٠) العلمانية والدولة – الدينية ...
٩١)هەمان سەرچاوە..
٩٢)د. سيار الجميل – العرب والاتراك، الانبعاث والتحديث، من العثمنة الى العلمنة – ١٩٩٧ الطبعة الاولى.
٩٣) هەمان سەرچاوە..
٩٤)دەربارەی پەیوەندی نێوان هەریەك لە دیموکراتیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و علمانیەت و عەقڵانیەت، بە رەخنەگرتن لە ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆ گرنگەی هەریەك لە (محمدی عابد جابری/ حسنی حنفی/ جورج طرابیشی) لە (حوار المشرق والمغرب) دا لەسەر علمانیەت سازیاندبوو، تێیدا (جابری) ئەوڵەویەتی بە چەمکی عەقڵانیەت دابوو بەو سیفەتەی کە اشکالیەتی (علمانیەت) تایبەتە بە خۆرئاوا، لەمبارەیەوە (د. کریم ابو حلاوە) پرسیارێکی گرنگ ئاڕاستەی جابری دەکات و دەڵێت: ئەگەر عەقڵانیەت مانای مامەڵەکردن بێت لەگەڵ جیهانی (سروشتی/ کۆمەڵایەتی) بەپێی یاساکانی عەقڵ و بە پێودانگ و لۆجیکەکانی بەدوور لە هەوەس و دەمارگیری و مەیل، ئەدی چۆن ئەم مامەڵە عەقڵانیە بخەینە ئاستی پیادەکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنەوە لە کۆمەڵگەدا، بەبێ سیستەمی علمانیەت؟

* * *

ناوی هەندێ سەرچاوە کە بە گشتی سودم لێوەرگرتون و ناویان لە پەراوێزدا نەهاتوە:

- مطاع صفدی – الدولة والسلطة الجماعة – الفكر العربي المعاصر ١٩٨٣ – عدد ٢٤.
- جورج طرابيشي – في الثقافة الديموقراطية – الطبعة الاولى ١٩٩٨.
- برهان غليون – اغتيال العقل – ١٩٩٣.
- سمير امين – في مواجهة أزمة العصر – ١٩٨٠.
- سمير امين – نقد روح العصر – ١٩٩٨ – دار الساقي.
- غالى شكر – اقنعن الارهاب – بحث من العلمانية الجديدة – الطبعة الثانية ١٩٩٧.
- محمود أسماعيل – الاسلام السياسى بين الاصولين و العلمانيون – الطبعة الاولى ١٩٩٨.
- د. احمد بغدادى – تجديد الفكر الدينى (مقدمتكەی "العلمانية الكونية" دار المدى ١٩٩٩ ديمشق.

وتاری لیژنه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنی شیعر

لەلایەن دڵشاد عەبدوڵڵاوە

خوێندرایەوە

لیژنەی هەڵسەنگاندنی شیعر کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان (لەتیف هەڵمەت، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، مەریوان وریا قانع، عەبدوڵڵا قەرەداغی).. ئەو بیست‌و سێ قەسیدەیەی خوێندەوە کە لەلایەن لیژنەیەکی پێشووتری فێستیڤاڵەوە. هەڵبژێردرابوو، بۆ ئەوەی لەناو ئەو بیست‌و دوو دەقەدا، جوانترین‌و باشترین دەقی شیعری هەڵبژێرێ.

جیاکردنەوەی شیعر لەناشیعر کارێکی ئاسان‌و بێ ئەزیەتەو لەچاو تروکانێکدا دەتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە، بەڵام هەڵبژاردنی جوانترین شیعر لەناو ژمارەیەك دەقی شیعریدا کارێکی قورس‌و ئەستەم‌و گەلێك زەحمەتە.

لیژنەکەی شیعر هەموویان شاعیر بوون ئەوەش ئەو کاری هەڵبژاردنەی هێندەی دی زەحمەت کردبوو. بۆیە هەر لەیەکەم خوێندنەوەی دەقەکاندا (کە هەر هەموویان ناوی نووسەرو شاعیری بەسەرەوە نەبوو) لیژنەکە بڕیاری‌دا کە هەریەکەو دوای خوێندنەوەی دەقەکان نمرەیەکی بۆ دابنێ لە (١ تا ٩) نمرە.

وانەبووا هەریەکەو چەند قەسیدەیەکمان هەڵدەبژاردو دڵمان لای دەیان وێنەو رستەی شیعری جوانی نێو دەقەکانی دی دەبوو، دەستت بۆ هەر قەسیدەیەك دەبرد، سێ چوار دەقی دی چاوی تێ دەبڕی.. بەو شێوەیو بەناچاری پەنامان بردە بەر نمرە.

هەر ئەندامێکی لیژنە دەقەکانی خوێندەوەو بەگوێرەی ئەو بنەمایانەی لەسەری ڕێك کەوتبووین نمرەی بۆ هەر یەك لە دەقەکان دانا لە (١ تا ٩)، دواتر دانیشتین‌و نمرەکانمان کۆکردەوە، کام دەق زیاترین نمرەی هێنابوو ئەومان بەباشترین‌و جوانترین دەقی شیعری فێستیڤاڵ هەڵبژارد لەناو شیعرەکاندا.

بەم شێوەیە دووەم‌و سێیەمیشمان هەڵبژارد. بەو پێیە ئەم قەسیدانە خەڵاتی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەمی شیعری چوارەم فێستیڤاڵی گەلاوێژیان بردەوە:

خەڵاتی یەکەم:

١- دەقی "دیسانەوە قافڵەکانی هەرەس لێرەوە تێدەپەڕن" بەیەکەمینو جوانترینو باشترین دەقی شیعری چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی ١٩٩٩ هەڵبژێردرا.
٢- دەقی "پاڕانەوە لەئاو" بەیەکەمین دووبارەی جوانترینو باشترین دەقی شیعری فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەڵبژێردرا.

خەڵاتی دووەم:

١- دەقی "پڕۆژەیەك بۆ شکست.. پڕۆژەیەك بۆ عەدەم" بەدووەمین جوانترینو باشترین دەق شیعری چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەڵبژێردرا.
٢- دەقی "شاهەنشای گێلاس‌و راوی ئینجانەکان" بەدووەمین دووبارەی جوانترینو باشترین دەقی شیعری چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەڵبژێردرا.

خەڵاتی سێیەم:

١- دەقی "راوچی ئەستێران" بەسێیەمین جوانترینو باشترین دەقی شیعری چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەڵبژێردرا.
٢- دەقی "لەسەر مەزاری گوڵێ" بەسێیەمین دووبارە جوانترینو باشترین دەقی شیعری چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەڵبژێردرا.
٣- دەقی "سەرلەنوێ لەمانای ژیان وردبینەوە" بەسێیەمین سێ بارە جوانترینو باشترین دەقی شیعری چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەڵبژێردرا.
٤- دەقی "تا ئاو بڕکا گومان" بەسێیەمین چواربارەی جوانترینو باشترین دەقی شیعری چوارەمین فێستیڤاڵێ گەلاوێژ هەڵبژێردرا.

فەرهیدون عەبدول بەرزنجی

عبدالله قەرەداغی

لەتیف هەڵمەت

مەریوان وریا قانع

دڵشاد عبدالله

١٩٩٩/١٢/٢٠

دیسانەوە : قافڵەکانی هەرەس، لێرەوە تێدەپەڕن



کۆسار کەمال پیرۆت

پشیلەکەی (عەزیز نەسین) گەلێک لەئێمە بەختەوەرترە، ئێمە بەدەستی خۆمان تەنهایی و شکست و گومانمان بەدەوری خۆماندا کێشاو دەشمانتوانی لێی دەربازبین، ئەمێستاش لەناو ئەو بازنەیەدا ئێمەو زەلیلی، تاوێك ئەو ئەمانخواتەوە، تاوێکی تر ئێمە ئەو ئەخوێنەوە...

مەستانە کڕێوەکە...
مەستانە بیبارێنە،
ئەم هەموو هەوری حەسرەتە
هەتاکوکەی، بەئاسمانی خەونەکانەوە هەڵواسرێ
هەتاکو کەی، لەژێر عەبا سورمەیی‌یەکانی شەرمدا، چاوەڕوان بێت
من ئەمشەو مەیزەدەترین زاهدمو
گەرەکمە نارەناری بیرچونەوە بڵێمەوە
گەرەکمە لەسەر خوانی تەنهایی مانگ
بە زەیتونی چاوی گەشی ئەستێرەیەکەوە
پێکێ شەراب
لە چاوی تۆ بخۆمەوە...
من ئەمشەو، شێتگیرترین سەفەرم و
تەلیسمەکانی بیرەوەری ئەچنمەوە،

من ئەمشەو لەتان و پۆی مەملەکەتە لەبیرکراوەکەم وردئەبمەوە

لەگەڵ لێزمەی عەشقێکدا، دائەکەم.

بۆئەوەی بەهەشتی باوەشێک،

منی شیعری بزرکرد.، بدۆزمەوە..

بۆئەوەی، لەپاڵ دۆزەخی گەورەکانما

لەناو عەمامەی شلەوەبووی وەلیەکانما

لەژێر شریخەی خەنجەری براکانما

چەتریک بۆ گوشین، ساباتێک بۆ ماچ بهۆنمەوە...

دیسانەوە نەفامیی گەورەکانم،

ڕێ بە باڵی تەزیوم نادەن، بچنە خەونی فڕینەوە...

ئەوان: ماچیان لە عەشق خاڵیکردو

بوولبوولیان لەسەر ڕەوان بێژی سزادا

شەویان لەبەر بێدەنگی پڕکرد لە هەناسەی

بەبەردبووی تەرمەکان و

شەڕەکانیان لەبەر کەمی کوژراوەکان دووبارە کردەوە

دەمی (با) یان لە دەریا چەقاند و

سڵاوی نەوڕەسیان لە کەنار سەندەوە

تفیان کردە سەر سجودەکانی دایکم و

پێکەنینی منااڵی سەر بێشکەیان بە بلوێرەکەیەوە بەستەوە...

دیسانەوە نەفامیی گەورەکانم ڕێگەم نادەن

گەورەکانم

تاعونی مەست بوون لەناو ئەو زێرابانەی

خۆری پیا ئاودیو ئەکەن...

تاعونی سەمای ناو جەنگەڵێکی بێکۆتایی،

تاعونی کۆچ، بەرەو ماڵە داخراوەکانی ئومێد

دواییش، تاعونی ژماردن

ژماردنی گلان و

ژماردنی خەسان و، تکان

ڕێگەکانی لەناویاندا گرێداوەو
چی‌دی ناتوانن بە شەقامەکانی مانگدا
سەفەرێکی وەنەویەشی بۆ مەحاڵەکانی دڵمان بکەن...
ئەوان، بەر لەئێستا
باوەشە ڕەنگینەکانیان لە سەنگەرە ئەبەدی‌یەکاندا
جێ هێشت و
ماچەکانیان لە کەناریەکانی شەڕدا، هەتاو، وشکی کردنەوە
زاکیرەشیان لەگەڵ خۆڵەکەی (عەرعەر) دا
تێکەڵ بووەو
کە لێیان ئەپرسیت سەعات چەندە؟
نارنجۆکێکت پێ نیشان ئەدەن و
پێت ئەڵێن: ئەوندەی نەماوە بۆ خۆکوشتن...!
نەیانزانی، ئەوان نەیانزانی
لێرە بۆئەوەی لەوەزیاتر
چۆلەکە لە دڵ ڕەقی ڕەشەبا نەپارێتەوە
قافڵەکانی هەرەس، بێباکانە، گۆرانی‌یە تەزیوەکانیان، نەڵێنەوە
ئەبێت سەفەرێک بە خامۆشی میژووە تەڵخەکاندا بکەین
کاتێک سەفەریش تەواوبوو
هەر ئەچنەوە بەردەرگا داخراوەکانی تەنهایی
هەر ئەچینەوە ئەو ماڵەی پڕە لە (هیچ)
نە باوەشێک بۆ سەبووری شک ئەبەین و،
نە قەڵەمێک بۆ نووسینەوەی مەجدەکان،
نە فانۆسێک بۆ ڕووناکردنەوەی
شەوە تاریکەکانی شۆڕش
لەدەربەندەکانی یەئسا...
نەیانزانی، ئەوان نەیانزانی
لێرە بۆئەوەی لەوەزیاتر لەواق وڕمانی خواوەندەکان
بەدیار قەدەرەکانەوە، ڕانەمێنین.

لێرە بۆئەوەی لەوە زیاتر

سەرینەکانمان، یاری لەگەڵ کریستاڵی فرمێسکەکاندا نەکەن

ئەبوو فێربین

چۆن بەدزی گومانەوە، دەستەکان ئەگوشرێن و

باوەشں کەی بە حەسرەتەوە کڕنوشن بۆ توانەوە ئەبا و

بۆچی خواوەند چاوشارکێ لەگەڵ لەحزەکانی شەوقا ئەکات؟

* * *

شێتانە کڕێوەکە

شێتانە بیبارێنە

تا بزانم تۆ لەکوێ بووی

ئەو دەمەی خۆلەپەتانێم

بە وردە شوشەی تاڵترین رۆژگارم ئەکرد

تۆ لەکوێ بووی

ئەوکاتەی خوێنی دامێنی ئەو کچانەم ئەلستەوە

کە لەوپەڕی بەرائەتا،

شتێک نەمابوو بیبەخشن

پاکیزەیی خۆیان نەبێت

تۆ لەکوێ بووی

ئەو دەمەی بەتەنیا گریام و

بەتەنیا بە گەمەی مشک و پشیلە پێکەنیم

زەمەنێک بوو

ئەوەی من پێم ئەوت بەختەوەری، هەر سەراب بوو

بیرچونەوە لەگەڵ پێکێکدا هەڵیدا

ئەوەی من ناووم لێ نابوو مەست بوون، هەر سەراب بوو

پیرەمێردێک لە سوچێکی هەرەسدا هێنایەوە

ئەوەی من پەنجەیم ماچ کرد،

ئەوەی من دەستم گرت و

جادەی مەولەویم پێ ڕەنگ کرد

هەناسەی کۆترەکانی سەر منارەی مزگەوتی گەورەم پی رەنگ کرد
قۆپچەی مراخانیەکەی وێنەی شێخ محمودم پێ رەنگ کرد
درەختە شەرمنەکانی باخچەی گشتیم پێ رەنگ کرد
هەر سەراب بوو .. هەر سەراب بوو
تۆ لەکوێ بووی
ئەوکاتەی من و شیعر
من و هەموو حەرامەکان
من و هەموو خۆکوشتنەکان
ژوورەکەمان پڕ ئەکرد لە بەرچنەی پڕ تالاوی ئەو رۆژانەی
کەسێ نەبوو، دەستەوارەی خەمێکیان بشواتەوە
کەسێ نەبوو، ئاوازی زامێ بۆ برسکانیان دانێ
کەسێ نەبوو، لەوپەڕی تووڕەبوونا
نووکە قەڵەمێ لەم جەستەیە بچەقێنێ و
نووختەیەکی کۆتایی بۆ هەنسکەکانی دانێ...
رۆژگارێک بوو
لەبری خوناوە، چەقۆی کولم دەرئەیاو
کەس نەیووت بۆ
رۆژگارێک بوو
ئەوکاتەی ئەمویست بڵێم گوڵ
دەمم پڕ بوو لە بارووتی ئەو غەدرانەی
پاکێتیان لە رەژوو هەڵکێشاو
پێی پێکەنین
کەس نەیووت بۆ
ئەو رۆژگارە تۆ لەکوێ بووی
تا پێم بڵێی: چۆنیان کۆکەمەوە و
لەکوێوە بۆیان برِوانم
هەر سوچێکی ئەو سەفەرە، میحنەتێک بوو
ئەیبردمەوە سەر کاسە بەتاڵەکانی بێ هوودەیی

هەر وەرزێکی ئەو سەفەرە، هەیبەتێک بوو
ئەیبردمەوە سەر شەریعەتی شکستەکانی
هەر ماچێکی ئەو سەفەرە باوەشێک دوو دڵی بوو
ئەیبردمەوە سەر لێوارەکانی پەشیمانی...

***

مەستانە کڕێوەکە
مەستانە بیبارێنە
ئەمڕۆ سەرمەست تر لە هەموو رۆژێ
بەدەم هۆنینەوەی مرواریەکانی فرێنێکەوە
لە تەمی پەنجەرەیەکی بەسەرچوودا
وێنەی (نۆزدە) ون بوونم کێشاوە
هەر لەوێشەوە، برِیارم دا کە بێمەلات
بەر لەهاتن، چرپەکانی ئەو هاوڕێیەم ژمارد
کە نەمویست غەدری لێکەم، هەر کردیشم
بەرلەهاتن، قلقی ئەو هاوڕێیەم هەژاند
کە بە لەتێ دڵ پێم ئەڵێت (خۆشم ئەوێی)
بەر لەهاتن،
بە لەعنەتی (نۆزدە) گەڕەکی هاوار و
(نۆزدە) دەریای حرمان و
(نۆزدە) گێژەڵوکەی خۆکوشتندا تێ پەڕیم
وا هاتمە لات، چایەکی گەرمم بدەیتێ
تا بتوانم، رووبارەکانی فرمێسک،
ببەمەوە بۆ لای دەریا،
کە هاتمەلات،
نەمویست گوڵەکان لە سکونی ئەو شەوەیاندا بوروژێنم
بەناوی بەرائەتەوە
باڵی ئەو چۆلەکە غەریبانە لێکەمەوە
کە خەوی بەیانیان، لە دەرختێک حەرام ئەکەن

نەمویست، بەچاوی تۆ، هەرگیز نەمویست
ورتە ورتی عەشقێکی خۆڵەمێشی،
بسپێرم بە قسەو باسی دەریایەک...
چیم لێ ئەکەیت؟
ئەمێستا چیم لێئەکەیت؟
عەشق بە دوو مەمکی تێزاو بە ئەفیونەوە یەخەم ئەگرێت،
شەرحی دوا ساتەکانی کۆچی بەختەوەریم بۆئەگات
هاوار ئەکەم، کەس تێم ناگات
کەس لە وون بوونی دەستنوێژی بەیانیانی عەشق
لەناو دەست و پێی ئێوارە حەرامەکاندا تێ ناگات..
کەس تێناگات،
بۆچی عەشق
لە کەندو لەندی سەفەرێکیا
(نۆزدە) جۆر سیگار ئەگۆرێت و
تالاوی هیچیان، دادی تالاوی ئەو نادات
لێرە عەشق، تا لە کۆرنیشەکانی وادەوە
ئەگەرێتەوە ماڵەکەی خۆی
گرەو لەسەر هەڵنوتانی ئەکەن و
هەر خۆشیان ئەیبەنەوە
لێرە عەشق، تا لە سێبەری تاوانێکا تێر نەگەوزێ و
شەوێک لە پێخەفی سەرمایەدا نەتلێتەوە
ژان نایگرێ...
لێرە عەشق، تا شەختەی سەردەم و چاوی گەورەکان
نەشکێنێت و
تا سلاو لە پەیکەرەکانی فەساد نەکاو
پۆیلانەی مندااڵە ئیفلیجەکانی دوای شەڕنەکات
ناگاتەجێ
لێرە، ئای لە درەوشانەوەی دۆزەخەکانی ئێرە

لێرە لە پێکەنینی (کەون)یشدا
بزەیەک بۆ عەشق نەماوە
لێرە ئەبێت لە وەڕینی مانشێتێکی سیاسی‌دا، عەشق بۆن کەین
یا، لە ڕشانەوەی گەورەیەکا بۆی بگەڕێین،
کاتێک لەبەردەم ئاوێنەی غەورگرتووی[1] مێژوودا، ڕاوەستاوە و
لەحزەکانی تالأوی دەموچاوی
خۆی ئەژمێرێت...
لێرە، هەموو شتێک بەسەرچوو
حیکایەتی شیعریش تەواو
هەناسە بەخەڵووز بووەکان و
سیگارەکانم
بەشەوی کام ڕۆژ،
بەپشتی کام شەو
بکوژێنینەوە
کچێنیمان، تەسلیمی کام فارگۆنی ژەنگاوی شەمەندەفەری
زەمەن بکەین و
بەر لە ئاوابوون پێیان بڵێین: عەشق سەلامەت

(١) بیرۆکەی پێشەکی ئەم قەسیدەیە تەوزیف کردنی کەشو هەوای چیرۆکێکی عەزیز نەسینە. بەناونیشانی (پشیلەیەکی بەختیار) کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژ(٢٩٦٨)ی ساڵی هەشتەم بەرواری ١٩٩٩/١٠/٧ ل٦ بڵاوکراوەتەوە.

* ناڕە نار: هەندێ جار کە مرۆڤ گۆرانیەکی غەمگین لەبەر خۆیەوە دەڵێ.

** خوناوە: ئارەقە (ئارەق دەردان).

*** کەندو لەند: بەرزو نزمی.

**** پۆیلانە: دیاری بردن بۆ منالێکی تازە لەدایک بوو.

***** غەور: تەم، ژەنگ.

پارانەوە لە ئاو...

جەمال غەمبار

ئەم قەسیدەیە: -

- بۆ گوشتنی دووەمی "ئاو" خۆی..
- بۆ هەموو تینوێتییەکان..
- بۆ ئێوارەنشینەکانی گەرمیان..

ئەو ئێوارانەی:

تانجیەکان مانیان لە راگردن و

جۆلەکەکان مانیان لە جریوە گرتبوو..

- زەمەن: نیسان – ئەیلوڵی ۱۹۹۹.
- شوێن: گەرمیان – سلێمانی – هەولێر.

بم بەخشە ئەی ئاو.. لە دڵی تۆدا هەمیشە مێرگێک هەیە
پڕەلە چرا و تەنیایی،
پڕە لە بۆنی ئەستێرە،
بم بەخشە لەوەی نەمتوانی لەو مێرگەدا
ماڵێکی شووشەییم هەبێ لەتۆ..
ئەی ئاو.. بمبووزە کە لەئیملای نووسینەوەی باراندا،
حەرفی دڵۆپەکانم پاش و پێش خست!
مەگەر نازانیت، ئەوکاتەی گوڵەکانیان
بە تۆمەتی ئیباحیەت چەپک کردو
دامێنی میقسەڵەکانی دۆزەخیان پێ سوور کردن،

ئەوکات پیاوێک، دەستی گیای بەهەواوە گرتبوو،
ئەوکات کچێک، بەدووربین سەیری بەختی خۆی دەکرد،
ئەوکات چۆلەکەیەک بۆئەوەی شەڕانگێزیی خۆی بنوێنێ
هیچ شەرمی لە باخچە نەدەکرد و
هەر بۆئەوەی جوگرافیای سێبو بشێوێنێ
میزی بە میژووی هەناردا ئەکرد!
ئەوکات، من و تۆش، لێورێژبووین لە وڕێنەی بەفر و
پڕبووین لە پایزی ئەو قسانەی
نەوڕەس لەسەر زمانی گوڵەوە
بۆ زەریای دەگێڕانەوە!
ئەو قسانە، لە دوا ورتە ورتی
مردنی بەرباران دەچوون،
وەک ئەو رستە بێدەنگ و رووتانە وابوون
تامی گلەیی موتڵەقی "ئاو" یان ئەدا
لە "هەتاو" ی ئاو پەنجەرە تەزیوەکان..
زەریاش بە بیستنی ئەو قسانە، وشک دەبوو،
نەوڕەسیش باڵەکانی ئومێدی هەڵدەوەرین:-
-چونکە تۆ لە ئاوێنەدا، ناچیتەوە سەر رەگەزی ئاو و
لە شەوە سورمەچنەکانی خوادا
لە زێوانێک ئەچیت
چاوەکانی لەسەر گۆڕێک لێ‌چێمابێ..
یان لە خولیای گەلایەک ئەچیت
کە ناتوانێ بگاتە ئاستانەی باران،
برۆڕەوە بۆ ولاتی ئەو خۆرنشینە سادانەی؛

- هاوارێک نەماوە، گوڵ بیکات!
- گۆرانییەک نەماوە، تارژەنێ بیچڕێ!
- تینوێتییەک نەماوە، چاوەڕوانی شکان بکات!
- پەنجەرەیەک نەماوە، روانین ستارەی تیا بگرێ..
- پەروانەیەک نەماوە،

دەرسی عیشقی لەکن فێربین..
برۆڕەوەو، فێربە عیشق لەو رێبوارانە بخوازە
کە تازە لە خوازبێنی مانگ دێنەوە

گوێ بۆ وت و وێژی بێمەعنای
نێوان عەرافەیەکی غافڵگیرو،
ژنێکی عەتڕباز کە هەڵمی سەفەر
لە چەستەی هەڵدەستێ، رادێرە!
ئەو وت و وێژانەی؛ پڕن لە کرداری رابوواردووی تێنەپەڕ،
پڕن لە فاریزەی گومان،
پڕن لەو لێوانەی پرسیاریان لێدەبارێ.
بڕۆرەوە و، شوێن پەی گەڵایەک/ لە باخێکی بێ کراسدا،
لە هەڵوەریندا هەڵگرە!
بەیادی لیمۆکانەوە/ وێنەی "کانیی فریشتە"
بخەرە پوولی پۆستەوە..
لەوێ/ لەو ولاتی خۆرنشینە سادانە؛
سەیری کورسییەک بکە
چاوەڕوانە، منداڵێکی لەسەر دابنیشێ و
ڕووە و باران،
خەیاڵی ئاو لە تامەیەکدا بۆ خوا بنووسێ!
لەوێ/ تەماشای پیاوێکی بێتەجرەبە بکە،
هێندە لە ئایندەی ژن و پەرەسێلکە و
دڵی سوێسکە عاشقەکان رادەمێنێ،
چاوەکانی دەبن بە چوونێ فنجانی قاوە و
هەموو شەوێ/ هەتا رۆحی "ئاو"
بۆ شیعر تەرجەمە دەکات،
ماچەکانی گوڵ پیر دەبن..
لە هێڵەکانی تەماسی هەردوو مەمکی نیشتمانداا،
ئەو ملوانکە کوژراوانە هەڵدەگرێتەوە کە لەسەر ڕووی مسینی
هەریەکەیان / جنێوێک نووسراوە:

- دەرگایەک بووین/ لەسەرمان نووسرابوو/ داخراوە..
- گەڕەکێک بووین/ پڕبووین لە منالّی کوژراو..
- گێڵاسێک بووین/

مێزەکانی شەڕیان پێ رازاندینەوە..

- تەرمی سپەی ئەو ئاوە بووین،

ڕەیحانەکانی عەزابیان پڕ ئاوداین..

- ئێمە دارستانێک دڕەختی شەهید بووین،

لەگەڵ شاخ، عاتیفەمان گۆڕییەوە..

لەگەڵ تەم،

زڕەی بادە و

سەمای ماچ و

قاموسی پڕ لە بەردی سپی‌ی

بەفرمان، ئاڵوگۆڕ کرد..

ئەمێستا، نە دەرگا و

نە گەڕەک و

نە گیلاس و

تەرمی سپی و

نە دارستان و، نە شاخ و،

نە تەم و سەما و، نە بادە..

ناچینەوە سەر هیچ بەیانییەکی ئەو ئاتەشگەدانەی،

تیایاندا، کۆترێک بە گمەی ڕەنگ و

بە حەرفی تووڕ، دەینووسی:

ئاو.. یانی پێکەنینی میوە بۆ سەمای جاروباری ڕۆح..

ئاو.. یانی هەبوونی ژنێک کە هەمیشە

پەرداخە بەتاڵەکانی تەنیایی

دەشکێنێ!

یانی؛ گوێگرتنی — با — یەک،

لە نرکەی گوڵێک

کە ترسی هەڵکردنی فیراقێکی هەیە..

ئاو، لە بیرەوەری‌ی هێلانەدا،

ئەو سێ حەرفە ڕوونا‌کەی

خۆیان لە بەفر هەڵدەکێشاو

لە دۆلغینە عاشقەکانەوە فێربووون،

ئەوانیش بەخۆیان بڵێن:

(سەراب) ت باش ئەی تینوێتی

ئەی بۆشایی نێوان ئێمەو

ئەو ئێوارە زیۆسیانەی

بەقەد عومری پەپوولەیەک
لە نزیک زستانێکی چۆڵەوە
ئێمە دەبووینە پێکێ شیعر و
تۆ سەراپا/ نوشت دەکردین!
(سەراب) ت باش!
دەرگاکانی تاریکی/ بە گۆرانیێ نەبێ
ناکرێنەوە..!
ئاسوودەبە/ ئێستا لە من و، لە ئاوێنەوە فێربوویت
ئاوی حەنان و
سێبەری خۆشەویستیت
لێ بنکێ!
ئەمێستا/ شیعر بە شیعر؛
دێمەوە لات..
گۆرانیی بە گۆرانیی؛
بۆ ئەدرەسی گریانت دەگەڕێم!

***

لێرەوە/ بەیتێک لە بەیتە سادەکانی نیگەرانی
گۆرانییەک لە گۆرانییە ئەسیرەکانی ئاو،
دەست پێدەکات
ئەم گۆرانییە هەرچەندە / تریفەشی پۆشیوە/
هەرچەندە بە رووتی
لەناو لمی کەنارەکانی شەرمدا/ راکشاوە،
بەڵام چون فیراقی کوکوختیەکانی بێدەنگی
لە سنەوبەرەکانی زیندەگیی،
چون سەدای سیحراویی دەفەکانی
گریانی برادەرەکانم
لە سەندنەوەی سلاوێکی رەشەبادا،
وەکو مردن/ لە پەرداخێ غەریبیدا،
ئەم گۆرانییە هێشتاکە
بە شەرابی نیگەرانی مەستەو،
بە نزای کۆچ گیرۆدەیە!
ئەم بەیتە/ لە هەر ئەبەدیەتێکەوە هەڵبکات

بەسەر هەر مردنێکەوە/

باسکی خۆی، وەک سەدای فریشتەکان رابخات..
ئەم بەیتە/ مەخلوقێکە، تخووبی زەلکاوەکانی بڕیوە و
بۆشایی رستەکانی ئاگری تەنیوە!
بەیتەوانیش/ زەدەشت ئاسا
کاتێ خۆڵەمێشەکەی بردەوە بۆ چیاکان/
قەدیسێک کە لە ئاو دەچوو/ پێی وت:
تۆ گەرەکتە/ لەجیاتی وەی
ئاگر بۆ نشێوەکان ببەیتەوە،
بەری ئەدەیتە دڵەکان!
دیارە سڵ ناکەیت لەسزای
ئاگرخستنەوە لەناو دڵەکاندا؟
ئەی بەیتەوانی بەردەرگای مەرگی ئینسان/
بڕۆو
لەدزینی چراکان مەترسە..
بڕۆو، بەکەسمان مەڵێ:
چەند کەس لەجامێ تاریکییدا مەلە دەکەن..
چەند قەڵەم/ لەتینوێتی نوسینەوەی
ئەم بەیتەدا خنکان/
هێندە بەسە/ بەو دەستەی لەدڵتەوە نزیکە/
ئەستێرەیەک لەئاسمانی ئومێد بخوازیت/
هێندە بەسە بەو لێوانەی
کە هەمیشە پرسیاری ماچیان لێ دەتکێ/
جاروبار/ نێرگزی ناو سەبەتەکانی مانگیان
پێ بخەیتە سەما!
ئەی بەیتەوانی بەردەم پەنجەرەیەک/
کە هەمیشە دەترسیت لەوەی،
-با-یەک لەکۆتاییەکانی غەریبییەوە هەڵبکاو
لێت بپرسێ:
تۆ، لەکوێی باریندا وەستاویت؟
ساڵی چەندەمی تینوێتی لەدایک بوویت؟
لەکام پایزی کۆڵانەکەتاندا،

رۆژێک شەقامێکیان لەگەڵ
بۆ رۆیشتنی گالیسکەکانی بەختی کچان و
گوڕانی گەڕەک ڕاکێشا؟
هەر لەوێ/ لەو جادەیەی بەگەڵ دروستکرابوو
بەتەباشیری کام ئارەزوو
چەند هێڵێکی سپیتان بۆ قیراجی مەلەکان و/
بۆ خەتخەتێنی کەناربیە سەرەڕۆکانی
روانین کێشا؟
ئەی بەیتەوانی دیوانی ئاگر/
تۆ کە دەلیلی ئەو شووشانە بوویت
ڕێگای شەرابیان ون کردبوو..
تۆ کە سەرقافڵەی هەموو ئەو ڕێواسە پیرانە بوویت
زەمین تفی کردبوونەوە ناو زەمیلەکانی خۆی..
تۆ کەپڕبوویت لەغەریبی/
کە گۆرانییەکی ئاوارەی ئەو سەحەرە ڕووتانەیت،
بەدەستێک چاوڕوانیی درۆینە دەکەن و
بەدەستەکەی تریان
خەتمی ئەو عیشقە رژاوە دەچننەوە
کە لەشەفەقێکی شەهوانیید!
پیاوەکان خەون بەخەون
بۆ یەکتری دەگێڕنەوە؛
تۆ/ کە تەفسیری شەیتانیی بوونی ئاوت پێ نەکرا،
ئیدی:
* شەرحی کەم/ یاشەرحی نەکەم
من چیرۆکی ئاوابوونی خەلیقەتێک
لەودیو پەنجەرەی مانگەوە چاوەڕێمە.
سۆز بباریّ/ یا نەباریّ
قەراڕە بەپێوانەی هەڵڕژانی سپێتی
لەپەیڤەکانی نووڕەوە
چرایەک/ مۆمێک/ نەخێر، دەنکە شقارتەیەک
بەدەستی قەلەندەرێک هەڵبکرێ و
ئاخرین گۆرانیی حوزن/

پەرش بکات!
خواوەندەکان/ بەرمالّی ئاشتی رابخەن، یا نە..
ئەمێستا ئاوێنەکانمان،
سیخوورِە ئاسوودەکانمان،
باخچە خامۆش و ئاوسەکانمان بەخەونی کۆترو/
بەردەمەستو رووتەکانمان/
بڕیارە هەموومان
کراسی خوێناویی زووباریک/
لەپێشوازیی هاتنی تیشوێتیدا
لەبەر بکەین..
بڕیارە بە''ئاو'' بڵێین:
بگەڕێوە، زیندەگیی بەتۆوە جوانە ئەی ئاو!
کەچی ''ئاو'' دەڵێت:
تا بەعیشق خۆ نەشۆن و
تەسیحەکانتان نەکەنە زونار؛
نایەمەوە!
''ئاو'' بەدەم دوا ئاوڕدانەوەی خۆیەوە،
دەپرسێت:
ئێوە کامتان هەتا ئەوسەری
کەلاوەکانی عیشق چوون،
بۆ ئەوەی تەرمی پەپوولەیەک،
بەر لەکوشتن،
بۆ ماچێک دەگەڕا،
بدۆزنەوە!
ئاو راست دەکات..
ئەو هەرگیز لەئێمە ناچێ،
ئەو بۆ راوکردنی تیشکێ
بولغارو چراخانێ/ تیرۆر ناکات..
ئاو... نە لەپێکی سێیەمی شەوە خوارو خێچەکاندا
دەم بۆ سیاسەت دەبات و،
نە لە هیستریای شەڕەکانی —با—دا
شەماڵ و باویلکە دیلەکان دەکوژێ..

ئاو.. ژنێکە
لە دەربەندی گوڕانییەوە هەڵدەکاو،
لەمبەر جوانییەکانی پایزەوە؛
خاموێش دەبێ..
بەسادەییش/ مەوجەکانی خۆی
لەجانتای ڕۆژە پڕ ئاوێنەکاندا
قەد دەکات..
گوێ لەشەقژنی باڵی ئاو بگرن، ئاو..
* * *
دوای کۆچی ئاو.. تفەنگێکی پیر پێی وتم:
ئەوەتام، زەینی شیعرێکتم بدەرێ..
تەنیایی پێی وتم:
ئیدی لەم خەونە بەدواوە،
ئاوو تۆ،
ڕووتبوونەوەی یەکتری
لەدرزی دڵۆپەکانەوە نابینن!
گۆزەیەک کە پڕ بوو لەسەرزەنشتی/ ئاو خۆی
پێشن ئەوەی خۆی بشکێنێ،
پێی وتم:
تۆ کە خۆت و شیعرت، پڕن لەبەفری غەریبیی،
تۆ کە وەسفی فەسڵێک لەڕاڕایی
پەپوولەکانت پێ نەکرێ،
کە نەتوانیت پێناسەی ڕژانی بێ دەنگیی
بەسەر جەستەی گێلاسە
تازیە بارەکاندا بکەیت/
کە لەمەسخەرەی تاڵانکردنی
خۆڵەمێشی لەئاگرو
لەدزینی تاجەکانی خەیاڵ
لەشیعر/ بێ دەنگ بیت..
تۆ کە لەداخی سواغدانی کەڵێنەکانی ڕووناکیی
بەژاوەژاوی بەربەرییەکان،
بۆت نەکرا هەموو زەمین

بکەیتە چاوی قەسیدەیەک/

تۆ..
تۆ..
تۆ..
کە نەتتوانی،
کە بۆت نەکرا،
کە یێ دەنگ بوویت؛
* بۆ جاری نایەیت
بچینەوە لای منالّیی ئاوو
بچینەوە لای ئەو شەکرە سێوەی
بەسینەیەکی شەووشە بەندەوە/
– وەفای باران و
– وەسوەسەی ئاوو
– مەرگی بالّندەو
– گوناهەکانی جەنگی شمشێرو
فریشتەکانی بۆ باس دەکردین..
ئەو شەکرە سێوە/ دەمەو گۆرانیی،
لەسەحەریّکی عاریفانەدا
تازە لەگەشتی زەریاو بەیانی دەگەڕایەوە..
ئەو شەکرە سێوە/ کە وشەی (ئاو)ی بەقسەی گەلاّ،
دەخستە رستەی شووشەکانەوە،
هەمیشە دەیوت:
"ئاو" شاژنیّکی نەزۆکی شاری غەریبەکان بوو،
هێندە جەستەی خۆی لەئاگر خشاند
هێندەی دڕۆ بیست،
هەتاکو ڕەحمی پڕ لەبەفری خۆی
بەعەزاب شووشت و
ئیدی هەنگوینی مەمکەکانی خۆی،
بەکەس نەبەخشی..!
* * *
ئەی ئاو..
دیسانەوە بمبەخشە،

من (زەریا نووس) نەبووم تاکو پێت بڵێم؛
ئەم شیعرەش گەمەیەکی سەیرە،
وەهمی عیشقو
خەیاڵاتی پووچی لالە بەچراو،
پێکەنینی مانگ بەڕووی ئەستێرەکاندا،
فڕێ ئەداتە دەریاوە..
ئەم شیعرە لەگەڵ خۆتدا، لەژێر وێنە سەرابییەکەی خۆتدا،
جارێکی تر، دەنووسێت:
لەوسەری ئایندەوە/
پڕ بەشمشاڵی جەستە،
پڕ بەگەرووی کوفر،
پڕ بەزاکیرەی شەڕ،
دەنووسێت:
ئێمە کە لە عەدەم گەڕاینەوە/
خوداو ئاومان پێکەوە ناشێت!

نیسان — ئەیلول ۱۹۹۹

پرۆژەییەك بۆ شكست
پرۆژەییەك بۆ عەدەم

كەریم دەشتی

سەدەی یەكەم بوو كە بینیم گەلای مەشاعیەت دەوەری و ئەو دارستانی تەی دەكرد تا شەڕە جەستەی ئاسكان بەدیبكا و پێدەكەنی

سەدەی دووەم بوو كە بینیم دەستی مارگۆ پۆلۆی دەگرت و تاراوگەی لێدەتكایەوە و پێدەكەنی

سەدەی سێیەم بوو كە بینیم لەژێر كەپرەكەی كرۆسۆ تەنهایی خۆی دەچنیەوە و پێدەكەنی

سەدەی چوارەم بوو كە دیتم تازە لە وەهمی كەشتی نوح دادەبەزی و پێدەكەنی

سەدەی پێنجەم بوو كە بینیم بۆ تۆڵەی باوكی پاڵتۆكەی ئومرۆئەلقەیسی دەنەخشاند و پێدەكەنی

سەدەی شەشەم بوو كە بینیم لەگەڵ رایەڕی كۆیلەكان رەسمی بەیداخێكیان دەكرد و كتێبی بوزایان دەخوێندەوە

سەدەی حەوتەم بوو كە بە جلێكی خوێناوی شكست بارەوە لە كۆمۆنەی پاریس دەگەڕایەوە شووشە شەرابێك و چەند پارچە نانێكی لەدەستابوو پێدەكەنی

سەدەی هەشتەم بوو كە بینیم ماندو لەگەڵ فاسكۆدی گاما باسی تاعوونەكەی سەر روباری مەسیسپی و كوانوی كوژاوەی نەهری دەكرد و پێدەكەنی

سەدەی نۆیەم بوو كە بینیم بە تەنها ملی نابووە بەر ملی لەشكری دەفژەنی فتوحات و پێدەكەنی

سەدەی دەیەم بوو كە بینیم بە لالوتی لەگەڵ صلاح الدین باسی شمشێری دوو تیغە و خەنجەرەكەی دواوەی دەكرد پێدەكەنی

سەدەی یازدەم بوو كە بینیم لەگەڵ تۆماس مۆر و فارابی دەچوونەوە نێو یۆتۆپیاو پێدەكەنی

سەدەی دوازدەم بوو كە بینیم تەختە مەقسەلەكەی رۆبسپێری تورھەڵداو پێدەكەنی

سەدەی سێزدەم بوو کە بینیم لە شورەی دەوری ئەربێلا بەسەر سینەی ئەسکەندەرەوە گوتاری شکستی دەنووسیەوە و بە هیلاکی پێدەکەنی

سەدەی چواردەم بوو کە بینیم سواری ملی لویسی شازدەم بوو بوو بە ئەکلیریک پێدەکەنی

سەدەی پازدەم بوو کە بینیم ئەستەرلابێکی کۆنینەی لە دەستابوو بە ماڵەکەی خۆی نەدەکەوت کە گەورەترین ئەشکەوتی ئاسیا بوو پێدەکەنی

سەدەی شازدەم بوو کە بینیم لەگەڵ هاملێتی شەکسپیر باسی گومانی نەتەوەیان دەکرد پێدەکەنی

سەدەی حەقدەم بوو کە بینیم کتێبی شۆڕشی فەرەنسای ئەخوێندەوە و تەرمی دانتۆنی لە کۆڵا بوو پێدەکەنی

سەدەی نۆزدەم بوو کە بینیم مانیفێستی کۆمۆنستی ئەخوێندەوە مەهاباد و لەشکری سووری تیا نەبوو پێدەکەنی

سەدەی بیستەم بوو کە بینیم سەیری شۆڕشگێڕەکانی دەکرد پاساو بۆ خەنجەرەکەی پروتس دەهێننەوە و نوێخوازەکان پاڵتۆی سەلەفیەتیان لەبەردەکرد بە حەسرەتەوە دەگریا

منیش لەو سەرەوە بە هەمان ڕێ، ئەو ڕێیانەی دەچوونەوە سەر دۆزەخەکەی دانتی گەڕامەوە ...

سواری پاپۆڕە شڕەکەی سەدەی نۆزدەهەم بووم لە سوچێکا بینیم خەمەکانی خۆی دەژمێرێ، باسی بەلشەویک دەکا و سەرسام بووە...

پەیتونەکەی سەدەی هەژدەمم دۆزیەوە و گەڕامەوە لە دورەوە بینیم سەیری کوپەی شکاوی بەهاکان دەکا و بەدیار قەتڵوعامی ئەرمەن سەرسام بووە

دەستم کردە ملی سەدەی حەقدەم گوتم با بچینەوە دەشتایی بینیم لە پەنای درەختێکی چەماوە دەفتەری یاداشتەکانی دەسووتێنێ و سەرسام بووە

لە گوندێکی سەدەی شازدەم ویستم بحەسێمەوە بینیم بەدیار قەڵای رماوی میدیادا سەیری پەیکەرەکەی کوروش دەکا و سەرسام بووە

لەسەر کەناری سەدەی پازدەم کالیگوڵا لە بانکی خوێن دەهاتەوە ئەوم بینی ئاگر لە چاوی هەڵدەڕژا و سەرسام بووە

لە ئاهەنگی سوتانی کتێبی سەدەی چوارەم تازە بەهار خونچەی دەدا بینیم باسی زستانی ئەقڵ دەکا و سەرسام بووە

چوومەوە نێو دواڕۆژەکانی سەدەی سێزدەم بینیم کتێبەکەی حەللاجی پێبوو سوڵتانەکانی بەردباران دەکرد سەرسام بووە

لە پرسەی کتێبەکەی عبدالخالق دانیشتبووم کە سەدەی دوازدەهەم بوو بینیم ریشێکی تەڵخ و دەستکردی دەسوتاند و سەرسام بووە

کە لە سەدەی دەیەم نزیک بوومەوە لە دورەوە دیاربوو لە تابلۆی (پاییزی درندانی) گۆیادا ڕاماوە و سەرسام بووە

بەپەلە چوومە ناو خەتی سەدەی نۆیەم ئێوارە بوو بینیم بەسەر دوندێکی دەرسیمدا سەیری دەرۆێشەکانی زەردەشت دەکا و لە ئاگردانی خۆرەتاو سەرسام بووە

دڵم توند بوو کە خۆم لەناو بەندیخانەیێکی سەدەی هەشتەمدا دۆزیەوە بینیم لە پەنجەرەوە دەڕوانێتە ئەو مەلانەی لە ئاسمانی شین هەڵدەفڕن بەدەم شیعرەکەی ئازادی ئەراگۆن دا سەرسام بووە

بانگی هاوەڵەکانم دەکرد کە سەدەی جەوت راینەگرتم بینیم خۆی و مەولانا و نالی لە کونجی مەنفای غوربەتا لە زیکر و فیکری خاکا بوون.. سەرسام بووە

وەکو تیری بەربووری کەوان رامکردە نێو سەدەی شەش و شکایەتم لە بەختی خۆم دەکرد بینیم چراکەی دیوژین دەشکێنێ و سەرسام بووە

کەوتمەوە سەر رۆمانی سەدەی پێنج و دیاربوو بەدیار راسکۆلینکۆفەوە تەوری حەقیقەت دەشکێنێ و سەرسام بووە

هاوڕێکەم لە سرودەکەی نالەی نەیدا منی بردەوە سەدەی چوار و بینیم تازە زنجیرەکەی تراژیک دەکاتەوە و سەرسام بووە

سەدەی سێیەم بوو لە بەر دەرکی سەرا بینیم خوێنی سەر شووشەی یادگاریەکانی دەسڕیەوە تنۆک تنۆک فرمێسکی دێتە خوارەوە و سەرسام بووە

چوومەوە سەر قەڵا روخاوەکانی سەدەی دووەم تازە راوچی لە راوی نێچیران دەهاتنەوە بینیم کتێبەکەی گەلگامیشی دەخوێندەوە و گوڵی خلودی دەژاکاند سەرسام بووە

کە گەیشتمەوە سەدەی یەک هاوارم کرد ئەی دۆست

ئەگەر ئاو هەبا ئەوەستاین ئەمانخواردەوە

بینیم بە سەرسامی بانگی کردم و چووینە سەر گردەکەی بابان و لە دوورەوە بەیەکەوە سەیری سەرانمان دەکرد.

سەراب .. سەراب .. سەراب

هەولێر ١٩٩٩/٩/١٥

سەرنج: لەم شیعرەدا مێژوو پەرش و بڵاوبۆتەوە و جێگۆڕکێی پێکراوە.

شاهەنشای گیڵاس و
راوی ئینجانەکان

خەلیل عەبدوڵڵا

ئەی ئەو کەسە نامورادەی
هەموو رۆژێ
چەپکێ روناکی بە لقێکی ئەم درەختە قەمورانەدا
هەڵدەواسی و جێی دێڵی
پێم بڵێ...
ماڵە چکۆلەکانی دڵی من و تۆ چییان لێهات؟!
شەو...
ئامادەیە وەک جاران وێنە تەڕوبڕەکانی منداڵی خۆمانی تیا هەڵکۆڵین؟!
ئەسپ
شپرزە نابێ گەر بە پارچە ئاوێنەکانی ژێر دەریا
هەموو جەستەی بشارینەوە و
لە قەرەباڵغترین سەربازگەدا بەرەڵای بکەین ؟!
باخچە دەوێرێت...
بێ ترسی دروشمی لافیتەکان
یەک بە یەکی ناڵینەکانی خۆی
لە سەر پێستی شەونمەکان ئارشیف بکات ؟!
شەقام....
کە خەنجەرەکانمان لە دڵ دەرهێنا
دێت
روناکی لەو دەستانەی من و تۆ قەرز بکات

که تۆپەڵ تۆپەڵ

شەویان لێ دە چۆڕا ؟!

دەرگاکان

چ دەڵێن

گەر وەک جاران

پەلکێشیان بکەینەوە بۆ چەنگەڵ و

بەبەر چاوی مێزە هەڵهاتووەکانەوە ....

بیانڕوێنینەوە

جانتاکان

ناخنکێن گەر پڕیان بکەین

لە هەناسە بۆ یەکتر ؟!

کتێبەکان

بوار دەدەن ...

سیخناخیان بکەین

لە نا ئومێدیەکانی یەکتر ؟!

زەوی .... چ دەڵێ

گەر دار شەقەکانی بدەمەوە دەست و پێ ی بڵێم

چما ... لەوەی

کە ناتوانیت دەست بەرداری درێژبونەوەی ئەم گۆرستانانە بیت

کە لە سەر سینەت

بە خەتایەک ئاوس ئەبن و

بە بارانێکی خوێناویش سەفەر دەکەن

ئاسمان

چ بەو پەیژە قۆقزانەی من و تۆ دەڵێت

کە ویستمان تەیرە مەنگوڵیەکانی نیشتمانی

پێ بگوازینەوە بۆ ناو پەنجەرەکان و

نەگەڕێنەوە

دیوار ... ناڕوخێ

گەر سێبەرەکانی خۆمانی لێوەربگرینەوە و

لە شەوێکی یەڵدادا جێی بهێڵین ...؟!

لە ئێستا بەدواوە

پێویستە کە بزانم

بالّ ... ناشلّەژێ
گەر فڕینە ساختەکانی هەموو مێژووی فڕینی
بۆ نمایش بکەم ؟!
شەربەکان ...
دڵگران نابن
بە ڕیز بیانبەمەوە بۆ روبار ؟!
دارستان
لە ڕوو دا نامێنێ
بۆ یەک لەحزە چاوەکانی هەڵبهێنێ و
سەیری ئەو درەختانە بکات
کە بەیانیان هەر یەک بە دارشەقێکەوە
لە قوتابخانە دێنەدەرێ و
بەرەو لای ئەو دارستەوبەرانە دەڕۆن کە رازی نین بالاّ دابنێن ...
رەشەبا ئامادەیە ...
پەنجەرەیەکی بریندار ی منتان پیشان بدات
کە ڕۆژگارێ
لە سەر سنگی چەقاندم و
سەیری ئەو دەستانەم پێ دەکردن
کە چاوەڕێ بوون
خوێن
لە بنی ئینجانەکان بچۆڕێت و
پەنجەکانی پێ ئالودە بکەن ...
کەنار
هەڵوێستی چیە
گەر لە سەر شەپۆل سفرە را بخەم و
لەگەڵ کونەپەووەکانا
قومار بۆ بردنەوەی بەخت بکەین ..
بانیژەکان گێژ نابن
گەر لەوێوە
نیشانە لەو ئینجانانەی کۆڵان بگرمەوە
کە پڕ کران لە خەنجەر
پێویستە بزانم کە

خاک

منەت بە سەر جلە دوراوەکانی لاولاودا ناکات
گەر یەک بە یەکی
چەقۆ هەڵواسراوەکانی
سەر تەنافی بۆ بژمێرم
ئەی هاورێم
ئەم حەوشەیە شوێن پیاسەی من و تۆی تیا نەما
تا بە سەر پشتی ئەم ئاورنگە رەش پێستانەوە مەحف نەبووین
شتێ بڵێ ... نەبا
پاش دەسخەڕۆبونێکی تر
پێمان نەکرێ
ئاسەواری خۆکوشتنەکان بۆ نەورەس تەفسیر بکەین و
ئالودەبوونی یەکجارەکی دەریاش
بە هێڵنج دان
بۆ بارانە خنکاوەکان نەنوسینەوە
شتێ بڵێ ... من نازانم
بەم دەستکێشە ئاسنینانەمەوە
چی لەم هەموو فرمێسکە بە مرواری بووەی خۆم بکەم
کە وەک گوللەیەکی شارەزا دێن و
خۆیان دەکێشن بە دڵی کوکوختیە رەش داگەڕاوەکانی مندا
ئەی هاورێ
درێغا ... کە نەمتوانی
لە پۆلەکانی قوتابخانەدا بمێنمەوە و
لە سەر تەختە رەشەکان
ناوی ئەو شەهێنە بە هەیبەتانەت
بۆ ئەزبەر بکەم
کە خرانە ناو هاوکێشەکانی ماتماتیکەوە و
نەمانبینینەوە ...
درێغا ... کە نەکرا
وەک سەردەمی منالێم
لە ناو خانەی گیراوی خەتخەتێنی منالێکی دارشەق بەدەست دا
دانیشم و

نە کەس هاوار پرژێنم بکا و
نە کەسیش بمبینێ
نا ... کەس نەیتوانی
لەو کونەپەپوە سپیە بگات
کە بە گریانەوە
لە بازاڕ هەڵبات و خۆی فڕێ دایە نێو بەردەکان و
بە بەرچاوی ئەوانەوە
کە تەمەنیان لە زێوانەکان
قەرز دەکرد
نم نم تێزابی دڵی خۆی لە سەر سنگرەیەک بۆ رشتن ..
بەر لەوەی تیرەکان
بە سنگی ئاسمانەوە بچەقن و
کەس نەوێرێت سەیریان بکات
من بووم
ئەو پێشبینیەم لەبەردەم قەپاغە راکێشراوەکان بۆ قوڵایی بیابان
کردە نەخشە و
گەردەلوڵ بۆ خۆی برد
ادرێغا...
کە من ئەو پێشبینیەی خۆم ئاشکرا نەکرد!
ئەو چرپایەی
کە پیاوکوژان
لە سەر تەرمی کوکوختی ناو سەبەتەکانی من و تۆدا لایان داو
بوکەشوشەکانیان
لە ناو سەنگەرەکان پێ گواستنەوە
بۆ سەر
پێخەفێک شەڵاڵ لە ریایی
ادرێغا!..
کە من بووم پارچە پارچەی ئەو چرپایەم
لە جەستەی شەو کردەوەو
بەیانم نەکرد!
من بووم
شمشێرەکانم

لە ناو دڵی دیوارەکان دەرهێنا و
لە سنگی ئەو کۆترانەم چەقاند
کە لە ساتی هەڵکردنی ڕەشەبادا
دەفڕینە ناو فەرشی سەر دیوارەکان
ئەو ڕێواسانەی
بە قەراغی مەنجەنیقەکانەوە ڕوا بوون
من بووم
گواستمنەوە بۆ سەر میلی کاتژمێرەکان
من بووم
پەردەی هەموو ژورەکانم لێکردەوەو
بە بارمتە..
لای بیاباوانێکی قەموور جێم هێشتن
من بووم
وێنە دوو ڕووەوکانی بابە نوێڵم را کێشایە بەردەم
ئەو حەوزانەی پڕ کرا بوون
لە خوێن..!
گوناهی من بوو
ئەی هاوڕێ
کە ئێستا ئەوان
ئەڵقەڕێزێک شک نابەن
تا بە تەواوی دەرگاکانی پێ کڵۆم بدەن
چونکە ئەو دەقیقەیەی یەکەم باران دایکرد
من بووم...
(هەموو ئەڵقەڕێزەکانی دونیام کۆکردەوەو
گرتمە ئاسمان)
ئەی دڵنیایی
نەتپرسی
لەو قەرەجەی شەو
کە بۆچی دڵی لای داربیەک جێ هێشت و
لە سەر زەوی... نووسی
(چ مەحف بونێکی سەرتاسەرییە پەیوەندی)
نەتپرسی

لەو راوچیـیە دڵسافەی بەیانی
کە بۆچی خۆی خزاندۆتە بەرزایی و
کەوتۆتە راوکردنی ئینسان
نەتپرسی
لەو سەربازە رادیکاڵەی نیوەڕۆ
کە بۆچی یەک یەک خودەی چەنگاوەرەکان دەهێنێ و
بە بەرچاوی هەمووانەوە
لە باخچەدا دەیانچێنێ
نەتپرسی
لەو شاعیرە رەشبینەی ئێوارە
کە بۆچی کتێبەکانی لە سەر شەقام هەڵچنیوەو
دوو دوو کەناریە بە بەردبووەکانی ناویان بۆ ئاسمان دەژمێرێ
کە جەنگەڵ پڕ بووبێ لە بزمار
تازە تەفسیری ئەم خۆسوتاندنی درەختانە بۆچی،
ئەی رارایبوون
ئەوە کێ بوو
لە بەهاردا
هەتاو..و بارانی تل کردەوە
بۆ لای ئەو باخەوانانەی
بە خوێن بێستانەکان ئاو دەدەن
ئەوە کێ بوو
لە هاوێندا بیابانی پڕ کرد
لە عەمودو
چراکانی لە بەردەمیاندا پێ کرد
ئەوە کێ بوو
لە پایزدا
ئینجانەکانی بە دەم پیاسەوە
لەم حەوشەیەدا دانا و
پڕی کردن لە کوللە
ئەوە کێ بوو
لە زستاندا
مەتارە پڕ خوێنەکانی

لە ژێر باراندا ریز کرد
ا من یادم چوو کە بازێک هەیە
دەمباتەوە بۆ لای یەکەمین کوشتن ا
ئەی خەنجەر
ستایشێکت پێیە
بۆ ئەو گوڵ فرۆشە تەنیایەی
هەموو سپێدەیەک
دێتە بەردەم ترافیکلایتەکان و
سەبەتە گوڵەکانی خۆی بە ناچاری بۆ هەتاو بە جێدێڵێ
ئەی سوپاس گوزاریەکت پێیە
بۆ ئەو ئەسپ سوارانەی
کە رۆژانە..
لەوپەڕی دەشتا
بە لەفاف برینی لاسکی گوڵە نازنازەکان دەبەستن
هەموو رۆژێ
مانگ..
بەر لەوەی ئاوا بێ و مۆمەکان لە بەردەمی
خۆیدا نمایش بکات... من بانگ دەکا و
باس لە سەختی پیر بوونی خۆیم بۆ دەکات
باس لە مێژوی قەتل و عامی پەرسێلکەم بۆ دەکات
کە بەشداری تیا کرد بوو
هیچ سەیر نەبوو هیچ
کە هەموو کێلەکان
بە کۆمەڵ هاتنە بەردەمم و
پێیان ووتم...
پێویستە بە خۆت و هەزاران رۆحەوە
بچیتە گۆڕستان و
یەقینی بەهەشت
لە بەرنامەی ژیاندا بنوسیتەوە
بەڵام ئەشێ ئەم بێ ئەقڵە ئاگادار نەبێ
کە من بۆ سارێژکردنی برینی سێبەرەکان
لە ناو قەفەزدا

پەیژەیەکم هێناوە
بۆ نزیک بوونەوە
لە گەنجینەکانی تەنیایی
بۆ تۆمارکردنی نەشیدی سێبەرەکان
لە ئاودا
دەفتەرێکم هێناوە سپیخناخە
بە دەنوکی کەناری
بۆ ئەزبەرکردنی شیعری سێبەرەکان
لە شەوی یەڵدادا
سااڵنامەیەکم هێناوە ئالوودە کراوە بە تێکشکان
بۆ دیاری کردنی ماڵی سێبەرەکان
لە فەزادا
نەخشەیەکم هێناوە بێ دیوار
کە لێڵ بوون کرایە بەرنامەیەک بۆ ئەم پۆستەچیانە ، ئیدی بۆ رەوا نەبێ
قەلەرەشکە بەشەوی تار جانتاکانیان بدزن و نامەکانمان بۆ پڕ بکەن لە ژەهر
کە غەیبەت کرایە مەدالیا و خرایە ملی چیمەن و لە باخچەدا روا ، ئیدی بۆ ڕێگا
لە توتیە دەنوک ئەفسانەییەکان بگرین لە چونیانا بۆ ماڵی زوڵمەت
کە دۆستەکانمان هەریەک بە بوخچەیەک زەردەخەنە و چەپکێ نێرگزی
خۆێناوییەوە لە خوانی حەکیمە دەستکردەکان بگەڕێنەوە ، ئیدی بۆ بچینە لای
شاهەنشای گێالس و لەوێ سەرزەنشتی ئەو مەخلوقە خومارانە بکەین کە
هەمیشە لە بەرزیدان و بەبەرد خەریکی وەراندنی هێشووە تری سەر
ئەستێرەکانن
کە سزادان خرایە نێو فەرهەنگەکان و لە نێوان هەموو دوو ووشەیەکدا جێگیر کرا
ئیدی بۆ شیاو نەبێ کەسێ لە دەفتەری وێنەی منااڵیکی (١٠٠) سااڵدا بێتە دەرێ و
تاق تاق گوڵدانەکان بشکێنێ
کە بەیانیان کەسێ بەخۆی و سەتڵێکەوە لەودیو پەنجەرەوە دەرکەوێ
پەنجەرەکانمان بە خوێن بۆ بسڕێتەوە ئیدی بۆ برینەکانی یەکتر بشارینەوە لە
یەکتر
کە چڵ چڵ فڕینیان لەم دار سنەوبەرانە کردەوە ئیدی بۆ گوناە بێ بەدیار
ئاوێنەکانەوە دانیشین و لە ناویاندا تاپڕی راوچیە دەف ژەنەکان بڕوێنین

که شەوان حەوشەکانمان بۆ پڕبکەن لە تۆپەڵە قژ ئیدی بۆ ڕێگا لەو منالآنەبگرین
که بەیانیان دیوارەکانی قوتابخانە دەروخێنن و بۆ فریودانی باخەوانیش ڕیز بە
ڕیز گەلآکان ئوتو دەکەن
که مانگ لە جەنگدا تریفەی خۆی بفرۆشێ و بێ پرسی من ڕۆشنایی مۆمەکان
بئاخنێتە مابەینی پەڕەی گولآلەسورەکان و بەناوی رزگار بوونەوە بۆ هۆڵە
خوێناویەکانی خۆی بگوێزێتەوە ئیدی کامەیە گوناه . که من گۆڕستانی نوێ بۆ
تێکڕای ئینجانەو چراکان دروستت بکەم و بیان نێژم
که بەختیاری لەگەڵ یەکەمین سێبودا کەوتە خواری و هاڕەی کرد . . .
ئیدی بۆ ستەمە . . .
لە بەردەم شەمشەمە کوێرەکان دا
بە تەوسەوە باسی ئەو شاعیرە ژاکاوانە نەکەم
که بەزنجیرەوە وەدوی ئەو کەسە تەنیایە کەوتوون که هەمیشە تریفە لەسەر
شانی دەوەرێ و لە گەرمترین نیوەڕۆیەکی هاوینیشدا پارچە پارچە شەوی
لە گیرفانەکانی دەرهێنا
پێ ووتم
که ئەم چەند دێڕەی بۆ هەیبەتی چوانی
لە ناو یەک بەیەکی ئاوێنەکانا پێ نووسیوە . . .
هەڵهاتن
سۆراخی هەمیشەیی ماسیەکی ڕۆمانسیە
بەدوی ئەو قەترە بارانە یەخسیرەی که خۆی هاویشتە دەریاوە و
لە بن بەردێکدا خۆی حەشار دا
مەنفا
گواستنەوەی خەونی ڕەشەبایە بۆناو ئەشکەوتەکان
جوانی
خل کردنەوەی تۆپەڵێ ئاگری بورکانە بەسەر ئەو گولآنەی که ڕۆژ بە ڕۆژ
ستایشی ئەو کتێبانە دەکەن که ڕۆژگارێ پەنجەکانی ئێمەیان بەسەر ڕوبارە
نائومێدەکانا
نوقم کرد
فڕین
داگرتنی مانگە بۆسەر حەسیرەکان
نائومێدی
ئاوڕدانەوەی حەپەساوی باڵندەیەکی تەنیایە

لە کۆنرە پەیامنێرەکانی جەنگ

شیعر

جولاندنی هەورە بروسکەیە بە هەناسەی شاعیر

تەنیایی

ڕیزکردنی کورسیەکانە لەسەر بە هێزترین شەپۆل

عەشق

ئێشکگرتنی شەمشەمەکوێرەیە لە تەنیشت خۆردا

ببورە ئەی ئەو رۆناکیە بریندارەی

لە قولایی تاریکیەوە کەوتیتە سەر دەستم و

نەمبردیت بۆلای خۆکوشتنی عەمودەکانی شەقام ، ئەی ئەو تارژەنە پیرەی

کە بە زەحمەت هەموو دەرگاکانت هێنایە بەردەم جەنگەڵ و

چاوەڕێ ی بەیانی یاشێ بووی لە دەرگا . .

ببورە کە من بەناو

ئەڵقەڕێزی دەرگاکانی تۆ دا

تێپەریم و

هەموو تارەکانی دوونیام

بە دار چنارەکانەوە شەتەک دا ، ئەی ئەو باخەوانەی لە نینۆکەکانتەوە

ژەنگ . . .

دەپرژێنیتە سەر قەدی درەختەکان

ببورە کە نەکرا . . .

سەرزەنشتی ئەو پیاوە بە سەر چوانەت بۆ بکەم

کە تەختە رەشی قوتابخانەکانیان هێناوەتە نێو چیمەنەکان و

باسی بێزاری گوڵاڵە سورەکان دەکەن

بۆ وشکی بیابان ، ئەی ئەو ماسیگرە تەنیایەی

هەمیشە نێچیرەکانت فرێ دەدەیتەوە نێو دەریا

عەفوم بکە . . .

کە وادەیەکم نەماوە

تا لە سەر سنگی ئەو ماسیەدا بمێنمەوە

کە گشت ئاوەکانی سەر زەمینی قووت دا ، ئەی ژمێریاری دابەش کردنی

کامەرانی

کە بڕیارت دا بۆ دواهەمین جار

لە بەردەم ئەم پەنجەرە حەپەساوەدا

دوا سەبەتەی پڕ لە بەختیاری ژیان
بە سەر کونەپەپوەکاندا بتەکێنی
بمبەخشە تا مردن
لە چەکمەجەکانتەوە دۆسیەکانت دەردەهێنم و
پڕیان دەکەم لە ژەهر بۆت ،
ئەی ئەو کەسە نامورادەی
هەموو ڕۆژێ چەپکێ ڕوناکی
بە لقێکی ئەم درەختە قەمورانەدا
هەڵدەواسی و جێی دێڵی
پێم بڵێ...
بۆ وا غەمگینانە
هاتیتەوە حەوشەو
پەنجەرەکانت بە سێو شاردەوە
ئەی ئیمڕۆ بۆ وا ترسنۆکانە دەتبینم
بە سەر ئەو مێزە ڕیزکراوانەدا ڕا دەکەی
کە لە بەردەم دەرگا بالاّبەرزەکانی کۆلاّن دا ڕێز کراون و
نامەی ئاشت بونەوەیەکی فێڵبازانەی تیا دەنوسن
لەم دووریەدا
هەرچیەک هەیە
هەرکێشانی بازنەیەکی پیرە
بەدەوری جێ پێ بڕیندارەکانی من و تۆ دا
هەر کێشانی لاکێشەیەکی تەڕە
بە دەوری ئەو مێرووڵانەی لە منالّیدا قاچمان بڕینەوە
لەم ئاوەدانیەدا
هەرچیەک هەیە
هەر گەڕانە بە دوی ئەو هەناسە زامدارانەی تۆ دا
کە لە سەر نووکی خەنجەرەکان جێتهێشتن
ج خاڵییە ئاوا بوون
ج غەڵبە غەڵبێکە بیابان
ج تاریکییەکە ئاگایی
ج ڕۆشنە تەنیایی

١٩٩٨ - ١٩٩٩

تا هۆشی ئاو بڕکا

گومان

عبدالطلب عبدالله

"دەرەوە بارانی لێدێ"
نا باران نا
تا فڕینی بیابان هەتاو
پەنجە لە هەستی تەنیایی و
کۆڵانە ڕەشەکانی مێژووی
شەو دەبڕوێ.
تا کۆڵانە ڕەشەکانی نیشتمان
بە حەسرەت
خەونی وەستانی شەڕو
حیکمەتی نادیاری شێت بوون
دڵۆپ دڵۆپ
باران لە بیابان دەچێنم.
دەرەوە بارانی لێدێ
نا لە گوناهی بەفر نا
من لە ئەفسانەی ئاو دەدوێم
چەشنی دوکەڵ
گۆڕستانێ بە ڕووی دەریادا
دەکێشم
یان لە بری ئاوڕدانەوە
یەک یەک وێنە غەمبارەکانی
بەرەی جەنگ
لە کورسیەکانی دواوەی پۆل

به چڵه زەیتوونێ
ڕەنگ دەکەم
بە کۆترەکانی دەسپێرم
لەدوایشدا
هەر تەنیا بۆ دڵنیابوون
دەیانکەمە کۆلارەی دەست.
منالآنی دەم ڕەشەبا.
دەرەوە بارانی لێدێ
چەشنی گومان
پەیکەری ئاوەژووی بەفر
جێدەهێڵم
لە عەشق نزیک دەبمەوە
تا دوا درەوشانەوەی ئاو
تا بیابان
تا خەونی نارنجی دوکەڵ
یان لە پەنجەرەی بارانە
باسی مردنی ئاو دەکەم
تا نازی گومان ڕاگرم.
بەڵام ڕەنگە
سێبەری پاشگەزبوونەوەی
لەشکرکێشی پەپوولەکان
ئاکامی زۆر بڵێی گوڵ بێ
با لە باخچە وردبینەوە
لە بری وەسوەسەی باران.
دەرەوە بارانی لێدێ
نا دوکەڵ نا
دەچمەوە تەڕبوونی لەزەت
دەچمەوە پێشوازی دەریا
لەوێشەوە
لە دوا شەڕی ڕەشی بیابان و هەتاو
تا هۆشی ئاو بڕکا
مەرگ

هەمیشە پێشمان دەکەوێ
تا تەنیایی بڕکا
قەڵا
لە زیندەخەونی هەوڵێردا
بە خەمساردی
وەکو ئاو دەلەڕێتەوە.
دەرەوە بارانی لێدێ
تا تەنیا وشەی باران تا
پەپوولەی هەناسەم وەری
تا گەیشتمە
دوا لاپەڕەی سپی گومان
نەمویست دارستانێ ڕەنگ بکەم
کە هەرگیز مەڵێ لەبیرەوەرییەکانی‌دا
ناخوێنێ
حەزمکرد
لە کۆڵانە تەنگەکانی ئاو
بڵێیم:
نیشتمان
جەستەیەکە هەمیشە ڕووت
گومان لەپاڵیا دەخەوێ
پیری
هەمیشە ڕستەیەکە و
مانگ بە غەمگینی دەینووسێ
بەڵام هەوڵێر
وەکو ئاو ئەزبەری دەکا.
دەرەوە بارانی لێدێ
نا لە ئاوێنەی باران نا
بەڵکو ویستم
لە سەرەتای نزیکبوونەوەی تەنیایی
وێنەی دایکم
بە کابووسی بیرەوەریەکان
بسپێرم

باران گوتی:
"ڕەنگە لە خشپەی بیابان
چاک نەبمەوە"
"بەڵام سوپاس
چرکەکانیش نیازی شەڕیان نەماوە"
ئەگەر نیشتمان بێتە گۆ
چەشنی هەتاو
چەند ئایەتێک ئازاد دەکەین
هەر تەنیا لە بری سەفەر
بەفر گوتی:
ڕەنگە لە ترسی دارستان
خۆم لای کۆترەکان
ناونووس کەم.
دەرەوە بارانی لێدێ
نا لە ڕامانی دوکەڵ نا
بەڵکو لەخۆڕا هەوڵمدا
دەربارەی وەسیەتەکانی نیشتمان
بنوسم:
سەیر نییە ئەگەر لێرە
ژیان کۆتایی دەریابێ
سەیرنییە ئەگەر دوکەڵ
پێتێ بێ بۆ ڕوونکردنەوە
با دوا پەڕەکانی گومان
تەنیا بۆباران والاکەین
با تێنوێتی هۆشی دوکەڵ
تنۆک تنۆک
بخەینە گیرفانی باران
با ئەو گۆڕەش
نوغرۆی دەریا و
دارستان و
بیابان بێ.

دەرەوە بارانی لێ دێ
هۆ زەوی کوای؟
لەودیوو مەرگی پەپوولەکان
نیشتمان چەند بە غەمگینی
مژی لە چگەرە دەدا و
چاوەڕوانی قیتاری تەمەنی دەکرد
لەودیوو بەدبوونی گوڵە باغ
ژیان خەونێکی تاریکە و
تەمەن خۆی پێ هەڵدەواسێ
ڕووبەڕووی فرمێسکی هەتاو
تا ژیان حەز بکات
گومان
تا بیابان بڕکا
پیری
بە گۆچانی خواری مێژوو
لەنێو گەڵاکانی دوکەڵ
بیر لە هاوڕێ پێکراو و کوژراوەکانی
نیوەی تەمەنی لەدەستچووی
دەکاتەوە
بەڵام هەموو کۆتاییەکان
نەیانتوانی یەکێکیان بگێڕێتەوە.
دەرەوە بارانی لێدێ
ئاو هەمیشە لە خەونی بیابان
دەمرێ
نیشتمان لە خەونی هەتاو
تا چاوی ئاو بڕکا
ژیان
تا هۆشی نیشتمان
مەرگ
هەمیشە پێشمان دەکەوێ.

ئەیلوولی ۱۹۹۹
هەولێر

راوچیی ئەستێران

فەرەیدون پێنجوێنی

دڵێکم..؛
خۆی خزاندۆتە پشت— با— وە..
بەتەمایە لەم کۆڵانەوە تێپەڕێ!
ئەم کۆڵانە بنبەستەی
سەدەها جار رۆژگار ملی پێوەناوەو..
پاشەو پاش
لێی گشاوەتەوە دواوە!

لەسەر قسە تەڕو پاراوەکانی وێنجە، بانگم لێ کرد:
ئەی دڵێکم لەپشت— با— وە..
بگەڕێوە !!
بەڵکو بتوانم شەوێکیان، بەم دارلاستیکە سەگەم
ئەستێرەیەکی ڕەشی، دڕەوشاوەت بۆ بکوژم!
بگەڕێوە!!
بەڵکو بتوانم شەوێکیان
بەتاکێک لەم خەونە دڕاوانەی بەسەر پێمەوە ناوەستن،
دانەیەک لەو جریووە مێخۆش و نزمانەت بۆ بەردەمەوە خوارێ؛
کە بەئاسمانی منالێممەوە شک دەبردن!
بگەڕێوە!!
ئەم عومرە بەئاسانی لەپشت— با— وە بەسەر نابرێ!



ئەو پێ بەپێ لەگەڵ خورپەی نەزیفی
دااڵغە رەنگپەڕیووەکانی پەنجەرەدا،
بەهەموو منداا هەڵزنا!
یەک بەیەکی رەنگی
ئەو ئاوە تەڕو هەزار رەنگانەی
سەر بەرەو خوار
لەبەینی قەفەزەی سنگی خەیاڵمەوە تێ دەپەڕین،
لەژێر پێیدا تۆخیان هەڵدا!!
دانە بەدانەی رۆژە لارەملەکانم،
لەخورپەی ئەو
بەناو قەدی باڵەخانەکانی مردنەوە
تاس بردنیەوەو..
نەگەیشتن ئەوەندە هەڵکشێن
کە هیچ نەبێ نیوەو ناچڵ
لەتی خوارەوەی فەزای خەونەکانم رۆشن بکەنەوە!

دڵێکم..؛
خۆی خزاندۆتە پشت خورپەی هەنارەوە!
لەوەکیلیی دڵێکی ترمەوە پێم وت: برۆ!!
"هیچ" چەند کوورپە؛ بەکوورپایی هەزاران "هیچ"ا هەڵزنێ!
هەزارەها یاردو "ئێوارە"
لەبرینی ئەم دەختی سەرشۆستانەوە بپێچە!
ملیۆنەها مەتر "شەو"
بۆ بێتاقەتیی خۆت، بەئاگری جگەرە کون کونکە!
برۆ.. بەشکم بتوانی
سۆراخێکی ئەو ئەستێرەیەم بۆ بکەی
کە شەوانە دەیپەڕاندمەوە بۆ ئەو بەرەوەی "خوا"!
دوای خۆی دەخستم بۆ قوواڵیی "هیچ"!

ئەی دڵێکم لەپشت خورپەی هەنارەوە!
من لێرە سەد دڵم حەوسەڵەیان نەما..؛ تەقین!
سەد دڵم لەناو بێستانە چوختیو بەرەڵاکاندا چۆڵەکە خواردنی!

سەدی دیم لەڕاوە ئەستێرەدا سووان!



راوە ئەستێرەی من، وەک راوە چۆلەکە نەبوو!
راوە ئەستێرەی من، وەک راوەکێ نەبوو!
شەوی سەدان ئەستێرەم
بەدارلاستیکێکی سەگ، بەردەدایەوە خواریّ!
هەزار جار ئەستێرەی دوورم بەئاسمانەوە، بەرداوەتەوە ناو دەریا!
هەزار جار ئەستێرەی نزیکم بەسەر درەختەوە، بەرداوەتەوە ناو ئاگر!
هەزار جار ئەستێرەی چەتوونم، بەگوێی کچانەوە تەقاندۆتەوە!
ئەستێرەم لەبندەستی مانگدا فڕاندووەو..
بەدزیی باوکمەوە؛
"لەژوورەکانی خۆماندا نا!"
لەژووری سەلاجەو نوێن و قاڵی و قەنەفەکانماندا؛
"سەلاجەو نوێن و قاڵی و قەنەفەی خۆمان نا!"
هینەکانی تەپوتۆزی رۆژگارو یەئس و غەریبی؛
کچانم پێ شێت کردووە!
شەکرم پێ ژیر کردۆتەوە
کە هەزار جار لەسەر ئاگر قوڵپی گریانیان پێ داوە!
دەیانجار لەژیانما
رووی رۆشنایی ئەستێرەم کردۆتە قەبری خۆم!
چەندین جار ئەستێرەم لەناو پەڕی گوڵدا حەشارداوە!
لەژێر گەلای چەندین پایزو بەهاردا
ئەستێرەی بریندارم شاردۆتەوە!
دواجار..؛ ڕێم نەبردۆتەوە سەر هیچیان!
ئەمێستا هەواڵیان نازانم!

ئەی دڵێکم لەپشت ویقاری مەرگەوە..
بڕۆ بەشکم بتوانی
سۆراخێکی ئەو ئەستێرەیەم بۆ بکەی کە شەوانە
دوای خۆی دەخستم بۆ خۆراوای "گەردوون"!
دەستی دەگرتم بۆ ئەو بەرەوەی "خوا"!
سەری پێ دەبردمە ژوورەوەی "هیچ"!

ژووره‌وه‌ی رووناکترین‌و.. هیچترین "هیچ"!
زۆر ده‌ترسم چاڕێکیان به‌یه‌کجاری کوشتبێتم!!
بڕۆ..
ده‌رگای ئێشی هه‌موو شوتیه‌کان بتاقێنه‌ره‌وه!
سه‌ری برینی هه‌موو ته‌نه‌که خوێنه‌کان والاکه!
ناوسک‌و ریخۆڵه‌ی سێبه‌ره‌کان راده!
بزانه بۆچی؟!
پەڵه سێبه‌ری ئه‌م هه‌موو دره‌خته پاو پوز ئه‌ستورانه،
له‌به‌رچاوما وه‌کو پەڵه‌ی خوێن ده‌نوێنن؟!

ئه‌ی دڵێکم..؛ له‌پشت ویقاری "خوایه‌تی"یه‌وه!
له‌وه‌کیلیی دڵێکی گوناهبارمه‌وه، تکات لێ ده‌که‌م:-
چاڕێکیان که له‌بنده‌ستی یه‌کێک له "گا"کانی فیلدا راشکابووم،
چه‌ند ئه‌ستێره‌یه‌کم به‌کوشتن کوشت!
بڕۆ به‌شکم بیاناسیته‌وه کام‌و کام بوون؟!
بڕۆ به‌شکم بتوانی
له‌خه‌ونی هاڕدراوی "مازوو" ده‌رمانێکم بۆ چێکه‌ی؛
پەڵه‌ی خوێنی ئه‌و ئه‌ستێره کوژراوانه
له "پێست"ی خوێنم کاته‌وه!

تۆ بڕۆ..؛ من لێره سه‌د دڵی دیم هه‌یه!
دڵم هه‌یه به‌دوو باز ده‌گاته مردن!
دڵم هه‌یه..؛ به‌خاوبوونه‌وه‌ی ده‌ماری ماسوولکه‌یه‌کی چڵێسم،
ده‌گاته قوڵپی گریان
هه‌مه به‌ماچێ ده‌گاته، قوولایی‌ی بێ هوودە‌بی‌ی کچ!
هه‌مه ئاره‌زوو بکات.
به‌یه‌ک هه‌ناسه‌ی دره‌خت ده‌گاته پێزاره‌که‌ی خوێن!
بڕۆ..؛ به‌شکم "تۆ"یانم فێر ببی، به‌عومرێک بگه‌یته ئاو!
"ئاوێک نا، که تۆخ به‌پشتیه‌وه نه‌ماوه!"
به‌شکم "تۆ"یانم فێر ببی، به‌کۆتڕێک بگه‌یته سێبو!
"سێوێک نا، که خوێنه‌که‌ی سه‌د تۆخی هه‌ڵداوه!"

ئەی دڵێکم لەباخەڵی ساردی "با"دا..
وێنجەی تەڕپۆش زۆر زۆر سەلامت لێ دەکات!
دەڵێ: بگەڕێوە!! ماچ ماچی خوایە!
ئەگەر بۆ ماچ داماوە؛ ماچ بەشی هەموو کەس هەیە!!
دەڵێ: "خوا" مۆڵکی فەرزەندەکانی خۆیەتی!
گەر گەورەیی لەخوا دەوێ؛
گەورەیی ئەو پێشکەشش بەفەرزەندەکانی!
دەڵێ: بگەڕێوە!
ئەم گەنجێتیە واتاسان
لەباخەڵی ساردی "با"دا ناگوزەرێ!

بەڵام من..؛ ئەی دڵێکم لەپشت خوڕەی هەناوە..
لەوەکیلیی دڵێکی پاکمەوە، پێت دەڵێم: تکایە بڕۆ!!
گەورەییت ویست، لەخۆت بوێ!
"کە گەورەیی هەموو دنیا،
هەروەکو من لەقەبرێکی بچووک زیاتر جێگە ناگرێ!"
بڕۆ.. ئەم کێڵگە مۆسیقا مەلغومە جێ بێڵە!
بەم گەردەلوولەدا هەڵزنێ بۆ ئاسمان!
لەم "نەورەس"ە لێژەوە بفڕە بەباڵ!
بڕۆ لای "خوا" پێی بڵێ: گلەیی بێ!
لەناو کوردەکانیا..؛ هەیە لەسەر "گوڵ" دەخەوێ
هەیە لەسەر "گڵ" دەخەوێ؛
"گاخۆر" هەیەو "گیاخۆر" هەیە؛
کەچی..؛
هەموو هەریەک تامو بۆنو
یەک دڵو یەک دینیان هەیە!!
پێی بڵێ کەوابوو
بۆچی هەقەتی گشتیانی هەر بە "بارگیر" دروست نەکرد؟!
بڕۆ لای "حەوا" پێی بڵێ: گلەیی بێ
کچەکانی، نرخیان لەسەر پرزۆڵ بەپرزۆڵی لەشیان
داناوەو....

سەد جەژن جارێک
کوتە گۆشتێکی لارِانیان "لەڕاهی خوا"
نانێنە مشتی "گیاخۆر"ێک!

بڕۆ لای "ئادەم" پێی بڵێ گلەیی بێ
بەشە موڵکەکانی خوا "لەکوردستان"
هەمووی کوڕەکانی ئەو
لەخوێنی "عەقڵ" و "عەطف"دا غەرقیان کرد!

ئەی دڵێکی بێ ئۆقرەم لەپشت کرِێوەی خوێنمەوە..
لەوەکیلیی دڵێکی گوساخترمەوە، تکات لێ دەکەم بڕۆ..!
من لێرە سەد دڵم حەوسەڵەیان نەما..؛ تەقین!
سەد دڵم لەناو بێستانە چوختیو بەرەڵڵاکاندا، چۆلەکە خواردنی!
سەدی دیم لەڕاوە ئەستێرەدا سووان!
تۆ بڕۆ دەربازبە! من لێرە سەد دڵی دیم هەیە!
دڵم هەیە..؛ تۆ لەوپەڕی "با" بی، بەدووباز پێت دەگاتەوە!
دڵم هەیە؛ لەوپەڕی مردن بی،بەدوو هەنگاو پێش خەیاڵت دەداتەوە!
تۆ بڕۆ.. من لێرە دەست دەکەمەوە بەڕاوە ئەستێران!
بەڵکو بتوانم شەوێکیان چەند چۆگەیەک
لەسەر ئەم تاریکاییەیە هەڵبگرم!
بەڵکو ئەم تاریکاییەیە لەتاریکی چۆڕەبڕکەم؛
چاوی ئاو ڕۆشنکەمەوە!
بەشکم شەوێک دەمم گۆکا،
ماچێکی تەنگە نەفەس باومەوە ناو
فیشەکدانی دارلاستیکە سەگەکەمو..
دانەیەک لەو لەتکە تریفانەت بۆ بەردەمەوە خوارێ؛
کە زەمانی نزمبوونەوەکەی "خوا"
شین شین بەئاسمانی "پێنجوێن"ەوە
وەک قوڵپی منااڵی دەیانجریواند!!
دانەیەک لەو لەتکە هەنجیرانەت بۆ بەردەمەوە خوارێ؛
کە زەمانی ڕۆشنبوونەوەکەی "خوێن"ی ئاو،
گەش گەش لەڕاست سەری دڵێکمەوە،

وەک قوڵپی نوور،
بەرز دەبوونەوەو..
دەڕژانەوە خواڕێ بەسەرما!!

بەشکم بتوانم شەوێکیان
پیاسەیەکی ئەو زەمانەیەت پێ بکەم کە تیایدا "بەرد"
"پێش ئەوەی بەیەککجاری لەسەرمادا ڕەقبێتەوە!"
لەماوەی؛ پشت هەڵکردنێکی کورتی ڕۆژگاردا "بۆ یەک دەقە"
تەواو وەک ئاو ڕۆشن بۆوەو..
لەدرزی دڵی خواوە جۆگەلەی بەست!

ئەی دڵێکم لەپشت دڵەکوتێی "باروت"ەوە..
دنیا بوو ئەگەر "ژیان"ت هاتەڕێ؛
لەوەکیلیی منەوە دەستەکانی ماچکەو بڵێ:
ڕاوچیی ئەستێران دەیووت:-
"پەڕیووەتە کوێ؟! چیی لێ هات؟!"
بڵێ دەیووت:-
"ئەوەندە غەریبی دەکەم،
وەگیرم کەوێ؛
لەتاوا..
بەکوشتن
دەیکوژم!"

1999/ سلێمانی

لەسەر مەزاری "گوڵێ"

سەلام مستەفا

خەریکە "با" ی عەتر دەمرێ
بێدەچێ "با" ی وەناق هەڵکات
ئەمە یەکەم گۆڕانیە منداڵەکانمان فێری بوون
یەکەم گوێگرتنی ترسە؛
لە یەکەم وانەی ئازادی!
خەریکە رۆحی هزرمان نقوم دەبێ
پێدەچێ لە بۆن بتۆرێین
سەما لەبیر.. شەونمستانێ گوڵستان بەرینەوە
بەلەزەتی گومانەوە گوناهی سپی دەکرین
بەتەمەنی پیریەوە بەختی منداڵی ڕاودەنێین
خەریکە سەفەر ڕێدەگرێ
خەریکە چاو دەوەرێنین
کێلەکان ئاوەژوو دەکەین
کێلەکانی گۆڕستانی نێو ولاتی تەڵخی دڵمان
ئەو کێلانەی لێمان نووسین ئافەرین و
ئازادیان پێدرکاندین
ئەو کێلانەی ئێستا گوڵیان لەبن نارۆێ
"گەروو" یەک لێیان ناپرسێ
"لەیلا" یەک چرایەک ناهێنێ لە نهێنیا داگیرسێ

خەریکە "ڕێ" مان دەتۆرێ
ئەو ڕێیانەی کە نەمانتوانی بتوانین؛

"مەکر" ی لەسەر ئاشتکەینەوە
تەنوورستانێ هەنسکی گڕمان بینی و
نەمانتوانی لەبرسانا لاکەینەوە
خەریکە "با" ی عەتر دەمرێ
وا خەریکە..
دڵینەوە سەر فڕێدانی بلوێرەکانی دوای شەوێن
دڵینەوە سەر..
کڕینەوەی ترسە ئەزەلیەکانی شەو
هەرچی گۆرانیمان هەیە دەیسووتێنین
مل کەچی بەردەم حەزرەتی
گەورە کۆنرەکانیش دەبین
کە نامەی ساختەمان دانێ
با لێکەڕێین هەسارەی ئومێد تەرەبێ
ئێمە لە بەختا وەستاوین
لەمەودوا شەقام کۆچ دەکا
شار دەگەزێ
لەمەودوا بزمار دەچەمێت
دەرکە دوای دەرگە دەترازێ
ئای کە سەیرین..
سەیرکردنەکانیشمان شێتانەیە
دەنا سەیری ئەو باڵدارەمان نەدەکرد
کە بۆ ڕەزە سووتاوەکان ئەشکی ئاڵتونی دەڕێژێ و
دەگری بۆ ساباتی خنکاو
بۆ داهۆڵی بەگوێسوانەدا داکوترا و
دەنا سەیری .. ئەو "ماین" ەمان نەدەکرد
لە سەنگەڕێکی جێماوی شەڕا دەزا
دەنا سەیری ئەو خەنجەرەمان نەدەکرد
دەدرا لە پشتی بەهەشت و..
دەدرا لە مەمکی شاگوڵ و
دەدرا لە تووڵەڕێی سەفەر
با لێکەڕێین .. ئەی پرسیارەکانی بێ وەڵام
بۆ لەمەودوا..

به "با" ی پێش ئێواران دەڵێم:
ئەو کزۆڵە نەدیدەیە تەنیا من بووم
چەپڵەم بۆ عەشق لێدەدا و عەشقم نەدی
زیکرم بۆ ڕیشۆڵەکانی حەوا دەکرد و
نەمدی فڕین!
سیحرم بۆ مەمکەکانی حەوا دەکرد..
نەمدی گوشین!!
ئای کزۆڵە .. ئای هەوری نەگریاو
ئای چیمان هێنا بەسەر پێڵوی دێبەرا
کە باران و کوێرە چەمێ
دوو لەشکر و دوو برابوون
کە گوڵدان و لێوی سێوێ
دوو دزە ماچی گوناە و یەک چرابوون

خەریکە "با" ی عەتر دەمرێ
وا خەریکە بە ژەهرەوە
تۆوی خەرابات دەچێنین
ئەوە جووتە سەوڵەکانی ناو دەریانین
کە ماسی سنگی لێدەسوێ
ئەوە چەپۆکی سەفەرە
وا خەریکە باڵە تەرەکانی دەمرن
باڵی ئەو مەلە باڵخەنجەرانەی
کە بەیانیان دەپێکرێن و
ئێواران دەرەنگ دەبرژێن
ئای ئەی قەومی ئازادی ئەوێ و
ئەی قەومی ئازادی ئێرە
خەریکە "جووکە" مان دەمرێ
خەریکە دەبینە کرم
خەریکە باسکی بێنازمان دەترازێنین
ئەوسا دێین و هەر "ئێوارە باش" دەفرۆشین
-ئێوارەباش .. ئێوارە باش..
ئەی تفەنگە مااڵیەکانی .. هەر ڕۆژەی لەسەرشانێکی

نێوان سەنگەرێکی دوو دیو.. بۆچی دەمرن؟
-ئێوارەت باش..
ئەی تەپۆلکە و سەربازکە بێ تاقەتەکەی گومانماوی
گوڵ لە تەنیشتا دارزاو.
منداڵ لە ئاوا قەتیس و دوو چەم لە چەمان ترازا و بۆ راماون؟
-ئێوارەتان باش شەوانی ناو شەوانی بەختێکی تر
کە هەرگیز شەڕی نەدیوە، بۆ بێچران؟
-ئێوارەت باش ئەی پاسەوان،
پاسەوانە دوو رەگەکەی شیعری نان و دڵدارە چاو سەقەتەکەم
پاسەوانی شیعری "نیشتمان بۆ کرێ" و
کاتژمێرە خەواڵوو بێتاقەتەکەم .. بۆ وادەکەی؟
-ئێوارەت باش پەیکەری نوێ..
کلاو قوتی .. پشتێن قوڵفی
پاتە کەوشی .. چۆغە مەرەز.. بۆ ناجووڵێی؟
ئێوارەتان باش هەموتان
ئەوا ئێستا چاوی تێڕامان خێڵ دەبێ
لەگەڵ جەللادا لەمەودوا دوژمنایەتی نامێنێ
لەگەڵ "حەزیا" کانا دەمرین
دەژین و ئاشت ئەبینەوە
لەگەڵ قەبرەکانا دەنووین
لە خۆڕا یەکدەگرینەوە
سوجدە بۆ بەرزایی دەبەین
دەریاچەکانمان دەستپێڕین بە وەرزە بێ بارانەکان
بۆ لەمەودوا بە نەێنی ئەسپەکان دەشارینەوە
زینەکان دەهاوینە سەر پشتی بەکتر
بە نەێنی لاپەڕەی ماچ بۆ کۆرپەکانمان دەنێرین
ئیتر گومانمان نامێنێ کە تەقتەقەی پاچ ڕاگرین
ئیتر زمانمان نامێنێ ئێوارەباشی کۆتایی
بسپێرینە خانمە چاوەڕوانەکانمان
نە لە جەنگ گەڕاوینەوە
نە تێدەگەین لە جەنگی جەنگ
بە نەێنی پیاسە لەگەڵ مەرگا دەکەین

لە سووچە تاریکەکانا دەف لێئەدەین
لە دووکەڵ و بۆکڕوزا..
ئەڵقە زیوە بێبەختەکانی پەنجەمان فڕێدەدەین
لەگەڵ گێلترین باڵدارا هەڵدەفڕین
ئەو بۆ ئاسمان..
ئێمەش بۆ ئاسمانی خۆمان
ئاسمانی ملیۆن پرسیاری
بەردەم تاتەشۆری مردن
بۆ لەمەودوا بە نەێنی چاوی قاچاغمان دەسڕین
بە نەێنی ماڵئاوایی لە کلاوەکەی سەرمان و
نامە چرچەکەی دەستمان و
پیاسەی دەمەو ئێواران و
عەشقە تەڕەکانمان دەکەین
بە نەێنی چەپکە گوڵەکان دەفرۆشین
بۆ لەمەودوا بە باران دەڵێین:
با لەودیوو شۆستەی چوارەمەوە ببارێ
لەوێ ماڵێک هەیە .. پڕیەتی لە نیشتمان
پڕیەتی لە کۆتر.. پڕیەتی لە وێنەی ئەو تفەنگانەی سوتێنراون
پڕیەتی لە وێنەی ئەو سەرۆکانەی ڕاونراون
ئای نیشتمانی دوو سەرە..
وام لەسەر مەزاری "گوڵێ"
تفەنگەکەم لەدەستایە و حەزم وایە
کە ببێتە چڵە گوڵێ
لەولاشمەوە وا ئەسپان هەموو دەشەلن
درەنگە کات..
خەریکە "با" ی عەتر دەمرێ
ئەی دایکی من
دەترسم "با" ی وەناق هەڵکات.

سەرلەنوێ لە مانای ژیان وردبینەوە

هەورامان وریا قانع

وەرزێک هات
نەماڵی خۆمان ناسیەوە، نەرەنگ و رووی نیشتمان
نەحەزێک مابوو بۆ بینین، نەئاهێک بۆ سەبووری
لەسەر لێوارى کوشتن
ولأت پارچەیەک تارمایی بوو
سیخناخ بە پیاوانی تاریکی و ژنانی داپۆشراو بە جادوو
من دەمزانی
وەستان لەبەردەمی منارەکاندا / سزادانی پێکەنینی لەدوایە
دۆزینەوەی بیرەوەریە تازەکانی بەهار / سڕینەوەی مانا کۆنەکانی بەرسیلەی پێویستە
دەمزانی
کردنەوەی کتێبەکانی خەون/ سەندنەوەی یەقینە لە بڵندگۆکانی خانەقا،
تێڕامان لە جوانیە سادەکانی بەڵاڵوک / شەڕێکە لەگەڵ درکە بێدەنگەکانی میحرابدا
دەرکم کردوو
جەنگ وەرزێکی پڕ سیحرە / باڵندە لێڵەکانی ناو ڕۆحمان دەردەهێنێت
گەڕیدەیەکی گەردوونی عەیارە/ هەموومان لەخۆیەوە دەپێچێت
* * *
ئەی ژیان کوژ
بەو پۆشاکە سپیانەوە تفەنگەکانی ڕەحمەت هەڵناگیرێن
بەو جبە شێدارەوە لە تاڵانی هەناسەکانی خودا تێناگەین
تێناگەیت
نهێنی تووڕەبوونی هەنار لە سووربوون مانای چیە
وازهێنانی هەرمێ لە زەردبوون چی دەگەیەنێت

دەست بەرداری شەمامە لە بۆنەکەی ناحەق نیە

ناحەق نیە

پیربوونی خۆمان دوا بخەین، بۆ پاش نووستن، لەناو جەوزە پڕەکانی لەزەتدا

گوێ لە هەموو درۆکان بگرین، راستیەکان لەبەرنەکەین تا ئەوپەڕی چەمانەوە

ناحەق نیە

گوڵەکان کرانەوەیان بۆ ساتێک مانەوە فەرامۆش کەن

پەلە نەکەن لە خرۆشانی بێدەنگی خەوی باخەوان

سەرسام نەبن لە سستی نیشتنەوەی پەپوولەکان

ئەی سۆز فرۆش وەی ترس بەخش

مەڵێ:

من

پیاوێکی ئاسمانیم و گیرفانێ خۆرم بۆ هانیووم

مەخلوقێکی نورانیم و نزگەرەی ساواکان، وەس وەسەی خەیاڵەکان، تەقتەقەی خەونەکان تیمار دەکەم

مەڵێ:

تاوانی رەنگەکانە کە پایز بۆ سەر خۆش بوون رادەکات

گوناهەکانی تابلۆیە کە نارێکی بۆ عیبادەت خوڵقاندووە

هەتاکانی مۆسیقایە کە زیکرەکانی حوجرە بێبایەخن

بەو تەهلیلەو وەعزانەوە

پشووەکانی ئەمڕۆ، تێکەڵ بە نەبێنی مردن ئەکا

ساتەکانی سەیران مەتۆرێنە، لە کەناریە تازەکانی خوێندن

هەنگاوە جوانەکانی تریفە لە شەوی پڕ ئاهی خەواڵو ون مەکە

بەو میخەکە تۆقیوانەی لە گۆڕستانەوە بەڕێکەوتوون

بەو دەفانەی کە نەیان هێشت "با" ی دار ئاوس بگاتە ئێرە

بەو وشانەی کە شەتڵەکانی ئازاوەت پێ ئاو دەدا

سروشتی منداڵەکان لێڵ مەکە

خەوکانیان لە فەنتازیاکانی مەحشەر و

لە ترسە تۆخەکانی قیامەت هەڵمەکێشە

پێیان مەڵێ:

کە بە تەنیشت تاقگەکاندا تێپەڕین/ تفێک بگرنە پرژە بێشەرمەکان

کە لەناو باخچەدا دانیشتن/ بەربەریەت لە گوڵەکان بئاڵێنن

کە گەیشتنە کانیەکان / دۆعایەک بۆ وشک بوون، ئۆخەیەک بۆ رووخاندن جێبهێڵن

دەستان بەهەڵمی بەهەشت ناشۆن/ گەر خەندەکانی سەر لێوتان نەتۆرێنن

بەناویدا گوزەر ناکەن/ گەر رۆژێ فێڵێکی حەلاڵتان لە نیشتمان نەکردبێ

مەڵێ منداڵی هۆیەهایە

لە زەیتوونە جوانەکانی تەماشا

لە خەندە خۆڕاییەکانی سەر شۆستە

لە لالەنگیە پڕ ئاوەکانی بەر سێبەر

نا منداڵی داریک نیە بیوەشێنێ

لە بۆڵە تریکانی سەرچنار

لە کتێب بەدەستەکانی ژێر قەلا

لە قردێلەی رەنگاڵە ترساوەکانی مەکتەب

لەو قژانەی لەگەڵ "با" کان پیاسە دەکەن

تەڕایی لە تەمەوە وەردەگرن بۆ داهێنان

ئا منداڵی

ئەم سەروسەری کۆلانێکە لە چاوشارکێ

گەڕێکە لە کۆلارە بۆمان نیە بچینە ناوی

ماڵێکە پڕ لە هەڵمەت، ژوورێکە پڕ شپرزە

وەی گریان هێن ئەی رستە پیس

گەمەی بە عاتیفەی پیاوێک مەکە / کە دەستی خەندەی ژنانەی لێدەتکێ

گاڵتە بە عەشقی ژنێ مەکە/ ژێر عەباکەی پڕە لە پیاوی حەپەساو

ئەو منداڵانەی بە قافڵەیەک لە بزێوی و بەڕێچکەیەک لە سەرکەشی

تەڕایی لاشەکان و غەڵەتی معجزەکان ئەدۆزنەوە

لێیان گەڕێ

خۆیان بە ئەندێشەی نەبینراوی ماسیەکەوە خەریک بکەن

سۆزی گوڵێک بچنەوە کە چیتر واهیمەکانی جوانی فڕێ نادات

خەندەی رۆحێک بدەنەوە، کە چیتر رازی نیە لە دەریاکانی بێهۆشیدا بەلەمەکانی کوشتن ناونووس بکات

گریانی ئەو روخسارانە بسڕنەوە لەپاڵ دۆزەخ پیاڵەکانیان پڕدەکەن لە سەرسامی

ئەی خەیاڵ سیس من دەڵێم

ژیان ...

سەلام کردنێکە لە نێرگز

پێشوازی کردێنکە لە بەفر

سەردانی دوو قۆڵیانەی کانیەکە

دواندنی دڵۆپەکانی بارانە پێش تێکەڵ بوون بە چەمەکان

پرسیارێکە لە خۆری بەیانیانی ئەکەیت، وەلامەکەی لە سێبەری شاتوویەکی عەتربەخش وەرگرەوە

هاوکێشەیەکە لایەکی جوانی و مردن و ئارەزووە، لاکەی تری ببورە نازانم

ئا تۆ دەبێ

سەرلەنوێ

خۆت لە رەنگەکانی سروشت ماڕە بکەیت

بچیتەوە دارستان و گوێ لە چرپە نهێنییەکانی درەخت بگریت

ماندووبوونی دەوەنەکان بسرپێتەوە کە سەرقاڵی چاکگردنەوەی گەلاکانن

سەلام لەو تەیرانە بکەیت کە خەریکی پاککردنەوەی گۆمەکانن لە بێزاری

بەو کەنارانەدا تێپەڕیت کە هیچ کەسێ بە گوناهبار دانانێن

سەرێک لەو قەبرانە بدەیت کە پڕن لە رۆحی بۆن خۆش‌و فرمێسکی مۆمیاکراو

سەرلەنوێ

قاپێک خەیاڵ و پەرداخێک جریوە نۆش بکە

جامێک دیدەنی و دەفرێک لە دیقەت هەڵبدە

چەپکێک زەنگیانە و ریزێک وەنەوشە بهێنەو

وەرەوە بۆ بەردەم ئەم حەوزە پڕ رەنگە

بۆ بەردەم ئەم جوانیەی کە ژیان دایناوە بۆ هەمووان

سەرلەنوێ

وەرەوە

بۆ ژیان

بۆ ژیان

سەرلەنوێ

وەرەوە





وتاری لیژنه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنی چیرۆك

له‌لایه‌ن ره‌ووف بێگه‌رده‌وه

خوێندرایه‌وه

ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌بردنی بنکه‌ی ئه‌ده‌بی و رووناکبیری گه‌لاوێژ لیژنه‌ی سه‌رپه‌رشتیکاری فێستیڤاڵ ده‌ست نیشانی چه‌ند نووسه‌رێکیان کرد بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی ئه‌و چیرۆکانه‌ی بۆ به‌شداری کردن له پێشبڕکێی ئه‌مساڵی فێستیڤاڵدا پێیان گه‌یشتبوو، هه‌موو چیرۆکه‌کان پێشتر لای خۆیانه‌وه خوێندرابوونه‌وه‌و بڕار کرابوون، ئه‌وه‌ی مابوه‌وه ته‌نیا حه‌فده بوون که به‌ره‌و ڕووی ئه‌و لیژنه‌یه کرانه‌وه بۆ هه‌ڵسه‌نگاندن‌و بڕیار له‌سه‌ردانیان، لیژنه‌که بریتی بوون له‌م به‌ڕێزانه:

(حسین عارف، شێرزاد حسن، ئازاد به‌رزنجی، شیرین ك، ره‌ووف بێگه‌رد).

ڕۆژی ١٠/١٢/١٩٩٩ هه‌ریه‌ك له‌ئه‌ندامانی لیژنه‌که کۆپی چیرۆکه‌کانیان پێ گه‌یشت، بێ ئه‌وه‌ی ناوی نووسه‌ره‌کانیان پێوه‌بێت.

ڕۆژی ١١/١٢/١٩٩٩ لیژنه‌که له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌رو هه‌ڵسوڕێنه‌رانی فێستیڤاڵ‌و چه‌ند ئه‌دیب‌و روناکبیرێکی تر له‌بنکه‌ی گه‌لاوێژ کۆبوونه‌وه، بۆ ئاڵ‌و گۆڕکردنی را ده‌رباره‌ی گرتنی فێستیڤاڵ‌و جۆری خه‌ڵات‌و تایبه‌تمه‌ندیه‌تی لیژنه‌کان.

لیژنه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنی چیرۆك بڕیاریاندا که له‌ماوه‌ی سێ ڕۆژی دواییدا هه‌ر یه‌کێك لای خۆیه‌و چیرۆکه‌کان بخوێنێته‌وه‌و رایان له‌سه‌ر بدات.

سه‌ر له‌ئێواره‌ی ڕۆژی ١٤/١٢/١٩٩٩ هه‌موو ئه‌ندامانی لیژنه‌که له‌کات‌و شوێنی‌ی دیاری کراودا کۆبوونه‌وه، که هه‌ر که‌س لای خۆیه‌وه ته‌واوی چیرۆکه‌کانی خوێندبووه‌وه‌و رای له‌سه‌ردابوون. کاك ره‌ووف بێگه‌رد به‌ره‌و ڕووی ئه‌وه کرایه‌وه که سه‌رپه‌رشتی تۆمارکردنی ده‌نگه‌کان‌و جیاکردنه‌وه‌ی چیرۆك‌و راگه‌یاندنی ئه‌نجامه‌کان بکات، راکان به‌ڕاشکاوی ده‌ران‌و که‌س نه‌بوو بیه‌وێت کاری پێچه‌وانه له‌ڕای به‌رانبه‌ره‌که‌ی بکات، له‌ئه‌نجامدا شه‌ش چیرۆك زۆربه‌ی ده‌نگیان وه‌رگرت که ئه‌م چیرۆکانه‌ن:

١- چیرۆکی: ئه‌و ژووره‌ی هاوڕێکه‌م خۆی تیا کوشت.

٢- چیرۆکی: چیرۆکی ئه‌فسانه‌یه‌کی تر.

٣- چیرۆکی: شوێن پێی مەرگ بەسەر کتێبێکی کۆنەوە.

٤- چیرۆکی: پۆپەشمینەکانی مەرگ.

٥- چیرۆکی: دەنگو رەنگ.

٦- چیرۆکی: تەمتومانێك ئاوایی داگرت.

ئەوەی سەرنجی ئەندامانی لیژنەکەی بۆ خۆی راکێشا ئەوەبوو کە لە ٩٠٪ی دەنگەکان نزیك بوون و سەرنجەکانیش وەك یەك وابوون، لەکاتێکدا کە هیچ یەکێك لەو نووسەرانە پێشتر رایان لەسەر چیرۆکەکان بۆ یەکتر باس نەکردووە یان هەریەکیان نەبینیوە، بێگومان هەڵسەنگاندن و پلەدانانی ئەو چیرۆکانە لەسەر ئاستی ئەو چیرۆکانەن کە پێش کەش بەم فێستیڤاڵە کراون.

پاشان بەپێی زۆربەی دەنگەکان پلەی چیرۆکەکان بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن کرا:

١- هەردوو چیرۆکی (ئەو ژوورەی هاوڕێکەم خۆی تیا کوشت) و (چیرۆکی ئەفسانەیەکی تن) خەڵاتی یەکەمیان بدرێتێ بەهاوبەش.

٢- هەردوو چیرۆکی (شوێن پێی مەرگ بەسەر کتێبێکی کۆنەوە) و (پۆپەشمینەکانی مەرگ) دووەمیان بدرێتێ بەهاوبەش.

٣- هەردوو چیرۆکی (دەنگو رەنگ) و (تەمتومانێك ئاوایی داگرت) خەڵاتی سێیەمیان بدرێتێ بەهاوبەش.

لەگەڵ ڕێزو هیوای سەرکەوتن بۆ هەموولایەك

حسین عارف	**ڕەووف بێگەرد**	**شیرین. ك**	**شێرزاد حەسەن**	**نازاد بەرزنجی**

١٩٩٩/١٢/٢٢

ئەو ژوورەی هاوڕێکەم خۆی تیاکوشت

سیامەند هادی

کاتێك جانتاکەم بە شانمدا شۆڕکردبۆوە، بەئاستەمیش نەمدەتوانی ئاوڕ لەو ژوورە بدەمەوە، کە بە بڕوای خۆم فوارەی خوێنی بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو. هاوڕێکەم هەموو جار دەیگوت "لەکاتی سەفەردا ئاوڕ لەو شوێنە مەدەرەوە کە جێی دڵنیای نەبادا یادەوەرییەکانت فراوانی خۆیان لەدەست بدەن و لەخاڵێکدا چڕببنەوە..". لە دواهەمین بینینی ئەو ژوورەدا، کە پاش سێ ڕۆژ دوای مردنی هاوڕێکەم بۆماوەی نیوسەعات بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم تیایدا مامەوە، یادەوەری و حەسرەتی نیو سەدەیان لاجێهێشتم. بە چوار سەعات دوای مردنی هاوڕێکەم لەگەڵ چەند کەسێکدا و لە ئێوارەیەکی دڕەنگدا تەرمەکەیمان بە ڕێکرد بۆ گۆڕستانەکەی دەروازەی شار. "ئەم شارە سەرەتا بە مردنت ئاشنا دەکات.." ئەمە قسەی هەموو جارێکی هاوڕێکەم بوو، لە کاتی هاتنەوەماندا بۆ نێو شارەکە. ئێوارەی ناشتنی هاوڕێکەم، هەمان جۆری ئەو ئێوارانە بوو کە خۆی حەزی دەکرد هەموو ئێوارەیەکی ڕۆژانی ساڵ لەو جۆرە بێت. ئێوارانێك کاتێك تەمێکی چڵکن بەری ئاسمان دەگرێت. هاوڕێکەم دەیگوت "لەو ئێوارانەدا مرۆڤ تووشی ڕامان دەبێت و لە ئێستای خۆیدا دەتوێتەوە، هیچ یادەوەرییەکی ڕابردوو، هیچ ئومێدێکی ئایندە بەدەزووی خەیاڵدا تێناپەڕێت..".

لە بوڵێڵی ئەو ئێوارەیەدا کاتێك خۆڵیان بەسەر تەرمەکەدا دەکرد، ئەو پیاوە کورتەباڵایەی نانەوخانەکەی سەرو ژوورەکەمان، کە ڕۆژی چوار جار سەڵومان لێدەکرد، گوێم لێبوو لەسەرخۆ بە پیاوێکی تەنیشتی دەگوت "دوێنێ ئێوارە بەتەنها لەبەردەم نانەواخانەکەوە تێپەڕی و دەستێکی سەڵاوی بۆ هەڵبڕین، لەکاتی وەڵامدانەوەیدا تەماشامکرد زۆر خەمبار دەهاتە بەرچاو، بەتەواوی ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو..". لەو ئێوارەیەدا هەرچەندم کرد خەڵکەکە بەوە ڕازی بکەم کە شەوێك بەدیار تەرمی هاوڕێکەمەوە بەتەنها دانیشم تابەیانی، بەڵام کەس ڕێگەی بەوە نەدا و هەموویان دەیانگوت "مردوو تاکو زووتر بنێژرێت خێرترە.!".

پاش تەواوبوونی پرسەکە، بەتەواوی بۆم ئاشکرابوو کە بۆچی ئەو خەڵکە هێندە پەلەیان بوو لە ناشتنی هاوڕێکەمدا. چونکە مردنی ئەو جگە لەو پێکهێنانی کەرنەڤاڵی ناشتنە، هیچی دیکەی لە ژیانی ئەواندا نەگۆڕی .. ئەگەرچی من گەلێك جاری دی لە کاتی ناشتنی مردووی دیکەدا ئامادەبووبووم، بەڵام هیچ جارێك ئەوەندە لەو ئاسمان و خەڵك و گۆڕە وردنەبوومەتەوە. هەستمکرد ئەم ئێوارە تەماوییە دەبێتە یادەوەرییەك و، هەموو ئێوارانێکی دیکەی لەو جۆرە لە داهاتوودا دەبێتە بانگەشەی ئاشکراکردنی مردنی هاوڕێکەم. لە ئاپورەی ناشتنی مردووی دیکەدا گەلێك خەڵکم بینیوە، بەڵام هیچیان لەو کەسانە نەدەچوون کە لە ئاپورەی ناشتنی هاوڕێکەمدا دەوریاندابووم. وامبەخەیاڵدا دەهات کە چیدی ئەو کەسانە لەبەرچاوی من ڕەنگی مردوویان لێدەنیشێت و، لە بینینیاندا دووبارەمردنی هاوڕێکەم بەبیردەهێننەوە.. لە کۆبوونەوەی خەڵکدا بۆ ناشتنی مردوو زۆر گۆڕم بینیوە، بەڵام هیچ گۆڕێکیان وەك گۆڕی هاوڕێکەم نەیجوڵاندم.

لەوکاتەدا هەستمکرد شوێنی گۆڕستانەکە بڵندتربووەو، چیدی لە هەر شەقام و کۆڵانێکی ئەم شارەدا رابوەستم، گۆڕستانەکەم لێوە دیار دەبێت..لە ساتی ناشتنی هاوڕێکەمدا بیرم لە جۆری ناشتنی مردوو دەکردەوە. هەندێ جار مردوو بەشێوەیەکی فراوانتر دەنێژرێت و، بە دڵنانی لەسەر شاخێك، یان فڕێدانی بۆ نێو دەریا، یان سووتاندنی تەرمەکە هەستێکی فراوان و بڵاو لە هەموو جارێکی یادەوەریدا بەدووی تەرمەکەدا دەڕوات. بەڵام لێرە بەشێوەیەکی جێگیر یادەوەری بۆ مردوو لە چاڵێکی تەسکدا هەڵدەگیرێت..! لە یەکەم شەوی دوای مردنی هاوڕێکەمدا لە ماڵی مامۆستایەکی هاوڕێمان مامەوە. من هیچم نەدەخوارد. کاتێك چاوم بە چەقۆیەکی سەر کۆمەڵێك خەیار کەوت، ئەو چەقۆیەی بەبیرهێنامەوە کە سێ شەو بەر لە مردنی، هاوڕێکەم شەوانە تیژی دەکرد. ئەو چەقۆ گەورەیەی کە دایکی هاوڕێکەم لە کاتی هاتنمدا بۆ ئەم شارە خستبوویە ناو کەلوپەلەکانی.

دەمی چەقۆکە ستیلێکی سپی بوو، کە درێژییەکەی نزیکەی بیست سانتیمەتر و پانیەکەی سێ سانتیمەتر دەبوو. دەسکێکی رەشی هەبوو کە لە رووکاری دەرەوەیدا سێ بزماری زەردی پانی تێدا نوقمکرابوو. من هەمیشە گاڵتەم بەوە دەهات کە ئێمە لێرە هەرگیز پێویستمان بەو چەقۆ گەورەیە ببێت. لە سی شەوی تیژکردنی ئەو چەقۆیەدا بە هاوڕێکەم رادەگەیاند، کە زۆر تیژی نەکات، نەبادا دەستی یەکێکمان ببڕێت. ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت "چەقۆیەك بەباشی گۆشت نەبڕێت چەقۆ نییە.." ئەو مامۆستایەی هاوڕێمان کە لەو شەوانەدا لە ماڵیان مامەوە، هەوڵی ئەوەی دەدا کە بەوە دڵنەوایم بکات کە هەموو کەس هەر دەبێت بمرێت و، هەندێ جاریش وەك یادەوەری چەند رووداوێکی خۆش و ناخۆشی هاوڕێکەمی دەهێناوە بەرچاوم. لەو گەڕانەوەیەدا بە رێکەوت باسی یەکەمین رۆژی هاتنمانی کرد بۆ ئەو ژوورە .. "هاوڕێکەم وەك من مامۆستا بوو، پێکەوە لەم شارەدا دامەزراین و لەو ژوورەدا نیشتەجێبووین. ئەو ژوورەی کە چوارچێوەیەکی سیخناخ بوو لە بیرەوەری و، بوخچەیەکی شەتەك دراو بوو لە پەیف و روانین. ئەو ژوورەی ساپیتەکەی یەکپارچە شینایی بوو، کە ئێمە ستوونی دیاردەکانی بۆشایمان لێوە ڕاڤەدەکرد. دیوارەکانی شوشەیی بوون، کە ئێمە ئاسۆیی هەموو رووداوەکانی رۆژانەمان لێوە دەبینی. زەمینی ئەو ژوورە رووتبوو وەك چاوی قرژاڵ ، ئێمە بەردەوام لە نهێنییەکانی خاکمان دەڕوانی. پەنجەرەکانی لاکێشەیەك بوون لە رووناکی، کە هەموو کات پرشنگیان دەدا و نیگایان ڕۆشن دەکردەوە.

دەرگای ئەو ژوورە دەروازەیەکی ئاوریشمینی خەیاڵی بوو، کە لە چوونە ژوورەوە و هاتنەدەرەوەدا هەستمان بە تێپەڕبوون نەدەکرد..)

کاتێك لەو شەوەدا ئەو مامۆستایە باسی یەکەمین رۆژی هاتنی من و هاوڕێکەمی کرد، من هەندێك لەو شەوانەم بیردەکەوتەوە کە لەگەڵ هاوڕێکەمدا چەندین پەیڤمان ڕۆدەکردە نێو ژوورەکەوە. هاوڕێکەم لە پەیڤەکانیدا هیچ دەرفەتێکی بۆ باوەشکردن بە ژیاندا نەدەبینی.

هەموو تولەڕێیەکانی ئومێد و هیوای دەبردەوە سەر خەرەندی رۆچوون. گەشبینی مرۆڤی بەخۆ هەڵخەڵەتاندن دەزانی و، دەربارەی مردنیش دەیگوت "دەبوایە مرۆڤ نەیزانیبایە کە دەمرێت، چونکە تۆ کاتێك بزانیت کە هەر دەمریت، ئیدی تاکو زووتر بمریت پەتی خەیاڵی ئەو ترس و نائومێدییە کورت تر دەبێت.." .

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لە جیهانی دەڕوانی و دەیگوت "لەکاتی بوونی مندا جیهان بوونی تەواوی هەیە و هەموو شتێك ئاساییە، بەڵام کە من مردم جیهان هیچ مانایەکی نامێنێ و بوونی نابێت.."

کە من رۆژی سەری ساڵ و بۆنە و یادەکانم جیا دەکردەوە و پێم وابوو کە رۆژی سی‌شەممە رۆژێکی شوومە، ئەو دەیگوت "هەموو رۆژەکانی ساڵ وەك یەك وایە، تەنانەت سەری ساڵ و سەدە و هەزارە و رۆژانی بۆنەکانی دیکەش وەك رۆژانی ئاسایی وان، بەڵام ئێمە بە جودایی لێیان دەڕوانین.." .

هاوڕێکەم گاڵتەی بە هەموو بۆنەو جەژنێك دەهات، چونکە دەیگوت "ئێمە یادی رووداو و کارێکی گەورە دەکەینەوە لە رابردوودا کە ئێمە نەمانکردووە، هەربۆیە خۆهەڵکێشان بە شتێکەوە کە تۆ نەتکردبێت، هیچ مانایەکی نابێت.." مامۆستاکەی هاوڕێمان لەو شەوەدا لەوەدەچوو هەستی بەوەکردبێت کە من گوێم لە هیچ لەو قسانە نەبووە

که ئەو کردوونی چونکە دوای ئاخهەڵکێشانی قوڵ بێدەنگییەك منی هێنایەوە نێو ئەوساتەوەختە .. لە شەوی یەکەمی دوای مردنی هاوڕێکەمدا لە ماڵی ئەو مامۆستایەی هاوڕێمان نەنووستم و هەموو یادەوەرییەکانی ڕۆژانی پێکەوەبوونمان وەك فیلمێك بەبەرچاومدا گوزەری دەکرد..!

ڕۆژی بەجێهێشتنی ئەو شارە، ئەو ڕۆژەبوو کە دوای مردنی هاوڕێکەم بۆماوەی نیوسەعات بۆکۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم لەو ژوورەدا مامەوە. (کاتێك دەرگای ژوورەکەم کردەوە، وەك ئەوەی دەروازەی ئازارێك بخەمە سەرپشت، دەنگێك لە دەرگاکەوە بەرزبۆوە. دوای ئەوەی بە زەحمەت دەرگاکەم کردەوە، کەوتمە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم و، بۆماوەیەکی کورتیش لە ژوورەکە ڕامام. لەو ساتەدا وام هەستدەکرد کە هیچ شتێك بەم ژوورەوەم نابەستێتەوە. هەربۆیە حەزم دەکرد بەخێرایی بچمە دەرەوە. ساپیتەی ژوورەکە یەکپارچە ڕەشایی دەینواند، کە هەموو نهێنییەکانی بۆشایی لێوندەکردم. دیوارەکانی وردە وردە دەهاتنەوە یەك و، لە هەموو چواردەوری دوورەدەستمەوە. زەمینی ژوورەکە خم خۆرك بوو، ئەوەندەی نەمابوو بەرەو قوڵاییەم هەڵوشێ. پەنجەرەکان لاکێشەیەك بوون لە تەمومژ و بەردەوام تاریکییان لە دەرەوە هەڵدەمژی و ڕۆیاندەکردە نێو ژوورەکەمەوە. دواتر بەهۆی تەپبوونی قاچەکانمەوە نیگام لەسەر پەڵە خوێنێکی گەورەی ناوەڕاستی ژوورەکە لەنگەری گرت، کە وردە وردە ئەو پەڵە خوێنە قوڵپی دەدا و گەورەتر دەبوو، لەسەرخۆ بە ژوورەکەدا بڵاودەبۆوە. کە تەماشای دیواری لای چەپی ژوورەکەم کرد، پرژەی خوێنم هاتە بەرچاو کە بە ڕووی دیوارەکەوە پەخش بوو بوو.

نێوان هەردوو دڵۆپێك لەو پرژە خوێنە سێ پەنجەدەبوو. تاکو بەرەو سەرەوەی دیوارەکەش بتڕوانیایە دڵۆپەکان بچوکتر دەبوونەوە، تا لە نزیك ساپیتەی ژوورەکەدا لەبەرچاو وندەبوون. دەنگی چڕاوگەی دڵۆپێکی هێواش ئاوڕی پێدامەوە، کە ڕوانیم چەترە هەڵواسراوەکەی هاوڕێکەم بوو، بەهێواشی دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێدەچۆڕێ، دەنگی دڵۆپێکی دیکەی لای چەپی ژوورەکە نیگای لەسەر چەترەکە پێهەڵگرتم و گوێزایەوە سەرخۆی. تەماشامکرد کراسێکی هەڵواسراوی هاوڕێکەم بوو، کە تکتك خوێنی لێدەهاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی ژوورەکە.

بێزاربوون لە دیمەنە سامناکەکانی لای چەپی ژوورەکە بەتەواوی وەریچەرخاندم، کە تا ئەو کاتەش ئاوڕم لەلای ڕاستی ژوورەکە نەدابۆوە.

لە یەکەم ئاوڕدانەوەدا نیگام لەسەر جێگەی هاوڕێکەم ڕاگرت، کە بینیم کەللەسەری هاوڕێکەم لەسەر پشتێەك بەلاری کەوتوە و قوڵپەقوڵپ خوێن دەردەدات. نەمتوانی زیاتر چاوەکانم لەسەر ئەو کەللەسەرە ڕابگرم، هەربۆیە بەناچاری لەخوارەوەی ژوورەکەم ڕوانی. تەماشامکرد هەردوو پێی هاوڕێکەم لەنێو پێڵاوەکانیدا بەجێماوە. کە وەك مۆم تکتك دەتوایەوە خوێنیان پێدا دەهاتە خوارەوە. کە ئاوڕم لەلای سەرەوەی ژوورەکەش دایەوە، دەفتەرێکی لە خوێن هەڵکێشراوی نمرەی قوتابییەکانی هاوڕێکەمم بینی، کە چوار پەنجەی دەستی ڕاستی هاوڕێکەمی لەسەر کەوتبوو. کاتێك هەنگاوێکی پڕ لە ترسم بۆ دواوە هەڵهێنا، تڕپە تڕپێکی هێواش سەری بەرەوخوار پێدانەواندم. تەماشامکرد پارچە گۆشتێکی سور لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کەوتووە و لەهەر لێدانێکیدا چەند دڵۆپێك خوێن دەردەداتە دەرەوە.

پەنجەرەکان تا دەهات تاریکتر دەبوون و تارمایی خوێن دایدەپۆشین. بۆنی خوێن بەتەواوی ژوورەکەی داگیرکردبوو. لەگەڵ ئەوەی لەشم تادەهات قورس دەبوو، قورگیشم تەڕایی تێدانەمابوو. هەربۆیە بەمەبەستی گەڕانەوەی تەڕایی بۆ لەشم، دەستم برد بۆ پەرداخەکە.

کە وێستم بیخۆمەوە، سەیرمکرد پڕە لە خوێن. پەرداخەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە و خوێنەکە بەنێو ژوورەکەدا بڵاوبۆوە. هەناسەم بە پچڕ پچڕی دەدا و تادەهات لەشم قورستر دەبوو. ڕوانیم هەموو خوێنی لەشم لەژێر پێستەکەمدا کۆبۆتەوە و لە پاڵەپەستۆدایە بۆ دەرپەڕین. بەپەلە کەلوپەلەکانم پێچایەوە و خۆم گەیاندە دەرگاکە. لە کاتی کردنەوەی دەرگاکەدا بینیم چوار پەنجەی دەستی چەپی هاوڕێکەم بە دەسکی دەرگاکەوە بەجێماوە. بە پرتاو بە قاچی ڕاستم درزی دەرگاکەم گەورەکردو، بە لەشی قورس و هەناسەبڕکێوە خۆم لە ژوورەکە قوتار کرد..)

لە شەوی دووەمی مانەوەم لە مالّی ئەو مامۆستایەی هاوڕێماندا، بەژێر خۆڵەوە کردنی کوللەیەکی مردوو لەلایەن منداڵی مامۆستاکەوە، جارێکی دی بردمییەوە بۆساتی ناشتنی هاوڕێکەم لەنێو گۆڕستانەکەدا. بەو کفن و بەرد و خۆڵەی کە هاوڕێکەمیان پێحەشاردەدا، وام هەست دەکرد کە دەیانەوێت بەخێرایی و بۆماوەیەکی درێژخایەن، هاوڕێکەم لەبەرچاوی جیهان وبنکەن و، تەنها درزێکیش نەهێڵنەوە بۆ سەلماندنی بوونی لەپێش مردنیدا. چونکە لای ئەوان مردنی ئەو نە هیچی گۆڕی و نە هیچیشی خستە سەر ژیان. هاوڕێکەم خۆیشی بەمەی زانیبوو. هەربۆیە لەپێش مردنیدا هەموو شتێکی ئەو نیوەڕۆیەی بۆ ئامادەکردبووم. لەبەرئەوە لە کۆتایی ناشتنی هاوڕێکەمدا، وام بەخەیاڵدا هات کە ئەو کێلەی بۆی دەچەقێنن، جگە لە سیمبولی مردن بۆبەرچاوی زیندووەکان، هیچ مانایەکی دیکە لەخۆ ناگرێت .. ئەو بێدەنگییەی دوای ناشتنی هاوڕێکەم بالّی بەسەر گۆڕستانەکەدا گرت، حەسرەتێکی گەورەی لا بەجێهێشتم، چونکە هاوڕێکەم جگە لەوەی زۆر بە بێدەنگی ژیا، زۆر بەبێدەنگیش مرد. زۆر بەبێدەنگی مرد، وەک بێدەنگی سوتانی جگەرەی فڕێدراوی رێبوارێک. بێدەنگ وەک ونبوونی شەونمی سەر پەلکەگیایەک .. کاتێک مرد هەموو کەس گوێیان لە ئاست مردنیدا کەڕ کردو، بە شپرزەیی هەوڵی شاردنەوەی تەرمەکەیان دەدا..!

سەرپێنی مریشکێکی نێو حەوشەی مالّی مامۆستاکەی هاوڕێمان لە دواهەمین شەوی مانەوەم لەو شارەدا، رۆژی مردنی هاوڕێکەمی وەک فیلمێکی کورت هێنایەوە بەرچاوم .. (لە نێوەڕۆی رۆژی سێشەممەدا کاتێک لە قوتابخانەوە دەگەڕامەوە بۆ نێو ژوورەکە، تەمومژێکی چڵکن بەری ئاسمانی شارەکەی گرتبوو. بەڕێگەوە هەستم بە دڵتەنگییەکی گەورە دەکرد و ئارامم لێبڕابوو. زۆر بە پەلە بووم بگەمە لای هاوڕێکەم و، خۆسووتاندنی ئەو ژنەی نزیک قوتابخانەکەمانی پێ رابگەیەنم، کە دوێنێ شەو بەهۆی دەمەقاڵێیەکەوە لەگەڵ مێردەکەیدا ئاگری لەخۆی بەردابوو. چونکە هاوڕێکەم زۆر حەزی بە بیستنی هەواڵی لەوجۆرە رووداوانە دەکرد! لەکاتی رۆیشتندا قەڕەی قەلەڕەشێك کە بە سەر ئاسمانی ژوورەکەوە خولی دەخوارد سەرنجی راکێشام، هەربۆیە خێراتر هەنگاوم دەنا. تاکو گەیشتمە بەردەم ژوورەکە و دەرگاکەم کردەوە. کە چوومە ژوورەوە جەستەی هاوڕێکەم بە راکشاوی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا هەموو رابردووی وەستاندم. بەپەلە خۆم گەیاندە سەر ئەو جەستە ساردو سڕەی کە پێدەچوو پێش چەند دەقیقەیەک گیانی لەدەست دابێت. هێشتا خوێنی لێدەچۆڕی. پارچەیەک کاغەز لە دەستی راستیدابوو، کە تەنها دوو دێڕی بە گەورەیی لەسەر نووسرابوو.

بەڵام بریقانەوەی چاوەکانم لەو ساتەدا ماوەی خوێندنەوەی نەدام. هەربۆیە بەخێرایی بەخەیاڵمدا هات بەدووی هۆکاری ئەو حاڵەتەدا بگەڕێم، هەربۆیە بەخێرایی چاوم بەنێو ژوورەکەدا گێڕا، دوای ئەوەی هیچی ئەوتۆم لە ژوورەکەدا نەبینی کە جێگەی سەرسوڕمان بێت، لە کۆتاییدا چاوم لەسەر تەرمی هاوڕێکەم لەنگەری گرت. سەیرم کرد چەقۆیەکی گەورەی دەسک رەش، کە لە رووکاری دەرەوەیدا سێ بزماری زەردی تیادا نوقوم کرابوو، لەسەر دڵی هاوڕێکەم چەقیبوو. لەو ساتەدا پاشگەزبوومەوە لە گاڵتەی هەموو ئەو جارانەی کە هاوڕێکەم باسی خۆکوشتنی دەکرد..!)

هاوڕێکەم زۆر بە بێدەنگی مرد، جگە لەو دوو دێڕەی سەر ئەو پارچە کاغەزە هیچی بۆ بەجێ نەهێشتم. ئەو دوو دێڕەی کە لە هەرسێ شەوی مانەوەم لە مالّی مامۆستاکەی هاوڕێماندا بە بەردەوامی دەمخوێندەوە، کە نووسیبووی:

"لە باسی مەینەت و دەردی دەروونی بۆیە دەم نادەم
لە خوێناوی دڵی پڕ غەم کە سینەم مەوج ئەدا تادەم.."

چیدی نەمدەتوانی دوای مردنی هاوڕێکەم لەو شارەدا بمێنمەوە و، لەو ژوورەدا بگوزەرێم.. هەربۆیە کاتێک جانتاکەم بە شانمدا شۆڕکردبۆوە، بێئاوڕدانەوە لەو ژوورە، بڕیارمدا بەیەکجاری ئەو شارە بەجێبهێڵم..!!

قەلادزێ – ١٩٩٩

چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر

ئەم رووداوە لەوەدابوو بەتەواوی بیرچێتەوە یاخود لەناوبچێت ئەگەر پێش دوێنێ دەرفەتی مردنم بۆ هەڵکەوتایە و ئەو کوڕە گەنجەم نەبینیایە کە دوێنێ بێئەوەی هیچ بڵێت لامەوە دانیشت و چاوەڕێی کرد تا من لە یاریەکەم بوومەوە، پاش ئەوە بە چپەوە پێی وتم: دەکرێت کەمێك پێکەوە دانیشین.. منیش بێ گوێپێدان لەگەڵیدا هەستام و بەرەو گۆشەیەکی چۆڵی چایخانەکە ڕۆیشتین. لەوێدا پێی وتم: دڵنیام کە نامناسیت بەڵام من دەمێکە چاوەڕوانی ئەم بینینەم ئەگەرچی دەمزانی بەدرێژایی ئەم ساڵانە خۆت شاردۆتەوە و ڕۆژگارت بە یاریکردن دەبەیتەسەر. لەسەرخۆ بێئەوەی هیچ پەشۆکانێکم پێوەدیاربێت وتم:

- دەکرێت پێم بڵێی تۆ کێیت؟.
- سەری نزیك کردەوە و بەهێواشی وتی:
- من کوڕی ئەو ئەفسەرەم کە لێپرسراوی زیندانتان بوو و دواتر لەسێدارەدرا..

کەمێك بێدەنگ بوو، منیش هەوڵم دا ئەو ڕۆژگارانەی زیندان بەیادی خۆم بهێنمەوە کە ساڵانێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و نەمویستووە بیریان لێبکەمەوە، لەناکاو وتی:

- لە هەموو ئەوانەی لەوکاتەدا زیندانی بوون و ماون تەنها تۆ مابوویت ببینم..

بەسەرسامیەوە وتم: بۆچی..؟ بەڵام ئەو بەهەمان هێمنیی پێشوویەوە وتی:

- تا لە نهێنی مردنی باوکم بگەم.. ئەوان دەڵێن "خیانەتی لە نیشتمان" کردووە بەڵام من هەست دەکەم شتێکی تر لە پشت ئەم قسەیەوەیە کە تۆ دەیزانیت..
- تۆ بۆ دەچیتەوە سەر ڕۆژگارێك کە هەموو دەمانەوێت لەخۆماندا بیکوژین، پاشان ئەگەر من لەم ماوە درێژەدا دەرفەتی مردنم بۆ هەڵکەوتایە ئەوا هەموو شتێك کۆتایی دەهات..
- بەڵام زۆرجار ژیان لێت دەگەڕێت نهێنیەکانت بڵێت و ئەوسا ،ڕۆیت..

بێدەنگ بووم و چاوم بڕیە سەرمێزەکەی بەردەستمان، لەو ماوەیەشدا ئەو لە منی دەڕوانی. بیرم لەو قسەیەی دەکردەوە و بەخۆمم دەوت من تەنها جارێك دەژیم و لەم جارەیشدا دەتوانم چیرۆکێك بێکۆتا بگێڕمەوە بەڵام لەگەڵ ئەم کوڕە گەنجەدا کە شارەزو شار بەدوامدا گەڕاوە هەموو شتێك وەك خۆی دەگێڕمەوە چونکە لەوانەیە ئەمە دوا مۆڵەتی ژیان بێت بۆم. پێم وت:

-هەوڵبدەم هەموو شتێکت بۆ باس بکەم ناشزانم بۆ .. چونکە من ئەم هەموو ساڵە خۆم لە درکاندنی ئەو نهێنیە شاردۆتەوە کە ئێستا دەبێت بیڵێم، پێشم وایە من ئەم ماوە درێژە بۆیە ژیاوم تا ئەو نهێنیە ئاشکرابکەم. ئەو ڕۆژگارانەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت زۆر سەخت بوون بەڕادەیەك کە مردنمان پێخۆشتربوو لە ژیانی ناو ئەو زیندانە کە باوکت، ئەو

ئەفسەرە پیرە رێگای ئەشکەنجەی وای دادەنا کە بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات، دەزانی ئەو هەموو شەوێك داوای دەکرد چیرۆکێکی بۆ بگێڕینەوە، هەریەکێکیش نەیتوانیایە یاخود شتێکی بگێڕایەتەوە ئەو بیستبێتی ئەوا شەوێکی پڕ ئەشکەنجەی بەسەردەبرد ئیتر ناچاربووین بە درێژایی ئەو رۆژگارە گەرمانەی زیندان بیرلە چنینی روداوی چیرۆکێك بکەینەوە کە باوکت نەبیستبێ. ئێوارەیەك لە ئێوارە وەرسەکانی زیندان بەتەنیا دانیشتبووم بیئەوەی بیر لە شتێکی دیاریکراو بکەمەوە ئەگەرچی دەمزانی ئەو شەوە نۆرەی منە و پاش نان خواردن بەدوامدا دەنێرێت، وام دانا بە درێژایی ئەو ماوەیەی لەنێوان ژورەکەمان و ژوری باوکتدا بوو بیر لە دروست کردنی روداوێك بکەمەوە، کاتێك بردمیانە ژورەکەی، بێدەنگ وەستام، پاش ئەوەی باوکت کەمێك لێم وردبوەوە داوای لێکردم قسە بکەم بەڵام من بێدەنگ بووم تا لەناکاو پێم وت ئەمشەو چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە بەڵام بەمەرجێك دەبێت لە زیندان دەرم کات. من دەمزانی ئەم قسە لەناکاوە توشی سەرسامی دەکات ئەوەبوو پاش کەمێك بیرکردنەوە وتی:

- ئەگەر چیرۆکەکەت ئەوەی هێنا بەڵێنت دەدەمێ..

قسەکەی تەواو نەکرد و دەستی برد بۆ سمێڵی.

پێش ئەوەی بمهێنن بۆ ژورەکەی بیرم لە روداوێك دەکردەوە کە لەویدا توانیم بۆی بگێڕمەوە. کوپە گەنجەکە بە هێمنی داوای کرد روداوەکەی بۆ بگێڕمەوە. منیش هەرچۆن جاری پێشوو بۆ باوکیم گێڕابوویەوە بۆ ئەمیشم گێڕایەوە، پێم وت چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو:

لەگەڵ گەشتن و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە چیرۆکی ئەو ئەفسانەیەمان بیرکەوتەوە کە باسی لە میداسی پۆنانی دەکرد و لە توانایدا هەبوو هەموو شتێك بەدەست لێدان بگۆڕێت بۆ ئاڵتون تا دواجار خۆشی دەکاتە پەیکەرێکی ئاڵتونی. ئێمەش لە هەواڵەکە وا تێگەیشتین کە یەکێك لە تاقیگاکان (دواتر زانیمان پێی دوترێ – تاقیگای میداسی ئەفسانەیی) گەشتۆتە بەردی فەیلەسووفەکان(*).. بەم پێیەش لە توانامانداو دەبێت هەموو شتێك بکەین بە ئاڵتون.

هێشتا کەس لە راستی هەواڵەکە دڵنیا نەبوو و نەشیدەزانی ئەم کردەی بە ئاڵتون کردنە چۆنە، کەوتنە کۆکردنەوەی پارچە قوڕقوشم و تەڵی مس و ئاسنی ژەنگاوی.. هەبوو بیری لە دەرهێنانی دەرگا و پەنجەرە و شیشی ماڵەکەی دەکردەوە، نرخی ئەو پارچە زەویەی خۆڵ و پاشماوەی ئامێر و ئۆتۆمبیلی لێ فرێ دەدەن بەشێوەیەکی خەیاڵی بەرزبووەوە چونکە لەناو ئەو گردۆڵکەی زبڵەدا ئەو ئاڵتونە شاراوەیەیان دەبینی کە لە کانزا فرێدراو و پیس و ژەنگاوییەکاندایە و شەڕی خوێناوی دەخەنەوە. لەو رۆژگارەدا عاشقەکان خەونیان بەو خانوانەوە دەبینی کە بەرد بە بەردی خشتی ئاڵتون بێت و پیاوانیش بەڵێنیان بە ژنەکانیان دەدا کە لە ئاڵتونیان هەڵکێشن. ئەو رۆژگارانە لە رۆژە شادیبەخشەکانی پیاوان بوو چونکە پێیان وابوو دەتوانن دڵی هەموو ئافرەتەکان بکڕن.. بەپێکەنینەوە دەیان وت: دۆزینەوەیەکی سەیرە، دەبا سەردەمی ئەفسانەکان بەسەرچێت..

تا گەشتنی درێژەی هەواڵەکە ئێمە بە ڕادەیەك خۆمان لە ئەندێشەدا نغرۆکردبوو کە هەبوو پێی وابوو ئیتر بۆ هەتا هەتایە تۆڵەی خۆمان لە رۆژئاوا دەکەینەوە بەوەی دەبینە خاوەنی چیاو روباری زێڕ و هەر زێڕیشە دەتوانێ نەخشەکان بگۆڕێت بەڵام کاتێك لە ودەرکاری دۆزینەوە کە تێگەیشتین هەوڵمان دا بەدزییەوە ئەو کانزا کۆن و فرێدراوانەی کۆمان کردبوونەوە جارێکی تر فرێیان دەینەوە چونکە زانیمان کە ئەو تاقیگایە توانییوی بگاتە دۆزینەوەی شلەیەك لە خانەکانی لەشدا کە پاش چالاك کردن و وروژاندنی دەیتوانی کانزا لە پۆڵاوە تا تەختە و پەڕۆ بگۆڕێ بۆ ئاڵتون ئەویش دوای ئەوەی کانزاکە لەژێر پێستدا موتوربە دەکرێت، بەڵام رێدەکەوێ ئەم شلە جادوویییە لە لەشی هەندێك کەسدا نەبێت. جارێکی تر وتمان:

- ماڵئاوا سەردەمی ئەفسانەکان..

ئیتر رژاینە سەر شەقامەکان و هەرچی گۆرانیەگمان دەزانی وتمان کەچی هەبوو هەناسەی هەڵدەکێشا و دەیپرسی، بۆچی ئێمە ئەوەندە گۆرانیمان نیە تا بەشی ئەم خۆشیە بکات..

ئەم قسەیە وای لە زۆر کەس کرد کە خۆیان گۆرانی دانێن و گوێ بە ناخۆشی دەنگیان نەدەن چونکە دەمانزانی هیچ شتێك لەم رۆژەدا ناخۆش نیە و ئەم خۆشیەش سەراپای رۆژەهەڵاتی گرتۆتەوە. ئیتر تا دەنگمان نووسا و قاچەکانمان لەوە شەکەت تر بوون پێیان هەڵپەڕین و گۆشتی قوربانیەکان ئەوەندە زۆربوون ناچاربووین بیان کەین بەژێر خۆڵەوە تا لە بۆگەن و مێش و مەگەزی سەریان بە دوربین، دوای هەموو ئەوانە چاوەڕوانی گەشتنی تیمی تاقیگاکەبووین کە بە خۆیان و کەل و پەلەکانیانەوە بە هەموو شوێن و ناوچەیەکدا بڵاوبوونەتەوە.. هەرزوو بەردەم تاقیگاکان قەرەباڵغ بوون و ریزی ژن و پیاو جیاکرانەوە، ئەوانەی دوای چاوەڕوانیەکی زۆر چوونە ژورەوە بە ڕوویەکی خۆشەوە دەهاتنەدەرەوە و دەیان وت:

- هیچ ئازاری نەبوو..

وایان دەوت و بە خەون و خەیاڵە خۆشەکانیانەوە دەڕۆشتن .. خەونی ئەو پارچە ئاڵتونانەی لە لەشیاندا ڕوێنرابوو. ئەوەی لە تاقیگاکەش ڕوێدەدا و هەریەکێك بەخۆشیەوە دەیگرایەوە بریتیبوو لە سڕکردنی شوێنێکی لەش، پاشان ئەو پارچە قورقوشم یاخود مسەیان لەژێر پێستەکەدا دەڕواند کە هەریەکێك لەگەڵ خۆی دەیبرد. دوای دورینەوەی پێستەکە دەرزیەکیان لەناوەڕاستی پێستە هەڵدڕاوەکە دەدا و بۆماوەی چەند چرکەیەك ئەو شوێنەی کانزاکەی تیا شاردرابوەوە دەدرایە بەر تیشکێك. هەموو ئەم شتانەش بۆئەوە دەکرا تا پاش هەفتەیەك یاخود دە ڕۆژ ئەو پارچە کانزا کۆن و فڕێدراوانەی ژێر پێستەکە ببنە ئاڵتون و وردە وردە سەربکەون تا لە پێستەکەوە بێنە دەرەوە بێئەوەی هیچ نەشتەرگەرییەکی پێویست بێت، کاتێك یەکەم پارچە ئاڵتون لەژێر پێستیان هاتە دەرەوە وای کرد لێشاوی بەردەم تاقیگاکان زۆرتر بێت و ئەو پارچە کانزانەی لەگەڵ خۆشیان دا دەیانبرد گەورە و گەورەتر دەبوو، ئەگەر سەرەتا بە قەبارەی دینارێکی نیکل بووبێت گەشتە ئەوەی بە قورسایی کیلۆیەك و زیاتریش بێت کە ئەمەش ناچاری دەکردن زۆربەی کاتەکانیان دانیشن و خەریکی قسەکردن بن..

پارچە ئاڵتونەکان بە ڕەنگە سەرسام کەرەکەیانەوە بەردەوام دەهاتنە دەرەوە بێئەوەی شوێنەوارێك تەنانەت لە لەشی ئەو مندالانەدا جێبهێڵێت کە بە پێکەنینەوە دەچوونە ناو ریزی چاوەڕوان کەرانەوە.

ڕۆژبەڕۆژ هەموو کانزایەکی فڕێدراو، کەوچك و چەقۆ و قایشی سەعات .. تەپڵەکی جگەرە و تەنەکەی خۆڵ پاش پارچەپارچەکردنی .. دەنکە شقارتە و شووشەی عەتر.. تەنانەت ئاو و عەتریش پاش ئەوەی دڵۆپ دڵۆپ دەیانکردنە ژێر پێستەوە.. هەموویان کردنە ئاڵتون. یەکێك هاواری دەکرد:

- خۆزگە زەوی لەژێر پێستمدا جێی دەبووەوە تا بە یەکجار بمکردایەتە ئاڵتون.

- خۆریش..

یەکێکی تر بە خۆزگەوە وای وت دوای ئەوەی پیاوێکی پیر وتی:

- چی دەبوو ئەگەر هەموو قسەو پەیوەندی ناو قوتابخانە و ژن و مێردایەتیش بکرانایە بە ئاڵتون.

گوندنشینەکانیش بیریان لە بەجێهێشتنی زەویەکانیان دەکردەوە و دەیان وت:

- لەگەڵ مردنی ئەفسانەکاندا سەردەمی کاری گرانیش بەسەرچوو..

وایان دەوت بێئەوەی کەس گوێبەو دابەزینە بەردەوامەی نرخی ئاڵتون بدات چونکە پێیان وابوو هیچیان لەکیس ناچێت، هەربۆیە پەنایان دەبردە بەر ئەو قاچاخچیانەی بە دزی تاقیگاکانەوە دەرزی و کەل و پەلەکانی تریان بۆ دابین دەکردن. کاتێکیش چەند کەسێك هەستیان بە لەبیرچوونەوەی هەموو حیکایەت و ڕووداو یادگاریەکانی رابردوویان کرد پێیان دەوتن:

- چی له رابردوو بکەین. با بەخۆی و درۆکانیەوە بڕوات..

بەڵام پێدەچوو مردنی رابردوو سەرەتای ئەو کارەساتەبێت کە هەموومان خۆمان لێدەخڵافاند:

ئەویش پارانەوەی ترسناکی منداڵان بوو کە دەیان وت:

- توانای خەوبینینمان نەماوە و ناتوانین خەیاڵی سبەینێ بکەین..

پێیان وتن:

- ئایندەش جگە لە خۆ فریودان هیچی تر نیە گرنگ ئێستایە..

لەو - ئێستا - یەدا گردۆڵکەی ئاڵتون لە بەرزبوونەوەدابوو؛ جل و بەرگ بەوانەی ژێریشەوە، شووشە و پەنجەرە و دەرگاکان لێکرانەوە و کرانە ئاڵتون .. زەویە چۆڵ کراوەکان و دەنکە گەنمەکانیش، بەرد و لم و پوش و پەڵاشیش.. هەبوو بەدەم ئازارێکی قورسەوە دەستێك یاخود مووی قژ و چەند پەنجەیەکی خۆی کردبووە ئاڵتون پاش ئەوەی لەژێر پێستی خۆیدا دەیڕواند.. هەموو پارە کانزای و کاغەزەکانیش کرانە ئاڵتون و شتێك نەمایەوە تا بەهای ئاڵتون دیاری بکات، ئەو کاتەی بەتەواوی لە مردنی ئەفسانەکە دڵنیابووین سەرەتای وەرزێکی سەخت و سامناك بەدەرکەوت و زانیمان کارەساتێکی کوشندە بەڕێوەیە.. وتمان:

- سەرماو برسێتی ناکرێت بە ئاڵتون..

لەو رۆژگارە ترسناکەدا و لەناو ئەو زیندانی ئاڵتونەدا کە دۆزینەوە زانستیەکە لەگەڵ خۆیدا هێنای چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر بەدەرکەوت باسی لە پەریزادەیەکی دەست جادوویی دەکرد کە دەیتوانی بەدەست لێدان هەموو شتێك بگێڕێتەوە بۆئەو وێنەیەی لەسەرەتادا هەیبووە..

کاتێك لە چیرۆکەکەم تەواوبووم باوکت بەسەرسامیەوە سەیری دەکردم و بۆماوەیەك بەبێدەنگی مایەوە .. منیش هەروەستابووم و سەیرم دەکرد تا بە هێواشی وتی:

- ئەگەرچی باسی زیندانت نەکرد بەڵام ئەم چیرۆکە ئەوە دەهێنێت کە سەرچڵی بۆ بکەیت..

ئەوەبوو رۆژی دواتر بەو بەڵێنەی دابووی پێم رێگای هەڵهاتنی بۆ دانام و بەدرێژایی ئەم ساڵانەش خۆم دەشارمەوە. کوڕە گەنجەکە پرسی:

- ئەی باوکم؟

بەدەم هەستانەوە پێم وت:

- پاش لێکۆڵینەوە لە راکردنی من زانرا کە باوکت لە پشتیەوەیە و لەسێدارەدرا بەڵام کەس نەیویستوە ئەم راستیەت پێ بڵێ..

(*) بەردی فەیلەسوفەکان (حجر الفلاسفه): مادەیەکی خەیاڵیە کە لە کۆندا کیمیاگەران زۆر بەدوایدا گەڕاون و وایان زانیوە کە کانزای ئاسایی دەکاتە ئاڵتون.

(**) میداس: ئەفسانەیەکە باس لەوەدەکات کە میداس دەیتوانی بەدەس لێدان هەموو شتێك بکات بە ئاڵتون.

پۆپەشمینەکانی مەرگ

جەبار جەمال غەریب

بەستەڵەکی سەر جەستەی سەید خەریك بوو ئارەقەی دەکرد، دەیویست قامکەکانی بە ئاستەم بجوڵێنێ، لە هەموو لایانڕا وەك پەڕەگوڵی سپێدە ئاونگی دەردەدا و بەسەریدا دەخزی، بیری وەك منداڵێکی تازە بوو سڕابۆوە، یان دەفتەرێکی تازەی هەڵدابۆوە، سەید لە سپیەتی ئەو دەفتەرە دەترسا، داخۆ ئەو دەفتەرە سپییە؟ داخۆ ئەو منداڵە ئازادە چی لێدەنووسێ؟

لە گێژەنی ئەو فکرانەدا بایەك بەنێو زوقمدا دەهات، هەناسەکانی بەفر بایەك بەستووبنی تازە لەسەرپۆ هاتبوو، ئەو بایەی پیری داموس هەی هەی لێکردبوو، ئەو بایە دەبوو شریخەی ئەو شتانەی گوێ لێببێت کە لەپێش خۆیدا دەیکردنە شەختە و تێکی دەشکاندن، ئەو بایەی نە بای پەڕینی گوڵە و نە لوغزی پەپولە، نە هەناسەی فریشتەکانی عەشقە و نە ئاهونزولەی ژنە بە مەمك هەڵواسراوەکانی دەفتر و پەناگەکانی میعراجە. بایەك بۆن و دەرد و ترس و نەحلەتی ئەو ژنە موبارەك و بە فاڵانەی لەخۆ پێنەتەکابوو، هێندەی پێیان کرابوو، لە کۆڵانەکانی دۆزەخ، جوانیە ئەزەلیەکانی خۆیان، حەزە شێت و دیسان ئەزەلیەکانی خۆیان، خولیا بە فاڵەکانیان لەخۆ دادەڕنی، لەتوپەتیان دەکردن و دەیانجنین و بە حەسرەت و چاوێکی پڕ فرمێسکەوە بەر شەقیان دەدان، لە ئێوارە بێکۆتاییەکانی رووبارەکانی سەرپۆ دەیانشاردنەوە، یان فڕێیان دەدان و ونیان دەکردن، بەڵام ئەو ژنە بەفاڵانەی پێشوو ناو ئێسکەکانیشیان لە مۆخی پڕ خەتا بەتاڵ کردبوو، ئەو ژنانە نەشتێکیان تێدامابوو سەرمابیبا و با ئاوس کا، نە شتێك ئاگر بیسووتێنێ، ئەو ژنە بێدین و پاکەوەبوانە، بێوەفا و بەتاڵانە، چاویان لەسەر ئەو شوێنانە لانەدەبرد نامەکانی فاڵیان تێدا شاردبۆوە، ئەو نامە تلیساوانە لەگەڵ ئاوی دۆزەخ رۆچوون و لە لیتاو چەقین، ئەو فاڵنامانە جارێکی دیکە بێئەوەی ژنەکانی سەرپسەڕ مەبەستیان بێ بەسەر پەیکەری ئێسکی ئەو پیاوە راوچیانە وەربوون زەمانێك بوو ئاو بردبوونی، ئەو بایە رەشکەیەك فرمێسکی روون و پڕ جوانی و ترس و ملکەچی ئەو ژنانەی هێنابوو شەیتانەکانی ئاگریان لە خۆ داڕنیبوو.

کەڵەکە بەفری سەر قامکی درێژبووی سەیدە غەریبە، وەك دیواری شووشە، وەك دیوارێك لە فرمێسکی روونی ژنانی سەرپسەڕ، ئەو دنیایەی کردبۆ دوو بەش، قامکی سەیدی کردبۆ دووبەش، ئاخر ئەو بایە شاخ لە راستی دەچەمێتەوە، بەرد لە ئاستی دەتوێتەوە، "با"یەك کە مۆخی ژنی سڕیبێتەوە، "با"یەك لە راستی ژنانی رووت و وەك کافوور، وەك هەڵم و لە رەنگی کای سەرپسەڕ، "با"یەك بەو قیامەتەدا لووت بەرز، سەر بڵند بەڵام کوێر بێئەوەی بچەمێتەوە یان بۆ وەرگرتنی عەمباری فرمێسکە کریستاڵیەکان سەردانەوێنی تێدەپەڕێ، تێدەپەڕێ و جەستەی ئەو ژنە بەفاڵانە توێتوێ دەکا و لەوە

داخداره که هەموو کەلێنەکانی لەشیان دەگەڕێ، نینۆکیان هەڵدەداتەوە سمتیان دادەدڕێ و مەمکیان هەڵدەپچڕێ ئەو نامەی فاڵانە نابینێتەوە، بەڵام دیسانەوە بۆنی وەفاڵ هاتنیان سەرسەڕی ئەنگاوتبوو، ئەو بایە گەردنی درێژی لەو دیواری بەفر و شەختەی سەر قامکی سەید هەڵدەسوێ، ئەو بایە لۆکەی ئەو بەفرەی کردبۆ سیخەسۆڵ، لەسەر قامکی سەیدیرا تا تاقەکانی میعراج دیواری سیخەسۆڵ، "با"یەک ژنانی فاڵی دەبن پێ نابوو، "با"یەک ریشی لە تەنگەبەرە بێکۆتاییەکانی سەرسەڕ سپی کردبوو، ریشی ئەو بایە بەفری لێکەوتەوەو ریشی ئەو بایە دەمێک وەک لۆکە بەسەروچاویاندا دەخشێ و زۆر جاریش وەک خەنجەری با دەیانبڕێ.

- پیری داموس، ئێمەی گوڵی نەمان لەو بایە لادە،

نە بەرەگەی ختوکەی ریشی دەگرین و

نە خەنجەری سیخەسۆڵەی.

* * *

لەو دنیایە؟ ئەرێ چ خەبەرێک لە سەرسەڕ هەیە؟ ئەرێ ئەو با نەعلەتیە لە چ فاڵێک دەدوا؟ چ ریشێکی سپی پێش خۆدابوو! ئەرێ لەو زەمهەریرە خەنجەری لە کێ هەڵکێشابوو، ئەو بایە وەک چی چووبووە کن ئەو ژنانە؟ ئەو ژنە بە فاڵانەی نە مێردیان دیوە و نە کوڕ، هەر خەونیان بەوەوە دەدی رۆژێک مێردێکیان هەبێ بە سەرسەختی عەیاری و مەکری ئەو پیاوە ساختەچیانەوە لێیان وەژووری مااڵێکەوێ، ئەو مێردە چاو حیزانەی هەمیشە زەرگێکیان بەدەستەوەیە جارێک گوپی خۆیانی پێ کون دەکەن بۆ سیحر و جادو، جارێک ورگی ژنەکانیان، باشە چ زەرگێکە هەم بۆ ئەوە دەبێ بەداری گۆرستانەوەی هەڵواسی و یان لە شووشەبەندی مەلهاکاندا بیرازێنیتەوە، ئەوان تەنها مێردێکیان دەویست نهێنی فاڵی بۆ شکاندبان و توخمی ئەو بە فاڵ بوونەی نەهێشتایە، هەر بۆیەش ئەو ژنانە خەونەکانیان نەهاتەدی، دەیاندی ئەو پیاوە قون پانانەی دەبوو مێردیان بان، بێ هەست وەک پشیلە، شل و تەپیو دەهاتنەوە ماڵێ و بەدیار تەلەفزیۆن و هەللووربلووری منداڵان گوێیان شۆڕەکرد و نەیاندەزانی ئەو ژنە عەزیایانە، ئەو ژنە فێگرتوانە ماڵیان بە چ بۆنێک قانگ داوە؟ ئەو ژنانە هەروا حەزیان لێبوو ئەو پیاوانە لەگەڵ ترس بماڵن.

* * *

سەید لە ترسی شەڕی ژن، ئافەتی ژن دنیای لە زەینیدا رەش کردبۆوە، سەید لە ترسی هەناسەی ژن هەوای بە نەعلەت کردبو، ئاخر بای خوا، بای سەرسەڕ مەیدانی چ شەڕێکی هێنا بۆ سەرێی مردنی ئەو، ئەو ژنە بەفاڵە نورانیانە،، تەنها مێردێکیان دەویست، چوونە باوەشی تازی و سەگ، ئاغاو پاڵە، تەرکەدین و دڵتەڕ هەزار باوەشیان لستەوە، لەناو لیتاوی شەهەوت گەوزین، بەینێک بسکیان بەرداوە و وەک عاشقەکچان چوونە بن باڵی کوڕۆکەی بەنێو بالق، بەینێک بە مینیژۆبی (شین) ی سەر گردەی ڕانەوە چوونە نێو نوێنی مەشروب خۆری بێ سمێڵ و بێ دین و بێناموس، جا بەسەڵتەنەتی حیجابەوە چوونە نێو عەبای مەلای بەر سمێڵ پاکراو و نوورانی و تەڕکە دین ... جا نەچوونە باوەشی کێ، ئەو ژنە عاقیبەت نوورانە تاکە مێردێکیان دەویست و ئەو هەموو گەوادە، مێردێکیان تێنەدەبوو، ئاخر ئەوان گوناهیان چیبوو ئاو کوفێکیان نەبوو، لە راست بای سەرسەڕ چیان هەبوو رووتی کەنەوە، ئەو بایەش دەمێک ریشێکی پڕ ویقاری سپی، سارد بە لەشی رووتی وەک ئاگریاندا دێنێ و سەیرە ئەو ریشە نابێتە رەژوو، دەمێکیش بە خەنجەرێکی وەک موس تووێتوێی دەکردن، ئەوان نەیاندەزانی داخۆ ئەو با ی سەرسەڕە وەک مێرد بەنێویان دەکەوێ یان وەک کوڕ و باب سەد لەتیان دەکات، خۆ ئەو بایەش دەیتوانی بۆخۆی مێردێک بایە، ئاخر ئەو بایەش ریش و خەنجەری هەبوو، دەتۆ بڵێ کە دەفتەرەکانی وەفاڵ هاتنت ئەزبەرە، مێرد جگە لە بزنە ریشێک و خەنجەرێک چی دی هەیە، تۆ مەڕوانە سەرۆکی سەد دێوجامە و سەد روو، تۆ مەڕوانە مەلایەکی شاقەل درێژی بن باخەڵ پڕمسک، نا ئەوانە دێوجامەی ویقارن، تۆش خاوەنی ویقاری هەردوو دنیای، ئەدی ئەو بایەش دەیتوانی ببێتە مێردێکی شایستە و با

ئەویش ئەزموونێکی لەسزا هێنابا گۆڕێ، با ئەویش سەیرێکی گێڕابا وەک ئەو سەیرەی بە ئادەمیان گێڕا، ئەو بایە تەنها وەک مێردێك دەیتوانی دەفتەرەکانی وەفاڵ هاتن وەدۆزی و لەت و پەتیان کا، ئەو دەفتەرانە دەنێو شتێکدا تلیسانەوە مرۆ بەرگەی بۆنەکەی نەگرت، بەڵام تۆ بە ویقاری دنیاکانەوە دەتوانی کە دەبیتە مێرد بە ریشێکی وەک بەفر و خەنجەری ئاگرەوە، تەلسمی هەموو ئەو حەرفانە ئاشکرا، ئەو حەرفانە دەخوێنیەوە کە لای هەموو ئەو مێردە زۆرانە مانایەکی نەبوو، دەکرا ئەو بایە ببیتە مێرد، بە فەرمانێکی زووتر کرابووە جەلاد و بە شیر و پەتی سێدارەوە دوای ئەو ژنانەکەوت. ئەوانیش هەموو نوستنەکانی خۆیان، هەموو ئاڵۆش و گرکانەکانیان لەخۆ دادەڕنی و لە پێچ و پەنایەکانی دۆزەخیان فڕێدەدان، چەند دەیانویست ئەو میچی فاڵانە لەخۆ ون کەن، لە شوێنێك تورپاندەن کە هەرگیز نەچنەوە سەری، بەڵام ئەو چاوە پڕ مەکر و فێڵەیان بە چرکە لەسەریان نەدەچوونەژوور و ئەو بایەش حەسرەتی ئەو چاوانەی دەدیو لە بۆنی ئەو فاڵانەش غافڵ نەبوو، ئەو بایە دەیویست وەختێك بیانبەستێ بێجگە لە نێوی خوا چی دیان لەخوێندا نەبێ.

* * *

سەید هەموو ئەو رەگانەی بە دنیایانەوە دەبەستەوە پچڕاندبوونی، سەید تاکە نوورێکە بۆ پەرستن. هەموو ئەو تەون و رایەڵانەی دەیانبردنە سەر کانیەکانی دنیا سووتاندبوونی، سەید لە هەناسە تەوەلابوو، هاواری کرد

- ئادەم بە چ عەقڵێکەوە قورئان دەخوێنی، ئەو ئایەتانە لەو یەقینەدا چ مانایەکیان هەیە، من عەقڵێکم ناوێ هەموو شت بزانێ، دڵێکم دەوێت لە خۆشەویستی خوا شەق بەرێ.

دەنگێك وەک لە گردەکەی بەرانبەریەوە بێت

- من ئادەمم، ئەو رۆژەی خوا فەرمانی بە ڕووح دا بێتە ناوم، ئەو رۆژە هەموو فریشتەکان بە گومان و حەسادەتەوە تەماشایان دەکردم، ڕووح وەک پشیلەیەکی ترساو، لە شێوەی تیشکێکدا هاتە بەرپێم و وەک لە تۆفانێك نیزك بێتەوە، رەنگی زەردبوو، ئەو رۆژە پێش ئەوەی من بەخەبەر بێم، هیچ شتێك وجودی نەبوو، وەختێك هەستم بە تەنهایی کرد جێگایەکم بۆ هەموو ئەو شتانە لە باخەکانی هەرە سەرەوەی میشکمدا کردەوە.

سەید هاواری کرد و گوتی "بیبڕەوە" گۆچانەکەی تووند بە بەردێکدا کیشاو سەد شەق بوو

- "نازانم کامتان، ڕووحی منتان وەک ئەو گۆچانە شەق کرد"

- من ئادەمم، من ئەو ئێسك و پێست و نوورەم هەموو شتەکان لەنێو منداا بوونیان هەیە، ئەی سەیدە پەڕۆ، ڕووحێکم پێنەبەخشیوی شەق ببێ، بە برسی بوون و ڕووتبوونەوەی تۆ خوا لەسەر زەوی دەگاتە کوێ؟

سەید هەستی کرد پەیامی پێغەمبەر و بوونی ئەوی لە سنگدایە، لاقە باریك و بێخوێنەکانی خۆی لێببووە قەدی دارخورما، بە سامێکی گەورە و هەیبەتێکی پڕ ترس بەڵام مندالانە هەستاپێ، پێیەکی بەبەردەمی خۆیدا داو گوتی

- "مرۆ ئەو سەرزەویەی بۆگەن کردوە جێی خوای تێدا نابێتەوە"

من ئادەمم بە خەنجەرێکی ڕووتەوە لەسەر زەوی دەگەڕێم، بەو خەنجەرەم زەوی ئاوەدان کردۆتەوە، ئەو خەنجەرە لەدوا دیداردا خوا دایە دەستم و گوتی

- "مادام وەچە دەخەیەوە پێویستت بەو خەنجەرە دەبێ، بەڵام لەبیرت نەچێ لە رۆژی قیامەت هەر بەوخەنجەرە مەرگ وەک کاوڕێکی ڕەش و سپی لەبەر دەمت سەردەبڕم."

سەید جەستەی لاوازی خۆی پێڕانەگیراو کەوتە سەر خۆڵەکە و گوتی

- "بەو شێوەیە باسی خوای من مەکە." دەنگەکە گوتی:

- "بڕوانە ژوورسەرت" وەختێك سەید ئاوڕی دایەوە لەو بەردە سپی و لووس و بێ گرێیە ئاوێك هەڵدەقوڵێ و دەنگەکە دەڵێ:

- "سەید، خوا وەك ئەو ئاوە لە دڵی من هەڵدەقوڵێ"

سەید لێوی بە ئاوەکەوە ناو چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک.

سەید ئەو بایەی بۆ رانەگیرابوو، ئەگەر دەستی بە ریشی ئەو بایە کەوتبا، دوای ئەوە دەستی بە هەر شتێك کەوتبا دەیکردە سۆڵ، سەید عومرێك بوو دوای یەقینێك کەوتبوو، ئەو لە گومانی مرۆ، لە وشەی هیشك و برینگی مەلا تاسابوو، عومرێك بوو ئەو یەقینە بێرەنگ و عومرو نیشانە وەدووخۆی دابوو، ئەو جارەش بەفر وەك کێو ئاسمانی داهێنابوو، ئەویش دوا هەناسەکانی ژیانی بە لەزەتی کرمی هەنگوینەوە لە بەفر دەخواست، لە خاڵێکی نادیار دیتی پیری داموس لاسکە گیایەکی تەڕ و تازەی بەدەستەوەیە، لاسکە گیا کەسێکێك بوو ئاوی لێدەچۆڕا، سەید یەکەم جار بوو نەزانێ بڕوانێتە پیری داموسی یان لاسکەگیایەکە، پیری دنیا بەدەستی پڕ پەنای خۆی بۆی دەبن زمانی دەنێ، وەختێك ئاوی ئەو گیایە لە دەمی دەگەڕێ، سەید وەیدەزانی لە پێشوازی جوانترین ساتەکانی پێش مردن دایە، ئەو مردنە دەبوو ئەو یەقینەی کەوتبۆ بەر پێی، سەید ئەوەی لەبیرنەمابوو دەستی پیری داموسی گرتووە، نوورێك وەك خەوێکی قووڵ چووبووە نێو جەستەی رەق و تەقی، بەنێو ئەو تەنگەبەرانەدا دەڕوا هەتاو لە هەوریان کردبوو، وەختێك بۆنی ئەو گەڵایەی پیری داموس دابوویەی لە دووڕا مزگێنی دارستانی خلودی دایە، ئەو دارستانە دەنێو پۆپەشمینەی خەونەکانیدا یادگارەکانی مرۆ و مردنی وەدەرنابوو، ئەو دەیزانی تەنها مردنە ئاوەڵی مرۆ و هێندەی بێزاری مرۆ ئاڵودەیەتی، سەید لەو گەشتەیدا سەرسامی مردن نەبوو، چونکە یادگارێکی هەرەدووریشی دەگەڵ نەمابوو، کە پێیەرەق و چەرمن و ئیشك بووەکانی وەبەر تەمی سەرەوەی ئەو دارستانە کەوتن، مووە وردەکانی بەدەنی وەك وردە گەڵای بەهارێ ئاونگیان کرد و ئەو ئاونگە لە هەموو قەلبی گەڕا، هەستی کرد لە هەڵمەکە سووکتر، چیدی گۆشت و ئێسکی لێبارنیە، دەبا تاوێکیش لەگەڵ یەقینی خۆی بڕی و ئەو بارە قورس و شوومەی جەستەو پڕپێویستیانەی لێنەبێ، ئەو گۆشت و ئێسکە بەدوای برسێتیەك کەوتبوون سەیدی لێ بێبەری بوو، ئەو لە مرۆ بیبەری بوو، دارستانی خلود لە وەسفێکدا نیە هەبێ، لە رەنگێکدا نیە هەبێ، لە گڕێکدا نیە هەبێ، دارستانی خلود خۆری وەك هەڵم گەرمت دەکاتەوە و ئاوی وەك هەڵم داتدەپۆشێ، ژنی وەك بەفر وەك باقە هەور وەك نازی مایین و پڕکێشی کەرووشك، ژنی وەك گیا و وەك نمەی شەوانی پایز، دێتە باوەشت، وەنێوت دەکەوێ و ئەو ژنانە شتێك نین لێت خشێن و هەڵت گلۆفن، شتێك نین پێوەت بنووسێت و ختوکەت دەن، ئەو ژنانەی لە دارستانی خلوددان شتێکیان لێناڕژێ و شتێکیان ناکەوێتە سەر، دێنە باوەشت، لێت دالێن و تۆش لەو دارستانەدا ون دەبی، ون دەبی و دەگەیە پلەیەك گەڕانەوەی بۆ نیە، دەگەیە پلەیەك ژیان و مردنی بۆ نیە، ناتوانی بیر لە خەڵوەتەکانی مردن و ساتە کورتەکانی ژیان بکەیەوە، دەگەیە پلەیەك ئەو ژنانە بە رەوە وەك پێست لێت دالێن و جگە لە تامی بێ رەنگی و بێ بۆنی و خلود شتێکی دیکە نادەن، سەید وەختێك هەموو لەشی تێکەڵ ئەو دارستانە دەبێ، شل دەبێتەوە وەك تەم و هەتاو دەکەوێتە سەر لقەدار و زیخی کەنار رووبار، هەستی دەکرد چاوەکانی بە تەنها سەفەردەکەن و پێیەکانی بە جیا، هیچیشیان شتێك نابینن بیگێڕنەوەو گێڕانەوە لە دارستانی خلوددا لە مردن بێبەهاو ماناترە. تەنها مێشك نایەتە ئەو دارستانە چونکە شتێکی تێدا نیە بینووسێتەوە. لەو دارستانە وەك ئاو تێکەڵ ئاو دەبووبوو، وەك ئاگر تێکەڵ ئاگر، وەك تیشك تێکەڵ تیشك و وەك ژن تێکەڵ ژن، ئەو تێکەڵ بوونەی لە وێنەی نیە. لەو دارستانەدا ناکرێ نە رازی بی و نە ژەوان، سەید چووزانێ هەنگوین هەڵبژێرێ کە تاڵ وجودی نییە، با دەریاری هەنگوین وەك زەریای هادی یەقبداتەوە، پەپوولەیەك بەسەر ئەو هەنگوینەدا نافڕێ کە جووجکە مێشەنگوینێك لەنێویدا نەمردوە، دارستانی خلود لە تاریف نایەت و سەید وەك پەڵەیەکی تیشك لەسەر ئاوی کەنار رادەژا.

* * *

لەو دنیایە؟ ئەگەر لەو دارستانی خلودە "داری مەعریفە" هەبا پێی تێنەدەنا، وەختێك ئادەم

دەگەڕێتەوە. بەهەشتێکی دەدەنێ و هەرچی لە داری مەعریفەیەی وەرگرتووە هەڵیدێنێتەوە. دەبوو ئەوەشی لە پیری داموس پرسیبا :ئەو داری مەعریفەیە، ئەو داری مەلعونە، بەو هەموو خەتایانەوە چۆن پێش ئادەم لەو بەهەشتە پیرۆزە فڕێنەدراوە، دەیکرد و پیری داموس وەک گوڵ وەڵامی دەدایەوە، باسی ئەوەی بۆدەکرد، وەختێک ئادەم لە قوڕی بەهەشت دروست دەکرێ و تەواو دەبێ،

بانی تەعلا فەرمان بە ڕووح دەکا بچێتە نێوی، بەڵێ فەرمان بە ڕووح دەکا بچێتە نێو جەستەی پڕ خەتەری ئادەم، تۆ وەرە جەستەی ئادەم ببڕە و بچۆ نێوی، ئەو هەیکە، ئەو هەموو هەست و تینە بە خەبەربێنە. بە خەبەری بێنەو نەشتوانی لەبەری هەڵێی و لێی جیاوەبێ، ڕووح دەیوست ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژی بایە، ئەگەر بکرابایە ئەو بەشەی خوا وازی لە دەسەڵات دەهێنا و خۆمەحف دەکردەوە، بە ترسی مردنەوە یەکەم هەنگاو دەنێ، ئبلیس کە بە گومانەوە تێدەڕوانی و شانی بە داڕێکی درێژەوە دابوو کە دەشێ دار کاڕ بووبێ، چاوی بڕ لە سیحری هەڵدەبڕێو وەک بڵێ "سەفەری سزا" نا وەک بڵێ "ڕەزالەتی مەنفا" نا وەک بڵێ "شمشێری جەنگ هەڵگێشە." ئەوەی لە ڕاستی ئیبلیسەوە وەستابوو دەستێکی لە شانی ڕووح دا و گوتی: "هێز بدە بەرخۆت، کێوێکی تاقەت پڕوکێنە" ڕووح تۆزێك سڵەمیەوە و ئاوڕێکی لێدانەوە وەک بە بیابانێکی پڕ گومان دا بڕوا، هەستی کرد دەنگێك وەک شریخەی شووشە و شکانی ئاسمان دەڵێ "ئەوە کاری ئیبلیس بوو" سەید هەمان ترسی ڕووحی لێدەنیشێ، ئەو ڕۆژە، یان ئەو ڕۆژە نا ئەو کاتە، ئەو کاتەش نا، چ کات و ڕۆژێك لە گۆڕێ نەبووە، ڕووح چ ترسێکی لێدەنیشێ، دەمێك لە ترسی ئەمری خواو دەمێك لە ترسی لەشی ئادەم، ڕووح چۆنی ترسی فەرمانی خوای دەدی، هەرواش ترسی چوونە نێو جەستەیەکی دەدی ڕووبارێکی لێڵ و مەنگی گومانی لەبەردەڕۆیی، فرمانەکە هیچ ... لە جەستەکە وردبۆوە، هەموو ئەندامێکی لەشی هاواری دەکرد و هاوارێك جگە لە ڕووح کەس نەیدەبیست، ئەو جەستە نەبوو تەڵەبوو، ڕووح ئەو تەڵەیەی دەدیت و ئادەم لێیبێخەبەر بوو سەید دەیڕیست لە پیری داموس بپرسێ داخۆ ئادەم بۆ لێ بێخەبەر بوو؟ ڕووح دەیزانی هەر بچێتە نێو ئەو جەستە هەموو تۆوەکانی باخی خەتا بەخەبەردێن، ڕووح دەیدی چاوی ئبلیس بەرانبەری چ زووخاو چ بەدگومانی و چ نەعلەتێکی لێدەڕژێ ئادەم بێئاگا بۆ دەبوو ئادەم مەنجەڵی خەتابێ؟ ئاخ سەید ئەو پرسیارەی لە لێوان ترازابا و... پیری داموس کەوشەیەك نیە بۆ وەسفی، پێی دەگوت لەخەتاو سزا گەڕێ، لە لەزەت و ئەشك گەڕێ، ئادەم ئەو دەفتەرەیە خوا پەیامی خۆی لێ نووسیوە، ئادەم ئەو پەیامەیە خوا گەورەیی خۆی لێنوسیوە، ئەگەر خەتا نەبا کێ ڕەنگەکانی (حەقی) هەڵدەداوە؟ ئەو ئاگرەی لەبەرە دەستی پیری گەورە هەڵدەبوو، ئەو پرسیارانەی هەموو دەسڕینەوە و جارێکی دیکە سەیدی ئاڵۆدەی حیکمەتەکانی ئاگر دەکرد.

* * *

زۆقمێکی ئاشناو هاوسەر لەشمی سڕو چاوی نیوەتروکاوی سەیدیان بەردەدا، پیری داموش ئاگرێکی هەڵدا بۆ پەنای، وەک گوڵی ئاگرەکانی بەهەشت دەسوتا، وەک گوڵی ئاگرەکانی بەهەشت بۆنی دەدا، نە بۆنی سوتان و نە بۆنی دوکەڵ، ئەو بۆنەی تاڵە هەرەباریك و وردەکانی، ئەو تاڵانەی مردن و ژیان لێك هەڵدەبڕن، ئەو بۆنەی ئەو تاڵانە دەژیەنێتەوە، دەبێ پێی مردن، دەبێ مەرگ دواجار ئەو تاڵانە بپسێنێ، هەوەڵ جار مردن سەلامت لێدەکا و لە پەنات دادەنیشێ، دێتە پەنات و هەناسەت بۆن دەکا، چ مەبەستی نیە وەڵامی دەیەوە، وەک ئەوەی بڵێ "وەخۆکەوە" یان "بەجێماوی" جا لەبەر جاوت دوو پێی ڕەش و پان و قورست شۆڕدەکاتەوە ناو، تۆ نازانی ئەو پێیانەی بەکوێدا هێناوەتە نێو تۆ، دەشێ ئەو پێیانە هەر لەوێ بووبن و هەستت بە گەورەبونیان نەکردبێ، گوتبویان مردن لە ئاگری دۆزەخ دەچێ، ڕەش وەك قەتران، بەڵام ئەو پیاوەی وەنێو سەید کەوت و دوو پێی باریك و لەشێکی

بنێس بەڵام قورس، ئەو پیاوەی ماڵی خۆی وەنێو سەیدکەوت، سەید نە سڵاوی لێکرد و نە نەفرەت، ئەو پیاوە لەو کاوڕە دەچوو خوا لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ سەری دەبڕێ، ئەو پیاوە بێ فێڵ و تەڵەکە بوو، ئەو شتێکی دەویست کاوێژی کا، با ئەو شتە عومر یان گیانی سەید بێ، هەروا بە لموزی گیایەکی وەکو زەلی لەنێوان پەراسوانی دەرکێشا، دەیچوو، دەریدەکێشا و دەیچوو، ئەو پیاوە باریك و بنێسە دەمێك گیای دەچوو و لەفکران رادەچوو دەموچاوی سپی و نەرم و ئاشنابوو، وەختێکیش دەیڕوانییە سەید دەم و چاوێکی رەش، هێند رەش وەتدەزانی هەزاران مەیتی تێدا هەڵچنراوە، وەتدەزانی ئەو لیکاوەی لە دەمی دێتەخوارێ جوانساوی ئەو مەیتانەیە بەسەریەکدا دەتلیسێنەوە.

ئەو پیاوە هەرگیز بەتەنها نازێ، کەس نازانێ لەکوێی بونەوەرەوە وەژوور دەکەوێ، دەشێ لە هەوەڵەوە لە بینیندا یان لە دەنگ و هەناسەدا یان لە خوێن و کۆمدا خۆی شاردبێتەوە، پیاو چەند لە وەخت هەڵدەکشێ، ئەو هێندە جێگیر و مکوڕتر دەبێ، دواجار ماڵ داگیردەکات و ئەو دەکاتە دەرێ. سەید نازانێ دەبێ دەگەڵ ئەو پیاوە بجەنگێ... جارێك لە پیری داموسی پرسیبوو،

- پیری گەورە چۆن دەگەڵ ئبلیس بجەنگم؟

پیری گەورە ئەوەی بۆ گێڕابۆوە، ئەو وەختەی دەگەڵ نووری جەوان بووە، ئەو شەوەی دەگەڵ هەر دوازدە تۆبەکارەکەی لە شاخی ئێشکیان کێشاو نوێژیان کرد، ئەودەمەی لە شاخی دەچوونە خوار، نووری جەوان کێوێکی دی، رەش وەك هەزاران مەیت بەسەر یەکدا کەوتبن و دەنێویەکدا توابنەوە، لەپێشیان قوت دەبێتەوە، نووری جەوان روو لەو تاریکیە دەکات و دەڵێ؛

- بڕۆ لەسەر رێمان، ئێمە نوور دەبەشینەوە.
- تاریکیەکەش دەڵێ.
- ئێمەش مەیت.

نووری جەوان وەك چرا دایسێ بە زمانێك وەك باڵی پەپوولە دەڵێ؛

- باوکە رێیەك بۆ رووناکی خۆت بکەوە.

تاریکیەکە دەڵێ

- پەنا بۆ شتێك مەبەن بەشی منیشی لەو دنیایە داناوە.

شەش رۆژ بوو زۆقم دەمی لە هەناسەی سەید نابوو، ئێوارەی رۆژی شەشەم، لاقی توکن و پڕ دەماری ئەو پیاوە هاتە نێو جەستەی، ئەوەی وەبیرهاتەوە کە پیری گەورە پێی گوتبوو؛

"کە ئەو لاقەت وەنێوکەوت بۆو کەسە بڕوانە کە لەو دنیایە نەت دیوە" یان "بۆو نوورە بڕوانە لەو دونیایە لێی دەگەڕای" ئەو قسەی نووری جەوانی باس کردبوو، وەختێك یەکەم بزمار لە مەچەکی دەدەن، گوتبووی – "باوکە با سەرکەوین"

کە هەردووك پێشی دەخەنە سەر یەکو تاقە بزمارێکی لێدەدەن دەڵێ؛

- باوکە وەرە خۆت لەنێومندا پەنادە.

دەبوو یەکێکیان بڕوا، وەختێك سەید بێزاربوو، ئەو سەری بڵند کردو بۆ یەکەمجار سەید ترسێکی هێندەی کێوێکی بەسەردا رژا، ترسێك دەماری بنەپێی و دەماری مێشکی وێکڕا سڕکردن، دەموچاوێکی وەك بەردەهەسان وەك مەیت رەش، تاریکی مەیت وەك یەهودا دەڵێو دوای ئەودی مارێکی لە زار دێتە دەر، دەڵێ –"تاریکی مەیت لەسەر داری ئەبەنوسیش ون نابێ"

نووری جەوان تەنها ئەو لاپەڕانەی دابۆ یەهودا کە باس لە مەیت دەکەن، ئەو لاپەڕانە لە مەیت هەڵکێشرابوون، جگە لە یەهودا بە کەسێکی دیکە هەڵنەدەگیرا، ئەو مارەش لەو لاپەڕانە هاتبۆدەر، ئەو لاپەڕانە مردنێکیان دەگێڕایەوە هەواو باران بەرگەیان نەدەگرت، تاکە وشەیەکی کەوتبۆ ئەو دەریاچەی یەهودا ئاوی لێخواردەوە، هەرچی زیروح لەنێویدا بوو کوشتنی و لە رەشی مەیتدا ون بوو، ئاوەکەشیان نێونا دەریای مردوو، یەهودا دەیویست بەو لاپەڕانەوە هەڵێ و جارێکی دیکە مرۆ نەیان بینێتەوە، هەست دەکا هێندە قورس بووە پێستی خەریکە شەق بەرێ، کە نووری جەوانیش دەبینێ، دەیەوێ ماچیکا و دەم نەکاتەوە، ئەو مارە دەگەڵ زمانی راکشابوو، ئەو مارە نەهاتبادەر، یەهودا

بەرگەی نەدەگرت و دەتەقی، مارێکمان هەێ لە هەزاران لاپەڕەی مەیت چاکترە.

* * *

پیری داموس دەیتوانی وەك گوڵ وەڵامی بداتەوە، پیری داموس دەیتوانی ریحانەیەك لەنێو بەفر بێنێتە دەرێ و هەر لەنێو ئەو مەیتانەی دەرکێشێ کە لە سەردار ئەبەنووسیش ون نابن، دوای ئەوەی بۆنی دنیا بڕ دەکات، دوای ئەوەی وێنەکانی نێو سینەما، ژنەکانی هوليود، منداڵە نەبووەکەی دایانا بۆنی ئەو رێحانەیان لێدێت و بۆنی ئەو ریحانە دەگرن، دوای ئەوەی کڵاوە ئەتۆمیەکان ئەو بۆنە دەپژێنن، بەڵێ پیری گەورە دەیتوانی چڵە ریحانەیەك لەنێو بەفر دەرکێشێ، ئەو بەفرەی هەر بە هەواوەیە و نەکەوتۆتە سەر زەوی، چڵە ریحانەیەکی وا بەس بوو هەموو ئەو ژن و مێردانەی پشت لێکدەکەن و رۆژەڕێیەك دوور لێکدی دەنوون و وەبیریان نایەتەوە کەنگی یەکتریان خۆش ویستووە، کەنگی یەکتریان ماچ کردوە و بێز لە هەناسەی یەکدی دەکەن، چڵە رێحانەیەکی پیری داموس بۆنێکیان لەنێوان پەرش دەکا، ئولفەتی ئینسانیان تێدا دەژێنێەوە دوای ئەوەی بەو بۆنە دنیا پردەکا بیکاتەوە خۆڵێك سەدجار لە خۆڵی دڵی ئەو مردوانە ورد و نەرم و رەشتر پەنجا سەدە پێش ئێستا مردوون.

* * *

بە نیازی شێوەی پیری داموس بڕوانە هەناسەی ئەو منداڵەی ئەوڕۆ دەبێ، بڕوانە ترسی ئەو پیرە پیاوەی مردن هەنگاوێکی هاوێشتۆتە نێو جەستەی، بە نیازی شێوەی پیری داموس بڕوانە دوا بەرنامەکانی ئەنتەرنێت، بەو نیازە بڕوانە خۆڵی ئەو کچۆڵانەی هەزار ساڵ پێش ئێستا مردون، دەبینی شێخی گەورە بە دەستێك لە ئاگر و دەستێك لە با، چاوێك لە تەلیسم و چاوێك لە حەق، رووحێك لە نوور و رووحێك لە غەیب، بەخڕیو ریشێکی سێ لۆە دەردەکەوێ.

لەودیو ئەو بەردە هەسانەی کە دەبوو سەری ئەو پیاوەبێ، رووناکیەك، رووناکیەك لە هەڵم چڕتر، رونا‌کیەك وەك پۆپەشمین، بێ شێوەو شکڵ، بێ ڕەنگ و پڕەنگ، لە غەیبەوە، لەو شوێنەی دەبوو پیری داموس لێی دەرکەوی، لە هەوا ترازا، تەنها ئەو پۆشمینی ڕەنگە، ئەو پۆپەشمینی نوورە شێوەی پیری داموس وەرناگرێ و بەنیازی هەر شتێ لێی بڕوانی، هەر نورێکی چڕتر لە هەور، ئەو نوورە ئەو سەرە بەردەرەشە دەبڕێ بێئەوەی لێی خشێ، قسەکەی پیری داموسی بیرهاتەوە

- بۆو نوورە بڕوانە، بۆو یەقینە بڕوانە لە دنیادا لێی دەگەڕای.

پیاوێکی سەروپێش سپی و نوورانی لە پشت پۆپەشمینی نوورەوە، لەجێی ئەو پیاوە بەردەهەسانە، وەك مۆم قاڵابۆوەو شێوەی ئەو پیاوە نورانیەی وەرگرتبوو، لە زوقم دا ببوە شەختە.

ئەو نوورە پۆپەشمینە بێئەوەی بجوڵێ لێی نزیك دەبۆوە، وەختێك وەك کەف و کوڵی ئەو لاسکە گیا تەڕو تۆڵەی نێو بەفر وەك هەڵمێکی سپی لە لووتی هاتە دەر و بێئەوەی بجوڵێ لێی دوورکەوتەوە، هەر هێندەی هەست کرد، ئەو پیاوە خوێن تاڵ و پێڤورس و لەش موواویە تەواوی جەستەی داگیرکردووە و شوێنێك بۆ هەناسەی ئەو نەماوە.

تۆش لە مردن مەترسە تا ئەو رۆژەی پیاوێکی ناشرین و ئێسك قورس و بەد لەشێوەی خۆت بە دوو پێێ وەك قورقوشم وەنێوت دەکەوێ و داگیرت دەکا.

شوێن پێی مەرگ
بەسەر کتێبێکی کۆنەوە

ئاکۆ کەریم مەعروف

پیاوێك لەدوای ئەوەی کوڕەکانی بە نەفرەت کرد چاوەڕوانم دەکات، ئەوەتانێ دەیبینم هەستی پێدەکەم، لەودیوی باخی خورماوەیە، هاتووم داوای بەخشین و پاکبوونەوەی لێبکەم، دڵنیام دەبێ بیناسیت، هەرهەموتان دیووتانە، هەتاوەکو ئەو خێڵە دوورانەی کە تا ئەوپەڕی لێوارەکانی بێهوودەیی درێژبوونەتەوە دەیناسن.

ئەو بەرلەوادەی سەفەرێکی دوورودرێژی هەمیشەیی کاتێ هەموومانی لەناو تەنیاییەکی کوشندەدا بەجێدەهێشت پێی دەگوتین:

(گەر دەتانەوێ لە گوناهەکانتان خۆشبم دەبێ خەونەکانتان بکەم بە دۆزەخ)

ئێستاکە دڵنیام لەدوای ئەو هەموو ونبوونە رەنگی لە رەنگی خودا دەچێو بۆنی لە بۆنی خاك دەچێ، بەڵام ئەی رێبوار کە بۆنی غەریبی و تەنیایی و ئازارت لێدێت، پێم بڵێ دەبێ چ نەفرەتێکی شێتانە بە شوێنمانەوەبێ تاوەکو بە مەرگ بڵێین شوناسی پاکبوونەوەمان بداتێ.

لەبیرمە بۆ یەکەمین جار بەرلەوەی خوێنی براکان تێکەڵ بێ پێمان گووت،

با نەزیفی ئەم خوێنە راوەستێ ئێمە ژیانمان خۆشدەوێت، دە ئێستا ئەی رێبواری ماندوو کە ئاشنای بە رێگا کوێرەکانی بیابان، بۆ خودا پێم بڵێ کەسێك هەیە لەودیو باخی خورماوە چاوەڕوانم بکات..؟!)

ئەوکاتەی دارخورماکانمان بەجێهێشت خۆر لەناو تەنیایی بیاباندا بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت، وردە .. وردە تاریکایی دەخزایە ناو چاوانمانەوە، ناوبەناو لە دوورەوە تروسکایی ئاگری بەردەم چادری خێڵە عەرەبەکان هەستێکی نەشئەبەخشی وەهای لەلای دەوروژاندین کە هێشتا لە جێگەیەك مانایەکی تر هەیە بۆ زندەگی، لە دووری دووترەوە حیلەی ئەسپەکانمان دەبیست کە بێدەنگی ڕێڕۆیشتنی هەنگاوەکانمانی دەشکاند، ئەو دەنگە بۆ ئێمە دەنگدانەوەیەك بوو بۆ بەردەوامی مانەوە، هێزو تەوژمێکی لە رادەبەدەری پێدەبەخشین کە هەر دەبێ سبەینێ پێش ئەوەی دوا ئەستێرەی ئاسمان ڕۆشنایی خۆر کاڵ کاڵی بکاتەوە، بگەینە ژێر سێبەری باخی خورما، کە باوکمان لەوێدا بەدرێژایی ئەو ساڵانەی ئێمەی بە جێهێشتووە و بەر نەفرەتی سروتە تاریکەکانی کەوتووین و قسە لەگەڵ تەنهایی خۆی دەکات، لەو گوناهانە ببورێ کە کردوومانە کۆتایی بە چاوەڕوانییەکەی بهێنێ.

لەدوای بڕینی رێگایەکی دوور کە بە ئاڕاستەی بورجی ورچی گەورە دەڕۆیشتین، دەرفەتێکمان لە یەکتری خواست تاوەکو بۆ کەمێك پشوویەك بدەین، بەدەم هەڵکردنی – با – یەکی فێنك کە بەناو قوڵایی

شەودا تێپەڕ دەبوو، خەوێکی قوڵمان لێکەوت، پاشان وەك ئەوەی خواردنێکی ناخۆش بخۆین کەوتینە هێڵنج دان و رشانەوە، بە چاوێك کە ماندووێتی لێدەڕژا لە دەوروبەری خۆمان روانی، هەر ئەوساتە رۆشنایی مانگ کە تاریکایی بیابانی کردبووە چراخان وەڵامی زۆر پرسیاری ترسناکی ئەدایناوە، هەتاوەکو چاو بڕکات لە دەوروبەرمان، لە نزیکترین شوێنی هەناسەمانەوە، لەناو تەمومژی رۆحی ماندووماندا، بە ژمارەی رژانی ئەستێرەکان، بەسەر بۆشایی بێکۆتایی ئاسماندا، تەرم کەوتبوو، بەڵام ئای..! چ کارەساتێك بوو لەناو ئەو تاریگەشەوەدا هەرهەموویان وەك رەنگی باران وابوون لەیەك دەچوون، هەر ئەو ساتە بەخۆم گوت:

(سەیرە ئەوانە لە خۆم دەچن..!!)

هەوا بۆنی مەرگێکی کتوپڕی لێدەهات، بەدەم هێڵنجدانەوە کە یادەوەری و یادگاریيە کۆنەکانی لێدەڕژا رامان کرد، بیئەوەی ئاوڕ لە هیچ شتێك بدەینەوە شوێن پێکانمان بەسەر تەرمەکاندا بەجێدەهێشت، گریانێك دەگریاین کە هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەکرد رۆژێك لە رۆژان و ساتێك لە ساتە پێشبینی نەکراوەکاندا لەبیرمان بچێتەوە، هەر ئەو دەمە کە هەناسەم پڕبوو لە تاریکی، لە خۆم پرسی:

(ئەوێ دۆزەخ نەبوو؟!)

هەرئەوەندەی باخی مەرگمان بەجێهێشت، پیرەمێردێك کە دوورترین ئازار و نزیکترین سەراب لە چاوە ماندووەکانیا دەخوێندرایەوە، بە ئاماژەی پەنجەکانی کە لە شوێن پێی بوونەوەرێکی ئەفسانەیی دەچوو بە ئاڕاستەی هەڵکردنی - با - وە پێی گووتین:

(-لێرە بەدواوە بیابانە!!)

هەردووکمان بە دووچاو کە تۆز و غوباری رێگایەکی دوور خواردبێتی بەسەر سووڕمانەوە سەیری یەکتریمان کرد، ترسێك کە نەدەکرا لەو تاریکییەدا بیشارینەوە رەنگ و ڕووی گۆڕین، رەنگە بۆ تەنها ساتێك کە دەرکەمان بە کارەساتێکی چاوەڕوان کراو کردبی و رستەیەکمان نەبێ بۆ گووتن ئەم ساتەبوو، کە بیئەوەی هەست بە قوواڵی رستەکە بکەین شاعیرانە و غەریبی دووریيەکی نەبینراوی لێدەڕژا پێی گووتین:

(-رێگاکانی مردن لێرەوەیە!!)

ئەو ڕۆیشت، ئەستێرەیەك کشا، وەك ئەوەی رووناکایی ئاسمان بەسەر تاریکی بیاباندا بپژێ. بە چاوی خەوالووەوە لە پاشماوەی تەرمەکان و رەنگی ئەودڵۆپە خوێنە وشك بووانەی کە وەك مرواری لە دەم و لووت و چاویانەوە رژابوو کەمێك ڕامایین، لەو بێدەنگییەدا کە هەموو شتێکی دەوروبەرمان لەلا ببووە دەنگدانەوە، پارچە تەنەکەیەکی هەڵواسراوم بینی کە لەسەر دوو ستوونی ژەنگاوی ڕاوەستابوو بە خەتێکی سوور لەسەر فەزایەکی خۆڵەمێشی لێی نووسرابوو:

(خوێنی براکان لە مردندا جیا دەکرێتەوە)

هێشتا لە حنجەکردنی دوا وشەی ئەم رستە ترسناکەدا بووم، کە هەتا چاوبڕکات بە قولایی بێدەنگی، تەمێکی چڕ ئاوێتە بە - با - یەکی ساردو شێدار هەموو بوونەوەر و جوواڵە و کردارێکی لەبەرچاوم تەڵخ و ون کرد، تەنانەت رووی مانگ کە وەك پارچە ئەڵماسێکی بازنەیی هەتاوەکو سەروەختێکی زۆر کەم لە رابردوو پرشنگی ئەدایەوە، لەناو تەم و مژدا ون بوو. ئا لەم ساتەدا تەرمەکان وەك ئەوەی بە کراسی ئاوی داپۆشرابن دەهاتنە بەر دید و خەیاڵ، جار جارە دەنگێك نووزەیەك وەك ئەوەی هێشتا کەسێك لەناویاندا ڕۆحی تیا مابێ و لە چاوەڕوانی دەستێکی میهرەباندا بێ رزگاری بکات دەهاتە بەرگوێم، لەو شوێنەدا بێجگە لە تاریکی هیچی تر نەبووم، تەنیایی بەناو خوێنمدا وەك جانەوەرێك کە لەوپەڕی برسییەتی و تووڕەییدابێ و هەزاران چنگی خوێناوی پێوەبێ هەناوی هەڵدەکۆڵیم، هەستم بە کەرت و پەرت بوونی پارچەکانی ناوەوەی جەستەم دەکرد، لەم ساتەدا کە تەمەکە بۆنی گیای تەڕ و قەوزەی دەریای لەگەڵ خۆیدا هێنابوو هێندەی تر هەناسەی پێ تونددەکردم، خۆم دەبینییەوە کە بوومەتە چەندین بوونەوەری جیاواز، هیچ یەکێك لەو بوونەوەرانەش

لەو گیانە میهرەبانانە نەبوون کە بتوانن تەنها وشەیەکم فێربکەن کە بەردەوامی و مانایەکی نوێی بۆ ژیان تیادابێ. لەم شوێنەدا کە ئەستێرە و مانگ و چرا لەناو تەم و مژی بیاباندا ون بووە، کت و مت وەک چرایەک وابووم کە لەژێر بارانێکی ناوەختا بسووتێ.

رێگاکانی تاریکی سەخت و دژوارن، ئا لەم ساتەدا کە لە قامچییەکی ئاگراوی دەچووم کە بەناو ساردی – با – دا بەخێرایییەکی نەبینراو تێپەڕبێ، لە گیان و رۆحمدا ئاشنابووم بە گۆرانییەک کە پڕبوو لە رووناکی و لێوان لێوبوو لە میهرەبانی و سەرکێشی، تا ئەوپەڕی رەهابوون گۆرانییەکە لەناو ئەو خۆڵەمێشی چۆڵەوانییەدا وەک ئەوەی چواردەورم دیوارێکی سەخت بێ لە تاریکی دەنگی ئەدایەوە، دەنگدانەوەی وەک شەونم دەڕژا بەسەر تەنهایی بیاباندا، تا ئەوپەڕی وەرزەکانی دووری دەوروبەرم بووە رۆشناییەکی پیرۆز، رۆشناییەک کە جووڵە و گیان و سەرکێشی بدات بە رۆحە ماندووەکان، لە شوێنی خۆمدا وەک ئەوەی ماندوێتی هەموو دنیا بە کۆڵمەوە بێ دانیشتم، بەدەستی راستم بۆ ستوونی دروشمەکە گەڕام، وەک ئێسکی ساردی مردوان بەدەستمەوە هات، تەزوویەک لە ترس و گومان کە بۆنی مەرگی ناوەختەی لێدەهات جەستەمی تەنی، لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووم تەمەکە بڕەوێتەوە بورجی ورچی گەورە بەجێبهێڵم بە ئاڕاستەی بورجی نەهەنگ رێگا بگرمە بەر، خەوێکی زۆر قوڵ بۆ دووەمین جار بەدەر لەهەست و ئیرادەی خۆم پێڵووی چاوەکانمی پێ قورس کردم، هێشتا پەنجەکانم بە ستوونی دروشمەکەوە خاونەبووبوونەوە کە دەنگێک لە ئاسۆیەکی نادیارەوە رایچڵەکاندم بەدەستێک کە وەک ئاو نەرم بێ بە ورتەورتێکەوە پێی گووتم:

(لەتێ نان ..؟!!)

ئەو دەنگە بە رۆح و گیانم ئاشنابوو، هەرئەوەندەم توانی لێی بپرسم:

(+ تۆ کێی..؟!)

وەک کەسێک کە لە سەرەتای فێربوونی وشە سەرەتاییەکانی ژیاندا بێ پێی گووتم:

(–من ئەو کەسەم کە بە درێژایی رێگا لە گیانتا دەژیم. ! !).

(+ ئەی ئەو باوکەی دەستەکانت بەرەو بۆشاییە نادیارەکانی ئاسمان کراوەن خاڵین لە مانا، چاوەکانت کە هەمیشە بە شوێن پاشماوە و یادگارییەکانی کۆنەکاندا دەگەڕێن پڕن لە چاوەڕوانییەکی بێهوودە پێم بڵێ:

(+بوومەتە چەند کەس؟!).

ئەو – با – یەی بەسەر بێدەنگی بیاباندا هەڵیدەکرد بەتاییەتی لە درەنگەشەودا لە دەریا دوورەکانەوە دەهات، – با– یەکی فێنکی تاسە شکێن کە سات لە دوای سات رۆحە ماندووەکانی ئارامتر هێمن دەکرد، تەنانەت نزیکترین و شیرینترین یادگارییەکانیشی لەیاد دەبردەوە، لە دوورەوە کاتێ تەمەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی نادیار دەڕۆیشت، ئەو رێگایانەی دەچوونەوە سەر ئەودیوی باخی خورما روون و گەش دەبوونەوە، چ ئارەزوویەک بوو حەزم دەکرد بەدەم هەڵکردنی ئەو – با– یەی کە رەنگی شینی لە دەریاوە هێنابوو خۆم رووت و قووت بکەمەوە، بەڵام دەزانم لەم شوێنەدا بێجگە لە تەنهایی و مەرگ هیچ دەربازبوونێک نییە، ئەوەتانێ دەیبینم و هەستی پێدەکەم، تاریکایی لە گیانم ئاڵاوە، دەمویست بەپەلە بگەڕێمەوە لای تەرمەکان، بۆ لای ئەوانەی کە هێشتا هاڵاوی گەرمی لاوێتی لە جەستەیاندا ماوە بکەوینە سەماکردن، بفڕین بەرەو بۆشاییە نادیارەکان، بەجۆرێک وەک ئەوەی بەسەر باخێ گوڵدا هەنگاو هەڵبڕین بێئەوەی هیچ نەفرەتێک لەدوای خۆمانەوە بەجێبهێڵین، خۆمان بدەینە بەر تریفەی مانگ، تاریکایی چاوەکانمان پڕکەین لە ئەستێرەو، سینەمان لە شینایی ئاسمان، دەروونمان لە ئەوینێکی قووڵ، قووڵ هێندەی خەونی مردوان، بەم خەیاڵانەوە هەستم بە بۆنێک دەکرد کە گیانم پڕبکات لە رۆحێکی پیرۆز، بۆنێک کە بەردەوام وام لێبکات لە خەونێکی خۆشدابم، لەم ساتەدا لە حیلەی ئەسپەکان راچڵەکیم، لە حەپەی ئەو

سەگانەی پاسەوانی تاریکی بوون، رووناکی‌یەکم بینی وەك – با – بەناو رێگاکانی باخی خورمادا تێپەڕبوو لەبەرخۆمەوە گووتم:

(+ باوکم یەك پارچە رووناکی‌یە).

لەم شوێنەدا گوێم لە هەموو شتێکە، لە شوێن پێکانی باوکم کاتێ بەسەر تەرمەکاندا تێپەڕدەبێ، لەو دەنگەی کە ئێستا نزیکترین کەسە لە غەریبیمەوە پێم دەڵێ: (– پیاوێك بەتەنها لەوێدایە، لە شوێنێکی دووتر لە ئێمە، تەنها یەك رێگا هەیە دەچێتەوە سەر ماڵەکەی ئەو، ئەو پیاوە چەند ساڵێکە لە خەمی نان و شەرابدایە، جارجارە وەك سێبەرێك بەناو رووناکیدا تێپەڕبێ لەناو خۆڵەمێشی باخەکاندا پیاسەدەکات، ئێوارانکەمێك پێش خۆرئاوابوون بەدەم رێی گەڕانەوە گۆرانی ئەو باڵندانە دەڵێتەوە کە بیابان ئاشنانین، شەوانە کاتی خەوتنان لەودیوی چادرەکانمانەوە گوێمان لە تەپەی پێی کەسێکە زۆر ماندوو، ماندووتر لەوەی هەموو خەمی دنیای لەکۆڵ نابێ، هەندێجار ئەو دەنگە هێندە ترسناکە کە بۆ چەند رۆژێك دەنگدانەوەی هەیە، وەك ئەوەی پەیامێکی ناوەختەی ئاسمانی پێبێ، ئێمە سالانێکە بێجگە لە دەنگی ئەو گوێمان لە هیچ شتێکی تر نییە، بەڵام ئەی رێبوار خۆت ماندوو مەکە بیابان ماڵی هەموو غەریبێکە).

لەم ساتەدا کە – با – بە تووندی و خێرایی‌یەکی بێئەندازە بە ئاڕاستەی پێچەوانە هەڵیدەکرد، شوێن سمی ئەسپەکانم دەبینی بەسەر تەپۆڵکە لماوییەکانەوە، شوێن پێی کاروانچی‌یەکانم دەبینی ماندوو شەکەت، شوێن پێکانی باوکم لە نەخش و نیگاری ئەو حیکایەتە کۆنانە دەچوون کە لەسەر بەردەنووسێکی دێرین هەڵکەنراین، یاخود لەو وێنە ئەفسانەییانە دەچوون لەناو تاریکی ئەشکەوتەکانبووکاندا لەبیرکرابن، چەند سەخت بوو هیچ تەفسیرێکم نەبوو یان خوێندنەوەیەك کە رووناکاییەکی هەمیشەیی بدات بە رۆحم بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایانەی لە تاریکی دروست کراون، بەخۆمم دەگوت ئەستەمە مەرگ لەسەر زەمینی تەنهایی‌دا ئەگەرچی ئێستاکە نزیکترین بوونەوەرم لە دۆزەخەوە.

لەم شوێنەدا لەیەك بەیەکی ئەستێرەکان وردبوومەوە کە چۆن شەو بەجێدەهێڵن، لەو چادرانەی کە وەك باوەشێ دووکەڵی سپی دەچوون بەئاسماندا لە خۆم پرسی، \ئەشێ ئەم نەخشی حەرفانە نهێنی دۆزینەوەی رێگاکانی ماڵی باوکم بێ، رەنگە وابێ.. لەوانەیە بیابان شوێن پێکانمی خواردبم و رێگاکانی بەختەوەریم کوێرکردبێتەوە، بەدگومان نیم لەوەی ماڵی باوکم لەناو گیانی ئەو تەرمانەدایە کە لە خۆم دەچن، ئای لەو تەنهایی‌یە سەختە کە وای لێکردم بەدەم هاوار هاواری خەونێکی ناخۆشەوە دەست لەو بوونەوەرە ناشرین و ترسناکە بدەم کە پێی دەگووترێ مەرگ، ئێستاکە دوودڵ نیم بیابان کۆنترین کتێبە دوودڵ نیم تەنهایی .. ئای تەنهایی!!

سەرزەمینی مەرگە.

۱۹۹۹-۷-۲۷

سلێمانی

دەنگ‌و رەنگ

من. تۆ. ئەو. من کوێر. تۆ کەڕ. ئەویش لاڵ. بەڵام هیچمان ئاگامان لەم عەیبانەی یەکتر نیە.

منی زگماك کوێر حەسرەتی بینینی تۆی لێ دەرچێ قەتم بیر لەبینین نەکردۆتەوە، کە دەنگت ئەبیستم ئەڵێم:

- هەرچەندە کوێریش بم هەر شێوەت ئەکەم.

بەڵام نازانم کە تۆ کەڕی‌و قسەکەی من نابیسی، بۆیە لە جوابەکەت سەرم ئەسوڕمێ کە ئەڵێی:

- دنیا بۆ وا بێدەنگە؟

لاڵەشمان لایە، بەڵام ئەو هەرچەندەش لەقسەکانمان سەری سوڕمابێ زمانی گۆ ناکا کە بڵێ:

- ئەگەر لاڵ نەبومایە ئەمزانی ئەموت چی.

بەو حاڵەش ئەگەر بەئاماژەی دەست‌و پەنجەی نیازی بێمەبەستەکەی لەتۆ بکەیەنێ هێشتا من گێرەم لەهەوڵێرێ ئەگەڕێ کە ئەڵێم:

- بەس رەنگی تۆ بێ رەنگی دنیا ئەشکێنێ‌و یەکپارچە دنیا ئەکاتە رەنگ رەنگێك کە لەخەون‌و خەیاڵی منا پەلکە زێڕینەیەك لەڕەنگ دروست بکات. رەنگێك کە چاوی کوێرێکی پێ روون بێتەوە.

تۆ ئەم قسانە نابیسی بەهەمان شێوە کە من رەنگەکان نابینم بۆیە ئەڵێم:

- خەڵکی ئەم شارە هەمووی کەڕوڵاڵن. هەر دەمیان ئەجوڵێ‌و هیچی تر، هەر لەیەکتر سوور ئەبنەوە‌و هیچی تر، هەر هەڵ ئەچن‌و هیچی تر، هەر شەڕ ئەکەن‌و هیچی تر، من ئەڵێم:

- ئەی من دوو سەعاتە مێوژو گوێزت بۆ ئەژمێرم.

ئەڵێی:

- دەی ئەگەر قسە نازانن باگۆرانی بڵێن

ئەڵێم:

- یەکەمجار قسە، دواجار گۆرانی

دەڵێی:

- تەنانەت ئەگەر هەوڵیش بەم ئەم گۆمی بێ دەنگیەی دنیا بەقسەیەك یان گۆرانیەکی خۆم بشڵەقێنم، هێشتاش بۆ خۆم نایبیسم، بڕوا بکە ئێستا کە قسە لەگەڵ تۆ ئەکەم ئەڵێی کەڕم، تۆ بڵێی کەڕ نەبم. ئاخر مەعقولە لانی کەم دەنگی خۆمان نەبیسین؟!

من چوزانم بەڕاستی کەڕە، پێم وایە بەتانەو تەشەر وابەخۆی ئەڵێ بۆیە ئەڵێم:

– خۆت کەڕ ئەکەی‌و ئەڵێی نابیسم.

بەڵام کەڕە روی لەمن نیە بەڵکو روی لەلاڵەیەو پێی ئەڵێ:

– ئەوە چیە؟ ئەم سەرسوڕانن‌و دەست راوەشانن‌و قامك نیشان دانەت لەچیە؟ دە قسە بکە مالّت ئاوا، خۆ خوانەخواستە لاڵ نی.

بەڵام لەڕاستیدا لاڵە لاڵە.

من چاوم لەئاماژەکانی دەستی لاڵە نیە، بەڵام دڵنیام کە لە دڵێ خۆیا ئەڵێ:

- کوێرو کەڕوڵاڵ.

راستە ئەکا، من کوێر، تۆ کەڕ، بۆ خۆشی لاڵ. کەچی هیچمان حازر نین پێ لەم عەیبە گەورەیەی خۆمان بنێین. من ئەوە نە گەوجانە ئیدیعای چاو ساغی خۆم ئەکەم کە بەکوێری‌و تەنیا بەبازاڕو

شەقامو کۆلاندا وێڵ ئەبم و ڕۆژی هەزار جار خۆم لەدارو دیوارو عەرەبانە ئەسرەوێنم و لەچاڵو قوڵکەی جۆراو جۆر ئەکەوم و لەئەنواعی سەیارەوە تاپاسکیلی منالانیش لەبەر دەمما سەوز ئەبن و وێڕای ئیستوپێکی خێرا پێم ئەڵێن:

- مالّت ئاوا خۆ تۆ کوێر نی!!

بەڵام من کوێرم، هەرچەنە لەبن لێویشمەوەو لەوڵامی ئەوانیشا بڵێم

- باوکتان کوێرە، باوە حیزانە.

کەڕە ئێژێ:

- سەیارەکانی ئەم شارە تەواوی هۆرنەکانیان شکاوە، هەزار کەس لەبەر دەمیانا بێ هۆڕنێک لێ نایەن.

من ئێژم:

- ئەشێ ئەم شارە سەیارەی تیا نەبێ بەڵام هەتا بڵێی هەر قاوو قیژی هۆڕنە هەراسانی کردوین.

لاڵەش ئەگەر زمانی بوایە ئەیوت:

سەیارەش هەیەو هۆڕنیش هەیە بەڵام ئەسەف بۆ چاوو گوێ.

تۆ هەموو عالەم بەلاڵی تاوانبار ئەکەی، بۆ خۆشت ولەنوێنی کە کەڕنی، هەر کەس لەبەرامبەرتا لێوەکانی بجوڵێنێ تۆ لەمیشکی خۆتا بەڕیەی خۆت ئەیپێوی و وڵامێک ئەیەیەوە کە هیچ پەیوەندیەکی بەقسەی کابراوە نیە، بۆ وێنە کابرا ئەڵێ:

- من ئەڵێم نێرە تۆ ئەڵێی بیدۆشە.

تۆ لەوڵامیا وتوتە:

- عەلەمو دەردی خوابێت لەمنا نیە.

کابرا وتویەتی:

- لەش ساغی نیعمەتی خوایە.

تۆ وتوتە:

- ئەم خەڵکە هەمووی ناتەواوە من نەبێ، هەتا من قسەیەک بکەم دەمیان نیوگەز ئەکەنەوەو قەشمەریم پێ ئەکەن و پێم ئەکەنن.

کابرا وتویەتی:

- خەڵکی ئەم دەورو زەمانە زۆر بێ چاوو ڕون.

تۆ لەجوابیا وتوتە:

- ئەم شارە بۆ خۆی شێتخانەیە کەچی من بەشێت ئەزانن.

ئەرێ بەشێت ئەزانن، بەڵام ئەگەر کەڕ نەبویتایە گوێت لەوتوویژی خۆت لەگەڵ خەڵکی بوایە بێ شک بۆ خۆشت بۆت دەرئەکەوت کە شێتی بەڵام هەروەک من وتم:

- هیچمان ئیعتراف ناکەین تۆ ئەڵێی:
- ئەم خەڵکە هەمووی کەڕە ئەڵێی جارێ کەسێ دەستی بۆ گوێی خۆی بردو بەئامازە تێی گەیاندم کە ئایا تۆ کەڕی؟

تۆش وتبووت:

- باوکت کەڕە، من کەڕ نیم

بەڵام باوکی ئەو کەڕ نەبوو بەڵکو تۆ کەڕ بووی من ئەپرسم چ ڕەنگێکت پێ جوانە تاکو منیش ئەو ڕەنگەم پێ جوان بێ تۆ ئەڵێی:

- ئەگەر من دەنگی گیتارێک بمالوێنێتەوە یەکجار شاد ئەبم ئەی تۆ؟ تۆ ڕەنگە فلوتت پێ خۆش بێ.

من ئەڵێم:

- من تۆم ئەوێ گیتاربێ یان فلوت فەرقی نیە، هەر دەنگت ئەبیستم بەس نازانم ڕەنگت چۆنە؟

تۆ ئەڵێی:

- دەنگی گیتار خۆشە.

من ئەڵێم:

- ئەی دەنگی تۆ چەن لەگیتار خۆشترە؟
- تۆ حەزت لەمۆسیقا نیە بۆیە بیر لەگیتارێک ناکەیتەوە
- تۆ بۆ خۆت گیتاری!
- قیژلۆنێک، گیتارێک، ئەمجا دنیا پڕ بکەی لەدەنگ. تۆ یەکەم کەس بی دەنگ وەبەر دنیا بێنی

تۆی زگماک کەڕ ئەگەرچی حەسرەتی بیستنی هیچ دەنگێک لەسەر دڵت نیە بەڵام حەزت لەدەنگی گیتارە، بەمنالّی کاتێ دەست لەناو دەستی باوکتا بەبازاڕێکی قەرەباڵغدا ئەهاتنە خوارەوە کتو پڕ لەبەردەمی جامخانەی دوکانێکی ئالاتی مۆسیقیدا دەستت خستە سەر گیتارێک و وتت:

- باوکە ئەوەم بۆ بکڕە.

باوکت وتبووی:

- کوڕم خۆ تۆ دەنگ نابیسی

تۆ وات لێکدابۆوە کە ئەڵێ:

- باپارەمان بێ جابۆت ئەکڕم

بۆیە لەدڵی خۆتا وتبووت:

- مالّی هەژاری کاول بێ

ئەڵێی:

- دەنگ باشترە لەڕەنگ، بەڵام بەداخەوە ئەم دنیایە خەوی لێ کەوتووە متەقی لێ نایە.

ئەڵێم:

- من دەنگت ئەبیستم بەڵام هەزار جار جەخار بۆ ڕەنگت

ئەڵێی:

- سەرێ جوانترە یان سور

ئەڵێم:

- تۆ جوانی

ئەڵێی:

- گیتار سەوزە بۆیە جوانە بەڵام ئەگەر سووریش بوایە هەر جوان بوو.

ڕەنگە ئەگەر لاڵەش زمانی بوایە بیوتایە:

- چ سەیرە کوێرو ڕەنگ؟! وەک کەڕو دەنگ

ئەیوت:

- تابلۆیەکی شەڕو جوتێ چاوی کوێری بەچاویلکە شاردراوە

ئەیوت:

— سەمفونیەکی مەرگو جوتێ گوێی کەڕی پڕ لە ئاوازی ژیان

ئەیوت:

- هەزاران قسەی نەوتراوو زمانێکی لاڵی بەجەسرەت

ئەیوت:

- کوێر کوێرەو کەڕیش کەڕ ئەگەرچی بشلێێن وانیە.

ئەشی وت:

- کوێرێك کە باسی ڕەنگ بکاو کەڕێك کە خەمی مۆسیقاو گۆرانی بخوا. کوێرو ڕەنگ وەک کەڕو دەنگ

بێر ئەکاتەوە خۆزگە زمانی ببوایەو بیوتایە:

- تۆ کوێری، ئەرێ تۆ کوێری

کوێرە سەری ئەسوڕمێ:

- من

زمانی نیە ئینا ئەیوت:

- بەڵێ تۆ

دڵنیا بوو کە کوێرە ئەڵێ:

- ئەوە تۆمەتە

دانەئەماو ئەیوت

- کوێر کوێرە ئەگەر بشڵێ کوێر نیم

کەڕە هەڵئەیاتێو ئەڵێ:

- ئەم برادەرەمان بۆ قسەیەك ناکا

لاڵە ڕەنگە لەدڵی خۆیا لەجوابیا بڵێ:

— ئەم قسانە بایەخی سەرئێشەی ئێوەی نیە من لاڵم ئەبینم. ئەبیسم کەچی زمانم نیە. هەر بۆیە ئەنوسم. کەڕەش هەروا. لانی کەم ئەبینێ بۆیە ئەنوسێ بەڵام تۆ ئەی کوێر. ئەی چارەڕەش. مادام ناتوانی دنیا ببینی. تکایە مەنوسە تکایە قسە مەکە. تکایە بخەوە. تکایە بمرە. ئەگەرچی ئەزانم بایەکە بەلای گوێتا تێ ئەپەڕێ.

تەمتومانێك ئاوایی داگرت

سەردار راوچی

هەموو سپێدان پێش ئەوەی زەردە لەکەل دەرکەوێ، سێوە دەهاتە سەربان و دەستی بۆ چاوەکانی دەکردە سێبەر و بۆ دوور ... بۆ بناری چیای دەڕوانی و پاشان هەڵدەکشا بۆ دۆڵەکان .. دواتر دادەگەڕا بۆ تولەڕێیەکان و، کەمێك ئەولاتر بۆ ئەو ڕێگایەی لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، لەودیو چیاکانەوە بە پێچاوپێچ خۆی دەگەیەنێتە ئاوایی .. ئەوجار بۆ چەم و ئەو سەوزایی‌یەی کە چەمیان داپۆشیبوو چاوی دەگێڕاو لەسەر دەشتە پان و بەرینەکە دەگیرسایەوە، لەدورەوە زەویە وشك و برنگەکە زیاتر بێتاقەتی دەکرد و دڵی دەگوشی خێرا خێرا وەردەسوڕاند..

بەر لە دەرکەوتنی زەردەی هەتاو .. ئێوارەش کاتێك خۆر بۆ دواجار گورزێك تیشکی لاوازی بەدنیا بەخشی سێوە چوە سەربان و چاوی بەدەوروبەریدا گێڕا و سەرنجی دایە هەموو شوێنێك و هەموو شتێك .. نیگای بڕیە کۆچ و کۆچبار و لێکدانی باڵی باڵندە و لێدانی دڵی فڕندەکان .. بەڵام کە لە گەڕانەوە و سۆراغی سواڕە بێئومێد بوو هاتە خوارەوە دەرگای ژوورەداخراوەکەی کردەوە .. لەبەردەم ئەو ڕانکوچۆغەیە دانیشت کە لە سەرووی ژوورەکە هەڵواسرابوون و خوێن لەخۆیدا سووری کردبوون، هەستت دەکرد ئەو خوێنە ئێستاش هاڵاوی ساتەوەختی ڕژانی لێهەڵدەستێ .. خۆ ئەگەر بە وردی سەرنجت دابا شوێنەواری چەند شەقارێکت لەسەر سنگی چۆغەکە دەدی .. سێوە ڕووی‌کردە ڕانکوچۆغەکە وەك بەوەی لەگەڵ کەسێك قسە بکات .. یان ڕۆحێك ببینێ کە لە نێو ڕژانی دڵۆپە خوێنەکاندا سەوز بوبێ گوتی: "ها سواڕە .. ئەمڕۆش بێهومێدت کردم .. ئەمڕۆش نەگەڕایەوە .. ئەمشەویش بێ تۆ تێدەپەڕێ .. بەڵام یەقینم هەر دێیەوە، چونکە قەت دڵت نایە .. قەت دڵت بەرایی نادا بەتەنێم بەجێ بێڵی و تا تەمەنێکی دی چڵی خونچەی چاوەڕوانی لە دڵم ڕاچێ و خوێنم بمژێ.. دەزانم هەردێیەوە چاوەڕێتم سواڕەکەی خۆم .. پەنجەرەی ڕووەو ڕێیەکانی تۆدانا‌خەم، بۆئەوەی گەر هاتیەوە بزانی ئەو هەناسەی بۆ تۆ دەژی، لەودیو پەنجەرەوە چاوەڕێتە .. دەرگاکەم لەسەرپشتە بۆئەوەی گەر هاتیەوە بێلەدەرگادان وەژوورکەوی .. دەزانم هەر دێیەوە .. ڕۆژێك لەگەڵ توڕەیی شەستەباراندا لەگەڵ گرم و هوڕی هەورێکی سەرسەختدا بە هێمنی دێیە ژوورێ .. یان ئێوارەیەك لەنێو تەمتومانی بناردا وەك سێبەرێك دەردەکەوی بە خۆت و کۆمەڵێك زەردەخەنەوە خۆ دەکەی بە ژوورەکەمدا .. یان شەوێکی درەنگ، ئەوکاتەی من بەدیار چاوەڕوانیتەوە کاتەکان بەڕێدەکەم، تۆ لەگەڵ شەوبایەك، بێئەوەی هەستی پێبکەم .. بێئەوەی پێی بزانم .. بە درزی دەرگاکەوە دێیەوە و ژوورەکەم پڕ پڕ دەبێ لە گەرم و گوڕی ژیان .. دەزانم هەردێیەوە .. ڕۆژێك بە سەر پشتی

کەحیلێکەوە دەگەڕێیەوە ئەوکاتەی ئەسپەکەت سمکۆڵان دەکات و دەحیلێنێ من بە راکردن دێمە دەرێ .. لە دوورەوە..

هەر لە دوورەوە بانگت دەکەم و دەڵێم : چاوەڕێت بووم .. دەمزانی هەردێیەوە .. جا ئەوکاتە دەمەوێ گلەییت لێبکەم پێت دەڵێم: "عەزیزم چ خەبەربوو بۆ هێندە درەنگ کەوتی بۆ؟" .. تۆش دەستت درێژ دەکەی و بە هێمنی و مەنگییە ئاساییەکەی خۆت دەڵێی: "لێم ببوورە سێوەخان .. درەنگ کەوتم . بەڵام قەدەر وابوو .. هەموو گلەییەکان دەخەمە سەر چاوەکانم وەلێ ئێستا درەنگە درەنگ دەستت بێنەو لەگەڵم سەرکەوە با بڕۆین" ... جا ئەوکاتە سوارەکەی خۆم دەڕۆین .. دەڕۆین بۆ دنیایەک هیچ کەسێک نەتکوژێ لەسەرئەوەی منت خۆش دەوێ سوارەکەی خۆم.. "..

چەند فرمێسکێک لە گۆشەی چاوی سێوەوە پێدزکەیان کردو خۆیان خزاندە سەرگۆنای و بە چارۆگە رەشەکەی رووەمەکانی سرینەوە و لەگەڵ شەپۆلی هەناسەیەک کە کزەی لە جەرگیەوە هەڵساند زۆر شتی وەبیرهاتەوە بەڵام خۆی لە زۆریان دەدزیەوە و دەیویست نەیەنەوە بەر تێڕامانی .. سەری بەرزکردەوە دەستی بە قسان کردەوە: "دەبوو بمزانیبا .. لەبەرئەوە .. پێش ئەوەی دنیا خوێنی تێگەڕێ .. بەرلەوەی ئادەمی ئەم خاکە ئاوەدان کەنەوە پێش ئەوەی زۆڕ و مانگ جوێوەبن .. دەبوو بمزانیبا لە چارەمان نووسراوە قەدەری من قەدەری لێك دابڕان و حەسرەت کێشانە .. خۆ ئەتۆ لە یەکەم مانگی بوکێنیدا هەموو خۆشی و شادیەکت بەسەر مندا باراند تۆڵەی هەموت کردەوە هەموو .. وەلێ هەیداد هەیداد خۆ مانگ وەرنەسوڕایەوە ملی سەفەرێکی سەخت و خوێناویان پێگرتی و گوڵی تەمەنیان خستیە دەم رەشەبا و منیان دایە دەست چۆڵەوانی .. چۆڵەوانیەك تادێ تەنگم پێهەڵدەچنێ و تەنیا و تەنیاترم دەکات .. خۆ ئەگەر هومێدی گەڕانەوەی تۆ نەبێ .. خۆ ئەگەر گەڕاندنەوەی تۆ هەناسەم پێنەبەخشێ خوا دەزانێ ئێستا دەبوومە خۆراکی کام خەفەتە قورسە و کام ئازارە لەگەڵ خۆی دەبردم و هەر پاچەیەکی فرێدەدایە مەملەکەتێك .." .. سێوە چارۆگەکەی بەدەم و چاویەوە گرت و دەستی کردە گریانێك .. گریانێك لەناخیەوە هەڵدەقوڵی و دەیتواندەوە تا بەدەم ئەم ئازارەوە خەو بردیەوە..

رۆژێك دوای ئەوەی سێوە لە سۆراغ کردنی سوارە هیوابڕبوو، لەوکاتەی کە لەسەر پەیژەکە دەیویست بێتە خوار، گەنجێك لە کۆڵانەوە بەسۆزەوە بەدەنگێکی کەمێك بەرز گوتی: "نەنە سێوە چۆنی".

سێوە وەك ئەوەی شتێکی نەزانیبێ کە دەبوو زوتر بیزانیبایە گوتی: "ها .. نەنە .. نەنە سێوە" بەپەلە هاتە خوار رووەو ئەو ژوورەی کە جگە لەخۆی رێگەی نەدەدا کەس پێی تێبخا .. خێرا دەرگاکەی کردەوە، لەبەردەم رانکوچۆغەکە وەستا و گوتی: "سوارە خۆ گوێت لێبوو دەزانی چیان پێگوتم .. دەزانی ئەو کوڕە گەنجە چی گوت گوتی: "نەنە سێوە .. یەعنی من نەنکم .. یەعنی من نەنەم نەنە .. جا بزانە سوارەکەم چەند لەمێژە چاوەڕێتم .. جا بزانە من چەند رۆژم بە تەنێ گوزەرانەون و چەند شەوم بەتەنێ تێپەڕاندوون .. دەزانی چەندن سوارەکەی خۆم .. مەگەر بەگەڵای وەریوی داران بیژمێری دەنا قەت نایەتە ژمارە، رۆژەکان هێندە زۆرن تەواونابن" .. سێوە کەمێك بیری کردەوە .. چوو ئاوێنەیەکی هێنا بەلەپی دەستی خاوێنی کردەوە و سەیرێکی سەروسیمای خۆیکرد، بینی پرچە سپیەکان لەژێر چارۆگە رەشەکەیەوە وەك گوڕزێك تیشکی سپی لە کاتی درەوشانەوەدا بەرەوخوار کشابوون بۆسەر مەمکەکانی ئەو مەمکانەی لە دووسێوی سیس بووی لە دارکراوە دەچوون .. خۆ نەویستانە یەخەی کراسەکەی بەهەردوو دەستی کردەوە و سەرەوخوار لەدنیایەکی وشك و بێدەنگی روانی. هەستیکرد نێوان مەمکەکانی لە چەمی سالێکی بیباران دەچێ سەوزایی و تەڕایی و گوڕوتینی جارانی تێدانەماوە، بەڵام شوێنەواری هەڵچوون و داچوونی جۆش و خرۆشی سەردەمانێکی بەحاڵ بەدیدەکردەوە. ئەو سەردەمە ئەو جەستە بەهاریە ئاسکێکی کێوی سرك

بوو تەنها لەژێر دەست و پەنجەکانی سوارە رام دەبوو.. سێوە سەرنجی‌دا دنیای سینگو مەمکەکانی لە ساکە دەشتێکی هاوین یان پایزێکی زەرد هەڵگەڕاوی بێ رەنگ و بۆن.. دەچوو ختورەیەکی بەدڵداهات خێرا سەری بەرزکردەوە و ڕووی لە رانکوچۆغەکە کرد گوتی: "نا .. نا سوارە تەماشەی ئەم لەسۆلارەم مەکە من پیرنیم .. پیرنیم نی.. وەرە تەماشای دڵم کە ..

.. وەرە تەماشای هەناوم کە .. ئەو خوێنەی لە بەدەنی من دەگەڕێ، ئەو خوێنە لە بەدەنی هیچ کچێك ناگەڕی .. هیچ کچێك گەرم و گوڕی هەناوی منی نیە نی .. ئێستاش لەدڵدا چواردەم چوارده .. بەو سینگو مەمکەم تێمەفکرە .. ئەوە هەموو مارانگازەی دووری تۆیە عەزیزم .. هەموو ئاهو حەسرەتی لێك دابڕانە سوارەکەی خۆم .. خۆ ئەتۆش لە هەموو سڕان دەگەی .. چما لە هەموو سڕان ناگەی؟ بەدیبەڕێ بەخودای لە هەموو سڕان دەگەی .. خەمت نەبێ گەر هاتیەوە سەرم لە خەنەی دەدەم .. پەنجەکانم سوور سوور دەکەم .. ناو سینگو مەمکان پڕەدەکەم لە گوڵوڕێحان و مێخەك بۆئەوەی بزانی من هەر لە چواردەی دام .. بەڵام نا .. نا سوارە، خۆ جاران دەتگوت ئەمە خەڵکی خۆوەلاتین خەڵکی خۆوەلاتی بەسادەیی جوانە .. دەتگوت ئەها ئەو شاخ و دەشت و دار و دەوەنە لە سادەیی‌دا چەند جوانن جوانیان لێدەتکێ .. سادەییشم لەبەر سادەیی تۆ هێندەی دی پێجوانە وات پێدەگوتم سوارە .. باش هیچ لەخۆم نادەم .. هیچ لەخۆم ناکەم، هەرکە زانیم دێیەوە پرچم دادەهێنم و کەزیەکانم شۆڕدەکەمەوە و چاڕۆگە سپیەکەم لەسەردەکەم و دێمە پێشوازیت .. نا من لە ژوورەکەی خۆمان .. لەو ژوورەی یەکەمین شەوی بوکێنیمان تێدا بەڕێکرد، چاوەڕێت دەکەم، تۆش لە ئەسپەکەت دابەزە و وەرەو دەستم بگرە و لەگەڵ خۆتم بەرە، بۆ کوێ حەزدەکەی .. بۆ کوێت پێخۆشە، لەگەڵەخۆتم بەرەو بڕۆ .. !

بەیانیەك سێوە زوو لە خەو هەڵسا .. هێشتا شەوی مابوو چووە سەر کانی کولێ کردو گەڕایەوە ئەو جلانەی لەبەرکرد کە کاتی خۆی سوارە بۆ بوکێنی بۆی کردبوو .. چاڕۆگە سپیەکەی لەسەر کردو خۆی رازاندەوە، ئەوجار چوەبەردەم ڕانکچۆغەکەو گوتی: "سوارە ئێستا جوانم یان نا .. با دەزانم ئێستا بەدڵی تۆم دەوەرە و چاوێ چاوەڕوانیم بشکێنە .. ئای سوارە ئەمشەو چەند جوان بووی کە گوتت: سبەینێ پێش چێشتەنگاوێ دێمەوە هەموو دەرگاکان وە کە دێم و لە ژوورێ دەستت دەگرم و دەگەڵە خۆمت دەبەم .. سوارە نامەوێ لێت وەشێرم، کە گوتت: "سێوە ئێستاش وەکو جاران جوانی" هەموو خەمم لێرەوینەوە هەر بەڕاستی بومەوە چواردە .. بەپەڵەم زۆر بەپەڵەم .. چما نامبینی بسکم داهێناون پرچم کردۆتە کەزی .. ئەها تەماشاکە ئێستا چاوەکانم دەبرسکێن .. ئەها ڕوومەتەکانم سووراوییان تێداەدەگەڕێ و دەستەکانم چەند گەش و جوانن .. دەی دەوەرە لەگەڵەخۆتم بەرە بەرە و مەملەکەتی خۆت و با جارێکی دی حەوت شەو و حەوت ڕۆژان بەزم و سەفام بکەین دەی).

لەوکاتەدا تەزوویەکی بەهێز هەموو لەشی سێوەی ڕاچڵەکاند .. شڵەژانێکی گەورەی لە جەستەدا دروست بوو .. سەری قورس بوو هەستی کرد دنیا لەبەرچاوی دەسوڕێ .. شێواویەك دەروونی گرتەوە وەختێك لەژێر ڕانکوچۆغەکەدا دڕێژبوو، وای هەست کرد تەمتومانێك ئاوایی داگرت ..

لەو تەمتومانەدا گوێی لە ترپەی پێی ئەسپێك بوو لە دوورەوە .. لە بەرزاییەکانەوە دەهات .. هات و لەبەردەگای ماڵی سێوە وەستا، ئەسپەکە حیلاندی .. سوارە دابەزی پیلی سێوەی گرت لە کاتی بەرزبوونەوەدا سێوە هەستی کرد کە هیچ قورساییەکی لە جەستەدا نەماوە، کاتێك لەگەڵ سوارەدا باوەشیان بەیەکدا کرد وەکو دوو جۆگەلە تێکەڵ بوون ئەو خوێنەی بە سینگی سوارەوەبوو جلە بوکێنیەکەی سێوەی نەخشاند .. هێندەی زانی لەگەڵ سوارە بەسەرپشتی ئەسپەکەوەن .. سێوە وێستی بەرلەوەی ئاوەدانی بەجێبێڵێ گەنجەکە ببینێ و پێی بڵێ: هۆلاوە ئێستا تەماشام کە بزانە نەنە سێوەم یان سێوە لاسوورەی سوارەکەی خۆم .. بەڵام کاتێك سێوە ئاوڕی‌دایەوە .. هەیهوو ئەوان دەمێکە بێماڵئاوایی مەملەکەتیان جێهێشتووە و بێسەڵاوکردنیش لە دەرگای مەملەکەتێکی دی وەژوورکەوتوون!.

چواره‌مین فێستیڤاڵی گەلاوێژ
لە نێوان خەڵات و پێشنیازدا

ئا: گاوە حاجی عەزیز

فێستیڤاڵی گەلاوێژی ئەمساڵ بەجیاوازییەکی زیاترو بەگورێکی گەرمتر سازکرا، جگەلەوەی کەچەند خەڵاتێکی شایستە بۆ هەرسێ بوارەکە ئامادە کرابوو بەشێوەی یەکەم و دووەم و سێیەم بەخشرایە خاوەنی دەقەسەرکەوتووەکان، گەلاوێژی نوێ بەباشی زانی ڕای چەند نوسەرو شاعیرو ئەدەب دۆستێك دەربارەی ئاکامی فێستیڤاڵەکە بزانێ لەو پرسیارانە(ڕاتان بەرامبەر بەخەڵات چییە لەفێستیڤاڵەکەدا)

سەرەتا گاك جەمال غەمباری شاعیر ووتی:
مەسەلەی خەڵاتکردن لەهەموو دنیادا هەیە، هەر لەم خەڵاتانەی کەلەم فێستیڤاڵەدا دابەش دەکرێن تاکو خەڵاتە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانو تەنانەت خەڵاتە نێو دەوڵەتیەکانی وەك (نۆبل)یش... دەکرێ بڵێم مەسەلەی خەڵات قەدرو پێزانینە، ڕێزگرتنە لەکۆششی فیکری و مەعنەویی و داهێنانی هەر داهێنەرێك، بەڵام لەبەرامبەر خەڵاتیشدا شتێك هەیە پێی دەوترێت هەڵسەنگاندنی بابەتییانە، بۆیە دەکرێ بڵێین خەڵات دیاردەو تەقلیدێکی شارستانی چاکە.. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کەبردنەوەی خەڵاتێك لەفێستیڤاڵێکدا نابێتە پاسەپۆرتی داهێنان و هەموو سنورەکانی ئێستاو ئایندەیش ببڕێت... نەخێر هەرگیز خەڵات پێوەرێك نیە بۆئەوەی فلانە شاعیر لەوی دیکە باشترە یان فلانە چیرۆك نووس سەرکەوتووترە لەیەکێکی تر...

لێرەوە حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئەگەر کەسێ گوڵی داهێنانی لەباخچەکەیدا نەبێت، دەیان خەڵات نایکاتە داهێنەر... بۆیە من وای دەبینم کەبا خەڵات زیاتر هاندەرمان بێت بۆداهێنان نەك پاڵنەرمان بێت بۆلێوارەکانی غرور و خۆنەناسین....

بەڕێز دکتۆر ئاراس حسین دارتاش ووتی:
خەڵات پێویستە بۆ هەر فێستیڤاڵێك بەمەرجێك لەدەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی لێژنەیەکی هەڵسەنگێنەری ڕاستگۆوە بێ، لەسەر بنەمای زانستی، ئەمەش بەمەبەستی هاندان چونکە دەبێتە هۆی هەوڵدانی زیاترو دواتر بەرەو پێشکەوتن، پێویستە هەموو بەشداربووان خەڵات بکرێن بەڵام بەڕێژەی کەمتر ئەگەر توانا هەبوو.

بەڕێز دکتۆر کەمال مەعروف ووتی :
دانانی خەڵات بۆفێستیڤاڵ کارێکی باشە، بەڵام بەم شێوەیەی کەباسی لێوە دەکرێ، کەیەکەم و دووەم وسێیەم وەری بگرێ، کارێکی زەحمەتە نسبیی بەپێی زەوقی لێژنەکە دەست نیشان دەکرێن، وا دەبێ بەشێوەیەکی زانستی و مەوزوعی کارەکان بەڕێوە بچن، بۆیە باشترە کەخەڵاتەکان بەسەر باشترین و زۆرترین بەشداربوانا دابەش بکرێت زۆرترین شاعیرو نووسەران بگرێتەوە وەکو بەشێك لەڕێزلێنان، لەزەحمەت و ئەرك کێشانیان لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بۆبەرهەمەکانیان، دیارەکە دەڵێن



بەرهەمەکانیان تەنیا ئەو بەرهەمانە ناگرێتەوە کەلەفێستیڤاڵەکەدا پێشکەشی دەکەن، بەڵکو هەموو بەرهەمەکانی تریان کەلەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا پێشتر باڵاوی کردوونەتەوە، چونکە ناکرێ تاکە بەرهەمێکی باش خەڵات وەرگرێ کەپێشتر شتێکی نەخستبێتە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی.

گەلاوێژینوێ/ چ جیاوازییەك بەدی دەکەن لەگەڵ فێستیڤاڵەکانی تردا؟

بەڕێز جەمال غەمبار:

بێگومان ئەمساڵ بەهۆی هەبوونی خەڵاتەوە، ژمارەیەکی زۆرتر لەچاو پارو پێزاردا خواست و نیەتی بەشدار بوونی هەبوو، کەچی لەلایەکی، تریشەوە ژمارەیەك داهێنەر کەبۆخۆیان ناوو دەنگن قەڵەمی مەشروعییان هەبوو لەبەرامبەر بەشدار نەبووندا، دیارە ئەوانیش ئازادن و، ئەوانەشی کەبەشداریان کردووە هەر ئازادن ...

بەگشتی خاڵی جیاوازیی فێستیڤاڵی ئەمساڵ لەچاو ساڵانی پێشوودا ئەوەبوو کە حەماسی بەشدار بوونەکە گەرم و گوڕتر بوو..

بەڕێز دکتۆر ئاراس حسێن:

ئەم جیاوازییانە هەیە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە

١. ژمارەیەکی زۆرتر لەبابەت و بڕگەکانی فێستیڤاڵ

٢. بەدەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لەشاعیرو چیرۆك نووسی نوێ کەبۆ یەکەم جار خۆیان بەکۆمەڵ دەناسێنن بەراستەو خۆ کەهەموویان لەهەنگاوی یەکەمدان ئەم فێستیڤاڵە خزمەتێکی راستەو خۆ بەوانە دەگەیەنێ کەئەمەش ئەرکی سەرەکی بنکەو فێستیڤاڵەکەیە.

٣. ژمارەیەکی زیاتر لەئادەیبانی ژن بالأدەستیان بەشێوەیەك دەبێت کەلەمەو دوا ئەدیبانی پیاو حیسابێکی زیاتر بۆخۆیان بکەن

٤. ئەوەی من تێبینی دەکەم تاڕادەیەك نەبوونی سانسۆرە لەسەر بەرهەمەکان لەلایەن دەستەیی ئامادەکردنی فێستیڤاڵەوە.

٥) ئەوەی ڕەچاوم کرد ئەوەیەکەکاریەدەستانی هەڵسورێنەرانی و کارمەندان و ئەندامانی بنکەی گەلاوێژ دەستیان کشانۆتەوە بەمەبەست بوار ڕەخساندن بۆ ئادیبانی دەرەوەی چوارچێوەیی بنکە کەئەمەش گاللەیی و گاڵتەیە لەسەر بنکە کەم دەکاتەوە و هەنگاوێکی سەر کەوتوانەیە.

بەڕێز دکتۆر کەمال مەعروف:

ئەم فێستیڤاڵە لەچاو فێستیڤاڵی ساڵی پارا هەنگاوێکی باشترە ئەم ساڵ ڕێك و پێکی پێوە دیارە، پێشتر شاعیران و نوسەران لەئامادەکردنی بەرهەمەکانیان ئاگادار کراونەتەوە هەرچەندە پێی دەچێ ئەم ساڵ بەشێکی زۆر کەبەشداری کردووە، بۆمەبەستی وەرگرتنی خەڵاتە نەك بۆ مەبەستی پێشخستنی ئەدەب و هونەر ئەوانە زەحمەتو ئەرکیان کێشاوە لەشارەکانی ترەوە هاتن بۆ ئەوەی تاوو گوڕ بەفێستیڤاڵی بدەن.

گەلاوێژینوێ/ پێشنیازتان بۆفێسیۆلۆجی داهاتوو چیە؟

بەڕێز جەمال غەمبار:

پێشنیازم بۆفێستیڤاڵی داهاتوو، ئەم چەند خاڵەیە:

١-ئەگەر بکرێت فێستیڤاڵ وەك چالاکییەکی بەردەوامی بنکەی ئەدەبی و پوناکبیری گەلاوێژ دابەش بکرێ بەسەر چوار وەرزدا، وەرزی یەکەمی فێستیڤاڵ تەرخان بکرێ بۆ لێکۆڵینەوە، هی دووەم بۆ چیرۆك، هیسێیەم بۆشیعر،وەرزی چوارەمیش تەرخان بکرێ بۆ تەوەرێکی تایبەتی بۆنموونە وەکو: مەدەنیەت-عەولەمە-کۆچ و رەوی پوناکبیران..هتد لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەم تەوەرەیە زیاتر لەدەرگای یەك تەوەر یان یەك بابەت ئەدات.

٢- لە کۆتایی هەروەرزێك لەو وەرزانەدا، بۆنموونە بابڵێین وەرزی یەکەمی فێستیڤاڵ تەرخانە بۆ دنیای چیرۆك، جگەلەخەلاتکردنی دەقە سەرکەوتووەکان، خەلاتێکی تایبەتیش دابنرێت بۆ چیرۆکنووسێك کەداهێنانی هەیەو بەلام لەبەر هەر هۆیەك نەلواوە بەشداری ئەو وەرزە بکات.. هەروەها بۆوەرزەکانی شیعرو لێکۆلینەوەش .. سەبارەت بەو وەرزەشی کەتەرخان دەکرێت بۆتەوەری تایبەت، دەکرێت سەرەڕای خەلاتکردنی تایبەتیش بدرێت بۆنموونە بە گۆڤارێك یان وەرزنامەیەك (واتە گۆڤارێکی وەرزی) کەلەماوەیەکی دیاریکراودا ڕۆڵێکی بەرچاوی لەبلاوکردنەوەی ئەو بابەتەدا بینیوە کەتەوەری ئەو وەرزەیە.

٣-خەسڵەتی ئیجابی ئەو پێشنیازەی سەرەوە لەوەدایە، هەل و مەرجی لەبارتر دەڕەخسێنی چ هەم بۆ بەشدار بووانی فێستیڤاڵ هەم لیژنەکانی هەڵسەنگاندن.. چونکە وەك بینیمان هەندێ لەو بەڕێزانەی کەبەشداری فێستیڤاڵی ئەمساڵیان کرد بەلێکۆڵینەوە، موعاناتی ئەوەیان هەبوو کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکەیان دیاریکراوبوو، کەمافی خۆشیان بوو بەتێرو تەسەلی قسەبکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی جاری واهەیە تۆ لەیەك دانیشتندا بەتەنیا ئامادەیت گوێبیستی یەك لێکۆڵینەوەبیت، یان لەکۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا خۆشتر وایە گوێت لەسێ دەق بێت و باشتر تەفاعولی لەگەڵدا دەکەیت وەك لەهەشت نۆدەق.

هیواداریشم ئەو پێشنازە جێی خۆی بگرێت بەسوپاسەوە..

بەڕێز دکتور ئاراس حسین:

لەبەرئەوەی ناوی بنکەکە بنکەیی ئەدەبی و پوناکبیرییە بۆیە پێویستە ئەگەر کرا لەفێستیڤاڵی داهاتودا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن

١) هاندان بۆ هاوبەشی کردنی ئەو کەس و تۆێژەوانەی کە ئەدیب نین بەڵام تۆێژینەوەی زانستی ئەنجام ئەدەن دەربارەی ئەدەب بەهەموو جۆرەکانی وەکو مامۆستایانی زانکۆ

٢) بڕگەیەکی نوێ دەربارەی گەشەکردنی ئەدەب بنەماکانی، ڕێرەوە نوێکانی، کەئێمە لێی بێئاگاین واتە(تطور الادب وعناصر هذاالتطور حسب المراحل)

٣) بڕگەیەکی نوێ دەربارەی هۆی دارمانی ئەدەب (انهیار الادب) لەسەر ئاستی جیهانی لاوازی بەرهەمەکانی وە نەمانی چێژی، ئایا کاریگەریی بالأدەستی تەکنە لۆژیای نوێیە یان هۆی ترە...

بەڕێز دکتۆر کەمال مەعروف:

پێشنیازم بۆ فیستیڤاڵی ئایندە ، ئەوەیە کەهەوڵ بدرێ هەموو دەنگەکان بەکۆن و تازەوە کۆبکرێنەوە، دوور کەوتنەوەی دەنگە ڕەسەکان کارێکی باش نیە، پێویستە لیژنەی سەرپەرشتیار نامەی تایبەتی یان بۆ بنێری وڕێزیان لێ بگیرێ لەپاڵ ئەوانیشدا دەنگی تازەش لەبەر چاو بگیرێت.هەروەها لەکۆتایی فێستیڤاڵدا بەڕێزان عەتامحمد و شاهۆ سەعید کەهەردوکیان خەلاتی یەکەمی فێستیڤاڵیان بەرکەوت لەبواری خوێاندا، دەربارەی کارەکانی فێستیڤاڵ دوان و سەرەتا عەتا محمد- چیرۆکنووس ووتی:

(پاش تەواو بوونی فێستیڤاڵو ئەو کێشانەی دروست دەبن هەست دەکەین ئەم جۆرە نەریتانە بەردەوام لەناو ئێمەدا نامۆیەو ناتوانین بەسادەیی سەیری بکەین. ئەگەر گرنگی ئەم فێستیڤاڵە لەبونی ئەو پێشبڕکێیەدا بێت

تا لەداهاتودا فێری ئەم نەریتە ببین و هەریەکێکمان هەوڵ بدات لەلایەکەوە گرنگی بەئەزموونی خۆی بدات وەلەلایەکی تریشەوە لەگەڵ خوێنەری خۆی راستگۆ بێت(ئەگەر نووسەری کورد دڵنیا بێت لەبوونی خوێنەرەکانی) پاشان خاڵی سەرەکی ئەوەیە کەهەموو لیژنەیەك پێوانەی خۆی هەیە و ئێمەش تەسلیمی ئەو پێوانەیە دەبین هەر بۆیە دەکرێ دانانی لیژنەیەکی تر بێتە هۆی هەڵبژاردنی کۆمەڵێك دەقی تر، پاشان ئەمە یەکەم

ئەزموون نیە لە مێژوومانداو بەڵکو لەبیستەکانی ئەم سەردەمەوە ئەزموونی واهەبوو بەڵام نەبۆتە نەریت و بەردەوامی خۆی وەربگرێت هەر بۆیە ئەگەر ویستی بەردەوام بوونی ئەم فێستیڤاڵە هەبوو دەکرێ چاو بەلایەنە سلبیەکانی دا بخشێنینەوە تا بۆ داهاتو نەبنەوە کێشە لەبەردەم فێستیڤاڵدا.

١) هەوڵ بدرێت فێستیڤاڵ متمانەی خۆی دروست بکات کە بەم شێوەیەی ئەمساڵ ناتوانێت ئەو کارە بکات چونکە جێگیر نەبوونی خەڵاتەکان لەلایەکەوە نەبوونی بەهایەکی مەعنەوی لەپشت فێستیڤاڵەکەوە وا دەکات ئەم کارەش وەک هەر کارێکی ترمل کەچی ناجدیەت و میزاج بێت ئەگەر نا پێش وەخت بیرلەمانە بکرێتەوە تادواتر نەبێتە هۆی گۆڕانکاری و دەستکاری کردنی بانگەوازەکەی فێستیڤاڵ.

٢)دەکرێ ئەم نەریتە فراوان بکرێت بۆ بوارەکانی تر تا هاندانی تێدا دروست بکرێت وەک وەرگێڕان و ڕۆمان و..

٣)دەکرێت لەبانگەوازی فێستیڤاڵدا جۆرە جیاکارییەک لەبوارەکاندا بکرێت بۆ نمونە باشترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی -سۆسۆلیۆجی- دەرون ناسی و پاشان دیاری کردنی قەبارەی چیرۆک...

٤) گرنگترین خاڵ بریتیە لەستراتیجی فێستیڤاڵ چونکە لەم ڕێگایەوە دەتوانین هانی جۆرێک لە تێڕوانین بدەین هەر بۆیە دەبێت مەبەست و ئامانجی فێستیڤاڵ پێش وەخت بیری لێ بکرێتەوە تا وەک ئەوەی ئەمساڵ لەبەشی لێکۆڵینەوەدا روی دا دوو بارە نەبێتەوە، بەوەی هانی تەقلیدی ترین تێڕوانینی دا کە تێڕوانینی هەشتاکانە بۆ ئەدەب بەبیانوی ئەکادیمی بوونی لێکۆڵینەوەکان هەر لەگرنگی بەخاڵ و فاریزەو سەرچاوە تا پێشەکی و دەرئەنجام و رونێتی لەنوسیندا بەڵام ئەوەیان فەرامۆش کرد کەلەژێر ئەو مەرجانەدا دەتوانرێ بێ بایەخ ترین تێڕوانین بۆ ئەدەب و فیکر کە لەمڕۆدا ناکرێت لێیەوە سەیری ئەدەب و فیکر بکەین، جێی دەبێتەوە، کارەساتیش ئەوەیە کەئەم جۆرە تێڕوانینانە بەناوی ئەکادیمی بوونەوە خەڵات بکرێن، یاخود سادەو ساکاری ببنە مەرجو لیژنە لەسەر ئاسانی لێکۆڵینەوەیەک بڕیار بدات کەئەمە هەرگیز ئامانجی لێکۆڵینەوە نیە، هەر بۆیە دەکرێت لەکاتێکدا گرنگی بەسەرچاوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەبێ بیر لەجۆری سەرچاوەکان بکەینەوە یاخود کاتێک خاڵو فاریزە دەبێتە ستراتیج بیر لەگرنگی ئەو دەرئەنجامانە بکەینەوە کە لێکۆڵەرەوە پێی گەیشتووە پاش ئەوەی لەگرنگی لێکۆڵینەوەکە دڵنیا بووین.

٥) خاڵێکی ترکار لەمتمانەی فێستیڤاڵ دەکات (لەپاڵ دەستکاری کردنی خەڵاتەکان و نەبوونی بەهای مەعنەوی) دابەش کردنی خەڵاتەکانە بەسەرچەند کەسێکدا کەمن پێم وایە لیژنە دەتوانێت خەڵات نەدات بۆنمونە (یەکەم) بەڵام کاتێک خەڵاتەکان بەم شێوەیە دابەش دەکرێت هەست دەکەین جۆرێک لەدڵ ڕازی کردنی تێدایە، دەتوانین سەیری ئەو ناوانە بکەین کەپێکەوە خەڵاتیان وەرگرتووە تا ئەم نەگونجانە ببینین پاشان لێرەوە ئەوکێشەیە دەست پێ دەکات کەکێشەی بەراوورد کردنە وەک ئەوەی : ئایا عیرفان ئەحمەد هاوشانی چەند کەسێک نەدەبوو لەوانەی خەڵات کران؟.. ئایا عباس عبدالرزاقیش هەروانیە؟..ئەگەر خەڵات بەخشینەوە ڕوونەدات پرسیاری لەم جۆرەش ناکرێت هەست بەون بوونی پێوەری هەڵسەنگاندن ناکەین.

بەڕێز شاهۆ سعید - لێکۆڵەر ووتی:

ئەزمونی فێستیڤاڵی ئەمساڵ بەگشتی سەرکەوتوو تربوو لەئەزموونی سالانی رابردوو، لەڕووی بەرهەم و لەڕووی چۆنیەتی ڕێکخستن و ئامادەکردنی پرۆگرامەکانیەوە، کەماندووبوونی هەڵسورێنەرانی فێستیڤاڵەکەی پێوە دیارە. بەڵام بەهەر حاڵ هیچ ئەزموونێک بێ کەم و کورتی نیە، بۆیە پێشنیازم بۆ فێستیڤاڵی داهاتوو بریتیەلە:

- دامەزراندنی دەستەیەکی تایبەت بەپێنج شەش مانگ پێش سازدانی فێستیڤاڵ لەئەندامانی بنکەی گەلاوێژو کەسانی دەرەوەی بنکە بۆ خۆئامادەکردنی پێش وەخت.
- هەڵسەنگاندنی زیاتری بەرهەمەکان، بەو مانایەی مەرج نیە ژمارەی بەرهەمەکان هێندەی بەرهەمەکانی ئەمساڵ بێت.
- سەبارەت بەلێکۆڵینەوە پێشنیاز ئەکەم بەشەش مانگ پێش سازدانی فێستیڤاڵ تەوەرێک یا دووتەوەر دیاری بکرێ بۆ بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان، بۆنمونە ئیعلان بکرێ کەتەوەری ئەمساڵ بریتیەیە لە(کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی)و (شیعرو فەلسەفە) یا هەر تەوەرێکی تر.

لە شەوێکی چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا

کەریم دەشتی:



ناخی شاراوە هەرێمێکی سەختی حەرامە!

ئا: گەلاوێژینوێ

تا ئێستا چاوپێکەوتنێکی زۆر لەگەڵ کەریم دەشتی شاعیردا سازدراوە، بەڵام ئێمە بە چەند پرسیارێك لە دیدێکی ترەوە، شەوێك لە شەوەکانی فێستیڤاڵ لە ئوتێل میر لەگەڵ کاك کەریم کەوتینە گفتوگۆ:

کەریم دەشتی وەك شاعیرێك چۆن باس لە ناخی شاراوەی خۆی دەکات؟

+ ناخی شاراوە واتە دونیای نادیار، هەرێمی خەفەبوونی هەموو ئەو شتانەی کە لە سنوری قودسیەت و پیرۆزیدا ئەو شوێنەیان لە دەرون داپۆشتووە، بریتە لەو بارانە وردەی دەچێتە حزوری مەزراو شەتڵە برنجێ کەلە چاوەڕوانی ئاودا دەتریقێنەوەو بریتیە لە شیعرێك دەچێتە سۆراغی پەنجەرەیەك کە بە کراوەیی لە کرێشمەی تەنهایی‌دا مت بووە عاشقان چۆڵیان کردووە، کەواتە باس کردن لە ناخی شاراوە بریتیە لە باسکردنی مەودای نێوان دوو چاوەڕوانی کە مەحاڵە بتوانی پەی بە ئەنجامەکانی ببەیت.

گابریل گارسیا مارکیز لە رۆمانی سەد ساڵ تەنهایی، نەیزانی پەی بە ناخی شاراوەی خۆی ببات لە دیاریکردنی کۆتایی رۆمانەکە، لەپرێکا خێزانەکەی گوتی:

ها ئەوە مرد – ئەوسا لە ناخی شاراوەی گەیشت بە هەمان ئاقار کۆتایی بە رۆمانەکە هێنا.

شەکسپیر لە هاملت دا هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی دەدا، بەڵام لە ناخی شاراوەی خۆیدا ئەو مەبەستە هەرگیز هانی جێبەجێکردنی نەداوە، بۆیە یەك رووبەری فراوانی لە گومان دروست کردو دایە دەست خوێنەر، کە چەندین ساڵە مرۆڤایەتی لەسەر گومانەکانی ئەودا گوتاری رۆشنبیری خۆیان بونیات دەنێن.

ناخی شاراوە هەڕێمێکی سەختی حەرامە، دان پیانان بەشێکە لە ناخی شاراوە جان جاك ڕوسۆ، هیتلەر، ڕۆزفلت، جان جین، بەڵام ئایا ئەمە ناخی شاراوەی ئەوان بوو؟ باس کردن لە ناخی شاراوە باس کردن لە مەجهولیەتێك یا غەیبانیەتێك، کە نووسینەوە لە نووسینی سەرئاو دەچێت هەمان ئەو قسانەی منیش هەرگیز بەشێك نین لە ناخی شاراوەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو ڕیخۆڵانەن کە بەرەو ئەو کێشوەرەمان دەبات.

ئایا لە گەڕانەوەدا بۆ سەرەتاکانی خۆت هەست بە ڕەزامەندی دەکەیت؟

+ مادامەکێ گۆڕان خەسڵەتی هەموو میتاڵێکی ئەم سەرزەمینەبێت، مادامەکێ هەمو ئەو گۆڕانە میتاڵیانە لەناو زەینی مرۆڤدا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە مەحاڵە مرۆڤ لە لەحزەیەکی بەر لە خۆی ڕازیبێ، بەو مانایە نا ڕەتی بکاتەوە، بەڵکەو بەو مانایەی کە هەوڵی باشتری لەدوایە، لە کاری داهێنانیش دا ڕەزامەندی وشەیێکی قورسە، مرۆڤ کە بەردەوام دەبێ بە نووسین، لەبەرئەوەیە هەمیشە دەزانێ لە پشتی پەنجەرەکانی نووسینی داڕێژراو بایێکی دیکە هەڵدەکات جیا، بۆیە مەحاڵە مرۆڤ بە تایبەت کەسێك مامەڵە لەگەڵ کەرەستەیێك بکات تەنها داهێنان بیخوات، لەو کارە ڕازیبێ کە ئیدی لە قەڵەمەکەیدا هاتە خوارەوە، چونکە هەمیشە پرسیار دروست دەبێ، هەمیشە لە هاتنەخوارەوەی دڵۆپەکانی نێو نووکی قەڵەم دڵۆپە داچکاوەکانی ڕۆح دەزێتەوە، هەر لێرەشەوەیە مەسەلەو پرسیار دەست پێدەکات.. ئیدی تا کۆتایی عومر پرسیارەکە ڕۆح دەبەخشێ بە گومان و ڕازیبوون چەکی نامێنێ و گۆڕان دەبێتە سەرقافڵە.

هەوڵێر لە هەشتاکاندا دوو شەپۆڵی دوور لەیەکی نوێگەری هەبوو، گوڕێکیان بە نوێگەری گوردی بەخشی، ئەی ئێستا؟

+ زۆرمان باس لەوە کردووە، هەشتاکان لە پانتایی شیعریی کوردیدا هەر بەتەنها خاڵی دەست نیشان کردنی نوێگەرایی نەبوو، بەڵکو خاڵی جیاکردنەوەی دوو کلتوربوو، کلتوری ڕەت کردنەوە و کلتوری موحافزکار، هەشتاکان خۆی کلتوری ڕەت کردنەوە بوو بەوەی کە هێزێکی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی هەوڵی ئەوەی دەدا، پوکانەوەی ئیستەتیك و هزرو زەین و گۆڕان بکات بە سەرمەشقی ژیانی داهێنەرانەی میللەتێك کە تا چاو هەتەر دەکات لەناو پرۆسەی ڕزانەوەی جەستەو پڕوکانی ئارەزووەکان دەژیا، بەڵام ئەم کلتوری ڕەت کردنەوەیە بە مەساحەیەکی گەورە ئەو سەبوریەی دەسڕیەوە و هەوڵی دەدا بە ئیرادە و بەنوێ و بە مەعریفە و بە وشەی قوڵ پڕیبکاتەوە، لە بەرامبەریشا کلتوری موحافیزکار مانای ئەو ڕەتکردنەوەیەی شیدەکردەوە و ناوەڕۆکی دەکرد بە ڕاپۆرتی شەیتەنەت ئامێز و سەرکوت کردنی لە بەرامبەریا وروژاند.

ئێستاکەش شیعری کوردی لەژێر کلتوری ڕەتکردنەوەی هەشتاکاندا هەناسە دەدات و دەست بۆ نوێگەرایی درێژدەکات، دابڕینی ئەم قۆناغە لە کێشەی نوێگەرایی شیعری کوردی دابڕینی بڕگەیێکی گرینگی مێژووی مل ماڵنێ و داهێنانە کە ئەگەر دایبڕن ئیفلیجی دروست دەبێت.

تۆ شیعری – مەهاباد – ی سەلیم بەرەکات و هەندێ شیعری دیکەی ئەوت وەرگێڕاوە.. سەلیم بەرەکات زمانی تایبەتی خۆی هەیە، چ گرفتێکت لەوەدا بۆ دروست بوو؟

+ لە ڕاستیدا من کاری وەرگێڕان تەنها بۆ زەوقی خۆم دەکەم، نەمکردووە بە پیشە، حەز دەکەم ئەو دەقانەش بکەم بە کوردی کە داهێنانی گەورەی تیایە و لەناو کوردان لێی بێئاگان.

زمانی سەلیم بەرەکات بە قسەو کێشەکەی خۆی گەورەیە و ئاڵۆزە، بۆیە وەرگێڕی شیعری سەلیم بەرەکات نابێ هەر بە تەنها بیر لە زمانی نووسەر بکاتەوە، بەڵکو دەبێ زمانی سەلیم بەرەکات شارەزابێت، شارەزای ئاماژەکانی بێت، شارەزای شوفرەکان و دالەکانی بێت، شارەزای تەرکیبەی چەمك ئامێز و خوڵقاندنی – مفردە – بێت، کە لە ناو ڕستەکانیدا یاری پێدەکات، عەرەبیەکەی سەلیم بەرەکات هەڵێنجاوی زولمەت و سەرکوت کردن و لابردنە، هەر بە تەنها دەستووری زمانی عەرەبی نیە،

بەڵکو جوگرافیا و تەقسەکانی تیایە، مێژوو بەشێکە لە زمانی عەرەبی سەلیم بەرەکات، لە حاڵێکی وادا وەرگێڕانی سەلیم بەرەکات کارێکی هاسان نیە، لە شیعری (مەهاباد)دا هەر باسی ئەوە ناکات کە مەهاباد کێشەیێکە میللەتێکی پێوە بەندە و قوربانی یاریکەرەکانە، لەو شیعرەدا – مەهاباد – داهێنانێکی هونەری شیعری وتۆ جیایە لە قەزیەکە خۆی، ویستویەتی بیکات بە مەغزایێکی داهێنانی پڕ لە پرسیار و سیحر زەحمەتە ئەوەی بە وردی نەیخوێنێتەوە بزانێ شیعری مەهاباد چیدەڵێت..

لای ئێوە – انتما – ی نووسەر یانی چی؟

+ تۆ مەبەستت لە ئیلتیزامی نووسەرە کە من باوەڕم پێی نیە، چونکە پابەندی نووسەر کورت کردنەوەی مەودای رەهایی بیرکردنەوەیە، ئینتما و ئیلتیزام چەمکی ئەدەبی واقیعی سوسیالیستین، بۆ شەتەك دانی ئەدیبان و نوسەران بە بەرنامەیێکی سیاسی دیاریکراو، کە دونیای داهێنان رەتی دەکاتەوە، خەتەرناکترین بار بەسەر ئەدیبان رۆشنبیران تەوقی ئیلتیزام و پابەندبین، کە هەموو خەون و خەیاڵ و دیدگای دەرەوەی ئەو ئیلتیزامە دەخاتە ژێر گڵ و ناهێڵێت مرۆڤ لە دەرەوەی بازنەی بەرنامەکاندا رەهایی خۆی بدۆزێتەوە، ئینتمای نووسەر بەو مانایە دێت کە بەشێکی زۆر لە جوانی و رەهایی ببێتە قوربانی بەرنامەیێکی دور لە داهێنان، کە رێگەنەدا جوڵە هەبێت.. نمونەمان زۆرە لەوانەی بە گرفتی ئەو ئینتیما بوونە قۆچی قوربانی و داهێنانیان لەدەست دا.

داواکارین باسی هەندێك لەو شاعیر و چیرۆکنوسانە بکەیت کە مەغدورن؟

+ ناکرێ مانا بەستی مەغدوری لە پیاوی داهێنەر بنێین، چونکە سەرجەم بزاوتی داهێنان لەناو رەحمی ئەو مەغدوریەتە لەدایك بووە، پێویستی بەوە نیە کەسانێك ئەو مەغدوریەتە لەسەر دا لابەرن، بە درێژایی مێژووش ئەو شاعیر و چیرۆکنوس و هەموو داهێنەرەکانی دیکە کە مەغدوربوونە بەپێی پرسیارەکە لەو لەحزانە تەقیونەتەوە، کە دونیای پێداداگرن، کەس نەبوو لە باسترناك مەغدور تر لە هەرێمی خۆی، بەڵام هەموو دونیای داگرت – دکتور زیفاکو – ش خۆبەتی کە نمونەی داهێنانی سەردەم بوو..

رەخنەی ئێستای کورد لە گوێی نەزەریاتە رەخنەیی ئەدەبیەکاندایە؟

+ رەخنەی ئێستای کوردی جگە لە هەوڵەکانی هەندێ رەخنەگر بەتەواوەتی لەناو ترمینالی تیورەکاندا دەژیت، واتە رەخنەگر خۆی هیچی پێنیە بیڵێت، تیورەکانی رەخنەمان بۆ دەگوازنەوە، سەیر لەوەدایە، ئەوەندە سەرقاڵی گواستنەوەن، خۆیان بونێکیان نامێنێ، لەبەرئەوەش هەندێکیان زمانەکە باش نازانن، ناتوانن لە رستەکانیان بگەین.

ئێستاکە زۆربەی رەخنەگرەکان پشت بە داهێنراوەکانی رەخنەی فەرەنسی دەبەستن، کە ئەوان لەسەر شیعر بنیاتیان نەناوە، بەڵکو لەسەر دام و دەزگای رۆشنبیری خوڵقاندوویانە، ئەوان دێن کت و مت لەسەر شیعری کوردی و نووسینەکانی دیکە بونیاتی دەنێن، بۆ نمونە وێنەیێکی – فوکو – یی لەسەر دام و دەزگای شێتخانەکان پیادەی سەر شیعر دەکەن، بۆیە نمونەیێکی زۆر عەجیبی لێدەردەچێ، نە خۆی تێی دەگات، نە خوێنەر، یاخود بڕگەیێکی سوسیولوژی لویس گوڵدمان لەسەر بڕگەیێکی شیعری مێژووی کلاسیك پیادەدەکرێت.. ئەمانە هەمووی گرفتی رەخنەن، کە بۆتە هۆی دروست نەبوونی پڕۆژەیێکی رەخنە لە کوردستان کە بتوانی – ئیستیقتابی – کلتوری داهێنان بکات..

لەنێوان شیعری گورت و درێژدا چۆن پارسەنگی هەڵبژاردنی موعانات دەکەیت؟

+ کورت و درێژی لە شیعردا جیاوازیان نیە، واتە شیعر بەوە تەقیم ناکرێت کە ژمارەی دێڕەکان پێوەرێك بێت، رەنگە لە کورتە شیعرێك دا مانای رۆمانێ ببەخشێت و لە شیعرێکی درێژیش دا گوزارە لە مانای وشەیەك دا هەبێت، من ناتوانم کورت و درێژی شیعر بە مەساحە لێك بدەمەوە، ئەمە پەیوەستە بە خودی ئەو بابەتەی کە شاعیر بۆی دەچێ و ئەو مانایەی کە شاعیر دەیانبەخشێ، هەتا لە شیعری درامیش دا ئەم کارە بەدەست خۆی نیە بەڵکو بەدەست ئەو موعانات و تولانەوەیە کە تیایدا دەژیت.

له ج کاتێکدا دەنووسیت؟

+ نووسین کارێك نیە ئیختیاری کاتی بۆ بکرێت، لە هەمان کاتدا کارێك نیە خود وەك بزوێنەرێکی جەستەیی کاتی بۆ دیاریبکات، بەڵکو نووسین، کە مەبەست داهێنانە، هەموو ئەو ئیختیار و کات و ئیرادەیە دەبەزێنێ و خۆی دەبێتە سەرپشکی هەموان کات و ساتی خۆی دیاری دەکات، من ئێستاکەش نازانم کەی دەنووسم، ئەوە نەبێ زەرورەتی نووسین زەنگم بۆ لێدەدات، جا ئەگەر نووسەرێ بزانێ کەی دەنووسێت ئەوە جەدوەلێکی بۆ خۆی داناو کارەکە دەبڕایەوە، من جاری وا بۆ نووسینێکی زۆر سادە پێویستیم بە خوێندنەوەی رۆمانێك و یەك دوو شتی مێژوویی و دەیان، پارچەشیعر هەیە، جا ئاخۆ خوێندنەوەی رۆمانێك کارێکی ئاسانە؟ تێکەیشتن لە بونیاتی تولانەوە و موعاناتی رۆمانێك یا شاعیر کارێکی ئاسانە؟ هەڵبەت نەخێر.. بەداخەوە نووسین لای ئێمە بە ئالیاێ ئارەزوێکە پەیوەستی بە بونیاتنانی داهێنانەوە نیە، پەیوەستی بەو مەرگە نیە کە کۆتایی بە خودی نووسەر دەهێنێ، نووسین برگەیێکی گرنگە لە مەرگی نووسەرە چونکە بە دەیان لێکدانەوەی زەینی و هەڵچوونی ناخ و وێران کردنی دەرون لە تاقەنووسینێك ی داهێنان ئامێزدا هەیە، بۆیە من دەڵێم کە دەنووسم شێوەیێك لە شێوەکانی مەرگی خۆم رادەگەیەنم .. هەڵبەت مەرگ بەو مانایە نا کە بریتی بێ لە لەکارکەوتنی ئەندامەکانی جەستە و تێکچوونی بنەمای فیزیکی دەست.. بەڵکو بەو مانایەی هێندە سەختە کە هەڵدەڕێ بەشێکی دوود لە زەین لەگەڵ خۆیا دەبات، بودلێر دەیگوت ئەو کاتانە نووسین یەخەم دەگرێ کە سێوێکی بۆگەن دەبینم.. لێرەدا رەنگە نووسین ئیستەتیکای بۆگەن بوونی شتەکان بێ و جەستە و زەین تەحەمولی مانەوەیان نەکات. ئا بەم جۆرە منیش ناتوانم بگەمە ئەو خاڵەی کە کاتی نووسینی تیا دەردەخەم.

تۆ ئەزمەی شیعر لە چیا دەبینیتەوە؟

+ من ئەزمەی شیعر لەمانەی خوارەوەدا دەبینم:

() زۆریەی کەناڵە رۆشنبیریەکان ئەوانەی شیعر باڵادەکەنەوە خرفاون و کروچ و کاڵ بەیەکەوە گری دەدەن.

() زۆربەی ئەوانەی شیعر دەنووسن نەخوێندەوارن سوتفە هەڵیداونەتە ناو نووسینی شیعر نەك زەرورەت و مەعریفە.

() زۆرینەی شێوە باڵاوکراوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە بێ دیدگا (ڕۆیە) کار لەناو بونیاتی شیعر دەکری

() زۆربەی شاعیرەکان جگە لە شیعر شتێکی دیکە ناخوێننەوە و ئەوەش وایکردوە لەناو یەك جغزی هەمیشە وەك یەك دابسوڕێتەوە.

() نیوەی پانتایی ئەزمەی شیعر ڕەخنە دروستی کردوە کە بوونی نیە سەبارەت بەو هەموو شیعرەی کە باڵادەبێتەوە.

() ڕەهەندی سیاسی و ڕەوشی سیاسی تێکەڵ بەیەك کراون و شیعر لەنێو ئەو دوو بەرداشەدا خۆی ڕەها نەکردوە.

چ شاعیرێکی جیهانی کاریگەریی بەسەرتەوە هەیە؟

+ من بۆ خۆم کازانتزاکی وەك شاعیر و ڕۆمانووس بە هۆکارێکی گرنگ دەزانم لە وەرچەرخانی دیدگای خۆم بەرەو ڕەوحانیەتی داهێنان.. کازانتزاکی لە پشتی تەمەکانی لێکدانەوەی مرۆڤ دەنووسێ.. ئەزموونێکی هێجگار دەوڵەمەندی هەیە، بۆیە هیچ نووسینێکی لە بۆشایی‌یەوە سەرهەڵنادات.. بەڵکو لەدایك بووی کۆمەڵێك ئەزموون و موعاناتی گەورە گەورەیە، هەرئەوەش نا دەقی جوانی دونیا هەن خوێندومەتەوە و بە دەقی گەورەیان دەزانم، مرۆڤ ناتوانێ تەواو دەست نیشانی هەموو ئەو سەرچاوە گرینگانە بکات کە کاریگەرێتی لێوە هەڵدەقوڵێ..

چی دەڵێن دەربارەی حاڵەتێك گەسانێك لەخوار تۆوەن و زیاتر دەخرێنە بەر تیشك؟

+ من زۆر بیر لەو جۆرە بابەتانە ناکەمەوە ئەوەی ڕوێکی گەشی داهێنانی نەبێ، هەموو تیشکی دونیای بەسەرەوەبێ گەش نابێتەوە... هەموو داهێنەرانی ڕاستەقینەی دونیا تاڕادەیەکی باش دوور بوون لە تیشکی ئاوا..

ئەم حاڵەتە پەیوەستە بە پێشکەوتن و دیدگای کەناڵەکانی ڕۆشنبیری ئەوان تا چ ڕادەیەك ئەو ڕۆڵە دەگێڕن لە کزکردنی ئەو تیشکە بەسەر کەسانێکەوە کە شایانی ئەو تیشکە نین..

چ کتێبێك هەیە خوێندبێتیەوە و بۆت تەواو نەکرابێت؟

+ (سانت بیف) دەیگوت کە دەستت دایە کتابێ تەواوی‌کە.. ئەمە حیکمەتێکی تیایە زۆرجار هەندێ کتێب دەخوێنمەوە سەرەتا زۆر وەڕسم دەکا، بەڵام کە تەواوی دەکەم ئەوسا زانیومە کە بەڕاستی کتێبێکی بەنرخ بووە.. من شك نابەم کتێبێکم خوێندبێتەوە و پێم تەواو نەکرابێ.. بەڵام ئەوەندە دەزانم زۆر جاران هەندێ شیعر دەخوێنمەوە .. پاشان دەیانسووتێنم، چونکە چەند پەرداخە ژەهرێکی دژ بە مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆستین.

- ئایا لە شیعری کەریم دەشتیدا سیفاتی بەخشانئامێزی وا هەیە ئامادەی گردبێتن بۆ گشان بەرەو جیهانی رۆمان؟

+ ئەمە لە شیعردا کارێکی سەختە چونکە ئەو شیعرانەی بەرەو جیهانی رۆمان هەڵدەکشێن پێویستیان بە رۆشنبیرێکی گەورە هەیە.. پێویستیان بە ئاگاهی هەیە لە رووی تەکنیك و گێڕانەوە و تەوژمەکانی هۆش .. من بۆ خۆم یەکجار زۆر تووشی لەو حاڵەتانە بوویمە لە شیعر، ئەوەندەی تێبینیم کردبێ خوێنەر زیاتر دەڕژێنە سەر ئەم جۆرە شێوانە.. لەکاتێکدا خێرایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە ولاتانی دیکەدا هەموو سیفاتی نەثری بە رۆمانیشەوە تخوب بەند دەکات، من لە چەندین شیعردا، وەك شیعری (کەمال ملك) لە کاروان بڵاوم کردەوە، شیعری (بولبولەکانی فەرەنسا) لە پاشکۆی رێگا بڵاوم کردۆتەوە و هەروەها راهیبەکانی وەهم لە پاشکۆی کوردستانی نوێ و (ژورەکانی تەهارەت) لە گۆڤاری (رامان) بەلای ئەم سیفاتە نەثریانە چوویمە.

ئەگەر کەریم دەشتی بێت وەك رەخنەگرێك باسی لایەنی گەشەسەندنی شیعری خۆی بکات دەست دەخاتە سەر چی؟

+ تەنها ئەوە دەڵێم من لە نێوەندی مەعبەدەکانی شیعردا بخوری ئەبەدیەت دادەگیرسێنم و دەمەوێ شتێك بنووسم ئەوانی دیکە پەی پێنەبەن، ئەم پەی‌پێنەبردنە کە من بەدوای‌دا دەگەڕێم و لە شیعردا سەلماندومە، من لە هەموان جیادەکاتەوە.

ئاشناییت لەگەڵ رەخنەگرانی کوردا؟

+ هەموو ئەوانەی ئیش لەناو بونیاتی رەخنە دەکەن لەنێو کوردا، لە دوور و نزیکەوە دەیانناسم و دەستنیشانی خەتی بەیانی گوتارەکانیان دەکەم .. یەکێ لە سیماکانی رەخنەگرانی ئەو سەردەمە ئەوەیە کە شیعر دەخوێنەوە بۆئەوەیە چەند کەلێنێکی رەخنەیی تێدا بدۆزنەوە، دەگمەن ئەوانەی بۆئەوە شیعر دەخوێنەوە کە سیمای جوانی و دیدگای شاعیری تێدا ببینن..

ئەی ئەگەر ئێستا سەیاب و ئەدۆنیس و گۆران و شێرکۆ بە ئاستی هۆشی ئێستات دووبارە بخوێنیتەوە، قەناعەتی پێشوت لادەمێنێ؟

+ هەڵبەت بەردەوامی شاعیر لە خوێندنەوە و تێکەڵ بوون لەگەڵ دونیای تازەی داهێنان، ئەزمون بەهێز دەکات و شتی تازە دەخاتە ئاراوە..

مانای ئەوەیە پرۆسەی خوێندنەوە پرۆسەیێکی ئیفلیجە.. بۆیە من پێم وایە هەموو خوێنەرێك قەناعەتی پێشووی لەلادا بە بەردەوامی نامێنێتەوە.. چونکە ئاستی لێکدانەوەی زیاتر بەرەوپێشەوە چووە.. ئەوەی کە من هەمبووە سەبارەت بە ئەدۆنیس یا گۆران یا شێرکۆ بێکەس، هەڵبەت ئێستا نەماوە و چەندین دالی دیکە جێگەیان گرتۆتەوە.. چەند موعادەلاتی دیکەی راڤەکردن و پێوەری ئیستەتیکی دیکە جێگەی گرتۆتەوە.. من بە چاوی ئێستاکەی خۆم سەیریان دەکەم.

پشوویەك

ئێمە برپارمان دابوو هەموو بابەتەكانی چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ باڵوبكەینەوە، دیارە ئەو بابەتانەی لاپەڕەكانی پێشەوە ئەو بابەتانەن كە خەڵاتی یەكەم و دووەم و سێیەمیان وەرگرتووە، لەدابەشكردنی بابەتەكاندا ئاگاداری ئەو رێكخستنە بووین كە لیژنەی هەڵسەنگاندن بۆ ناو و ناونیشانەكان دایاننابوون، رەنگە ئێمە وەك گۆڤار رای تریشمان هەبێت بەڵام رای لیژنەی هەڵسەنگاندن پێش رای ئێمەیە. ئەو بابەتانەی تر لەمەودوا دەخوێنرێنەوە، لەچوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خوێندراونەتەوە.. ئەوەی بواری بۆ بلوێت لەم ژمارەیەدا بڵاودەكرێتەوە، ئەوانەی تریش بەپێی توانا لەژمارەكانی ترا بڵاودەكرێنەوە..

شاعیریٚتی نالی و مەحوی

لەنیٚوان سەرامەدیٚتی و بەخشین و وەرگرتندا

رەووف عوسمان

مێژووی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانیا بریتییە لە داهێنان و بەخشین و وەرگرتن، دیارە ئەو نەتەوەیەی کە پلەو رادەی بەخشینی بەرفراوان و گەشتر بێت لە وەرگرتنەکەی لە رووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە، ئەوە پتر هاوبەشیی دەکات لە ئەدەبی جیهانیدا، نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە، بەگوێرەی بوون و قەوارەی تایبەتی خۆی نالەباری ئەو دۆخە تۆبۆگرافی و سیاسی و کۆمەلایەتییەی، کەم تا زۆر هاوبەشیەکی ئازایانەی کردوە لە جیهانی ئەدەبدا بەتایبەتی هۆنراوە، شاعیری وەک نالی و کوردی و سالم و مەولەوی و خانی و گۆران و ئەگەر لە ئاست گۆتە و شیللەر و بایرۆن و هەمزاتۆف و جاك بریڤەر و موتەنەبی و سەعدیدا نەبن، ئەوە هەر کەمتر نین.

بەخشین و وەرگرتن و کارتێکردن و بەراورد لەنێوان ئەدەبی دوو نەتەوەدا دەشێت بخرێتە خانەی ئەدەبی بەراوردەوە، بەڵام من پرۆگرامی ئەم نووسینەم بە باریٚکی تردا دەکەوێتەوە وەک جوغزی ئەدەبی بەراوردی هەردوو قوتابخانەی ئەمریکی و فەرەنسی دەردەچێت.

دەمەوێت لێرەدا چەند تێشکێکی گەش بخەمە سەر ئاستی هەندێك لایەن لە شاعیریٚتی نالی و مەحوی و رادەی کارتێکردنی نالی لە هۆنراوە و تاقیکردنەوەکانی مەحوی و رەنگدانەوەی ئەم کارتێکرنە لە بیرو خەیاڵ و تابلۆکانی شاعیردا، بێگومان بابەتەکەو رۆژێنەرو لە هەمان کاتیشدا سەربەگێچەڵەو ئاویش زۆر دەبات، گرنگ ئەوەیە من وەك ئەرکێکی ئەدەبی رەنگی پرۆژەکە دەرێژم و قوواڵ بونەوە و پەل و پۆ هاویشتن و سەرخستنی لایەنەکانی دەخەمە ئەستۆی نەوەکانی داهاتوومانەوە.

ئایا چ شاعیرێك سەرامەد بوو لە وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە زمانی ئەو سەردەمەدا؟ کێ بوو زمانی شیرینی کوردی سەر بە دیالێکتی سۆرانی گرتە ئامێز و وەك کۆرپەیەکی نەوازە هێند لە سنگی توند کرد هەتا لەنێو شادەمار و ئێسك و پروسکیا توایەوە؟ دیارە نالی مەزن بوو، نالی وەستاو سەرامەد، توانی زمانی دلۆقانی کوردی بکاتە ویردو لە قۆناغی قسەو وت و وێژی سادەی خەڵکەوە قەڵەمبازی پێبداتە قۆناغی سەر تەڵ ترین هۆنراوە، هۆنراوەیەك کە شان بدات لە شانی نەك هۆنراوەکانی ئەم رۆژهەڵاتە بەتەنیا، بەڵکو هەموو جیهانیش! نالی ئەم شەقاوە گورج و درێژەی کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری خستە ژێر رەشمالّی هەست و بوون و قەوارەی نەتەوەیمانەوە، ئەگەر شکسپیر جگە لە داهێنانەکانی - رۆڵێکی گەورە و سەرەکی دیبێ لە کۆکردنەوەی لەهەجات و خەملاندنی زمانی یەکگرتووی ئینگلیزیدا دیارە نالیش نەك هەمان دەوری بینیوە بەتەنیا بەڵکو گرنگ تریش چونکە ئەم زمانی ئاخاوتنی رەشە

خەڵکی گواستۆتەوە بۆ جیهانی هۆشمەندێتی هۆنراوەی کلاسیکی، با ئەوەش نەبوێرین کە سالم و کوردی و مەحوی و حەمدی ساحێبقران و حاجی قادری کۆیی و شێخ رەزا هێندەی تر سێبەری نەمامی دەست نێژی نالیان خەست و کەڕتر کرد و نەوەکانی داهاتوویان لە دوورپانی زمانی ئەم و ئەو دەربازکردوو زمانی شیرینی کوردیان کردە توێشوی سەفەری ژیانی ئەدەبی داهاتوومان.

ئەگەر شاعیرێتی بریتی بێت لە وزەی تایبەت و ڕۆشنبیری خەست و زیرەکی و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند و بەهرەی گەورە و بیرەوەری تیژ و سەلیقەی خۆڕسک و دەستەڵاتی ڕەها بەسەر هونەرو جوانی و چۆنێتی داڕشتنی زماندا، دیارە شاعیری بەتوانا دەبێت ئەم ڕەوشتانەی بە زەقی تێدا ڕەنگ بداتەوە، چونکە نەبوونی لایەنێك یان دوان لەم لایەنانە ترازووی شاعیرێتەکە نەوی دەکات و کێشەکە تێك دەدات. لەبەرکەی دەرفەت ناتوانم بۆ هەموو ئەم توخمانە نموونە بۆ نالی و مەحوی بهێنمەوە و لەو نێوانەوە دەست نیشانی ئاستی شاعیرێتی مەحوی و نالی بکەم، ئەوەی کە نووکی قەڵەمەکەی مێژەردەدەم هەردوو لایەنە و لایەنەکانی تریشی بۆ وتارێکی دی هەڵدەگرم، دوو لایەنەکەش:

یەکەمین: بەهرەی شاعیرێتی وەك وزەیەکی خۆڕسکی تایبەت

دووەمین: لایەنەکانی کارتێکردن و خۆجوینەوە.

نالی خاوەنی بەهرەیەکی خۆڕسکی ئێجگار دەوشاوەبووە، هەرگیز خۆینەر لە هۆنراوەکانیا هەست بە بۆشایی نێوان شێوە و ناوەڕۆك ناکات، هەر مەبەست و بابەتێك کە ویستبێتی و خەیاڵی وروژاندبێت توانیبێتی بە سانایی بیخاتە چوارچێوەی هەڵبەستەکانیەوە، یان بە واتایەکی تر هەرگیز هەست بە کەلێنی نێوان ویست و خولیاکانی و چۆنێتی دەربڕینیان ناکرێت، واتە هەرگیز دانەماوە لەبەردەم پەری خەیاڵی شیعرانە و چی ویستبێت نەخشاندوێتی، تەنانەت ئەو هەموو هونەرە بەلاغی و وشە ئارایی (بدیع) وەك (جیناس و طباق و تورییە و کنایە و حسن التعلیل... الخ) کە لە هۆنراوەکانیا ڕەنگی داوتەوە هەرگیز لە خۆینەری دانەبڕیوە، چونکە وەك دەزانین هونەرەکانی وشە ئارایی (بدیع) بەو خەست و خۆڵییە لە هۆنراوەدا پێویستی بە خۆماندووکردن و ئەزیەت دانێکی فرەوە دەوێت و هەر لەخۆیەوە ناخەملێت بەڵام لای (نالی) بە جۆرێك دەربڕاوە کە هەرگیز هەست بە خۆئەزیت دان ناکرێت و خۆینەریش وادەزانێت هەر لەخۆوە هاتوە و وەك تافی زەڵم و سیروان خۆی دەدات بە هەردەی دڵداو ئاوازی هۆنراوەی نەمر دەگەێنێتە گوێی گەردوون، جگە لەوەش ئەو چوارچێوە تەنگەبەر و گۆڕەوشار ئاسایەی مەڕ کێشی و سەروای کلاسیك ناچاری نەکردووە بە هەندێ خەوشی قافیە و هەڵەی زمانی و ڕێزمانی و پاش و پێش خستنی فۆرم بە پلەیەك کە خوێنەر چەواشەکات مەگەر جارە ناجارە نەبێت، دیارە ئەم دیاردانە هەموو بەڵگەی بەهرەی شاعیریەتیەکی لە بن نەهاتوو دەوڵەمەندن، دەبا بزانین ئەم دیاردەی شاعیریەتە لای مەحوی بەم شێوەیە ڕەنگ دەداتەوە یان نا؟!

بەڵە هەرکەس با هانە بەرینە بەر خوالێخۆش بوو مامۆستا عەلائەدین سجادی و مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سجادی سەبارەت بە هەندێ هۆنراوەی مەحوی دەڵێت: [1] نازانم مەحوی چی ناچاری کردۆتە سەر ئەوە کە بەم جۆرە عەزیەتی خۆی بدا بۆئەوە شیعر دابنێ، ئایا شیعر دەنگێکی نهێنی نیە کە تەلی عاتیفە ئەبزوێنێ؟ ئایا شیعر دەوارێکی ئاوڕێشم نیە کە لە لالەزاری گێتیدا هەڵئەدرێ بۆ ئەوە پیاو لە سێبەریا خۆی لە گەرما و سەرما حەشار بدات و لە بنیا دڵ و دیدەی بە بۆن و دیمەنی گوڵاڵەی ڕەنگاوڕەنگ بگەشێنێتەوە؟ بەڵێ شیعر ئەمانەیە بەڵام وەختێ ئەمانەیە کە بەجۆرێ بوتری پیاو لێی تێبگا) واتە بەهرەی شاعیرێتی یەکەی داکشاوترە لە مەبەست و وزەی بیری، کەواتە مەحوی پتر شاعیرێکی (کەسبی) یە و نالیش شاعیرێکی وەهبیە. ئێستا بۆ سەلماندنی ڕاکەی سەجادی من چەند نموونەیەك دەهێنمەوە لەو خۆئەزیەت دانە و تەنانەت دووچاری گەلێ سەرئێشە بووە، هەرچەندە ئێمە چەمکی (ئەوەی بۆ شاعیر دەست دەدا بۆ هەموو کەس دەست نادا) مان هەیە بەڵام نابێت شاعیریش هێندە دەستووری زمان و شیعر و خوێنەریش ئەزێت بدات، کە لای مامۆستا مەسعود محەمەد ئەو ئوسلووبە سەبکی هیندی نیە، بەڵکو [2] (سەبکی مەحوی) یە واتە تایبەتە بە خودی خۆیەوە، ئێستا ئێوە و بڕێك لەم لادانانە:

مەحوی دەڵێت:

(٢) کە دایەی خاکت هەر دەبێ بگرێتە باوەش خۆی
بکە خاکێ بەسەر خۆتا لە قاپی (بوتراب) ی زوو

(بتگرێتە) ی کردووە بە (بگرێت) واتە راناوی کەسی دووەمی فرێداوە کە (ت) کەیە (باوەشی) کردووە بە ·باوەش) (دایکی) کردووە بە (دایە)، (خاکی بکە بەسەر خۆتا) ی کردووە بە (بکە خاکی).

هەروەها دەڵێت:

٠٤) بە سووتن چیم گلەم نەبووە لە دەردی سەردی میهری تۆ
من و شەکوە وتی گوێناگرم لەم فیتنە هەڵبەستە

(گلەیم) ی کردووە بە (گلەم)، ساردی کردووە بە (سەرد) (میهری ساردی) کردووە بە (سەردی میهر) چونکە لە کوردیدا سیفەت پێش موصوف ناکەوێ خۆ ئەگەر هەندێ جار پێش کەوێت ئەوا پێویستمان بەو (ی) نیە چونکە دەیکاتە پاشگر و پێشگر بۆ نموونە، نێرە قەل، زێرەخەون، زرتەبۆز دە ئەگەر بەم پێوانەیە بێت دەبێ مەحوی بڵێت (سەردە میهر)

هەروەها دەڵێك:

(٥) بڕوانە سووتنم، وەر بڕواکە من نەمام
پەروانەم ئیترم نیە پەروا کە من نەمام

لەجیاتی (ئیتر نیمە) وتویەتی (ئیترم نیە)، جگە لەوەش دووجار وشەی (نەمام) ی بەکارهێناوە با ئەوەش بزانرێت کە ئەمە (رد الصدر علی العجز) نیە و، لە مەرجەکانی شیعری (مصرع) دا بە لاواز دادەنرێت:

هەروەها دەڵێت:

ئەو سەروی نازە تەوسەنی هێنایە تازوتەك
هەستا قیامەت و مەلەك ئەستونیە گەرەك

لەجیاتی (ئەستۆنی گەرەکە) وتویەتی (ئەستۆنیە گەرەك) دیارە قافیە ئەمەی پێکردووە.

هەروەها دەڵێت:

(٧) کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ بەری دەکا
هەر صاحیبە لەبەرکەری کاڵایی بی رەواج

دەبوایە بیوتایە (لەبەری دەکا) بەڵام لەبەر لەنگەری کێشەکە (لە) ی قرتاندووە.

هەروەها دەفەرموێت:

(٨) لە غەمزی چاوت ئەبرۆ داگرە و بەس
مەکە بۆ قەتڵی عاشق رەنجە بازووت

تکایە با خوێنەر چەند جارێ نیوەی دووەمی بەیتەکە بخوێنێتەوە بزانێ هیچ حاڵی دەبێت!؟

وشەی (بازووت) لەبەر قافیەی دوابڕاو خراوەتە ئەوسەر دەبوایە بیووتایە (بۆ قەتڵی عاشق بازووت رەنجەمەکە)

هەروەها دەفەرموێت:

(٩) غەنیمەتە بەدەم و دەستی بگرە دامەنی دۆست
لە دەستی خۆتی مەدە داویە خودا تا دەست

لە جیاتی (تا خودا داوێتی دەس) وتوویەتی: (داویە خودا تا دەست) دیارە مەسەلە قافیە راست کردنەوەیە و هیچی کە!!

ئەوەی شیاوی باسە مەحوی زۆربەی لە کێشە درێژەکاندا دووچاری ئەم هەناسەسواریە بووە لە لایەکی تریشەوە مەحوی وەك خۆتاقیکردنەوە ویستویەتی هەموو پیتەکان بکا بە قافیەی هۆنراوەکانی، دیارە هەندێ لەو پیتانە (بەتەنیا یان لەگەڵ چۆنێتی پیتەکانی پێش خۆی قورسن و دووچاری ئەو هەڵانەی دەکەن، لەپ خستنە سەر ئەم لایەنانەی کە رووبم کردنەوە ئەوە دەسەلمێنن کە مەحوی لەگەڵ ئەم گەورەییەدا لە دووڕێیانی کەم دەرفەتی وزەی شاعیریەت و مەبەست و خواستی قوڵ و بەهێزدا وەستاوە و تیا راماوە، یان ئەوەتا خۆی تووشی زۆر لەخۆکردن و گوێ نەدانە هەندێ مەسەلەی رێزمانی و زمانەوانی دەکات یان ئەوەتا کارەکەی بۆ ناپرسکێ، تەنانەت خودی مەحوی فەلسەفە تایبەتییەکەی لە ژیاندا گوێ نەدانە بە روالەت و شێوەکاری و فۆرمالیزم لە بەرامبەر ئەمانەشدا گرنگییەکی فرەی داوە بە گەوهەر و ناوەرۆك، واتە مەحوی ئەهلی مەعنایە نەك مەبنا، ئەوەتانێ خۆشی لەم هۆنراوەیەدا داکۆکی لەم رێبازە دەکات و دەفەرموێت:

(١٠) سەر کە جۆشێکی نەبێ من زرکە تاڵم بۆچییە
دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆچییە
دەردوو داخێکی دەروونی گەر نەبێ با رەنگ و بۆ
سیس و موغبەر بێ کە ماڵم بوو جەماڵم بۆچییە

با گوێگری ئازیز ئەوەش بزانێت کە مەحوی مەزن شاعیرێکی گەورەی نەتەوەکەمانە و جێگایەکی تایبەتیشی هەیە لە رێبازی ئەدەبی کلاسیکدا هەر ئەم گەوریەییەشیەتی کە وای لە سالم و حەمدی کردووە کە بەرێزەوە بەسەری بکەنەوە، بەڵام لەو بەسەرکردنەوەیەشدا هەرنالی پێش مەحوی خراوە سالم دەڵێت:

[11] لەلایەك نالی و مەحوی لەلایەك سالم و كوردی
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تكاجۆبوون لە مەولانا
لە مەیدانی بەلاغەتدا بە سواری مەركەبی مضمون
بە كوردی هەر یەكە نازی سواری بوون لە بابانا
كە نالی تەوسەنی طبعی بە تەرزی گەرم جەستەن بوو
بە چەو گانی خێرەدگۆیی دانشی دەركرد لە مەیدانا
كە رەختی رامی هاتە سەر میقراضەكەی تعلیم
ركابی پایی بۆ سی سالم مەشوی لە دەورانا
هەمدیس سەبارەت بە هەمان بە بالابڕین و
(مفاضلة) دەڵێت:
[12] خەرمانی لەفظی كوردی كە (كوردی) كردی پێوان
(نالی) كە نالی كاسەیەكی دا بەویش لێوان
تاراجی كرد بە مەحوییە فەندی بە لوطفی خۆی
عوشریشی دا بە (حەمدی) وتی بیبە بەر دیوان
لە مەیدانی دیراساتی تەرخان كراو لەمەڕ
لایەنەكانی (دزی ئەدەبی، كارتێكردن – وەرگرتن –
سوودبینین..) لە ئەدەبی كوردیدا، نەتەوەكەمان
لەبەر گەلێ هۆ چەند هەنگاوێكی گەورج و درێژ لە
دوای نەتەوەكانی تر هەویە زۆر كەڕەت ئاگر بەستی
ئەم بەشە هەرەگرنگە دەكرێت، ئەگەر دەنگێ
لەلایەكەوە بەرزبێتەوە، بە ئاستەم دەگاتە گوێی
خوێنەر و ئەدەب دۆستان، دیارە لەم دۆخەدا
جەدەلیەتی نێوان لاسایی و رەسەنایەتی و بەهرەی
گەورە و ناگەورە ون دەبێت و مافی لایەنە
رەسەنایەتیەكە پێشێل دەكرێت و بەهای پێوانە
راستەقینەكان نشوستی دێنێت، بە رای من هەر
نووسەرێ توانای هەبێت باسی تەئسیری شاعیرێ یان
چیرۆك نووسێ بكات بۆ سەر یەكێكی كە یان
لێوەرگرتن یان دەست بەسەراگرتن و دزی ئەدەبی
ئەوە بارێكی ئاسایی و تەنانەت ئازایانەشە و هەرگیز
ئەم هەڵوێستە ناچێتە خانەی پاچ كاری و وێران
كردنی باڵەخانەی ئەدەبی كوردی، ئەدەبی
نەتەوەكەمان دەمێكە لەوە دەرچووە كە هەڵدانەوەی
ئەم لاپەڕەیە بیرووخێنێ یان لاوازی كات، بەڵكوو بە
پێچەوانەوە تین و گوڕێكی ئەوتۆی دەداتێ كە
خاوەن بەهرە راستەقینەكان لەبەر تیشكی گەشی
ئەم بابەتەدا داهێنانی گەش ببینەوە، ئێمەی كورد
وەك هەر نەتەوەیەكی تری ئەم سەرزەمینە فراوانە
خاوەنی چەندەها شاعیر و ئەدیبی هێژا و رەسەنین،
دیارە لە هەمان كاتیشدا ئەم ئەدیب و شاعیرانە لە
پلەو ئاستی بەرهەمەكانیانا چون یەك نین و
هەریەكەیان لەئاستێكا خۆی دەبینێتەوە و لەلایەن
خوێنەر و رەخنەگرەوە بەجۆرێك بەبالادەبڕێت، خۆ
هەیشمانە موتەئسیرە بە بەرهەمی ئەم و ئەوەوە و
لەژێر كارتێكردنی خەڵكانی تردا بەرهەمی
رەخساندوە، لە روانگەی پرۆگرامێكی رەسەن و دوور
لە هەواو هەوەسی تاقەكەسەوە، ئەدەبی عەرەبی
لەم بوارە گرنگەدا بەتایبەت – رەخنە – سەدان و
تەنانەت هەزار سالٌ لە پێش ئێمەوەن و رەخنەگرانی
عەرەبیش وێراویانە بڵێن فلانە شاعیر ئەم واتایەی لە
فلانە شاعیر وەرگرتوە یان دزیوە یان گۆڕیوە بە
بارێكی باشتر یان داكشاو تردا.. هتد هەرچەندە ئەم
ئەركە مەزنە هەندێ نووسەری تووشی ئازار و
ئەشكەنجەی تایفەگەرێتی پواوو تیرەچێتی و تاقم
تاقمێنەی پووچ كرد، بەڵام لەئەنجامدا رەوت و
گوڕوتینێكی بەهێزی دایە بەر رەخنە و شیعری
عەرەب، هەربۆنموونە كەمەكێ لەو كتێبە رەخنەییانە
دەخەمە پێش چاوی خوێنەری كورد كە سەدان سالٌ
بەر لە ئێستا ئازایانە لەم بوارەدا نووسراونەتەوە و
دزی و لاوازی كەڵە شاعیری وەك ئەبو تەمام و
موتەنەبی و بوحتەریان دەرخستوە، ئەمەش ناوی
هەندێكیانە: ١– سرقات – ابی نواس – مهلول بن
میمون
٢– الأبانة عن سرقات المتنبي – محمد بن احمد
العمیدي.
٣– البدیع في نقد الشعر – أسامة بن منقذ.
٤– المثل السائر – ابن الأثیر.
٥– الكشف عن مساىء المتنبي – الصاحب بن
عباد.
٦– العمدة – ابن رشیق القیراوان.
٧ – سرقات البحتري من ابی امام – ابي ضیاء
بشر بن یحیی.
٨– اخطاء ابی تمام – ابن عمار القری.
٨٩– الشعر والشعراء – ابن قتیبة الدینوری.
١٠– الموزانة بین الطائیین الامدي.
گەلێ نموونەی تر هەیە و با ئەوەش بەس بێت،
طه حسین تیوری دەست هەڵبەست[13] (انتحال) ی
هێنایە كایەوە و وتی ئەدەبی پێش ئیسلامی عەرەب
هەرە زۆربەی دەست هەڵبەست و درۆیە[14]، (صفاء
خلوصي) سەبارەت بە معروف الرصافی دەڵێت تا

ئەم سەردەمی دواییەش وامان دەزانی کە (رەصافی) شاعیرێکی بەدەستەلاتە، بەڵام لە دواییدا بۆمان دەرکەوت کە ئێمە هەڵەین و زۆربەی هۆنراوەکانی لە شاعیرە تورکەکانەوە وەرگرتوە و تەنانەت هەندێکیشیان وەک وەرگێڕانێکی حەرفی وایە، بەتایبەتی سوودی زۆری لە شاعیری تورک توفیق فکرت وەرگرتووە) ئێمەی کوردیش وەک وەفایەک، رێزێکی بێپایانی بەرهەم و هەوڵ و کۆشش و بەهرەی باووباپیرانمان دەگرین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموویان لە ئاستێکدا دانانێین، گەرەکە هەریەکە و بەپێی ئاستی خۆی لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کورد و رەخنەی کوردیدا بە بااڵببڕین و دابنرێن، نەک هەموویان بە سەیرکردنێکی جەڵەبیانە بخرێنە ئاستێکەوە، چونکە لەو سەیرکردنە جەڵەبیەدا مافی ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەب دەسووتێ و یەکسانیەکی ناڕەوایانە دێتە گۆڕێ.

لەم بنەوانە مەوزوعیەوە هەوڵم داوە کە هەندێ لەو واتا و بیرۆچکە و وێنە و خەیاڵانەی مەحوی لە نالی وەرگرتوون دەریان خەم، هەرچەندە هەندێ جار وەرگرتن خۆی لەخۆیدا بەڵگەی توانایە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی هونەری قەشەنگ تردا، واتە: بیرۆچکە وەرگیراوەکە شتی نوێی (اضافة)ی بخرێتە سەر و واتای دڕەوشاوە و نوێتر بهێنرێتە کایەوە، یان بە واتایەکی تر لە هەمان دراو و بار شتی گەورە و جوان و دڵۆفان تر بهێنرێتە کایەوە، چونکە ئەمە بەڵگەی بەرەو پێشەوەبردنی ئەدەبە و خەماڵاندنیەتی، گۆران بەو گەورەییە دان بەوەدا دەنێت کە سوودی لە هۆنراوەی شاعیری ئینگلیز (الی قبره) شیللی بینیوە و ئەوە سەرچاوەی ئیلهامیەتی، یان بە رووبی دیارە کە پیرەمێرد لەژیر تەئسیری مەولەوی‌دا گەلێ هۆنراوەی وتووە.

(قەزوینی دەڵێت: ئەگەر لێك چوونەکان گشتی بن وەک باسی ئازایەتی و بەخشندەیی ئەمە بە دزی دانانرێت چونکە واتایانە لە دڵ و میشکو زەین و داب و نەریتدا جێی خۆیان کردۆتەوە، خۆ ئەگەر واتا وەرگیراوەکە لە یەکەم جوانتربێت ئەوە جێگای ستایشە، ئەگەر لە ئاستی ئەوەیشدا بوو ئەوە جێگای سەرزەنش نییە، بەڵام داهێنان و ستایش بۆ شاعیری یەکەمە، خۆ ئەگەر لە خوار ئەوەوە بوو دیارە ئەوە لاوازە و دەشێت سەرزەنشت بکرێت – التلخيص في علوم البلاغة – الخطيب القزويني ص (٤١٢).

بەهەرحاڵ ئێستا هەندێ لەو واتا و وێنانە دەردەبڕین کە مەحوی لە نالی وەرگرتووە:

مەحوی دەڵێت:

[١٥] هەناسەی ئاگرینم بردەوە بەر تا دەروونم سووت
بە نااڵ تا دڵت سەخڵەت نەدەم بڕوانە چۆنم بۆت

هەروەها وتوویەتی:

[١٦] ئاری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز

ئەوەی کە مەحوی کردوێتی (ئاوی چاوی) کردوە بە (نااڵ) و هیچی کە! هەر لە شوێنێکی تردا مەحوی پاتەوپات ئەم واتایەی وەرگرتۆتەوە لە نالی:

بێمە کوێ؟ دلبەر وتی گەر چاوە طۆفانێکی ئەشك
دڵ تەنووری ئاگری عیشق و خرۆشی ئیشتیاق

هەرچەندە (ابن الفارض) یش ئەم واتایەی هەر دەربڕیوە:

[١٧] لولا دموعي اعرقني زفيري لولا زفيري اغرقتني ادمعي
يا محرقا للنار وجه محبة مهلاً فأن مدامعي تطفيه
أحرق بها جسدي و كل جوانبي واحرص على قلبي لأنك منه

مەحوی دەڵێت:

[١٨] بە ئاوی گریە هەردەم ناوی چاوم ششتوە نەك جێت
بە خوێن ئاغوشتە بێ چاوەکەم بڕوانە چۆنم بۆت

نالیش پێش ئەو تووبەتی:

[١٩] تۆ کە حۆریت وەرینۆ جەننەتی دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەی سۆزانمدا

بەڵام وێنەکەی مەولەوی لە هەردوکیان قەشەنگ تر، مەولەوێ دەڵێت:

[٢٠] باڵاخانەی چەم دێوانەکەی تۆ
بانەناو وەگڵ ئاسانەکەی تۆ
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تیشدا
ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێیشدا

مەحوی دەڵێت:

[٢١] ماهی من رۆژی لە روو لادا نیقاب
شەو مەگەر هەڵبێ لە شەرما ئافتاب

مەولەویش وتوویەتی:

[٢٢] خەرامان ئاما نەتۆی پەروەردە
نیقاب صفحەی جەمین کردەوە

مەحوی دەڵێت:

(٢٣) ئەی مەحەببەت ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵ نشین
ئەو کەسەی سووتووتە هەر ئەو هەوڵ ئەدابۆ بسوو بە سوون
نالیش پێش ئەو وتویەتی:

(٢٤) وەرە با ئاگرێکی وەصڵی خۆمان
بخەینە قاوی عومری دوشمنی دین

مەحوی دەڵێت:

(٢٥) دڵ بوو بە دروەی مەحض و جگەر بوو بە عەینی ئاو
ئاهم نیە دەواتە سروشکم نیە رەوان
هەروەها لە هەمان واتا مەحوی وتوویەتی:

(٢٦) ئەوی دڵدار و دوڵبەرمە ئەوا دەڕوا لەبەرچاوم
بەدوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە نەڕوا لەبەرچاوم
نالیش لە نامەکەی مەڕ سالمدا وتوویەتی:

(٢٧) لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور
ئەوەی سالم لە هەردوکیان جوانترە:
شەتی خوێن دێ بە رووما لەت لەتی جەرگ
دەبێ رێگەی پلووسکی دیدەو بەردا
ل ٢٠ سالم

مەحوی دەڵێت:

(٢٨) لەبەر زار و نەزاری بوومە وەک پووش
دە ئەمجا رابوێرە من بەزارا
نالیش لە نامەگەی مەڕ سالما دەڵێت:

(٢٩) دارم وەک و هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطور
مەحوی دەڵێت:
خەندێکی لە خونچەی دەمی تۆ دی کە لە باغا
هەر لەو دەمەوە لێو و دەمی لەگۆچوون
مەحوی ل ٢٤٥

نالیش وتویەتی:
بێ قسەی خونچەی دەمت کاتی تەبەسووم رووبەڕوو
هەتکی شوعلەی بەرق و نظمی دائرەی پەروین دەکا
ل ١١٢

مەحوی دەڵێت:

(٣٠) وەرە دەستێ بەخوێنم کە نیگارین
خوێنی من حەلاڵت بێ نیگارا
نالی پێش ئەم وتویەتی:
جەنابی کردوە پەنجەی بەخوێناوی دڵی زارم
ئەمە رەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم
هەروەها لە جێیەکی تردا وتویەتی:

(٣١) وەرە بنواڕە دوو دەستی خەنایم
حەنایی چی هەمووی هەر خوێنە قوربان
لە هەمان واتادا دیسانەوە نالی وتویەتی:

(٣٢) رەنگینە بە خوێناوی دەروونی دڵی نالی
بنواڕە دەڵێ خۆ خەنەیە پەنجەیی ئاڵم
سالمیش ئەم واتایەی هەر لە نالی وەرگرتوە بەڵام
لە هەردوکیان بەهێزترە:
رەرە ساپەنجە لە خوێنی دڵی سالم بکە رەنگی
ئەبتە ئەم رەنگە دایم نیە وەک رەنگی حەنا
ل ٣٤

مەحوی دەڵێت:

(٣٣) چڵڵی مەزاری من چەقیە دامەنی چ سوود
شووەی بەرۆکی بەختمی بەرد کە من نەمام
سالمیش وتوویەتی:

(٣٤) هەتا ئەمرم ئەچێنم تۆوی هەرخارێ لە دڵ شایە و
کە بێی بر سەر مەزارم دامەنت بگرن ئەگەر مردم
مەحوی دەڵێت:

(٣٥) پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش
تازەم دەرختی طولی ئەمەل دەردەکا چرۆ
هەروەها مەحوی دەڵێت:
بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران
کەچی وەک کۆدەک ئێستە دەچمە سەیران

(٣٦) سەردو گەڕمی ئاهەکەم سەوزی گیای کردم بە پووش
پایزی روو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەط
مەحوی دەڵێت:
جۆبارە لالەزارە هەتا چاوی بڕدەکا
مەحوی بەهەشتی بۆچیە چبکا لە ئاو و باخ
ل٣٧

هەروەها مەحوی دەڵێت:

(٣٧) بە گریانم وەکو گوڵ پێکەنی یار
لە باغی من بە بارش غونچە پشکوت
گوڵستانێ لە خاکی شۆرەزادا
نالیش وتوویەتی:

(٣٩) خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سروشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بەسەرد
بێسارانیش وتویەتی:
هوونی دڵ نەچەم بەند خرۆش کەردەن
سوەیل چەمەنانان بەی رەنگ پۆش کەردەن
ئاویەر – ژمارە ١٤

مەحوی دەڵێت:

(٤٠) کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ بەری دەکا
هەر چاحیبە لەبەر کەری کالایی بێ رەواج
نالیش وتوویەتی:
(٤١) عومرێکە بە میزانی ئەدەب توخمە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم
مەحوی دەڵێت:
(٤٢) لە بۆ ئیمدادی گریانم دەروونی کردمە خوێناو
لە چاوم سەیری کەن ئەم حوکمە دڵ و جەرگمی جاری کرد
نالیش وتوویەتی:
(٤٣) لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور
بێسارانیش وتوویەتی:
دەرون راش نەدا نە نێش دەسەڵات
بیە بە هوونی چەم رێژا کە ق نەپات
بیسارانی ل ١٨٥
مەحوی دەڵێت:
(٤٤) رووەتی ئازاری گەێی من کە روانیمێ وتی
من قسەم گەر دڵ خەراشە تۆ نیگاهت گیان خەراش
مەولەویش دەڵێت:
(٤٥) روخسارێ وەختی مەصقەڵمداوێش
وەشنۆی پارێز خەیاڵ مەبێ رێش
مەحوی دەڵێت:
(٤٦) دڵ فکری کردوە چیە مێرم بوە بە شیر
پیرانی بردەوە کە جوانیمی کەوتەبیر
قامەت نەمام و پشتی وەکوو مێوو رۆنی نەرم
چەوتاوە رەق هەڵاتووە وەک چەوتەمێوی پیر
نالی بە یەک بەیت واتای ئەو دوو بەیتەی، پێش
ئەو وتووە:
(٤٧) غوباری ئەو شەو و رۆژەن ردێنی ماش و برنج
کە تێکەڵن شەبەهی صوبح و شام و شیر و مێر
مەحوی دەڵێت:
(٤٨) لە شینی فیرقەتی ئەوا ئەوەندە ئەشکی سوورم رێت
بە دەوری جێگەما تا بڕ دەکاتن دیدە گوڵزارە
نالیش تووەیەتی:
(٤٩) خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سورشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بەسەرد
مەحوی دەڵێت:
(٥٠) رۆژی دی لەو رۆژەوە گەر رۆژە سەرگەردانە رۆژ
گەیە ئێوارە وەکوو من قوڕپێوانە رۆژ
نالیش وتوویەتی:

(٥١) لە خەوفی طەلعەتی رۆژ هەروەکوو شێت
بە رووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان
هەرچەندە ئەم واتایە لای عەرەبەکانیش دەربڕراوە:
(٥٢) لا ترکننَّ الی الفرا ق وان سکنت الی العناق
فالشمس عند غروبها تصفر من فرق الفراق
حەزدەکەم هەر لەم بوارەوە ئەوەش بە ئێوەی ئازیز رابگەیەنم کە هەر مەحوی لەژێر کاریگەرێتی نالیدا نەبوە بەتەنیا، بەڵکوو کوردی و سالمیش گەلێ بیرۆکەو وێنەی شیعری و واتایان لە نالییەوە وەرگرتووە و لەژێر کاریگەرێتی ئەودا ئەسپیان تاو داوە، بەتایبەت کوردی کە شەبەنگی نالی لە هۆنراوەکانیا بە زەقی دەدرەوشێتەوە هەرچەندە پرۆگرامی نوسینەکەم بواری ئەوەم نادات کە لەو روەوە درێژە بە نوسینەکە بدەم، بەڵام هەروەک هەوێن هەندێک نموونەی زەقی سالم دەهێنمەوە:
سالم دەڵێت:
دەستی من تەعویزە بۆ رەدی بەڵا
با حەمایەڵ بێ لە ملتا بێڵە سا
نالیش وتویەتی:
دەستم کە بەسەر وەعدە لەسەر جێگە شکاوە
جەبری نیە ئەم کەسرە تا نەیخەیە ئەستۆ
سالم دەڵێت:
تیری تۆ رەنگە لە سینەم بڕوێ
غەرقی پێکانە لە ریشەی جگەرا
مەحوی دەڵێت:
بەم هەموو تیرەوە دڵ سینەمی دی ئەو شێرە
لە رازی هاتێ، وتی: ئەم بێشە نەما نیمە مەلاذ
نالیش وتویەتی:
بێ جوێبوونەوەیی زەخم و برین و ئەثەرێ
تیری موژگانی درێژت لە جگەر تێدەپەڕێ
هەر لەم بوارەدا موتەنەبی دەڵێت:
رمانی الدهر بالأرزاء حتی
فؤادی في غشاء من نبال
فصرت اذا اصابتني سهام
تكسرت النضال على النضال
هەروەها دەڵێت:
فماتقف النصال على قرار
كأن الريش يطلب النصالا
مەحوی دەڵێت:

[٥٣] به ئاوی تێگەیشتن ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو
هەموو دەشچن بە خنکان و لەو وشکیشەم لەی مەخلوق
ئەسڵی فکرەکە لە نالی وەرگیراوە کە دەڵێت:

[٥٤] بنواڕە وشکە صۆفی و ڕەقصی بەهەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێمەلە

ئەم چەردە نموونانەی کە هێنامنەوە گەلێك کەمترن لەوانەی کە دەست نیشانم کردوون و ئێستا لەلامن، ئامەدی دەڵێت [٥٥](واتا دوو جۆرن – گشتی و تایبەتی – واتا گشتیەکان لە کۆمەڵدا باون وەك ڕاستیەکی پەی پێ بڕاو لە نەوەیەکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەیەکی تر و بەکارهێنیانیان لەلایەن شاعیرەکانەوە بە دزی ناژمێردرێ بەلام هەرچی واتاو وێنە داهێنراوەکانە تایبەتن بە خودی شاعیرەوە و نابێ لەلایەن یەکێکی ترەوە دەستی بەسەرا بگیرێ) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕا کەی ئامەدی دەڵێم:

واتا گشتیەکان وەك لێکچواندنی باڵا بە چنار و ڕم و سەروو، بڕۆ بە کەوان و مانگی یەك شەوە و داس، ڕوو بە گوڵ و ڕۆژو مانگی چواردە، فرمێسك بە بارانی خۆڕ و بەفری تواوە و ... هتد بەلام واتا تایبەتی و داهێنراوەکان بریتین لەو تابلۆ و وێنە شیعریانەی کە مۆرکی تایبەتی خاوەنەکانیانن و بەناویانەوە ناسراون، دە مەحوی زۆربەی وەرگیراوەکانی شتە تایبەتیەکانی نالین. ئەناتۆل فرانس دەڵێت: [٥٦] بیرە گوازراوەکان هەرگیز ملکی ئەو کەسانە نین کە بۆ یەکەمجار دۆزیویانەتەوە، بەلام لە هەموو کەس پتر ماقی ئەوەیان هەیە کە لە بیرەوەری خەڵکیا بیچەسپێنن) من لەگەڵ ڕاکەی ئەناتۆل فرانسام تا ئەو سنوورەی کە گەڕەکە ئەدەب هەرگیز لە گەشەسەندنا بێت و هەمیشە شتی نوێ بهێنرێتە کایەوە و شاعیر قایل نەبێت بەو چەردە واتا و ناوەڕۆکە تەقلیدیانە، دیارە هەر ئەم خستنە سەرەیشە (اضافة) کە ڕەوڕەوەی ئەدەب و هەموو بواڕەکانی تری ژیان بەڕەو ئاسۆیەکی گەشتر دەبات.

هەرچەندە هەندێ ڕەخنەگر گواستنەوە و وەرگرتنی واتای شاعیری تریان بەلاوە ئاساییە، لای ئەوانە گرنگ ئەو تابلۆ و وێنە قەشەنگە تازە و داهێنراوانەیە کە واتاکانیان گرتۆتەخۆیان، واتە لای ئەمانە شێوە و ڕواڵەت کاری و ستاتیکی فۆڕم پێش ناوەڕۆك کەوتووە.

خۆشبەختانە مامۆستا مەسعود محەمەد لە وتارێکی ڕەخنەییدا بەناونیشانی (زۆرەخەون لە تەمومژ بە دەوری مەحوی تۆقەڵەوە لە کاروانی)[٦٢] پشتی ڕاکان گرتووم و بێئەوەی دانیشتبین و لەم بوارەدا بیروڕامان گۆڕیبێتەوە چووینەتە سەر یەك ڕاستە ڕێگا کەئەویش قوتابێتی مەحویی لە دانشگای بەرین و میهرەبانی نالی سەرامەد و وەستای بەهرەمەندا، مامۆستا مەسعود دەفەرموێت: [٥٧] (من وەها دەبینم شەبەنگی نالی لە شیعری (مەحوی) دا بزرە و دیاریشە نەك ئەمەو بەس بەڵکوو بزربوونەکەی لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو دەرکەوێت بەڵگەی دیاربوونیەتی لە وێژدانی مەحوی) هەروەها مامۆستا مەسعود سەبارەت بە پەیوەندی نێوان چامەی ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا) ی نالی و چامەی (بەحری نوور) ی مەحوی دەڵێت: (لە ناوەڕۆکی قەصیدەکەی هەرداونیش بەراوردێك بکرێت گەلێك شوێن پەنجەی نالی لە مەحویدا دەدۆزرێتەوە بە نموونە مەحوی دەڵێت:

چ مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ (یا خیر خلق الله)
منی بێ خێری نالائیق کا، جبریلت ثەنا خوانە

نالیش دەڵێت:

مرادم زیللەت و پاڕانەوەی حالّە نەوەك نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت
ثەناخوانە

یان مەحوی دەڵێت:

ڕەحە بەو شێتیە ئەلحەق قصێکی عاقلانەی وت
منم عاقڵ لە بەرگی عاریە خۆمم کە عاری کرد

نالی دەڵێت:

من لە بێ بەرگی ئەحەم پرسی کە بۆ چ ڕووتی گوتی
یارەبی شێت بم ئەگەر شێت بم بە بەرگی عاریە

مەحوی دەڵێت:

ئەم فیزاعەت بەدوە و حەقتە کە ناپرسی چیە
تۆیە یەکێ دائیم هەزارێکی وەکوو من دوو بە دوو بەدووت

نالیش وتوویەتی:

ڕووحنی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئصولی نال نالی

مامۆستا مەسعود دەڵێت: [٥٨] (ئەو نموونانەی بیستبومن و خوێندبومنەوە بێ هەڵوەست کردن شەبەنگی مەحوی یان لە هەستمدا بەڕەو پایە هەرە بڵندەکان دەبرد مەهارەتێکی لەو نموونانەدا ڕەنگی دەدایەوە دەت گوت لە گۆمی نالی بڵق دەدا) یان دەڵێت (لە دیوانی مەحوی بگەڕێت نموونەی دیکە زۆر دەبینیت لە حازری و بزری نالی هەموویشی هەر بە گیانی تەحەددیەوە هاتوون) بەلام سەیر ئەوەیە

(مەحوی) نەبە دوور نە بە نزیك نەبە هێما ناوی نالی
نەهێناوە بەپێچەوانەی سالم و حەمدی وەك وتمان،
یان حاجی قادری کۆیی کە دەڵێت:

(٥٩) بۆ (تضمین) بەیتەکی نالی دەهێنم تا رەفیقانم
بزانن من بە ئەو ناگەم خەزەف قەدوەك گوهر نابێ

لەلایەکی ترەوە مەحوی گەلێك جار پەنای بردۆتە
بەر تکرار واتە گەلێ جار یەك وێنە و واتای شیعری
لە دیوانەکەیدا دووپات و سێپات و چوارپات
کردۆتەوە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە گەلێ هۆی
هونەریەوە هەیە و لە دوای هێنانەوەی نموونەکانیش
لەپ دەخەمە سەر هۆکانی.

مەحوی دەڵێت:

(٦٠) دڵ بوو بە دوودی مەحض و جگەر بوو بە عەینی ئاو
ئاهم نیە دەواتە سروشکم نیە رەوان

هەر لە هەمان واتاشدا دەڵێت:

(٦١) ئەوی دڵدار و دولبەرمە ئەوا دەڕوا لەبەرچاوم
بە دوویا بۆچشی دڵ نەتوێتەوە نەڕوا لەبەرچاوم

جارێکی تر خۆی دەڵێتەوە:

(٦٢) لە بۆ ئیمدادی گریانم دەروونی کردمە خوێناو
لە چاوم سەیری کەن ئەم حوکمە دڵ و جەرگمی
جاری کرد

مەحوی دەفەرموێت:

(٦٣) بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران
کەچی وەك کودەك ئیستە دەچمە سەیران

جارێکی تر هەمان واتا دەڵێتەوە:

(٦٤) لە پێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دشنێ وەکو منداڵ
لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێ و تازە پێ دەگرم

مەحوی دەڵێت:

(٦٥) بە گریانم وەکو گوڵ پێکەنی یار
لە باغی من بە بارش غونچە پشکوت

هەمان واتا دەڵێتەوە:

(٦٦) لە شینی فیرقەتی ئەودا ئەوەندە ئەشکی سوورم ڕێت
بە دەوری جێگەما تا بڕەکاتن دیدە گوڵزارە

مەحوی دەڵێت:

(٦٧) پشتی کە دا بە پشتتەوە بۆ پشت شکاندنە
ئەمڕۆ خودا شوکورتە سبەینێ براڕۆ

هەر لە هەمان واتادا دەڵێت:

(٦٨) فەلەك هەر گا کەسێکی هەڵبڕی وەقتی هیلاکەتیە
کەسەر بۆ گەیینە پەت بێ پێ لەکورسی و ئەسکەمل چبکا

هەمان واتا دەجوێتەوە و دەڵێت:

(٦٩) زەمانە بەعضە کەسانی لەپڕ کە هەڵدەبڕێ
ئەوەندەی هەڵدەبڕێنن هەتا لەکەل دەبڕێ

بەیەك دو کلکە بەرەو ژووری بردەوە دنیا
بە تاقە نووکە شەقێکی فڕێدەدا لەپڕێ

هەرچەندە ئەم واتایە سەعدی و موتەنەبیش هەر
وتوویانە، سەعدی دەڵێت:

مکن تیکە بە رملك دنیا و پشت
زیبار کەس چون ز پەروەردەکوش

موتەنەبیش دەڵێت:

ابداً تسترد ما تهب الدنیا
فیا لیت جودها کان بخلا

مەحوی دەڵێت:

(٧٢) رەقیبی سەگ حەزی بوو کەشتمت سەیری کەچۆنی بۆم
دوعا بۆ دەست و تیفت من دەکەم بڕوانە چۆنم بۆت

هەر لە هەمان واتا دەڵێت:

(٧٣) بە تیرێ کوشتمی هەڵیاوەسیم سووتاندمی ڕۆیی
دوعا بو حفیظی کەن، کێ دیویە جانانە وا گوستاخ

هەر لە هەمان واتادا دەڵێت:

(٧٤) شەرطی کرد ئیتر ەل کوشتن بەس بکا یاڕەب بکەی
ئەو وەفا بەم شەرطە کا، ئەمما لە قەتڵی من بە پاش

مەحوی دەڵێت:

(٧٥) کە ئەو لێو و ددانەم دیی بە جارێ
لەبەرچاوم هەم و لەعل و گوهر کەوت

لە هەمان واتا دەڵێت:

(٧٦) کە باسی لێو و ددانی بکەن بەدەردەکەوێ
نیشاری لەعل و گوهر کردنی دەمی لافیظ

لە هەمان واتا دەڵێت:

(٧٧) کەی بە لەعل و گەوهەر ئەو لێو و ددانی دانیشان
ئەو ڕەهەندەی شاخە ئەم خۆشارەوەی ژووری سەدەف

ئێستا گەلی نموونەی ترم لەلایە و نامەوێ پتر
لەسەری بڕۆم بەڵام بە ڕای من ئەم سووڕانەوەیە بە
دەوری یەك واتا و تابلۆدا لەم هۆیانەدا خۆی
دەبینێتەوە:

یەکەمین:

لەیادکردن و لەبیرچوونەوە، واتە شاعیر لەوە
دەچێت قۆناخەکانی جیهانی داهێنانی کەم تا بێشێ
لەیەك دابڕابن و یەك ئەوی تری فەرامۆش کردبێت
ڕەخنەگری ناسراو (درایدن) دەڵێت: (٧٨) (گشت تابلۆ
و وێنە سروشتییەکان هەمیشە لە زەین و میشکیا
ئامادەبوون) واتە شاعیر گەرەکە هەردەم بیرتیژ و
فەرامۆش کەر نەبێت و خۆی بپارێزێت لە دووبارە و
سێ بارەکردنەوە.

دووەمین:

بە گرینگ زانینی ئەو وێنە و تابلۆیانە و پێ
لەسەر داگرتنیان و دووبارەکردنەوەیان، دیارە ئەم

باره ئاسایی‌یه، به‌ڵام سه‌یر ئه‌وه‌یه زۆربه‌ی ئه‌و واتا دووباره‌و سێ‌باره‌کراوانه وه‌ك له سه‌ره‌تادا روونم کرده‌وه له نالیه‌وه وه‌رگیراون!!

سێهه‌مین:

خامۆش بوونه‌وه‌ی شاعیر له هه‌ڵچوونی داهێنان و سووڕانه‌وه‌ی به ده‌وری واتایه‌کی جوان و قه‌شه‌نگ دا، مامۆستا مه‌سعود موحه‌مه‌د له‌م رایه‌مدا به‌دڵ گه‌رمیه‌وه پشتم ده‌گرێت و ده‌فه‌رموێت:

(۷۹)(له لایه‌کی دیکه‌شه‌وه به‌پێی تێگه‌یشتنی من له هێمای رووداوێکی ره‌نگی دابێته‌وه له دیوانی مه‌حوی به‌و جۆره‌ی تێم بگه‌ێنێ که ده‌خلی تایبه‌تی هه‌بووبێت له ئه‌ده‌بی مه‌حوی وه یا رووکاری به‌ره‌ولایه‌نێکی نوێدا سووڕاندبێت هیچی ئه‌وتۆ نابینم له‌چاو ته‌قالیدی شاعیره کۆنه‌کانمان زه‌ق خۆ بنوێنێت، له نموونه‌دا ده‌ڵێم سه‌یرێکی قصیده‌ی لاپه‌ره (۱۲۱-۱۲۲-۱۲۳-۱۲٤) له دیوانه‌که‌ی مه‌حوی بکه‌له تێشکانه‌که‌ی رووسان به‌رامبه‌ر ژاپۆنیا سالی ۱۹۰۵ هۆنراوه‌ته‌وه و به هه‌مووی یه‌ك سالّ ماوه ژیانی مه‌حوی له ۱۹۰٦ کۆتایی بێت، ده‌بینیت چ فه‌رقێك نی‌یه له‌نێوان ئه‌و قه‌صیده‌یه و هه‌رچی پێش خۆی وتراوه له‌لایه‌ن داڕشتن و فه‌رهه‌نگۆك و باوه‌ڕ و تصور و هه‌رچی شتێکی که ڕێی تێ‌ده‌چێت بێته ناو شیعری شاعیر وه یا ره‌نگێکی جوداکه‌ره‌وه‌ی تێ‌هه‌ڵسوێت باوه‌ڕناکه‌م له‌و تاکه ساڵه‌شدا که ته‌مه‌نی مه‌حوی به‌ڵای که‌مه‌وه (۷۳) سالّ بووه مه‌ودا هه‌بێ بۆ گۆڕانێك و ڕێو سووڕانێك کاربکاته سه‌ر خۆی یا ئه‌ده‌بی) واته سیمای تاکه‌ندێتی له هۆنراوه‌کانیا به‌ده‌رناکه‌وێ و دڕێژه‌پێ‌ده‌ر و ته‌واوکه‌ری قوتابخانه‌که‌ی نالی و کوردی و سالم ی ساحێبقرانه.

پوخته‌ی لێکۆڵینه‌وه‌که و را تایبه‌تی و نوێکانم له‌م چه‌ند خاڵه‌دا خۆی ده‌نوێنی:

۱) شاعیرێتی نالی وه‌ك به‌هره خۆڕسکه‌که گه‌لێك دره‌وشاوه و هه‌ڵچووتره له شاعیرێتی مه‌حوی، نه‌ك به‌ته‌نیا له بواری تاودانی ئه‌سپی هۆنراوه له سه‌رجه‌م بابه‌ت و مه‌به‌سته جیاجیاکاندا، به‌ڵکوو دانه‌مان و پیش نه‌خواردنه‌وه‌ش به‌ده‌ست بێرۆکه شیعری‌یه‌کانه‌وه، ئه‌گه‌ر (نالی و سالم و کوردی) له جوغزێکی دیاردا خرابنه خانه‌یه‌که‌وه، ئه‌وا به رای من جوغزی دووه‌م که دڕێژه‌پێدانی یه‌که‌مه بریتی ده‌بێت له (مه‌حوی - شێخ ره‌زا - حه‌مدی - حاجی قادری کۆیی - ناری - تایه‌ر به‌گ) دیاره مه‌حوی له‌م جوغزی دووه‌مدا وه‌ك ئه‌ستێره‌یه‌کی پرشنگدارتر ده‌ده‌وشێته‌وه.

۲) خۆجوینه‌وه و دووباره و سێ باره‌کردنه‌وه‌ی یه‌ك واتا و هه‌رجاره‌شی به‌شێوه داڕشتنێك، سه‌یر ئه‌وه‌یه ئه‌و واتایانه‌ش هه‌ر له نالیه‌وه وه‌رگیراون، ئه‌وه بوو هۆکانم روون کرده‌وه.

۳) به‌کارهێنانی هونه‌ری وشه‌ئارایی، واته (بدیع)، جۆرێکه له سنعه‌ت کاری له شیعرا و بمانه‌وێ و نه‌مانه‌وێ، که‌م تا زۆر شاعیر تووشی ئه‌زیه‌ت خواردن و زۆر له‌خۆکردن ده‌کات، هه‌ربۆنموونه ره‌خنه‌گره عه‌ره‌به‌کان زۆرجار سه‌رووڵی وئه‌بوته‌مام و ئیبن الموعته‌ز و بوحته‌ریان گرتوه له‌سه‌ر ئه‌م مه‌به‌سته، به‌ڵام لای نالی له‌گه‌ڵ به‌کارهێنانی ئه‌و هه‌موو به‌دیعه‌دا هه‌رگیز هه‌ست به خۆسه‌خڵه‌ت کردن و پیش خواردنه‌وه ناکرێت، به‌ڵام به‌پێچه‌وانه‌وه لای مه‌حوی به‌بێ به‌کارهێنانی به‌دیعیش هه‌ست به خۆئه‌زیه‌ت دان و ته‌که‌لوف ده‌کرێت و شاعیر په‌نا ده‌باته به‌ر سه‌بکی هیندی، که مامۆستا مه‌سعود موحه‌مه‌د پێی ده‌ڵێت: (سه‌بکی مه‌حوی).

٤) به پای پیلان سوودبینین و وه‌رگرتن له لێکچواندن و خوازه و (التشبیة والاستعارة) واتا نه‌وازه و داهێنراو تایبه‌تێکانی نالی و ده‌ست به‌سه‌راگرتنیان بێ هێماکردن بۆ سه‌رچاوه.

٥) ئه‌و لادانانه‌ی که مه‌حوی له ئه‌نجامی مۆرسی کێشی و سه‌روادا وه‌ك هه‌ر شاعیرێکی کلاسیکی کوردی تووشی هاتوه، یان زمانه‌وانی یان ڕێزمانی‌یه، با ئه‌وشه نه‌بوێرم که نالی و سالمیش که‌م تا بێشبێ هه‌ڵه‌ی زمانه‌وانیان هه‌ر هه‌یه، دیاره هۆکاره‌کان هه‌ندێکی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ قورسی کێشه‌کان که هه‌ندێکیان کێشی عه‌ره‌بین و له‌گه‌ڵ زمانی هۆنراوه‌ی کوردیدا به‌ئه‌زیه‌ت ده‌ساچێن و له‌نگه‌ر ده‌گرن، هه‌ندێکی تریان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ یه‌ك قافیه‌یی چامه و هه‌ندێکی تریش بۆ ئاستی به‌هره‌ی شاعیریه‌ت و ده‌سه‌ڵات به‌سه‌ر فه‌زای چامه‌دا، له زمانی عه‌ره‌بیدا به‌پێی ده‌ستووری (ئه‌وه‌ی بۆ شاعیر ده‌ست ده‌دات بۆ خه‌ڵکی تر ده‌ست نادات) هه‌ندێك بوار و فرسه‌ت له‌به‌رده‌م شاعیردا کراوه‌ته‌وه و که‌م تا زۆر شاعیری عه‌ره‌ب سوودی لێ‌ببینیون، به‌ڵام زۆربه‌یان بواری زمان و (صرف) ن و به‌ده‌گمه‌ن بواری هه‌ڵه‌ی ڕێزمانی تێکه‌وتووه، دیاره لای مه‌حوی وه‌ك پیشانم

دان لادانەکان رێزمانین، ئەوەی شیاوی وتنە تا ئێستا لای ئێمەی کورد هیچ جۆرە داب و نەرێت و یاسایەك بۆ ئەم بابەتە دانەنراوە و خۆزگە زاناو توێژەرەوە کوردەکان لەم بوارەدا هەنگاویان هەڵدەهێنا و ئەم کەلەبەرە تیوریەیان پڕدەکردەوە.

٦) رەخنەی داهێنەرانە گەرەکە مامەڵەی هۆش و بیرکردنەوە و لۆژیك بێت لەگەڵ دەق و ناوەندە داهێنانەکەدا و هەردەم دووربێت لە سۆز و عاتیفە و هەواو هەوەسی تاکەکەس، نەك هەر ئەمەش بەتەنیا، بەڵکو نابێت لایەنە سەلبیەکانی شاعیرێ ببێتە هۆی ون کردن و بەگۆماکردنی لایەنە باش و درەوشاوەکانی. هەربۆیە مەحوی لە وژدانی ئەدەبی و نرخ شناسیدا ئەستێرەیەکی پرشنگدارە و بە ئاسمانی ئەدەبی کوردیەوە دەجریوێنێ و هۆنراوەی ئەوتۆی هەن بەتایبەتی چامەکانی لاپەڕە (٥٦ ، ٧١ ، ٢١٧ ، ٢٢٨ ، ٢٣٠ ، ٢٣٢ ، ٢٥٦ ، ٢٦٠ ، ٢٦٢ ، ٢٧٠ ، ٢٨٠ ، ٢٩١ ، ٢٩٧) دەیخەنە پاڵ بەرهەمە شیعریە نەوازە و دەگمەنەکانی کورد.

سەرچاوەکان:

١) مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلادین سەجادی.
٢) کاروانی ژمارە (٦٢) زنەخەون لە تەمومژ بەدوری (محوی) تۆقەڵەوە ل (٣٣–٤٥).
٣) دیوانی مەحوی.
٤) دیوانی مەحوی.
٥) دیوانی مەحوی.
٦) دیوانی مەحوی.
٧) دیوانی مەحوی.
٨) دیوانی مەحوی.
٩) دیوانی مەحوی.
١٠) دیوانی مەحوی.
١١) دیوانی سالم ل ٣٥.
١٢) دیوانی مەحوی.
١٣) بڕوانە حدیث الأربعاء – طه حسین.
١٤) دراسات في الأدب المقارن والمذاهب الادبیة ٠ مطبعة الرابعة – بغداد – ١٩٥٨ ص ١٧٠.
١٥) دیوانی مەحوی ل (٧٧).
١٦) دیوانی نالی.
١٧) دیوان ابن الفارض.
١٨) دیوانی مەحوی ل (٧٧).
١٩) دیوانی نالی ل (٩١).
٢٠) دیوانی مەولەوی ل (٥٣٩).
٢١) دیوانی مەحوی ل (٤٥).
٢٢) دیوانی مەولەوی ل (١٩٨).
٢٣) دیوانی مەحوی ل (٧٩).
٢٤) دیوانی نالی ل (٣٥١).
٢٥) دیوانی مەحوی ل (٤٠٧).
٢٦) دیوانی مەحوی ل (٢٢٢).
٢٧) دیوانی نالی.
٢٨) دیوانی مەحوی ل (٩).
٢٩) دیوانی نالی
٣٠) دیوانی مەحوی ل (٩).
٣١) دیوانی نالی ل (٣٥١).
٣٢) دیوانی نالی ل (٢٨٨).
٣٣) دیوانی مەحوی ل (٢١٤).
٣٤) دیوانی سالم.
٣٥) دیوانی مەحوی (٢٥٤).
٣٦) دیوانی نالی ل (٢٤٤).
٣٧) دیوانی مەحوی ل (٨٠).
٣٨) دیوانی نالی.
٣٩) دیوانی نالی
٤٠) دیوانی مەحوی ل (٩٣).
٤١) دیوانی نالی ل (٢٨٠).
٤٢) دیوانی مەحوی ل (١٩٧).
٤٣) دیوانی مەحوی ل (١٥٠).
٤٤) دیوانی مەولەوی ل ٥١٥.
٤٥) دیوانی مەحوی ل (٣٩٩).
٤٦) دیوانی نالی ل (٢٠٨).
٤٧) دیوانی مەحوی ل (٤٦٢).
٤٨) دیوانی نالی ل (١٠٩).
٤٩) دیوانی مەحوی ل (١٣٧).
٥٠) دیوانی نالی ل (٢٣١).
٥١) الشعر الصوفي حتى افول مدرسة بغداد و ظهور الغزالي – دار الرشید للنشر ١٩٧٩ – عدنان الراوي.
٥٢) دیوانی مەحوی ل (٨١).
٥٣) دیوانی نالی ل ٤٦٦.
٥٤) الموازنة بین ابي تمام والبحتري (الطائیین) – الامدی ص (٢٢١–٢٢٢–٢٢٣).
٥٥) بلاغة ارسطو بین العرب والیونان ص (٣٤٦–٣٤٧).
٥٦) کاروان ژمارە (٦٢) مەسعود محەمەد.
٥٧) هەمان سەرچاوە.
٥٨) دیوانی حاجی قادری کۆیی.
٥٩) دیوانی مەحوی ل (٤٠٧).
٦٠) دیوانی مەحوی ل (٢٢٢).
٦١) دیوانی مەحوی ل (١٠٩).
٦٢) دیوانی مەحوی ل (٢٤٠).
٦٣) دیوانی مەحوی ل (٢٢١).
٦٤) دیوانی مەحوی ل (٨٠).
٦٥) دیوانی مەحوی ل (٤٦٢).
٦٦) و =
٦٧) و =
٦٨) دیوانی مەحوی ل (١٤).
٦٩) دیوانی مەحوی.
٧٠) غزلیات سعدي ١٧٥.
٧١) بین المتنبي و سعدی – حسین علی محفوظ ص (٢٤٧).
٧٢) دیوانی مەحوی.
٧٣) دیوانی مەحوی.
٧٤) دیوانی مەحوی.
٧٥) دیوانی مەحوی.
٧٦) دیوانی مەحوی.
٧٧) دیوانی مەحوی.
٧٨) مبادیء النقد الأدبي – أ – أتشارد – ترجمة و تقدیم الدکتور مصطفی بدوي ص (٢٣٩).
٧٩) گۆڤاری کاروان ژمارە (٦٢) مسعود محەمەد.

ئەزمەی شیعری نوێی کوردی

د.کەمال مەعروف

پێشەکی:

باسەکەمان کە لەسەر قەیرانی شیعری نوێی کوردییە. لەم باسەدا دەمەوێ دەست نیشانی چەند خاڵێکی گرنگ بکەم، کە پەیوەندی بە ئەزمەی شیعری نوێی کوردییەوە هەیە، وەکو ئەوەی شیعری کوردی لە چ ئاستێکدایە، ئایا شاعیرانی کورد توانیویانە رۆڵی خۆیان وەکو شاعیر ببینن؟ توانیویانە ئەرکە هونەریەکانیان جێبەجێبکەن؟ ئایا شیعری کوردی هەڵگری چ پەیامێکە؟ ئایا شیعری کوردی رەوڕەوەی سروشتی خۆی گرتووە؟

رەهەند و تێڕوانین و ئاستۆی شاعیرانی کورد چۆن دەبینرێن؟ ئەو هۆیانە چین کە پاڵیان بە شاعیرانی کوردەوە ناوە کە خۆیان بە دیاردە دەرەکیەکانەوە خەریک بکەن و دیاردە ناوەکیەکان فەرامۆش بکەن؟ ئاستەنگەکانی شیعری کوردی کامانەن؟ چۆن دەتوانین شیعری نوێی کوردی بەرەو رەوتی راستەقینەی خۆی بەرین؟ ئایا شیعر وەزعی چۆنە؟ جەماوەری هەیە یاخود نیەتی؟ دوای ڕاپەڕین بەرەوکوێ چووە؟ داهێنان و ئەفراندن لە بواری شیعریدا چۆنە؟ ئایا ئەزمەکە جیهانیە یاخود ناوچەییە... هتد.

هەروەکو ئاشکرایە رۆڵی شیعر بەپێی کۆمەڵ روو لە داچوون و هەڵچوونە، لە کۆمەڵی سەرمایەداری کۆمەڵگای پێشکەوتووی زانست و تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و سەتەلایت دا، کۆمەڵی چەکی ئەتۆمی و ئەستێرەناسیدا، ئەدەب و هونەر لە گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامی دایە، بەڵام بەگوێرەی شیعرەوە لەدوای هەموو هونەرەکانی تری ئەدەبەوە دێت.

"چیتر شیعر کەرەسەی یەکەمی دەربڕین نیە لە کۆمەڵدا، بەڵکو رۆژنامەگەری شوێنی گرتۆتەوە، چیتر شیعر هۆیەك لە هۆیەکانی راگەیاندنی رۆشنبیری و کات بەسەربردن نیە، بەڵکو رادیۆو و تەلەفزیۆن و سینەما شوێنەکەیان پێلەق کردووە" (1)

رەخنەگرێکی فەرەنسی دەڵێ: "لەم ژیانە سەخت و پڕ کێشمەکێشەدا، کە خەڵکی بەدوای دەستەواژەی ناوبانگەوە وێڵن، لەگەڵ مادەدا چ فرسەتێ بۆ شیعر نەماوەتەوە، بەجۆرێ خوداوەندی لەبیردەکەن چ جای شیعر" (2)

دوورکەوتنەوەی کۆمەڵ لە شیعرا، دیاردەیەکە هەر بەتەنیا فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیای نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەم پەتایە هەموو جیهانی تەنیوەتەوە، رۆژ بە رۆژیش پانتایەکەی فراوان تر دەبێت، هۆی ئەم دیاردەش زۆر و جۆراوازن، لەمانە هۆی دەرەکی و ناوەکین، هەندێ جار هۆیەکە بۆ جەماوەر و هەندێ جاریش بۆ خودی شاعیرەکان دەگەڕێتەوە.

چارەنووسی شیعر لە چارەنووسی شانۆ زیاتر پڕ لە کارەساتە، ئەو شیعرەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ جەماوەرێکی گەلێ بەرفراوانی هەبوو، کەچی ئەمڕۆ پێچەوانەبۆتەوە، روو لە داچوون و لەناوچوونە.

شاعیری فەرەنسی (جان تاردیو) دەڵێ: "جاران شیعر کیشــوەرێکی بــەرفراوان بــوو، ئــەمڕۆ بۆتــە بیابانێکی دوورەپەرێز".

ئەو رێپۆرتاژەی کە لە ســاڵی ١٩٨٢ لــە فەڕەنسا کرابوو، دەری دەخا کە تــەنیا لــە (٢٪) ی خــەڵکی فەڕەنسا شیعر دەخوێننەوە و لــە (٣٠٪) ی ڕۆمــان و چیرۆك دەخوێننەوە" (٣)

ئەو ڕاپۆرتــەی کــە لــە گۆڤاری فکر (Esprit) ی فەڕەنسی بڵاوکرابۆوە، ڕوونیدەکاتــەوە کــە ڕێــژەی ٥٣٪ ی فەڕەنسیەکان هیچ شتێ ناخوێننــەوە لەوانــە ٧٢٪ ی کرێکارن و ٨٢٪ ی جوتیارن، کــە خۆیــان بــە هیچ جۆرە خوێندنەوەیەك خــەریك ناکــەن بــەگوێرەی شیعرەوە دەگاتە ڕادەی ٩٩٪ هۆکەشــی ئەوەیــە کــە شاعیرە گەورەکانی فەڕەنســا وەکــو "بونفــوا، هــنری میشۆ، ڕینیەشار، تاردیو، گلفیك" لە ١٨٠٠ دانە زیاتر لــە دیوانــەکانیان بــەچاپ ناگەیــەنن، چــاپ کردنیشــی مانای وانیە دەفرۆشــرێت، فرۆشتنیشــی مانــای وانیــە کە دەخوێندرێتەوە" (٤)

بەڵکو زۆر جار فەڕەنسیەکان دیوانەکان دەکڕن و دەیانخەنــە نــاو جامخانــەوە بــۆ جوانــی نــەك بــۆ خوێندنەوەی.

هــەتا وڵات بــەرەو پیشەســازی بچــێ، شــیعر و ئــەدەب بــەرەو کــەمی دەچــێ، ئەمــەش واقعێکــە پەیوەندی بە پەرەسەندنی ســەرمایەداریەوە هەیــە، گلفیك کە شاعیرێکی هاوچــەرخی فەڕەنسیە دەڵــێ: "باوەڕەکــەم ئــەمڕۆ ســەراپای ئــــەوروپا ســــەربە دەستەڵاتی قــانونن هــەموو شــتێکی گیــانی بــەرەو هــەڵدێری دەڕوا، هــەڵدێریــــەکی بــــەهێز، کاتــێ شــتە گیانیــەکان بــەرەو لێــژی دەچــن، شــیعریش بێشــك بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە" (٥)

بــەردەوام دەبێت و دەڵــێ: "بــــەگوێرەی دەزگــا چاپەمەنیەکانــەوە شیعر کاڵایەکــە بەهایــەکی بــەرزی نیــە، شــاعیرەکانیش لــە تــەنیایی و دوورەپــــەرێزیدا دەژین، بەرنامــەی شیعر لــە تەلــەفزیۆندا نیــە، بــەڵام بەرنامەیــــەکی ڕادیــــۆ چــــەند دەقیقەیــــەك شــــیعر بڵاودەکاتەوە کە خــەڵکێکی زۆر گوێی لــێ ناگرن" (٦)!!

لە پرسیارێکدا کە لە ئاراگۆنی شاعیر کرابوو، کــە ئایا خەڵکی فەڕەنسی حەز لــە شیعر دەکــەن یــاخود نەء؟ لە وەڵامــدا وتبــووی خــەڵکی فەڕەنســا حــەز لــە سێ شت دەکــەن، ســــەفەرکردن، بلیتــــی یانســــیب، بۆڕبۆڕێنی ئەسپ.

ئەگەر وڵاتێکی وەکو ڕوسیا وەریگرین، دەبینیــن شاعیرانی وەکو "ئەخماتۆف، برۆدسکی، باســترناك" بەتــەواوی پشــت گــوێ خــراون، خــەڵکی ڕووســــیا سەرقاڵی کابۆی جینزۆ هەمبەرگەری مەکدۆنالن.

لە ئەمریکا و بەریتانیاش شــیعر لــە پــەراوێزی ون بــوون دایــە، زۆربــەی دەزگا چاپەمەنیــەکان ئــاوڕ لــە شــــیعر نادەنــــەوە، چونکــــە لــــەڕووی دارایــــەوە، ڕەواجێکیان پێنابەخشــێ، خــەڵکی لەبــەر نــەبوونی کات ناپەرژێنە سەر خوێندنــەوەی شیعر، بەتایبــەتی شیعری نوێ کە تــەماوی و نادیارە، دیارە شاعیران زۆرن و جــەماوەریان کــەمن، پایلۆنــیرۆدای شــاعیر پێشبینی ئەوەدەکات کە شیعر ڕووبەڕووی قەیرانێکی دژوار دەبێتەوە، بۆیــە دەڵێت: "لــە ســەدەی نوێــوە لــەدوای ســاڵانی دوو هــەزارەوە شیعر لــە ســـروتێکی ماتەمیدا ئارام دەگرێ، لەوانە نیــە شیعر لــە ســاڵانی دوو هەزاردا شۆڕشێك بەرپا بکات، هەروەها لەوانەش نیە شاعیرانی ساڵانی دوو هەزار بگەنە ڕادەی ئەوەی خۆیان بە تاکە میری مەملەکەتی شیعر بزانن" (٧)

هولدرلین شاعیرێکی ئەڵمانییە دەڵێ: لە ڕۆژگاری توند و سەختیدا، شاعیران لەپای چی، وشەکانیان چ سوودێکی هەیە بەرامبــەر هەڵمــەتی تەکنــەلۆژیا کــە جیهانی کردۆتە گوندێکی چکۆلە" (٨)

لــێرەدا بۆمــان دەردەکــــەوێ، کــــە ئەزمەکــــە، ئەزمەیەکی جیهانییە لەلایــەك، لەلایــەکی تــرەوە ئــەو بیروڕایانە پوچەڵ دەکاتەوە، کە دەیان وت شیعر لــە هەموو کات و شوێنێك دا تــاجی پاشــایەتی لەســەرەو شێخی هەموو هونەرەکانی ترە.

هەر لەکۆنەوە یۆنانیەکان ئارەزووی شیعریان کەم بــووە، زیــاتر بــەلای شــانۆ و وێنەکێشــاندا چوونــە، تەنانەت ئیفلاتون شیعر بە وزەیەکی لاوەکی دادەنــێ و دەڵێ شتێکی ساختەو بێکەڵکە دەیویست لەســەر ڕووی زەوی نەیهێڵێ، شاعیرەکانیشی لە کۆمارەکەیدا وەدەرنا. لە چەرخی جاهیلیدا شیعر دەسکەوتێکی بــۆ خێــزە بــوو، بــەڵام لــە ئیســلامدا دوای قورئــان و خیتاب دێت پاش (المتنبی) شاعیر شیعر بەتــەواوی وێــران بــوو، "هــەندی لــە شاعیرەکان شــیعریان بــۆ ئاهــەنگ و ژن هێنــان و ماتــــەمی و بۆنەکانــــەوە بەکاردەهێنا، بەمەش نرخی شــیعریان نــزم کــردەوە،

گەیشتە ئاستێك کە دوور بوو لە چەمك و وێنەی شیعری" [9]

بەڵام لەلایەن شاعیرانی مەهجەرەوە، هەناسەیەکی وەبەرهاتەوە.

جا نازانین ئەمڕۆ شیعری عەرەبی لە چ ئاستێك دایە، جهاد فاضل رەخنەگرێکی ناسراوە، دەڵێ: "نزیکەی (١٥٠) دیوانە شیعری جۆراوجۆرم خوێندۆتەوە کە لەو پێنج ساڵەی دواییدا لە تێکڕایی وڵاتانی عەرەبی چاپ و بڵاوکراونەتەوە شتێکی کەمیان نەبێ، ئەگینا شایستەی دەست خۆشی و بایەخ پێدان نین، بەتەنیا دە تا پانزە دیوان نەبێ کە هۆنراوەی جوان و باشن، ئەمەش مانای وا نیە کە بێگیروگرفتن، ئەگەر ئاوڕێك لە ناوچەی شیعری عەرەبی بدەینەوە، دەبینین ناوچەیەکی وێرانە" [10]

شاعیرێکی ناسراوی وەکو مەحمود دەرویش لە دیمانەیەکیدا لێیان پرسیبوو "کە گوایە عەرەبەکان حەز لە شیعر دەکەن لە وەڵامدا وتبووی، ئەمە قسەیەکی راست نیە، ئەفسانەیەکی کۆنە حەز و خۆشەویستی چی، دیوانە شیعرێك (٥٠٠) دانەی لێ چاپ دەکرێت و پێنج ساڵ دەمێنێتەوە" [11]

راپەڕین وەك رووداوێکی مێژوویی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵی کوردستان هێنا، بەڵام بەهۆی ئەو بارە نالەبارەی کە بەسەر کوردستانی باشوردا هات. لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ و ململانێی تەسکی حیزبایەتیدا، باری رۆشنبیری دووچاری تەنگژەیەکی بێهاوتا بۆوە، لەلایەك بەشێك لە رۆشنبیران رۆڵی سەرەکی و پێشڕەوایێتی خۆیان لەدەست دا و بوونە پاشکۆی حیزبەکانەوە، لەلایەکی ترەوە بەهرەی ئەفراندن زۆ تێپەڕاندن روو لە کزیوون و داچوونە.

ئەم دیاردەیەش، دیاردەیەکی جیهانییە لە ئەدەب و هونەردا، پاش هەرەس هێنانی بلۆکی سۆشیالستی لە سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا، بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەرەو کزی رۆیشتن، ساڵی ١٩٩٢ لە ئەڵمانیای رۆژئاوادا کۆبونەوەیەك لەلایەن سۆلجنستین و هاوڕێکانی بەسترا، بەمەبەستی دەرخستنی هۆی سەرەکی کزی داهێنان دوای پێڕسترۆیکا، وتیان جاران لە ئەروپای رۆژئاوادا بایەخێکی یەکجار زۆر بە بەرهەمەکانی ئەدەبا و بە چاپیان دەگەیاندن، چونکە دژی رژێمی کۆمۆنیزمی بوون، کەچی پاش ئەو گۆڕانکارییەی کە لە سۆڤیەت رووی‌دا ئیمڕۆ لە ئەوروپای رۆژئاوادا کەس ئاگای لە ئێمە نەماوە، لە کۆمارەکانی رووسیاش لەبەر برسیەتی و بێکاری و نەبوونی کەس شیعر و چیرۆك ناخوێنێتەوە، بۆیە شتێکی سەروشتییە کە بەرهەمەکانی ئێستامان رو لە کزی و داچوون بکەن.

سوالجنستین تا دوێنێ دژی کۆمۆنیزم دەجەنگا ئیمڕۆ خودی خۆی بەرگری لە چەوساوەکانی رووسیا دەکات و دەڵێت: دیموکراسی لە رووسیاو نەگەل خاوەنی چارەنووسی خۆی نیە" [12]

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ نووسەری رووس ئاخماتۆف کرابوو؛ دەربارەی ئەدەب و هونەر لە رووسیای ئیمڕۆدا، نووسەرانی قۆناغی شورەوەی بەدەست فشاری زۆری سانسۆر و ئایدیۆلۆژیاوە دەتان نالاند، لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی بالاتان داهێنا، کاری باشتان پیشکەش کرد، کەچی ئێستا سانسۆری هەموو نوسینەکان هەڵگیراوە، بەرهەمی داهێنەرانەی دانسقە نابینین؟

لە وەڵامدا وتی: ناکۆکی و گالتەجاڕی ئازادی لێرەدایە، چونکە ئێمە تا ئێستا و بەڕاستی کرۆکی ئازادی و بە ئازادی داهێنانیشەوە هەست پێناکەین، ئەگەرچی هەموو پایگە و فاکتەرەکانی بوژاندنەوەی ئەدەب لە ئارادان. ئەو بوژاندنەوەیە نەهاتۆتە گایەوە، چونکە ئێمە ئامانجەکەمان لەدەست داوە. ئەو تەرازوی بەها مرۆیانەش تێك چوون کە ئەدەب پارێزگاری لێبکات، چەمکی هەموو شتە جوانەکانمان لەدەست داوە، ئەدەبەکەمان ئەرکی بالاو بڵندکردنەوەی مرۆڤی لەدەست داوە، هیچ ئەدەبێکی وا نابینم ئێستا بتوانن داهێنانی خۆیان بگەیەننە ئاستی تۆلستۆی و دستۆفسکی و چیخۆف، ئەگەرچی ئیمکانیاتەکانی ئێستا هێندە زۆرن لەگەڵ جاراندا بەراورد ناکرێن؟ [13]

ئەو نیمچە دیموکراسییەی کە لە کوردستانی باشوردا هاتۆتەکایەوە لە ئەنجامی ناکۆکی و دووبەرەکی حیزبایەتی، ئەدیبانی کوردبوون بە دوو بەشەوە، ئەمەش وای کردووە، کە هەر حیزبە و شاعیرو رەخنەگری تایبەتی خۆی هەبن، دیارە حیزبایەتی تەسك بەڕادەیەکی زۆر دەستی هەبووە لە

شێواندن و تێك دانی پەیوەندی نێوان رۆشنبیران، بەجۆرێ كە گیانی هاریكاری و باوەڕبەیەكتر نەكردن لەنێوانیاندا تەشەنەی سەندووە، كە زۆر زەحمەتە دوو شاعیر یاخود دوو نووسەر لەگەڵ یەكدا هەڵبكەن و بگونجێن ئەمەش نەك هەر لێرە، بەڵكو لە دەرەوەش هەمان دیاردە دەبینرێ، بێ شك كاری نائەرێی دەكاتە سەر داهێنان و بەرەو نابووتی و بێبایەخی دەبات، جا با بزانین خودی ئەدیبان لەم بارەیەوە چی دەڵێن:

جەبار جەمال دەڵێ:

"بەش بە حاڵی خۆم راپەڕین نیوەی ڕوحیەتی نووسینی منی كوشت، ئەو كێوە مەزنەی هیوا و خەونەكانم تێدا هەڵگرتبوون بەسەر یەكدا تەپاند، لە راپەڕین دا میزیان لە بن داری ئازادی كرد، چاوی قەڵەمیان ترساند و تووشی شەرمەزاری و بێمروەتیان كرد، قەڵەمی كورد نەیدەزانی روو لە كوی بكا لەگەڵ كێ هەڵپەڕێ و لەگەڵ كێ شین بگێڕێ" (١٤)

دیارە حیزبەكان بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵ و كۆشش دان، بۆئەوەی رۆشنبیران دەستەمۆ بكەن و بیانخەنە ژێر ركێف و بازنەی خۆیانەوە، تاكو بتوانن بە ئاسانی بەرنامە و ئامانجەكانی راگەیاندنی دەزگای دەستەڵاتی خۆیانی پێ مەیسەر بكەن و لەهەمان كاتدا ئەگەر رۆشنبیران وابزانن، كە دەتوانن رۆڵی خۆیان لە خزمەت كردنی رۆشنیری ببینن، بەپێچەوانەوە ئامانجی حیزبی دەستەڵات بەستنەوەی رۆشنبیرانە لە سنوری راگەیاندنی خۆیەوە، بەمەش گیانی ئەفراندن لەناو دەچێ، رۆشنبیر بۆچوون و تێڕوانین و كەسایەتی خۆی ون دەكات و دەبێتە زۆرنالێدەری دەستەڵات، لەلایەكی ترەوە هیچ حیزبێك ناتوانێ رێنمایی نووسەر و رۆشنبیری ئازا و نەترس بكات، بۆیە دەبینین حیزبەكان زۆر لە رۆشنبیری بێلایەن دەترسن، چونكە پەردە لەسەر كارە خراپەكانیان هەڵدەماڵێ و واقیعی شتەكان دەخاتە روو.

لە خەسڵەتە سەرەكیەكانی شیعری كوردی مەسەلەی نەتەوایەتی و سیاسەت و نیشتمانیەیە، كە شیعری كوردی گیرۆدەی قەیرانێكی كوشندەو ترسناك كردووە، شیعری لە رێڕەو و رێبازی راستەقینەی خۆی دوورخستۆتەوە، دەگەڵ لەناو دەقدا باسی سیاسەت بكرێت، بەڵام لە روانگەی هونەرییەوە دەبێ سەیری دنیای سیاسەت بكرێت، پێویستە لەسەر شاعیر كە زۆر وریابێ و پارێزگاری گیانی هونەری خۆی بكات ئەگینا كارەكەی بێ بەها دەبێ، چونكە ئەركی شاعیر خستنەڕووی واقیع نیە، بەڵكو دەبێ لە جیهانێكی تردا راستی بدۆزێتەوە.

گلفیك دەڵێ: "شاعیر نابێ لە خزمەتی هیچ شتێك دا بێ، تەنیا لە خزمەتی خودی خۆی نەبێ، شیعر دەبێ رەنگدانەوەی ناخی شاعیر بێ، بەم جۆرە دەتوانێ ببێتە شتێكی نایاب و قوڵ و لەچوارچێوەی كۆمەڵی پێشكەوتوودا خزمەت بە مرۆڤ و توانای مرۆڤایەتی بكات" (١٥)

ئەرشیبولد مكلیش رەخنەگری ئەمریكی دەڵێ: "ئەو شاعیرانەی كە لە زەمانی ئێمەدا شیعر دەنووسن، هەوڵی ئەوە نەدەن كە چارەسەری تەنگژەكانی چەرخ بە شیعر بكەن، بەڵكو پێویستە مومارەسەی هونەرەكەیان لەپێناوی هونەردا بكەن" (١٦)

قەیرانەكە خودی شاعیرە لاوەكان لێی بەرپرسیارن، شاعیرەكان چ بە لاسایی‌كردنەوە چ بە گواستنەوەی داهێنانی شاعیرانی جیهانییەوە خەریكن، بەمەش دەیانەوێ بە خوێنەری كورد بڵێن شتی تازەمان داهێناوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە زمانێكی قورسی فەرهەنگی و دەقێكی نامۆ و ئاڵۆز دەخەنە روو، كە بەلای خۆیانەوە وای پێشان دەدەن كە ئەفراندنیان كردووە، یاخود بەشێكی تر یاری بە رووخساری قەسیدە دەكەن و رستە شیعریەكان لەسەر شێوازی هەندەسی هەڕەمی دابەش دەكەن، بەمەش دەیانەوێ خوێنەر چەواشە بكەن، كە گوایە ئاسۆیەكی نوێی شیعریان دۆزیوەتەوە، بەشێكی زۆری شیعرەكان تام بۆی شیعریان نیە و یەكێتی بابەتیان بەخۆوە نەگرتووە.

شێركۆ بێكەس لەم بارەیەوە دەڵێت:

" بەشێكی ئەم شیعرانە زیتر لە یاری‌كردن ئەچێ لە یاری‌كردن لە وشە، لە جۆرێك لە لاسایی‌كردنەوەی با بڵێین كۆمەڵێك قەسیدە كە لە زمانێكی تردا خوێندبێتەوە بەكورتی پێم وایە بەشێكیان لە شیعری تەرجومەكراو ئەچێ واتە لەو شیعرانە ناچن كە خاوەنەكانیان بە زمانی كوردی ئەو شیعرانەیان نووسیبێ" (١٧)

شاعیرانمان لەجیاتی ئەوەی بیر لە پرۆژەی داهاتوو بکەنەوە بیر لە بژێوی ژیان دەکەنەوە، چونکە ژیانەکە ئەوەندە سەخت و دژوارە، تووشی بێهوودەیی و بێهیوایی و باوەڕنەبوونە بە دواڕۆژ و نازانن داهاتوو چۆن دەبێت و چ روودەدات، کەواتە ئەزمەکە، هەر ئەزمەی شیعر نیە بەڵکو ئەزمەی ژیانە، شیعریش دیوێکی تری ژیانە بۆیە رووبەڕووی ئەم قەیرانە دەبێتەوە.

یەکێك لە تەنگژکانی شیعری نوێی کوردی، تەنگژەی زمانە، ئەو زمانەی کە لەناو منالّ دانی رۆشنبیریەکی قوواڵی پڕ مەعریفەتی شیعر چێ دەبێ، پێچەوانەکەشی شیعرێکی کاڵ و کرچی بێ مانای لێدەردەچێ. شاعیری باشیش ئەو شاعیرەیە کە پشت بە ساکاری و سادەیی دەربڕین دەبەستێ، بە وێنەی هونەری جوان و سیمبوڵی خۆماڵیانە تێشك دەخاتە سەر ماناکەی. دیارە جوانی بە ساکاری لەدایك دەبێ.

بەاڵی منەوە خاڵێکی سەرەکی ئەم ئەزمەیە بۆ شیعرەکە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی شیعر کە بەرەو پەخشان چوو مۆسیقا و ئاوازی بنەڕەتی لەدەست دەدا، بە لەدەست دانی ئاوازی شیعرەکەش ئەو تام و چێژەی جارانی نامێنێ شاعیران وێستیان شیعر لە تەنگژەی پێشوو دەرباز بکەن، بەاڵم کەوتنە ناو شۆکی ئایندەوە.

دیارە ژیانی تاراوگە، لایەنی ئەرێنی و نائەرێنی هەیە، بەشێك لە شاعیرانی تاراوگە لەبەر گەلێ هۆکاری کۆمەاڵیەتی و رۆشنبیری، وەکو پێویست نەیانتوانیوە سوود لە تاراوگە ببینن، چونکە غوربەت و تەنیایی و دوورەپەرێزی و نامۆیی و ڕاڕایی و نەگونجان لەگەڵ دەوروبەردا وای کردووە، کە نەتوانن ئەدەب و شیعری مەنفا دروست بکەن و تایبەتمەندی خۆیان هەبێ، بەڵکو هەردەم بەرهەمەکانیان بەردەوامی بەرهەمەکانی کوردستانە.

راستە لەگەڵ تەپوتۆزی راپەڕیندا گەلێ دەنگ و ڕەنگی جیاواز سەریان هەڵدا، بەاڵم تا چەند بەرهەمەکانیان کرداری داهێنانی بەخۆوە گرتووە؟ بێگومان داهێنان و تەجاوزێکردن لە شیعر و ئەدەبدا، پێویستی بە خوێندنەوەی سەرچاوەی هەمەاڵیەنەی رۆشنبیری هەیە ئاشکرایە دوای راپەڕین وەکو پێویست نەتوانراوە سەرچاوەی سەرەبی بگاتە کوردستان، ئەمەش بۆ گەلێ هۆ دەگەڕێتەوە لەسەرووی هەموویانەوە دابڕانی کوردستانە لە جیهانی دەرەوە، رۆشنبیری کورد لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە.. دیارە عەقڵێ مرۆڤی کورد، ئەگەر مەرجی بۆ بڕەخسێت داهێنان و ئەفراندنی دەبێت، چەند سیمبولێکی دیارمان هەیە، کە بەردەوام لە ئەفراندن و داهێنانن...

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری کوردی لە قەیرانێکی هەمەاڵیەنە دایە و شاعیران وەکو پێویست نەیان توانیوە پەیامی راستەقینەی شیعر جێبەجێ بکەن، بەڵکو خۆیان بە شتی الوەکیەوە خەریك کردووە، بەشێکی تری ئەزمەکە دەکەوێتە سەرشانی جەماوەر و هێزی دەستەاڵتەوە

سەرچاوەکان:

١. براندیل جاریل، ترجمة ماهر حسن: أزمة الشعر المعاصر، دار الوحدة العربية، القاهرة، ٨٩٦٢، ص ٦.

٢. نفس المصدر السابق.

3. FranCoise et Paul Gerbod,:- Introducion a la vie Litterarie du XX° – siecle Ed, Bor bas. Paris, 1986, PP 92-93.

٤. پۆل شاوول: الشعر الفرنسي الحديث، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٠. ص ٣٦.

٥. حواره كمال معروف "اوجين گلفيك كلماته الحائرة فرح للعالم" في جريدة الحياة اللندنية، العدد (٩٩٧١)، ٨٩٩٠.

٦. نفس المصدر السابق.

٧. رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" ژمارە (٣١٨)، ١٩٩٩.

٨. المعطى قبال "سوق الشعر" في الحياة اللندنية، العدد (١٢٥٣٢)، ١٩٩٧.

٩. محمد حسين هيكل: ثورة الأدب، دار النهضة العربية، ١٩٦٥، ص٥٥.

١٠. مجلة الحوادث، العدد ٥٢، ١٩٩٩.

١١.ولي الزين "حوار مع محمود درويش" العدد ١٢٥٠١، ١٩٩٧.

١٢.د. كمال معروف "گەڕانەوەی سۆلجنستین" گۆڤاری ڕێبازی نوێ ژمارە، ١٩٩٥،٧،

١٣.رۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (٣٣٢)، ١٩٩٩.

١٤.گۆڤاری رامان، ژمارە (١٥)، ١٩٩٧.

١٥.مجلة الحياة اللندنية، العدد (١٩٧١) ١٩٩٠.

١٦.مجلة الشعر، ١٩٥٧، بيروت.

١٧.ئیبراهیم ڕوئووف "دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا شێرکۆبێکەس دا" لە گۆڤاری سوڕێن، ژمارە (٨٥)، ١٩٩٩.

چاپی سێیەمی مەراقێك

عرفان أحمد

لێرە پایزێک هەیە
هێندەی یەکتر ئەو و فرمێسکم دەبارێن
من بەسەر دوا پەڕەی قەصیدەیەکا دەگریم
ئەو بەسەر دوا لەحزەی، رووت بوونەوەی دارستانێکا ئەبارێ
شەو لە شمشاڵێک دەچێ پڕیەتی لە کونی ئەستێرە
بەبێ ئەوەی درەوشانەوەی بژەنم
دونیای شەوم بە گۆرانی لێوان لێوە
عەشقیش دەڵێ:
بنو بنو
پێخەفێکم بۆ ڕاخستوی بە سی‌و شەش خەونی عومرەوە
ئەستێرەکانت لێ دەکوژێنمەوە
پەردەکانی سەر بێداریت لێ جووت ئەکەم
تا بەیانی تەماشای مەراقت ئەکەم

* * *

گوایە یارۆ نەتئەزانی خۆش ویستنم بۆئەوەبوو
ئەستێرەیەکم بۆ پۆست بکەیت، ڕووناکیت بخوێنمەوە
نەهێڵیت هەرگیز گەورەبم و
باڵام بە پەنجەیەکت بپێوی
وەک گەمەکە من و دایکم
تۆ برسێتیم لەسەر ساجی وەفاداری ببرژێنی
منیش بە مشتێک شەکرەوە لەپاڵتا هەر چاوەڕێبم

ڕێگە نەدەیت پەڵەپەڵە بسووتێم و
قەراغەکانم نەگریتەوە، بڕینم هەڵنەوەرێنی!

* * *

گوایە یارۆ نەتئەزانی
ئێمە عەشقێکی دوولەتین
لە تۆدا باران دەباریّ و لە من دا لافاو هەڵدەستێ
تۆ دەچێنن من سەوز ئەبم
دەوەرێم و لە وەرینما پیرۆزیت دروێنە دەکەن
هەرکاتێکیش سروەیەکم بەتۆ گەیشت
لشەن‌ات دەکەن
نەتئەزانی ئێمە لە داستان کۆنترین
زەمەن ئەمان نووسیتەوە
میژوو ئەدرەسمان دەداتێ
- با- دێت و مەراقمان چاپ دەکاتەوە
- با- هەڵدەکات، لەعبیرم مەست
ڕێژنە دێت و حەقیقەت رووت
کەی سپێدەیەک بەختەوەری دێت
قومێک لە بۆنی هەلاڵەو مزێک لە خەرمانەی مانگم پێدەبەخشێ

* * *

چ گەمەیەکی شیرینە شیعر!
پەڕەیەکی نیوە نووسراوم بە نیگا پڕم کەرەوە
خوێندنگایەکی چۆڵکراوم بە زڕەی زەنگ و
قاوو قیژی منالانی ئەنفال بم ئاخنە
لە باخچەکان چاوت بگرەو لە لعەرعەرا بم دۆزمرەوە
لە ڕۆڵێتی کلاپێکی ئەمستردام بمدۆڕێنە
لە پایزە شەوێکی کلاوکلاوێنەی کوردا بم بەرەوە!!
ری‌بدە بەسەر بالاّتا هەڵفڕم
ماچی زیوینم تێبگرە
با جریوە پرژێنت کەم
چیم وت لەگەڵما بێلێرەوە
گەر زەمانەش باڵەکانی شکاندم
بە بەرچاکی کراسەکەت بمگرەوە

* * *

ئیستاش وام
سلاوێک لە لێوما مەیووە
تەوقەیەک لە دەستما چەکەرە دەکات
ئێستاش وام
لووتەکەی قەصیدەیەکم گرت
کەچی قەڵەمەکەم جێما
گەشتمە کەنارێکی بڕۆنزی
هەرچەند بەلەمەکەم شکا
چ جەنگاوەرێکی خەمگینم من
زیانم سەنگەرێکی ڕووخاوبوو، زیانم بەلەمێکی شکاوبوو
سەرکەوتنیشم بەدەستێکمەوە تۆپەڵێک بەفر و بەوی ترەوە هەتاو بوو

* * *

ئاخر یارۆ
سەردەمێکە دەنگم بە بیستنم ناگات
لەودیو بێدەنگیمەوە ئاوازێک نیە دەنگم لە دەنگیا بڕوێنێ
شەو منالێکی هاروهاجە
بەتانییەکم رادەکێشێ و سەرینەکەم لێدەفڕێنێ
وەکو شەوانت فڕاندم
تەنها مشتێک مانگەشەوت جێهێشتایە
بۆئەو لەحزە دەیجوورانەی بەدوای خۆما عەودالترم لە عەودالی
منالترم لە منالی
کە باخچەکانت قەدکرد و خستە نێو جانتاکەتەوە
گەلایەکت جێهێشتایە تا لە حیکمەتی ئەو درەختانە تێبگەم
لە قەدیەوە بووم بە لق و، لە لقیەوە بووم بە چڵ و لە چڵەوە بووم بە وەرین
تێم گەیەنە چۆن گریان خەست ئەبێتەوە و ورد و خاش ئەبی پێکەنین
یارۆ.. ئالای مەراقێکم
هەموو پەنجەکان هەڵوەرین کەچی تا هات شەکامەوە
چیرۆکی بریندێکی ئاوەژووم
دوای سارێژبوون گولامەوە
لە مۆمێک ئەچووم سەری گڕم خستە سوجدەی بەردەمی خۆم
دوو دڵۆپ حوزنم مەیین
لەسەر حوزنی خۆم راوەستاتم
داگیرسام و توامەوە
داگیرسام و توامەوە!

خورافاتی ژنێ

لەیلا عەلی



من بەتەنها هەر تۆم هەبوو
متمانەی ژەمێک گریان و
متمانەی مژێ جگەرەو
ئێوارەیەک لەبەد مەستی پێبکەم
بەس تۆم هەبووی
ئێوارەکانی وەرس بوون
لێم قبوڵ کات شەڕەکانمی پێ بغرۆشم
بێزاریيەکانمی بۆ باس کەم
تازە بە من چی هاوڕی گیان
هەموو نامەکانی عەشق
تامی عەسرێکی پڕماچم قەت پێنادەن
هەموو پرسەکانی ناو تەلەفۆن
بەشی مەراقی شەوێکم ناکەن
...
تۆ نازانی هاوڕێ
چەندە سارد ئەم دەڤەرە بێتۆ
چەن ئاگرە گریان بۆ تۆ
بەخۆت ئەڵێم
تەمەن چەند وەرزی تر قاقای تیایە؟
قەت بووە ژیان انەئجیل) بکرێ!؟
چۆن سورەتی بەختەوەری بێ (بسم الله) ی ماچ ئەخوێنرێ؟
بەرلەوەی برۆی پێم وتی

فێرم کە چۆن لەبەر ئەخۆرا ی چاوەڕوانی
تەمەن وشک بکەمەوە!
تاکو ئرۆحم! سەری سپی‌تر نەبێت و
چرچی زیاتر نەکەوێتە ناوچاوانی جوانیمەوە
تا ئدێیتەوە! بە نامەش بێت فێرم بکە
چۆن ڕابردووم بیرچێتەوە
بۆم بنوسە چەندم ئەوێ
تا منیش بگەمە ئەوێ
یەکەم هەنگاو چی هەڕاج کەم
ژوری نوستنی پێکەنین!؟
یان تاقمی هاروهاجی کچێنی خۆم!؟
باوەشی دایکم بەم بەچەند!؟
دڵی باوکم پارەناکا
ئاوابڕوا هیچم بۆ کۆناکرێتەوە
خۆ قاچاخچیش دەرم ناکا...!
...
بۆ چ بەهەشتێ هاوڕێکەم
ئەم دۆزەخەت خستە سەر پشت؟
چ جوانیەک فریوی‌ئدای؟
ئەو هەموو خەونەت بۆ کوێ برد!؟
چۆن دڵت هات
من بێ ئیستا و بێ ئایندە جێبهێڵی و!؟
خۆت بکەیتە ئقەرەج! یکی بێ وڵات
شەوێک ژنێتیم لە هەموو شتێک تۆختر بوو
کاڵفامانە لەنامەیەک دا بۆم نووسیی
باخی لیمۆم زەرد بوو وەرە
چاوەڕێی وەرزی یاریە
تڕێی ڕۆحم شەکری لێ‌ئەباڕێ
حازری بادەی مەستی‌یە
هەناری عەشقم گەییوە
گە رتۆ نەیەی دەستێکی تر ئەمکاتەوە
هەرمێ خۆشم خەسارەتە گیانی گیانم

کەسێکی تر کۆم کاتەوە
لە حیکمەتی ئەو سوتانەم نەگەیشتبوو
بە نامەیەک تۆزی یاد و چنگێ ماچ و دوو گەلای بۆ ناردبوومەوە
بۆی نوسیبووم تا دێمەوە
گوڵەکانی عەشق و تریێی رۆح و باخی لیمۆ بۆ کەسی تر نەکەیتەوە
هەر زوو زانیم

- وەک ئەو گەلایەی بادەیبات،
جارێکی تر دارستان نابینێتەوە
تۆ رۆیشتی
فوت لە جوانیەکانی ناخت کردو
ئەم فیراقە دڵۆپێ فرمێسکیشی پێ نەڕشتی
کە نەگریای زانیم خۆت نیت
لەو لەحزەوە تۆ (ئەو) نەمایت
...
کە تۆ رۆشتی
لە کۆرسی یەکەمی فیراقا من خوێندم:
چیتر بە (خورافە) ی ئومێد نەشنێمەوە
ماموستاکەم کە ماستەرەکەی لە گریانا وەرگرتبوو
لە دوا بەرگی پێکەنینا
پرسیاری بۆ هێنامەوە
دەفتەرەکەم بە بەتاڵی دایە دەستی هیچ وەڵامم نەدایەوە
- کچم بۆ هیچت نەزانی
ماموستا گیان خەتای تۆیە
پرسیارەکان هەر هەموویان خارجیبوون
کوا پێکەنین لە مەنهەجی ژنا هەیە!؟
...
ماموستا گیان
تۆش تەنها هیچت فێرکردم
ئەویش هیچی بۆ جێهێشتم
گەلاو هیچی بۆ ناردمەوە
ئێرە هەر هیچ .. ئەوێ هەر هیچ... زەمەنیش هیچ
لە هیچەوە هەتاکو هیچ
هەموومان یەکسانین بە هیچ

ئاوازی فریشتەی سپی و حەیرانی من..!

مەحمت بێخەو

ئەی کۆترەکەی پەیام پیرۆز
فریشتەکەی ئارامی ژین
ڕەنگی سپی پەڕو باڵت
گەلێ دڵگیرتر لە ورشەی
بەفری بەخۆری سەرلووتکەی
دیاکۆ و سەفین..
لەسفریبوونەوە تاکو
دەردەکەفنارەکەی ئەمڕۆ.!
تۆ هەر باڵی پەیکی خێرات
داوەتە بەر ئەرکی ئاشتی و
بێزارنەبووی لە هاتوو چۆ
سۆزی (گمە) ت هەر لەکارە (١)
بەرامبەر ئاشووبی دنیا و
ڕوودانی ئافاتی گەردوون
هەر پەیکی ئاشتیت هێناوە و
وەلامی خێرات بردوە
بێسانەوە بێ وەڕسبوون
ئەی سرووشەکەی (پیکاسۆ)
بۆ داماوی چی قەوماوە

بە کام تۆزی (کل) ی تاوان..! (٢)
بە کام تەقە و چاوی سووری بێنەادان
ژیەکانی گەرووی ناسکت شێواوە
کێ لە ڕاستی پەیامی تۆ لاری هەیە..
کێ دەتوانێ بە پەیقی تۆ بڵێ وانیە
من کە شەیدای پەیامی شکۆداری تۆم
دێرزەمانە من ئاڵوودەی..
(گمە) و جوانی ڕەفتاری تۆم
هەر لەوکاتەی دوانزە ساڵ بووم
بوومە شاگردی پەیامت
وێنەی پەروانە و ڕووناکی
بوومە گیانبازی شەوی تار
لە (دیبەگە) ی کەندیناوە
کۆتری زیوینی بچووکی عبدالکریم ی (ماشگهام (٣)
ئەدا لە بەرۆکی ڕێبوار..
هەر لەوساوە لە دژی شەڕ
منیش ئاوازم کەوتەکار
دژی ستەمی ڕەنج خۆران
دژی ئاشووبی داگیرکار

هەر لەوساوە..
کەڵکەڵەی وانەکانی تۆ کەوتە کەللەم
بۆ نەمانی تەمی تیری
سەر بە هەشتە بێنازەکەم
ئەی فریشتە باڵ سپیەکەم
لەم دواییەش لەم باشووری..
لەگەڵ یەکەم شەڕی شووم دا.!
شانم دایە بەر ئەرکی تۆ
لەگەڵ پۆڵێکی خۆم ئاسا
هزر و خامە و پەیف سپی
کەوتینەکار کەوتینەگۆ..
بۆ هەژاندنی راگشتیە کاڵەگەمان
سەرشانی هیچ رەنگێک نەما شالوورەکەم
ئاوازی یەکبوونی لەسەر نەخوێندبێ
هیچ دیوان و ریزێک نەما
بەڵێن و گفتی پیاوانم
بۆ ئاشتی وەرنەگرتبێ
بەڵام لەدوای بەدواداچوون
رەنگی ئەودیوی وشەکان جۆرێتربوون
زام و دەردەکان لە بەڵێن گەورەتربوون
...
دوای گزنگ و هەڵمژینی سروەی کوێستان
لە بەهاری شکۆدارمان (٤)
لەدوای درنج و دێو راونان
گوتمان ئۆخەی لەمەودوا
ئەوەی دوێنێ نەگوتراوە
ئەوەی لە سینەی پەنگ خواردوو مۆڵ کراوە
ئەمڕۆ لەبەر تیشکی نوێ بێجەفەنگی و
وشەی شێواو دەریدەبڕین
هەگبەی یاقووتی شارداروە هەڵدەڕێژین
ئاوازی پێش کاروان دەچڕین
بەڵام ئازاری دەردەهۆز
زوو گەیشتە پەنجە و قاچی پەیڤەکانمان
خەرمانەی وشەکانی زوو دابەش کردو
هەتاوی گورجی ڕێی لووتکە و
ئاوازی بەسۆزی سینەی لێخاوکردین
لە هەورازی بەرەو ئامانج
لە ڕووی تەمی خۆماڵێدا
وشەکانی شێواو کردین..!
سەیرە دوێنێ لە شەوەزەنگ لەسەر لاپەڕەی
ئەژدیهاک
بە جەفەنگی شوشە ئامێز
لالەی گەشمان دادەگیرسان
مرواریەکانمان هەڵدەڕشت
سەهۆڵی وەرزمان دەشکاندو
دۆخی بێدەنگمان دەوروژاند
کەچی ئەمڕۆ لەم هەتاوە
لەبەر ئازاری دەردەهۆز
پێنوسەکان لەرزۆک بوونەو
ئەڵماسی ناخی شیعرەکان لە پێچەدان
ئەگەر دوێنێ لەژێر یەک دەمامک دەدوان
ئەمڕۆ ئەبینم دەمامک بویتە سێجاو
لە گێژەنی بێواتەدان..
لەژێر پەردەی نوێخوازی
هەندێ لە گێژەنی بیرو
وشکە مەلەی گومڕاییدان
لە ناخیاندا ڕووناکی یەکبوون نابینم
لە ناخیاندا ورشەی نوێ بۆ پێش کاروان
تیشکەچارە بۆ زامەکان
هوزاری ئاشتی نابینم
دژی نەیاری چنک لەخوێن
لەناو پەیڤی تەماویان
قین و یاخیبوون نابینم
....

بەڵێ زەبری خۆکوژیمان
لە وشەکان مەزنتربوو
ئەفراندن کار چێدەهێڵن
کەمەری یەکبوونی پساند
دەوروبەرمان سام دەچێنن
لەم بۆشاییە چی رووەدا
تارماییەکان خۆ دەنوێنن
...
بەڵام کاتێ تەمی دەم کەل
لە دوولا دەرەوێتەوە
لەناو جەنجاڵی ڕێگەوبان
لەناو شارو حەشارگەکان
لە چاوانی کۆنەشوفار
لە ڕەفتاری کۆنە هەتیوانی خوێنخوار
هێمای گەف و داو ئەبینم
ڕەفتاری ناپیاو ئەبینم
...
هەر جارەی کە داوی نەیار
پەی بە کەلێنی ڕیزدەبا
هەمدیس کەمەر دەپسێنێ.!
لە دوولاوە تۆپی کینە و شەڕدەپەخشێنێ
لەوکاتەدا لە هەمان ئاپۆرەی ناوشار
لە چاوانی هەمان هەتیوی دەئاک و کۆنەشۆفار
بزەی سامناکی دەبینم.!
هەمدیس تارمایی درنج و
جووڵەی ناپاکی دەبینم
...
بۆێ ئەمڕۆ بۆ بێداری
زەنگی خاکمان وا لێدەدرێ
گشت دیواری ڕەنگەکان و
دەزگای بەپرسەکان دەبڕێ
خەوتوان ڕادەچڵەکێنێ و
هەموو پەردەکان هەڵدەدڕێ
وانەی ئەنجامی نادانی سەدان ساڵی
مەرگ و خوێنمان وەبیردێنێ
وانەی دەیان هەلی دۆڕاو دەهێنێ
پەند و وانەی دەیان نسکۆی
یەک نەبوونمان بۆ دەخوێنێ
مەرگەساتی سێ بەرداشی
سێڵای ستەم نیشان دەدا
کە هەرسێکیان سەدان ساڵە
بەکەللەی سەرمان دەگەڕێ
هەر دەگەڕێ و واز ناهێنێ
بۆیی زەنگ وا بی پەنهانی
لە شەقام و لەناو سەری هەموومانداا دەزرینگێنێ
پێمان ئەڵێ:
ناوچاوانتان ئارەق ناکات
کەی پەند و وانە وەردەگرن
سەدان ساڵە هەموو ڕۆژێ
دەژین دەمرین..
ئێوە لەناو شەپۆلەکان
لەناو کەشتێکی شڕی دەیان داستان
سەمای ژین و مردن دەکەن.!
ئەرکی پیرۆزی ئامانجتان ژێرپێناوە
لەبەردوو شتی لاوەکی
شەڕی هەل گۆڕکردن دەکەن.!
بەڵێ گوتمان ڕای کۆمەڵمان هێشتا کاڵەو
لەم نێوانە چەواشەیە..
لەم دۆخەدا هەڵزەنینی بەرەو هەوراز بێهوودەیە
بەڵام ئێمەی ورشەی کاروان
ئێمەی بەدەم هەڵوێست دار و
ئێمەی ڕووناکبیری ژیان
هێشتان هەمانە ئەندێشەی لەلایێکەو
باری ڕەوشیش لەلایێ تر
ڕەفتاریان لەگەڵ ئەرک دا

گونجاو نیە ببڕای ببڕ
هێشتان زۆرمان لەبازنەی چینەکەمان
دابڕاو و نامۆکارین
بە سەری پەنجە ڕێ دەکەین
برژوایێکی بێبارین
بۆ شتەکان .. بۆ شانۆی تراجیدیمان
تەنیا هەر تەماشاکارین
هەیە بۆ هەموو ڕووداوێک
(حەقمان چیە) ی لەسەرزارە
بەڵام لە ماڵ و هەندێ شوێن
هەر خۆی سوارچاکی ئاقارە
ئێوارانیش لە یانەکان
نە بایان دیوە نە باران
کۆمەڵ کۆمەڵ پێنجان دەیان
دەورە لە میزی مەی دەدەن
کاتێ گوێچکەیان گەرم بوو
هەموو شتێ بە با دەکەن.!

دەبنە شۆڕشگێڕ بە جارێ
بۆ گەل و خاک بۆ چارەنووس
ئاگریان لەدەم دەبارێ
هەر خۆیان ژیر و دڵسۆزن
هەر خۆیان چارەی ئاڵۆزی دوخ و ڕۆژن
بەڵام کاتێ کە خۆر هەڵات
وشەکانیان دەسڕێتەوە
هەڵوێست و بیر دەبڕێتەوە
هێشتان زۆرمان لەگەڵ یەکتر
لە ڕووبەڕوو.. بزەدار و ڕێک و پێکین
بەڵام کە پشتمان لێکتر کرد جۆرێ ترین
نەیار ئامێز و ناڕێکین
بەڵێ تاکو ئەم شوورەییە بنبڕنەکرێ
تا ڕەگی ئێرەیی و کینە
لەناو دڵمان لەبن نەبڕێ

تاکو ئاوێتەی ناوژانی
کڵۆڵ و داماوان نەبین
تا لەناو قەپیلکی نامۆی
ڕەنگاڵە ئاسادەرنەچین
چۆن دەتوانین ئێمەی بیرگەش
بڵێین دینەموێ ئاپۆرەی لادێ و شارین
چۆن دەتوانین لەم ڕەوشەدا
بڵێین ئێمە دەست بەکارین
بەڕێزانم ئەوەی ڕووناکی هزرەکەی
بۆ ئەرکی ڕۆژ نەپەحشێنێ
لەگەڵ فریشتەی باڵ سپی
ئاوازی ئاشتی نەخوێنێ
هاوبەش نەبێ لە ژانی گەل
ڕۆڵێکی دیاری‌نەنوێنێ
لەگەڵ هەموو دەستێکی پاک
گرێی کەمەر نەشەتێنێ
چۆن بەخۆی دەڵێ مرۆڤم
چۆن چاوی لە ڕۆژی نوێ
لەپێش میللەت هەڵدەهێنێ
بەڕێزانم لەوەی گوتمان ئەوەی نەختێ
هاوبەش نەبێ لەم ئەرکانە
من ناڵێم کە چی پێدەڵێن..
وەڵامەکەی لای خۆتانە.!

۱) گمە – بەو ئاوازە نەرمەی کۆتر دەگوترێ بەشێوە زمانی دەشتی هەولێر.
۲) کل – واتە کلی چاوان بەڵام ئەگەر دەرخواردی یەکێک بدرێ دەنگی نامێنێ واتە دەنگی دەنووسێ.
۳) ماشگە – واتە شێخ عبدالکریم ماشگە ی (حلە) کە سەرۆکی ئاشتیخوازان بوو لە چلەکان و پەنجاکان.
٤) واتە ڕاپەڕینی ئاداری ۱۹۹۱.

خەمە رەشەکانی گەڕەکێکی رەش پۆش

صەلاح رەش

١) تێبینیەک...

هەموو قاقای خەنینەکان

بە فرمێسک نەخوێنمەوە

کەواتە.. بەر لەوەی پێبکەنی

بیر لە گریان بکەرەوە.

٢) سکالایەک...

ئەمەوێ بۆ عەشقێ بسوتێم

کە سەرمام بوو... پاڵتۆیەک بێو بیکەمە بەر

ئەمەوێ بۆ جەستەیەک گۆرانی بڵێم

کە تەنها بووم... شەپقەیە بێو بیکەمە سەر

چیم لەدەست دێ..

ئەوای قافو امنای تاف

ئەفسوس.. ئەم تەنافی موحیبەتە ناگاتەوە

٣)پێشنیارێک..

گەر گۆرانیەکانی سبەینێم وەک ئەمڕۆ بوون

من شەیتانو...

ئەوەش نیشتمانێکی پڕ لە بەرد.. رەجمم بکەن

ئەمشەویش وەک شەوانیتر
لەگەڵ باادا لەبێدەنگی گەرەکەکەماندا ون دەبم
ئەمشەویش وەک شەوانیتر
لە چرای کزو لە درەختی بێ جوڵەو لە تاریکی کۆڵانەکان رادەمێنم
گەرەکێکی کش و مات.. تاکو تەرا سەگ و پشیلەی برسی نەبێ
هیچ دیار نییە.. هیچ نابینی.. هیچ.. هیـــــــچ
لە حەوشەکەی ماڵی ئێمەدا دار سنەوبەرێک هەیە
بێجگە لە کوندەپەپوێەک هیچ باڵندەیەکیتر بەسەر چڵی ئەم درەختە بالاّ بەرزەوە نابینی
وەختێ من دەمەوێ خەو ببینم.. لە بری دەنگی گەناریەک
ئەم پەپوە بێدارم ئەکاتەوەو لە خەوی قوڵ رام ئەچەنێ
ئیدی خەون بە سوێترین بزنەو بەسامترین مۆتەکەی شەوانی دەیجوڕو تەنیایمە
ئەم گەرەکەی ئێمە.. لەتەک کۆڕەوی ئەستێرەدا بەخەبەر دێو
لەگەڕانەوەیاندا وەنەوز ئەیگرێ
ئەم گەرەکەی ئێمە کە خۆرەتاو چاوەکانی ئەکاتەوە
گەمە گەمی کۆترەکانو.. قوقە قوقی کەڵەشێرەکانو.. جریوە جریوی چۆلەکەکانو..
سرودی دەم منالاّنو.. بەیانی باشی ژنانی گەرەکو.. پیاسەی هەرزەکاران..
رۆژ باش لە گزنگ ئەکەنو.. یەکەم کەسن سلاّو لە رۆژ ژمێرەکە ئەکەن
بەڵام شەوان جەستەیەکی شەکەتەو بێدەنگ ئەبێ
بێدەنگ.. وەک خەونی قوڵی منالّ
بێدەنگ.. وەک جەستەیەکی بەجێماوی دوای جەنگ..!
ئەمشەویش وەک شەوانیتر
لەگەڵ باادا لەبێ دەنگی گەرەکەکەماندا ون دەبم
ئەمشەویش وەک شەوانیتر
لەچرای کزو لەدرەختی بێجوڵەو لەتاریکی کۆڵانەکان رادەمێنم
ئەم گەرەکە برینێکە وا بە جەستەی شارێکەوە
ئازارێکە لە تەعزیبەکانی قیامەتو
وەک فیردەوسی مەئیوسەکانی دونیا
خەونێکی گەورەی ئەبەدییەو نایەتەدی
لەم گەرەکەی ئێمەدا.. پرسیار کردن نێرویەکە هێرش دەباو لەو سەرەوە بێوەڵامە
پرسیار؟.. پرسیار؟.. پرسیار؟..
پرسیاری کچە قەیرەکانی گەرەک
لەو ژنە جادو کەرەی بەمنالّی شازەوقیانی بڕی و

لەچکێکـو بەرماڵێکی دایە دەستیان..
پرسیاری زەمەنی نادیارو خەونی کەڵەکە بوو لەخوا!!
پرسیاری رەوی باڵندەو مەرگی پەپولەو کوشتنی هەتاو لەدەریا
پرسیاری پیرترین ژنی گەرەک
لەو سیاسەتمەدارانەی دەیانەوێ جارێکیتر کارژی ئەژدەهاک بکەنەوە بە بەر نیشتمانا
ئەم پیرە ژنە دەستە خوشکی بەتەمەنترین دار هەنجیری گەرەکەکەمانە
ئێوارەیەک.. قاوەیی کاڵ وەک چاوی کچێکی جوان
پەڵە هەورێک بەسەر سنگی ئاسمانەوە
منیش بە جانتایەکی پڕ گاغەزو خەیاڵێکی شیعریەوە
بەرەو ژووری تەنیایی خۆم ئەهاتمەوە..
هۆرەیەکی پڕ لەگریان هاتە بەرگوێم.. ئاورێکم بۆڵای چەپی خۆم دایەوە
سەرێکم بۆ ئاسمان هەڵبڕی.. هەورەکە بۆنی (باران)ای گرتبوو
هەنگاوێک.. دوان.. سیان.. لە پیرە ژنەکە ورد بوومەوە
چاوانی وەک کونی سوژن لەناو چەند دڵۆپە فرمێسکێکا نوقم بوو بوو
ئەم پیرە ژنە.. زەمانێک بەر لەئێستا
کیژێکی ناسکۆڵەی چواردە ساڵانی هەبوو..
لە خۆشەویستی خاکەوە هەر بە «باران» بانگی ئەکرد
بەیانیەک بەر لەوەی خۆر بە تەواوی تیشکی چاوی خۆی ببەخشێ
ئەم کچەیان لەم پیرە ژنە جیا کردەوە
پیرە ژنەکە هاواری کرد.. (باران).. (باران).. (باران) کچە شیرینەکەم..
(باران)یش بەدەم گریانی دایە.. دایە.. لەچاو ون بوو
لەو ساتەوە ئیتر (باران) لە کچێکی جوانی گەرمیانەوە.. بووە پرسیاریک بێ وەڵام؟؟
ئەمشەویش وەک شەوانیتر
لەگەڵ (باادا لەبێ دەنگی گەرەکەکەماندا ون دەبم
ئەمشەویش وەک شەوانیتر
لەچرای کزو لەدرەختی بێجوڵەو لەتاریکی کۆڵانەکان رادەمێنم
خەمی گەورەی پیرە ژنم بە رۆحمەوە پێچایەوە
(عادل)ە شێت بەدەم تەقەی ئاسنەکانی دەستیەوە بانگی کردم
(من)و (عادل) بە منااڵی دوو هاوڕێی یەکتری بووین
من هەمیشە تابلۆی کچێکی جوان‌و درەختێکم ئەکێشا
ئەویش وێنەی پاسکیلێکی دروست ئەکرد
بەیانیەکی چوار شەممە بوو (عادل) دەستێکی ڕاوەشاند

هاواری کرد ئەم دنیایە هی من نیە

ئەم سروودە دژی خولیاو خۆزگەی منە.. ئەم دونیا هی من نیە.. هـــ یـــ مـــ نـــ نـــ یـــ ە

(عادل) بە دەم بۆڵە بۆڵو جنێوەوە

ڕێی سەفەریکی گرتە بەر.. ڕێگایەک بەرەو ئەودیو سنووری هزرو بەرەو ئەودیو سرودەکانی هۆش

(ئەو) لە زمانێ ئەگەیی.. دوور بوو لەوانەکانی ئێمە

(ئەو) زمانێکی هەبوو.. تەنها پەرەسێلکە لێ ی دەگەیشت

من‌و (عادل) دوو نەمامی باخە هەناریکی (هەڵەبجە) بووین

دوو منالی شێت‌و نەگبەت.. دوو بزێوی گەرەکی (کانی عاشقان) بووین

پێ دەچێ هەردوکمان بە حەوت پشت کوڕی یەک (با) بین

یاکوڕی (کانیاوای).. یان کوڕی ساتیکی (ئەشکەوت‌ای)

خەونەکانمان لە چاڵە وەنەوشەی گوێ چەم ئەچوو

(ئەو) کەلاوەکان‌و بەردەم دوکانی فیتەرو گەراجەکان ئەگەڕا

بۆ ئەوەی ئاسنێکی دەست کەوێ پاسکیلێکی پێ دروست کا

منیش گۆرانی‌و شیعرو چیرۆکەکان ئەگەڕام بۆ ئەوەی حەرفێکم لە عەشق دەست کەوێ‌و

پەیکەرێکی پێ دروست کەم.. شەوانە دەست لە ملم بکا

[خەونێکی بێ ماناو.. خۆزگەیەکی بێ‌ناونیشان‌و.. چیرۆکێکی بێ کۆتایی]

ئەفسوس.. نەاعادل) توانی پاسکیلەکەی تەواو بکاو نە منیش بە دایداری عەشقەکەم گەیشتم

خودایا.. چی دەبوو گەر ئەو پاسکیلێکی بوایەو منیش عەشقێکی سروشتی؟!

چی دەبوو گەر.. ئەوی شێت‌و منی نەگبەت..

منی شێت‌و ئەوی نەکبەت.. دوو سەرکردەی براوەی دوای جەنگ ئەبوین؟!

ئێستا (عادل) سەرشێتانەو خۆی ئاسایی چیرۆکی ئاسنەکانی بۆ پەپولەکان ئەگێڕێتەوە

منیش بە دەم سوتانی جگەرەکەی لێومەوە

دوا شیعر بۆ تارمایی عەشقێ ئەنوسم.. سەراپا گەنجیم پێ بەخشی

شیعر ئەو منالە ئیفلیجەیە

لە شەقامێکدا گەوتووە

ڕۆژانە پۆلیسە شاعیرەکان تێی هەڵئەدەن

جارێکی‌تر خەمی یادگاریە تاڵەکان تەمەنی من ئەفۆنەوە

خەمی سەردەمی ون بوونی منالیم

خەمی سالانی هەرزەکاری و یاخی بوون و سروودی خاک
ئینشیقاق و جیا بوونەوەی سروودەکان لە یەکتری
عارەقی دڵق و نان و نۆکاوی ساردو.. گیرفانی بێ تەمەن و.. هەجوەکانی (حەمە سەعید حەسەن)
خەمی ناسنامەی ون بووی شەهیدو.. ژیان نامەی فڕێ دراوی پڕ سەروەری
خەمی سەد بارە بوونەوەی جەنگ.. جەنگی کوشتنی خۆزگەو جەنگی سوتانی سروشت و هێلانەی نەورەسەکان
جەنگی سەر بڕینی یادگاری و.. هەڵوڕینی خەونی جوانی عاشقەکان
خەم.. خەم.. خەمی ئەو دەمەی لە (عارەق)ەوە تا (یاسا) هەمووی فەل بوو
خەمی دووکەرت بوونی چەستەو تەکەتولات
تەکەوتول لە سیاسیەوە تا قاچاخچی
خەمی ئەو ساتانەی.. باڵندەکانیشمان فێری خوێندنی سرودی تەکەتول و
گوڵەکانیشمان راسپارد بۆنی تەکەتول بیەخشن
[ئای کە دڕین لەبەرامبەر یەکتریداو.. چەند شەرمەندەبن لە حزوری ئاوێنەدا..]
لە حەوشەکەی ماڵی ئێمەدا دار سنەوبەرێک هەیە
بێجگە لە کوندەپەپوەک هیچ باڵندەیەکی تر بەسەر چڵی ئەم درەختە بالاّ بەرزەوە نابینی
وەختێ من دەمەوێ خەو ببینم.. لە بری دەنگی گەناریەک
ئەم پەپوە بێدارم ئەکاتەوەو لە خەوی قوڵ رام ئەچەنێ
ئێدی خەون بە سوێترین بریندو بەسامترین موتەکەی شەوانی دەیجورو تەنیایمە
گوێم لە ترپەی پێی خۆم نەبوو گەیشتمەوە ئەو (کەهێڵ)ەی تەنیایمی تێدا بەندە
لە ئاوێنە شکاوەکەو لە تەڵخی خۆم ورد بوومەوە
تارمایی یەکی رەشتاڵە نەبێ چی ترم نەدی
لە کتێبخانەکەمدا لەمەولەوی ام دی ریش تاشراو وتی زەمەنی عەشقو زکری سۆفیان بەسەر چووە
لەحوی ام بینی لە خانەقاکەیدا بە کاوەخۆ دەیوتەوە
قەدر.. موحیبەت.. قەدر.. موحیبەت... موحیبەت
سەری بێزاریم راوەشاند.. (مارکیز) بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری کردم
ببورە مارکیز ئێرە ئەو ولاتەیە هەزاران ساڵە تەنیایە نەک سەد ساڵ
ڤایرۆسێک لەم گەرەکەی ئێمەدایەو هەموومانی بۆن کردووە
لە ڤایرۆسی ناو رۆمانەکانی تۆئەچێ
ڤایرۆسێک ناسنامەکەی لەگەرەکێکی بالاّ بەرز چێ هێشتووە
کە شەوانە تەنها باسی سێ شت ئەکەن
یەکەم پرۆگرامی سەفەرێکی نوێو.. دووەم ئاڵو گۆڕی گرانترین بەهای ئەمرۆو.. سێهەم جوانترین
سکرتێرە..

شێرکۆ لەو لاوە بەزمانێکی شیعری جوان بانگی کردم
سەری کەچەڵ.. بێ چاویلکە.. بێ جانتا.. تەنها جگەرەیەکی بەلێوە بوو
پێی وتم سەرسام مەبە.. لەگەرانەوەمدا پرچەکانم لە (هەڵەبجە) بەجێ هێشتو
چوار چێوەی چاویلکەکەم لە گەرەکەکەی ئێوەو شوشەکەشی لە (شەعب)
وتم ئەی جانتاکەت
وتی وەختێ لولەی زریپۆش رووی کردە چاخانەکەی (مچکۆ)
ئالەوێدا جانتاکەمم لێ بەجێما..
رووەو پەنجەرەکە زۆر لەسەرخۆ هەنگاوم نا
سەراپا دنیا رەش.. درەخت رەش.. ئاسمان رەش.. گەرەک رەش.. باڵندە رەش..
هەموو شتێ لەبەر چاوم قەترانی بوو
چی لەم هەموو خەمە رەشانە بکەم.. چی لەم گۆرانیەیە رەشانە بکەم

بەم جەستە رەشەوە
دەمەوێ خەونێکی سپی ببینم..
خەونێک وەک خۆم رەش نا.. سپی سپە وەکو بەفر
خەونێک، کانی گۆرانی تیا بڵێو.. رەشبەڵەکی ئەوینێ بێ.. درەخت سەرچۆپی تیا بگرێ
بەڵام چیبکەم.. لە حەوشەکەی ماڵی ئێمەدا تەنها دار سنەوبەرێک هەیە
بێجگە لە کوندەپەپوێەک هیچ باڵندەیەکیتر بەسەر چڵی ئەم درەختە بالاّ بەرزەوە نابینی
وەختێ من دەمەوێ خەو ببینم.. لە بری دەنگی گەناریەک
ئەم پەپوە بێدارم ئەکاتەوەو لە خەوی قوڵ رام ئەچەنێ
ئیدی خەون بە سوێترین برینو بەسامترین موّتەکەی شەوانی دەیجورو تەنیایمە...

.....

تێبینی/
* عادل.. ناوی شێتێکی مەڵبجەیە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی شێت بوو، لەو ساتەوە تا ئێستا ناسن کۆ ئەکاتەوە بۆ ئەوەی سەیارەیەك دروست بکات.
● کەمێڵ.. خانوو

سلێمانی
پایزی ۱۹۹۹

دایکم نووسیبوی بژی بێهوده‌یی

محمد کاکه‌ڕەش

ئەی ئەوەی داوای بەفرم لێدەکەی
تۆ هەزار زستانت بە منالی لە دڵی خۆتا کووشت
تۆ پەرچەمەکانی خەیاڵت تێک دا
دەرگای قەفەسەکانت لە هەڵمی
گوناهی باڵندەکان کردەوە.
هیچ تەفسیرێکت نەبوو بۆ خەونی سێوەکان
کوا بەهەشتی فەرمووەکانی مردن؟!
ئاوێنەی شمشێرەکانی جوانی
چۆن شەڕی ژیان دەکەن؟!
بەفرە سوورەکانی سێبەر
شوێن پێی پیاوە تاریکەکان پڕناکەنەوە
تۆ خەیاڵەکانی بەفرت بردە ماڵی ئاگرەوە
فڕینەکانی ئاگرت فڕێدایە قەفەسی بارانەوە
رواننیەکانی بارانت دەرخواردی تاریکیدا
بیرت چوو بە کۆڵانەکانی مردن دا، دەڕۆیشتین
لەسەر دیوارەکان نووسرابوو
بۆ یادگاری.
بەدیار سەوزبوونی چڵە گیای کام خەیاڵەوە دانیشتوون
گوێتان بۆ هاژەی چ ئاوێکی مردوو هەڵخستووە
چاوەڕێن چ باڵندەیەکی بەردین

به دەنووک لەسەر تەمی سەر پەنجەرەی دڵتان بنووسێ:

بارانێک ئەباری

لە هەر دڵۆپێکی دا

باخچەیەک و کچێکی چاوشین

پیربوونی ئێوە دەخوێنەوە و

بە کۆڵانەکانی خەیاڵا

دەتانبەنەوە ژێر سێبەری کۆڵارەکانی منادڵیی.

من بە کۆڵانەکانی مردندا ڕۆیشم

ئێوە بیرتان لە شێت بوونی باخچەکان دەکردەوە

سێوەکان لە دووکەڵی تەڕا ون بووبوون

ڕوو سووری هەنارتان

فڕێدایە ژێر پێی ئەسپەکانی بێبوودەییەوە

بە گومان بوون لە کپی بەرد

دەگەڕانەوە بۆ سەرەتای ژیان

کە بەرد یەکەم ئاگری ئاژاوەی کردۆتەوە

کە شێتی ئاگرتان بۆ نەدەخوێنرایەوە

بەردتان دەهێنا وەک شایەتێکی گران

تا چاوەکانی ئاگری پێداخەن

ئێوە بە گومان بوون لە کپی بەرد و پاکی ئاگر

بیرتان لە شێت بوونی باخچەکان دەکردەوە

باوکم چەن نەمامێکی سێوی

لە باخچەکاندا ڕواند

لەسەر قەدی نەمامەکان نووسیبووی:

گوڵەکانم!

مەترسن لەم سێوانە بخۆن

با هەڵەبجەتان بیرنەچێتەوە

مەترسن لێی بخۆن باشە؟ مەترسن

خوا لە بەهەشت دەرتان ناکات

خۆتان بۆ دۆزەخ هەڵگرن

بەهەشتی بەدەستەوە نەماوە

باوکم بوو بە خەونێک

خوا بوو، یان قەدەر

کراسێکی لە تەنیایی و تاریکی

بۆ دایکم لە تەنیایی و تاریکی

بۆ دایکم برِی و

دایکم دەیووت: ڕۆڵەکانم

بە دەستوێژەوە بخەون

با باوکتان ببینن

پێی بڵێن بێرەوە.

سێوەکان زەردەهەڵگەڕاون

نووسینەکان کاڵ بوونەتەوە

دایکم دەیووت،

پەنجەرەی ژوورەکە دامەخەن

با گوێم لە تریەی پێی باوکتان بێ.

دایکم شەوەهای شەو

لەگەڵ چراکەماندا دادەنیشت و

دەیووت لەناو ئاگری چراکەدا

ڕێگایەک دەبینم

ئێوە بیرتان لە شێت بوونی باخچەکان دەکردەوە

بێبوودەیی نامەیەکی لە باوکمەوە بۆ دایکم هێنا

لە پارچەیەک دووکەڵ

بە سێبەرنووسرابوو

دایکم سێبەر و دووکەڵی بۆ نەدەخوێنرایەوە

دەیووت: کێ نامەی وای دیووە؟

کاغەزی دووکەڵ و نووسینی سێبەربێ؟

کێ نامەی وای دیووە، گوڵەکانم

لە جێگای باوکتان

ئیمزای مردنی لەسەربێ؟

بە سێبەر نووسرابوو

بۆ هاوسەری خۆشەویستم

ئەتوانی لە ڕێگای خەونەوە بم بینی

من لەو دیو باخچە تاریکەکانی مردنەوە ڕاکشاوم

ئێوە بیرتان لە شێت بوونی باخچەکان دەکردەوە

خەیاڵی ئاوتان دەفرۆشت

وێنەی سەرابتان دەکێشا
من بە کۆڵانەکانی مردندا، ڕۆیشتم
گەڵای خەونە هەڵوەریووەکانی باوکم
لە چڵی ژیان بووبوونەوە
بۆ باخچەی بێهوودەیی دەڕۆیشتن
دایکم لەوسەری بێهوودەییەوە
بە فرمێسک و تەنیای نووسیبووی.
بژی ژیان
ڕێبوارانی بەفر و سێبەر
چیرۆکی ئەودیو ئەستێرەکانیان بۆ دایکم دەگێڕایەوە
دایکم ئەیووت، ژیانیش مردبێ
من لەناو ئاگری چراکەدا
ڕێگایەک دەبینم
بارانێک دەباڕێ
لەناو ئاگری چراکەدا
ترپەی پێی بێهوودەیی دێ
پیاوە تاریکەکانی بەفرو سێبەر
چیرۆکی ڕەگی درەختەکانیان بۆ دایکم دەگێڕایەوە
کە لەگەڵ خۆڕا چی دەکەن.
دەیانووت با بچینە خەونی خوێنەوە
سێوە کوژراوەکان پڕ لە ڕەنگی ژیان دەکەین
بەفر فێری ڕۆشنبیری و
بەرد فێری فڕین و
ئاگر فێری ڕوانین و
(با) فێری دانیشتن دەکەین.
پیاوە تاریکەکان
کە چوونە خەونی خوێنەوە
سێوەکانی ژیانیان پڕ لە ڕەنگی مردن کرد
بەردیان فێری گوناە و
ئاگریان فێری بڕەوشتی و
بەفریان فێری دواکەوتن کرد.
دایکم دوای خەونی خوێن لەوسەری ژیانەوە

به فرمێسک و تەنیایی نووسیبووی،

بۆی بێبوودەبی.

نووسیبووی:

بێبوودەیە بەفرو سپێیەر

بێبوودەیە نوێژکردن

بێبوودەیە فرین و نیشتەوەی باڵندە

بێبوودەیە فڕێدانی قولاپ بۆ دەریای خەیاڵ

بێبوودەیە وەرین و سەوزبوونەوەی درەختەکان

بێبوودەیە ڕاکردنی وەرزەکان بەدووی یەکتریدا

بێبوودەیە داگیرساندنی چرا و پف لێکردنی

بێبوودەیە لە پێکردنی بەردو گەڕان بەشوێن ڕۆشنایی‌دا.

دایکم نووسیبووی:

ژێمە لە دەرەوەی ژیانین

پێویستە دوای مردن

لەدایک بینەوە بۆ ژیان

بە گەرمی ژیاین وەک بەفر

بە ساردی ژیاین وەک تاگر

بە نەرمی ژیاین وەک بەرد.

۱۹۹۹/۱۰/۱۰

مەدەر

رۆژ هەڵەبجەیی

چەپ خوون بوو.. ئەو رۆژە لە دەیرەکانی خەزەڵدا
کچێنی لەسەر گەڵایەکی مس ڕەنگی خۆی دەنووسی،
درەختەپیرەکان دەیان خوێندەوە، تاوسە ساڵ خوردەکان
بەبێ زاریی‌یەوە دەیان تاشی پەیکەری لەنجە...!
بەبێ سۆناتاکانی گریان، لە فەنەری چاوی پاساری‌یەکاندا
پەنجەی مۆمی ئەو تیبکافانە باوێزە خواردنی..
کە دەستی عشیقیان نەگرت .. عیشق پیرکردن و
نامەیەکیان نەنووسی .. عیشق کوشتنی و
ئیعترافێکیان نەکرد...!
من لە نەخشەی ئەو مەزرا قوڕاوی‌یەوە هاتووم،
لە کەنارەکانی عاتیفە بێبەری.. گوڵی ئەو باخچە قەتمەرانەم
گەر لە گیانەڵادابم، هەناسەی نیگەرانی و
ئاخی پڕ لە کەدەر و حەسرەت هەڵ نامژن...!
ئەو برینە بەفرانەم، پێش ئەوەی جێیان هێڵم
پی‌ڕۆکە دەبن و دەبنە تریفەی ماچ...
ئەوەی دەبێ ئەو باخچە قەترانەبوو ئەی مەسیحەکەم
کە گژوگیایەک مەمکی دەکرد.. چوارمێخەیان دەکێشا و
دەیان دایە بەر مشتەکۆڵەی خاچ..
من لە زووەوە زانیم بۆنی گوڵە عیشووەکانی ماڵەکەم،
شعوری باران ناتەزێنێ.. من لە زووەوە زانیم،
کە خۆری عیشقم پڕبووە لە وادەی کاسەکانی شەرم،
بە عورفی ئەو ڕێگە کوێرانەدا ئاوابوو،

که بۆسەی چەقۆکان، بە زەردەخەنەیەکی ساختەوە
ماچیان کرد..! لە رەهێڵەی ئەم ئیعتیرافانەوە،
چیت لێبشارمەوە، ئەی عیشقە درەنگەکەم..
ژووورەکەم پڕە لە زەمەنی ئەو دوکەڵانە،
کە پەرداخێک لە تەنیایی فڕدەکا..
بەرەو کەوشەنی تاراوگەیەک ڕاپێچم دەکەن،
کاغەزی خەیاڵەئاوییەکانم دەدڕن..
بەو مەزەندەیەی کە دەبنە ئاسمان و درەختی ئاسۆ،
بۆ ئەو فڕندانەی کە ئیمپراتۆری دارستان دەری کردن
بەتۆمەتی خەوبینین، بە فڕینێکی تر..!
لەبەر چرایەکی مەحزووندا، جریوەی قەڵەمەکەم ڕاکشاوە..
سێبەری ئەو دێڕانە دەشوا، کە دەنگی موحیبەتیان ڕنی،
کە سەدەکانی چاوەڕوانی جێی هێشتن..
بە چ ئیعترافێک چاوەکانت لێم دەگەن.. لەوەناچێ باوەشی دۆعاو نزات
هەودای پرچی بڕینم ژیرکاتەوە.. لەوەناچێ
هەنسکی ئەم تەمە خەواڵووە، لە بوليڤيكدا
ماچ شەونمی هەنیەی گوڵم کا.. ئەی عیشقە درەنگەکەم
داوای تەوقەی پیرۆزەیی، لە تاریکستانی دەستەکانم مەکە،
کە چەپکێ مۆمی تیا خنکا.. سێبەرەکانی جیلوە لەم
سیاسەتی عاتیفەیەم مەوەڕێنە .. پێش تۆ
دانەکانی تفەنگ کرماندی و شۆڕشە شکستەکان،
ئەزبەریان کرد..!!
چ دیمانەیەکت پێ بناسێنم ئەی عیشق..
من لەژێر سێبەری ئەو ئێوارە بێ مرۆەتانەوە هاتووم،
ڕەنگاڵەی سەرنجەکانم ئاسمانێک نەبووە
جریوەکانی کۆکاتەوە.. دەنووکی گانیلەیەک نەبوو (پرچی شیعرەکانم تەڕکاوا
دەستەکانم تەژی کا لە زەنگیانە..!
هەژموونی پەنجەرەیەکم نەبوو بیکەمەوە
هەتاوەکو شنەی سورمەی ئەو بایانە لەچاوکەم..
لەناو زەمبیلەی ڕۆحمدا بیان چنم..
ئایەتی گەڵایەکی سۆز نەبوو، هاواری ئەو حەرفانە بخوێنێتەوە
کە بە دەستی موریدەکانی بێ حەوسەڵەوە، هەڵاهەڵا بوون..!
هەنووکە مەدەر.. تک تک دەڕژێتە ناو سارای ڕۆحمەوە
ئەم هاموونەی جەستەم، کە لە بناری هەتاوێکی ڕووخاودا شناوە..

گەر بەردی تێبگری نەینکی ئەو گومانە لەسەر باڵی نەورەسێک دەشکێ،
کە دەریایەک نەبوو، مۆمی عیشق لە کەنارەکانیا داگیرسێنێ.
پێکەنینی مۆمێک نەبوو، گریانی یادگارەکانی بنووسێ..!!
من مەدەر .. لە ئەنکێن ئەم نسێی عیشقە کە رژاوە..
تۆش گەلاێ عاتیفەکانت لە خەزانی چاوەکانا،
ریش و سمێڵیان پیربووە.. من مەدەر لە چڵی ئەم عیشقانە،
کە خەسڵەتیان شکانە .. مەدەر . مەدەر!!
من لەژێر پژمینی پێیەکانی خۆرا، هەڵزنام بۆ دوا پلەکانی،
ئەوەجی مەدەر، تۆ لەژێر سابیتەی گەلاکانی تەنیایدا
دایەلۆکێکی نێرگزیم و وەراند کە چارەکە سەدەیەک،
لەسەر بانێژەی خۆرا هەڵم خستبوو.. ئەی هوو مەدەر
پێدەچێ لەناو شەپۆلی تراویلکەیەکدا،
فەرشێک لە قیافەتی باران راخەی.. وەلێ ئەوەی وتت
درۆیەک بوو بێکەوشەن، لەسەر لەپی زەمبەریرا..
تۆپەڵێک بەفر بێتە کۆتریکی رۆبۆت، زریکەی هەور
لەچاو خوساندێکا پەڕە مەغرورەکانی تاوس،
موتوربە بکا بۆ لەنجەی درەخت.. چ شەڕێکی موقەدەسە مەدەر
(انا الحق) پەنجەکانی سێدارە لە پێکەنینێکن، شەتەک بدەم
چ کوشتنێکی بە میهرە مەدەر .. (انا الحق) فڕینەکانی ئاسمانن
پڕکەم لە باڵی ژەهر..

ئاسۆی غافڵ بوون پلەکانی ئەلف و بێی ئەم جەستەیەی،
رۆکردە کەنارەکانی هەڵدێران و، لە پێدەشتی خۆرنشینێکی سۆزناکدا
من باڵی ئەسپی شیعرێکم وەراندە قۆمی سمکۆڵان و
جۆگەلەی تیزماڵکی گوێکانم هەڵ خست بۆ تۆ..
لۆژیکی شەریعەتێکت رووخاند، کە عیشق لە بازگەکانی،
ترسنۆکیا پیربوو.. لە سانمەیەکی تەڕا رۆحی شەرابی وەری..!!
چ هەڵ کردنی خەڵوەتێک بوو مەدەر ... سۆمای پاکیزەیم،
سپاردە پیاوەتیت و، لە لۆژیکی باخچەیەکی سەرسوڕماندا،
ڕێژنەی بۆڵەترێی چاوبوو، خنورەی دڵی هێشوو..
ئەمە لە بەژنی داریکا سۆزنامەی کاولاشێک بوو، بێمانا..
لەوێوەڕا گوڵ رشایەوە و
ئیرۆسیەت لەژێر باڵی پەپوولەوە مەیی..!!
چ گێژەنی درۆیەک بوو. گەمارۆی پەنجەرەکەمدا

گۆرانیەک بۆتەو رەشەبایە بڵێم، سەبایەکی زیوینم لەتەکا..
ئەمە ئەو ریوایەتەبوو قاسپەی کەوێک،
لەناو قەفەزێکی شەودا، مەرگەسات..!
چ کەرنەڤاڵی قەهرێک بوو، بە ویقارەوە دەرگاکانی ترسم کلۆم دا..
بێباکانە نامەی سێوەکانی شیعرێکم، لە سیلەی
مشتووی خەنجەرێکدا رووانڕ.. ئەمە ئەو وانەیەبوو
هەڵ چوو، لە مەراقا باڵی گرت.. لە ترۆپکی گەنجیما کارەسات..
ئەو رێگایانە چەندە تینووی هەڕەسن،
ئەوەندە گیرفانەکانیان پڕە لە ماچ..
کێ دەڵێ ئەوە سونبولی دەستەکانی من نین..
ئەو گوڵانە چەندە شەمزاون، ئەوەندە قردیلەی تیشک،
لەسەریان ئەدەن.. کێ دەڵێ دێڕ، دێڕ
سێبەری من موتالا ناکەن..!!
چەخار لە ئاسۆی غافڵ بوون .. تەریق بنەوە دروێکان،
کە لە سپێدەی ستیانی گوڵێکەوە گۆپکەن و،
لەژێر لۆچی کراسی ئێوارەدا، هیچاوهیچ..!!
ئێی حەزرەتی درۆ، ئەم دڵەی من لە ئەزەلەوە تەنیا..
ئەمە رملی ئەستێرەیەکە، ماڵی وەرزێک نەبوو
عەشقی ئایدیالی تیا گەورەبێ .. سلاوی سەیوانێک نەبوو،
بارانێکی شکاوی تیا بخەوێ .. ئۆرگانی گەلایەک نەبوو،
غەریزەی مردن تەفسیرکا .. کلاوی رووناکیەک نەبوو
تاڵ .. تاڵ سەرەکانی تاریکی، بزەی سپی ئارشیف کا..
لەخوا تەنیاتر، گەلاکانی دەستمە
ئەی حەزرەتی درۆ..
مێژوو پێکێک مردەکا.. لە دوا قۆمی فەرامۆشیا
چ دەربەستە، کەڤاڵی چەقۆیەک داگیرسێ و
پرچی مۆمێک دەخنکێ..
یادگاری دڵۆپە چراکانی تۆش، کەڤاڵێکە
خامۆش، خامۆش
لەسەر لاپەڕەی کوژەکی لمدا رائەکشێ..
لە پێچێکی ئەو قەدا و لەناو زیکری بایەکدا،
چاو لێک دەنێ و دەنوێ..!!

ئەوینو ئەنجامی لادان
لە یاسای سروشت

کامیل زیر

لەبازاڕی پەرستن دا
ئەوین تاکو نەڕەخسێنێ سەری بەخشین
نەعیسایەک بەسەر خاچا
ئەچێ بۆ ڕێزو پاساوی
پەیامی دین
نەسوکراتێ ئەنۆشێ ژار
هەتا ئاکار
لەناوا بێتە تای خەملین
نەفەرهادێ
سەری وەک شاخی بێستون دائەپاچێ بۆ:
خەمی شیرین
نەهەللاجی ڕەوا ئەیبا
نەداستانی هەزار لەیلا
نەمەم بۆ زین
نە من بۆ تۆی گوڵی هیوام
ئەنێمە سەر دەسی مردن:
پەپوولەی ژین
* * *
کە لانەی داڕوخاوی دڵ
هەتا ئێستا

گوڕو تینو وزەی مابێ
کە گۆمی نابەکامی دەم
شەپۆلێکی گەشو ڕوونی بزەی لابێ
کە باخی هەڵوەریوی سەر
خەتوخاڵی نیگارێکی ڕەشی تیابێ
کە جار جارێ
تەپوتۆزی تەوژمی خەم
لەگەڵ بوونی منا خیابێ
کە دەروازەی کزو کۆنی شکستی چاو
تروسکەی تازە تێ زابێ
ژیاوی بەر هەتاوی تۆن
بەراتی ڕۆژ فراوانەو ئەبێ وابێ
* * *
ئەگەر لاویم بەسەرخۆشی
لەمەیخانەی نیگاتا ڕوو لە ئاسۆبێ
ئەگەر پیریم بەدەرویشی
لەبەر خانەی ڕەواتانا نزاگۆبێ
ئەگەر جەستەم لەڕێگاتا
بسووتێتو بەزووخاڵ یابەپشکۆبێ
ئەگەر مردن بەناکامی

لەپێناوی مەبەستێکاو لەبەر هۆبێ
ئەگەر شیوەن لەسەر گۆڕو لەپرسەمدا
بەئاوازی گەرووی تۆبێ
دەبا قوربان دەمێ زووتر
بەدەستی خۆت پەتی کۆتام
لەئەستۆبێ
* * *
بەڵێنی مەردی مەیدانی
ئەوینستانە خۆ بەخشم بەوێنەی هەنگ
لەپێناوی مژینێکی گوڵی رووتا
لەباڵم دەن
ئەبێ بێ دەنگ:
نەکێشم ئاخی ئازاری بریندار
نەبەردێ بم وەکو پێشەنگ
هەزارانێ لەدەورم بن
لەدەورت بم
قەڵا ئاساو پەرێزی جەنگ
ئەوینێ گەر لەناخابێ
چ باکێتی لەتیاچوون و پلارو پەنگ
بەهۆی تۆوە ئەژیم و گەر نەمێنم بۆت
شەهیدێکم بڵندو شەنگ
* * *
بەدەستوورو هەمو یاسای
سروشتا چوومەوە نەمدی
هەڵەی کارێ
بەتەنیا ئێستە راماوم
لەیاسایەک
کەنادا جەمسەری باریٚ!
ئەویش یاسای دروست بوونی
منی رەخساوە بۆ رێت و کەچی جارێ
بەسەر هێڵی سروشتیتا گوزەر ناکەی
وەکو رێبازی رێدارێ

ئەترسم ئەم لەرێ لادانە نیشانەی
بەڵایەک بێ کە شاکاری
سزای تاوانی شێلانی ئەوینێکی
لەئەستۆبێ!؟
دەسا چارێ!!
چ ئەنجامێکە سەرباری
ئەوینی بێ بەرو سایەت
خەمێکی تر!
لەژێی هەستم
ئەدا وەک زەنگی ئاشووب و بەسەرهاتی
شەمێکی تر
کە بێ نازی وەلی بێت و لەبەر ئاهێ
بنالێنێ دەمێکی تر
لەترسێکام
سزای لادانی قینۆسێ
لەگەردوونێ
کەمێکی تر
بەکۆستێ بێتە کۆتایی
هەتا مابم بەسەرمادا
تەمێکی تر
بەبێ هیوا
لەدێمێکا
مەگەر پڕکا پەڵەی چاوێ
چەمێکی تر!

قیاگا

سۆزان مامه

لەترۆپکی سەرابەکانی غرورەوە

گەڕایەوە

نێو هێلانەی تەڕیم

هەنسکە بەمین چێنراوەکانی

لەباخچەی رووتیمدا تەقینەوەو .....

دڵۆپە زیوینیەکانی

ئەمجارەش

لەئاوپرژێنی جەستەمدا بوونە ڕێکەوت.....

بەگومانتر بوو لەوەرینی سەرما

بەسەر بالاّی نێو دوو جەستە

پێش ڕووناکی بەیان

قۆپچەیەکی بەدەنووکی شیعرم ترازاندوو

ماچێکی لەودیوو حەساری جەستەدا

جێ هێشت

* گوتم پێش پیربوونی ڕووتی

لەگەڵ گوڵە ڕاهیبیەکاندا

یاداشتێ بۆ جریوەی

ئەو سەفەرانە بنووسە

لێویان بە ئەلحەدی جوانیەوە

جێ مابوو.....

* * *

بابەچنگێ نازەوە...

تاجە گوڵینە بۆ سەر مەزاری

لیمۆکانی جەستە بەرین

کە بەدەستی ئەهریمەنەکانی شەو

لەخاچ درا

بابەچنگێ ووتن...

پێش خوێندنەوەی سروودە رووتەکانی (قوباد)

پێش تام کردنی هێشووەکانی لەزەت

پێش یەکگرتنی تەزووەکانی شەهوەت

پێش هاتنی سپێدەکانی هەفتە

پێش قەیرەبوونی کچێنیم

پێش شکاندنی گالیسکەکانی ئاشتی

تاوێ بتبمەوە بۆ لای مەرکانەکانی

باڵق بوون.....

ئەو دەمەی

ئاوی باران و

ئاوی میوو

ئاو برنجم

لەبیرنگی اطەهارەتدا

دەشوشتەوە

* هێشتا باخچەیەکم نەبوو

برینی گوڵ لەتە کەرپوچی بالای بێت

بیرم لای کوشتنی قەزوان و

دەنک کردنی تەزبیحی پیاوەتی بوو

براکەم کە جەنراڵێکی ئیمپراتۆریێتی ژەنگە

دەنگی هەڵدەبڕی

قاچی هەڵدەبڕی

خەنجەری هەڵدەبڕی

تاحونجەکانی (نەء)م

بەبانیژەکانی شەلەل دا هەڵواسی

دایکیشم گەرچی نەخوێندەوار بوو

کەچی هەموو بەیانیەک نامەی دڵداری

بۆ چۆلەکە عاشقەکان

دەخوێندەوە

دایکم جوان بوو

وەک جوانی...

وەک ئارایشتی گەلاڵ پێش وەرین

وەک تریقانەوەی (قیاگا)

لەئاهەنگی بووکێنی

رۆژدا

وەک رووت بوونەوەی یەکەم پاییزی گوناە

وەک راکشانی گوڵ لەسەر فەرشی ئاو

دایکم نیان تر بوو

لە سپیەتی بەفر

لەمندااڵی خونچە

* * *

دەشێ پێش دوا ویستگە

تێپەڕبوون هەبێ

بەنێو هەستی پەپوولە مۆمیا کراوەکاندا

کە ئارەزووی فڕین دەکەن

بەنێو تاریکی بلوری چرایەک لەوادەی

شەرمدا

بەنێو رۆحی پیاوێکی (فیتیشزم)

پێش ئیدمان بوونی بۆ سوتیانی مێخەکـو

کەعبی گوڵە ئەستێرە

بەنێو بۆنی گڵێکدا کەوولاتی مرواری

جێ هێشت...

* دەشێ گوزەر بوون هەبێ

بەسەر قامەتی ، ەکانی سفردا

گوزەر بوون بەو شەقامەی

ئۆتۆمبیلی مەرگـو

ئۆتۆمبیلی جەنگ‌و

ئۆتۆمبیلی بووک‌و

ئۆتۆمبیلی ئاگر کوژانەوەی

دەبردەوە یۆتۆپیاکانی خەون

*پێش گەڕانەوە

قازو قوڵنگە گوچەریەکانی نیشتمان

مژدەیان بەخشی

پاساریەکانی حەوشەکەم

تابلۆیەک بوون لەجریوە

پرچی شیعرە قژ رەشەکانی هاوڕێم

شانە کردوو

ناردمت بۆ خوێندنگە

تافێری زمانی ئاوبن

تاقانونی خۆشەویستی سواری

لەیلوکی ژیان کەن

* * *

کەهاتەوە بەدرێژایی وون بوون

دەی پرسی:

نەوەی کام گوڵ یان ئەتک کرد

لەحزبی خاشخاشدا کێ ئەندامەو

لەحزبی تیرۆردا کێ خوێن مژ

دەی پرسی:

لەپێشکەی کام هەناسەدا

بۆنی پەنیرۆکەی عشقت لێ دێ؟

حەت حەتۆکەی کام ساوان

لەگیرفانی بەجێ ماوی ئەنفالێکدا

دۆزییەوە؟

لەلایلایەی تەنیا بووندا

ئەوپەڕی ژیان چی بوو؟

* * *

تۆ کەمالی هەنارت بڕی

ئیدی بۆچی بەرسیلەی خەندەکانی سوهرابم
هەتیوو دەکەی

روانینی درەختەکان لەژێر چەتری ئاسماندا
ووتیان:
ڕەنگ پەڕیو لەنامەیەکی تەهدید
کراو دەچێ

ڕۆحێک نییە بۆ تێ گەیشتن
بستێک نیە سەر خەونێک خەونەکانی تیا بشکێنێ
کەدەچێتە ابەرا[2] تێ دەکەوێ
لە ابەحرا تێ دەکەوێ

* * *

کاڵ تر بوو لەپێ گەیشتنی جوانی
شیرینتر لەو هەنارەی لەباخچەکەمدا (با) خستی‌و کرم لێی
بگەڕێوە پنتەکانی بەیەک گەیشتن
تالەمەوسمی گوڵدا
ماموٚستا بێ‌و بڵێ
لەپێ دەشتی ازمان‌امان سێ زنەی
چەشتن هەیە
تاڵی..
سوێری
شیرینی

منیش بڵێم ماموٚستا
هەنوکە تاڵی‌و سوێری توانەوەو
بوونە روباریک لەشەکر
گەر باوەڕیش ناکەی لەو دوو مارە خوٚشەویستە بپرسە

ڤیاگا: ئەو ئەستێرەیە بوو بۆ یەکەم جار لەکاتی ڕۆژگیرانەکەدا چاوی لێ دەبێت.
بەڕ — بەحر: جۆرێك بوو لەو یاریانەی کە لەمندالّی‌دا دەمکرد.

سێبەری بەفر ٧

ئەحمەد رەزا

نوقمی ناو ئێوارە ئەبێ
ئەو گوڵەستێرەی دڵی خۆی
پڕکرد لەڕەنگ‌و بەخەڵات دای بەقەدەر.
خۆشەویستیم حونجە ئەکا
بەتاریکی
شوخت ئەکاتە وێنەکان‌و
خۆی لەنوتقم هەڵئەکێشێ.
بەهەوایەکی زۆر نەرم
ئەمباتەوە سەر ئەستێرکی سۆزەیەکی کامکارو
تۆزی نیشتوی سەر دڵەنگیم هەڵئەڕێژێ.
نوقمی ناو ئێوارە ئەبێ‌و
پێش ئەوەی تێپەڕم؛
بێ دەستنوێژ
دوولکی بەرماڵێک، بەملما،
گرێیەک ئەیانخوا
ئەفسانەی پیرۆزی لێ ئەڕژێ
بۆنی ئەستێرەی پژاوو بۆنی قژ رنینەوەی شەو
بۆنی لەپێک ئاوی کارێزی دوای وصڵ گرتوویەتی،
بۆنی کوفرێکی عادەتی
بۆنی زینایەکی سەرخۆش
بۆنی پەشیمان بوونەوەو قەبری لێ دێ.
گوڵەستێرە دووچاوی
بەفرێکی پێش مەغریب دائەکا..
بەفرێکی نورانی

خۆمی لەبەردا هەڵئەخەم،
کلویەک ئارام دێو سەرلێوم ئەکەوێ
هەر کە چاو دائەخەم
ئەو ماچی نیگایە تێ ئەگەم.
بەفرێکی نورانی
ئەمباتە بەر کڕنووش؛
لەگەڵما رابردووی تەوەزەل
ئەچێتە سوجدەوە.
لەگەڵما درۆیەک فرسەتی لێ دێنێو
دەست ئەبا بۆ قژی
قاقایەک بەسەرما ئەڕژێ
کەمێک سەری بائەدات و
سورهەڵگەڕانم تێر ئەکا.
بەفرێکی نورانی
بەفرێکی شل و خاو. تەڕ، گەرم
ئەکەوێ و عەشقی خۆی بەبارین ئەسپێرێ.
ئەکەوێ و سەری خۆی ئەداتە دەم چڵپەی وشکانی
لارە لار دێتە خوار
من ئەبمە مەحرەم و
سەرو سنگم چۆڕاوگە ئەیگرێ
ئەو بزەی بێ ئاگای لەسەرلای
ئەگرێتە ناو تاکسی و دەمێکیش بۆ حەوشە.
پێش مەغریب.. پێش ئەوەی بینینم سپیکا
پێش ئەوەی سەر پشتی تاریکی بکەوێ و
دڵەکەم پێبکا.
ئەو دڵۆپ، دڵۆپ ئەچێتە ناو خەونی فەناوە
پاسەوان ئەنوێت و تروسکە نامێنێ،
فلاشێک
لەزەرفێکی خەواڵودا
چەند وێنەیەکی دیاریم بۆ ئەنێرێ.
پێش فەنا
ئێوارەیەکە کەڵەگەت
وەک بەژنی باران و حەوسەڵەی گەنجێتی
روبارێکە پڕ چاڵۆسکاو
بەقەدەر ئاڵۆزیی شەختەی

بەرسمێڵی زستانێکی ڕەق هەڵاتوو
سکاڵایەکە دەم هەراش
وەک ئامادەباشی بۆ جەنگێک
ورتەی نەوێ..
پێش فەنا.. هێندە لەیەکترمان روانی
نیگامان وەک دانە تەرزە
زۆر بەرەڵڵا
هەڵبەزو دابەزی ئەکرد
ئەچونە سەر سنگی یەکـو
یەکتریان ئەدا بە ئەرزا
تامی یەکتریان ئەگرت.
لەیەک ئەچن
هێند بەرامی یەک هەڵەمژن
بۆنی بەهاری هەرزەیی یەکتر‌ەگرن.
پێش مەغریب.. پێش فەنا
دوولێوی گوڵێکن
تەڕ وەکو سلێمانی
تەڕ وەکو روانینی بێ ئۆقرەی چاوانی
بزێو وەکو
ئەو شنەبا سەرکەی هەموو
زوڵفـو کاکوڵێک ئەژمێرێو
پەڕەیان هەڵئەداتەوە
هەروەکو خۆشەویستی خۆی
پێش ئەوەی چەقۆی میزاجێ پێی بگاتـو
سەر لەماڵی دڵ باتەوە.
پێش مەغریب.. ئەو گوڵە
پێش ئەوەی لەڕۆحما خۆی بشوا
پێش ئەوەی بەرامی بداتە دەمی "با" و دوور بیبا
باخەکەی پڕ ئەبێ لەنازو
پێش ئەوەی دەمی من بیگاتێ
ئەو ئەیبا.
نوقمی ناو ئێوارە ئەبێو
منیش دوکەڵێکی سپیم لی سەر ئەکا؛
بەدەم لێو گەستنی سوکـو ڕەژاەنینی ئێوارەوە

بەدەم کرێوەی مۆسیقای کامکارەوە
بەدەم ئاوڕدانەوی زۆر خێرا خێرای بێ گیانەوە
سەرنجم لێ هەڵوەرین‌و
دوی مەلەفێکی شاراوەی ئادەم کەوتن
وەختێ بەدیار چەمی پڕ ماسیی دڵداری بەهەشتەوە
وێنەیەکی لەسەر سنگی ئاو ئەکێشا
لەکچ ئەچوو.
خوا مورادێکی هاویشتە نێو دڵیەوە
دەستی بۆ کچی ئاو راهێشت.. پێی وت:
- ئادەی حەوا دەستت بێنە
ئەتوانی وەک من تاریکی لەمشت بنێی؟
هەرکاتێ ویستت هەڵیکەی!
هەنسکی ئەو شەماڵە لەخۆت ئەپێچی
یان لەکەمەری ڕێحانە دەئاڵێیت‌و
بەم تەڕییە سەما ئەکەیت؟
خێراکە!
ڕووت‌و قووت باهەڵێین
بەچی ئەتوانین بگەینە ئەو نیشتمانە شێدارەی
کە هێشتا بۆنی لاملی نەکردبین؟

منالآنە
بکەوینە سەر عەرزی ڕوت، عەرزی خاڵی
ببین بەژێر قریشکەی شێت بوونێکەوە
یەکتری نەناسینەوە.
حەوا هەردوو باڵی هەڵکرد.
پێش مەغریب..
پێش ئەوەی ڕەنگەکان تێربووبن بەشینیی ئاسمان
پێش ئەوەی نسێیەک
چرای دڵ پێبکاو
ژێر باڵی چەتری سەر کۆرپەی بن
پێش ئەوەی فەتوایەک بۆ ڕاوی بولبولێک درابێ؛
پێش ئەوەی باوێشکێک
خەیاڵی ژنێکی ماندوو بخاتە ناو پێخەفەوە
ئەی وێنەی تاریکی!
دڵی تۆ چی ئەڵێ،

هەر زەردەیەکیت لەسەر لێو
وەک جێ هێشتنی کتوپڕ
یان ئەبیتە ئەو زەردەیەی حەوا باڵی پێ کردەوەو
ئادەمی کرد بەشارنشین.
بەهەردوو تاریکی پەرشە بێو
بەهەردوو باڵاکەی شەو دیارە.
وەک ئەوەی گوڵەکەی چاوی ڕێم ئاوبدەمن
وەک ئەوەی تەرمی من
بەشانی قافڵەچی شەوەوە تێپەڕێ.
ئەمەوێ وێنەیەک کتومت تەنیایم
شەپۆلێک خێراتر لەخورپەو
دڵتەنگ تر لەڕازی پەنگ خواردوو
بمخاتە بەر
ئەو تریفە بێ سەرەو بەرەیەی گیانم
ئەداتە دەم کەنارەکانی بەهەشتەو
دەست لەسنگی ئاو وەرئەدەم
بمداتە دەم ڕێژنەی
بارانی سەفەرێک کە پڕ بێ لەوەهمی ئازادی
کە پڕبێ لەگوڵی خورافات
تاسینە نوقم بم لەگەنجی و نەفامی
ئاودامان موچڕکە مەستم کا
ئەمەوێ لەوێوە زمانی تۆ فێربم
لەوێوە
سێبەری بەفرێکی مەست بگرم.

سۆناتینه شیعرییه‌کانی ماج

مدرك ژالّی

"له‌بت میم و قه‌دت ئه‌لف و زوڵف چیم ئه‌زانی به‌م سێ یانه تالیبی چیم؟"

نالی

(١)

ماج:

ئاگری کوانووی پڕ له ژیله‌مۆی پرسیاره فه‌لسه‌فیه‌کانه

به سه‌هوڵی هه‌ناسه‌ی لێوه‌کاندا ده‌توێته‌وه؟

(٢)

ماج:

به که‌له‌ش کردنی ڕۆحه، گه‌یشتنه به پایه‌ی ئه‌ودیوی فیزیای ڕووناکی!

(٣)

ماج:

کڵۆ به‌فری هه‌ناسه‌کانی، مه‌نفای خوده

له ته‌ندوری لێوه‌کاندا، هه‌ڵده‌قرچێ!

(٤)

ماج:

ده‌فته‌ری نوێته‌ی، ئاوازی نیگه‌رانیه‌کانی ڕۆحه

به ژێی زماندا ... ده‌نووسرێته‌وه!

(٥)

ماج:

خوێناوی وشه‌ی ئه‌و شیعرانه‌یه

کە لە نێو منداڵدانی شیعردا لەبەردەچن!

ماچ: (٦)

بڕە شەماڵی ساردوسڕی ئەو پایزەیە

کە لە هاوینی ناخ دا، موتوربە دەبێ!

ماچ: (٧)

لە گوڵەباخ، بۆن و

لە تەرمە سەمای بارینی بەفریش، ئیقاع و

لە تەزووەکانی ڕۆحیش

نوێتەو

لە بێدەنگی شەوە خامۆشەکانیش،

ئۆرگازمی وەگرتووە!

ماچ: (٨)

چرکراوەی هەزاران جارەی

بەهاو ستاتیکای سروشتە

لە فەزای بێزەمان و مەکان دا!

ماچ: (٩)

ئەو کانیلە تەزیوە کوێستانیەیە

کە لە قوڵایی بوڕکانی ناخ و

لە کەناری لێوەکانەوە، دەرئەچێ.

ماچ: (١٠)

کلیلی دەرگا داخراوەکانی

بەندیخانەی جەستەیە، بۆ ڕۆح.

ماچ: (١١)

گەڕانی لێوەکانە، بەدوای ئاوی حەیاتا

ئێی کە ئەنکیدۆ

زۆر بە درەنگەوە، ئەمەی زانی!

ماچ: (١٢)

لێواری لێواو لێوی ئەو دەریاچەیە

کە ماسیەکانی لەزەت

تواوەی ئەشقی تیا هەڵدەمژن!

ماچ: (١٣)

شەریعەتی ولاتێکە

کە هێشتا زاروێی تێدا گەورە نەبوون!

ماچ: (١٤)

هەناسەیەکە، کۆلیسترۆلەکانی غوربەتی

لە دەماڕە هەستیارەکانی ڕۆح دا

ڕادەماڵێ و ... بایەلۆژیاش نەیگەیوەتێ!

ماچ: (١٥)

زاروێی لێ لەدایک بوو

بۆیە غەریزەی مژینی مەمکەکانی دایکی لەگەڵدایە!

ماچ: (١٦)

داستانی کیمیای ئەو سێوە زەردەیە

کە بەدەست و لێوی ئەو منالەی

لە هەڵەبجە مۆمیا ببوو

ماچ: (١٧)

مەرەکەبی قەڵەمی چەستەی لەشە

بۆ نووسینەوەی سیحرەکانی ڕۆح!

ماچ: (١٨)

زەماوەندی شەهیدبوونی ڕشەکانی خۆشەویستین

لە منداڵدانی لێوەکاندا

ماچ: (۱۹)

گەرم بوونەوەی

مەلۆتکەی سڕبووی .. ژێر لێزمە باران و

شەختەبەندی..ئەو منداڵە حەرام زادەیە کەتەنها لێوەکان

نەپێنی و پاکیزەیی دەزانن!

ماچ: (۲۰)

بەسەرکەوتنی کێرقەکانی ئەشقە، بەرەو بێئاگایی

مانایەکە، لە مانا جوانەکانی بێهودەیی!

ماچ: (۲۱)

بۆنی خۆڵ و گەڵا پان و کەپرە شینەی ئەو پایزەیە

کە ئایندەی سەوزایی، لە ناخ دا دروست دەکا!

ماچ: (۲۲)

ئەو پیاڵە لێواو لێوە پڕ لە شەرابەیە

کە لە تریی وشە خنکێندراوەکانی کوپەی ناخ دا

بە ژێی دەمارەکان دا دەگەڕێ و

خوێنیش دەکاتە کحول!

ماچ: (۲۳)

راهیب و کاهین و موبەدو عابیدو، نازانم چیەکان

کە لێویان نەگەیشتە، ماچی لێوەکانی حەقیقەت

بەربوونە دەف و ئۆف و ئای، حاڵ و زیکری دەرویشی!

ماچ: (۲٤)

بە دەنووکی سوور و

بە باڵەکانی لێوەوە

گەزۆی خۆشەویستیان، بەرلەخاچ و بەر لە مردن

بەسەر لێوی ئەم زەویەیان دا بەشیەوە

ماچ: (٢٥)

هەرکە لە دەمی پەپولە کەوتەوە

گوڵەکان، یەکە یەکە بۆنیان تێگەڕا

ماچ: (٢٦)

گەڕانەوەی تامەزرۆیی دووە بۆ یەک

بۆیە دەشێ

ئادەم لە سوێی ماچێ بووبێ بە دوو!

ماچ: (٢٧)

ڕەعشەیەکە .. لە ژیان تێگەڕانی تایبەتی

زەمەنیشی دڕێژترە

وشەیەکی نوێێ گەرەکە، گوزارشتی لێبکا

من نایزانم .. ئەدی ئێوە؟!

ماچ: (٢٨)

عیسای ڕۆح بۆیە پێغەمبەری ئاشتی بوو

چونکە لە ماچی لێوی مەریەمەوە

موتوربە بوو!!

ماچ: (٢٩)

کە هێندە پیرۆزە

هەر بە تەنیا سروشت و، ڕەوشتی تایبەتی مرۆڤ نییە

تا شانازی ساختەچیانەی پێوە بکا!

ماچ: (٣٠)

بەراتی مژدانەی سپێدەی چاوتروکانی زیندەگی بوو

لەگەڵ یەکەم پەڵە بارانی بەخۆڕی بێدەنگیدا!

ماچ: (٣١)

گەڕانەوەی باڵە فڕکەی لێوەکانە .. لە سەفەری مردن

بۆ هێلانەی ئاسودەیی!

ماچ: (٣٢)

کایەی عەقڵانی تیژڕۆتر دەکا لەروونا‌کی ئێهەر لەبەرئەوەشە

بە باڵی ماچەوە، دەگەڕێنەوە ئەوپەڕی منداڵی!

ماچ: (٣٣)

نەخشە و جوگرافیای ولاتێکە

کە تەنیا پەپولە و گوڵی تێدا دەژی

کلیلی دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەم ولاتە

بە هەنگ سپێردراوە

کێ غیرەتی ئەوە دەکا. کلیلەکانی بدزێ؟!

ماچ: (٣٤)

فووکردنە بە شمشاڵی ئاوازە پایزیەکانی نیگەرانی

نۆتەی گەڵا هەڵوەریوەکان، دەنووسێتەوە!

ماچ: (٣٥)

نووسینەوەی ئەفسانەو، سیحری ستاتیکای

سەرووی بۆنە وەنەوشەییەکانە؛

کە هێشتا خەیاڵی زانستی پێی نەوێراوە

ماچ: (٣٦)

سەفەری ڕۆحە، لەودیوی بوونەوەردا

نهێنی ئەو سەفەرەش

تەنیا و تەنیا، لای لێوە ئەشقاویەکانە!

ماچ: (٣٧)

دەلائیلێکە لە گریان و !

سوڕەتێکە، لە پایزی نیگەرانی!

گەلایەکە لە سەمای هەڵوەرین و!

پەپوولەیەکە لە جوانی

مەگەر ڕۆژێ لێوەکان، هەر بۆخۆیان بێ، ٱە قسە!

ماچ: (٣٨)

عەمەلییەی دروست کردنی راوی هەنگوینی شانەبەندەکانی، وشە هەڵفڕیوە تەریوەکانی
منداڵین!

ماچ: (٣٩)

یەکەم پردی پەڕینەوەی رووناکی و
یەکەم دڵۆپەی شەهەوەتی سەوزایی و
یەکەم سەدا و، دەنگدانەوەی بێدەنگی بوو
بەسەر باڵە هەڵفڕیوەکانی لێوەوە!!

ماچ: (٤٠)

دڵۆپەیەک خوێنە لە ئازادی،
دڵۆپەیەک شەونمە لە ئەشق،
دڵۆپەیەکە لە مەرەکەبی شیعر،
دڵۆپەیەکە لە شەهوەتی توانەوە،
دڵۆپەیەک راوی هەنگوینە،
لەنێو قاوەی فنجانی تەنیایی‌دا!!

ماچ: (٤١)

بە ئازادکردنی کۆتڕە سپیەکانی ڕۆحە
لە بەندیخانەی ناخ و
بەرەو ئاسمانی بەهای مرۆڤایەتی.

ماچ: (٤٢)

سەرلەنوێ دانانەوەی، ئیقاعی
وردە سەماکانی پێگرتنی زارۆی
ژیانەوەیە!

ماچ: (٤٣)

لێوەکان لەو ڕۆژەوەی فێرە ماچ بوون
زمانی چەژ و، ڕستە نادەربڕەکانیان
کردە مژین!

ماچ: (٤٤)

ئەو گولاّنەش

بۆ ماچی پەپولان .. هەموو سپێدانێک

لێوەکانیان گەش دەکەنەوە!

ماچ: (٤٥)

کە لە مێرگی سفری مێژوودا

دوو لێو .. لێویان وەبەر یەکتری کەوتن

بروسکەیەک، دای لە هەور

هەور گیا

دڵۆپەیەک، لەو دڵۆپە بەسۆیانە

وەبەر مژینی لێوەکان کەوتن

ئا لەو رۆژەوە:

کڵۆی شەکر

کڵۆی بەفر

کڵۆی ئاگر

لەگەڵ کرۆمۆسۆمەکان

ئێکس و وایش

لێویان لە لێوی یەکتردا خەتم بوو!!

ماچ: (٤٦)

شەریعەت و تقوس و فەلسەفەی

کۆمەڵگای پرۆلیتاریای

مێروولەیە

کە لە ڕێگاو بان و ئیش کردنا ..

هەر ئەو ماچەیان، پیشەیە

ماچ: (٤٧)

پێڵوی چاوەڕوانی ئەو بێوەژنەیە

کە مێردەکەی هێشتا، لە سەفەری ئەنفالدا

نەگەڕاوەتەوە

ماچ: (٤٨)

کوندەی تەڕو پاراوی ئەو ماڵە بنار نشینەیە

کە کچۆڵە ناسکۆڵەکانی

وەبەر پیل و باخەڵیەوە دەکرن

لە ڕێی کانی بن هەناران

ماچ: (٤٩)

بەرائەتی مەزارگای مەمکەکانە

کە لە ئەنفالی شەرمەزاربوونی بەشەریەتدا

شەهید کران

ماچ: (٥٠)

ئەو دڵۆپە فرمێسەکەیە

کە ڕۆحی هەموو ڕۆحدارەکانی تێدا،

بە پێڵوی چاوە کریستاڵیەکانی

ئێوارەیەکی دەم بە خەندەوە

کەوتە مەلاشووی حەسرەتی

بوونەوە

ماچ: (٥١)

سەوڵەکانی بەلەمێکە

لە دەریاچەی ئەندێشە قوڵەکانی کوێرەوەری

کە لە بەرەبەیان و، ئێوارەیەکی زیویندا

بەرەو کەناری ئارام گرتنەوەی

شەپۆلەکانیت هەڵئەگرێ

ماچ: (٥٢)

هەر لە هەوەلەوە

بڕە شەماڵ و، لێزمە بارنێکی بەخۆڕ بوو

بۆ قورگی وشک هەلاتووی .. قەڵش و برینەکانی زەوی!

ماچ: (٥٣)

گیسه‌یه‌کی پڕ له مسک بوو

له حه‌ساری باخچه‌یه‌کی بێ گوڵ دا،

هه‌ڵه‌نگووت، به‌سه‌ر دیواری لێوه‌کان دا

بۆن: به ئیقاع و نۆته‌ی باراندا

دابارى

له‌و ڕۆژه‌وه گوڵه‌کان روان

لووته‌کانیش .. هه‌ستی بۆن کردنیان تێ‌گه‌ڕا!

ماچ: (٥٤)

کلیلی ده‌رگا داخراوه‌کانی ئازادیه

که:

چنگی سوور و

که‌ڵبه‌ی دڕ و

لوولەی تفه‌نگ و

کیمیای جه‌هل و

میژووی گومڕا و

خه‌نجه‌ری ژه‌نگاوی

نه‌یاران توانی .. له تاکه سه‌نگه‌ڕێکی لێوه‌کانی

بچنه پێشه‌وه!!

ماچ: (٥٥)

سه‌وڵه‌کانی که‌شتیه‌که‌ی نووح بوو

له گریانی تۆفان و

له ته‌مه‌نی ماش و برنجی ... شڵێوه‌ی زستانی!

ماچ: (٥٦)

هه‌سار‌ه‌یه‌کی بێ هه‌رماسه له کریستاڵ و

بارانه‌یه‌که له چۆڕی شیر و

گواندێنێکه بۆ کاریله‌کانی مه‌ینه‌تی

به‌ردیواری په‌رستگایه‌کی په‌شیمانی!!

ماچ: (٥٧)

پەیامێکی ئێسک سووکی پەپولەیە

کراوەیە

بۆ ئەلبێر کامۆ و سیزیفەکەی!

ماچ: (٥٨)

کولانکەیەکی رووناکیە

لە تاریکایی ئەشکەوتی ناخ دا!

ماچ: (٥٩)

گۆرانیەکی ئەزەلیە

لە قەسیدەی پەپولە و

لە ئاوازی رۆح و

لە مۆسیقای پایز و

لە دابەش کردنی هەوا و

لە دەنگی: نەوا و زولاڵی بوونەوەر و

لە پەخشی راستەوخۆی

ستۆدیۆکانی، حەسرەتی ناخەوە

دێتەوە دەرێ!!

ماچ: (٦٠)

نەفەسێکە لە دووکەڵی ئەو جگارەی

سیغارەکەی .. لە پەلکی گوڵێ و

توتنەکەی .. لە حەشیشی عیشق و

قونچکەکەی لە کلکی ڕێواس و

دار جگارەکەشی:

لە شمشاڵی گەرووی، ئاوازە بەسۆزەکانی

بوونەوەرە!

سۆناتینە: مەعزوفەیەکی تاك ئامێرە

تشرینی یەکەمی ١٩٩٩

ئاوڕدانەوەیەک بۆ دوێنێ

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

(١)

لەباوەشی چیاکاندا
خەمەکان ئاوێزان دەبوون
نیشتمانم دووهەوێ بوون
لەچاوی پیاوێک رامابوون
گیانی ئێمەش
وەک درەختەکانی پاییز
ڕەشەبا ڕەنگی داماڵی و
ڕووت بوونەوە!

(٢)

باڵدار نەبوون
باڵمان گرت و چەشنی پاسارێە کۆچەرەکان
کۆچەکانمان ڕووەو کوێستان
دەستی پێ کرد
خۆمان ون کرد، خاکمان ون کرد
ناوو ناونیشانمان ون کرد.

(٣)

ڕووخسارم
بەفرمێسکەکانی دایکم و
ئاهی ئازارەکانی گەلەکەم تەڕ کرد
بوومە باڵدار بەسەر خەمە وەنەوشەیەکانەوە
گوزەرم کرد
وشەکان وەک دوو پەڕەسێلکەی تەزیوو
دەکەوتن و هۆدەستانەوە
لەنێوان دڵی من و خاکە بەجێ ماوەکەم دا
شتێک نەما بۆ سەبوری

(٤)

هەناسەت بۆ کردمە چەتر
ڕێگەت نەدا دەستەکانی
تەزرەو باران بگاتە دڵم و
شکۆفەی حەزم هەڵوەرێ

(٥)

بەمقەستی پەنجەکانم
تاڵێ لەقژتم بڕی
بۆ ئەوەی نێرگزەکانی تەمەنمی
پێ ببەستم
تاتەمەنی منیش وەک تۆ
بۆ منداڵی بگەڕێتەوە!

(٦)

ئەو گەڵاو گوڵانەی لە هەرزەکاریمدا
هەڵم گرت بوون
بوونە قەترەیەک ئاوو
بەگۆڕستانی غوربەتدا شۆڕبوونەوە

(٧)

زوو پێم ووتی
سەرت بنێ بەسنگمەوە
باڵاوازەکانی دەروونمان تێکەڵاوکەین
بابەچاو بۆیەکدی بدوێین
من ناتوانم بەزمانی عاشق بۆت بدوێم
لەم ولاتە هەموو شتێ ئاسایییە
تەنیا خۆشەویستی نەبێ!

(٨)

بەلاولاوی کوێستانەکانم وت
کە بەبالای دارچنارەکان هەڵزنابوون
بۆ حەز دەکەن هێندە بالاتان بەرزبێ
وتیان لەعەزرەت بالای
الاسەشۆڕی ئەحمەدی خانی

(٩)

پایز هەنگاوەکانی ناو
گەڵاکانیش بەسەر رووخساری زەوی‌دا
دادەبارن
گەڵاڕێزانی من‌و تۆش دەستی پێ کرد
درەختەکان گەڵاکانیان وەراندو
لێوەکانی من ماچ
ئەوان بۆ سەر سنگی زەوی
من بۆ نیگای سحراوی تۆ

(١٠)

کە گوێمان لەکاسێتەکە گرت
ئاوازەکان خەمەکانیان نەگرتنە خۆ
یادگارە سەوزەکانت دامێ
بوو بەنێرگز لەئەلبومی سەروەریمدا
وشە ئارامەکانتم
لەدەفتەری روحما نووسیەوە!

(١١)

چەند بۆن خۆش بوون
ئەو گوڵانەی دات لەقژم
پێت ووتم
ئەم عشقەی ئێمە گۆرانیە غەمبارەکان
ناگرێتە خۆ
چەند پیرۆز بوون ئەو وشانەی
بەگوێت داچرپاندم‌و پێت وتم
ئێمە وەکو پەشمەک واین
کە گەیشتینە ناو دەمی یەکتریەوە
ناتوانین تامی یەکتر بکەین
دەتوێینەوە!!..



میرو .. خەنجەر

"ئەوەی دەمکوژێ .. دروستم دەکا" (نیتشە)

محەمەد رەشید فەتتاح

لە دوێنیەوە ئەمە دووەم سپێدەی سەفەرە ئەفسووناوییەکەیانە، تاوێکی دی خۆری لەخەوڕابوو، تروسکە شادییەك دەڕژێنێتە ناخی گشت بوونەوەری دنیایەکی تەمومژاوییەوە، هەر بەو سیما رۆشنەشەوە، بوونەوەرەکان خەونی شەوی رابردوویان بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، کەوی غوبابی بۆ چاوی بە خوماری کانیاوەکان، پیرەدرەختی پرچن بۆ دەوەنی ساوا، رووبار شێتە بۆ چەمی سەلێشێواو، گابەرد بۆ بەردی کەنارگرتووە، زەردی وەری و خەنجەر باڵە بۆ باڵندە رەنگاڵەییەکان.

ئەمان خەونی خۆیان بۆ یەکدی ناگێڕنەوە، ئەمان خەونەکانیان لە جەستەی خەنجەری خەولێکەوتووی نێو کێڵاندا دەنێژن، بەدەم رێوەش بە گەردنی بەرزی چیا گەشەکانیەوە هەڵدەواسن، ئەمان بوونەوەری دنیایەکی خەوالوونین، تا خەونەکانیان تۆیشەبەری رێگەی هاتونەهاتیان بێت!!

ئەوەتا شاخەوان – سەراسیمەو، بیرهەڵفڕیوی دنیایەکی دی، ملکۆ – ی یاوەریش هاوەدەمی گومانێکی نەپساوە، بەرگی خامۆشیی دنیاکەی ئەو ساتەوەختەیان پۆشیوە.

دوێنێ شەبەقی کە لە شاردەرچوون، هێشتا هەوری ماتەم رووخساری شارو، چاوی ئاسۆو، بالای خەڵکە کۆست کەوتووەکەی بەرنەدابوو، فرمێسکی خەمیش وردە مرواری سەرگۆنای مندالانی مەملەکەتبوو.

شاخەوان بۆ دواجار بەسەر گۆڕەکەی میردا نوشتایەوەو، بە زمانێکی حەسرەت لێتکاوەوە، لەوی پرسی: (میری گەورە، ئەوا ئێمە بۆ ئەنجامدانی راسپاردەکەی تۆ رێگە دەگرینەبەر، وەلێ خۆزگە دەمزانی تۆ لەسەرەمەرگا بۆ ئەم بڕیارەت دا؟)

قەدەرێك بێهەستو خوست مایەوە، شتەکانی دەوروبەریشی هەروا گوێیان بۆ وەرامێکی لەناکاوی میر راهێشتبوو. کەچی نە گۆرهەڵتەکاو نەمیر سەری بەرزکردەوە، ئەوەشی لەپڕ دنیای هەژاند. هاواری خەنجەری جەوهەرداربوو.

(– شاخەوان .. لە کێلان دەرمبێنە، با منیش ساتێ لە گۆڕەکەی میر بڕوانم!!)

ئەو بێئاگا خەنجەری لە کێلان دەرهاوێشت، لەتەك ئاوێتەبوونی نیگای هەردووکیاندا، میر لە روخساری بریقەدا ری خەنجەردا، زەردەخەنەیەکی هیوا پڕێنی بە رووی شاخەواندادا، ئیدی ئاوابوو.

لەدوێنیەوە ئەمە سەری هەزار جارەیە پرسیارە داخراوەکەی شاخەوان ئاراستەی گیاندار و بێگیانی ئەو نێوە دەکرێتەوە. ئەم بەیانیەش دوای سڵاوی خۆری نوێ لە ئاوێنەی بێگەردی کانیەکی چاو خەوالوودا لەخۆی پرسی:

(–بەڕاستی میر مەبەستی لەمە چیە؟!)

ئاو بە وەڵام نەمات، شاخوو داخو تەنانەت تەیرو تویریش لە ئاستی پرسیارەکەیدا پەیکەرێکی بەردینی رەق و تەقی قەدپاڵی کێوێکی زەبەللاح بوو.

لە سەرەتای سەفەرەکەیاندا کۆلیتە داڕوخاوەکانی دەوروبەری شاریش بۆ مالئاوایی خەنجەری جەوهەردار، ئاهی حەسرەتاوییان ڕووبەڕووی ئاسمان دەکردەوە.

ملکۆ – یەکەم کەسێك بوو، وەرامی شاخەوانی دایەوە (–ئەمە پرسیارێکە و وەرامەکەی لای حەکیمانی مەملەکەتە!!)

(–ملکۆ .. ئەو جۆرە حەکیمانە لە مەملەکەتی خۆماندا نین؟)

ملکۆ – بە دوودڵیەوە گوتی: (پێدەچێ لە ڕێگەماندا تووشی حەکیمێك بین!)

ئەو دەمە شاخەوان لە دوایەکی ئەو عەشاماتەی دەڕوانی، کە بۆ بەڕێکردنیان تا دەری شار هاتبوون، ئەوەتا خەمی گرانیان بە بالای جەستەی شکست خواردوویان بڕاوەو، هەنگاویش لە دوویان نایە بۆ گەڕانەوەیان.

خەنجەری جەوهەردار لەوەزێتر خۆی لە کێلاندا نەگرت، بەرلەوەی شاخەوان بەخۆی بزانێ، ئەو سەرکێشی خۆی نواندو، بەڕێشتێنی بەرەو، بەئاسمانی شیندا هەڵفڕی، خەڵکەکەش بە بینینی ئەو بەرگی دڵنیاییان پۆشیو، بەجارێك خەمو فرمێسك و ئاهی سارد، پێکەوە ڕەویان کرد، شاریش بەدەم تریقانەوەی منداڵانی نێو کۆڵانەکانەوە، بەرگی ڕەشی ئاودامانی خۆی دادڕی، هاتوو هاواری شادی لە هەموو گەرووێکەوە بە ئاسماندا هەڵکشا. هەبوون دەیانگوت: (خەنجەری جەوهەردار عیشقی ئێمە لەبیرناکا، ئەو لەئێمە دانابڕێ، دابڕانی ئەو نیشانەی کوێربوون و، مەرگی ناوادەی ئێمەیە!)

هەشبوون دەیانگوت: – (ئەوە خەنجەری جەوهەردار ی دیوانی میر نیە، گەر ئەو بوایە شەوقە سەرمەدییەکەی دە هێندەی دی شاری ڕۆشن دەکردەوە!)

خەنجەر دەورانی کرد، باڵەخانە و گومەز و هێلانەی کرتەکان و کیژی خەتوو خاڵداری ڕێگەی کانیشی بەسەرکردەوە، لەسەر گۆڕەکەی میریش تاوێك دەستەونەزەر وەستا، بەرلەوەی بگەڕێتەوە نێو کێلانیش گوناری ئاڵی منداڵێکی دەم داچەقاو و سنگ داچەقاوی شاری ماچکرد.

بە پڕمەیەکی ناوەختی ئەسپەشێ شاخەوان هاتەوە سەر خۆی، (– خەنجەری جەوهەردار وا لە نێو کێلاندا و بە خەمی خۆیدا کەوتووە، ئەی ئەوەچی‌بوو؟)

شاخەوان.. خەنجەر ڕوحیانەتی میرە، عاشقانی مەملەکەت دەڵێن .. دەنگ و سەدای دادی میرە، وە فاو ئەمەك و بەخشندەیی دەستەڵاتی میرە.. بەدەرکەوتنی ئەو دنیا خەونو بەرگی ئەرخەوانی دەپۆشێ، ژیان بەهای خۆی وردوخاش ناکا، پاڵە بۆ زەوی و، پەپوولە بۆ تیشك و، عاشق بۆ گوڵ و، هەڵۆ بۆ لوتکە، ئاوازی نوێ دەچڕن، ئاسۆگەش بە کلوێچی سەروەری چاوی دەڕێژێ.

ملکۆ – لە دواوە ئەسپە کەحێلی تاودابوو، چاویشی لە شاخەوان کەلا نەدەکرد، لە دڵا خۆی دەدواند)–من هەردەڵێم لە ڕێگەماندا تووشی حەکیمێك دەبین!!)

بەوە خواستی بوو تۆوی گوڵە هیوایەکی ئومێدبەخش لە دەروونی هەڵچووی ئەودا بەوەشێنێ، دڵیشی بەرایی نەدەهات وردە شەپۆلی زێندەخەونەکانی ئەو بەدەم ڕێوە بتارێنێ، ئەم دەیزانی دواندنی ناوەختی ئەو کوشتنی بیرکردنەوەیەکی مانابەخشە، ئەم لەو ناقایل بوونەی ئەودا چەکەرەی جۆرە یاخیبوونێکی دەبینی، یاخیبوون لەو ناقایل بوونەی ئەودا چەکەرەی جۆرە یاخیبوونێکی دەبینی: یاخیبوون لە واتای ڕەهاو، بەهای چەسپیوو، بیرکردنەوەی ژەنگ گرتوو، وتەی بێ کاکڵ.

لە دوێنیەوە جگە لە دەربڕینی هێندێ وشەی وا کە مرۆڤان بۆ بەردەوامی‌ژیان پێکەوە دەبەستنەوە، ئیدی زاریان لە یەکدی نەئاڵاوە.

ئەو ساتە شار تەمێکی خۆڵەمێشی پۆشیبوو، ئاسمانیش لەنێو ئەو بەرگەدا خۆی مەلاس دابوو، دارو دەوەنیش بێسرتە دەتگوت.. پێکەوە باس لە نهێنێکی گەورە دەکەن، برایم .. بە هەڵەداوان بەرەو پیرمان هات، سیمای شێواوی کارەساتێکی دڵەزێنیَ پێوە لکابوو، شاخەوان بەهەستێکی گوماناوییەوە لێی پرسی: (بڵێ بزانم میر سەلامەتە؟)

برایم.. لە حەژمەتا زمانی بەسترابوو، کە شاخەوان لێی دووپات کردەوە، ئەو یەکسەر گوتی: (– شاخەوان میرمان لەدەست چوو).

شاخەوان رەوتی خۆی تێك نەدا، ئەسپەشێی تاوداو، ئێمەش بێدەنگ دووی کەوتین. من لەدوویەوە خۆم گەیاندە سەر لاشە راکشاوەکەی میر .. ئەو رەنگی نەپەڕیبوو، زەردەخەنە هەمیشەییەکەی روخساریشی هێشتا نەکوژرابووەوە، ئەوەشی خێرا خێرا سەرنجی دەقۆستمەوە ئەو تیشکە درەوشاوەیە بوو، ە دیوانی میری کردبووە چراخان.

بەرلە گەڕانەوەی ئێمە راوێژکاران گوتبوویان (– وەسێتی میر.. لەبیرمەکەن، با شاخەوان و هاوەڵەکانی لە راوی حەوت شەو و حەوت رۆژە بگەڕێنەوە، بۆ دواجار لە روخساری میر بڕوانن.)

شاخەوان کەوتە سەرچۆك، بەسەر تەرمی میردا سەری نەوی‌کرد، کەس هەستی بەوە نەکرد، دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوانی شۆڕبێتەوە، من گوێم تێوەبوو، ئەمی زیندوو، لەتەك ئەوی بێگیاندا یەکدیان دەدواند.

ئەم دەیگوت: (– بابە .. ئەوە هاتمەوە، دەبوو لەوەوبەر لەدووتان بناردمایە)

پێدەچوو مەرگ بواری سەرلەنوی ژیاندنەوەی میری دابێ، لە جاران زێتر بە کەیف بوو، من پێم وابوو میر نەمردووەو، ئەمە تاقیکردنەوەیەکی دژی شاخەوانی جێنشینە.

ئەو بە زمانێکی سەنگینەوە بەمی وت: (– شاخەوان رۆحم هەڵفڕیوی نێو جەستەی خەنجەری جەوهەرداره، ئەو نەمرە و، تا دنیا دنیایە شەوقی هەمیشەیی خۆی لەدەست نادا، دە سەرێك بڵندکەو لەو بڕوانە، ئەوجا دەزانی خەنجەر هەر خەنجەرەکەی جارانە، بۆیە دەبێ وەسێتەکەم بەجێبێنی!)

شاخەوان سەری بەرزکردەوەو، لە خەنجەرەی هەڵواسراوی قەد دیواری روانی، لەناکاو شەوقێکی سەرسوڕهێنەر پێڵووی چاوەکانی پێ لێکنا.

لە عەزرەتا لەبەرخۆیەوە هاواری کرد ئایی لە رۆحی رۆوشنی میر! !)

لەوەبەدوا تا چەند رۆژێکیش لە دیواندا، ئەو و خەنجەرەکەم و وەسێتنامەکەی میر خۆیان حەشاردابوو.

(– ئەی هێمای سەروەری مەملەکەت من بە کێت بەخشم، بە ناپاکترین کەسێکی ئەم ولاتە! !)

خەنجەریش دەیگوت: (ئەمە وەسێتی میرەو، میر خۆی دەزانێ بە کێم دەبەخشێ)

(– ئاخر پێم ناڵێی میر مەبەستی لەمە چیە؟!)

خەنجەر بێوەرام بە پێکەنینەوە سەردیواری جێهشتوو، بووە ئەو پەپوولە باڵ نەخشینەی کە عیشقی تیشکی لالەیەك خەریکە باڵەکانی هەڵدەپرۆوکێنێ. چەند جارێك ئەمسەروئەوسەری ژوورەکەی تەیکرد، شاخەوانیش بە دوویدا نیگای وێڵی دەگێڕاو، بەخۆی دەگوت: (– گوایە خەنجەری جەوهەردار بۆ بەرپشتێنی کەسێکی ناپاك بەمجۆرە لە شەقەی بالّدەدا؟)

خەنجەر بۆ وا بە کەیفە؟ بۆ وا کەوتۆتە رەقس و سەما دەڵێی ئەو بالّندە رەنگاڵەییەیە کە مرۆ قەستێتی لەنێو قەفەزی نێ.)

خەنجەری جەوهەردار خۆی لە کێلاندا ناگرێ، ئەمە قسەی باوکیشم بوو، من شاخەوان بەو کەسە دەزانم وەسێتەکەی میر بەجێدێنێ، شایستەی ئەو دیاریەیە بەنرخە بێت. یاوەرانی میر دەڵێن: (– میر جگە لە برا خیانەتکارەکەی کەسی دی بەوە دانانێ کە خەنجەری خەڵات بکرێ، وەلێ بۆچی ئەم گەوهەرە بکرێت بە پشتێنی کەسێکی وا ناپاکدا؟!)

خەڵکی مەملەکەت دوای کفن و دفن کردنی میر، گومانیان لە وەسێتەکە و، مردنە ناوادەکەی میریش هەبوو، هەبوون دەیانگوت: (– حیکمەت لەوەسێتەکەی میر چیە؟!)، هەشبوون دەیانگوت: (– بەخشینی خەنجەر مانای کوژاندنەوەی عیشق و، ئاوابوونی ژیان و، کوێربوونی ئێمەیە! !)

گەر خەڵکانێکی بەئەمەکی مەملەکەت نەبوونایە، دووبەرەکیو، شەڕی‌نێوخۆ، وڵاتی ناپوور دەکرد، لەهێندێ ناوچەدا شەڕو پێکدادانی خوێناوی بەرپابوو.

شاخەوان یەکێ بوو لەوانەی بە حیرسەوە بەو خەڵکەی دەگوت: (– گەر دنیام بەکۆڵەوە گرتوە نهێنی وەسێتەکەی میر ئاشکرادەکەم، چونکە دەزانم بە لەدەستدانی ئەو مەملەکەتیش هەروەکو جاران بەڕێوەبچێت، وەلێ ئەی شەڕ و مااڵوێرانی؟ ئەی سوتماك كردنی خاك و هەڵقڕچانی رۆح؟. ئەی چاوتێبڕینی براکەی میرو لەشکرکێشەکانی؟ ئەی وەسێتەکەی میر؟

کەواتە راوێژکاران و، ریش سپیانی مەملەکەتیش ناواخنی وەسێتەکەی میریان بۆ هەڵنەهات، بە قسەی ئەوان رۆژان رۆژی لەدوایەو، خوادەزانێ چ میحنەتێك، چ رووداوێك، چ خۆشیەك لە منداڵدانی سبەینێدا چاو هەڵدێنێت؟!

ئەوەتا ئێمەیان داوەتە دەستی قەدەر، قەدەریش چاوساغی سەفەری هاتو نەهاتمانە، من دەڵێم: – ئەم سەفەرە سەفەری مەرگەساتە، سەفەری ئەو عاشقانەیە کە لە زیندانی قەدەردا بێهیوا سەردەنێنەوە. ریش سپیان و، یاوەرانی میر، ناوی دەیان حەکیمیان بۆ هەڵدابن، لەوانە هەیانبو دوای چەند مانگێك پێی‌دەگەیشتی، هەشیانبوو لەو کێوانە ئەشکەوت نشینبوو.

شاخەوان بە تەوسێکەوە لێمی پرسی: (ملکۆ .. ئەوان مەبەستیان لە حەکیم جادووگەرە؟)

منیش پێم گوت: (بەڵای ئەوانەوە حەکیم و جادووگەر هەر یەکن، مەلا سەمەد و ئەهلی جەماعەتیش هەر رایان وایە!!)

دایکم چەشنی دایکی شاخەوان دەست بەردارم نەدەبوو، دایکم بە زمانێکی لەرزۆکەوە دەیگوت: (دەترسم دوژمن وەك باوکت یەخسیرت کەن و، ئیدی بەچاو نەت بینمەوە)

منیش پێم گوت: (دایە باوکم قارەمان بوو، لە شەڕدا تەنیا قارەمانان یەخسیر دەکرێن!!)

من ئەم خۆخواردنەوەیەی خۆم بۆ شاخەوان ناگێڕمەوە، لە دوێنێوە رازی دڵی خۆمان بۆ یەکدی

نەگێڕاوەتەوە، ئەوەتا ئەو فرسەخێك پێش من کەوتووە، دڵنیام زیندەخەونەکانیشی لە کێلانی خەنجەری جەوهەردا دەنێژێ.

قسەی ئەوبوو، بەدەم رێوە میر بە هەیبەت و ویقاری خۆیەوە، شانبەشانی شاخەوان رێگەی دەبڕی، میر ئەسپێکی سپی کەحێلی لەژێردابوو، ئاودامانیشی سپی دەچووەوە، لە سیمای ئاڵۆزیا نهێنییەك خۆی حەشاردابوو، خوازیاربوو شاخەوان بیخوێنێتەوە. وەلێ گومانێکی ئاوێتە بە سڵەمینەوە شاخەوانی رەق کردبوو، وەستانی ئەو هیوای دەمکردنەوەی میری لێدەپژا، کەچی میر جگە لە تێڕوانینێکی قوڵ هیچی دی لە دەم نەدەهاتەدەرەوە.

وەر.. وەری زەردی و وەریەك زوو زیندەخەونەکەی شاخەوانی هەڵوەراند، ئەو ناخافڵ لە قەدی ئەستووری درەختێکی لاپکەی روانی، زەردی وەری لە هاواری خۆی نەکەوت، ئەمیش لەخۆی پرسی: (– ناشێ ئەمە دەنگ و سەدای حەکیمێکی مەملەکەت بێ؟)

هەروا سەراسیمەمایەوە، زەردی وەری ماندوونەناسیش سەری خۆی هەڵگرت و، بەسەر پیرەدارێکی دییەوە کەوتەوە ئاهەنگ گێڕانی خۆی.

لەناکاو دەنگێك ئەسپەشێی هێنایەوە سەرخۆی (– شاخەوان زەردی وەری حەکیم نیە، نەکەی دووی هەڵفڕینی سەرشێتانەی ئەوکەوی، وەر وەری ئەو دۆزینەوەی رێگەچارەی خەنجەری جەوهەردار نیە. مەرگی خەنجەرو، ئاوابوونی ئەو، کۆژاندنەوەی شەوقی ئەو، زەردی وەری لەوەروەری خۆی ناخات.

شەکەتی کۆڵی بە شاخەوان دا، لەوە زێتر خۆی بەسەر ئەسپەشێوە نەگرت. لە کەندرێکا دابەزی و، بەردێکی پانی کردە سەرین و، لێی راکشا، بە لێکنانی پێڵووەکانیشی میر هاتەوە لای، ملکۆ دنیاکەی ئەوی نەشێواند، بێدەنگ لە نزیکەوە وەستاو، کەوتە دەمکردنی پیاڵەچاییەك.

میر.. لە جاران نەدەچوو، گەلێگۆڕابوو، سیمای ئاڵۆزی لەوساتە دەچوو کە لە شەڕگەدا رووبەڕووی برا خیانەتکارەکەی دەبووەوە، میر بەوی گوت:

شاخەوان.. چەند فرسەخێکی دی، پێدەخەیتە نێو خاکی دوژمنەوە، مامی خیانەتکارت بە سازدانی ئاهەنگی خۆشی مەرگی منەوە خەڵکی سەرقاڵ کردووە، خەڵکە بێئاگاکەی ئەوێ شایی دەکەن و، براکەشم خەریکی خۆ رێکخستنە بۆ سەر مەملەکەتی ئێمەو بەدەست هێنانی خەنجەری گەوهەردا، بەگەیشتنی ئێوە جەندرمەکان دێنە سەر رێگاتان، ئێوە سڵ لە داوی ئەوان مەکەنەوە، لە تاریکیدا سنووری ئەوان ببەزێنە، کە لەوانیش دەرباز بوون گوندێکی لاتەریك دەکەوێتە پێش چاوتان، هەموو شتێکی ئەو نێوە خۆی لە تریفەی مانگەشەوەکە هەڵکێشاوە، لە دەری ئاواییەکەوە ئاشێك قوت بۆتەوە، لەناکاو زینێ – دەرگەی ئاش دەترازێنێ و دێتە دەرەوە، زینێ بووکی مانگە، بووکی دەریا نیە، ئەو شەوانەی مانگ بە ئاسمانەوە دەبێتە گۆیەکی خڕو، لافاوی پێکەنین خۆی دەڕژێنێ، زینێ لەتەك مانگدا دەدوێ، کەس لە زمانی ئەوان حاڵی نابێ، کەسیش وشەیەکی ناسکی ئەوانی ناکەوێتە بەرگوێ.

شەوقی درەوشاوەی مانگ و شەوقی ورشەداری خەنجەر دەشوبهێنەیەك، ئەو دنیایەکی تاریك رۆشن دەکاتەوە، ئەمیش دنیایەکی تاریکتر، نەکەی سرووتەکانی زینێ بشێوێنی، زینێ لە دووی سوارچاکێکی وەك تۆ دەگەڕێ، ئەو دەمە مانگ پێی دەڵێ: ئیمشەو ئەو کوڕە لاوەی کە تۆ کەزیەی رەشی بۆ شانە دەکەی، دێتەلات، بە گەیشتنی ئەویش هەردووکتان لە جامی عیشقا تریفەی من دەخۆنەوە.

ئەمجا زینێ.. لەژێر بارانی زەردەخەنەی خۆشیدا مااڵئاوایی لە مانگ دەکات و، دەچێتەوە نێو ئاشەکە، ئاشەکە لەمێژە خەوتووە، کەچی باوکی زینێ لە خەیاڵێکی دییە.

(– کچم زینێ فرمانی میری ولاتە، دەبێ چل شەو و چل رۆژان دەنگی دەهۆڵ و زووڕنابێ، ئەمەش لەبەرئەوەی میری ئێمە بە مەرگی براکەی شادبووە، من لە هەموان زێتر میری کۆچکردووم دەناسی، من دەمزانی گەورەیی ئەو چ بەختوەرییەکی بۆ ئێمە مەیسەر دەکرد، ئەو تاجی زێڕینی خۆی دەنایە

سەری من و شوانێك و پاڵەیەك و.. سەوداسەرێكی ئەم وڵاتەش، ئەم زاڵمەی ئێمە دڵی بە چی‌ی خۆشە؟.. بەوەی سەرتاسەری مەملەکەتی دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە؟

زینێ بە قساندێ، زێتر عیشق زمانی پی‌دەجوڵێنێ.

- بابە .. ئەی خەنجەری جەوهەردار؟.

- کچم ئەویش لەبەر پشتێن دەنێو خۆی پێوە بادەدا.

- بابە دەڵێن: خەنجەری جەوهەردار خۆی لە کێڵانی ناپاکدا ناگرێ؟

- کچم منیش دەڵێم .. هەروایە.

شاخەوان تۆ بێسرتە بچۆرە ژووری ئاشەوە و، خۆت بە ئاشەوان بناسێنە.. ئەو زوو پێشوازیت لێدەکا، ئەو حەکیمە و کەسی خۆی دەناسێ، زینێ بە نیگای تۆ سەرسام دەبێت، ئەو چاوەکانیت لێکەلا ناکا، تۆش نیگای خۆتی تێئاڵێنە، بە ئاوێتەبوونی نیگاکانیش گرێك سەرهەڵدەداو، دنیای ژوورە رەش داگەڕاوکە دەکاتە رۆژی روونناك، خەنجەری جەوهەردارێش خۆی لەو تیشکە هەڵدەکێشێ، خەنجەری جەوهەردار شەوقی خۆی لە شەوقە نەرمەکەی عیشقەوە وەدەست هێناوە، بۆیە بە شەوقی ئەو هەمو شتێك بە بۆنی عیشق دەکەون!!

ئاشەوان لەو بەینەدا لێت دەپرسێ: تۆ غەریبەت؟ لە کوێوە هاتووی؟

تۆ لە وەرامدا پێی بڵێ: — من غەریبە نیم و دیاریم بۆ میری ئێوە هێناوە.

ئەو قەڵس دەبێ، نێوچەوان بەیەکدا دەداو، وەلی‌جارێ بە سەبرە،

- دیاری؟!

- بەڵێ.. ئەم خەنجەرە جەوهەرداره.

ئەو لەتاو تیشکی خەنجەر چاوەکانی لێك دەنێ، هەر ئەو تیشکەش زیتر روخساری زینێ دەگەشێنێتەوە.

جا ئەم خەنجەرە دەکەیت دیاری بۆ مامی خوێنڕێژت؟

ئەوە وەسیەتی باوکمە.

ئاشەوان دەداتە قاقای پێکەنین، تۆمەساکێ، هەر لەو بڕوانە، تا خاو دەبێتەوە، ئەو هەمدیس لێت دەپرسێ: تۆ لە خەنجەری جەوهەردارت پرسیوە؟

تۆ دۆش دامەمێنە، پرسیارەکەی ئەویش بە سادەیی وەرمەگرە، ئەو حەکیمە و، لە من و تۆ زێتر خەنجەری خۆش دەوێ، لە من و تۆ زێتر خەنجەری ناسیوە.

- نا .. تا ئیستە لەوم نەپرسیوە.

دیسانەوە ئەو دەکەوێتە پێکەنین تۆ وا هەست دەکەی ژووری ئاشەکەش لەتاو قاقای پێکەنینی ئەو دەلەزرێ، زینێش رادەمێنێ، ئەو پێت دەڵێ:

- شاخەوان .. حەقیقەت لە جەوهەری خەنجەرەکەدایە.

- مانای بەچی؟

ئەو بە کاووخۆ پێت دەڵێ: مانای ئەوەی تۆ لەبری خەنجەرەی جەوهەردار مەرگی میری ناپاك بە دیاری دەبەیتەوە مەملەکەت.

- تێناگەم.

- گوایە کەسێك لای خۆتان لە حیکمەتی وەسێتەکەی میر نەگەیشتووە، دەبوو لەسەرەتای سەفەرتانەوە لە خەنجەرەکەتان بپرسیایە.

- میر ئاوابوو، شاخەوان راپەڕی، زەردی وەری ئەو نێوەی جێهێشتبوو، دنیا کش و مات، دەتگوت و پوو کاسی خەونەکەی شاخەوانن، کە لە بەرزیشی روانی، کەژاوەی زینێ بەرەو مانگ بەڕێکەوتبوو.

بیرۆکەی ئەم چیرۆکە لە ئەفسانەیەکی کوردییەوە وەرگیراوە.

٩٩٩٩/٨

شەقامە سوورەکە

محمد کریم

بەرلەوەی گزنگی خۆر دوندی چیاکان رامووسێ، شنەی کازیوە بەخەبەری دێنێ. دو چمکی پەتووەکەی دەگرێ و بەخۆیدا دەدات. گەرەکێتی بخەوێتەوە، کەچی وەبیرهاتنەوەی خەونەکەی بواری خەوتنەوەی لێدەتەنێ. هەرچەند ئەمدیو ئەودیو دەکات پەپوولەی خەو لە دیدەکانیدا ئۆقرە ناگرێ.

رەشەباکە وەها قیژ و هوڕەکەی دابەگوێیدا بێداری کردەوە، یەکسەر هەستایە سەرپێ. کەمێك گوێی هەڵخست، هات و هاوارەکە بەردەوام بوو.

سەرنجێکی ژنەکەیدا. لەسەر دەم خۆی دابوو بەسەر دۆشەکەکەیدا و لاقێکی هەڵنابوو، دەمانچەیی لێی خەوتبوو. کێژەکەشی لەولاترەوە لە گەرمان خۆی هەڵدابۆوە، لەبەر تریفەی مانگەشەوەکەدا لە زەرنەقووتە دەچوو.

لە ترسی ئەوەی نەبا خێزانەکەی بەخەبەر بێت و بڵێ "خێر بەم نیوەشەوە؟" بەهێواشی سەرپاییەکانی بەسەر پێوە کرد و بێ خشپە چووە خوارێ. بە ئەسپایی قاپی حەوشەی کردەوە و بەرەو قیژە و هاوارەکە هەڵات کە لای شەقامە گشتیەکەی تەنیشتیانەوە دەهات. چەند سەد مەترێکی بڕی و خۆی لەناو عەشاماتەکەدا بینیەوە. کە روانی هەر ئەوی لێنیە. ئەو خەڵکە وەك ئەوەی لە پێشوازیی سەرکردەیەکی ئەفسانەییدا بن، وەك داهۆڵ ئەمبەر و ئەوبەری جادەکەیان گرتووە. کە لێیان وردبۆوە دیمەنەکانیان ئاسایی نەبوو. لەوبەری شەقامەکەوە کۆمەڵێ ژنی سیاپۆش کە هەموویان بەژنیان لە سێ گەز بەرزتر بوو، یەخەی خۆیان دادڕی بوو، سەریان لە قوڕ نابوو. قژیان دەسکەنە دەکرد و وەها بێرەحمانە خۆیان دەڕنی خوێنیان لە روومەتە پەژمووردەکانی خۆیان دەهێنا. هەندێکیان کوچکیان لەدەستدابوو کە بە سینەی رەق و تەقی خۆیان دەکێشا تەقەی دەهات.

شیوەنێکی وایان دابەستبوو دەنگی فیزاح و هاواریان دەگەیشتە حەلحەلەی ئاسمان. کە بەردیان بە سنگی خۆیاندا دەماڵی، ئەم تەزوو بە لەشیدا دەگەڕا. سەرنجی دان کە لە شەقامەکە دەنواڕن قیژە و زریکەیان بڵندتر دەبێتەوە. ئەمیش کە لە جادەکە ورد بۆوە و دیقەتی دا لە سەرسامیدا دەمی داچەقاند. شەقامەکە لە بری ئەوەی رەش بچێتەوە سووری دەکردەوە، کە ڕوانی خوێنێکی گەشی وەکو لافاو بەناو شەقامەکەدا ڕیدەکات. هێندەی تر سەرسام بوو، ویستی بپرسێ بزانێ رازی ئەم قیامەتە چیە؟ لە پشتەوە بابایەکی ناو شان پانی چاو کرد، بە هاومااڵەکەی خۆیان تێگەیشت، بەلەز خۆی گەیاندێ، چووە بەرلووتی، خۆی بوو. لێی پرسی مەسەلە چیە؟ ئەم شین و واوەیلایە لەپای چی؟ دەنگ لە مردووی سەرقەبرانەوە هات ورتە لەوەوە نەهات. بە قایمی یەخەی گرت و رایوەشاند، وەکو شێرێکی زامدار بەسەریا گوڕاندی، هەر نقەی نەکرد. جوێنی مزری پێدا، هۆ تەرەس، کوونی، مل حیز، ماکەر، کەچی ورتە لە بەردەوە هات لەوەوە نەهات. کۆڵی لێدا. لە دوورەوە بێوەژنەکەی فەرمانگەی خۆیانی بەدی کرد. ئاهێکی بە بەراهاتەوە. لەبەرخۆیەوە وتی (ئەم دەمەوەری جانانەیە خەبەر و

باسی ئەمپەڕۆئەوپەڕی دنیای لایە، ئەم نەزانێ چیە؟ ئەفلاتونی حەکیمیش نازانێ، مەگەر بینایی چاوان بۆخۆی بزانێ چیە؟" بە هەڵەداوان خۆی گەیاندێ. کە دیقەتی‌دا تەواو بەخۆیدا شکایەوە، هەردوو مەمکی دەرهێنابوو گەمەی بە گۆکانیان دەکرد. کۆکە کۆکێکی بۆ کرد، بەڵکو شەرم بکات و وەکو کەرۆیشک لە کولانەیان بکاتەوە. کەچی کە ئەمی چاوکرد زیاتر ڕکەی بێعاری گرت، دەستی خستە بنیان وەك ئەوەی مەزاتیان بکات هەڵیدەسەنگاندن. چاوێکی لێداگرت و بەسەر ئاماژەی بۆ کرد کە بچێتە بەرەوە. هەلهەلەی تیاترۆکانی ئەمبەری شەقامەکە وەختەبوو گوێچکەی کەپ بکەن کە لە کۆڕۆنی ڕەوە ئەسپێك دەچوو. ئەمان بە ڕووت و قووتی وەکو دەنکی تەزبیح لە شانی یەکدییەوە ڕیز ببوون سەمایان دەکرد و چاویان لەوسەری جادەکە بڕیبوو. بەپێچەوانەی ژنە ڕەش پۆشەکانەوە، ئەمان بستە بالاو گرگن بوون. مەمکیان وەکو تووڕەکەی دۆ شۆڕببۆوە، کە هەلهەلەیان لێدەدا و قوولەیان دەکرد، شیوەن و زاری ژنە سیاپۆشەکانیان خامۆش دەکرد. کە بە دیدەی مشتەری سەیری کردن ئەو ژنانەشی تێدا دۆزینەوە کە هەرگیز بسکیانی نەدیبوو، هەردەم لەچەکانیان لە ملیان شەتەك دەدا. چەشنی ماینی بەتەڵەب دەیان حیلان و سەمایان دەکرد، ئەو سەرمایەی کە هەر لەخۆیان دەوەشایەوە.

لەمسەری جادەکە، ڕەوە منداڵێکی کەچەڵ و چڵمنی بەدیکرد. هەموو ڕەنگ زەرد و لەپو لاواز و سیسەڵە دەتگوت گۆڕەوشار دراون. لەگەڵابەیەك بەرد ئاڵابوون بەچەکوش دەیان شکاند و بەتام و لەزەتێکی سەیرەوە دەیان خوارد. وەها دەهری بوو چاوی پەڕییە پشتی سەری. لەبەرخۆیەوە وتی: "تف، ڕووی زەمانە ڕەش بێ، بێباوکەکان بەرد دەخۆن. وەڵاهی دەڵێی مێشن و لە کلۆ شەکر مروکاون، ئای لەم ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتووین".

ئەمیش لە برسا قۆڕەی سکی دەهات، بیریکەوتەوە کە ئێوارە بیشێو سەری ناوەتەوە بۆئەوەی کەنیشك و هاوسەرەکەی تێربخۆن و مڕ بن. جوان دەنگی دەبیستڕا کە وتی "پیاو دایکی خۆی بباتە تیاترۆخانە وەلێ پاروویی هەتیوان نەدزێ". وەك زارۆکێکی شەرمن دەستی نابوو [illegible] لەکەی و سەرنجی دەدان. یەکێکیان کە بۆرە قنەیەکی مل باریك بوو تەلاشەبەردێکی بۆ گرت و پێی وت "فەرموو خاڵە، زۆر خۆشە، تامی کاڵەك دەدات!" سەرەتا پڕکێشی نەکرد لێی وەربگرێ، ویستی بەسەر برسێتی‌یەکەیدا زاڵ بێت. کەچی بەتۆپزی بەسەریدا ساغ کردەوە. بە سڵەوە یەکەم قەپی لێدا، چاوەڕێبوو هەموو دانەکانی وردبن. کەچی وەکو گندۆرە نەرم و شیرین بوو. خێرا تەواوی کرد و دۆش داماوە. منالەکە تەلاشێکی دیکەی دایە دەستی و پێی وت "خاڵە، لەوەدەچێ تۆش وەکو ئێمە هەتیوبی" کە لەتی دووەمی تەواوکرد، برسێتی‌یەکەی باری‌کرد. لە منالەکان دوورکەوتەوە بەرەو ژوور ملی‌نا. ڕەشەباکە گێژەڵووکەیەکی ئاوقای دەم و چاوی کرد. ڕەق ڕاوەستا و چاوەکانی داخست.

کە چاوی کردەوە تاریکەشەو بوو، مانگ لەودیو گەواڵە هەورەکانەوە خۆی حەشار دابوو. کە سەرنجی لای ڕاستی خۆی‌دا کۆمەڵێ خواپێداوی کەللەبەرانی چاوکرد کە بەڕیز لەسەر کورسی دانیشتبوون، بۆ ڕوناك کردنەوەی بەردەمی خۆیان دۆلاریان دەسووتاند. هێندە بۆشناخ و تێر و تەسەل بوون تیتاڵییان بەدینار دەکرد. هەموو چاوباشقاڵ، وەکو گوربەی دز لە لەشی ڕووتی سۆزانیەکانیان دەڕوانی و دەستیان بە سمێڵیان دا دەهێنا، کە نیگاکانیان دەگوێزایەوە بۆ سەر ژنە ڕەشپۆشەکان، بە شیوەن و لەخۆدانەکەیان پێدەکەنین. کە مانگ لە پشت پەڵە هەورەکانەوە وەکو بووکی شەرمنی ناو کەژاوە وەدەرکەوت، دیسان ئەو دەڤەڕەی ڕوناك کردەوە. هەنگینێ بە جوانی پیاوە دەوڵەمەندەکانی دەبینی. هەستی کرد شێوەیان ئاسایی نییە، هەموو سەرو ورگیان زل و قاچیان باریکە. کە سووتووەکەی بەردەمیانی بینی ئەوسا بۆی دەرکەوت ئەو دۆلارەی کە ئاگریان داوە ژیانی یەك سااڵی ڕەبەقی هەتیوانی شارەکەی پێدابین دەکرا و لەسەروپێشیانەوە زیاد دەبوو.

سەرلەنوێ کەڵکەڵەی هۆی ئاپۆرەکە لە مێشکی‌دا کنەی کردەوە، مەراقی ئەوەبوو بزانێ ئەو خەڵکە بۆ بەم نیوەشەوە دەڕپەڕیون، ئەم بەزم و ڕەزمە لەپای چی؟ ئەم عەشاماتە چاوەڕێی چی دەکەن؟ بڕیاری‌دا هەرچۆنێ بێ یەکێك بهێنێتە گیروگاز و ڕاستی مەسەلەکەی پێدەربخات. لەوسەری

ئاپۆرەکەدا مێزەری چەرمووی مەلایەکی بەدی‌کرد کە کۆمەڵێ پیاوی کۆنە سالّ گەمارۆیان دابوو. بە گورگەلۆقە خۆی گەیاندنێ. سەرنجی دەم و پلی دان، هەموویان وێردیان دەخوێند و دەمیان دەجوڵا. ئارامی گرت تا لێبوونەوە. ئەوسا چووە بەر ریشی مەلاکە و پێی وت: "مامۆستا من خەریکە تێك دەچم، پێم ناڵێی ئەم مەراسیمە سەیر و سەمەرەیە چیە؟ ئەم خەڵکە چاوەنواڕی چی دەکەن؟ کێ بێرەدا دێت وا ئەمبەر و ئەوبەری جادەکە گیراوە؟" مەلا خۆی لێ کرد بە تووڵپ و گوێی پێنەدا.

یەخەی جبەکەی گرت و رایوەشاند "من تۆم بە سەرڕاست دەزانی، کەچی تۆش دەمت چۆتە کلیلە و ناوێری فزە بکەی."

پیرەمێردەکانی دەوری مەلا سەریان لەوە سوڕما کە چۆن سەرڕووتێکی وەك ئەم زاتی کرد بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ بکات. گوێی لێبوو یەکێکیان وتی "ئەرێ ئەم گەوجە کێیە بەم بیجامە دەڵبەوە دەرپەڕیوە" بۆڵەی یەکێکی دیکەشی بیست کە وتی "ئەرێ ئەمە گایە یان لەگوێی گادا خەوتووە." گوێی بە بۆڵە بۆڵەکەیان نەدا چونکە دەیزانی خەڵەفاون، هەر لە دەم و کاوێژی مەلا ورد دەبۆوە، دواجار مامۆستا دەمی کردەوە و پێی وت: "برۆ دەستنوێژ بگرە و وەرە با دۆعای خێر بکەین بۆئەوەی خوا لەم میحنەتە رزگارمان بکات" ئەم لە وەڵامەکەی دەهری بوو بە رقەوە وتی "مامۆستا میحنەتی چی و تەڕەماشی چی؟" مەلا دیسان پشت گوێی خستەوە و لەگەڵ پیرەمێردەکان دا کەوتەوە ویرد خوێندن.

لەوبەری شەقامەکەوە شتێکی بەدی کرد، دۆخینی شەروالّەکەی بەدەستەوەبوو، دەیویست لە جێگایەکدا هەڵ میزێ، کەچی کۆمەڵێ منالّی چەتوون نەیاندەهێشت و تەماشایان دەکرد. ویستی بچێتە ئەوبەرەوە و منالّەکانی لێ دوور بخاتەوە و پرسیارێکیشی لێبکات. لەبەرخۆیەوە وتی "مەگەر ئەم شێتی پەتەپێیە راستیم پێبڵێ" هەرچەندی کرد زاتی نەکرد پێبخاتە خوێنەکەوە و بچێتە ئەوبەرەوە. لەپڕ شێتەکە وەکو هێستره ماچە هەڵی تیزان و بەناو خوێنەکەدا هاتە ئەمبەرەوە.

ئەمیش لێی چووە پێشەوە و پێی وت "ئاقڵ گیان ئەوە چیە؟ وا ئەم خەڵکە کۆبوونەتەوە؟" هەتا هێزی تێدابوو بەسەریا نەڕاندی: داو،شێی کلکەلەقێ مەکە، من کەی ئاقڵم؟ من شێتم، من قڕم بە دنیاوە نییە." قاقایەکی لێدا و وتی "هەی لەوە بەخۆش داکەنەشەوە دەرپەڕیوە" بە هەمان شێوە غاری دایەوە بۆئەوبەر و هاواری دەکرد "بەورەکان بوون بە سەگ، بەورەکان بوون بە سەگ"

ئاگەهان قریوە و هەلهەلەی سۆزانیەکان گەیشتە ئاو سکی ئاسمان، عەشامانەکە سەراپا رووبان لەوسەری جادەکە کرد. کە روانی چەند گەمالێك بە ناوەڕاستی شەقامەکدا دێن و هەتا ناوەڕاستی دەست و قاچیان لە خوێنەکەدا نقوم بووە. ناوە ناوەش لمۆزیانی تێوەردەدەن. شەقەی چەپڵەڕێزان بەرزبۆوە و قیژەی ژنە سیاپۆشەکانی کپ کردەوە. سەگەکان بە شادییەوە لەمبەر و ئەوبەریان دەپوانی و وەکو سەگی سێرك بە هێمنی ڕێیان دەکرد. خواپێداوەکان، ئەوانەی لە دێر زەمانەوە هەر بەشیان دانیشتن بووە و خواردوویانە و لە وشك نوستوون. بۆ یەکەمجار لەسەر کورسیەکانیان هەڵدەسن و لەبەردەم گەمالّەکان دا دەست بە سنگەوە دەگرن.

تیاترۆکان خۆیان پێناگیرێ و بەرەو لای سەگەکان هەڵدێن، دوان و سیان لە گەمالێك دەئالێن و دەکەونە لستنەوەی. ئەویش بە لمۆزی سوورەوە دەکەوێتە خوراندن و لستنەوەی ناوگەڵ و پاشەڵی سۆزانیەکان، هەتا ناو لنگ و پاشەڵیان بەخوێن سوور نەکات دەست بەرداریان نابێ. ژنە ڕەشپۆشەکان لەویەرەوە و منداڵە مل باریکەکانیش لەمبەرەوە بەردبارانی سۆزانی و سەگەکان دەکەن. تێك ڕژانێ دەخولّقێ کە کەس سەری لێ دەرناکات.شێتەکە لەوبەرەوە بەندە خوێنەکەی بەدەستیەوە گرتووە و دەنەڕێنێ و دەڵێت:

"لاچن با بە گەماڵ و دێڵە حیزەکان دا هەڵ میزێم"

ئەمیش لە دوورەوە دەستی خستۆتە پشتەوە و لە گۆڵمەزەکە دەڕوانێ. لەسەر سفرەی بەرچایی کەنان و چای ڕووتە کچەکەی پێی وت:

"باوکە ئەمشەو لەخەوما هەڵۆکان هەموان ببوون بە مەیمون"

ژنەکەشی پێکەنی و وتی:

"هەی‌لەوە منیش لەخەوما هەڵۆکان ببوون بە قەڕ"

ئەمیش بزەیەك کەوتە سەر لێوی بەڵام زاتی نەکرد خەونەکەی ئەمشەویان بۆ بگێڕێتەوە.

سلێمانی
١٩٩٩/٨/٢

نسرمەکانی تاوان
یان خەرەندەکانی تاریکی

عباس عبدالرزاق

رێبوار لە نێو ژوورێکی شێداردا بەئاگاهات، باوکی بەقژێکی ماش و برنجی ئاڵۆزکاوەوە، لەبەردەم شووشە شکاوەکەی پەنجەرە بوراقیە کۆنەکەدا ڕاوەستابوو بە وردی سەیری کۆڵانە تەنگەبەرەکەی دەکرد هەموو کەسێکی دەخستە ژێر چاودێرییەوە، لە پشتی ئەم دەرگایەدا چەند پێپلیکانێك هەبە هۆڵێکی گەورەی داتەپییوو کە دایکی هەمیشە میوانەکانی تیا بەڕێدەکرد لەولاتریشەوە گۆشەیەك کە داپیرەی چیرۆکەکانی تێدا دەگێڕایەوە، ئێستا وا لە تەمەنی ماش و برنجی باوکی داو بەردەم پەنجەرە بوراقیەکەی گرتووە، هەموو کەسێك دەخاتە ژێر چاودێریەوە، گەرچی ئێستا لەم کۆڵانەدا کەس هامووشۆ ناگا، باوکی یەکەمین تۆوی گومان و نەفرەت بووی لە ناخیدا چاند، زۆر هەوڵی دا خۆی لەم تەلبەندە رزگاریکا، بەڵام ناتوانێ!

- ئەلو ... ئەلو...

کەس وەڵام ناداتەوە ئەم تەلەفۆنە لەکارکەوتووە وەك ژوورە شێدار و رزیوەکە، وا هەستی دەکرد پاش تۆزێکی کە دێن و کەلەبچە دەخەنە دەستی و ڕاپێچی دەکەن و لێیدەکۆڵنەوە و لە دادگادا مانشێتی ڕۆژنامەکان لەسەری دەنووسن... سەیری کاغەزێکی کۆنی کردو دڵنیابوو کە ئەدرەسەکەی بەتەواوی خۆیەتی،دراوەتەوە، بەڵام لەوە نەدەچوو بۆ پێبکەن.

- لە وڵاتی ئێمە بەدەنگ تەلەفۆنی کەسەوە ناچن.
- حوسنیە گیان بۆوام پێبکەن من هێندەی ناخی پاکی خۆم خۆشم دەوێیت،
- بەڵام تۆ ئەزانی من ناتوانم.. دەبێ بڕۆم...

لەو ڕۆژەوەی حوسنیەیی ناسی، ئارەزوو ئازادیەکانی خرایە ژێر دەستیەوە و، ئەمیش لە قەفەزێکی رزیوی ژەنگ هەڵگرتوودا داینا، لەژێر عەبایەکی رەش و ماسکێکی بۆگەن لەو (وسمە) ێکی تێزابیە رەنگی چڵکن و دواکەوتووی پێبەخشی،

- دەبێ بڕوام پێ بکەن... دەبێ دادگایی بکرێم

ژوورە نسرم و دیوارە رزیوەکە دەرگاکەی بە کێڵۆنی زنجیردراو ئاڵۆز دادەخرێت، لەودیو ئەو دەرگایەوە چەند پێپلیکانەیەکە بۆ هۆڵەکەی خوارەوە.

کاتێ دایکی میوانەکانی بەڕێدەکرد باوکی لە پەنجەرە بوراقیە شوشە شکاوەکەوە دەی ژماردن لەو ژماردنەوە تۆوی نەهامەتی نەفرەتی لە ناخی رێبواردا چاند..

- ئێستا نە کەمێکیتر ئەم کۆڵانە تەنگەبەرە پڕدەبێ لە ئوتومبێلی پۆلیس لەم ژوورە پەنجەرە بوراقیەدا راپێچی دەکەن..

ئەو دەمانچە و چەقۆ ژەنگاوییە، ئەو رۆژنامە و وێنە و مانشێتانە – لەسەر مێزی دادوەر دادەنرێت و هەموویان پەنجە بۆ ئامێری کوشتنەکە درێژ دەکەن.

دەست دەبا بۆ دەمانچە کۆنەکە تەزوپەکی ساردو ترسناك لەشێوەی تاوانێکی نەخوازراو لە جەستەدا هەڵدەکشێ... ئەم دەمانچەیە ماوەیەکە لێرە شارراوەتەوە، یەکەم جار دایکی بە شیری خۆی رق و کینەی کردە دەمیەوە، لەگەڵ (چیرۆکەکانی) داپیرەی رۆژجار هەست دەکات وەك ئەو دڕندە ئەفسانەییە شێوەی (ژولیدەمۆ)(*) دەگرێتەوە.

رێبوار بە شپرزەیی بەپێپلیکانە رزیوەکەی ژوورەکەدا سەردەکەوت، جۆگەلەی خوێنی باوکی لە پەنجەرە بوراقیەکەوە چۆڕ.. چۆڕ.. دەڕۆیشت – پێش تۆزێك باوکی بە میهرەبانیەوە باوەشی پێداکردبوو ئارەزووی گەورەبوونی دەکرد، بەڵام ئێستا خوێنەکەی و ئەم چەقۆیەیی بەدەستەوەیە قاچی لەناو خوێنەکەدا سوورهەڵگەڕێ، باوکی لەسەر کورسیە شکاوەکە و لەبەردەم پەنجەرە بوراقیەکەدا ملی شۆڕبۆتەوە – قژە ماش و برنجیەکەی لە بیری رێبوار مایەوە – ئیدی وێنەی باوکی لەسەر رۆژنامەکان بڵاوکرایەوە، بە مانشێتی گەورە نووسرا لەسەر دیوارە شێدارەکە، هەرچەندە رێبوار دەیتوانیبە ئاسانی لەم ژوورە بڕواتە دەرەوە و دەربازی بێت، بەڵام لە ناخیدا کلیلێکی ژەنگاوی لە شێوەی ئایەتێکدا نەزۆکی شەیتانی لە پشتی سەریەوە مێشکی دادەخات و دەربازبوونی نییە، وەسوەسەیەکی لە مێشکیدا چەکەرە دەکات و پاڵی پێوە دەنێ بۆئەوەی بە تووندی پەنجەرە لەسەر پەلەپیتکەی دەمانچەکە گیربکات و کاتەکان لە جوولەی ئاسایی خۆی رابگرێت و رزگاری بێت...

(کاتێ لەدایك دەبی بەتەنیا خۆت دەگری و ئەوانەی دەوروبەر پێدەکەنن لە مەرگ دا تۆ بێدەنگی و ئەوان دەگرین)

پەنجە لەرزۆکە ترسنۆکەکەی نیوەی پەلەپیتکەکە پاڵ پێوەدەنێ و ناگاتە سەر چرکاندن، دەستی دەلەرزێت و گێژەڵوکەیەکی رقاوی لە ناخیدا هەڵدەکات – هاوارێکی سەیر لە شێوەی گریان و قیژەی لەدایك بوون – بێدەنگییەك لەشێوەی سامناکی کاتەکانی مەرگ.

- ئا.. ئا.. ئەمە چەندە جارە تەلەفۆن بکەن.. بۆچی بڕوام پێناکەن من.. من

وردە.. وردە سەری شۆڕدەبێتەوە لێنێوان درزەکانی شووشە شکاوەکەی پەنجەرە بوراقیەکەدا کۆڵانە تەنگەبەرەکە دەخاتە ژێر چاودێریەوە.. بەڵام کەس بەم کۆڵانەدا وەك جاران هاموشۆ ناکا.. دەنگی گریانی تێکەڵ بە میهرەبانی و خۆشەویستی باوکی دەبێ، چەقۆ ژەنگاویەکەش بە خێرایی لەسەر ملی باوکی دەبێ.. دەنگی قاقای دایکی دێتەگوێی.

حوسنیە، کاتی کچێنی حەزی لە رێبوار کردبوو بەهەر بەهانەیەك دەیویست خۆی لێنزیك بکاتەوە، ئاڵۆزی مێشکی رێبوار وای دەکرد لێك دووربن. ئەو ئەفسانانەی داپیریی و شەیتانی ئایەتەکانی ئێستا هەمیشە رێگربوون.. حوسنیە کاتێ بڕیاریدا لە رێبوار دوورکەوێتەوە خەونێکی بینی.

جلی بوکێنی لەبەردایە و لە هۆڵێکی تاریك دا هەڵپەڕکێیەك دامەزراوە، مرۆڤەکانی نێو هۆڵەکە دەموچاویان پێوە نییە و قاقایان بەرز دەبێتەوە و، بە ریش قەفەزێکی ژەنگاوی دروست دەکەن، کاتێ لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو و لەگەڵ رێیواردا هەستی دەکرد کڵاوێکی سپی چڵکن دەموچاوێکی ریش ئاڵۆزکاو لە پشتی سەری رێبوارەوە قسەی لەگەڵ دەکات و تۆوی رق و کینە لە دڵیدا دەچێنێ، توشی دڵەڕاوکێ دەبێ و دەیەوێ لەم شووکردنە رزگاری بێت، دەقیژێنێ لەپڕ رێبوار دەمی دەکاتەوە و ئەژدیهایەك لە دەمیەوە دێتەدەرێ، گازێك لە ملی دەگرێت و سەری لێدەکاتەوە، پاشان بە زۆر لەسەر کورسیەکە دایدەنێن و ئاهەنگەکە تەواو دەکەن – لەخەو را دەپەڕێت ترسێکی لێدەنیشێ بڕیار ئەدا بەیەکجاری لە رێبوار دوورکەوێتەوە.

رێبوار لە پەنجەیەکەوە سەیری مانشێتی رۆژنامەیەکی هەڵواسراو دەکا، چاو دەگێڕێت بەنێو ژوورەکەدا – لەپڕ چاوەکانی لێجیادەبنەوە و دەخولێنەوە، ئیدی چاوەکانی بە شوێنی جلەکانە هەڵدەواسرێن و شۆڕدەبنە خوارەوە و دەست دەبا بۆ دەموچاوی سەیردەکات برژانگیشی پێوەنییە، لەسەر چاوریەوە بەشێوەیەکی کەوانەیی شۆڕبونەتەوە، چاوەکانی ئەم دەبینێ تەنانەت مانشێتی رۆژنامەکانیش دەخوێنێتەوە، لە پشتی

چاوەکانی سەرێکی ماش و برنجی قژن و ریشێکی ئاڵۆزکاو دەبینێ.. بۆنی سەردەمانی شەڕە شیری لێدێت.. لە چیرۆکەکانی داپیرەی دەچێت و سەردەمی ئاسنین دەگێڕێتەوە و هانی ئەدات..

- حوسنیە.. حوسنیە... فێرە بە خیانەت... بێکوژی... بێکوژە...

بۆنی نمرچ و مەرگی لێوەدێت، ورگی لە شوێنێکی دیکەوە هەڵواسراوبوو، بەردەوام لە هەرەسکردنی قوربانیەکانی خۆیدابوو. کابرای شەیتان دەمانچەکەی دایە دەستی.

- بیکوژە... بیکوژە..

دەنگێکی نەشاز و بێکۆتای دەبیست... لەپڕ خۆی لەبەردەم دادگایەکدا بینیەوە... مانشێتی رۆژنامەکان پەیتا.. پەیتا... لەبەردەمیا دەردەکەوتن، گریا هەستی کرد دڵۆپە فرمێسکەکان لە پێڵوی چاوی‌دا کۆدەبنەوە، کە چاوی کردەوە دەمانچەکە رووەو خۆی‌بوو، دیسانەوە سەردەمی ئاسن و ئەفسانەکەی (ژوولیدەمو) ی داپیرەی لە مێشکی‌دا زاڵ بوو، ئالای ترس و وێرانی و نەمانی نەریتەکان لەناوچوونی کۆمەڵ و تاك ژیانی پی‌رادەگەیان، پەنجەرە شوشە شکاوە بوراقیەکە، خۆی ئامادەکردبوو لەگەڵ چرکاندنی دەمانچەکە هەرەس بێنێ و هیچ بیرەوەرییەك لەم پەنجەرەیەوە بۆ کۆڵانە تەنگەبەرەکە نەمێنێ، لەوکاتەدا سەیرێکی چاوە هەڵواسراوەکەی کردو برژانگەکانی بە کلیلێکی رەش قەترانی سەتێنرابوو، هەستی بەو جانەوەرە دەکرد و ریشە ئاڵۆزکاوەکەی وەك داوێك هەموو بیرەوەریەکانی تێدا بەند دەبوو – هانی ئەدەن وەك شەیتانێك کە زیاتر لە ئەفسانەکانی داپیرەی دەچێ...

حوسنیە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا نامەکانی رێبواری دەرهێنا، ناخی پاکی لە تاریکی ئەم شەوەدا بەدی‌دەکات، بۆنی عەتری عەشقێکی پاك و نمایەکی پان و گریانێکی ئەبدی تێدا بەدی دەکا.. بزەیەك دەیگرێت..

- تۆ بڵێی ئەم خەوە چی‌بێت... منی لە رێگاکانی ژیان داناو رێبوار بەو هەموو جوانیەوە لە پانتایی تاوان دا دەدۆزرێتەوە.

نەی‌دەزانی چی‌بکات بە ڕۆژ و بە شەو بەدوای کاتە دۆڕاوەکانی نێو ئەم نامە پەمەیانە دەگەڕێت – کاتێ حوسنیە منالی پەردەی کچێنی پێوە دەبێ‌دەمانچە ژەنگاوییەکە وێنەی لەسەر دیوارە شێدارەکە هەڵواسراوە بۆنی نسرمی ژوورەکە لەنێو مانشێتی رۆژنامەکان دا بەدی دەکەیت رێبوار ئەو هەموو خۆشەویستیە لە مەمکی دایکی‌یەوە فێربووە– ئێستا بۆ مەمك و چاوەکانی حوسنیە هەڵیدەڕێژێ – بەڵام رق و کینەش لە خواردنی شیری دایکی وەرگرت و نەیتوانی لە چاوەکانی حوسنیە وبنی بکات و خۆی تێدا نقوم بکات.. لێرە باوکی لەبەردەم ئەم پەنجەرەیەوە بە خۆشەویستی و میهرەبانیەوە باوەشی گرتەوە و چەقۆکەی دەستی رێبواری لە ملی خۆی گیرکرد.. گریانێکی سەیر لە ناخی‌دا هەڵدەقوڵا وای دەزانی ئێستا لەدایك دەبێ، بەناو چۆڕاوگەی خوێن و لفەکەی خۆی لە سکی داکی‌یەوە دەربازبوو گریا بۆ لەدایك بوونی خۆی، بۆ نەهامەتیەکانی مەرگ و بەنێو چۆڕاوگەی خوێنی باوکی هامووشۆری دەکرد و قاچی بەخوێنی باوکی سور هەڵگەڕا، ئەم دادگاییە کە بکرێت.. لێکۆڵەرەوەکان دەحەپەسێن.. نازانن بەرامبەر ئەم ڕەفتارە چی‌بڵێن... ناهەقیان نی‌یە ئەوان قەت شەیتانیان نەبینیوە لە پێستی خۆیان.. یان بەم شێوەیە نەیان بینیوە، ئەم ئایەتانەش نازانن چی‌یە، لەپڕ بەئاگاهات دەمانچەکە لەسەر نەوچەوانی خۆی جێگیرکرد لە ناوەڕاستی مێشکی‌دا بۆئەوەی خێڕ و شەڕی بیرکردنەوەکانی لێك جیابکاتەوە، دەستی دەلەرزی و تووشی هستریایەکی سەیربوو هاواری دەکرد.

- بۆچی من شیری دایکم دەخۆم و لەزەت لە مەمکی دەبینم ، بۆچی‌له ژنێك دەبم ژنێك گومانم لە دڵ دا دەچێنێ و ئەم هەموو رق و کینەیە لەناخمدا جێگیردەکات.

رێبوار دەیزانی هۆی سەرەکی دڵەڕاوکێکەی چی‌یە، هەستی بەو ئەژدیهایە دەکرد کە لە گومانەوە لەناخیدا دروست دەبێ، لەپڕ سەردەردێنێ‌و سەرچاوەکانی جوانی قوت دەدات، هاواری دەکرد.. پۆلیسەکان گوێیان نەمابوو، بڕوایان پێنەدەکرد.. بەخێرایی سەیری مانشێتی رۆژنامەکانی سەر دیوارە شێدارەکەی کرد، وێنەی دایکی و مانشێتێکی گەورە

و پەنجەرە شوشە بوراقیەکەی باوکی لە لەپی دەستیدا سورهەڵگەڕاوە.. چاوەکانی زەق.. زەق.. بە هەڵواسراوی سەیری دەکەن.. ڕێگایەکی تری بۆ مەرگ پیشان ئەدەن.. چاوی داخست نەیدەوێرا سەیری کڵاوە چڵکنەکە و ریشە ئاڵۆزکاوەکە بکات، کە چاوی کردەوە، ئەو ماڵە نسرمە نەبوو کە جاران بە چاوە هەڵواسراوەکەی دەیبینی، لە یەکەم ئاوڕدانەوەدا چاوە جوانە خورماییەکەی حوسنییە پێشوازی لێدەکرد و ئامێزی بۆ دەکردەوە، ئەمیش بە ڕاکردن بەرەو پیریەوە دەڕۆیشت.

پەنجەرە بوراقیەکە شووشە پاک و بێگەردەکانی دەڕوانێتە سەر پانتایەکی پان و بەرین و گوڵ و گوڵزارێك، بە راکردن دەرگا دووتاکیەکە دەکاتەوە، دەڕواتە خوارەوە لەسەر دیواری هۆڵەکە وێنەی بووك و زاوای دایك و باوکی دەبینێ، بە پێکەنینە پڕ لە دڵسۆزیەکەی باوکی دایکی ئاشنا دەبێ، دونیایەکی کەیە و باسی ئەفسانەکانی خۆی ناکات.

- حوسنیە تۆ نەمردوویت.. تۆ لە جاران جوانتریت.

حوسنیە بە پێکەنینە سیحراویەکەی خۆی پێشوازی لێدەکات دانە.. دانە ترێ ڕەش میریەکەی باخەکەی خۆیانی بۆ هەڵئەدا.

- کە خۆشە و شیرینە ئەم تریێیەیی دەستی حوسنیە..

ڕێبوار بڕوای بەخۆی نەمابوو.. نەیدەزانی ئەم شوێنە خەونە یان راستە، لەگەڵ حوسنیەدا بە باغەکەدا تێدەپەڕین هەستی بە لەزەتێکی سەیردەکرد.

لەپڕ کابرای ریش ئاڵۆزکاو لە پشتی چاوە هەڵواسراوەکانی ئەمەوە ئایەتە نەزرکەکانی پێتەڵقین دەکرد و هانیئەدا، دەبێ دەستی بەردەی، فرسەتە، ئەوە دەمانچەکە بیگرە ئەم زناکارە.. مەهێڵە.. مەهێڵە لە مێشکیدا دەنگی دادگا بەرزدەبێتەوە.. خۆی دەبینێ لەبەردەم دادوەرەکان دا، تاوانەکانی بە هۆڵی دادگادا هەڵواسراوە، وێنەی حوسنیە بە مانشێتێکی گەورە لەبەرچاوی لەسەر دیوارە شێدارەکە هەڵواسراوە و لەسەری نووسراوە.

- ژنێك کوژراوە.. دەموچاوی ئەتك کراوە.. تەرمەکەی فرێدراوەتە سەر شەقامێك.. تا ئێستاش تاوانبار نەناسراوە.

وێنەکەی لەبەرچاوی بوو.. حوسنیە بەچاوەکانی قسەی لەگەڵ دەکرد هەمان چاوە جوانە خورماییەکە، وێنەی باوکی لەبەردەم پەنجەرە بوراقیەکەدا لەبەرچاوی بوو، دایکی بە مەمکەکانی شیری ئەدایەو مەمکەکانی فێڕی رق و کینەی دەگەن، چاوەکانی بە هەڵواسراوییەوە وەك شەیتان لە بن گوێدا دەچرپێنێ و مێشکی کرمۆڵەدەکات سەردەمی ئاسنین و (ژوولیدەمو) ش لای داپیرەمابوو دەیەوێت هەموو شتێك وێران بکات و هەناسەی هەموو کەسێك لەبنەوە ببچڕێنێ..

دادگا.. فەرمانی ئەدات.

- دادگا سزای مەرگ دەسەپێنێ بەسەر تاوانباردا.

ڕێبوار لە بەرامبەری دادگای ناخی خۆیدا دەستی لەسەر پەلەپیتکەی دەمانچەکە گیر دەکات.. دواقۆناغی چرکاندنی دەستی پێدەنێت و دەستی نالەرزێت

- ئەلو من تاوانبارم کاتی خۆی ژنێك کوژراوە و.. ئەتك کراوە.

بێدەنگیەك زاڵ دەبێت گڕی لولەی دەمانچەکە روونا کیەکی گەورە لە ژوورە تاریك و ئاڵۆزەکە دروست دەکا، ئیدی چاوەکانی بە هەڵواسراوی نامێنێتەوە، بۆیە یەکچرکە دەموچاو قژە ماش و برنجیەکەی باوکی لەبەردەم پەنجەرە بوراقیەکەوە دەبینێت و دایکی لە ئامێزی گرتووە، چاوە جوانە خورماییەکەی حوسنیە و گوڵ و گوڵزار و پانتایەکی سەوز گوللەکە لەم دیوی مێشکی دێتە دەرەوە بەر پەنجەرە شوشە بوراقیەکە دەکەوێت، ئەویش بەئاسانی هەرەس دێنێ، بیرەوەریەکانیش لە شیتاڵی گۆشتی سەری دا لەسەر لەتەکانی شوشەکە دەمێنێتەوە، پەڕەکانی ڕۆژنامەکان و ڕۆژانی ڕەش نسرمی ئەم ژوورە بە ڕەشەبایەك لەبەرچاو ون دەبن.

سلێمانی
١٩٩٩/١١/١٩

بەندیخانە

سەلام مەنمی

کاتی خۆی ئەم ئەتکخانەیە، خانووی باوکی – ئارام گەرمیانی – بوو ئەو بەردی بناغەی دانا، هەتا بڵێی ئارامگای‌مەردایەتی و ئاکار و کاسە دراوسێتی بوو، بەڵام جاری وا هەیە ئەوەی مرۆف هێڵڕێژ و وەرتەو بەرەی بۆ دەکات و دەیخاتە سەر خوانی پاشەڕۆژ، بێئەوەی دەستی خۆی تیابێ لێی دەبێ بە مارەکەی شێخ هۆمە رو وەزەنی لێدەکات و تووکی سەری بادەیبات و ریسەکەی دەبێتەوە بە خوری.. ئەوەبوو، گورگەباران دیدەکان، ئەوانەی، لەکوڵە چوارشەممەی مانگی سەفەر سوورترن و بەخوێن هەردەکانی دەروونیان و نەخشە دۆزەخییەکانیان بەرەنیاو ئاوڕشێن دەکەن، هاتن بەندیخانەی شاریان وڕاق و فراوان کرد، ئەم خانووە و چەندەها خانووی تری هەڵوشی و گەڕەکەکانی گرتەبەر، شەپۆلەکانی تاوان کۆمانجەیان دەکرد، ترس و دڵەڕاوکێ و تارمایی لەناو خوێن و دەمارەکانیانا ڕووابوون، هەتابوو ڕەگیان زیاتر تیا دادەکوتا..

ئەمانە سەرجەم، کاسەی سەری – ئارام – یان لیپان لیپ کرد و وەک دنگ درنگەی دەهات، گیانی خۆی خستەسەر لەپی دەستی، لەوە زیاتر خۆی پێنەگیرا، شەماڵی تۆڵە دەروونی فێنک کردەوە، گوێی بێدەنگی درێ، لە سەنگەرەکاندا خەرمانەیدا، چەرخی گورگەگانی لەچەمەر کێشا هیوایان زڕیوو، دەستیان لە پاشەڵی هەناکەوە دەرچوو، ئەوانیش بۆ تۆڵە و ئەتک کردن دەمەدالانێیان پێکەوت و وەک میشەکەرانە بەسەر – خەرمان – ەوە نیشتەوە، لە ئەتکخانە چوارمشقی دایان نیشان چاوە مردووەکانی بەژوورەکەدا گێڕا: (بە ریشی کێ ڕەوایە جێ نەزەرگەی پیاوچاکان، بەردەنوێژو سۆزی باوان، لەیلایەی دایك و یادگارەکانی، لە کەندڕی خەما بنااڵێنن، سەربڕین و ئابڕووتکان لەجێیان سەوزبێ..؟!

دەمێکە مەڵی چاوەڕوانیم بەسەربانی ئەم خانە ئابڕووتکاوەوە نیشتۆتەوە، مەلێکی پۆپنەڕەشی سەرگەردان، چارەتاڵ، لە حەوت ئاسمانا ئەستێرەیەکی نییە.. ئەستێرەی هاوڕێکانم بەرەو ئاسۆ دەکشێن و سینگیان میوەی جۆراوجۆری لێدەڕنێ، باخی سینگی منیش وێران و بەرەڵایە، قاڵونچە و ژەنگەسووڕە و مێشەسەگانە گازی لێدەگرن..).

دەنگێ لە دیوارەکەوە بەربای گوێیکەوت و پێی وت:

- ئەمانە پووشوو بەردەستێی دارستان و پاوەن و خەرمان و ئێسقانی ئەم خاکەن، کۆێرەمار و دەردە مرۆڤن، لەمەولا سەرەت لەسەردەگرن، سواری کۆڵەی سینگت دەبن، کەڵە سووت دەکەن، هەناوت لۆبڕ دەبێ، سەد خۆزگە بە مردن دەخوازی، بەڵام گیان لە جێیەکی سەختایە و بە ئاسانی دەرناچێ.. جارجار

دایکت لەخەوا دەبینی و هاواری لێدەکەیت و پێی دەڵێی:

- گیانکێشێکم بۆ بنێرە با گیانی منیش بکێشێ..

بەڵام رەشەبای ناوەخت لەگوێتا دەبێتە چەقەنەی ئاسیاو، ناهێڵێ گوێت لە دەنگی بێ، هەر زوو لەبەرچاوت ون دەبێ..

گورگە ددان گڕەکان ئاوست دەکەن، نۆ مانگ و نۆ رۆژ لەژێر ئەو بارەیشا دەتلێیتەوە و بارت قورست تر دەبێ، لە رۆژێکی هەینیدا کوڕێکت پێ فڕێ دەدەن، مەرگ ماچت دەکات، ئەمجارە دایکت فریات دەکەوێ و دەتباتە ئەو دنیا خامۆشەی لای خۆی، لەگەڵت دەکەوێتە ئاخافتن و پێت دەڵێ:

- ئەی - ئارام - ی برات..؟
- لە شەڕی خۆکوژیدا پێکراو قاچ و دەستێکی بڕاوەتەوە..
- لەپێناوی چیدا چەکی هەڵگرت و لەچیدا پێکرا..؟! بەداخی ئەوەوە سەرمان نایەوە ئەویش وا..؟!
- هەموو جارێ باوکم بە - ئارام - ی ئەوت..
- پێش ئەوەی بیر لە گۆڕەپانی یاری بکەینەوە دۆڕاوین، لەبەرئەوەی، گەلەی بە گورگان خواردووین، دەردی بێدەرمانین، گۆڕەپانەکانمان بە: - درکە کەڵەوێ و مووسەنەك و مشك و مین چێنراون، گۆڕەپانی خەڵکیش، بە گۆرانی و شمشاڵەکەی - ئۆرفیۆس - و ئاوازی - بتهۆڤن و ئاوی حەیات، سەرو ریشی شانە دەکرێ و هەمیشە ژیانیان لە قەف و گوڵ دایە.. ئەوەی وت و کەوتەوە قسە:

- کوڕێکیشم بوو..
- بۆ شووت کردووە..؟!
- لەوێ ئەتکیان کردم..!
- لەکوێ..؟!
- بڵێم لەکوێ، لەو شوێنەی تیا لەدایك بووم..
- تێناگەم..!
- خانووەکەی خۆمان ئێستا زیندانە..
- شار هەمووی دەبێتە زیندان و خانوو بەپێوە نامێنێ..
- ناوی چییە..؟
- ناویان ناوە - جومعە -
- ئەی باوکی..؟
- باوکی نییە، پێیان ئەوت - جومعە - ی کوڕی حکوومەت..
- بڕواناکەم ناوی وا لە چارەی کەس نووسرابێ..!

* * *

- چەند کەسێك - جومعە دەبەنە لای - جوامێر - ی باوکت و پێی دەڵێن:
- یەزدانی مەزن، ئەم کوڕەی بە - خەرامان - ی کچت بەخشیوە، ناومان ناوە - جومعە - لەبەرئەوەی لەو رۆژە پیرۆزەدا لەدایك بووە، ئەمە جگەرگۆشە و کوولەکەی رۆحمانە، کزەی دڵمانە، ناوچەوانی پاك و بێگەردە..
- (خەرامان)..؟! کوڕ..؟! من باوکیم نەمداوە بە شوو، کەس پرسی پێنەکردووم..؟!
- حکوومەت، باوکی هەوومانە..!

* * *

لووتی - جومعە - ی تووڵەمار = چیای کەڵەوی - دەکێڵێ و بە فەلەك دەڵێ وەلەك و بە قەیسەریدا بڕوات سەردانەنەوێنێو دەبێتە - کوڵە وەیباب - و بە کلکی خۆی دەخوڕی و زەهاك دەخاتە مردن و گۆڕستان و نافەك بڕین، شار و گوند و بیابان و چیاکان بۆنی وڕەتەگەیان لێدێ و سەردار بێسەر دەکەن.. یاسا و داب و نەریت و سیقە لەو جڕونەزۆك دەبن و کەس قەوالەی کەشس ناخوێنێتەوە، بکوژو ببڕ - جومعە - خۆیەتی...

* * *

ساڵەکان زوو زووداوەکان دەپێچنەوە و یەکتر بەجێدەهێڵن، میللەتیش هەر عەقڵی لەچاویانابێ و تۆزی لاپڕەسەنگی و بیوڵەتی دەوەرێنێ کاژی نەهامەتی فڕێ دەدات و هەمیشە خڕەی کەمێڵێ نایەت، هەوشارە نهێنگرەکان حەپەیان پێ نامێنێ، خەمخۆرکی تۆڵە قووتیان دەدات و دەبنە کاڵتەوگەپی زەمانە.. بەڵێ سەردەمێك زەوی بێ مارو مێروو دەبێ تف لە کرمەبڕەی زەوی دەکرێ، ترس، دڵەڕاوکێ، تارماییەکان دەڕەونەوە مرۆڤەکان بێ سڵەمینەوە سەیری ئەملاوئەولای خۆیان دەکەن، بەرەو چنینی تیشکی خۆر هەنگاو دەنێن..

بەڵام ئەوەی خەوی پێوە دەبینن و خۆیان بۆ مەلاس داوە، چیرۆکێکی ئەفسانە ئامێزی هەزار لۆغانەی پڕ لە جادوو دەلەسەو سنگ هەڵکێشانە،

مەردومەکان میز بە ناوچەوانی خۆیان و یاسا و داب و نەریت و رابوردوویانا دەکەن، لە کوانووی خۆیانەوە ئاو دەچێتە ژێریان، سوپسوڕەن هێلانەکانی خۆیان ناناسن، وەکیل و ریش سپییان گورگە..

–جومعە – پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکە جەنجاڵیە و بەخۆیادێ، بیر لە شێواز و پیلانی دۆزەخی دەکاتەوە و گەرەکێتی رێگای سەخت و بەردەڵان و دڕکاوی ببڕێ، لای خۆیەوە دەڵێ: (هەر چاوێکم بکەمە چوار چاو، گوێیەکم بکەمە دوو گوێ، دڵنیاشم، بە هۆشیاری رابوردووم دەسرمەوە و داهاتوویەکی بە بڕشت ئەخولقێنم و پرچی رۆژ دەهۆنمەوە، لەسەرەتاوە وێنەی – ئارام – گەرمیانی دەکەمە میدالیای مام، شەقێ لە – جومعە– هەڵدەدەم، – هەینی گەرمیانی – لەجێی دادەنێم.. ئەم ناو و نازناوانە دەچنە پێستی مۆرانەوەو، سەربە هەموو ماڵێکا دەکەن و بەگوێی خەڵک ئاشنا دەبن و وەک تۆپەکەل دەنگ دەدەنەوە، دەبنە پەپوولەی یەخەی شەهید و لە باخی ویژدانیان دا ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەن، وردە وردە هەنگاو دەنێم، دەبمە ملوانکەی ملی چیاو دارستانەکان و دەبمە بای شەماڵ و دەروونیان فێنک دەکەمەوە.. هەڵتۆقینی ئەم ناو و نازناوە، هەتابێ تارمایەیەکانی دەوروبەرم دەڕەوێننەوە و ناو و نازناوی – ئارام گەرمیانی – دەشۆنەوە و لە کوولەکەی تەڕیشا ناونابرێن، ئەوجا زۆربەیان شایەتیم بۆ دەدەن و دەڵێن: – هەینی گەرمیانی – ئەو فریشتەیە رەنی خەرمانی ژیری و پیاوەتی داناوە سەنگەرەکانی خاڵی روونااک کردەوە، ئەم بنەماڵەیە خاکێکی هێمن و بە پیتن پاڵەوانیان لێ نابڕێ، دوێنێ – ئارام گەرمیانی – بوو، ئیمڕۆیش – هەینی گەرمیانی – یەو خەنجەری دەبانن هەتا لێیان وردبیتەوە جەوهەریان زیاتر لێدەبارێ و ڕەشمار بە ڕەشماری خۆی کوڕنووشیان بۆ دەبات..

ئەگەر بڵێی ئەم ڕۆژگارەم بەتەواوی دەستەمۆ نەکردووە و نەبۆتە ماستی مەیو، بەڵکو لێشاوی ڕاپۆرتی ناڕەزایی لە چەند لایەکەوە بەرزدەبێتەوە، سەروپێشی خۆیان دەڕنەوە و هاواردەکەن و دەڵێن:

- لەجێی شابازان کوڕکوڕە وازان، کێ کردی و کێ خواردی..؟! ئەوەی دوێنێ کەللەی سەری گزرە دەخستین و تیرەبارانی دەکردین، ئیمڕۆ کۆتری ئاشتی و پەپوولەی سنگی شەهیدە و کاسەی پڕیانە، ئەبێ بڵێین، بەسمانە کوڕە کەچەڵە کەسمانە..

منیش لێیان ڕادەپەڕم و بەئاشکرا پێیان دەڵێم:

- هەینی گەرمیانی، لە زیندانی ئەتکا لەدایك بووە، لەوێش دا مۆتەکەی مەرگ گیانی دایکی کێشا خاڵیشم ئەوەیە کە دەیبینین، ئیتر کێ دەتوانێ تۆزی قسەلم بشکێنێ..؟! بۆچی گەوهەر لەقوڕداون دەبێ..؟! گۆڵە بارگیرسوار پێشبڕکێ لەگەڵ عوبەیە سواردەکات..؟! دەمێکە ڕاپۆرتی ئێوەمانان لە کووڕەی بەتینی – هەینی گەرمیانی – دا بۆتە قەڕەبرووت.. مەگەر هەر بەمانگاشەو بگەڕن..

١٩٩٨/٧/٣١

گوڵفرۆش

یاسین عومەر

ئەگەرچی گوڵە سوورەکان کاڵ و پەژمورده سوری خۆیان لەدەست دابوو، بەڵام کوڕە بچکۆلانەکە بۆ ساتێکیش لە هاوارکردن نەدەوەستا. وەکو ئەوەی چاوەڕوانی هاتنی کەسێک بکات بەچاوە زیتە بێئارامەکانیەوە لە بەری خۆرهەڵاتی شەقامەکە وردەبووەوە، جارجارەش هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا و دیسانەوە بەدەنگی بەرز دەستی دەکردەوە بە هاوار کردن:

- گوڵی سور، گوڵی سووری جوان، بەرێز گوڵت ناوێت؟ خانم گوڵتان ناوێت؟

کاتێکیش رێبوارەکان بەسەرلەقاندنێ مندالەکەیان نائومێد دەکرد، ئەو ئیتر بە پەلی دەستە بچکۆلانەکەی بەناوچەوانی خۆیدا دەکێشاو، وەکو ئەوەی بەم کارەی بیەوێت بەخۆی بڵێ: (چەند بەدبەختم!)

سێ رۆژ لەوەوپێش بۆ یەکەم جار لە ژیانیا دایکە کەنەفتەکەی بە پارەی سواڵ هەندێ گوڵە پایزەی بۆ کڕیبوو، تا لای خواروی شەقامێکی گشتی خۆرئاوای شاردا بە رێبواران و شوفێری ئۆتۆمبیلەکانی بفرۆشێتەوە، بۆیە سەرەتا بە شەرمەوە و بەدەنگی نزم ئەو رستەیەی دایکی فێری کردبوو بە پچڕ پچڕی و ناتەواوی ڕوو بە رێبواران دەیوتەوە، دواتر بەمەبەستی پەیداکردنی کرپارێ بۆ گوڵەکانی کە تا ئەو ساتەش دانەیەکی لێنەفرۆشتبوون، ناچاربوو بە دەنگی بڵندتر هاوار بکات.. هێندە بێهوودە هاواری کردبوو دەنگی نوسابوو، بێئومێدبووبوو، تیامابوو نەیدەزانی چیدی هاواربکات یان گوڵەکانی فڕێ بداتە ئەو بەرمیلی خۆڵەی تەنیشتیەوە و هیوا بڕاو لۆڕ لۆڕ بەرەو کۆڵیتە وێرانەکەی دایکی بگەڕێتەوە.. ئەو ئەگەر ترسی سزادان و تێهەڵدانی دایکی نەبوایە هەر یەکەم رۆژ ئەمەی دەکرد.. نزیک نیوەڕوانیش لەپاش ئەوەی قوتابیانی خوێندنگە دوو نهۆمیەکەی ئەوبەری شەقامەکە ئێزن دەبوون و بەرەو ماڵ دەڕۆشتنەوە، ئەو وڕو کاس لەسەر لێوارێ شۆستەکە بە قنجەوە دادەنیشت و بەنێو ژیانی ون بووی چەند مانگ لەوەپێشی خۆیدا گەشتی دەکرد و لەبەبیرهاتنەوەی ساتەکانی چێژی وەردەگرت، ئەو هێندە ساویلکە بوو وایدەزانی بەس ئەو چەند گوڵە

بفرۆشێت سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی رۆژگاری پێشووی. ئەم ئەندێشانە زۆریان نەدەخایاند هەر زوو برسێتی لەو خەونە ئاڵ و والایانە بێداریان دەکردەوە و ناچاریان دەکرد تونـد گوڵەکانی لەئامێز بگرێت و بەرەو لای ئەو چەند کۆگەو موغازانـە بەڕێبکەوێکە ئەکەوتنە ئەوبەری چواڕیانی شـەقامەکە و لەبـەردەم جامخانـەکانیاندا وەکـو بزمـار دەچـەقی . چاوی بـە سیمای خاوەنەکانیانـەوە دەدورا، بـەڵکو بـەزەییان بتلیسێتەوە و پارچەیەك حەڵوا شیرینی بدەنێ، چاوە زیتـە منداڵانەکـەی لـەنێوان دەستی کـابرا و سـینی حـەڵوا شـیرینەکاندا لـە هـات و چۆیـەکی بێئـارامدا بـوون، سـەرئەنجام ملـی ڕێـی دەگرتـەوە بـەر، تـا دەگەیشتە بـەردەم گازینۆیـەکی گـەورە، نـاوەوەی گازینۆکە بە دووکەڵی جگەرە و دەنگی پـوڵی دۆمینـە جەنجاڵ بوو بوو.

سـیمای ئەوانـەی سـەرقاڵی چـا خواردنـەوە و قسـەویاری بـوون، تـەڵخ و ئـاڵۆز هـەر بـە تارمـایی دەچوون و نەدەناسرانەوە، ئەوەی بە ڕوونی دیاربوو تـەنیا ڕوناکی شاشـەی ئـەو تەلەفزیۆنـە بـوو کـە لـە گۆشەی ئەوسەری گازینۆکەدا بـەبێ ئـەوەی کەسێك تەماشای بکات پـەخش دەبـووەوە .. تەلەفزیۆنەکـە گەشتی کۆمەڵێ قوتـابی سـەرەتایی بـۆ شـاری یـاری پیشان دەدا.. خۆبەخۆ چاوی بـە قولایـی ئەندیشـەدا ڕۆچووە خوارێ، دەتگوت هەر لـەو ناوەشدا نیـیە.. خۆی‌دەهاتە بەرچاو دەستێك جلی جوانی لەبەردایە و دەستێکی بە دەستی دایکییەوەیـەتی و دەسـتەکەی تریشی بە دەستی پیاوێکەوەیە کـە لـە هـزری خۆیـدا کردبـووی بـە بـاوکی .. هەڵبـەز و دابـەزی دەکـرد و گۆرانی دەگوت، لەپڕ شڵپەی شکاندنی جامخانەکـەی تەنیشـتی رایچڵـەکاند.. ترسـا، زۆر ترسـا.. کـە تێگەیشـت شـێتێکە و بـەردێکی زلی داوە بـە جامخانەکەداو دەڵێت: (ژاوە ژاو و تەم و مژ نایـەڵێت سیماکان بناسمـەوە، ئـەم دەلاقەیـەم بـۆ ئەوەیـە تـا سیماکان لێك جیابکەمەوە. ئارام بووەوە، ئیدی هیچ هەواڵێك لە دەستە جلە تازەکەی و دایکی و بـاوکی و ئـەو حـەڵوا شـیرینانەی دەیخواردن نـەما. برسـێتی زۆری بـۆ هێنایـەوە، چـاری نـەما قسـەکەی دایکـی شـکاند و بـە ئاڕاسـتەی پێچەوانـەوە ڕۆیشـت، شـەقامەکە کـش و مـات کەسـی پیـادا نەدەڕۆیشـت، دیاربوو خـەڵکی سـەرگەرمی پشـوی پـاش نیـوەڕۆ بوون، منداڵەکەش ڕوخسـاری هێنـدە گۆڕابـوو چیـدی نەدەناسرایەوە، دڵتەنگ و لێو بەبار دەهاتە بـەرچاو، مـاندوو بـوو بـوو، بـەڵام بـە ناچـاری لـە ڕۆیشـتن و هاوارکردن هەر بەردەوام بوو، بەڵکو بتوانێت چەپکێ لە گوڵـەکان بفرۆشێت .. کـات لـە نیـوەڕۆ لایدابـوو، لەپڕ لە دوورەوە پیرەژنێ دەرکـەوت، منداڵەکە هـەر ئەوەنەبوو لەخۆشیدا باڵ بگرێتەوە، بە دەستی خۆی بوایـە دەیکـردە شـایی و سـەما، بـەڵام برسـێتیەکەی نەیهێشـت. هێـواش هێـواش پیرەژنەکـە نزیکـتر دەبـوەوە، کاتـێ بـە تـەواوی نزیـك بـوەوە چـاوی یـەکانگیری چـاوی بـوو ئـەو رسـتەیەی بـۆ دوبـارە کـردەوە کـە لـە ماڵـەوە دایکـە کەنەفتەکـەی فـێری کردبـوو. پیرەژنەکـەش کـە سـەرتاپای ڕەش دەچـوەوە، هەڵوێسـتەیەکی کـرد و بێدەربەسـتانە لەبەرخۆیەوە گوتی:

- (چی لە گوڵ بکەم، جوانە؟! بـا جوانیـش بێـت، چی لە مەسەلەکان دەگۆڕێت؟)

هێشـتا قسـەکانی بەتـەواوی لـەدەم دەرنـەچووبوون، منداڵەکـە سـێڕەی لـە ڕوخسـاری ژنەکە گرتەوە، زۆر سەرسام بوو .. شـێوە و سـیمای زۆر لـە دایکـی دەچێـت ئەگـەرچی قسـەکانیان زۆر لەیەکتری جیاوازە.. پـیرەژن بـە خشـپەیی تێپـەڕی. منداڵەکـە بـە وەڵامـی پیرەژنەکـە زۆر دڵگـران بـوو، هێندە دڵگران بـوو لـە تـاوا قوڵپـی گریـانی هەسـتا و سەری بەسەر کۆشیا شۆڕکردەوە و بە خـوڕ دەسـتی کـردە گریـان. گەوالـە هـەورێکی بـۆر و تـاریکیش تـا دەهـات لـە ئاسمـانی شـاردا چڕدەبـوەوە، بـارانێکی خەسـت دایکـرد.. هێشـتا منداڵەکـە سـەری بـە سـەر

کۆشیا شۆڕکردبوەوە و دەگریا، بارانەکەش هەر دەباری و شەقامەکەش چۆڵ و هۆڵ کەسی پیا تێپەڕنەدەبوو.. سالانێك بارانەکە باری و خۆشی نەدەکردەوە، تا لەپڕ ڕۆژێ کە پێدەچوو خۆر گیرابێت بارانەکە خۆشی کردەوە، لەوە دەچوو منداڵەکەش تازە لە گریان ژیربووبێتەوە، سەری هەڵبڕی و دەستێکی بە دەم و چاویا هێنا.. سیما و ڕوخساری گۆڕابوو، دەم و چاوی قوپاو و ڕیش هاتوو، برۆکانی سپی سپی لە بڕۆی بابەنۆیل دەچوون، پشتی چەماوەوە و دەستەکانیشی دەلەرزین، تاڵە موو سپییەکانی لاجانگیشی لەژێر کڵاوەکەیەوە بڕ بڕ دەرهاتبوون.. بەڵام گوڵەکان لە جاران زیاتر سیس و کاڵ و پەژموردە ببوون و بەئامێزیەوە دەقیان گرتبوو. هیچ شتێ دڵی خۆش نەدەکرد.. چەند منداڵێك دەستی یەکتریان گرتبوو لەبەردەمی ئەمەوە دەیانویست بپەڕنەوە بۆئەوبەری شەقامەکە تا لەوێوە بچن بۆ ئەو ئاپارتمانە زەبەلاحە یەك نهۆمییەی کە دوو بڵند گۆی ژەنگاوی لەسەر چەسپێنرابوو.. بە هەلی زانی، بۆیە بەدەنگێکی قرخنی هێواش رستەکەی دایکی بۆ دوبارەکردنەوە، بەڵام ئەوان هیچ بایەخیان بە قسەکەی ئەم نەدا، هێندە نەبێت بڵمەیەکیان لێوەهات و پەڕینەوە.

سالآن هات و ڕۆشت، لە شەقامەکە دورنەدەکەوتەوە، بە ڕۆژ ڕوو بە ڕێبواران رستە کۆنەکەی دایکی کە ئەویش لە دایکیەوە فێڕیبوو دەوتەوە، بە شەویش بەدەم چاوەڕوانی هەڵاتنی گزنگی بەیانیەوە ئەستێرە بێشوماڕەکانی ئاسمانی دەژمارد.. بۆ ساتێك خەو نەدەچووە چاوی، نیگەران بوو لەوەی بخەوێت و گێژەڵوکەیەك، یان لە شەوێکی تەم و مژدا کەسێکی چەقاوەسووبێت و گوڵەکانی لێبفڕێنێت و بۆ هەمیشە ئارامی لەبەر هەڵبگرێت.

ئەو و گوڵەکان و شەقامەکە سیانەیەکی لێك دانەبڕاویان پێك دەهێنا، کەسیان ئامادە نەبوون دەست بەرداری ئەوانی تر بن. تا دەمەو بەیانێك کار گوزارانی شارەوانی تەرمەکەیان لە هەمان شوێنەکەی خۆی لە شەقامە گشتییەکەی خۆرئاوای شاردا دۆزییەوە.. گوڵە سورە پەژمووردەکان لە ئامێزیا ئارامیان گرتبوو، چاوە بێ ئارامەکانی ئەویش لە چاوەڕوانی بەیان و کڕیارێکدا بۆ هەمیشە پێڵوویان لێك نابوو.

دوا چرکه ساتەکانی مردووەکە!

ئاوات محمد

بەم بەیانیەیە مەرگ لێرە چیدەکات.. گوڵەکەی بەردەمی دایکم خونچەی کردووە؟!.. ئاورنگی سەرپەڕەی گوڵەکان، دڵی دایکم دادەخورپێنێت.. زەمەن لەنێو من و دەرگاکەدا گەمە دەکات.. ئەوەندە نیە لە خەونی گەمەی زەمەن بەئاگاهاتووم.. بەڵام!.. تێناگەم؟.. لەبەرچی دایکم وا بە هێمنی گوڵەکە ئاو دەدات؟، هێندە هێمنە، پەڕەی گوڵەکان تەڕنابن.. دایکم بە هەبوونی ژیانی. نەیزانیووە هێمنی چیە!.. لەوانەیە ئەو گوڵەی بۆ سەر مەزاری من بووبێت.. هەستێکی سەیر مێشکی داگیرکردووم.. وا دێتە پێش چاوم، دایکم بۆ چەند سەدەیەکە ئەم گوڵە ئاو دەدات.. ئەمڕۆ هەر هەمان بەیانیە، کە دەموویست بچم بۆ جەنگ!.. کلیلی دەرگاکەم لێوون بوو.. بەیانیەك، لە رۆژانی منداڵیدا، گەمەم لەگەڵ دراوسێکەماندا دەکرد.. پاش ئەوەی هیلاك بووین، لەسەر یەك وشە سەرم بڕی، وامزانی گەمەکەمان هەر بەردەوامە..، ئەو یارییەیە لەگەڵمدا گەورەبوو.. لەو رۆژەوە ئیتر نەمتوانی لەماڵ بمێنمەوە.. نازانم کەی گەڕایەوە بۆ ئەم حەوشەیە.. ئەوەندە دەزانم، کە بە ئاگاهاتمەوە لەژێر گەلای وەریووی دارەکەدا، نوقم ببووم.. لە کەناریەکی ئاڵتونی گۆشت خۆر دەچووم.. لەو چرکەیەدا بەپرتاو لەناو گەلا وەریوەکاندا هەستام، کۆترەکانی ژێر دارەکەم یەك یەك سەربڕی، گەلاکان لەگەڵ تووڕەیی رەشەباکەدا، بەرەو ئەو دیووی حەوشەکە هەڵهاتن، ئەم هەموو روورداوە لەبەر بەیانیەکی وەك ئەمڕۆدا رووی‌دا، بەیانیەکی دەیجور، هەر من دەمتوانی رێگە بکەم، چونکە لەتاریکیدا لەدایك بووم‌و حەزم لەتاریکی بوو، بەمندااڵی بەنهێنی ئەم ماڵەم جێهێشت.. لەشەڕگەکاندا زۆر بوێر بووم، تەمەنم ئەوەندە زۆرە.. کارەساتەکانی مێژوو زۆربەی لەسەر دەستی منـدا رووی‌دا.. خەونەکانم زۆرن.. بەڵام جەنگەکان لە خەوندا زۆر جوانن.. جوان تێکەڵ دەبن.. هەندێك گەمژە دەڵێن خەونەکانمان چەند چرکەیەك دەخایەنێت.. شوێنی کارەساتەکان زۆر فراوان‌و ئاڵۆزن.. ئەو چرکەیەی لەماڵەوە هاتمە

دەرێ، شمشێرێکی نقێمەدارم پێ بوو، ئەسپەکەم بەدار تووەکەی بەر دەرگاوە بەستبووەوە.. بەڵام. گوێم لەدەنگی ئەسپەکەم نییە.. گوێم لەزیڕەی زنجیری زرپێڕشە !.. ئەو کاتەی ئێرەم بەجێ هێشت، زەمەنی سوارچاکیو ئەسپ بازی بوو.. زەمەنی شەڕە پیرۆزەکان بوو.. لە چەندەها شەڕی گەورەدا بەشدار بووم، شمشێرەکەم تاکول بوو، سەری پەڕاند.. خاڵی ژەنگاوی سەر شمشێرەکە ترساندمی.. بەپەلە شاردمەوە، نەکا سەرکردەکانم چاویان پێی بکەوێتو وابزانن باوڕم لاواز بووە.. ئەوسا ملی منیش بپەڕێنن!.. نازانم لەکوێدا شاردمەوە؟!.. بەمنداڵی شتە یاریەکانم دەشکاندا، بووکە شوشەکانم سەردەبڕیو لەژێر گڵی باخچەکەدا دەمشاردەوە.. ئەو منداڵەی سەرم بڕی، هەر لەوێدا شاردمەوە، پێدەچێت ئەویشم هەر لەوێدا شاردبێتەوە.. نەخێر.. لەدیوەخانەکەدا دامناوە.. نا.. نا.. لەجەنگێکی دۆڕاودا لێم بەجێما.. لەوە دەچێت دایکم سەرەونگونی کردبێت.. نەکا بیکەن بەدەلیلی تیرۆر.. لەبیابانی شام سەدەها خاچپەرستم پێکوشت.. هێندەی تریشم بەدیلی سەربڕی، بیابان سەرابەکانیشی جوانن.. بەڵام.. کەڕەشەبای لماوی دنیات لێتاریك دەکات، حەز ئەکەیت بیر لەهیچ نەکەیتەوە.. بەچاو دەمڕوانییە سەرابی جەستە کوژراوەکان.. تاچاو بڕکات تەرمی کوژراوەکان بوو.. ئەو جەنگەی نەمزانی بۆ رووی‌دا، هەندێك جار لەخۆم دەپرسی؛ من ئەو جەستانە بۆ لەتو پەت دەکەم.. راهاتبووم، هەر لەمنداڵیەوە لەسەر ئەو نەریتە راهاتبووم.. باوکم کوشت!.. لەبێشکەدا بووم، شەوێك برسیم بوو، بەپەنجە کەڵە سنگیم شەقار کرد، بەپەنجەی دۆشاومژە، خوێنەکەیم مژی، تەمەنم بوو بەدوو ساڵان، برا گەورەکەم لەسەربانەوە فڕێدایە خوارێ.. خوشکەکەم لەسەر بزەیەك سەربڕی؟!.. نەمزانی بۆ.. سێ جار هەوڵی کوشتنی دایکم داوە.. بەڵام! هەموو جارێك خەوم لێدەکەوت.. کە لەخەو هەڵدەستام دایکم لەژوور سەرمەوە دووعای دەخوێند.. سەرکردەکان دەیانگوت: ئێمە بەبێ هۆ کەس ناکوژین!.. نەمزانی، ئەو هەموو جەنگە لەپێناوی چیدا بوو؟!.. هەر بەهەمان ئەسپەوە، ئەو ئەسپە سپیەی یاڵەکانی وەك رەشەبا وابوو.. تاڵ تاڵ.. وێنەی کو وەکانی دەسرپیەوە، ئەسپێك بوو لە رەشەبا خێراتر.. بەو ئەسپە گەرامەوە عەجەمستان.. چەند جەنگێکی گەورەی ئەوێشم کرد.. چەندەها گڕی ئاشپەزخانەم کوژاندەوە.. رووناکیەکانم کپ کردەوە. تاکو مردووەکان لەناو تاریکیدا ببینم، چونکە رەنگی مردووەکان لەژێر تریفەی مانگەشەودا جوانتر دەیاننواند.. جوانتر بۆ گۆناهەکانیان پێدەکەنن.. بەڵام!.. لەم چرکەیەدا لەهیچ شتێك تێناگەم.. ئەم چرکەیە تووشی دڵە خورپەم دەکات.. دڵە خورپەیەك بوو، مەگەر لەسەر دەریاو لەشەڕی خاچ پەرستەکاندا تووشی بوبێتم.. یەکەمجار بۆمباکان تووشی راچەنینی کردین.. لەو ساتەدا وام هەست کرد ئاگرەکانی ئەوان لەباوەڕی ئێمە بکوژترە... خۆمان نەدایە دەست ئەو چارەنووسەی، مرۆڤێکی هیچو پووچ دیاری کردبوو.. هێندەی نەبرد لەپشت کچە رووتەکانی سوڵتانەوە چەندەها تۆپو جبەخانەمان چنگ کەوت.. خەنی بووین، وامانزانی چەکەکان فریامان دەکەون.. بەڵام هەموو گەمەکانمان تێکدا، منداڵەکان کۆڵانەکانیان بەجێدەهێشت.. مامۆستاکان بەترسو گومانەوە وانەکانیان دەووتەوە.. هێرشم بردە سەر هەموو ئەو مرۆڤانەی وەك من بیریان نەدەکردەوە.. زەمەن، زەمەنی پاشەکشە بوو، زەمەنی نسکۆکانی ئێمە بوو.. کوشتارگەکانم چۆڵ دەبوون، بەنێو دارستانەکاندا دەگەڕام، شەونمی سەرگەڵاکان خەونی حەرامیان لادروست نەدەکردم، بەڵکو خشەخشی گەلا وشکەکانی لەسوتان نزیکی دەخستمەوە.. بەڵام!.. سەرسەختانە دەجەنگام، کابرایەکی بێدەربەست هەموو ئیشی سەربڕینی خەونە حەرامەکان بێت، تەنانەت ئەو ئاژەڵانەشم دەکوشت کە هەوڵی کاری حەرامیان دەدا، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی بەبەرچاوی منەوە بێ شەرمانە جووت دەبوون.. زۆرم حەز لەجەنگ بوو.. بۆچی؟؟، نازانم.. گرنگ نییە.. ساڵانێکی درێژە، هێندەی درێژەی پرچەکانم.. جەنگەکان درێژەی کێشاوە.. ئەم دەستانەی من لەتاریکیدا جوانن.. بەرۆژ حەزناکەم تەماشایان بکەم.. بۆنی خۆشەویستەکەمی لێدێت.. لەجەنگەکانی بیاباندا، لەوپەڕی پێکداداندا حەزم لەجەستەی ناسکی خۆشەویستەکەم بوو. ناچار کچانی خێڵی دوژمنانم دەکردە کەنیزەکی خۆم.. ئەم بەیانییە دایکم هەموو شتەکانی لێتێك

دام.. دەبوایە زوو بمکوشتایە.. باوەڕ ناکەم!، لەوانیە ئێستا هەر هەمان بەیانی بێت.. چاکترە بەدوای دەلیلێکدا بگەڕێم.. دایکم هەر لەهەمان شوێندا، هەمان گوڵ ئاو دەدات.. ئەو مرۆڤەی شەڕەکانی دەگێڕمەوە، زۆر لەمن دەچێت.. یان رۆحی من بێتو بۆ ناو جەستەکانی تر گواستراببێتەوە، لەبری من پەیامەکەم تەواو بکات.. نە ء. نە ء. شتی وامەحاڵە! کەس ناتوانێت وەك من پەیامەکەی بگەیەنێت.. خۆم دەناسم، کەس وەك من ئازا نییە.. لەکاتی ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی مەزندا، لەوێ بووم.. چەند ترسنۆك بووین.. هەڵهاتین.. هەرگیز ئەو چرکانەم بیر ناچێتەوە.. ئاخ لەدایکم.. لەبەرچی ئەمڕۆ وادوای خستم.. دەیەوێت زەمەنکانم لێتێك بدات... پاش ئەو نسکۆیە.. بووم بەسەر لەشکری هێزە بەزیوەکان، لە هەموو سەربازەکانی تر بەئەزموون تر بووم، دەبوایە پێشڕەوایەتی هەستانەوەیەکی ترم بکردایە، تەمەنم بیست.. ڕۆژ، نە ءبیست.. ساڵ.. سەدە دەبوو.. نازانم!. گرنگ نییە، تەمەنێك جەنگ نەیسووتێنێت، سوودی چییە.. دایکم گومانەکانی وروژاندم.. گومانی بووك؟!.. گومانی مەرگ.. گومانی فەنابوون و پووچیەتی ژیان و مەرگ.. دایکم بەدەستی ئەنقەست زەمەنەکانی لێشێواندم.. سەیر لەوەدایە، هەرهەمان بەرگم لەبەردایە، تەنها.. چەکەکەم گۆڕاوە.. لەپاش جەنگی گەورە، لەناو سوپای خەباتکاراندا خۆم دۆزییەوە، سەرکردەیەکی جەربەزە بووم، روناکی چادرەکەشم سوور بوو، حەزم لەو ڕەنگە بوو.. چونکە لەڕەنگی خوێن دەچوو.. هەردوو جەنگی گەورە، لەلای من یەك چرکەی خایاند، لەو چرکەیەدا چەند جارێك خۆرهەڵاتو خۆرئاوام تەی کرد.. کەس نەبوو لەمن بچێت.. منیش لەکەس نەدەچووم.. ژیانم لەخەونێکی بێ مانا دەچێت..، تێیان ناگەم!، جابۆ تێبگەم.. دایکم.. ئاخ لەدایکم.. تووشی چ گومانێکی ناشرینی کردم.. ئەو بەیانیەی ئەم ماڵەم جێهێشت، دایکم دەگریا.. نازانم کەی بوو، ئەوەندەم لەبیرە پێی ووتم "کە گەڕایتەوە، دەمریت" پێکەنینم بەم قسەیە دەهات.. دایکم، لەبەرچی ئەو گوڵە ئاو دەدات، خۆشەویستەکەم بۆ لەژێر ئەو پێپلیکانەدا خۆی شاردۆتەوە، لەبەرچی بەدەمەوە پێناکەنێت.. بەجووتە، خەریکە دەمکوژن.. ناوێرم تەماشای چاوی باوکم بکەم..، چاوەکانی دەڵێن: تەمەنێکی نەگریست بردە سەر.. نە ء دەیەوێت نهێنیەکی ترم لابدرکێنێت.. دەزانم.. دەمێکە لەدایکم گەیشتووم، ئەو ڕۆژەی خووشکەکەم سەربڕی، دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، دوعای لێکردم، بەبەرچاویەوە سەرم لەلاشەم بکەنەوە.. بۆ ئەو ڕۆژە نەمکوشت؟!.. ئەی بۆ ئێستا نایکوژم؟. ئەو هەموو مرۆڤە نەگریسەم سەربڕی، ئەم پیرێژنەم بۆچی بۆ ناکوژرێت؟.. چەند سەدەیەکە پیرێژن نامەێت، لەوە زیاتر پیر نابێت.. سوێندی خواردووە پاش من بمرێت! سەدەها سەدەیە، تەمەنی هێندەی کوشتن درێژە، کێ نالێت، دایکی یەکەم بکوژ نییە؟... ئەمە وەهم نییە.. ئەو هەموو سەدەیە بەدوای باوەڕی خۆمدا وێڵ بووم.. نەمدۆزینەوە.. بۆ دواجار، ئەم پیرێژنە دەم بەپێکەنینە گومانەکانم زیاد دەکات.. ئەمە قەدەرمە، پێویست ناکات لەچارەنووسم بپرسم، لەنێو ئەو هەموو جەنگەدا، یەك جار بریندار نەکراوم، چارەنووسم وابووە، لەئاگریشدا بوومایە، نەدەسووتام، ئەم بەیانیە؟!.. پێش ئەوەی لەژوورەکەم بێمەدەرێ، پەڕتووکە زەردەکەم دەخوێندەوە، لەو شوێنەی لەسرووتی خوێندنەوە بووەوە، پەڕەموچەیەکم دانا.. پەڕتووکەکەم بەکراوەیی جێ هێشت، بەخۆشەویستەکەم ووت نەچێت بەلایدا، ئەو گومانەی دایکم نەبووایە، ژیانێکی پڕ حەماسم بەسەر دەبرد.. زەمەن وەستاوە!.. لەوانەیە خۆم بەدەستی ئەنقەست وەستاندبێتم؟!.. تێناگەم! لەهیچ شتێك ناگەم! تەنانەت لەو شەڕانەش ناگەم کە بەرپام کردوون!.. ئەو جەنگە گەورانەی بەسەدەها هەزار مرۆڤی هیچو پووچی تێدا کوژرا.. بۆ هیچو پووچ بوون؟!.. چەکەکەم لەملدا بوو.. هەر هەمان قایشی شمشێرەکەی پێوە بوو! زۆر سەیر تەقەی دەکرد.. بەئاسانی هیچو پووچەکانی دەدوریەوە.. بەڵام!.. چەکەکانی ئەوان بەکارتر بوون، خێراتر تەقەی دەکرد، لەدوورەوە نیشانەکانی دەپێکا، چەندەها هێرش کرایە سەر سەنگەرەکەم.. هیچم لێنەهات.. شەڕی گەورە، چەکی نوێی پێویستە، لەشەڕی هەشت ساڵەی هیچو پووچەکاندا، هیچمان براوە نەبووین! ئەوکات تەمەنم بیست شەو... نە ء، بیست ساڵ، نە ء بیست

سەدە بوو، چەکە نوێکان وەك مێش خەڵکیان دەکوشت.. کە دەچوومە سەر تەرمی مردووەکان شادوومانیەکی گەورە داگیری دەکردم، ئەو هەموو مرۆڤە هیچەم لەبەرچێمدا دەبینی، گەورەیی خۆمم بۆ دەردەکەوت، هەندێکیان هەوڵی دەدا، پێڵاوەکانم ماچ بکات، قاچم دەخستە سەر دەمی، تا دەتاسا.. هەوڵم دا چەکی کۆکوژی دەست بخەم.. تاهەموو دوژمنەکانم لەچاو تروکانێکدا تەفرو تونا بکەم.. بەڵام؟؟!. ئەوکات دوژمنم نامێنێت، ئەی چۆن بژیم.. گرنگ نییە!، ئەچم بەگژ ئاژەڵەکاندا، باڵندەکان دەگرم، پەڕەکانیان یەك یەك دەردێنم.. پاشان بەڕووتەوە کراوەیی تەماشای دەکەم.. بەشمشێرەکەم ملی دەپەڕێنم.. مێرووڵەکان ئاگر تێبەردەدەم.. ئەبم بەپشیلەو راوی مشك دەکەم!.. بەڵام، بۆ ببم بە پشیلە؟!.. یان چی لەوە باشترە، مرۆڤ کە دوژمنی نەبوو لەسەرخۆتر بیردەکاتەوە.. ئاخر بیر لەچی بکەمەوە.. دوژمنەکانم لەمێش خێراتر زیاد دەکەن‌و بەڕووتی بەبەردەمی مندا دێن‌و دەچن، شەرمم لێ ناکەن.. چەکی کۆکوژیش دەرەقەتیان نایەت.. ئەوان بەشی من چەك دروست دەکەن، پێویستە ئامێرە نوێکان حەرام بکەم.. بڕیارێك دەردەکەم‌و هەموو ئامێرەکانی سەردەم قەدەغە دەکەم.. پێیان دەڵێم: "پێویستە تەلەفزیۆنەکانتان بشکێنن.. فڕۆکە نەفەر هەڵگرەکان بکەن بە تەویلەی ئاژەڵ، گوێزانەکان بۆ ملی دوژمنە، نەك بۆ دەموچاوی خۆمان.."

ئاخ!.. لەم دایکە نەگریسەم، بۆ وام لێدەکەیت، لەبەرچی تووشی دوودڵیم دەکەیت، چۆن ئەبێت هەموو ژیانم بێ هودەیی بووبێت.. ئەم چرکەیە کەی کۆتایی دێت؟ شتەکانم لاتێکەڵاو بووە!، ئەم هەموو کارەساتە یان خۆم کردووەمە، یان کەسێکی تر لەخەودا بۆی گێڕاومەتەوە.. کەسێك کوت‌و مت لەخۆم بچێت.. یان هاوشێوەکەم بێت، یەکێکە لەو چل هاوشێوەیەی خۆم.. ئاخر، سات بەساتی جەنگەکانم لەبیرە، شارەزای ئەو شوێنانەش هەم کە شەڕم تێدا کردوون، سیمای یەکەم کوژراوم دێتەوە یاد، ئەویش باوکم بوو.. پێدەکەنی.. دانە زەردەکانیم لەبەرچاوە.. پرسیارێکی سەیری لێکردم "کوڕم بۆ منت کوشت.. بۆ ئەو نەفرەتەت بەخۆت گ[illegible]ت؟" بەناچاری‌و بەگریانەوە پێ[illegible]ت "تاکو بوونی خۆم بسەلمێنم.. بەڵام!.. نەمسەلماند؟.. زەمەنەکانم لێ تێکەڵاو بووە،؟.. ئەگەر دایکم خەریکی ئاودانی ئەو گوڵە نەبوایە.. زەمەنە ئاشکراکانم بەئاسانی تێدەپەڕین.. خۆشەویستەکەشم بزەیەکی شەیتانانە سەر لێوی نەدەگرت.. چاوەکانی پڕ نەدەبوون لەحەزو ئارەزوو.. کاتی خۆی لەو دەرگایە چوومەتە دەرێ.. نە ء. بڕوا ناکەم، هەرگیز قاچم بەر زەوی پشت دەرگاکە کەوتبێت.. هەست ئەکەم هەموو هەناسە خنکاوەکانم لەم ژوورەدا پەرش بوونەتەوە.. ترسێکی گەورە رایچڵەکاندم.. دایکم لەئاودانی گوڵەکە بووەو بەچاوێکی مۆن‌و دوولێوی هەڵقرچاوەوە تەماشای کردم.. سەیری خۆشەویستەکەمی کردو بزەیەکی بۆ کرد.. بەسەر تێگەیاند بچێتە ژێر زەمینەکە.. بەرقێکی گەورەوە وتی:

- "ئەوە کەی ئەچیتە دەرێ؟، بەملی شکاوت بۆ لەوێدا سەوز بوویت؟"
- "ناوێزم.. ئەترسم وون بم.. مرۆڤی ئەم سەردەمە نیم.. هەموو ژیانم لەزیندانداا بەسەر بردو.. لەدەرەوە چاوەڕێم دەکەن تا تەفرەم بدەن.. خەتای تۆیە!.. تۆ زەمەنەکانت لی ئاڵۆسکاندم.. بەر نەفرەت کەویت"..
- چی ئەڵێی بیڵێ، تازە تۆ تەواو بوویت!.. تەنها یەك چرکەی تر دەژیت..

دایکم لەجێگەی خۆی نەبزوا.. دواجار بەچاوێکی پڕ گومانەوە تەماشای کردم.. ئەویش بەرەو ژێرزەمینەکە چوو.. چاوەکانم بەدوایەوە بوو.. بەهەڵەداوان خۆم دەگەیاندە دیوەخان.. پەرتووکەکە لەشوێنی خۆیدا بوو، لەسەر هەمان لاپەڕە بوو.. قامچیەکەی باوکم لەسەریەوە هەڵواسرابوو.. زۆر جار لەترسی ئازاری ئەو قامچیە، لەسەربانی ماڵە دراوسێکان خۆم شاردۆتەوە، لەسەربانەکانەوە تەماشای ناوژووری دراوسێکانم کردووە جەستە حەرامەکان بەڕووتی لەسەر پێخەفە رەنگاو رەنگەکان پاڵ کەوتوون.. دوو لەزەت ناخی زۆر دەوروژاندم، لەزەتی قامچیەکەی دەستی دایکم، لەزەتی نیگا حەرامەکانی ئەو جەستانەی شەڵاڵی خۆشی دەبوون‌و ئامبازی یەکتر دەبوون.. قامچیەکە وەك پرچی دەرویشێك بەرەوخوار کشاوە.. حەزەکانی منیش ئاڵۆسکاون.. وێنەی زاتی سەرو

قامچیەکە بەئاگای هێنامەوە.. بەترسەوە تەماشایەکی تری پەڕتووکەکەم کردووە.. دەستەکانم بەرەولای کشان.. نەیانوێرا پەنجەی بۆ بەرن، ترسان.. یان.. خۆم ترسام، لەوەرینی پەڕە زەردەکانی کتێبەکە ترسام، ئەو کتێبە تەمەنی بەقەد تەمەنی منە.. بەمندالّی چەند جارێك لەسەر دڕاندنی ئەو کتێبە قامچی باران کراوم.. بەرەو حەوشە نازەمەنیەکە رامکرد.. ئەو گوڵەی دایکم ئاوی دەدا، خەریك بوو خونچە سوورەکانی دەگەشایەوە.. رام کرد، وێستم لەڕەگەوە هەڵیبکێشم.. نەموێرا.. لەترسی تووڕەبوونی دایکم.. شەق‌و قامچی باوکم شێتی کردبوو، زۆر جار بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاومەتەوە، چۆن باوکی بەقامچی هەمو جەستەی شەلاڵی خوێن دەکرد.. دایکم زۆر تووڕەو شێت بوو، کە دەیقریشکاند، چۆلەکەی لەحەوشە گەورەکەدا نەدەهێشت، تاچەند رۆژێك نەدەگەڕانەوە.. چەکەکەم لەشان داگرت، تاقمی گوللەکانم لەسەر تفەنگەکە دانا، پەنجەکانم یەکتریان لەئامێز دەگرت.. چاوم بۆ خۆشەویستەکەم گێڕا.. دیار نەبوو! .. پەنجەکانم درێژ کرد، گوڵێك لێبکەمەوە، دڕکی چڵەکان لەپەنجەم چەقێن، خوێنێکی رەشی قەترانی لە پەنجەکانم هاتنە دەرێ، هەر کە دەستم لەچڵەکان دوور خستەوە خوێن فیچقەی کرد.. بۆنی لمی بیابانی لێدەهات، بۆنی باروتی جەنگەکانی لێدەهات.. خۆشەویستەکەم لەنێو پەنجەرەی ژێر زەمینەکەوە تەماشای دەکردم، بزەیەکی گەش لەسەر لێوەکانی بوو.. بەچاو لێی پاڕامەوە، ئەمە یەکەمجارە لەیەکێك بپاڕێمەوە، ئێستا لەمانای زەلیلی‌و پاڕانەوە تێگەیشتم.. لەم چرکەیەدا تێگەیشتم، زەمەن چەند سەدەیەکە وەستاوە! .. چاوەڕێی گۆڕان دەکات تادەست بکاتەوە بەجوولّە، زەمەن لەجەنگدا بێدەنگە، نابزوێت.. بەڵام؟! .. خوێن لەهەموو پەنجەکانمەوە فیچقەی خوێن لەهەموو پەنجەکانمەوە فیچقەی دەکرد، هەموو گوڵەکانی رەش کرد، بەرەو لای ئاوێنەکە ئاوڕم دایەوە، وێنەی لاوێکی بیست سالّانم بینی.. زۆر بەپەله پیر دەبوو.. پەنجەکانم ئامازەیان بۆ ئاوێنەکە کرد.. ئەویشیانی رەش کرد.. زۆر بەخێرایی پیر دەبووم.. مووە سپیەکانی سەرم بەهێواشی هەڵدەوەرین.. خوێنەکە دووبارە رەنگی رەشی پێدەبەخشین، لوچی پێستی دەستم چرچتر دەبوون.. تەمەنم بەبێ ئیرادەی خۆم پیرتر دەبوو.. پیرترو...و... پیرترو.. پیر دەبم.. پەڕتووەکەکە پەڕەکانی بەکاوەخۆ هەڵدەوەرین‌و پەڕەکان لەگەڵ بایەکی هێواش لێیدەدان دەبوون بەتۆز.. بۆنێکی دڕن هەموو ماڵەکەی تەنی.. گەردی پەڕتووکەکە، زەمەنی بەهەدەرو بێ هودەی من بوو، لەگەڵ کپ بوونەوەی هەناسەکانن گەردی تۆزی لاپەڕەکان لەناو خوێنی رەشدا نوقم دەبوون.. "جەنگاوەرە دێرینەکە نایەوێت هەروا بەئاسانی مەرگی خۆی ببینێت، ئەم ژیانە هێندە ساکار نییە، لەپێناوی تۆدا زۆر جەنگام.. چۆن بەم شێوەیە بمکوژیت..، ئەبوایە لەجەنگی سەرکەوتندا شەهید بکرامایە".. بڕوام نەکرد، چۆن دەبێت بەم شێوە هیچە کۆتایی بەژیانم بێت.. ئەو هەموو هەوڵدانە ببێت بەگەردو لەناو خوێنی خۆمدا بتلێمەوە.. بەڵام!.. تازە تێگەیشتن هیچ مانایەکی نییە، ئەوەتا هێدی هێدی دەبم بەتۆز... دەبم بەشەو.. دەبم بەگەردو نامێنم.. تەواو.. زەمەنەکانم کۆتایی هات.. چاوم لێیە، هەموو شتەکان رەش دادەگەڕێن.. خوێنی رەشم هەموو شوێنێك داگیر دەکات... شنەبایەکی فێنك گەردی پەڕتووکەکە بەنێو بۆشایی فراوانی ئاسماندا بڵاو دەکاتەوە "تۆ مرۆڤی جەنگەکان بوویت.. بەڵام دڕکێکی بچوك کۆتایی بەهەموو شتێك هێنا" گوڵەکە حەزی لەکۆتایی هاتنی منە.. چەندەها سەدەیە گوڵم نەدیووە.. لەبۆنی خوێن زیاتر بۆنی هیچی ترم نەکردووە.. گوڵەکان لای من وەك ئالیکی ئەسپەکەم تەماشام کردووە.. چ قەدەرێك بوو.. بەم بەیانییە لەبەرچی دەستم بۆ ئەو گوڵە تەمەن درێژە برد.. چ نهێنیەکە هەموو قەدەری داگیر کردووم.. پێویست نەبوو تێبگەم.. تازە بەدوای چیدا وێڵ بم.. چ سوودێکی هەیە، وادنیام بەخوێن رەش کرد، هەر هەمووی خەتای دایکم بوو.. زەمەنەکانی لێتێکەڵ کردم.. تەنها دووچاوم ماوە، ئەوانیش وردە وردە رەش دادەگەڕێن... رەش... رە... شـ... ش... ...

...

لەکاتێکدا سەرقاڵی چاپکردنی ژمارە حەڤدەو هەژدەی گەلاوێژینوێ بووین

لەکاتێکدا سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەم دوو ژمارەی گۆڤارەکەمان بووین، بەرودوا دوو هەواڵی ناخۆش، دوو هەواڵ کە لەناخەوە رایانچڵەکاندین و خەم و پەژارەیەکی زۆریان پێدایین.. سەرجەم ئەدیبان و نووسەران و دڵسۆزانی وشەی کوردیان خەفەتبارکرد، هەواڵی یەکەم گوتی پەپوڵەی رۆحی خاوێن و بەرزەفڕی شاعیری دڵ ناسک و شیعر ناسک و کوردپەروەر، شاعیری زەحمەتکێشانی کوردستان مامۆستا محەمەد شێخ حسێن بەرزنجی هەواری گواستەوە و ئێمەی بەجێهێشت و چووە ریزی نەمرانەوە.

هەواڵی دووەم، هەواڵێك بەهێڵەکانی تەلەفۆندا، لەرۆژێکی باران و ساردو سڕی سلێمانیدا دەگاتە شار، هەواڵ دەڵێت رۆحی بەرزەفڕی مرۆڤێکی هەست ناسك، مرۆڤێکی خاوەن وشەو هەڵگری پەیامی خزمەتکردنی کەلتورو ئەدەبی کوردی رۆیشت و ئێمەی بەجێهێشت، ئەو مرۆڤە ناسك و خزمەتگوزارە مامۆستا ئومێد ئاشنای نووسەر بوو.

بێگومان لەکاتێکی وادا قسەکردن لەسەر شوێن و جێگای دوو نووسەری دیاری کورد رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام دەتوانین ئاماژە بۆ دەوری هەریەکە لەنەمران مامۆستا ع.ح.ب و مامۆستا ئومێد ئاشنا بکەین لەبواری ئەدەبی کوردیدا. مامۆستا ع.ح.ب یەکێکە لەو شاعیرانەی نەوەی دوای گۆران کە جێگایەکی دیارو لەبەرچاوی لەجوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا هەیە. شیعرەکانی بریتین لەگوزارشت کردنێکی راستەقینەی ئێش و ژانەکانی مرۆڤی زەحمەتکێشی کورد.

بەرهەمی شیعری ع.ح.ب لەسەرەتاوە حسێکی رۆمانسیانە تیایدا بااڵدەست بوو، بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی ژیانداو لەگەڵ هەڵچوونی تەمەنیدا ئەو حیسە رۆمانسیە بەرەو لاوازبوون چووەو رەگەزەکانی ریالیزمی سۆشیالیستی و ریالیزمی رەخنەگرانە جێگایان گرتۆتەوەو پەیامێکی ئاشکرا بۆتە ناوەڕۆك و جیهانبینی شیعرەکانی.. هەر لەم روانگەیەوە دەتوانین بەئاشکرا بڵێین ع.ح.ب ئەو شاعیرە خاوەن پەیامەیە کە جێگایەکی ئاشکرای لەمێژووی شیعری نوێی کوردیدا هەیەو لەهەمان کاتدا هاوهەڵوێستی چەوساوەکانی دنیاو کێشەی رەوای نەتەوەکەیەتی.

ئومێد ئاشنا لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا خاوەنی قەڵەمێکی بەبڕشت بوو گەلێك بەرهەمی ساغ کردۆتەوەو گەلێك لێکۆڵینەوەشی نووسیووە، بەچاپ گەیاندنی دیوانی شاعیران و بەرهەمی نووسەران و نووسین لەسەر رۆژنامەو گۆڤارەکان و تەنانەت بەوەرگێڕانیش بەشداریی دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیری نەتەوەکەی کردووە.

بەداخەوە مردن زوو یەخەی ئومێدی گرت، لەکاتێکدا کە هێشتا تەمەنی لەنیوەی یەکەمی چلەکاندا بوو، ئەگەر مەرگ مۆڵەتی بدایە رەنگە زۆر بەرهەمی تری پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی بکردایە.

گەلاوێژینوێ کۆچی نەمران مامۆستا ع.ح.ب و مامۆستا ئومێد ئاشنا بەخەسارەت بۆ رۆشنبیری کوردی دادەنێت و سەبوری بۆ کەس و کارو هاوڕێیانیان دەخوازێت.